MUKIRYANI
ESTABLISHMENT FOR RESEARCH & PUBLICATION

## دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی

بۆ خوێندنەوە و داگرتنی سەرجەم کتێبەکانی دەزگای

موکریانی سەردانی ماڵپەڕی دەزگای موکریانی بکە...

www.mukiryani.com

بۆ پەیوەندی..

info@mukiryani.com

**فیلیپ کرینبروك –کریستییەن ئاڵیسۆن**

# کولتوور و ناسنامەی کورد

## فیلیپ کرینبروک –کریستییەن ئاڵیسۆن

# کولتوور و ناسنامەی کورد

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە

وریا رەحمانی

پێداچوونەوە

ئاسۆ کەریم



ناونیشانی ئەم کتێبە بە ئینگلیزی:

KURDISH CULTURE AND IDENTITY
BY: PHILIP KREYENBROEK, CHRISTINE ALLISON
Z BOOKS, LONDON


دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی

- **کولتوور و ناسنامەی کورد**
- نووسینی: فیلیپ کرینبروک –کریستییەن ئاڵیسۆن
- وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: وریا رەحمانی
- پێداچوونەوە: ئاسۆ کەریم
- نەخشەسازی ناوەوە: گۆران جەمال رواندزی
- پیتچنین: وەرگێڕ
- بەرگ: ئاسۆمامزادە
- ژمارەی سپاردن: ٢٦٨٠
- نرخ: ٣٠٠٠
- چاپی یەکەم ٢٠٠٨
- تیراژ: ١٠٠٠ دانە
- چاپخانە: چاپخانەی خانی (دهۆك)

زنجیرەی کتێب (٣٣٢)



هەموو مافێکی بۆ دەزگای موکریانی پارێزراوە



www.mukiryani.com :ماڵپەڕ
info@mukiryani.com :ئیمەیل

# ناوەرۆك


١. كوردەكان: ئاوڕدانەوەيەك لە ڕەوشی هەنووكە و ڕابردوو .................. ١٣

٢. ئەدەبیاتی نووسراوی كورد .......................................... ٣١

٣. داب و نەریتە كۆن و نوێیەكانی بادینان ................................ ٤٥

٤. پێكهاتنی كولتووری میدیای كورد .................................... ٧٥

٥. ئایین و ئایینزاكانی كوردستان ......................................... ١٢٧

٦. ئایین، ڕێوڕەسمە ئایینییەكان و كولتوور لە ناو ئەهلی حەقدا .............. ١٦٥

٧. جلوبەرگی كوردی: هەمەچەشنەیی ناوچەیی و جۆرەكانی .................. ٢٠١

٨. قالێچە و گلێمە كوردییەكان: ئاوڕدانەوەیەكی كورت ....................... ٢٢٩

٩. كولتووری ماددیی كورد لە سوریا ....................................... ٢٣٩

**خاتوو کریستییەن ئالیسۆن:**

لە زانکۆی ئۆکسفۆرد لە بەشی ئەدەبیاتی کەونارای رۆم، یۆنان و فەرەنسا خوێندوویەتی. پاش ئەوە هۆگری بە کولتووری کوردستان پاڵێپێوەنا تا لە کۆلیژی توێژینەوەکانی رۆژهەڵات و ئەفریقا (لە لەندەن) لە بواری ئەدەبیاتی زارەکیی کورددا بڕوانامەی دوکتۆرا وەربگرێت. ئالیسۆن بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لە باکووری عێراق ژیاوە و چەندین جار بۆ ئێران و تورکیا سەفەری کردووە. هەروەها کتێب و وتاری زۆری لە بارەی ئەدەبیاتی زارەکیی کوردەوە نووسیوە.

**خاتوو ژۆیس بلۆ:**

پرۆفیسۆرە لە بەشی زمان، ئەدەبیات و شارستانیی کوردستان لە ئەنیستیتۆی نەتەوەیی زمانەکان و شارستانێتییەکانی رۆژهەڵا (لە پاریس)و بەرهەمی زۆری لە بواری توێژینەوە کوردییەکاندا بڵاوکردووەتەوە. بلۆ سەرنووسەری بڵاڤۆکی توێژینەوە کوردییەکان، ئەندامی لێژنەی بەڕێوەبەری بنیادی توێژینەوەی زمانە ئێرانییەکان، جێگری سەرۆکی کۆڕی توێژینەوە زارەکییەکانی ئێران، ئەندامی کۆمیتەی زمان و ئەدەبیاتی ئەنیستیتۆی کوردی پاریس و بەڕێوەبەری ناوەندی هاوکاریی زانستی و کولتووریەکانی زانکۆ کوردییەکانە.

**ویلیام ئیگێلتۆن:**

باڵوێزی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بووە لە سوریا و ئێستا جێگری سەرۆکی رێکخراوی (UNWAR) ە لە نەمسا و وەك بەرپرسی کاروباری تایبەت بە سارایۆگۆ کار دەکات. ئیگێلتۆن هۆگریی بە لایەنە سیاسی و هونەرییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی لەگەڵ یەکدی ئاوێتەکردووە و چەند کتێبی دەربارەی مێژووی هاوچەرخی کورد (لەوانە کتێبی کۆماری کوردی مهاباد) و فەرشە کوردییەکان نووسیوە.

**خاتوو کارن کرێن:**

خوێندنی خۆی لە بواری ئیتنیکناسی لە ساڵی ١٩٨٢ لە نەمسا دەستپێکردووە و لە ساڵی ١٩٨٨تا ١٩٩٢دەربارەی عەشیرەتێکی کورد لە سوریا لێکۆڵینەوەی کردووە. کرێن یەکێکە لە رێکخەرانی پیشانگای کوردان: ئازادی لە نەمسا لە ساڵی ١٩٩٢ و لە ساڵی ١٩٩٣ تێزی دوکتۆرای خۆی دەربارەی خێڵەساتی کوردی میر تەواو کردووە. کرێن ئێستا لە نەمسا لە پرۆژەیەکی توێژینەوەی کۆمەڵناسی وەك هاوکاری لێکۆڵەرە نەمساییەکان کار دەکات.

**فیلیپ کرینبرووك:**

لێکۆڵەری زمان و ئایینەکانی ئێرانە لە زانکۆی لەندەن و پاش ساڵی ١٩٨٨ لە زانکۆی ئوتریخت لە هۆڵەندا فێری زمانی کوردی، فارسی، زەردەشتی و زمانە کەوناراکانی ئێران بووە. کرینبرووك بە تایبەت هۆگری ئایینی زەردەشت، تەسەووف، ئایینی ئێزیدی و ئەدەبیاتی زارەکیی کولتوورەکانی ئێرانە و بەرهەمی



زۆری لە بارەی بابەتە ئاماژەپێکراوەکان بڵاوکردووەتەوە کە دواییانیان، نامیلکەیەك و کتێبێکە لەژێر ناوی ئایینی ئێزیدی: بوارەکان، پێشەکییەکان و دەقەکانی. کرینبرووك دامەزرێنەری کۆڕی توێژینەوە زارەکییەکانی ئێرانە (SIOS).

**خاتوو ماریا ئۆشی:**

هۆگری ئیتنیکەکانە و بە تایبەت پەرۆشی کورد و کولتووری کوردە بەگشتی. ئۆشی مامۆستای بەشی دۆزی کەمینەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە کۆلێژی توێژینەوەکانی رۆژهەڵات و ئەفریقیا (لە لەندەن). ئۆشی بەردەوام سەردانی کوردستانی ئێران، عێراق و تورکیای کردووە و وتاری زۆری لە بارەی کوردستان و ئێران بڵاوکردۆتەوە.

**ئەمیر حەسەنپوور:**

لە مهاباد لە دایك بووە و سەرەتا لە بەشی زمان و ئەدەبیاتی ئینگلیزی لە زانکۆی تاران خوێندوویەتی. پاشان لە زانکۆی ئیلونۆیز لە بەشی پەیوەندییەکان بڕوانامەی دۆکتۆرای وەرگرتووە و ئێستا مامۆستای بەشی پەیوەندییەکانە لە زانکۆی کانکۆردیا لە مونترالی کەنەدا. حەسەنپوور بەرهەمی زۆری لە بارەی میدیای کورد نووسیوە، لەوانە کتێبی ناسیۆنالیزم و زمان (١٩١٨-١٩٨٥)

**خاتوو زیبا میرحوسێنی:**

لە سنە هاتووەتە دنیا و ئێستا لێکۆڵەری بەشی مرۆڤناسیی زانکۆی کەمبریجە. میرحوسێنی پاش وەرگرتنی بڕوانامەی بکالۆریۆس لە بواری کۆمەڵناسی لە زانکۆی تاران، لە ساڵی ١٩٨٠ بڕوانامەی دوکتۆرای لە زانکۆی کەمبریج وەرگرتووە. حوسێنی لەمەڕ بنەماڵە و ئاڵوگۆڕەکانی لە ناوچە گوندنشینەکانی ئێران، مەراکش و شارەکانی ئێران، کوردستانی ئێران و لەناو ئەهلی حەقدا لێکۆڵینەوەی کردووە. میرحوسێنی گەلێك وتار و نامیلکەیەکی لە ژێر ناوی دادگاییکردنی پێکەوەنانی ژیانی هاوسەری: توێژینەوەیەکی تێروتەسەلی یاسا بنەماڵەییەکانی ئیسلام لە ئێران و مەراکیش بڵاو کردووەتەوە و ئێستا سەرقاڵی نووسینی کتێبێکە دەربارەی ئایینی ئەهلی حەق.

**کەنداڵ نەزان:**

بەڕێوەبەری ئەنستیتۆی متمانەپێکراوی کوردییە لە پاریس. نەزان لە فەرەنسا خوێندوویەتی و لە بەشی فیزیکدا بڕوانامەی دۆکتۆرای وەرگرتووە، بەڵام زۆربەی ژیانی خۆی بۆ کاروباری کوردستان تەرخان کردووە و بەرهەمی زۆری لەم بوارەدا بڵاوکردووەتەوە.

## پێشەکی

لە کاتێکدا کە زۆر بە کاری خۆم، لە نووسین و وەرگێڕان و چاککردن یا (هەڵەبڕی)ی چەند کتێبێکەوە خەریك بووم، کاك وریای رەحمانی بە کۆمپیۆترلێدراوی ئەم کتێبەی بۆ هێنام و دیار بوو زۆر پێیخۆش بوو پێشەکییەکی بۆ بنووسم، با کورتیش بێت، زۆریشی پەلە بوو. دیار بوو لەو رووەوە کە ئەو دەیویست و لەم لاوە من مەبەستم بوو بە یەك نەدەگەیشتین، هەر بۆیە بە کورتی ئەم چەند دێڕە دەنووسم هەرچەندە کاك وریا لای باشبوو ئەگەر کتێبەکەش بە تەواوی نەخوێنمەوە هەر شتێکی بۆ بنووسم. بە گشتی سۆزی دەروونم بەرامبەر بە برایانی رۆژهەڵاتی کوردستان دەستی پێ دامە قەڵەم و ئەم چەند تێبینییە سەرپێیی و کتوپڕە دەنووسم.

ئەم کتێبە وەك لە پێڕستەکەیەوە دیارە کۆکردنەوەی چەند وتاری جیاوازی چەند رۆژهەڵاتناسێکە — بە چەند کوردیشەوە — کە دەروون و نووسین و بیرکردنەوەیان هەر دەچێتە ناو رۆخانە و جوغزی رۆژهەڵاتناسییەوە. وەك لە بەرگی وەرگێڕانەکەوە دەردەکەوێ دوو کۆکەرەوەی ئەم وتارانە (فیلیپ کرینبرووك و کریستییەن ئالێسۆن) ناوی خۆیان بە خاوەن کتێب داناوە، رەنگە کۆکردنەوە و چاپکردنی ئەو وتارانە و کردنیان بە کتێب ئەو هەقەیان پێبدات. تێکڕا پاش چاوخشاندن بە کتێبەکەدا کە هەندێ وتاری لای من ناسراو بوون یان ئاگاداریان بووم، ئەم تێبینیانەم پێدەنووسێ.

وتارەکان لە بارەی هەندێ لایەنی مێژوو و گیانی و مەتریاڵی(ماددی)- مەبەستم شتی دروستکراو و مادەیە نەك بیری مەتریاڵی — ی کوردەوەیە کە رۆژهەڵاتناسان دەمێکە بە دەوریاندا دەسووڕێنەوە و باسیان دەکەن، رەنگە لە سەدەی هەڤدەهەمەوە لەو سنوورانە نەچووبنە دەرەوە و وای لێ هاتبێ کە بۆ کەسانێك کە دوای نووسینیان کەوتبن شتێکی نوێ نەبەخشن بەڵام بۆ نەوەی نوێ تازەن.

وتارەکانی ئەم کتێبە و هەڵوێستی ئەم رۆژهەڵاتناسانە تێکڕا لە گەڵ کوردن و پشتی کورد دەگرن و بە خاوەنی کولتوور و ناسنامەی خۆی دەزانن و ئەم هەڵوێستەش دەچێتە سەر پشتگرتنی سیاسیی کورد و پشتگرتنی مەسەلە رەواکەی، با بە ئاشکرا یان راستەوڕاست باس لەوەش نەکرابێ. ئەم جۆرە هەڵوێستانە لە رۆژهەڵاتناسیدا ئەوەمان بۆ دەردەخەن کە کورد



دەمێکە دۆستی هەیە و دۆستی باشیشی هەیە. دەبێ سوودیان لێ وەربگرین و بایەخیشیان پێ بدەین، ئەمەش واناگەیەنێ کە لە ناو رۆژهەڵاتناساندا و کوردی فێربوواندا —کە هەندێکیان هەر بۆ جاسوسی و پاشان دوژمنی هاتوونەتە کوردستان — دوژمنمان نییە، کە ئێستا مەیدانێکی فراوان و زۆر زمانزانمان هەن کە دەبێ بە وەڵامدانەوە و بە درۆخستنیانەوە خەریك بن.

وەك وتم ئەم کتێبە —وەك لە پێشەکی کتێبی (کورد)ی مینتیشا شڤیللیی گورجیدا نووسیومە- دەچێتە خانەی دۆستایەتیی کورد و هەڵوێستی دۆستانە بەرامبەر بە کورد ، ئەم وەرگێڕانە ئەو راستییەمان پێشاندەدات. هەر لە پاڵ ئەو (دۆستایەتی)یەدا دوو کۆکەرەوەی ئەم کتێبە کوردستان بە یەك وڵات دەزانن و سەیری هێڵی دابەشکردنی ناکەن و لە بارەی هەموو ئەو شوێنانەوە دەنووسن کە خۆمان ناومان ناون پارچەکانی کوردستان. دیارە ئەوانیش وەك ئێمە لایان وایە یەك کوردستان هەیە.

وەرگێڕانەکەی کاك وریا باشە و کوردییەکەی پتەوە، با کوردیشی نەخوێندبێ، بەڵام هەندێ ناو - چ ناوی خەڵك و چ ناوی جێگە- لە ئەنجامی گۆڕینەوە بە چەند پلە لەم زمانەوە بۆ ئەو زمان گۆڕانیان بە سەردا هاتووە و رەنگە وەرگێڕ توانای راستکردنەوەی نەبووبێت، بە تایبەت ناوە عەرەبییەکان کە کراون بە ئینگلیزی و کراونەتەوە بە کوردی . راستە کاك وریا هەر کتێبی وەرگێڕاوە، لە بەر ئەوە ناتوانین داوای پێشەکی و پەراوێز نووسینی لێ بکەین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر بە دێڕێکیش بێت دەتوانرێ هەندێ بیری چەوت راستبکرێتەوە.

لە ئەنجامدا دەتوانم بڵێم کە کاك وریا رەحمانی کارێکی باشی کردووە و کتێبێکی باشی تازەی لەناو کتێبخانەی کوردیدا دانا. هیوادارم زۆر کتێبی بەنرختری بە دواوە بێت و لاوی زمانزانی تریش چاو لەو بکەن.

پرۆفسۆر دۆکتۆر
عیزەدین مستەفا رەسوول

# پێشەکی

تەنها ژمارەیەکی کەم لەو ڕۆژئاواییانەی کە ڕۆژنامە دەخوێننەوە، لە بارودۆخی کورد بێئاگان. زۆرێك لەم ڕۆژئاواییانە، لە ناخی دڵەوە هەستی هاوخەمیی خۆیان لەگەڵ چارەنووسی پڕ ماتەمینیی گەلی کورددا لە تورکیا، عێراق و ئێران ، هەوڵەکانی جەنگاوەرانی ئازادی لەو وڵاتانەدا ناسراون. ڕاپۆرت لەمەڕ کوردی ئێران، سوریا، ئەرمەنستان، گورجستان و کۆمارەکانی دیکەی یەکیەتیی سۆڤیەتی جاران، بەدەگەمەن بە دەستی ئێمە دەگەن و هەڵسوڕان و چالاکییەکانی کۆمەڵگا مەزنە کۆچبەرەکانی کورد لە ڕۆژئاوای ئەوروپا، باکووری ئەمریکا و ئوستراڵیا لەوانەیە ئەوەندە جیاواز بن کە نەتوانن ئاسەوارێکی ڕوون لە بیری زۆربەی ڕۆژئاواییەکاندا بەجێ بهێڵێت.

لەگەڵ ئەمەشدا ئێستا گەلێ لە خەڵکی جیهان دەزانن کە کورد مەزنترین نەتەوەی بێ دەوڵەتە لە جیهاندا. کورد پتر لە ٢٥ ملیۆنن کە نیشتمانەکەیان لە نێوان تورکیا، سوریا، عێراق، ئێران و کۆمارەکانی یەکیەتیی سۆڤیەتی جاراندا دابەشکراوە. ئەمە لە حاڵێکدایە کە بارودۆخی کوردان لە هەندێك لەم وڵاتانەدا ئەوەندە دژوارە کە ژماریەکی زۆر لە کوردان ناچار بوون بۆ شوێنەکانی دیکە کۆچبکەن.

ئێستا ئەم مەسەلەیە بە شێوازێکی بەرین دەزانرێت کە بەشێکی مەزن لە خەڵکی کورد ناچارن کە بە یەك یان چەند میتۆد شەڕ بکەن بۆ ئەوەی وەکو کورد زیندوو بمێننەوە، بەڵام وەها دیارە کە زانیارییە گشتییەکان لەمەڕ کوردان، قەتیس ماون. بەواتایەکی تر، بیرو زەینی جیهانی ڕۆژئاوا لەمەڕ کوردان، لەسەر ئەم ڕاستییە چڕ بووەتەوە کە ئەوان بۆ پاراستنی ناسنامەی خۆیان شەڕ دەکەن، بەڵام گرینگترین پاژی ئەم ناسنامەیە ـ واتا کولتووری کورد ـ لەبەر چاو ناگرن.

بەداخەوە، بۆ کوردان ئەمە هەموو شتێکە، لەبەرئەوەی چارەنووسی ئەوان لە کۆتاییدا بە توانایی خۆیان بۆ بڕواپێهێنانی جیهان ـ دەربارەی ئەوە کە بە پێچەوانەی بانگەشەی ئەو حکوومەتانەی کە کورد تێیاندا دەژین، کورد ناسنامەیەکی بەهێز و دەوڵەمەندیان هەیە کە دەبێ بە ڕەسمی بناسرێت ـ بەستراوەتەوە. ئەم کەمتەرخەمییە، بەهەرحاڵ لە لایەن ڕۆژئاواییەکانیشەوە جێگای داخە لەبەرئەوەی کە ئەوان بیرکردنەوەیەکی یەکلایەنە و چەواشەکراویان لە بارەی کوردەوە هەیە و لە هەلومەرج بۆ فێربوونی شتی زۆرتر لەمەڕ شارستانیەتێکی کەونارا، پڕ جموجۆڵ و سەرنجڕاکێش کەڵك وەرناگرن.

کەوابوو هۆی سەرەکی بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبە، ئەم هەستە بەهێزەیە کە دەبێت بەشە کولتوورییە پێکهێنەرەکانی ناسنامەی کورد بکەوێتە بەر تاوتوێ و لێکۆڵینەوە. بەڵام ڕاستییەکەی



ئەوەیە کە بەرهەمە بڵاوکراوەکان لەمەڕ ئەم بابەتە، دەگمەنن. لەحاڵێکدا کە زۆربەی نەتەوەکانی ئاسیا دەتوانن بە شانازییەوە ئاماژە بە ژمارەیەکی زۆر کتێب و وتار دەربارەی کولتووری خۆیان بکەن کە دەتوانێ کتێبخانەیەکی بچووك پڕ بکاتەوە، کورد ناچارن لەگەڵ کۆمەڵێك کتێب و وتار کە تەنها دەتوانێت ڕەفەی کتێبخانەیەك پڕ بکاتەوە، هەڵبکەن.(*)

هەروەها کە ئەم کتێبە هیوادارە کە بتوانێت پیشانی بدات، هۆی نەبوونی بەرهەمی بڵاوکراوە، هەژاریی و دەسکورتی لەخۆوەی کولتووری کورد نییە، کەوابوو کۆمەڵێك پرسیار سەبارەت بە هۆیەکانی ئەم ناهەماهەنگییە دروستدەبێت کە دەیەوێت ناڕاستەوخۆ، نکوڵی لە هەبوونی کولتووری کوردو لە ئاکامدا، بانگەشەکانی کوردان لەمەڕ هەبوونی ناسنامەیەکی دەوڵەمەند بکات. بەشێك لە هۆیەکانی ئەم بارودۆخە دەتوانێت بۆ ئەم ڕاستییە بگەڕێتەوە کە کورد، قەت دەوڵەتێکی سەرەکییان نەبووە و شێوازە نووسراوەکانی ئەدەبیاتی کورد تا ڕادەیەك درەنگ سەریان هەڵدا. کەوابوو ئەو کوردانەی کە هۆگریی‌و بەهرەی خولڤاندنی کولتوورێکی باڵایان هەبوو، بەرەولای نەریتە زاڵەکان ـ کە زمانی عەرەبی، فارسی‌و تورکی عوسمانییان بەکاردەهێنا ـ ڕاکێشران و ئێستا تەنها کوردان خۆیان دەزانن کە لێکۆڵەرێك یان هونەرمەندێکی بەناوبانگ کورد بووە، لەحاڵێکدا کەسانی دیکە وا دەزانن کە ئەم کەسایەتییانە، عەرەب، فارس یان تورکن. هۆکاری دیکە ئەوەیە کە بیروبۆچوونە قبووڵکراوەکان لەمەڕ عەقڵانیەتی شارستانێتییە تایبەتەکانی ئاسیا، لە هەنگاوی یەکەمدا لە کاری ئەو لێکۆڵەرە سەرەتاییە ڕۆژئاواییانە سەرچاوەی گرتووە کە بۆ یەکەمجار تێگەیشتنی جیهانی ڕۆژئاوایان لەم کولتوورە شکڵ پێداو پاشان بژاردە ئاسیاییەکان کە لە ڕۆژئاوا خوێندبوویان، ڕێگای ئەوانیان درێژە پێدا. ئەم لێکۆڵەرە سەرەتاییانە دەیانەوێت بە هەمان شێوە نێزیکی کولتووره ئاساییەکان ببنەوە کە بۆ لێکدانەوەی کولتوورەکانی یۆنان و ڕۆمی کەونارا ـ کە لەسەر بنەمای کولتوورێکی باڵاو مێژوویەکی پاشایەتی دامەزراون ـ خوێندوویانە و باوەڕ و بەها کولتووریەکان، زۆرتر بە پێی شێوە ستانداردەکانی ئایین کە بە ئاسانی بۆ خوێندکارەکان شیاوی پاساوهێنانەوە بێت، ڕاڤە بکەن.

ئەم جۆرە نزیکبوونەوەیە، بە پشتگوێ خستنی شکڵە گشتییەکانی کولتوور، تاوتوێکردنی گەلێ لە نەریتە کولتوورییە زاڵەکانی ئاسیای بێ پیت کردووە. ئەم مەسەلەیە، بە تایبەت لەمەڕ

(*) ئەگەر جاران، ئەوە ڕاست بووبێ، ئێستا لە کوردستانی عێراقدا چەندین دامودەزگای پەخش و وەشان و بڵاوکردنەوە (ئاراس، سەردەم، موکریانی، سپیرێز...) هەن کە ڕۆژانە کتێب لە بواری جیا-جیا چاپ و بڵاودەکەنەوە (دەزگای موکریانی).

شارستانیی کوردان، وەك شتێکی زیانبار سەلمێندراوە. بەلەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە کۆمەڵگای کورد بە دەگمەن لە هەلومەرجێکدا بووە کە بتوانێ پاڵ بەشێوازە غەیرە گشتییەکانی ئەدەبیاتدا بنێت، کەسایەتییە ئاکادمیکەکان بەرهەمی کەمیان دۆزیوەتەوە کە بتوانێت لەگەڵ بەرهەمە شکۆدارەکانی فارسیو عەرەبیدا کێبەرکێ بکات. ئەدەبیاتی زارەکی کە دەتوانین بڵێین رەنگدانەوەی بەهرەی ئەدەبی راستەقینەی کوردانە، لە راستیدا نەناسراوە و بە دەگمەن کەوتووەتە بەر توێژینەوە. تا ئەو جێگایەش کە پەیوەندی بە مێژووی کوردەوە هەیە، یەکێك لە بەرهەمە کلاسیکەکان لەم بوارەدا، کتێبی شەرەفنامەیە (، بڕوانە: بۆ بەشی یەك و دوو) کە بە زمانی فارسی نووسراوە و زۆرترین بەشی مێژووی بەر لە سەردەمی نوێی کوردان لە بۆچوونە شانسییەکانی ناو ئەو سەرچاوانە- کە لەسەر بەرهەمە بلیمەتەکانی نەتەوە زاڵەکان چڕ بووەتەوە- هەڵێنجراوە و شێوازی ئاڵۆز و سەرنجراکێشی کوردان بۆ خولقاندنی مێژووی زارەکیی خۆیان ـ کە کۆمەڵێك دۆز و پرسی بنەڕەتی لە خۆ گرتووە کە لە شێوازێکی سادەدا روویداوە، بەڵام بە ئاسانی لە بەر کراوە ـ بە تەواوی پشتگوێ خراوە.

لە مەسەلەی ئاییندا، هۆگریە ئاکادیمیکەکان لەسەر شێوازە فەرمییە پێشنیارکراوەکان (واتە ئەو شێوازەی کە مەسەلەکان دەبێ هەبن، نە بەو شێوازە کە لە راستیدا هەن) چڕ بووەتەوە. لەبەرئەوە کە لە رووی تیۆرییەوە جیاوازی کەم لە نێوان کوردە سوننەکان و عەرەبە سوننەکاندا هەیە، ئیسلامی کوردان نەکەتووەتە بەر سەرنجی ژمارەیەکی زۆر لە کەسایەتییە ئاکادیمیکەکانی رۆژئاوا. لە لایەکی ترەوە، کۆمەڵێك لێکۆڵەری جۆراوجۆر، کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی سەرنجڕاکێش بوونی ئایینە هەڵگەڕاوە و پڕ هەراوهوریاکان وەك ئایینی ئەهلی هەق و ئایینی ئێزیدی (، بڕوانە: بە بەشی ٥و ٦)، بەڵام ئەم لێکۆڵەرانە زۆرتر وەك شوێنەواری بەجێماوی شارستانێتییە کۆنەکان سەیری ئەم ئایینانە دەکەن، نە وەك توخمەکانی کولتووری هەنووکەیی کورد.

بەهرەی کورد بۆ خولقاندنی بەرهەمە هونەرە رەنگیەکان، بە شێوازی نەریتی بەرەولای فەرش چنین، رازاندنەوەی کەرەستەکان و دروستکردنی جلوبەرگە جوانەکانیان راکێشراوە، بەڵام لەبەرئەوەی کە بەرهەمە هونەرییە خاوەن بەها کولتوورییە باڵاکان وەك شێوەکاری و پەیکەرتاشی لەنێوانیاندا نەبوو، مێژووزانە هونەرییەکان کەمتر هۆگری ئەم لایەنە بوون. هەڵبەتە لەم دەیانەی دواییدا، کۆمەڵێك شێوەکاری بلیمەتی کورد لە تاراوگە سەریان هەڵداوە و ئامادەکارانی ئەم کتێبە، لەم مەسەلەیە بەداخن کە نەیانتوانی هاوکارێك لەم بوارەدا بدۆزنەوە بۆ ئەوەی وتارێك دەربارەی ئەم بابەتە بنووسن. بە هۆی نەبوونی مێژوویەکی هونەریی رێکوپێکی کوردی، مۆسیقای کوردیش هەتا ئەم دواییانە بە شێوازێکی بەرفراوان پشتگوێ دەخرا. نەبوونی وتارێك لە بارەی مۆسیقا، لەوانەیە



بەرچاوترین کەموکوڕی ئەم کتێبە بێت. گەڕانی بەردەوامی ئامادەکارانی ئەم کتێبە بە شوێن نووسەرێك کە وتارێك لەمەڕ مۆسیقای کوردی بنووسێت، هۆی سەرەکیی دواکەوتنی چاپی ئەم کتێبەیە.

لەم رووەوە، واپێدەچێت کە پێوانێك کە پێویستە لێرەدا بەکار ببرێت، ئەو پێوانەیە کە لە لایەن لێکۆڵەرە نەریتییەکانەوە بەکارهێنراوە، نە دیاردەکانی کولتووری کورد. هەتا ئەم دواییانە، ئەم کەموکوڕییە بە هۆی نەبوونی ئاشکرای ناوەند و سەنتەری ئاکادیمیکی کوردناسی بوو. لەحاڵێکدا لەوانەیە لە یەك یان چەند زانکۆ لە هەموو وڵاتە رۆژئاواییەکاندا زۆربەی شارستانێتییەکانی ئاسیا بکەوێتە بەر باس و لێکۆڵینەوە (ئینیستیتۆیەکان یان بەشەکانی زمان و ئەدەبیات، زۆرتر وەك ناوەندی هەموو لێکۆڵینەوە کولتوورییەکان کار دەکەن)، هەتا کۆتایی ١٩٨٠ زانکۆی پاریس تەنها ناوەندی متمانەپێکراوی ئاکادیمیکی توێژینەوە کوردییەکان لە رۆژئاوا بوو. پاریس هێشتا تەنها کورسیی توێژینەوە کوردییەکانی لە جیهانی رۆژئاوادا هەیە کە ئێستا لە لایەن "ژویس بلۆ"وە بەڕێوەدەچێت و زانکۆی پاریس خاوەنی پشتیوانیی ئینیستیتۆی تەیارو متمانەپێکراوی کوردە لە پاریس کە لە لایەن کۆمەڵگای کوردو بە سەرۆکایەتی "کەندال نەزان" دامەزراوە.

لە کۆتایی دەیەی ١٩٨٠، گۆڕانکارییەك لەم بوارەدا بەدی دەکرێت کە بێگومان بە هۆی گەشەی هۆشیارییە گشتییەکانیی کوردان و گرینگی ژیۆپۆلەتیکی نیشتمانەکەیانە. ئەم دیسیپلینە دواییەی توێژینەوە کوردییەکان، رەسمیەتی زۆرتری لە جیهانی ئاکادیمیکدا پەیدا کردووە و ئێستا جگە لە پاریس، ناوەندگەلێك لە هۆڵەندا، بریتانیاو سوێد دامەزراون و چالاکییەکی توێژینەوەیی بەرچاو لە وڵاتە یەکگرتووەکانیی ئەمریکا، کەنەدا، ئاڵمان، نەمساو ئیتالیا بەدی دەکرێت. ئێستا لەگەلێك لەم ناوەندانەدا چڕبوونەوەیەکی بەهێز لەسەر بنەماکانی کولتوور و راستییە زیندووەکانی ژیانی کوردان هەیە کە لەگەڵ رەوتێکی گشتیتر لەمەڕ توێژینەوەکانی رۆژهەڵات ـ بە سەرنجدان بە شێوازە گشتییەکانی کولتوور ـ یەکدەگرێتەوە.

ئەم کتێبە، بارودۆخی نوێی مەسەلەکان بەروونی دەخاتەڕوو و بریتییە لەو وتارانەی کە پسپۆڕە متمانە پێکراوەکان و ئەندامانی نەوەی گەنجی کوردناسی نووسیویانە و هەڵبژاردنی بابەتەکانیش، دەربڕی جۆرێك نزیکبوونەوەی مۆدێڕن و واقعبینانەیە لە کولتووری کورد. ئەم کتێبە هەرچەند کە بە دوای خستنەڕووی وتارگەلێك بۆ تێگەیشتنی باشتر لە کولتووری کوردە، بەڵام بە هیچ شێوەیەك کتێبێکی بێ کەموکوڕی نییە. هەڵبەت لەم قۆناغەدا، ئامانجێکی وەها زۆر لێڵ بووە و نەبوونی وتاری پەیوەندیدار بە مۆسیقای کوردی و شێوەکاری مۆدێڕنی کورد، تایبەتمەندیی بێ کەموکوڕ بوونی ئەم کتێبە دەباتە ژێر پرسیارەوە. جگە لەم هۆکارە نەرێنییانە، گەلێ راوڕایەڵی ئەرێنی هەیە

که ئامادەکارانی ئەم کتێبەیان هاندا تا وتارەکانی ئەم کتێبە کۆ بکەنەوە. بەهەرحاڵ وەسفکردن و کۆکردنەوەی ئەم وتارانە، کارێکی پێویستە بە تایبەت لەبەرئەوەی کە گونجاندنی بابەتگەلێکی تایبەت لە کارێکی لەم جۆرەدا، ڕەنگە بەرەبەرە بە شێوەیەك لە شێوەکان، یارمەتی بە پێناسەکردنی کولتووری کورد ـ کە بابەتێکە کە تا ئێستا هیچ ساخبوونەوەیەکی گشتیی لەسەر نییە ـ بدات.

بوونی بەشێکی شیکاریی دەربارەی مێژوو، کولتوورو هەستی ناسنامەی کوردان و بەشێك دەربارەی ئەدەبیاتی نووسراوی کورد کە هەردووکیان بە دستی کەسایەتییە بەناوبانگەکانی جیهانی کوردناسی نووسراون، لەوانەیە پێویستی بە هیچ پاساوهێنانەوەیەك نەبێت. لە لایەکی ترەوە، گرینگی لایەنە نووسراوەکانی کولتووری کورد (، بڕوانە: بۆ وتارەکانی کریستییەن ئالیسۆن و فیلیپ کرینبروكو لە ئاستێکی کەمتردا، وتارەکەی زیبا میرحوسێنی) ڕەنگە ئەو کەسانە کە خۆی لە خۆیدا وەك دیاردەیەکی خارووی ئەدەبیاتی نووسراو سەیری ئەدەبیاتی زارەکی دەکەن، تووشی سەرسام یان لە ڕاستیدا تووڕەبوون بکات. ئەمە لە حاڵێکدایە کە لە ڕۆژئاوا، وشە نووسراوەکان ئەوەندە بەسەر کولتووردا زاڵن کە زۆربەی ئەو توخمانەی کە هەست پێدەکرێت پڕ بایەخن، بەشکڵی نووسراو دەرهاتوون، بەڵام بەهەرحاڵ ئامادەکاران لەو باوەڕەدان کە ئەم بابەتە لە پەیوەندی لەگەڵ کورد وەڕاست ناگەڕێت.

هەتا ئەم دواییانە، بەشێکی مەزنی حەشیمەتی کوردان قەد فێری نووسین نەبوون، لەبەرئەوە کە ئەم لێهاتووییانە هیچ پەیوەندییەکی بە ژیانیانەوە نەبوو. کوردەکانی دیکە، تەنها فێری نووسین بە زمانەکانی ناوچەی خۆیان بوون. لە ئەنجامدا، گەلێ لە بەشە بنەڕەتییەکانی کولتووری کورد نەنووسرانەوە. ئەمە لەحاڵێك دایە کە پەرەسەندن لە بیاڤگەلێك وەك ئەدەبیات و ئایینی کورد، تەنها و تەنها ناتوانێت لەسەر بنەمای ئەو دیدانە کە لە توێژینەوەی نەریتە نووسراوەکان سەرچاوەیان گرتووە، دەرکی پێبکرێت. ئەم بیاڤانە، پێویستیان بە میتۆدناسییەکی تایبەت بە خۆی هەیە، میتۆدێك کە تا ئێستا لە بیاڤی لێکۆڵینەوەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا بە تەواوی پەرەی نەسەندووە. هەڵبەت روونە کە پێشنیارکردنی تەنانەت بوارێك بۆ ئەم جۆرە نزیکایەتییە تیۆرییانە، لە دەرەوەی ناوەڕۆکی ئەم کتێبەیە، بەڵام هیوادارین کە بتوانێت ئەمە پیشانبدات کە لایەنە زارەکییەکانی کولتوور، شیاوی ئەوەن کە لێکۆڵینەوەی جیدییان لەسەر بکرێت.

مەبەستی وتارەکەی کریستییەن ئالیسۆن دەربارەی ئەدەبیاتی زارەکیی کورد، ئەوەیە کە تێکچڕژاوی و بەهرەی هونەری یەکجار پێشکەوتووی ناخی ئەم ئەدەبیاتە پیشانبدات، لەحاڵێکدا کە وتارەکەی فیلیپ کرینبروك، ڕێگایەك پیشاندەدات کە تێیدا ئایینە جۆراوجۆرەکان، بە هۆی



شەپۆلی داگیرکارییە یەك لەدوای یەکەکان پێکهاتوون، ڕێگایەك کە کاری کردە سەر هۆش و درکی کوردان لەمەڕ چەمکی نەزانکارییانەی ئایین و تا ئەو جێگایەی کە پەیوەندی بە کوردانەوە هەیە، کاری کردۆتە سەر تایبەتمەندی نەخوێندەواری کۆمەڵگای ئەوان. لەم کتێبەدا باسی ئەوە دەکرێت کە بوونی هەندێ لە گرووپە ئایینییەکان کە هەر لە کۆنەوە لە پەراوێزی شارستانیی کورددا جێیان گرتووە، وەك ئەهلی هەقەکانو ئێزیدییەکان، لە ڕاستیدا ئەو ڕێگایە بە جوانی ڕووندەکاتەوە کە تێیدا کۆمەڵگای کورد کەوتووەتە ژێر کاریگەریی هۆکارە دەرەکییەکان، بێ ئەوەی کە بیروباوەڕی بنەڕەتی و جیهانبینی خۆی لە دەست بدات. زێدە باری ئەمە، وتارە ئایینییەکانی یەکێ لەم گرووپانە (ئەهلی هەقەکان) بە تێرو تەسەلی لە لایەن زیبا میرحوسێنییەوە- کە نووسەرێکی باوەڕپێکراوی بواری کۆمەڵگای نوێی ئەهلی هەق لە کوردستانی ئێران دایە- شیکراوەتەوە.

هەروەها وەك باسمانکرد، لە وڵاتێکی وەك کوردستان کە تێیدا کۆمەڵێك هۆکار ڕێگایان لە سەرهەڵدانی شکڵە هونەرییەکان وەك شێوەکاری و پەیکەرتاشی گرتووە، هونەری ڕەنگ لە شتانێك وەك بەرهەمە هونەرییە دەستکردەکان وەك جلوبەرگ و فەرشەکان ـ کە سەمبولی کولتووری ماددین کە توخمە بنەڕەتییەکانی ناسنامەی کولتووری کوردان پێکدێنێ ـ بەرهەست دەبێت. کەوابوو وتارە کورت بەڵام ڕێخۆشکەرەکەی ویلیام ئیگێلتۆن دەربارەی فەرشەکان (مافوور و بەڕە)، یەکێك لە بەشە گرینگەکانی ئەم کتێبەیە، هەروەها کە باس و گفت و گۆ فێرکەرو بەسوودەکەی (کارین کرێن) دەرباەری کولتووری ماددیی گوندەکانی کوردستانی سوریا، بەشێکی گرینگی دیکەی ئەم کتێبەیە. وتارەکەی ماریا ئوشی دەربارەی جلوبەرگی کوردی و تاوتوێکردنی جۆرە جوداجوداکانی، نە تەنیا بۆشاییەك پڕ دەکاتەوە بەڵکو سەرنجی ئێمە بەرەو لای توخمەکانی ئاڵوگۆڕی جلوبەرگ -کە هەر وەك توخمەکانی دیکە، کاریگەریی لەسەر کولتووری کورد دادەنێت- رادەکێشێت. لێکۆڵینەوەکەی ئوشی قۆناخێکی سەرەتایی وەسفدەکات کە تێیدا جلوبەرگە کوردییەکان لە لایەن هێزە ناوەندپارێزەکانی دەوڵەتەوە، شێواون. ئوشی جۆر و ڕەنگە یەکجار زۆرەکانی جلوبەرگی کوردی پیشاندەدات و بە شوێنی ئەوەدا ئاماژە بە بەریانی ڕوو لە زیادبوون بەرەو بەلاوەنانی جلە نەریتیەکان و لەبەرکردنی جلە ڕۆژئاواییەکان دەکات. ئەمە لەحاڵێکدایە کە ڕووداوەکانی ئەم دەیانەی دوایی، سەرهەڵدانی کۆمەڵێك جۆری تایبەتی جلوبەرگی کوردی لێکەوتووەتەوە. وتارەکەی ئوشی لەوانەیە ڕوونترین وسفکاری دەربارەی ئەو ڕەوتانە بێ کە شوێن دادەنێتە سەر گەلێ لە بیاڤەکانی کولتووری کورد.

هەتا ئەو جێگایە کە پێوەندی بە زمانەوە هەیە، بۆ نموونە بارودۆخی کوردستان بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ ڕێگەی لە سەرهەڵدانی یەك یا چەند زمانی ئەدەبی یەکگرتوو گرتووە. هەر بۆیە

قۆناخێکی بێپیت بە هۆی دەستدرێژی روو لە زیاد بوونی زمانەکانی دیکە (بڕوانە: بۆ وتارەکەی کەندالّ نەزان) پێکهات. لێکۆڵەرانی کورد، بە رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ پێویستی پیشاندانی ناسنامەیەکی روونی کوردی، هەوڵی جۆراوجۆریان لە سەردەمی نوێدا دا بۆ ئەوە کە زمانێکی نووسراوی یەکگرتووی کەم تا زۆر دەستکرد ـ کە لە راستیدا دەوڵەمەندی زاراوە کوردییە زۆرەکان لەخۆبگرێت ـ پێکبێنن. وتاری کریستییەن ئالیسۆن پیشاندەدا کە هۆکارگەلێکی هاوشێوە کاردەکەنە سەر ئەدەبیاتی زارەکی.

پێناسەکردنی کولتوور (کە تووشی گۆڕانکاری نەبێ) لە باشترین حالّەتی خۆیدا، ناتەواوە و لە پێوەندی لەگەڵ کولتووردا دەتوانێ بە جیددی زیانبار بێت. واوێدەچێ یەکێ لە وتارە گونجاوەکانی ئەم کتێبە، تاوتوێکردنی دەوری میدیا گشتییەکان لە لایەن ئەمیر حەسەنپوور بێت کە بە درێژایی سەد ساڵی رابردوو سەرنجی پێ نەدراوە و بە دڵنیاییەوە دەورێکی گرینگ لە کێشانی سیمای داهاتووی شارستانیی کوردان دەبینێت.

لەم خالّانەی کە ئاماژەمان پێکرد، روون دەبێتەوە کە زمانەکانی عەرەبی، فارسی وتورکی دەورێکی گرینگ لە ژیانی کولتووری کورددا دەبینن و ئەم بابەتە دەتوانێت کۆمەڵێك گیروگرفت بۆ ئامادەکاران بێنێتە ئاراوە. ئەم سێ زمانانە هەموویان، کۆمەڵێك سیستمی نووسینیان بە شیوازێکی بەرین قبووڵکردووە کە بەداخەوە لەگەڵ یەك جیاوازن. مەسەلەی خراپتر ئەوەیە کە هەر ئەم کێشەیە لەمەڕ دوو زاراوە سەرەکییەکەی زمانی کوردی (کرمانجی و سۆرانی) وەڕاست دەگەڕێت. کەوابوو زۆربەی جاران، کۆمەڵێك (هجا)ی قبوولّکراو بۆ هەر وشەیەك هەیە کە هەندێکیان پتر لە وشەکانی دیکە بۆ خوێنەر ئاشنان.

ئامادەکاران خۆیان دان بەوەدا دەنێن کە ناتوانن سیستمێکی فۆنۆگرافی پێکبێنن کە یەکگرتووبێ و بەتەواوی شیاوی تێگەیشتن بێت، بۆیە شکلّە سادەکانی سیستمە کۆنەکانی فۆنۆگرافی بۆ هەر یەك لەم زمانانە بەکارهێنراوە، بۆ نموونە لە باتی x (خ) لە kh، لە باتی j (ژ) لە zh، لە باتی ş (ش) لە sh، لە باتی ç (چ) لە ch، لە باتی j (ج) لە c **کەڵك وەرگیراوە**. ئەمە لەحالّێکدایە کە سیستمەکانی دیکە، کومەڵێ زناکی ناباوی دیکە بەکار دێنن و زناکە ئاسۆییەکان لەسەر وشەکان دادەنێن (بۆ نموونە، لە باتی پیتی کرمانجی کۆنیe، uو i لە î، êوû **کەڵك وەردەگرن**). زناکە جیاکەرەوەکان (وەك زناکە ئاسۆییەکان یان زناکەکان) بۆ جیاکردنەوەی پیتە بێدەنگە جیاوازە عەرەبی یان کوردییەکان (کە لە زمانە ئەورووپییەکاندا، یەك هاوتای هەیە) لە شوێنێکدا کەڵکی لێوەردەگیرێت کە هەست بکرێت گونجاوە یان پێویستە، واتا بۆ ئەوە کە خوێنەر بتوانێت وشە یان ناوێکی نائاشنا گۆ بکات یان لە ئەدەبیاتێکی تایبەتدا بیدۆزێتەوە، بەڵام



شێوازەکانی دیکە باو نییە. لە بەرهەمە بڵاوکراوەکان بە ئەلفوبێی رۆمانی، هجا سەرەکییەکان لەبەردەکرێت و لە هەر شوێنێك کە لواو بێ، وشەکان بە شێوازێك کە بۆ خوێنەری رۆژئاوایی ئاشناتر بێت، دەخرێنەڕوو.

گەلێ (نە هەموویان) لە وتارەکانی ئەم کتێبە، لەو وتارانە وەرگیراون کە دراون بەکۆنفراسی ناسنامەی کولتووری کورد کە لە **٢٦ی** خاکەلێوەی **١٩٩٣** لە "قوتابخانەی توێژینەوەکانی رۆژئاواو ئافریقا"(SoAS) لە لەندن بەڕێوەچوو و لە سایەی ناوەندی SoAS بۆ توێژینەوەکانی رۆژهەڵاتی نیزیك و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناوەندی گەردوونی هونەر لە لەندەن کۆکراونەتەوە. لێرە، ئامادەکاران دەیانەوێ سوپاسی تایبەتیی خۆیان ئاراستەی هەموو هاوکاران، ناوەندی توێژینەوەکانی رۆژهەڵاتی نزیك و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست (SoAS) بە بۆنەی دابینکردنی سەرمایەی نمایەی ئەم کتێبە، دیانا گۆر[١] لە ناوەندی SoAS بە بۆنەی ئامادەکردنی دقەکانی ئەم کتێبە، دوکتۆر ریچارد تاپر[٢] لە SoAS بە بۆنەی یارمەتی و هاندانەکانی، کاترین لاورێنس[٣] لە SoAS بە بۆنەی یارمەتی و رێنوێنییەکانی، ئێڤا سکالاّ[٤] لە ناوەندی گەردوونی هونەر، بە بۆنەی بەشداریکردن لە رێکخستنی کۆنفرانس و میك کرینبروك[٥]، هاوسەری فیلیپ کرینبروك و دەیڤید تایلۆر[٦]، هاوسەری کریستیەن ئالیسۆن بە بۆنەی یارمەتی و خۆڕاگرییانەوە، بکەن.

سەرەنجام لەوانەیە پێویست بە وەبیر هێنانەوە بکات کە ئەو وتارانە کە لەم کتێبەدا خراونەتەڕوو، رەنگدانەوەی بیروبۆچوونی نووسەرەکانیانە و ئامادەکاران حەتمەن لەگەڵ روانگەکانیاندا هاوڕا نین.

فیلیپ کرینبروك- کریستییەن ئالیسۆن

---

1- DIANA GUR
2- RICHARD TAPPER
3- CATHRINE LAWRENCE
4- EVA SKALLA
5- MIEK KREYNBROEK
6- DAVID TAYLOR

(١)

# كوردەكان: ئاوڕدانەوەیەك لە ڕەوشی هەنووكە و ڕابردوو

كەندالْ نەزان

له دوای شەڕی کەنداوو ئاوارەبوونی کوردەکان لە ساڵی ١٩٩١، کێشەی کورد بوو بە کێشەیەکی نێونەتەوەیی و ئەو دیوارە بێدەنگییەی کە دەیان ساڵ، کێشەی کوردی گەمارۆ دابوو رێك وەك دیواری بەرلین رووخا. ئێستا چاپەمەنیی رۆژئاوا هەندێك زانیاری لەمەڕ رووداوەکانی کوردستانی تورکیاو عێراق بە رێکوپێکی بڵاودەکەنەوە. هەرچەند کێشەی کورد هێشتا نەبووە بە ئەجێندای رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، بەڵام لانی کەم توانیویەتی بە راشکاوی هەندێك پرسیار لە ویژدانی خەڵکی جیهاندا دروستبکات. کەوابوو پێویست ناکات لێرە ئاماژە بە بارودۆخی هەنوکەیی خەڵکی کورد بکرێت. بەهەرحاڵ لەم بەشەدا باسی چەند بابەت دەکرێت و هەندێك راستیی پێوەندیدار بە بارودۆخی هەنوکەیی کوردستان پیشاندەدرێت. پاشان بەکورتی چاوێك بە مێژینەی مێژوویی کورددا دەخشێنین.

## ژمارەو شوێنی بڵاوبوونەوەی کوردان

### تورکیا

بەگوێرەی هەڵسەنگاندنەکانی دەوڵەتی تورکیا لە ساڵی ١٩٩٢، نزیکەی ١٥ ملیۆن کەس لە حەشیمەتی ٥٩ ملیۆنی گشتیی تورکیا، کوردن. بە واتایەکی تر کورد ٢٥,٤٣٪ی حەشیمەتی وڵاتی تورکیا پێکدەهێنن. سەرچاوە کوردییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ژمارەی ئەو کوردانەی لە تورکیا دەژین، ١٨ یان ٢٠ ملیۆن کەسە. رێژەی گەشەی لەدایکبوون لە ناوچە کوردنشینەکان، دوو قاتی نێوەنجی رێژەی گەشەی لەدایکبوونە لە وڵاتی تورکیا بەگشتی. لە راستیدا بە وتەی ئەنیستیتۆی ئاماری دەوڵەتی تورکیا، لە ساڵی ١٩٨٩، رێژەی زاوزێ ـ واتا ئەو منداڵانەی کە لە دایکانی ١٥ تا ٤٩ ساڵ لە دایکبوون ـ لە ناوچە کوردنشینەکاندا، ٥,٦٥٪ و لە ناوچە تورکنشینەکاندا ٣,٣٩٪ بووە (رێژەی زاوزێ لە ناوچە تورکنشینەکانی کەناری دەریای ئیجە ٢,٤٦٪، لە کەناری دەریای سپی ناوەڕاست، ٣,٠٢٪ و لە ئاناتوڵی ناوین ٣,٠٧٪ بووە). بەگوێرەی توێژینەوەکان و بەپێی رێژەی زاوزێ، حەشیمەتی کوردان لە ساڵی ٢٠٢٥ لە حەشیمەتی تورکان زۆرتر دەبێت.

بەهۆی بارودۆخی شەڕاوی کوردستان و دواکەوتوویی ئابووری ـ کە بەهۆی شەڕ زۆرتر بووە ـ دەبینین کە کوردەکانی تورکیا بەشێوازێکی بەرفراوان بەرەو رۆژئاوای وڵات (کە بارودۆخی



ئابووری و سیاسی باشترە) کۆچدەکەن. سەرژمێری خەزەڵوەری ١٩٩٠ پیشاندەدات کە حەشیمەتی ناوچە کوردنشینەکانی تورکیا کە دەوڵەتی **تورکیا** ناوی ناوە ئاناتۆڵی رۆژهەڵات و باشووری رۆژهەڵات، ٩/٧٠٤/٤٨٨ کەسە کە لە سەدا ٥١ی، لە گونددا دەژین. لە هەمان رێکەوتدا حەشیمەتی کوردەکانی ئیستانبۆڵ ٢/٥ ملیۆن کەس بەراورد کراوە، کەوابوو ئیستانبۆڵ بووە بەگەورەترین شاری کوردنشینی جیهان. لەم چەند ساڵەی دواییدا (بەهۆی کۆچی بەرفراوانی کوردەکان) بەرەو رۆژئاوای وڵات (بەتایبەت لەدوای ساڵی ١٩٩١ەوە) ئێستا شارە تورکنشینەکان وەك ئیزمیر، ئەدەنە و میرسین بوونەتە کوردنشین.

هەندێك لە رێبەرانی تورکیا وەك پرێزیدنت ئۆزال و سەرۆك دمێرل، جەختیان لەسەر ئەوە کردووتەوە کە نیوەی کوردەکانی تورکیا لە بەشی رۆژئاوای وڵات دەژین و لە ماوەی ١٥ ساڵی داهاتوودا، تەنیا ژمارەیەکی کەم لە کوردەکان لەسەر خاکی بێ خێروبەرەکەتی رۆژئاوا دەمێننەوە. ئەم رەوتە لەگەڵ ئارەزووی رێبەرانی تورك بۆ تاواندنەوەی کوردەکان (لەرێگای تێکەڵاوکردنی تورك و کوردەوە) و بەواتایەکی تر چۆڵکردنی کوردستان و لەناوبردنی کێشەی کورد، یەکدەگرێتەوە.

### ئێران

٨ ملیۆن لە حەشیمەتی٥٧ ملیۆنی گشتی ئێران، کوردن، واتا کورد لە سەدا ١٤ی حەشیمەتی ئێران پێکدەهێنن. لە ئێران بەهۆی ئەو شەڕەی کە دەوڵەتی ناوەندی لە گەلاوێژی١٩٧٩ لە دژی بزووتنەوەی خودمختاریخوازی کورد دەستیپێکردووە و هەروەها شەڕی ئێران و عێراق، ناوچە کوردنشینەکان رۆژ لە دوای رۆژ حەشیمەتی خۆیان لەدەستداوە. بەهەرحاڵ، ئێمە زانیاری تەواوو وردمان لەبەردەستدا نییە، بەڵام دەزانین کە دانیشتوانی ناوچە گوندنشینەکان، بەرەو شارە گەورە کوردنشینەکان کۆچدەکەن.

### عێراق

لە عێراق حەشیمەتی کوردەکان ٥/٢ ملیۆن کەسە، واتا کورد لە سەدا ٣٠ حەشیمەتی گشتی وڵات پێکدەهێنن. ٣/٥ ملیۆن کەس لەم ٥/٢ ملیۆنە لە ناوچەی ژێردەسەڵاتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، زۆرتر لە ٥٠٠ هەزار کەس لە بەغداد و ئەوی دی لە ناوچە کوردنشینەکانی ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی بەغداد دا دەژین. لە ئەنجامی کاولکردنی زۆربەی گوندەکان و هەندێك شاری کوردنشیندا لە لایەن رژێمی عێراقەوە پێکهاتەی کۆنی کۆمەڵایەتی لەناوچووە، بەڵام ئێستا گوندنشینەکان لە هەوڵدان بۆ چاککردنەوەی ئەم پێکهاتەیە، سەرلەنوێ

گوندەکان ئاوەدان دەکەنەوە و دیسان دەستدەکەنەوە بە ئاژەڵداری و کشتوکاڵ. شارەکانی هەولێرو سلێمانی زۆرتر لە یەك ملیۆن کەس حەشیمەتیان هەیە، بەڵام پێکهاتەیەکی ئابووریی شیاویان نییە کە بۆ هەموو ئەم حەشیمەتە، کارو پیشە دابینبکات.

**سوریا**

لە سوریا، کوردەکان لە ناوچەکانی جەزیرە و عەینولعەرەب (سەری کانیە بە زمانی کوردی) دەژین. حەشیمەتی کەمینەی کورد لەم ناوچانە - کە لە تەنیشت کوردستانی تورکیادایە ـ ١/٥ ملیۆن کەسە. زێدەباری ئەم ناوچانە، هەندێك کۆچبەری کورد لە دیمەشق و حەلەب دەژین.

**دەرەوەی کوردستان**

کاتێ کە باس لە بابەتی حەشیمەتی کورد لە دەرەوەی کوردستان دەکەین، بەم ئەنجامە دەگەین کە ٥٠٠ هەزار کورد لە یەکێتی سوڤیەتدا دەژین، بەڵام لە دوای هەڵوەشانەوەی یەکێتی سوڤیەت، هەندێك پێکدادانی ئیتنیکی خوێناوی لە قەفقاز روویداوە و ئێمە زانیاریی باوەڕپێکراومان لەم بارەوە لە بەردەستدا نییە. بەڵام دەزانین زۆربەی کوردەکانی ئەرمەنستان، ئەو وڵاتەیان بەجێ هێشتووە و وا دیارە کە کوردەکانی گورجستان و ئازەربایجان-یش بەنیازن وڵاتی باوو باپیرانی خۆیان بەجێ بهێڵن و بەرەو ڕووسیا یان قەزاقستان کۆچبکەن. وادێتە بەرچاو کە تەنیا کوردەکانی قەزاقستان و تورکمەنستان، نەکەوتوونەتە ژێر کاریگەریی شۆڕشی دوای کۆمۆنیزم. دەگوترێت کە تەواوی کوردەکانی قیرقیزستان بەرەو قەزاقستان کۆچیان کردووە.

زێدەباری ئەم کوردە پەخش و بڵاوانەی یەکێتیی سۆڤیەتی جاران، ٧٥٠ هەزار کورد لە رۆژئاوای ئەوروپا ـ کە لە سەدا ٥٥ یان، لە تورکیاوە بۆ ئەوێ کۆچیان کردووە و پەنابەر بوونە و زۆربەیان دانیشتووی فەرەنسا، ئەلمانیا، سویسرا، سوێد، نەمسا، هۆلەندا، دانمارك و بەلژیکان ـ دەژین.

بەهۆی هۆکارە مێژوویی و کولتوورییەکان، کوردەکانی عێراق (هاووڵاتیانی پێشووی ئیمپراتۆری عوسمانی) زۆرتر بەرەو لای وڵاتانی ئانگلۆسکسون راکێشراون و زۆربەی ژمارەی کوردە کۆچبەرەکانی دانیشتووی بریتانیاو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پێکدێنن. لەمە زیاتر، ژمارەیەکی بەرچاوی کورد لە ئەفغانستان، خوراسانی ئێران، لوبنان و ئوردون و ١٠٠هەزار کوردی جولەکەش لە ئیسرائیل هەیە.



ئەمڕۆ حەشیمەتی کوردەکان زۆرتر لە **٣٩** ملیۆن کەسە کە **٢٢** ملیۆن-یان هێشتا لەناو کوردستان خۆیدا دەژین و زۆربەی دانیشتوانی ئەم نیشتمانە پێکدێنن. کەوابوو کورد لە دوای عەرەب و تورك سێیەمین نەتەوەی پڕ حەشیمەتی رۆژئاوای کیشوەری ئاسیان. ئێستا حەشیمەتی دوو لە سێی ئەو وڵاتانەی کە ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانن، لە حەشیمەتی کوردستان کەمترە و کوردیش باش ئاگایان لەم راستییە هەیە.

هەموو ئەو دەوڵەتانەی کە کوردستانیان لەناو خۆیاندا دابەشکردووە، لەسەر یەك بابەت یەکدەگرنەوە، ئەویش ئەوەیە کە کێشەی کورد نە کێشەی کەمینەیە و نە کێشەیەکی بەتەنیا مافی مرۆییە، بەپێچەوانەی ئەوەی کە لە جیهانی رۆژئاوادا هەندێك کەس وەك بەڵگە دەیخەنە ڕوو بۆ ئەوەی کێشەکە لە خۆیان دوور بخەنەوە. کورد وەکو نەتەوەیەکی هەقدار سەیری خۆیان دەکەن، بەڵام نەتەوەیەك کە پارچە پارچە کراوە، نەتەوەیەك کە دەوڵەتی نییە و خوازیاری پێکهێنانی دەوڵەتێکی نەتەوەیی بەشێوازی فیدراڵی یان سەربەخۆیە.

## ناسنامەی کورد و دابەشبوونی کوردستان

خەڵکی کورد هەر لە کۆنەوە هەستیان بە کوردایەتی کردووە و زانیویانە کە ناسنامەیەکی جیاوازیان هەیە. من نامەوێت وەکو هەندێك لە مێژوونووسانی ناسیۆنالیست باسی لێدەکەن، بڵێم کە باوباپیرانی کورد (مادەکان) لە سەدەی BCE [1] ناسنامەیەکی کوردییان بووە، بەڵام ئەوەی کە سەرنجڕاکێشە ئەوەیە کە ساڵی ١١٥٠ی زایینی، سوڵتان سەنجەری سەلجوقی بەڕادەیەك ئاگای لەم کەسایەتییە جیاوازەی خەڵکی کورد بوو کە پارێزگایەکی بەناوی "کوردستان" (ناوەندەکەی شاری بەهار بوو) لە نزیك شاری ئیکباتانی کۆن (هەمەدانی ئێستا کە پایتەختی دەوڵەتی ماد بوو) دروستکرد. ئەم پارێزگایە بریتی بوو لە ویلایەتەکانی سەنجر، شارەزوور، دینەوەرو کرماشان (واتە بەشی سەرەکیی باشووری کوردستان کە ئێستا لە عێراق و ئێراندایە). هەروەها لە سەدەی ١٢ی زایینی کاتێ، موفتی گەورەی ئورشەلیم سوپاس و پێزانینی جیهانی ئیسلامی، پێشکەشی کوردەکان کرد کە هەرەسیان بە خاچپەرستان هێناو نیشتمانە پیرۆزەکانیان رزگار کرد، سەلاحەددینی ئەیووبی لە وەڵامدا وتی: ئێمە کورد نین، بەڵکو خزمەتکاری ئیسلامین.

بە وتەی لیونس و جەکسون (Jachson ،Lyons)، سەلاحەددین هەوڵی دەدا لە شەڕی پیرۆز بۆ یەکخستنی جیهانی ئیسلام (لەبن ڕێبەرایەتی خۆیدا) و بۆ پێکهێنانی ئیمپراتورییەکی

گەورە (لەژێر دەسەڵاتداری خانەدانی خۆیدا) کەڵك وەربگریت. لەوکاتەدا، لە ئەورووپا هەندێك ماڵباتی دیکە لە ئاییینی کاتۆلیك بۆ پێکهێنانی ئیمپراتوریەکی جیهانی کەڵکیان وەردەگرت و ماوەیەك لە دوای ئەوەش ڕووسەکان دەیانهەویست بەناوی کۆمۆنیزم ئەم ئیمپراتۆریە پێکبێنن.

لە ماوەی سەدەی ١٦ی زایینیدا، واتە کاتێ کە کوردستان لە گێرەوکێشەی دابەشبوونی فیودال (دەرەبەگ)یدا بوو، شاعیری گەورەی جیهانی تەسەوف، مەلای جزیری کە لە دیوەخانی میری بۆتاندا دەژیا، ئاوا باسی خۆی دەکرد:

ئەز گولا سوورا عەدەنا بۆتانم
ئەز مەشعەلا دلاوەرێن کوردستانم

لە ساڵی ١٥٩٦ی زایینی، شەرەفخانی بەدلیسی (کە هاوسەردەمی مەلای جزیری بووە) کتێبە مێژوویییەکەی خۆی بەناوی شەرەفنامە (مێژووی گشتی کورد) نووسی [٢]. پاش سەدەی ١٦ی زایینی، شاعیری کلاسیکی کورد، ئەحمەدی خانی لە دیوانی "مەمو زین"دا وتی:

ئەز مامە د حکمەتا خودێ دە
کورمانج د دەولەتا دنێدە
ئایا بە چ وەجهی مانە مەحرووم
بێلجوملە ژ بۆ چ بوونە مەحکووم
بفکر ژ عەرەب هەتا ڤەگورجان
کورمانجیە بویە شوبهی بورجان
ئەڤ رۆم و عەجەم ب وان حسارن
کورمانج هەمی ل چار کنارن
هەردوو تەرەفان قەبیلی کورمانج
بۆ تیری قەزا کرنە ئارمانج [٣]

ئەم چەند دێڕە کە یەك سەدە پێش لە شۆڕشی مەزنی فەرەنسا (کە وێنای بیرۆکەی دەوڵەت- نەتەوەیە) نووسراوە، هەتا سەرەتای سەدەی ١٩ ـ واتا ئەو کاتەی کە ئیمپراتۆری عوسمانی، خودموختاری لەمێژینەی کوردەکان و سەرجەم ئیمتیازات و بەرژەوەندییەکانی کوردە میرنشینەکانی لەناوبرد ـ هیچ دەنگدانەوەیەکی لە ناو میرە کوردەکاندا پەیدا نەکرد. میرە کوردەکان دواتر دەستیان دا بە زەنجیرەیەك ڕاپەڕین و شەڕ بە ئامانجی پێکهێنانی کوردستانێکی سەربەخۆ. بەڵام هەماهەنگ نەبوون، جیهانی دەرەوە پشتیوانی لێ نەکردن و



بەهۆی پارچە پارچەبوونی کۆمەڵگای کورد و ئەو ململانێی و ناکۆکییانەی کە دەرئەنجامی دابەشبوونە فیوداڵییەکان بوو، هەوڵەکانیان هەرەسی هێنا. بەهەرحاڵ ئەم هەوڵانە لانی کەم بۆ وشیارکردنەوەی بیروڕای گشتیی و زلهێزەکانی ئەو کاتەی جیهان (سەبارەت بەرەوابوونی ئامانجی کورد لە پێناو دامەزراندنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی) سوودمەند بوو.

لەوانەیە بەم هۆیەوە بووبێ کە لە ساڵی ١٩١٨ی زایینی، وودرۆ ویلسۆن ( Woodrow Wilson) سەرۆك کۆماری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا (کە جاڕنامە بەناوبانگە ١٤ خاڵیەکەی خۆی پێشکەشی کۆنگرێسی ئەمریکا کرد) بیری لە دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ لەسەر وێرانەکانی ئیمپراتۆری عوسمانی دەکردەوە. پەیماننامەی نێونەتەوەیی "سیڤەر" کە لە گەلاوێژی ١٩٢٠دا ئیمزا کرا، ڕەوابوونی داخوازییەکانی ژنراڵ شەریف پاشای کوردی بە فەرمی قەبووڵکرد، بەڵام بۆ ئەم دەوڵەتە کوردییە قەت دانەمەزرا؟ وەڵامی ئەم پرسیارە پڕ ئێش و ژانە سادە نییە، هەرچەند کە بەرپرسییارێتیی سەرەکی ئەم مەسەلەیە، لە ئەستۆی زلهێزکانی کۆلۆنیالیزمی ئەو کاتە، واتە بریتانیاو فەرانسا بوو کە نەخشەی ناوچەیان بە گوێرەی بەرژەوەندیی خۆیان و بێ ڕەچاوکردنی خواست و ئامانجی خەڵکی ناوچەکە، داڕێژارا. یەکێکی تر لە هۆیەکانی ئەم هەرەسهێنانە ئەوە بوو کە پێکهاتەی کولتووریی کۆمەڵگای کورد لەو سەردەمەدا بەهۆی ململانێیە خوێناوییەکانی نێوان گەورە کوردەکان، پارچە پارچە ببوو. ڕابەرانی کورد نەیاندەتوانی بەسەر ناکۆکییە مێژووییەکاندا زاڵببن و پاش ئەوەش، گەلێ لە کوردان باوەڕیان بە بەڵێن و گفتەکانی ژنراڵی تورك، مستەفا کەماڵ دەربارەی پێکهێنانی دەوڵەتێکی موسڵمانی کورد و تورك کردبوو، بۆیە بڕیاریان دا هەموو هێزی خۆیان لەم ڕێگەدا بخەنەگەڕ. بەڵام کاتێ کە ئەم دەوڵەتە دروستبوو و لە پەیماننامەی لۆزان دا -کە لە پووشپەڕی١٩٢٣ دا بەسترا- بەفەرمی ناسرا، مستەفا کەماڵ کوتوپڕ ئەو بەڵێنانەی کە لە بارەی خودموختاری کوردستانەوە دابیوو، خستە ژێر پێ و مەجلیسی نەتەوەیی کە ٧٥ نوێنەری کوردی تێدا بوو، هەڵوەشاندەوە. مستەفا کەماڵ تەنانەت قوتابخانە کوردییەکانی داخست و هەموو دیاردە کولتوورییەکانی کوردیشی قەدەخەکرد.

کوردەکانی عێراق لەم مەسەلەیە ئەزموونێکی باشتریان وەرگرت و کاتێ کە ڕێکخراوی کۆمەڵەی گەلان لە مانگی ڕێبەندانی ١٩٢٥دا پرسی بە خەڵك کرد، ٧ لە ٨ی خەڵك دەنگیان بە دەوڵەتێکی سەربەخۆدا و گەڕانەوەی دەسەڵاتداری تورکیا، یان لکان بە عێراق-یان لێبڕاوانە ڕەتکردەوە. بەهەرحاڵ ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان، حیسابی بۆ ئەم ڕاپرسییە نەکرد و لە ١٦

بەفرانباری١٩٢٥دا، لەسەر داواكاری ئیمپراتۆری بریتانیا ـ كە سەرپەرشتی عێراقی گرتبووە ئەستۆی خۆی ـ بڕیاریدا خاكی كوردستان لەگەڵ خەزینە نەوتییەكانییەوە، بلكێنێ بە عێراقەوە. لەبەرامبەر قبوولكردنی ئەم بەرنامە نادادپەروەرانەی بریتانیا، فەرەنساو ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا ٢٣,٧٥٪ی داهاتی كۆمپانیای نەوتی توركیا (كە پاشان بوو بە كۆمپانیایی نەوتی عێراق)یان بەدەستهێنا و بوون بە كارگێڕی هەموو سەرچاوە نەوتییەكانی كوردستان.

زێدەباری ئەمەش فەرەنسا بەپێی ڕێككەوتننامەی ١٢ی خەزەڵوری١٩٣١ی فەرەنسا و توركیا، پارێزگا كوردنشینەكانی جزیرەو كورداغی لكاند بە سوریاوە. لەم كاتەدا دەوڵەتی ئێرانیش بەسەر بزووتنەوەی سەربەخۆخوازی سمكۆدا زاڵببوو.

## ئەو هۆكارانەی كە نەیانهێشت كورد یەكبگرن

هەتا كۆتایی ساڵی ١٩٢٥، كوردەكان پارچە پارچەبوون و دابەشبوونی كوردستان لە نێوان دەوڵەتە جۆراوجۆرەكانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تەواو بوو و بوار بۆ داهاتووی پڕ لە ژان و ئێشی خەڵكی كورد خۆشكرا. هەربۆیە هەندێ كەس، كورد وەك قوربانیی مێژوو وەسفدەكەن. ئەم بابەتە مرۆڤ تووشی سەرسوڕمان دەكا كە ئایا بارودۆخی جوگرافیایی خاكی كوردستان بوو كە چارەنووسی كوردی دیاری كرد یان مێژوو؟

كوردستان وڵاتێكی بەرزی شاخاوییە كە بەهۆی ژمارەی زۆری دۆڵەكانەوە بڵاو بووە و لە چوارڕێیانێكدا هەڵكەوتووە كە ئاسیا گرێدەدات بەئەورووپاوە و جولگەكانی رووسیا گرێ دەدات بە ڕۆژهەڵاتی عەرەبییەوە. هەڵبەتە ئەم ڕێگایانە بازرگانی بوون، بەڵام زەنجیرەیەك داگیركاریی مەزنیان بە درێژایی سەدەكان ئاسانكرد. ئەم داگیركارییانە ڕەوتە كۆمەڵایەتی و سیاسییە نێوخۆییەكانی كوردستانیان لەناوبرد كە دەیانتوانی ببن بە ئەنجامی دروستبوونی كیانێكی سیاسی یەكگرتووی كوردی. ئەم مەسەلەیە پێدەچێت بە وەسفكردنی هەندێك قۆناخی پێناسەهەڵگری مێژووی كوردستان روونتر ببێتەوە.

لە نیوەی دووەمی سەدەی ١٠ دا، كوردستان لە نێوان سێ میرنشیندا دابەش بوو: ١ـ میرنشینی شەددادییەكان كە پایتەختیان گەنجە بوو (١١٧٤ ـ١١٩٥) ٢ـ میرنشینی حەسەن وەحیدییەكان لە باشوور (١١٩٥ ـ ١٠١٥) و ٣ ـ میرنشینی مەروانییەكان كە پایتەختیان دیاربەكر بوو (١٠٩٦ ـ١١٩٢).



پێدەچێت یەكێك لەم میرنشینانە بەدرێژایی ساڵان دەسەڵاتداری خۆی بەسەر میرنشینەكانی تردا سەپاندبێت و دەوڵەتێكی دامەزراندبێت كە بەسەر هەموو خاكی كوردستاندا (لە ڕەوتێكی وەك ڕەوتی یەكگرتنی فەرەنسا) حوكمڕانی كردبێت. بەهەرحاڵ داگیركارییەكانی خێڵە تورك زمانەكان و تاختوتاز لە ناو جولگەكانی ئاسیای ناوەڕاست، ڕێگای لە هەر چەشنە تەكاموڵی سروشتیی كوردستان گرت. ماوەیەكی كورت پاش سەدەی ١٢ ماڵباتی سوڵتان سەلاحەددینی كورد توانی یارمەتی بە پەرەسەندنی ئیمپراتۆریەكی موسڵمان لە ژێر دەسەڵاتی كوردەكاندا (تارادەیەك وەك ئیمپراتۆری عوسمانی ژێر دەسەڵاتی كوردەكان) بدات. بەڵام داگیركردنی ناوچە لە لایەن مەغۆلەكان لە سەدەی ١٣ پێكهاتەی سیاسیی ناوچەكەی بە تەواوی هەڵوەشاندەوە. پاشان لە ساڵی ١٥١٥دا میرە كوردەكان پەیمانێكیان لەگەڵ سوڵتان سەلیمی یەكەمی عوسمانی ئیمزا كرد كە خودموختاری كوردستانی لەبەرامبەر یەكێتیی سەربازی لە دژی ئیمپراتۆریی شیعەی ئێران بە فەرمی قبووڵدەكرد. ئەم ڕێكەوتننامەی تورك و كوردە، سەردەمێكی ئاشتی لە كوردستان پێكهێنا كە سێ سەدە درێژەی خایاند. لەم سەردەمەدا هەرچەند كە كوردستان بە ١٧ میرنشین و ژمارەیەكی زۆر قەڵەمڕەوی فیودالیی میراتگری دابەش ببوو، بەڵام كوردەكان هێشتا سەربەخۆ بوون، لەبەرئەوەی كە خۆیان كاروباری خۆیان بەڕێوەدەبردو توانییان شارستانێتی خۆیان پەرە پێ بدەن و كولتووری نەتەوەیی و دەوڵەمەندی خۆیان بە زمانی خۆیان دەربڕن.

نابێ ئەمەش لەبیر بكەین كە لە هەمان سەردەمی مێژووییدا، ئەڵمانیا ٣٥٠ دەوڵەتی خودموختای دەگرتە ناوخۆ و ئیتالیاش بە چەند پارچەی زۆرتر لە پارچەكانی كوردستان دابەش ببوو. لە سەرەتای سەدەی ١٩، واتە ئەو كاتەی كە بیرۆكەی دەوڵەت ـ نەتەوە و نەتەوەپەرستی (كە بەرهەمی شۆڕشی فەرەنسا بوو) بۆ ناو ئیمپراتۆری لە مێژینەی عوسمانی دزەی دەكرد ـ میرە كوردەكان وەك هاوتا ئەڵمانییەكانی خۆیان، هەوڵیاندەدا كوردستانێكی سەربەخۆ دابمەزرێنن. بەڵام ئەوەی كە سەرنجڕاكێشە ئەوەیە كە دەوڵەتی عوسمانی نەیدەتوانی بێ پشتیوانی بریتانیاو ئاڵمان، دوو لە بەهێزترین بزووتنەوە سەربەخۆخوازەكانی كوردستان ـ بزووتنەوەی میرمحەمەدی ڕەواندز (١٨٣٩) و میر بەدرخان، پاشای بۆتان (١٨٤٧)- تێكبشكێنێ.

پاش نیوەی دووەمی سەدەی ١٩ ئەم شێوە دەستێوەردانانەی زلهێزە بیانییەكان بوو بەتوخمێكی هەمیشەیی مێژووی كوردستان و تەنانەت ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش زۆرتر باو بوو. پێشتر ئاماژەمان بە دەوری زلهێزەكان لە دابەشكردنی كوردستان و بەقوربانیكردنی نەتەوەی كورد كرد. لێرە دەبێت ئەوەش زیاد بكەین كە ئەم دەستێوەردانە بیانیانە و هەموو چەشنە

یارمەتیدانی ئەم زلهێزانە بە رژێمە دژی دێموکراتیك و سەرکوتکەرەکان هیچ کاتێك رانەوەستا. تورکیای ئەتاتورك بە راشکاوی یارمەتی لە سۆڤیەت و تا رادەیەك لە فەرەنسا بۆ سەرکوتکردنی راپەڕینی شێخ سەعید لە ساڵی ١٩٢٥، راپەڕینی ئارارات لە ساڵەکانی ١٩٢٧ ـ ١٩٣٠ و راپەڕینی درسیم لە ساڵەکانی ١٩٣٦ ـ ١٩٣٩ وەردەگرت. تورکیا ئەم راپەڕینانەی وەك دژەکردەوەیەکی تەنهاو تەنها فیودالی و ئایینی لە بەرامبەر رێژێمی کۆماریخوازی مودێرنی تورکیا، بە هاندانی ئینگلیز پیشاندەدا. ئەم ئیستیدلالانە نیو سەدە دواتریش لە دەمی سەدام حوسێنەوە دەبیسترا.

لە ساڵەکانی دەیەی ١٩٥٠ بەم لاوە، دەوڵەتی تورك هەموو چەشنە یارمەتییەکی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وەرگرتووە. بەم پێیە تورکیا بووە بە یەکێك لە گرنگترین ژاندارمە سیاسییەکانی ئەمریکا. تەنانەت شەڕی ساردیش کۆتایی بەم یارمەتییانە نەهێنا و نەبوو بەهۆیەك بۆ ئەوەی سەرنجی ئەمریکا بەرەو لای کارنامەی مافی مرۆڤ لە تورکیاو ئازادییە بنەڕەتییەکانی کورد لەو وڵاتە رابکێشێت. هەروەها دەوڵەتی ئەمریکا هەتا دوایی لە سیستەمی پاشایەتیی ئێران کە ئەهلی دیموکراسی و پێکەوەهەڵکردن نەبوو و بەلەناوبردنی هەموو شێوازە دێموکراتییەکان و تەفروتوناکردنی نەیارانی خۆی، رێگای بۆ بە دەسەڵات گەیشتنی رژێمی ئایەتوڵڵاکان خۆشکرد ـ پشتیوانی دەکرد.

سەبارەت بە عێراق چ شتێکی تر دەتوانین بڵێین؟

روونە کە لەو بارودۆخەدا و بە هەمان هۆوە هەموو زلهێزەکانی رۆژئاواو رۆژهەڵات یارمەتی دیکتاتور سەدام حوسێنیان دەدا بۆ بەرهەمهێنانی ئەمبارێکی گەورەی چەك و تەقەمەنی. رژێمی عێراق تەنیا بە یارمەتی ئەم چەکانە بوو کە توانی بزووتنەوەی خۆڕاگری کورد هەتا ساڵی ١٩٧٥ بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆی. هەموو دەزانین کە هەموو ئەم چەکانە بە پارەی نەوتی کوردستان دەهاتە کڕین و هەمووشیان، لەوانە ناپاڵم و چەکی کیمیایی و میکرۆبی لە هەنگاوی یەکەمدا دژی خەڵکی کورد بەکاردەهێنرا.

لەم بەشەدا پێویست بە ئاماژەکردن ناکات کە هەمووی جیهان یەکی گرتووە بۆ ئەوەی رێگا لەوە بگرێ، خەڵکی کورد بگات بە ئازادی و بەهەرحاڵ دەبێ لە بیرمان نەچێت کە لە سەدەی ٢٠ واتا کاتێ کە بریتانیای مەزن، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو فەرەنسا بڕیاری دابەشکردنی کوردستانیان دا، بێ دادییەکی یەکجار زۆر دەرهەق خەڵکی کورد کرا، بە تایبەت کاتێك کە هەلومەرجی دژوارو پڕ لە زۆر و زەحمەت و بەئاکام نەگەیشتنەکانی خەڵکی کورد لە ماوەی ٧٠



ساڵی رابردوودا بهێنینەوە بیری خۆمان. ئەم دەوڵەتانە بەگوێرەی بەرژەوەندیی لەشکری یان بازرگانیی خۆیان، یارمەتی دەوڵەتە سەرکوتکەرەکانیان دەدا و چەك و پارەیان پێ دەدان.

نەتەوەی کورد لەو کاتەوە کە خاکەکەی دابەشکراوە تا ئێستا، تا ئەو جێگایەی کە پێی کراوە، هەوڵیداوە مافی خۆی لە چوارچێوەی دەوڵەتەکانی ئارادا بەدەست بێنێت. بەڵام لە هەموو ئەم دەوڵەتانەدا ناسیۆنالیزمی گرووپی دەسەڵاتدار بووە بە ئایدیۆلۆژی فەرمی و دامەزراندنی دەوڵەت ـ نەتەوەیەکی دەسەڵاتخواز و پاوانخوازی لێکەوتوەتەوە کە دەستی داوە بەلەناوبردنی فیزیکی یان چاند (کولتوور)ی کۆمەڵگاکانی دیکە، بەتایبەت کۆمەڵگای کورد. کوردەکان میراتگری مێژوو و چاندیکی کۆنن و قبوڵناکەن لەنێو تورك و فارس و عەرەبەکاندا بتاوێنەوە. هیچکام لەم دەوڵەتانە دێموکرات نین، ئەهلی سازش و پێکەوەهەڵکردن نین و ئازادیی را دەربڕین و پاراستنی کەمینەکانیان تێدا نییە. ئەم دەوڵەتانە یاسای بوونەوەری بەهێزتر بەڕێوە دەبەن کە تەنیا لە رێگای هێزی وەحشەت و تۆقاندن و سەرکوت بەسەر خەڵکدا دادەسەپێنرێت. لە ئەنجامدا بوونەوەری لاواز، واتا کوردەکان، هەوڵدەدەن بەهەر تواناو ئیمکانێکی لەبەردەستیاندایە، خۆ رابگرن و لەبەرئەوەی رێیان پێنادرێت بە شێوازگەلی یاسایی و دێموکراتیك خەبات بکەن، دەست بۆ چەك دەبەن. ئەمانە توخمە سەرەکییەکانی تراژدییای کوردن لە سەدەی ٢٠ دا. ئەم خەباتە، خەباتێکی هەتاهەتایی و بێ کۆتاییە کە لە هەلومەرجێکی دژوار و لەنێو چوارچێوەیەکی جوغرافیایی نالەباردا بەڕێوەدەچێت. هیوای سەرکەوتنی کوردان لەم شەڕەدا زۆر کەمە.

ئێرە جێگای پێرستکردنی هەموو شەڕو شۆڕو راپەڕینەکانی کورد و شیکردنەوەی وردەکارییەکانی نییە، بەڵام بەهەرحاڵ پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە ئەم شەڕو راپەڕینانە سەرەڕای ئەو هەموو وێرانی وکۆمەڵکوژییانەی کە پێکیان هێناوە، توانیان لە رێگای هەڵگیرساندنی ئارمانجی خۆراگری، هۆشیارییە نەتەوەییەکانی کورد شکڵ پێبدەن و پێوەندی کورد لەگەڵ ناسنامەی خۆی بەهێز بکەن. نەهامەتی و تراژیدیای خەڵکی کورد، هوشیارییە نەتەوەییەکانی ـ کە پێشتر تەنیا لەنێو کەسایەتییە بژاردەکاندا پەیدا دەبوو- بەهێز کرد. هیچ نەبێت دووجارـ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٤٦کە کۆماری مهاباد لە کوردستانی ئێران دامەزراو دووەمجار لە ١١ی خاکەلێوەی ١٩٧٠ کە رێکەوتننامەیەك لە نێوان کوردو دەوڵەتی عێراقدا ئیمزا کرا ـ هەست بەوە کرا کە خەباتی کورد گەیشتووەتە ئەنجامێکی سەرکەوتوو. بەڵام بەرژەوەندیی سیاسی، جوغرافیایی و لێپێچانەوە بێ بەزەییەکانی زلهێزان، جارێکی تر سەری

هەڵداو کورد جارێکی تر بوو بە قوربانیی بەرژەوەندیی نەتەوەکانی تر. ئەم بەقوربانیبوونە ئەوندە چووە پێش کە شۆڕشگێڕی جەنگاوەرو ڕێبەری لە مێژینە، مەلا مستەفا بارزانی (کە کەسایەتی سەرەکیی مێژووی سەدەی ٢١ ی کوردستانە) ناچار بوو پاش ڕێککەوتننامەی ئێران و عێراق لە خاکەلێوەی ١٩٧٥ کوردستان بەجێ بهێڵێ و کاتی ئەوە هاتبوو کە شیعرەکانی شاعیری خۆشەویستی کورد، ئەحمەدی خانی، سەبارەت بە ڕەوشی دژواری کورد و ئەو بەڵاو نەهامەتییانەی کە کوردی ماندوو شەکەت کردبوو، بێن بەڕاست.

بەهەرحاڵ پاش ساڵی ١٩٧٧ نەوەی نوێی کورد لەبەرامبەر بەرنامەی سەدام حوسێن لە پێناو دەرکردن و دوورخستنەوەی کوردەکان دەستیانکرد بە شەڕێکی پارتیزانی. شەڕی ئێران و عێراق کە لە ڕەزبەری١٩٨٠دا لەلایەن دەوڵەتی عێراقەوە دەستپێکرد، کوردستانی خستە ناو هەردوو لایەنی گۆڕەپانی شەڕەکەو بوو بەهۆی بۆمباران، کاولکردن و دەرکردن و دوورخستنەوەی خەڵکی کورد. سەدام حوسێن دڵنیا لەوەی کە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا لە بڵاوبوونەوەی شۆڕشی ئیسلامی ئایەتوڵڵا خومەینی دەترسن و پشتیوانی لە ئەو (سەدام) دەکەن، دەرفەتی بۆ ڕەخساو هەوڵیدا کێشەی کورد بۆ هەمیشە لەناوبەرێت. زۆرتر لە ٤٥٠٠ گوندو ژمارەیەکی زۆر شار خاپور کران، یەك ملیۆن و نیو کوردی گوندەکی لە ناو کەمپی ئاوارەکاندا نیشتەجێ کران و نزیکەی ١٨٢ هەزار مرۆڤی مەدەنی بێ سەروشوێن کران. ئەگەر سەدام حوسێن ئەو هەڵە مەزنەی سەبارەت بە کوێت نەکردبایە (کە کاردانەوەی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی لێکەوتەوە) ئەگەری ئەوە هەبوو کە کێشەی کورد لە عێراق بۆ ماوەیەك لەناوبچێت.

لە تورکیا ئەو سەرکوتە بەرفراوانەی پاش کودیتای سەربازی١٩٨٠ بوو بە هۆی ئەوە کە PKK لە گەلاوێژی ١٩٨٠وە دەستبکات بە خەباتی چەکداری. شەڕی پارتیزانی لە سەرەتادا بوو بەهۆی زۆرتر بوون و سیستماتیکتربوونی سەرکوت و داپڵۆسین، تەنانەت بە مەبەستی بە کوردیکردنی شەڕەکە، دەوڵەت هێزێکی چەکداری ٣٦ هەزار کەسی لە نێوان گوندییەکاندا پێکهێنا و پارە و چەکی دانێ. هەروەها دەوڵەت نزیکەی ٩٠ هەزار هێزی یارمەتیدەری نهێنی بەکارهێنا و پارەی دانێ، تا کردەوەی پیس جێبەجێ بکەن. شەڕ گۆڕانکاری زۆری لەناو کۆمەڵگای نەریتیی کورددا پێکهێنا: هەندێك کەسی پاڵپێوەنا بچنە ریزی چەکدارەکانی PKK وە، هەندێکی تری پاڵپێوەنا بچنە ریزی سوپای تورکیا و زۆرترین ژمارەی پاڵپێوەنا تا کۆچبکەن. لە ماوەی ١٨ ساڵدا زۆرتر لە پێنج ملیۆن کورد ناچار کران کوردستان بەجێ بهێڵن، ئەمە لە حاڵێکدا بوو کە زۆرتربوونی سەرکوت لە ساڵی ١٩٩٢، بزووتنەوەی کوردی زەقتر کردەوە.



سوپای تورکیا زۆرتر لە ٤٠٠٠ گوندی کوردی بە زۆر چۆڵکرد و لە ڕێگای کوشتن و بڕینی شاراوە و سەرەڕۆییانەوە، گەلێ لە دانیشتوانی شارەکانی ناچارکرد ماڵ و حاڵی خۆیان بەجێ بهێڵن. بەهەرحاڵ ئەگەر ئەم توندوتیژییە تێکچڕژاو و دۆزەخیە هەروا بەردەوام بێ، لە ماوەی چەند ساڵی داهاتوودا کوردستانی تورکیا بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش حەشیمەتی خۆی لە دەست دەدا.

کەوابوو دەوڵەتی تورکیا بەم شێوازە بەناو دێموکراتیانە دەتوانێت بگات بەو مەبەستەی کە سەدام حوسێن هەوڵیدەدا بەزەبروزەنگ و دوورخستنەوە و کردەوە هوڤییەکانی دیکەی خۆی پێ بگات. زێدەباری ئەوەی کە دەوڵەتی تورکیا ئۆپەراسیۆنی چەکداری کردووە بە ئامرازی دەست، زۆرتر لە شەش هەزار کەس لە ماوەی هەشت ساڵدا گیانیان لە دەستداوە. ئەمەیە ئەو پێشکەوتنە بنەڕەتییەیە لە ژیانی کوردەکانی تورکیا کە دەوڵەتی تورکیا بانگەشەی بۆ دەکات. ئەم بابەتە پێویستی بە باس و لێکۆڵینەوەی زۆرتر هەیە.

## داهاتوو

لە ماوەی ٧٠ ساڵی ڕابردوودا، پەرانپەری گوندی دەوری سەرەکی لە پاراستنی ناسنامە، زمان و کولتووری کورد لە تورکیادا بینیوە. ئایا لە ناوچوونی ئەم پەرانپەرە، کولتووری کورد تووشی بڵاو بوون یان تەنانەت لە ناوچوون دەکات؟ داهاتووی کورد لە تورکیا نادیارە، تەنانەت ئەگەر زۆرتربوونی حەشیمەتی کوردان، هانمان بدات تا بیر لەوە بکەینەوە کە دەسەڵاتدارانی تورك بە ناچارکردنی کوردەکان بۆ کۆچکردن بەرەو ڕۆژئاوای وڵات، هیچ کاریگەریان جگە لە گۆڕینی ڕێچکەی کێشەکە نەکردووە. دەسەڵاتدارانی تورك زێدەباری ئەوەی کە ناچارن لەسەر یەکێ لە کێشە تایبەتەکانی پارێزگا کوردنشینەکان باس و گفتوگۆ بکەن، بەم زووانە لەگەڵ دوو کێشەی تریش ڕووبەڕوو دەبنەوە: یەکەم کێشەی خودی کوردستان کە هەر کوردنشین دەمێنێتەوە، تەنانەت ئەگەر ئەوەندەیش چۆڵکرابێت. دووهەم کێشەی کەمینەی مەزنی کوردە لە بەشی ڕۆژئاوای وڵات کە سیاسیتر، چالاکتر و پڕجموجۆڵتر بووە.

لە ئێران، وەها دیارە کە کورد لە داهاتوودا شانسێکی زۆری بۆ پێشکەوتن نییە. ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران بە نرخی سەرکوتێکی زۆر سەخت، توانیویەتی زۆربەی هێزە نەیارەکان تێکببات، بەڵام بەهەرحاڵ بزووتنەوەی خۆڕاگری کورد کە لە گەلاوێژی ١٩٧٩وە دەستی پێکردەوە، سەرەڕای تیرۆری یەك لە دوای یەکی ڕێبەرەکانی (تیرۆری دکتۆر عەبدولڕەحمانی قاسملو لە پووشپەڕی ١٩٨٩ لە ڤییەنا و دکتۆر سادقی شەرەفکەندی لە خەرمانانی١٩٩٢ لە

بەرلین) هێشتا زۆر زیندووە. لە بواری سەربازیدا کوردستانی ئێران لەژێر کۆنترۆڵی سەختی دەوڵەت دایە و ئەمە بابەتێکە کە بیانییەکان پەسەندی ناکەن. کوردەکانی ئێران بەگشتی وەك دوژمنانی شۆڕشی ئیسلامی سەیر دەکرێن و بە هۆی ئەوەی کە دەوڵەت ڕێگا لە هاتنی بیانییەکان بۆ ناوچەکە دەگرێت، لەناو میدیاکاندا زۆر کەم باسی کوردەکانی ئێران کە ئەمڕۆ بارودۆخیان زۆر خراپتر لە سەردەمی شا بووە، دەکرێت. هەڵوەشانی یەکیەتیی سۆڤیەت و سەرهەڵدانی ئازەربایجان و تورکمەنستانێکی سەربەخۆ، دەتوانێ کاریگەرییەکی باشی لەسەر سەقامگیری ئێران ـ کە دواین ئیمپراتۆری ناوچەیە ـ هەبێت. ئەگەر ئازەرییەکانی ئێران داوای سەربەخۆیی بکەن، ڕەنگە هەلیش بۆ کوردان بڕەخسێت تا سەربەخۆیی خۆیان بەدەست بێنن. ئەم مەسەلەیە زۆرتر بەهۆی ئەوەیە کە سەرکوت لە ئێران بە دەستی سەربازە زۆرتر ئازەرییەکاندا بەڕێوەدەچێت.

لە عێراق ئاکامەکانی شەڕی کەنداو روونن. ڕاپەڕینە گشتییەکانی دوای شەڕ، سەرکەوتنێکی کورتخایەنی بە دواوە بوو، بەڵام ئەم سەرکەوتنە پاش ماوەیەك بە دەستی هلیکۆپتەرو تۆپەکانی گاردی عێراق، لەبەرچاوی بێ دەنگیی هێزە هاوپەیمانەکانی حازر لە جێگا، لەناوچوو. ئاوارەبوونی بەفراوانی کوردە مەدەنییەکان بەرەو تورکیا و ئێران و گوشاری بەهێزی بیروڕای گشتیی خەڵکی ڕۆژئاوا، هێزە هاوپەیمانەکانی ناچارکرد دەست بە ئۆپەراسیۆنێکی دابینکردنی ئارامی و ئاسایش بکەن و ناوچەیەکی ئارام لە باکووری هێڵی ٣٦ پێکبێنن. ئەم ناوچەیە کە تا ساڵی ١٩٩٣ بەدەستی کوردەکان خۆیانەوە پەرەی سەندو ئێستا نزیکەی لە سەدا ٦٥ی خاکی کوردستانی عێراقی گرتووەتە ناوخۆ، دەوڵەتی کوردی بەرەو یەکگرتنی نەتەوەیی هانداو هەڵبژاردنی یەکەم پارلەمان لە مێژووی کوردستان لە مانگی خاکەلێوەی ١٩٩٢(*) بە بەشداری گشتیی خەڵك بەڕێوە چوو.

کوردەکانی عێراق بەهەق شانازی بە دامودەزگا دیموکراتییەکانی خۆیانەوە دەکەن. ئەم ناوچەیە کە هەوڵدەدا خۆی لە ئاسەوارەکانی ٣٠ ساڵ شەڕ رزگار بکات، لە بواری کولتوورییەوە پێشکەوتنێکی یەکجار زۆری بەخۆیەوە بینیوە و چوار کەناڵی تەلەفیزیۆن و ٤٢ ڕۆژنامە و گۆڤار بە زمانی کوردی و بە ئازادیی تەواو، بیروڕای خۆیان دەردەبڕن و شێوەکاران و مۆسیقاژەنان، نووسەران و هونەرمەندان دەورێکی چالاك و باش لە پێکهێنان و بە ڕێکخستن

(*) لەڕاستیدا، هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە ١٩ی ئایاری ١٩٩٢دا بەڕێوەچوو (دەزگای موکریانی).



کردنی کیانێکی نەتەوەیی خودموختار دەبینن کە بە تەواوی ئەزموونێکی نوێیە. بەداخەوە داهاتووی ئەم ئەزموونە پربایەخە ـ کە هیوایەکی زۆری لەناو خەڵکدا دروستکردووە، پەیوەستە بە گەمەی هێزە ناوچەیی و جیهانییەکان. ڕێبەرانی کوردی عێراق، بەهیوای دەربازکردنی بەدبەختی و نەهامەتییەکان و نیگەرانی لە ئەو تۆمەتانەی کە سەبارەت بەلەناوبردنی سەقامگیریی ناوچەکە، دەخرێتە پاڵیان، سنوورە هەنووکەییەکان نابەنە ژێر پرسیارو هەموو هەوڵی خۆیان دەخەنەگەڕ بۆ ئەوەی دەوڵەتی عێراق ڕازی بکەن تا پرۆژەی فدرالیزم بۆ وڵات قبووڵبکات. کوردەکانی عێراق ئاسایشی سنوورەکانی هاوبەشی خۆیان و تورکیایان لە ڕێگای دەرکردنی چەکدارەکانی PKK وە، دابینکردووە.

چارەنووسی کوردەکانی سوریا پەیوەستە بە پێشکەوتنی بارودۆخی کوردستانی تورکیا. داهاتووی سوریا لەدوای حافز ئەسەد، سەرنجی نێونەتەوەیی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە، بەڵام هیچ شتێك بەدی ناکرێت کە پێشانبدات دەوڵەتێکی دیمۆکرات -کە مافی کولتووری کورد بە فەرمی قبووڵبکات و سەروەری ١٥٠ هەزار کوردی بێ بەش لە ماف بگەڕێنێتەوە پێیان ـ جێگای دەوڵەتی ئەسەد بگرێتەوە.

## دەرەنجام

کولتووری کورد هێرشی کراوەتە سەر، بڵاوبووە و خنکێنراوە، بەڵام سەرەڕای ئەمە توانیویەتی لە یەك سەدە دەسەڵاتی ناسیۆنالیستە دەمارگرژەکان، شەڕ، دەرکردن و ژینۆساید زیندوو بمێنێ. کولتووری کورد بەهۆی نەبوونی ئازادیی رادەربڕین و کەوتنە ژێر گوشار و سەختی لە شارەکاندا، پەنای بردووەتە نێو ژیانی خێزانی و گوندی. لەنێو خێزان و گوندەکاندا، زمان، مۆسیقا، ئاین و بیروباوەڕە ئاینییەکان، ئەدەبیاتی زارەکی و ئەو بەشە لە خوو داب‌ونەریت و جلوبەرگانەی کە ناسنامەی کولتووری تایبەتیی کورد پێکدەهێنن، دەتوانرێت بپارێزرێت. بەهۆی نەبوونی قوتابخانە، چاپەمەنی و میدیا، پێشکەوتن و گەشەکردنی میراتی کولتووریی کورد تووشی ئاستەنگی زۆر سەخت بووە. تەنیا کوردەکانی عێراق (بەهۆی ئەوەی کە مافی کولتوورییان هەر لە سەردەمی سەرپەرشتی بریتانیاوە لە عێراق بەفەرمی قبوولکراوە) و تا رادەیەکیش کۆمەڵگای بچووکی کوردەکانی ئەرمەنستان توانیویانە خۆیان پیشانبدەن و ژیانی کولتووری خۆیان پەرە پێ بدەن. بەهەرحاڵ جگە لە بەرنامەی مۆسیقاو گۆرانیەکانی رادیۆی ئیرەڤان و رادیۆی بەغداد لە دەیەی ١٩٥٠ کە گوێگرێکی یەکجار زۆریان لە هەموو ناوچە کوردنشینەکاندا هەبوو ـ بەرهەمی ئەم کوردانە بەهۆی هۆکارە سیاسییەکانەوە لە ناوچەکانی تری کوردستاندا بڵاو نابێتەوە. لەم بارودۆخەدا ئەوەی کە زۆر زۆر جێی سەرسوڕمانە ئەوەیە کە زمانی کوردی پێشکەوتنی کەمی بەخۆیەوە بینیوە و تەنانەت هەژارتریش بووە. مۆسیقای نەریتی کە بە درێژایی مێژوو خەڵك حەزی لێ بووە، بەرەبەرە بەرەو نەمان دەچێت و سەرەڕای هەندێك بژاردەی کورد، کورد بەگشتی بایەخ بە مێژوو و میراتی ئەدەبیی خۆیان نادەن. هەندێك کورد بەهۆی ئەوەی کە تووشی تاواندنەوە و هاوسانسازییەکی کولتووری توند بوونە، خوێندن و نووسینی کوردی نازانن و بەزمانی رەسمی وڵات دەنووسن و دەخوێنن. بۆیە ئەمڕۆ دەبینین زۆربەی گۆرانیبێژەکانی تورکیا، کوردن کە بە زمانی تورکی و میلۆدی کوردی گۆرانی دەڵێن و ژمارەیەکی زۆر لە نووسەران و هونەرمەندانی تورکیا، ئێران و عێراق و سوریاش کوردن. زێدەباری یەلماز گونای و یەشار کەمال (کە لە ئەوروپا ناسراون) ژمارەیەکی زۆر لە نووسەرانی رۆژهەڵاتی نزیك لە بنەڕەتدا کوردن. کەوابوو کورد لە رێگای ئەم نووسەر و هونەرمەندانەوە کاردەکەنە سەر کولتووری زاڵی وڵات و خۆشیان لە رێگای پەروەردەو هەڵسوکەوتی رۆژانەوە، دەکەونە ژێر کاریگەریی کولتووری ئەو وڵاتانەی کە تێیدا دەژین و کنەشی تێدا دەکەن. تەنانەت لە وڵاتی تازە دامەزراوی عێراق، کاریگەریی کولتووری عەرەب لەسەر بژاردە شارنشینەکان زۆر کەمە، بەڵام ئەمە تەنیا بەشێك لە کاروکردەوەی کولتوورییە.

من پاش زۆرتر لە ٢٠ ساڵ ژیان لە پاریس، گەلێ شتی کولتووری فەرەنسام پێ خۆشە و بەشدارییان تێدا دەکەم، بەڵام بێگۆمان هێشتا هەست بە کوردایەتی دەکەم. من زۆر جار دەکەومە ژێر کاریگەریی قووڵی ئاواز، شیعر، میلۆدی یان خەیاڵاتی نیشتمانیی دایکی خۆم. لە رابردوویەکی نە چەندان دوور، کاتێ کە من لە



کۆنفرانسی کوردان لە مۆسکۆ لە پووشپەڕی١٩٩٠دا بەشداریمکرد، هەندێ کوردی شوان و گوندیم بینی کە لە قرقیزیستان (لە نزیکی سنووری چین)، قەزاقستان و قەفقازەوە هاتبوون و لەگەڵ کوردەکانی تورکیا یان کوردەکانی ناوچەی کورداغی سوریا (لە کەناری دەریای سپی ناوەڕاست دایە) قسەیان دەکرد. ئەم خەڵکە سەرەڕای ئەوەی کە هیچ هەڵسوکەوتێکیان لەگەڵ یەکتردا نەبووە و وڵاتیشان زۆر زۆر لە یەکتر دوور بووە، بە هەندێك نوکتەی هاوبەش پێدەکەنین و لەناو قسەکانیاندا ئاماژەیان بە هەندێك مەتەڵۆکی هاوبەش دەکرد. ئەم کوردانە هەروەها هەندێك داب‌ونەریتی مێوانداری هاوبەشیان هەبوو و یەکجۆر گۆرانیان دەگوت. کوت و مت دەتوانین بڵێین کە سەرەڕای بوونی سنوورەکان و دووربوونی جوغرافیایی، ناسنامەیەکی بنەڕەتی کولتووری بە درێژایی مێژوو شکڵی گرتووە. ئایا ئەم ناسنامەیە دەتوانێت لە لەناوچوونی وشە گوندییەکان (کە ئەم ناسنامەیە دەپارێزن) زیندوو بمێنێتەوە. ئایا دەتوانێت لە کۆتایی پێکهاتنی ژیانی رەوەندنشینی، بە لەناوچوونی گەڕیدە گۆرانیبێژەکان و قوتابخانە نەریتییەکان، زیندوو بمێنیتەوە و لە هەمووی گرنگتر ئایا دەتوانێت لە کاریگەریی تەلەفیزیۆن کە تەنانەت دەچێتە دوورترین و پەرتترین گوند و وێنە و بەرنامە بە زمانی رەسمی وڵات بڵاودەکاتەوە، زیندوو بمێنێتەوە؟ هەمووی ئەم شتانە پەیوەستە بە هەوڵی لێزانانەی نەتەوەپەروەرەکانی کورد، بەتایبەت بژاردە سیاسی و کولتوورییەکان، لەپێناو گەیشتن بە کۆنترۆڵێکی باشتر بەسەر چارەنووسی گشتی خەڵکی کورد و پاراستن و زیندووکردنەوەی میراتی کولتووری کورد.

لە کۆتایی سەدەی ٢٠دا، کولتووری کورد، لە راستیدا روخسارێکی تەم و مژاوی بەخۆیەوە دەگرێ. بەڵام ئەمە چارەنووسێکی مسۆگەر و لەپێش دیاریکراو و نەخۆشییەکی تیمارنەکراو نییە و دەکرێت لە رێگای میتۆدگەلی زانستی تیمار بکرێت. هەروەها ئەمە ڕاستە کە کورد وەك کۆمەڵە خەڵکێکی شاخنشین، بە قەڵافەتی گەورە، خۆڕاگری، شادی و تەراوەت ناسراون.

---

### پەراوێزەکان

١- BCE (پێش لە سەردەمی کۆمۆن) و CE (سەردەمی کۆمۆن) لە جێگای BC (پێش زایین) وAD (زایینی) بەکارهێنراوە.

٢- نووسخەی دەستنووسی ئەم دەقە گرینگە کە لەگەڵ مینیاتوورگەلێکی زۆر جوان دایە، ئێستا لە کتێبخانەی بودلین لە ئۆکسفۆرد رادەگیرێت.

٣- بۆ دەقە ئەسلییەکە، بڕوانە: بۆ بوزئەرسەلان (١٩٩٠:٥٦).

(٢)

# ئەدەبیاتی نووسراوی کورد

ژۆیس بلۆ

# زمانی کوردی

## پێشەکی:

زمانی کوردی سەر بە گرووپی ئێرانیی بنەماڵەی زمانە هیند و ئەوروپییەکانە. بەگشتیی بیروڕا ئەوەیە کە لە سەرەتای هەزارەی یەکەم و دووەمی پێش زایینیدا، خێڵە ئێرانیزمانەکانی دانیشتووی ئاسیای ناوەڕاست، کۆچی بەکۆمەڵی خۆیان بەرەو بانی ئێرانی ئەمڕۆ و جولگەکانی کەناری دەریای رەش دەست پێکردووە. ئەم خەڵکە کوردزمانە، کوردستانی ئەمڕۆیان داگیرکرد و هەم خەڵکە ئێرانیزمانە کۆنترو هەم خەڵکی دیکەی ناوچەیان تاواندەوە و زمان و ناوی خۆیان بە سەریاندا سەپاند. ئەڵبەتە هەندێك لەم خەڵکە لە بەرامبەر تاواندنەوەی تەواو دا خۆڕاگریان کرد، بۆیە دەبینین کە هەندێك کۆمەڵی غەیرە کوردزمان لە کوردستاندا بوونیان هەیە.[1]

بە پێی هەندێك هۆکار کە راڤەکردنیان لێرە زۆر زەحمەتە، زمانی کوردی قەت یەکی نەگرتووە و زاراوەکانی بۆ سێ گرووپی پەیوەندیدار دابەش بوون:

١- گرووپی زاراوە کوردییەکانی باکوور کە پێی دەڵێن کورمانجی و زۆربەی کوردەکان واتا کوردەکانی تورکیا، سوریا، یەکیەتیی سۆڤیەتی جاران و هەروەها یەك لە سێی کوردەکانی عێراق و ژمارەیەکی زۆر لە کوردەکانی ئێران و لوبنان قسەی پێدەکەن. ئەم گرووپە سێ زمانی ئەدەبی لێ کەوتووەتەوە.

٢- گرووپی زاراوە کوردییەکانی ناوەڕاست کە بریتییە لە سۆرانی (کوردەکانی باکووری رۆژهەڵاتی عێراق قسەی پێ دەکەن) و زاراوەکانی ناوچەکانی دەورووبەری کە پێی دەڵێن زمانی کوردی یان سنەیی (خەڵکی دانیشتووی شاخەکانی زاگرۆس لە کوردستانی ئێران قسەی پێدەکەن). ئەم گرووپەش زمانێکی ئەدەبی هەیە.

٣- گرووپی زاراوە کوردییەکانی باشوور کە بریتییە لە چەند زاراوەی نایەکانگیر کە خەڵکی باشووری کوردستان قسەی پێدەکەن. ئەم گرووپە زمانێکی ئەدەبی نییە.

## سەرەتای ئەدەبیاتی کوردی

دەستنیشانکردنی رێکەوتی دەستپێکردنی ئەدەبیاتی کوردی کارێکی ئەستەمە. ئێمە شتێکمان بە ناوی ئەدەبیاتی کوردی پێش ئیسلام لە بەردەستدا نییە. هەروەها هیچ رێگایەك



بوونی نییە بۆ ئەوەی بزانین کە چەندە دەق لە سەروبەندی ئەو ئاڵۆزی و تێکهەڵچوونە دوورودرێژانەی کە بەدرێژایی سەدەکان نیشتمانی کوردستانیان کاولکرد، لەناوچووە.

هەمیشە هەندێك رۆشنبیری کورد هەبوونە کە بەدرێژایی سەدەکان، بە زمانی داگیرکەران واتا زمانی عەرەبی، فارسی و تورکی، شتیان نووسیوە[2]. یەك لەم نموونانە، مێژوونووس و سەفەرنامەنووسی سەدەی ١٣، ئیبنی ئەسیرە کە بەرهەمەکانی خۆی بە زمانی عەرەبی نووسیوە. یەکێکی دیکە لەم نموونانە، ئیدریسی بەدلیسی، کەسایەتی مەزنی کوردی عوسمانییە کە لە ساڵی ١٠٥١ی زایینی کتێبی هەشت بەهەشتی نووسیوە. ئەم کتێبە بە زمانی فارسی نووسراوە و لە بارەی مێژووی دەستپێکی سوڵتانەکانی بەرایی عوسمانییە. یەکێکی دی لەم نموونانە، میر شەرەفخان، پادشای میرنشینی کوردی بەدلیسی کە لە سەدەی ١٦ دا کتێبی "شەرەفنامە"ی بە زمانی فارسی نووسیوە کە یەکێك لە سەرچاوە گرینگەکانی مێژووی سەدەکانی نێوەڕاستی کوردستانە.

بەناوبانگترین شاعیری کۆتایی سەدەی ١٦و دەستپێکی سەدەی ١٧، "مەلای جزیری"ە کە خەڵکی جزیری بۆتانە. مەلای جەزیری وەك زۆرێك لە نووسەرانی هاوچەرخی خۆی، شارەزاییەکی باشی لە زمانی عەرەبی، تورکی، فارسی و فەرهەنگی عەرەبی ـ فارسیدا هەبووە. دیوانی شیعری مەلای جزیری کە زۆتر لە دوو هەزار بەیت شیعری گرتووەتە خۆ، هێشتا زۆر خۆشەویستە و بەردەوام بڵاودەبێتەوە. مەلای جزیری لەسەرانسەری کوردستاندا گەڕاوە، رێوشوێنی مامۆستایی فێر بووە و زاراوەی بۆتی بەکارهێناوە کە لەو کاتە بەدواوە، بووە بە زمانێکی ئەدەبی.

لە کۆتاییەکانی سەدەی ١٦، کوردستان بوو بە گۆڕەپانی شەڕی نێوان ئێرانییەکان و تورکە عوسمانییەکان کە هەوڵیان دەدا ئیمپراتۆریەتی خۆیان بەهێز بکەن و سنوورەکانی دیار بکەن. لە ماوەی ئەم سەردەمەدا شاعیری کورد، "ئەحمەدی خانی" لە ناوچەی بایەزید چاوی بۆ دنیا هەڵێنا. ئەحمەدی خانی یەکەم شاعیری کوردە کە خوازیاری سەربەخۆیی کوردستان بووە و لە دیوانە بەناوبانگەکەی خۆی بە ناوی"مەم و زین"دا (بەرهەمێکی شیعری دوورودرێژی ٢٦٥٠ بەیتییە) باسی لێ کردووە.[3]

ئایینی پڕ رەمز و رازی ئەهلی حەق لەناو عەشیرەتە هەورامی و گۆڕانەکانی دانیشتووی رۆژهەڵاتی پێدەشتەکانی شاخەکانی زاگرۆس (هەڵکەوتوو لە باکووری کرماشان) سەری هەڵدا.[4] زمانی ئایینی ئەم تیرەیە، واتە زمانی گۆرانی سەر بە گرووپی زمانەکانی باکووری رۆژئاوای

ئێرانە کە پاشان بوو بە زمانێکی ئەدەبی و لەناو دیوەخانە رازاوە و پڕشکۆکانی خان و میرە کوردەکانی ئەردەڵان ـ کە قەڵەمڕەوەکەیان زۆر بەرفراوانتر لە قەڵەمڕەوی پارێزگای کوردستانی ئێرانی ئەمڕۆ بوو ـ وەك کۆینیەیەك رەواجی پەیدا کرد. لەم دیوەخانانەدا، پێشوازی لە شاعیران دەکراو میرەکان پشتیوانیان لە شاعیران دەکرد و هانیان دەدان. زۆرێك لە شاعیرە گەورەکان ـ لە مەلا پەرێشانی دینەوەری [٥] لە سەدەی ١٥-ەوە بگرە هەتا مەلا عەبدولڕەحیمی مەولەوی (١٨٠٦ـ١٨٨٢)[٦] لە سەدەی ١٩- بەزمانی گۆرانی شیعریان دەگوت. پاش رووخانی دەسەڵاتی بنەماڵەی ئەردەڵان لە ١٨٤٥ لە کۆتایی فەرمانڕەوایی "ئەمانوڵاخان"دا، شایەکانی قاجار زمانی فارسییان بەسەر دیوانەکاندا سەپاند. هەربۆیە شاعیرە دیوەخانییەکان ئیدی بە زمانی گۆرانی (کە بەرەبەرە لە گۆڕەپانی ئەدەبیاتدا چووە لا) شیعریان نەدەگوت.

لە پێدەشتەکانی رۆژئاوای زاگرۆس، ماڵباتی بابان لەوپەری دەسەڵاتدا بوو، واتا کاتێ کە عەبدولڕەحمان پاشای بابان لە ساڵی ١٧٨٩دا جێگای ئیبراهیم پاشای گرتەوە. ئەم پادشایە کە تازە لە سەفەرەکانی خۆی لە میرنشینی ئەردەڵان گەڕابووە و بیرەوەرییەکانی جەلال و جەبەرووتی دیوەخانی ئەمانوڵاخانی (کە نەیاری ئەو بوو) زیندوو کردنەوە و بڕیاری دا کە دیوەخانەکەی خۆی لە سلێمانی بکات بە ناوەندی کولتووری کورد. عەبدولڕەحمان پاشا بە شاعیران و خونیاگەرەکانی خۆی فەرمانی دا دەست لە زمانی گۆرانی هەڵگرن و زاراوەی کوردی سلێمانی (بەم پێیە بوو بە زمانێکی ئەدەبی و پاشان ناوی نرا سۆرانی) بەکاربهێنن [٧]. عەلی بەردەشانی (گۆرانیبێژ و شاعیری کورد) یەکەم کەس بوو کە زۆرێك لە حەماسە کوردییە کورمانجیەکانی وەرگەڕاندە سەر زاراوەی سۆرانی.

## ئەدەبیاتی کورد لە سەدەی٢٠دا

مرۆڤ ناتوانێ گرینگی دەوری چاپەمەنی لە پێشکەوتنی زمانی کوردیدا بەرچاو نەگرێ و ئێمەش دەبێت لێرە رێز لە هەوڵی ئەو کەسانە بگرین کە ئەم گۆڤار و رۆژنامانەیان لە هەلومەرجێکی دژواردا بلاوکردووەتەوە. ئەم چاپەمەنییانە لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد سەرچاوەیان دەگرت و یەکەم رۆژنامە بە ناوی "کوردستان" لە ساڵی ١٨٩٨ لە قاهیرە بە دەستی گرووپێك کوردی دوورخراوەی سەر بە "میقداد مەیدحەت بەدرخان"، بلاوبووەوە.

سەرکەوتنی (شۆڕشی) تورکە گەنجەکان، سەردەمێکی نوێی لە رۆژنامەگەری کورددا دەستپێکرد. کوردە ناسیۆنالیستەکان، گۆڤاریان لە ئیستانبوڵ، بەغدا، ورمێ (رەزاییەی پێشوو)و مەهاباد بلاودەکردەوە. ئەم چاپەمەنییانە، خەباتێکی درێژیان بۆ رزگاربوون لە ئازارو



مەینەتییەکانی دامودەزگا پەیوەندیدارەکانی دەوڵەتی ئێران و تورکیا، بەڕێوە دەبرد.

دەستپێکردنی شەڕی یەکەمی جیهان و ئەنجامەکانی، رەوشی کوردەکانیان گۆڕی. کوردەکان تا ئەو کاتە، لە بووژانەوەیەکی کولتووریدا بوون، بەڵام پاش شەڕ، سەرەڕای ئەو نارەزایەتییانەی کە دەریان بڕی، بینیان کە لەنێوان چوار دەوڵەت ـ نەتەوەی نوێدا دابەشکراون. تورکیا، ئێران، عێراقو سوریا بەناو سەربەخۆ بوون، بەڵام لە باری سیاسییەوە پەیڕەوی سیاسەتی جیهانیی زلهێزەکان بوون. کەوابوو، لەو کاتە بەدواوە، پێشکەوتنی زمانی کوردی و بەرهەمهێنانی ئەدەبیاتی کوردی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست پەیوەست بوو بە ئەوەی کە چەندە ئازادی لە لایەن ئەم چوار دەوڵەتەوە بە کەمینەی کورد دەدرێت.

بەم پێیە، ئێمە دەتوانین سێ قۆناخی جودا بۆ پێشکەوتنی ئەدەبیاتی کوردی دابنێین:

قۆناخی یەکەم: ١٩٢٠ تا ١٩٦٠، قۆناخی دووەم، ١٩٦٠ تا ١٩٨٠و قۆناخی سێیەم، ١٩٨٠ تا ئەمڕۆ.

**قۆناخی یەکەم (١٩٢٠ تا١٩٦٠):**

دەوڵەتی عێراق لە کاتێك کە لەژێر چەتری پارێزگاری بریتانیادا بوو، مافێکی کولتووری زۆری بە کەمینەی کورد داو هەرچەند تەنها لە سەدا، ١٨ی حەشیمەتی کورد لە عێراق دەژیان، بەڵام ناوەندی ژیانی کولتووری کورد بۆ عێراق گوێزرایەوە و پاش ساڵەکانی ١٩٢٠، پێشکەوتنی خۆی درێژە پێدا. کورد لە گۆشەگیریی هاتەدەرەوە و بە هۆی پەیوەندی لەگەڵ رۆژئاوا، گەوهەری بنەڕەتیی شیعرەکەی گۆڕانی بەسەردا هات. شاعیری بێ وێنەی کورد، گۆران (نازناوی عەبدوڵا سلێمان، ١٩٠٤ـ١٩٦٢) [٨] بوو بە گرینگترین داهێنەری دابڕان لە نەریت و پێی لەسەر ئەو رێبازانەدا گرت کە لە فولکلۆری زارەکی نزیکتر بوون. لەم قۆناخەدا، شیعرو پەخشان ئازادانە بڵاودەبوونەوە. پرسی کۆمەڵایەتی رەنگدانەوەیان هەبوو و شاعیران سەرکەوتنێکی سیاسیی نوێیان بە دەستهێنا.

هەتا ساڵەکانی ١٩٢٠، شاعیرانی کلاسیك و کەسایەتییە ئەدەبییەکانی کورد، هەروەك هەموو خەڵکی موسڵمانی غەیرە عەرەبی ناوچە، ئەلف و بێی عەرەبی ـ فارسیان بەکاردەهێنا. پاش شەڕی یەکەمی جیهان، کوردەکانی عێراق هەوڵیان دا ئەلفو بێی خۆیان بکەن بە لاتینی، بەڵام ئەم هەوڵانە ـ کە لە لایەن لێکۆڵەرانی کورد وەك "تۆفیق وەهبی"[٩] و لێکۆڵەرانی بیانی وەك "فلادیمیر مینۆرسکی"[١٠] و سی جی ئیدمۆندز پشتیوانییەکی یەکجار زۆری لێ کرا ـ بە هۆی نەیارییە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکان هەرەسیانهێنا.

کوردەکانی عێراق، هاوولاتی ولاتێکی عەرەبی بوون و ناچار بوون زمانی عەرەبی فێر بن و بچنە ناو ژیانی رۆشنبیریی عەرەبەوە. لەم قۆناخەدا ئەلف و بێی عەرەبی لەسەرەتا دا لە لایەن کەسایەتییە ئەدەبییەکانی عێراق و پاشان لە لایەن کەسایەتییە ئەدەبییەکانی ئێران بەکارهێنراو لەو کاتە بەدواوە، لەناو قوتابخانە، رۆژنامە، گۆڤارو چاپەمەنییەکانی دیکەدا کەلکی لێ وەرگیرا. لە ئەلف و بێی عەرەبیدا، دەنگە تایبەتەکانی زمانی کوردی بە هەندێك نیشانەی تایبەت کە لە سەروو خواری هەندێك پیت دادەنرێت، دیاری دەکرێت. ئەمڕۆ زمانی کوردی زۆرتر بە ئەلف و بێی عەرەبی، لاتینی و سیریلیك دەنووسرێت. ئەم سیستمانە هەموو، لە نیشانگەلی تایبەت کەڵك وەردەگرن بۆ ئەوەی دەنگە تایبەتەکانی زمانی کوردی دەستنیشان بکەن. بەهەرحاڵ نووسەرەکانی قۆناخی ١٩٢٠ـ١٩٦٠، هەوڵیان دا لە رێگای لابردنی وشە بیانییەکان، زمانی کوردی پاراو بکەنەوە. لەم قۆناخەدا، سەرەڕای زۆربوونی سەختی و زەحمەتییەکان، ئەدەبیاتی کوردی بووژایەوە. ئەدەبیاتی پەخشانی کورد بەردەوام لە گۆڤارەکاندا بلاودەبۆوە. ناوەڕۆکی بەرهەمە نوێیەکان، بەشێوازێکی گەرموگوڕ گەشەی کردو باسی پرسی کۆمەلایەتی وەك مەسەلەی ژنان، پەروەردە و خێزان یان خەبات لە دژی نادادپەروەری و چەوساندنەوەی جوتیاران دەکرا. یەکێك لە نموونە بەرچاوەکانی ئەم رەوتە، شاعیرو نووسەری کورد، "ئیبراهیم ئەحمەد" بوو. [11]

کودەتای سەربازی "عەبدولکەریم قاسم" (دایکی کورد بوو) لە تەمووزی ١٩٥٨ روویدا. عەبدولکەریم قاسم کۆمارێکی نوێی لەسەر بنەمای یەکسانی و یەکیەتیی کورد و عەرەب راگەیاند. ئەم یەکسانی و رێزگرتنە لە کیانی کورد، کاریگەرییەکی یەکجار زۆری لەسەر ناوچەکانی تری کوردستان، واتا کوردستانی ئێران، تورکیا و سوریا کە کورد لەوێ بە رەسمی نەناسرابوون و هیچ مافێکی نەتەوەییان نەبوو، کرد.

لە یەکێتیی سۆڤیەت، کورد سەرەڕای ئەوەی کە ژمارەیان کەم بوو (کەمتر لە ٢ لە سەدی حەشیمەتی گشتیی کورد) لە ساڵەکانی١٩٢٠ بەم لاوە، وەك نەتەوەیەك حیسابیان بۆ کراو زمانەکەیان بە رەسمی ناسرا. کۆمەڵگای کورد بە یارمەتی دەوڵەت، قوتابخانە، رۆژنامە، ناوەندی چاپ و بلاوکردنەوە و بەرنامەی رادیۆیی خۆیان پێکهێنا و چینێکی رۆشنبیری بەرچاو لەوێ شکڵی گرت.

لە سوریا لە کاتی سەرپەرشتی فەرەنسا لە قۆناخی نێوان شەڕی یەکەم و دووەمی جیهاندا، ئەدەبیاتی کوردی لە سایەی هەوڵە بێوچانەکانی "میر جەلادەت بەدرخان"و براکەی "میر کامەران"، پێشکەوت. ئەمانە داهێنەرانی سەرەکیی رێنسانسی ئەدەبیاتی کورد بە زاراوەی



کورمانجی بۆتانی، بوون، کە ئەو کاتە بە هۆی نەبوونی ئازادیی دەربڕینەوە بەرەو نەمان دەچوو. ئەوان ئەلف و بێی رۆمانییان هەڵبژارد کە لەلایەن گۆڤاری "هاوار"(دیمەشق، ١٩٢٣ـ١٩٥٤) بوو بە ئەلفو بێیەکی گشتیی. چالاکییە زۆرەکانی گۆڤاری هاوار نیشانیاندا کە زاراوەی کوردی باکوور هەروەك زاراوەی کوردی ناوەڕاست، ئەو توانایییەی هەیە کە ببێت بە زمانێکی ئەدەبیی مۆدێرن.

کاتێ کە سوریا پاش شەڕی جیهانی بووە دەوڵەتێکی سەربەخۆ، کورد ئازادیی خۆیان لە دەست داو بەرهەمهێنانی ئەدەبییان لەو ولاتە کۆتایی پێهات. رۆشنبیرانی کورد ناچار بوون بەرهەمی خۆیان لە دەرەوەی ولات بلاوبکەنەوە و لە سوریا بڕۆنە دەرەوە.

لە تورکیا، پاش سەرکەوتنی سەربازیی "مستەفا کەمال" (ئاتاتورك) بەسەر یۆنانستاندا، پەیماننامەی "لۆزان" (١٩٢٣) دانی نا بە دەسەلاتداری تورکیا بەسەر مەزنترین پارچەی کوردستان و بەسەر پتر لە ٥٢ تا ٥٥ لە سەدی حەشیمەتی کوردستاندا. پاش چەند مانگ، مستەفا کەمال زمانی کوردی قەدەغەکرد، زۆربەی رۆشنبیرانی دوورخستەوە و کورد بوون بە تورکی شاخاوی کە لە ئاناتولێ رۆژهەلات دەژیان. پاشان هەموو دیاردە کولتوورییەکانی کورد ـ گۆرانییە ناوچەییەکان، هەڵپەڕکێی کوردی و تەنانەت جلوبەرگی کوردیش ـ بوون بە نایاسایی و کوردستان وەك ناوچەی قەدەغەکراو راگەیەندرا.

لە ئێران، کە یەك لە چواری نەتەوەی کورد لەوێ دەژی، ئەو رێژێمە نوێیە کە پاش شەڕی یەکەمی جیهان هاتە سەر دەسەلات، هەر وەك دەوڵەتی تورك، سیاسەتی تواندنەوەی زۆرەملێی کەمینەی کوردی جێبەجێکردو چاپەمەنی کوردی بە تەواوی قەدەغەکرد. قۆناخی زێڕینی ئەدەبیاتی کوردی لەم پارچەیەی کوردستاندا، لەسەردەمی کۆماری تەمەن کورتی کوردستان (کۆماری مەهاباد) لە ١٩٤٦دا بوو. لە کۆماری کوردستاندا، یەك رۆژنامە، یەك گۆڤارو یەك وەرزنامەی تایبەت بە مندالان بلاودەبوونەوە، بەرنامەی رادیۆیی لە بەشێکی مەزنی کوردستاندا پەخشدەکراو کتێب چاپدەکرا، نووسەران و شاعیرانی کورد شانازییان بە خۆیان دەکردو زمانی کوردی بوو بە زمانی رەسمیی کۆمار.

کۆماری کوردستان سەرەڕای تەمەنی کورتی خۆی، پێشکەوتنێکی بەرچاوی لە زمان و ئەدەبیاتی کوردیدا هێنایە ئاراوە. گەلێ لە شاعیران وەك هەژار [12] و هێمن [13] و نووسەرانی وەك حەسەن قزلجی [14] لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا سەریان هەڵدا. بە رووخانی تراژدییانەی کۆماری کوردستان، قۆناخێکی نوێی تاریك لە ژیانی خەڵکی کورددا دەستی پێکردو رۆشنبیران ناچاربوون بچنە دەرەوە (زۆرتر بۆ عێراق).

## قۆناخی ١٩٦٠ـ١٩٨٠:

لە عێراق، پاش یەك قۆناخ پێشكەوتن و بەرێوەچوونی سیاسەتی یەكێتی خوازانە، هێزە كۆنەپارێزەكان لە بەغدا گەیشتنە دەسەڵات. مافی یەكسانیی كوردەكان تووشی كێشە بوو و چاپەمەنیی و رۆژنامە كوردییەكان قەدەغەكران. لە ساڵی ١٩٦١دا، هێزی هەوایی عێراق، ناوچە كوردنشینەكانی بۆمبباران كردو قۆناخی ٨ ساڵەی پاش ئەوەش، پڕ بوو لە ئاگربەستی كاتی.

بزووتنەوەی نەتەوەیی كورد هەندێك سەركەوتنی بەرچاوی بەدەستهێنا كە لە مارسی ١٩٧٠ لە رێككەوتننامەی نێوان دەوڵەتی عێراق و كوردەكان دانی پێدا نراو لە سەرانسەری كوردستان و هەروەها لەنێو كوردەكانی یەكێتی سۆڤیەت، لوبنان و ئەوروپا جەژنی بۆ گێراو پیرۆز كرا. تەنانەت پاش پەیمانی سیڤەر (١٩٢٠)و كۆماری كوردستان (١٩٤٦)، مافی گەلی كورد ئەوەندەو بەم راشكاوییە دانی پێدا نەنرابوو. بەهەرحاڵ، دیاردەیەكی بەرچاوو سەرنجراكێش روویدا. گەلێ لە رۆشنبیرانی كورد كە لە بەشە جۆراوجۆرەكانی عێراقدا دەژیانو لە ناو ژیانی كولتووری رۆژئاوادا تاوابوونەوە، ناسنامەی كوردیی خۆیان دووبارە پەیدا كردەوە و ژمارەیەكی بەرچاو مامۆستا، پرۆفیسۆر، مێژوونووس، رۆژنامەنووس و زانای كورد سەریانهەڵدا. لەم قۆناخەدا، بە سەدان بلاڤۆك بلاوبوونەوە كە گوزارشتیان لە بەهێزبوونی كارو كردەوەی نێوان پێشكەوتنی سیاسی و كولتووری دەكرد.

لە ساڵی١٩٧٥ بەدواوە، ژیانی ئەدەبیی كورد كەوتە ژێر كاریگەریی ئەنجامە ناڵەبارەكانی هەرەسهێنانی راپەڕینی كورد و شەڕی بێ بەزەییانەی ئێران و عێراق و پاشان شەڕی عێراق لەگەڵ بەشێكی مەزنی جیهان (شەڕی كەنداو). لەئەنجامدا ناوچەیەكی بەرفراوانی كوردستان كاول بوو.

لە توركیا، پاش شەڕی یەكەمی جیهان، لە ئاكامی گوشاری ئەمریكا و ئەوروپا، دەوڵەتی توركیا كەوتە داوی دێموكراسی بۆرژوازی و هەندێك جار مۆڵەتی بەكارهێنانی زمانی كوردی دەدا. "موسا عەنتەر" [15] (لە دایك بووی ١٩١٧ كە لە سێپتامبەری ١٩٩٢دا كوژرا)، "حەمیدی بۆزئەرسەلان" [16] و نووسەرانی دیكە لە رێگای چاپ و بلاوكردنەوەی هەندێك گۆڤاری كورتخایەن بە زمانی كوردی و توركی، چالاكییان دەكرد. ئەمە لەحاڵێكدا بوو كە لەكاتێك هەردوو كودتا سەربازییەكەی ١٩٧٠و ١٩٨٠ سەركوتێكی سیاسی توندیان بە شوێنەوە بوو و حەشیمەتی كورد بە كۆمەڵ دوورخرایەوە، رۆشنبیرانی كورد دەستیان كرد بەگەشەكردن. جارێكی دی زمانی كوردی بە توندی قەدەغەكراو رۆشنبیرانی كورد كەوتنەوە بەر ئازار و ئەزیەت.



## لە ١٩٨٠ تا ئەمرۆ:

گەلێ لە رۆشنبیرانی كورد لە توركیا چوونە دەرەوەیان هەڵبژاردو پەنایان برد بۆ وڵاتانی رۆژئاوا و لەوێ دەستیانكرد بە شۆڕشی ئەدەبیاتی كورمانجی كە بە درێژایی چەند سەدە لە توركیاو سوریا بە توندی قەدەغەكرابوو. رۆشنبیرانی كورد بە پشتیوانی سەدان هەزار كۆچبەری كورد، یەكیانگرت و توانای خۆیان بۆ پێشخستنی زمانی كوردی خستەگەڕ. كەوابوو ئەدەبیاتی تاراوگە بەرەبەرە پێشكەوت.

شاعیران و نووسەران لە سەرەتادا، بەرهەمەكانی خۆیان لە ناوەندەكانی چاپ و بلاوكردنەوەی كوردی لە سوێد، بلاودەكردەوە. دەسەڵاتدارانی سوێدی لەژێر ناوی سیاسەتی هاندانی پێشكەوتنی كولتووریی كۆمەڵگا كۆچبەرەكان، بودجەیەكی چاپو بلاوكردنەوەی زۆریان بۆ هاووڵاتیانی كورد (پێدەچێت بەگشتیی ١٢ هەزار كەس بن) تەرخانكردو چەندین رۆژنامە، گۆڤار و بلاڤۆك، لە كۆتایی ساڵەكانی ١٩٧٠ سەریانهەڵدا. بەم پێیە، لەبەرئەوەی كە داهێنانی ئەدەبی هاندرا، نووسەران، شاعیران و رۆژنامەنووسانی كورمانج بووژانەوە. لە ماوەی ٢٠ ساڵی رابردوودا، نزیكەی ٣٠ كتێبی جۆراوجۆر بلاوبوونەتەوە كە زۆرترین ژمارەی بەرهەمی ئەدەبیی كوردییە لە دەرەوەی عێراق بلاوبووبێتەوە.

"مەحموود باكسی" [17] یەكەم ئەندامی بیانی دەستەی بەرێوەبەری یەكێتی نووسەرانی سوێدە. "محەممەد ئوزون"یش [18] كە نووسەرێكی گەنج و بلیمەتی كوردە، جێگای خۆی لەنێو ئەم گرووپە بژاردەیەدا كردۆتەوە. لە ساڵی ١٩٨٣، ١٢ كەس لە رۆشنبیرانی چالاكی كورد، "ئەنستیتۆی كورد لە پاریس"یان وەك یەكەم ئەنستیتۆی كەم وێنە لە جۆری خۆی لە رۆژئاوادا، دامەزراند. پاش ١٠ ساڵ گەلێ لە رۆشنبیرانی كوردی دانیشتووی وڵاتە جۆراوجۆرەكانی ئەوروپا، وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكاو ئوسترالیا، تەڤلی ئەم ئەنستیتۆیە بوون بۆ ئەوەی پشتیوانی لەم ئەنستیتۆیە بكەن لەپێناو پاراستن و پێشخستنی زمان و كولتووری خۆیان. لە دوای ئەوەش، هەندێك ناوەندی كولتووری دیكە دامەزراون: ناوەندێكی كولتووری كورد لە ساڵی ١٩٨٦ لە لەندەن دامەزرا. ناوەندەكانی دیكە لە برۆكسیل (لە ١٩٨٩)و زوریخ (لە ١٩٩١)و وڵاتانی دیكە دامەزراون.

لە ئێران، هیواو چاوەڕوانییەكی زۆر بە رووخانی حكومەتی شا لە ساڵی ١٩٧٩ هاتە ئاراوە. حیزبە سیاسییە كوردییەكان كە خوازیاری خودموختاری بۆ كوردستانی ئێران بوون، لەنێو بەرنامەكانی خۆیاندا، جێگایەكی گرینگیان بۆ كولتووری كورد تەرخانكرد. بەهەرحاڵ،

هەڵوێستی دەسەڵاتدارانیی [کۆماری] ئیسلامی سەبارەت بە مافی کولتووریی نەتەوە غەیرە فارسەکان لە ماددەی ١١ی یاسای بنەڕەتی ١٩٧٩دا، ڕاگەیەندرا.

کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ١٠ ساڵی ڕابردوودا هەندێك هەنگاوی لە بواری کولتووری کورددا هەڵگرتووە، هەرچەند کە ئەم هەنگاوانە نە وەڵامدەری خواستی حیزبە سیاسییەکانە و نە وەڵامدەری خواستی خەڵکی کوردی ئێران. لەگەڵ ئەمەشدا دەبێت ئاماژە بە بڵاوبوونەوەی گۆڤاری کولتووری (سروە) لە ساڵی ١٩٨٥ بەم لاوە لە ورمێ و بەڕێوەچوونی یەکەمین کۆنگرەی کولتوورو ئەدەبیاتی کورد لە ٢٥ـ٢٧ی خەرمانانی ١٩٨٦ لە مەهاباد بکەین کە ژمارەیەکی زۆر لە نووسەرو ڕۆشنبیرانی کورد لە سەرانسەری ئێران بەشدارییان تێدا کرد. بەهەرحاڵ ئەو هەوڵانە هەموو بێ سوودن، لەبەرئەوەی کە ئەو کتێبە کوردییانەی بڵاودەبنەوە، ناوەڕۆکەکەیان بە توندی لەلایەن دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیەوە سانسۆر دەکرێت. هەورەها هیچ ڕۆژنامە یان حەوتوونامەیەك مۆڵەتی نییە بە زمانی کوردی بڵاوبێتەوە و هێشتا هیچ پەروەردەدەیەك بە زمانی کوردی لە قوتابخانەکانی کوردستانی ئێراندا، لەئارادا نییە. زێدەباری ئەمەش هیچ وانەیەك لەسەر زمان، ئەدەبیات، مێژوو و شارستانیەتی کوردستان لە زانکۆکانی ئێراندا ناگوترێتەوە.

لە ساڵی ١٩٩١، لەژێر گوشاری کوردە دێموکرات و ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤ، دەوڵەتی تورکیا بەڵێنی دا ئەو ئاستەنگ و کەند و کۆسپانەی کە ماوەی ٧٠ ساڵە لەسەر کولتوور و زمانی کوردی دانراون، هەڵگرێ. پاشان ڕۆشنبیرانی کورد لە دەوری ناوەندە چاپ و بڵاوکردنەوەکانی خۆیان کۆبوونەوە. ئێستا لە هەلومەرجێکی یەکجار دژوارداو سەرەڕای کوژرانی ژمارەیەکی زۆر لە کەسایەتییە خۆشەویست و بلیمەتەکانی کوردو بوونی هەموو چەشنە هەڕەشە و تەنگ و چەلەمەیەك، کوردەکان یەکیانگرتووە بۆ ئەوە کە ڕۆژنامە، گۆڤار، حەوتوونامە و مانگنامەی خۆیان بڵاوبکەنەوە. ئێستا ناوەندەکانی چاپ و بڵاوکردنەوە وەك "دەنگ سۆسیال یایینلاری"، "دیمۆکراسی یایینلاری"، "کۆمەڵ" و ژمارەیەکی زۆری دیکە، بە زمانی کوردی و تورکی لەسەر مەسەلە جۆراوجۆرو فرەچەشنەکانی ژیانی کوردان (لە مێژوو و کۆمەڵناسییەوە بگرە هەتا ڕێزمان) بەرهەم بڵاودەکەنەوە. ئەم دەزگایانە، ئەو وتار و کتێبانە کە لە شوێنەکانی دیکە لە بارەی مێژوو، ئەدەبیات و ژیانی کۆمەڵایەتی کوردان بڵاودەبێتەوە، وەردەگەڕێنە سەر زمانی کوردی یان تورکی. لەم مانگانەی دواییدا، وێدەچێت بە سەدان کتێب بڵاوبووبنەوە.



## دەرەنجام

کورد نیشانیان داوە کە هێزێکی زمانی و نەتەوەیی یەکجار زۆریان هەیە. بووژانەوەی نوێی نووسەران و ڕۆشنبیرانی کورد کە سەر بە گرووپی کرمانجین، بە خورتی پیشاندەری پەیوەندی نێوان گەشەی کولتووری و ئازادیی سیاسییە. خەباتی نەتەوەی کورد لەپێناو مافە نەتەوەییەکانی خۆی، شیاوی جیاکردنەوە لە خەبات بۆ ژیانێکی باشتر و هەروەها پاراستنی کولتووری خۆی نییە.

## پەراوێزەکان

١- لەناو ئەم خەڵکە، لەوانەیە بتوانین لەنێوان ئەوانە کە بە زمانەکانی بە بنەڕەت ئێرانـی وەك گـۆرانی و زازایی قـسە دەکـەن و مەسـیحییەکان و یەهوودییـەکان (ئـەو کەمینـە ئایینیانـە کـە زمانەکـەیان رەگوڕیشەی سامییان هەیە) جیاوازی دابنێین. بە زاراوەی گۆرانی چەند سەد هەزار کەس قسە دەکـەن کە زۆربەیان لە ناوچەیەك دەژین کە لە باکووری کرماشان تا سـنووری عێـراق راکێـشراوە. لـە نزیـك زاراوەی گۆرانی، زاراوەی هەورامانی یان هەورامی هەڵکەوتووە کە لە ناوچەیەك کـە لـە سـنە هـەتا سنووری عێراق کێشراوە، قسەی پێدەکـەن. گرووپـەکانی دیکـە بـە زاراوەکـانی نزیـك بـە بـاکووری رۆژئاوای ئێران قسەدەکەن وەك شەبەك و سـارلی. لـە کوردسـتانی تورکیـا چـەند ملیـۆن زازا ـــکـە دیمیلیشیان پێدەڵێن ـــلە ناوچەیەکی پانی چوارگۆشە کە لەنێوان ئەرزینجان و دیاربەکر هەڵکـەوتووە، دەژین. نزیکەی ٢٠٠ کۆمەڵگای مەسیحی لەگەڵ کۆمەڵگا یەهودییەکان کە لە بەشە جوداجوداکـانی کوردستان دەژین، بە زاراوەی ئارامی نوێ (سریانی) قسەدەکەن.

٢- بەرهەمەکانی عیزەدین ئەبولحەسەن و عەلی بن ئەسیر (١١٢٣-١١٦٦) پارێزراون و چاپکراون. لـەنێو ئەمانەدا دەکـرێ بڵـێین کـە ئەلبـەهار (مێـژووی سلـسیلەی ئـالی زەنگـی) و ئـەلکامیل، ترۆپکـی مێژوونووسی ئیسلامی دەژمێردرێن.

٣- بڕوانە: لاپەڕەکانی ١٠-١١.

٤- بڕوانە: بەشی ٥و ٦ی ئەم کتێبە.

٥- مەلا مەحموودی پەرێشان، لە دینەوەر (لە نزیکی کرماشان) هاتووتە دنیـا. بـۆ بەرهەمـەکانی ئـەو، بڕوانە: بۆ زیباجوو (١٩٥٥).

٦- بۆ بەرهەمەکانی ئەو، بڕوانە: موودەرِیس (١٩٦١).

٧- بڕوانە: رەسووڵ (١٩٨٠:٤٥).

٨- بەرهەمەکانی ئەو بریتین لە بەهەشت و یادگار (١٩٥٠)، فرمێـسك و هونـەر (١٩٥٠)، سرووشـت و دەروون (١٩٨٦)، لاوك و پەیام (١٩٦٩). هەروەها، بڕوانە: بۆ کەریم (١٩٨٠).

٩- بڕوانە: بەرهەمی ئەو بە ناوی خوێندەواریا باو (بەغداد، ١٩٣٣).

١٠- مینۆرسکی (١٩٣٣)، ئێدمۆندز(١٩٣٣).

١١- بڕوانە: بەرهەمی ئەو بە ناوی ژانی گەل (سلیمانی، ١٩٧٢)، درك و گوڵ (ئیستوکهولم، ١٩٩٢).

١٢- بڕوانە: بەرهەمی ئەو بە ناوی بۆ کوردستان، چاپی یەکەم، بەیرووت، ١٩٧٣، چـاپی سـێیەم، ئێـران، ١٩٧٩.



١٣- بڕوانە: بەرهەمی ئەو بە ناوی تاریك و روون، ئێران، ١٣٥٣ی هەتاوی -١٩٤٧ی زایینی. پاشـەڕۆکی مامۆستا هێمن، مهاباد، ١٣٦٢ی هەتاوی -١٩٨٣ی زایینی.

١٤- بڕوانە: بەرهەمی ئەو بە ناوی پێکەنینی گەدا، بەغداد، ١٩٧٢.

١٥- بڕوانە: بەرهەمی ئەو بە ناوی برینا رەش، ئیستانبوول، ١٩٦٥کە بە زمانی کوردی و تورکیا.

١٦- بڕوانە: بەرهەمی ئەو بە ناوی میرۆ، ئیستۆکهۆلم، ١٩٨١.

١٧- بڕوانە: بەرهەمە کانی ئەو بە ناوی زارۆکێن ئیحسان، ١٩٧٩، کەچـا کـورد، زۆزان، ١٩٧٩، هـێلین، ١٩٨٤، گوندیکا دونۆ، ١٩٨٨.

١٨- بەرهەمەکانی ئەو بریتین لە تە، ئیستۆکهۆلم، ١٩٨٤، مرنا کێلێکی رند، ١٩٨٧، سییا ئەوینێ، مرنا عەگیدیگی، ١٩٩٣.

# (٣)

# داب و نەریتە کۆن و نوێیەکانی بادینان

کریستییەن ئالیسۆن

## پێشەکی

ئەم بەشە، باس و گفتوگۆ لەسەر داب و نەریتە زارەکییەکانی کورد، بە پێداگری تایبەت لەسەر ناوچەی بادینان لە کوردستانی عێراق دەکات. هەڵبەتە زۆرێك لەم باسانە دەتوانێت بۆ بەشەکانی دیکەی کوردستانیش، بەکار ببردرێت، بەڵام هەبوونی ئۆتۆریتەی کوردی لە ناوچەی بادینان، بواری بۆ ئەوە رەخساند کە داب و نەریتە زارەکییەکانی ئەوێ، لەناو چوارچێوەی کۆمەڵایەتیی خۆیدا، تاوتوێ بکرێت.

ئەم بەشە، بەر لە باسو توێژینەوەی هەندێك توخمی سەرەکیی ئەدەبیاتی زارەکی (پێچەوانەی ئەدەبیاتی نووسراو)، بەکورتی بارودۆخی زمانی کوردی دەخاتە بەر باس و لێکۆڵینەوە. هەڵبەتە ئەو رێگایەی کە هەموو ئەدەبیاتە زارەکییەکانی جیهان کاری تێدا دەکەن، بەستراوەتەوە بە چییەتی ئەو کۆمەڵگایە کە ئەم ئەدەبیاتە پێکدەهێنێ. کەوابوو پێویستە بارودۆخی سیاسیو کاریگەریی ئاڵوگۆڕەکانی ئەم دواییانەی کۆمەڵگای کورد بە تایبەت دیاردەی ئیشتراکگەرایی، بە کورتی وەسفبکرێت. لێرە دوو جۆرە ئەدەبیاتی زارەکیی دەکەونە بەر باس و لێکۆڵینەوە: یەکێك، کەرەستەی کۆنو ئەوی دیکە کەرەستەی نوێیی شێوازی نەریتی ناسراو بە مێژووی زارەکی کە لە لایەن ئێزیدییەکانەوە بەڕێوەدەچێت و ئەو شین و زاری (سەردولك)انەی کە لە لایەن ژنانی موسڵمانی عەشیرەتی بارزانی لە پرسە و سەرەخۆشیەکاندا بەڕێوەدەچێت. ئەم دوو گرووپەو بارودۆخی کۆمەڵایەتییان، پێش تاوتوێکردنی نموونەی ئاوازەکانیان وەسفدەکرێت.

## رەوشی زمانی کوردی

لە وڵاتی تورکیا، ئێران، عێراق و سوریا، داب‌ونەریتی زارەکی دەورێکی گرینگی لە پاراستن و پەرەپێدانی ناسنامەی کولتووری کورددا بینیوە. لە زۆرێك لەم ناوچانەدا، چاپ و بڵاوکردنەوەی بڵاڤۆکەکان بە زمانی کوردی لە زۆربەی ساڵانی سەدەی ٢٠ قەدەغە بوو. تەنانەت لەو کاتەشدا کە زمانی کوردی قەدەغە نەبوو، ئەدەبیاتی نووسراوی کورد نەدەگەیشتە دەستی ئەو کوردانەی کە بە زمانی تورکی، فارسی و عەرەبی دەیانخوێند و خوێدنەوەی زمانی کوردی بە ئەلفوبێی رۆمانی یان عەرەبی لە رادەبەدەر ئاستەم بوو. بەهەرحاڵ، چەسپانی سیستەمی پەروەردە بە زمانی کوردی لە کوردستانی عێراق، لە رێگای پێکهێنانی چینێکی رۆشنبیری بژاردە (کە



لەنێوخۆی کوردستاندا چالاکیان دەکرد، نە لە دەرەوە) بزاڤێکی مەزنی لە توێژینەوەی کوردیدا پێکهێنا، بەڵام نەیتوانی بە رادەی پێویست بە زاراوە کەمینەکان خزمەت بکات و بارودۆخی سیاسی ئەوانی لەبەرامبەر هەڵوەشانەوە و دەستێوەردانی دەوڵەت، خستە بن مەترسی.

لە سەرانسەری مێژوودا، بەشێکی زۆر لە تێگەیشتنی کوردان لە خۆیان، لە رابردوو لە ژیانی رۆژانەیان، بە شێوازی زارەکی گوازتراوەتەوە. کەوابوو، هەرچەشنە لێکۆڵینەوەیەکی جیددی سەبارەت بە کولتووری کورد، ناتوانێت داب و نەریتی زارەکیی کورد، پشتگوێ بخات.

## داب‌و نەریتی زارەکی چییە؟

دەستەواژەی "نەریتی زارەکی" رێك نییە و زۆر باس و لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە. لەوانەیە بکرێت ئەم وشەیە وەك "کۆمەڵێك لەفز کە بە زمان دەردەبڕدرێت و بێ کەڵك وەرگرتن لە نووسین، لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە دەگوازرێتەوە" پێناسە بکرێت. زۆرێك لە لێکۆڵەران پێی خۆیان لەوە زۆرتر درێژ دەکەن و دەڵێن نەریتە زارەکییەکان، کەرەستەیەکن کە پتر لە یەك نەوە بەشێوازی زارەکیی گوازراونەتەوە. بەهەرحاڵ، هەروەها پیشاندەدرێت، ئەم پێناسەیە حیسابی بۆ رووداوەکانی ئەم دواییانەی شێوازی نەریتی نەکردووە. پێناسەیەکی بەسوود و رێکوپێك لە نەریتە زارەکییەکان ئەمەیە: "پەیامگەلێکی زمانی کە بێ کەڵك وەرگرتن لە نووسراو لە رووی مەبەست و قەسدەوە، دەردەبردڕێت." دەبێت لەبەرچاو بگیردرێت کە دەربڕین دەتوانێت بێ پێوانیش ئەنجام بدرێت، وەك کاتێك کە کەسێك چیرۆکێك بۆ کەسێکی دیکە دەگێڕێتەوە. گرینگی ئاوازێك یان چیرۆکێك، تەنهاو تەنها بە واتای وشەکان سنووردار نییە و بۆ تێگەیشتن لە واتای تەواوی ئەو وشانە، دەبێت حیسابیش بۆ شێوازی دەربڕین بکرێت: ئایا ئەمە شیعرە یان پەخشانە؟ ئاوازە یان دوانە؟ هەروەها ئێمە دەبێ هەندێك شت دەربارەی ئەو کۆمەڵگایەی کە ئەو نەریتە زارەکییە تایبەتانەی بەرهەمهێناوە و پێگە و شوێنگەی ئەو نەریتە زارەکییانە لە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا، بزانین. ئایا ئەمە دەقێکی وەرگێراوە یان دەربڕینێکی گشتیی راست؟ لەکات و شوێنی گونجاودا، بێژەری دەبێت چۆن بێت و ئایا چاوەڕوانیەکانی گوێگر بەراورده دەکات؟ بیرو بۆچوونی گوێگر لە بارەی بێژەر چییە؟ تەنیا بە وڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەیە (لە چوارچێوەی کۆمەڵایەتی خۆیدا) کە ئێمە دەتوانین لە داوێنی تەواوی پەیامەکان ـ کە لە رێگای دەربڕین، لە کۆمەڵگادا بڵاودەبێتەوە ـ تێبگەین.

به پێچەوانەی دەقە نووسراوەکان کە بە تێپەڕبوونی کات، ئاڵوگۆڕی کەمیان بەسەردا دێت، نەریتە زارەکییەکان بەردەوام لە حاڵی گەشە و گۆڕاندان. تەنانەت کاتێک کە دەقێک لەبەر دەگوترێتەوە، دوو کەس بە شێوازێکی یەکسان نایڵێنەوە، بە واتایەکی تر گێڕانەوەیەکی راستەقینەی دەقێک بوونی نییە و بە پێی کات و شوێن جیاوازە.

نەریتە زارەکییە کۆکراوەکان لە سەرانسەری جیهان، پیشاندەری ئازادیی یەکجار زۆری لێوەرگری نێوان کولتووەرکانە. لە چیرۆکەکانی ناوچەگەلێکی گەورەی جیهان، گەلاڵە و کەسایەتی هاوشێوە هەن کە هەندێک جار سەدان ساڵ لە یەکتر دووربوونە. بەیتی کوردی دمدم، ئەم بابەتە زۆر جوان پیشان دەدات: قارەمانی چیرۆکەکە، داوا لە شا دەکات نەخشەی زەوییەکەی پێ بدات کە بە ئەندازەی پێستی گایەکە. کاتێک کە شا ئەم داخوازییە رەت دەکاتەوە، قارەمان پێستی گا دەکات بە نەوارگەلێکی ئەستوورو بۆ داڕێژانی نەخشەی کۆشکێکی قایم کەڵکی لێوەردەگرێت. شا کە ئەمە دەبینێ، لەسەر خۆی دەچیت و بە مەیل و ئیرادەی خۆی، خۆی تەسلیم دەکات. ئەم بابەتە تایبەتە چیرۆکە، زۆر کۆنە. لە چیرۆکی ویرگاڵ ئاناید [١] (کە لەساڵی ١٩ پێش کۆمۆن بڵاوبووەتەوە) دەربارەی دامەزرانی کارتاژ، ئەم بابەتە بەرچاو دەکەوێت. هەروها خودی قارەمانی چیرۆکی دمدم، واتە خانی لەپ زێڕین، لەو چیرۆکەی کە ئەو تێیدا دەور دەگێڕێت، کۆنترە. نەریتەکان دەڵێن قەڵای دمدم لە ئیمپراتۆری ئێراندا بووە و لە ساڵی ١٦٠٩ بە دەستی ئێرانییەکان تاڵان کراوە، بەڵام لە شەرەفنامەدا (کتێبی مێژووی کوردستان کە ساڵی ١٥٩٦ نووسراوە) خانی لەپ زێڕین لە چیرۆکگەلێکی بە تەواوی جیاوازدا، دەرکەوتووە.[٢] شەرەفنامە دەڵێت خانی لەپ زێرین لە لایەن عەشیرەتە مەسیحییەکان وەك حاکمی هەکاری، دانرابوو. کەوابوو، نە تەنیا گەلاڵەکان، بەڵکو کەسایەتییەکانیش دەتوانن ئازادنە وەربگیردرێن و لە چیرۆکە جیاوازەکاندا بەکار ببردرێن.

هەندێك جار وا وێدەچێت کە ماکە گیراوەکان لەگەڵ یەکدا دێن، نە جوداجوداو لە ریزی راستی رووداوەکان و دەرکەوتنی کەسایەتییەکان، هیچ هەڵەیەك نابینرێت. بۆ نموونە، چیرۆکێکی گوتراو لە سلێمانی، کۆمەڵێك کەسایەتی تێدایە کە وەك شوالیەکانی سەدەکانی نێوەڕاست، سوار هەسب بۆ هەموو جێگایەك سەفەر دەکەن.[٣] بە گشتیی نەریتە زارەکییەکان بێ کەموکوڕی و بە ئازادییەکی زۆر دەگوازرێنەوە، هەرچەند لەوانەیە ئێمە نەتوانین هەموو ماکەکانی چیرۆکەکە بگونجێنین. شارەزا بوون لەو پەرانپەرە کۆمەلایەتییەی کە ئەم چیرۆکانەی تێدا دەگوترێت، دەتوانێ یارمەتی ئێمە بدات بۆ ئەوەی تێبگەین کە هەندێك ماکی تایبەت وەردەگیردرێت، هەندێك دەگۆڕدرێتو هەندێکی دیکە لەیەك جودادەبنەوە.



## کاریگەریی خوێندەواری

هەرچەند کە کۆمەڵگای کورد هەتا سەدەی ٢٠، زۆرتر نەخوێندەوار بوو، بەڵام لە سەرانسەری مێژووی خۆیدا، بەتەواوی لەگەڵ خوێندەواری نامۆ نەبووە. لە رابردوودا، ئەندامانی زۆربەی کۆمەڵگا کوردییەکان ـ تەنانەت لە شوێنە دوورەکانیش ـ دەستیان بە کەسێك (زۆربەی جاران مەلایەك) گەیشتووە کە ئاستێك خوێندەواری هەبووە. رێزی خوێندەواری لە کولتووری ئیسلامدا، شتێکی بەرچاوە و مەلاکان و کەسایەتییە پیرۆزەکانی دیکە بۆ نووسینی ئەفسانەکان [٤] و دەقە تایبەتەکانی دیکەو هەروەها نووسینەوەی ئەدەبیات، لەناو خەڵکێکدا کە لەگەڵ فارسەکان، عەرەبەکان و تورکەکان هەڵسوکەوتیان بووە ناسراو بوونە. مەزنێن کوردا، هەندێك جار پەروەردەیەکی گشتییان بە زمانی فارسی یان عەرەبی دەدیت، هەرچەند کە ئێمە بەڵگەی کەمان لەمبارەوە لە بەردەستدایە. سەبارەت بەئەوەی کە لە رابردوودا بە وردی چ شتێك لە دیوەخانەکانی سەرۆکە کوردەکاندا بەڕێوە چووە، هیچ بەڵگەیەك لە بەردەستدا نییە کە بسەلمێنێت کە کوردە مەزن و دەوڵەمەندەکان، بەڕادەی چین و توێژەکانی خوارێی کۆمەڵگا، گوێیان بۆ نەریتە زارەکییە کوردییەکان گرتبێت یان بایەخیان پێدابێت.[٥] بە پێچەوانەوە، مرۆڤەکان، چاوەڕوانی کۆمەڵێك چیرۆك، کەسایەتی و بابەتیان دەکرد کە لە ئەدەبیاتی نووسراو سەرچاوەیان گرتبوو بابەتە زارەکییەکان. بۆ نموونە، ئەحمەدی خانی دیوانە بەناوبانگەکەی خۆی بە ناوی مەموزین لەسەر بنەمای بەیتێکی هەڵبەستراوی زارەکیی و پشتاوپشت گوێزرا و بە ناوی مەمی ئاڵان، نووسی، بەڵام سەرەڕای هەندێك جیاوازی لە گەلاڵە و کەسایەتییەکاندا، ئەم دوو بەیتە قەت بە تەواوی لە یەکتر جودا نەبوونەتەوە. رۆژێ لێسکۆ ROGER LOSCOT [٦] ئاماژە بەمە دەکات کە زۆرێك لە گێڕاونەوە زارەکییەکان کە ئەو لە بێژەرانی نەخوێندەوار بیستوونی، بریتی بوون لە کۆمەڵێك چیرۆکی هەڵبەستی ئەدەبیی.

تەنانەت ئەگەر بەیتێك، - چ چیرۆك، چ غەیرە چیرۆك- لە کۆپلە ئەدەبییەکان پێکبێت، دەتوانێت بە شێوازی زارەکیی گوازرابێتەوە و هەندێك جار، لە دوای چەند نەوە گوازتنەوەی پشتاوپشت، بنەواشە ئەدەبییەکانی لەبیرکرابێت. بەهەرحاڵ، لە کولتووری کورددا، خوێندەواری قەت چەمکێکی نامۆ نەبووەو تەنانەت ئەو نەریتە خاوەن ماکانەی کە لە ئەدەبیاتی نووسراودا سەرچاوەیان گرتووە، بە رادەی ئەو نەریتە زارەکییانە کە پشتاو پشت گوتراونەتەوە، خۆشەویستن.

هەنووکە بە چوونە سەرەوەی رادەی خوێندەواری، ژمارەیەکی زۆرتر لە خەڵکی خوێندەواری شارنشین، فێری چیرۆکەکوردییە کۆنەکان لە کۆمەڵە فۆلکلۆرییەکاندا دەبن.[٧] کەوابوو، ئاڵقەی

پێوەندی نێوان خوێندەواری و بەرهەمە زارەکییەکان پتر لە جاران ئاڵۆز بووە. بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٩٢، لە باعەدرە (لە باکووری کوردستانی عێراق) گەنجێکی ئاوازخوێنی خوێندەواری ئێزیدی، بۆ گوێگرانی گوندنشینی زۆرتر نەخوێندەواری ئێزیدی هەندێك گۆرانی نەریتیی دەخوێند کە لە کتێبێکی فۆلکلۆر(کە لە لایەن کوردەکانی یەکێتی سۆڤیەت لە ئەرمەنستان کۆکرابووە) فێر ببوو.

جیاوازیگەلێکی جۆراوجۆر لە نێوان خوێندکارێکی نەریتە زارەکییەکان و کۆکەرێکی ناوچەیی فۆلکلۆردا هەیە. خوێندکارێکی نەریتی زارەکیی لەو روانگەوە بۆ مەسەلەکە دەنوارێ کە کام بابەت شایانی لێکۆڵینەوە و تاوتوێکردنە. بۆ نموونە شین و زاری بۆ ئەو کەسانە کە لە سەروبەندی کۆڕەوەکەی ١٩٩٢ لەناوچووبوون، بە شێوازێکی خۆرزو بە شکڵێکی نۆژەن، ئاوێتە دەبوو و بەرێوەدەبردرا. ئەم شێوازە وەك بەڕێوەبردنێکی زارەکیی زانستییانە، شایانی لێکۆڵینەوەو تاوتوێکردنە. لە لایەکی ترەوە، بیروڕای ناوچەیی بایەخێکی زۆر بۆ ئەوەی کە پێی دەڵێن فۆلکلۆر (واتا ئەو نەریتانە کە هەست پێدەکرێت کۆن و شایانی رێزن) دادەنێت. هەندێك لە زانایان، کۆمەڵێك داهێنانی شارەزایانە و بەردەوامیان تەنانەت لەمەسەلە مێژووییەکاندا هێناوەتە ئاراوە. بەڵام بەهەرحاڵ لە بادینان، هەست بەوە دەکرێت کە گۆرانییە کۆنەکان، شایانی گۆڕین نین، هەرچەند کە ئاڵوگۆڕەکان، بە شێوازی نادیار دێنە ئاراوە. هەروەها ئەم چەمکە کە تەنها گێڕانەوەیەکی دروست لە یەك نەریت هەیە (کە ناوەندی لێکۆڵینەوە زارەکییەکانە)و شکڵە فرەچەشنەکان بە پێی مەبەست و ئاستەنگیەکانی ئەو کەسە بەڕێوەدەچێت، لەگەڵ بیروڕای مەحەلیدا یەکناگرێتەوە. بەهەرحاڵ، کاریگەریی خوێندەواری و پێگەو رێزی خوێندن لەنێو کوردان، ئەوەندە زۆرە کە لە کاتێکدا گێڕانەوەیەکی تایبەت لەگەڵ ئەو گێڕانەوەیە کە خەڵك لە کۆمەڵە فۆلکلۆریە بڵاوکراوەکاندا خوێندوویانە، جیاواز بێت، خەڵك دەڵێن ئەو گێڕانەوە تایبەتە لە چیرۆکەکە هەڵەیە.

## ناسیۆنالیزم و کولتووری گشتیی لە ناوچەی کوردنشیندا

لە ساڵی ١٩٩٢، حەزکردن لە فۆلکلۆری کورد لە کوردستانی عێراق، پێوەندییەکی نزیکی لەگەڵ بارودۆخی سیاسی سەردەمدا هەبوو. ئاوەدانکردنەوەی سیاسیی کوردستانی عێراق، یەکێك لە ماکە گرینگەکانی پێکهاتنی هۆشیاری نەتەوەیی بوو، بەڵام هۆکارێکی گرینگی دیکە، پێداگرتن لەسەر ماکە هاوبەشەکانی کولتووری و باوباپیری بوو. بەهەرحاڵ سەرەڕای کەمیی کاغەز (هەروەك کەمیی پێداویستیگەلێك وەك خواردەمەنی و سووتەمەنی) نووسەرانی کورد،



بەرهەمی ئەدەبی نوێیان دەخولقاند و گۆرانی و چیرۆکە نەریتی و کۆنەکانیان کۆدەکردەوە. ئێزگە تەلەفزیۆنیەکان، گۆرانیو هەڵپەرکێی نەریتی و نۆژەنی کوردیان پیشاندەدا کە بە جلوبەرگی کوردییەوە بەڕێوە دەچوو. کۆمەڵێك فیلمی دۆکیومێنتی دەربارەی گوندە بێوێنەکان کە کاولکرابوون و پاش ساڵی ١٩٩١ ئاوەدان کرابوونەوە، دروستکرا. بەساڵاچووان دەربارەی ژیانی گوندیی خۆیان قسە و باسیان دەکرد و گۆرانییەکانی سەردەمی گەنجیان وەبیر دەهێنایەوە. هەروەك گەلێ لە بزووتنەوە ناسیۆنالیستەکانی دیکە، رۆشنبیران و سیاسەتمەداران ئارەزوویان دەکرد کۆمەڵگای خۆیان نوێ بکەنەوەو لە رێگای پێداگری لەسەر ناسنامەی تایبەتی کوردیی خۆیان، نەتەوەکەیان بەهێز بکەن. خەڵکی شار، سەردەمی گەنجیی خۆیان لە گوندەکان بە پەرۆشەوە وەبیر دەهێنایەوە و ئەمە تەنها دڵتەنگیەك بۆ وڵات یان لە بیرکردنی سەختییەکانی ژیانی گوندیی نەبوو، بەڵام بە نیسبەت ئەنجامی هەستەکان (کە کوردانی سەر بە هەموو چینێك لە کورستانی عێراق دەریان دەبڕی) ژیانی راستەقینەی کورد، ژیانی گوندییەو گوندەکان خەزێنەی کولتووری کوردن. ژیانی شارو ئاسوودەییەکانی لەوانەیە بووبنە نۆرمێك، بەڵام ئاوەدانکردنەوەی گوندە کاولکراوەکان بۆ کوردەکانی عێراق لە هەموو شتێك لە پێشتر بوو.

## نەریتە زارەکییەکان لە ژیانی گوندیدا

هەرچەند کۆمەڵێك جیاوازیی روون لە نێوان ئەو هۆکارانەی کە لە رابردوودا لە نەریتە زارەکییەکانی ژیانی گوندییدا دەوریان بینیوە هەیە، بەڵام دیمەنی گشتیی ئەم بابەتە بە پرسیارکردن لە خەڵکی سەرانسەری بادینان، بۆم روون بووەوە. بەر لە دروستبوونی تەلەفزیۆن، گۆرانیبێژییو چیرۆکبێژیی، بەشی سەرەکی سەرگەرمی ناوچەیی پێکدەهێنا. ئێوارەکانی وەرزی زستان، باشترین کات بۆ تەفری و سەرگەرمیی بوو، واتا ئەو کاتانەی کە خەڵك لە دەوری یەك کۆدەبوونەوە بۆ ئەوەی خۆیان گەرم بکەنەوە. بەڵام لە مانگەکانی وەرزی هاویندا، کار و چالاکیی نەیدەهێشت خەڵك لە دەوری یەك کۆببنەوە و کاتی پشوو کەمتر بوو. زۆربەی جاران، پیاوان لە ماڵی گرینگترین پیاوی شار یان گوند کۆدەبوونەوە بۆ ئەوەی زانیاری و واتەوات و پرسی رۆژانە ئاڵوگۆڕ بکەن. گۆرانی و چیرۆکیش دەگوترا. ژنان بۆ یەکتر و بۆ منداڵەکانیان گۆرانیان دەگوت، بەڵام زۆربەیان لە گۆرانی وتن لە لای پیاوان شەرمیان دەکرد.[٨] زۆرێك لە پیاوان دەیانتوانی لایەلایەکانی سەردەمی منداڵی خۆیان و ئەو چیرۆکە جۆراوجۆرانە کە بۆیان گوترا بوو، بهێننەوە بیری خۆیان. هەندێك لەم چیرۆکانە، ئەفسانەی قارەمانانێك بوون کە پیاوەکانیش دەیانگێڕانەوە، لەحاڵێکدا کە ئەفسانەکانی دیکە حاڵەتێکی

تایبەتیان هەبوو و مەبەست لە گێڕانەوەیان ئەوە بوو کە منداڵەکانیان بترسێنن، بۆ ئەوەی کاری خراپ نەکەن. ئەم نەریتە تایبەتە، ئەمڕۆش بەردەوامە، بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٩٢، دایکان بۆ ئەوەی کە منداڵەکانیان بترسێنن، پێیان دەگوتن سەدام هات.[٩] ئەم خەڵکە، گۆرانی و چیرۆکی جۆراوجۆریان – کە لە رووی شێواز و ناوەڕۆك و مەبەست لەگەڵ یەك جیاواز بوون- وەبیر دەهێنایەوە. خەڵك لە گوندەکاندا، چێژیان لە چیرۆکی ئەویندار و گۆرانییەکانی تایبەت بە جینسی ژن و پیاو وەردەگرت و گوێگرەکانیش داوای هەمان گۆرانییان لە گۆرانیبێژان دەکرد.

هەندێك کاری تایبەت هەیە کە لەگەڵ وتنی گۆرانی تایبەتی خۆیدا ئەنجامدەدرێت. لە رابردوودا، هەروەك ئێستا، هەڵپەڕکێی کوردی لە زەماوەند و جەژنەکاندا لەگەڵ گۆرانی کوردی بەڕێوەدەچوو. کاتێك کە کەسێك لە کۆمەڵگا دەمرد، ژنانی گوندی لە رێورەسمی پرسە و سەرەخۆشیدا، هەندێك ئاوازیان دەخوێند. ئەگەر کەسی مردوو پیاوێکی گرینگ بوایا، ئاوازخوێنی پیاویش هەندێك ئاوازیان لە ستایشی ئەودا دەگوت. زۆربەی ئەم ئاوازانە، بە شێوازی غەیرە فەرمی لە لایەن هەموو ئەندامانی کۆمەڵگاوە دەگوترا، هەرچەند کە هەندێك کەس هەبوون پسپۆڕی گوتنی ئەم ئاوازانە بوون. هەندێك ئاوازی بەیتەکان وەك بەیتی دمدم و مەمی ئاڵان لە شیعری زۆر درێژ پێکدەهاتن و لەلایەن هەندێك کەسی تایبەتەوە کە لە مامۆستاکانی خۆیان فێری ببوون، دەگوترا. ئەم کەسە نیمچە پرۆفشناڵانە کە لە بادیناندا پێیان دەڵێن سترانبێژ، بۆ شوێنانی دوور سەفەریان دەکرد و بۆ گۆرانی وتن پارەیان لە خەڵك وەردەگرت. زۆرێك لە خەڵکی گوندەکان، گۆرانیبێژیی خۆیان وەبیر دەهێنایەوە و دەیانتوانی کێبەرکێی نێوان دوو یان چەند گۆرانیبێژ وەبیر بهێننەوە. ئەم کێبەرکێیە، هیچ ناوبژیکەرێکی فەرمی نەبوو. گۆرانیبێژەکان دەستیان دەکرد بە گۆرانی وتن و هەرکامیان هەوڵی دەدا ئەوی دی ببەزێنێ. لە کۆتاییدا، کەسێك کە دەستی لە گۆرانی وتن هەڵدەگرت، دەیدۆڕاند. بە وتەی گوندنشینان، ئەم کێبەرکێیانە دەیتوانی چوار رۆژ درێژەی هەبێت.[١٠]

## ئیشتراکیگەرایی[*]

سیاسەتی کاولکردنی گوندەکان و سەرلە نوێ نیشتەجێکردنەوەی گوندنشینەکان لە گوندە گەورە بەناو ئیشتراکییەکان، پاش هەڵوەشانی سەرهەڵدانی کورد لە ساڵی١٩٧٥، بە توندی لە

(*) مەبەستی نووسەر، لە ئیشتیراکگەرایی، تێکدانی گوندەکانی کوردستان و کۆکردنەوەیانە لە ئۆردوگای زۆرەملێ بەناوی "گوندی هاوچەرخ" (دەزگای موکریانی).



لایەن دەوڵەتی عێراقەوە بەڕێوە دەبرا. سەرچاوەکانی لایەنگری دەوڵەت لە رابردوودا بۆ پاساوهێنانەوە بۆ ئەم سیاسەتە، بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە گوندە بە کۆمەڵەکان، کاریگەریی نۆژەنسازیان هەیە و دەستراگەیشتن بە پێداویستییە پزیشکی و پەروەردەییەکان ئاسانتر دەکەن. بەهەرحاڵ پاش ساڵی ١٩٩١، بیانییەکان ئەو ئازادییەیان بۆ رەخسا تا سەردانی ئەم ناوەندە نیشتەجێیانە بکەن و باروودۆخی زۆر خراپی ئەم ناوەندانە ببینن. دانیشتووانی گوندە بەکۆمەڵەکان، بە گشتیی گلەیی و سکاڵای بەسۆزو بەجێی زۆریان سەبارەت بە نەبوونی پێداویستییە سەرەکییەکان، هەژاری و بێکاری هەبوو. هەندێك لە گوندە بە کۆمەڵەکان (وەك نموونە ئەوانەی کە لە نێزیکی دهۆك بوون و دانیشتووەکانی ئێزیدی بوون) لە شوێنی گوندە پێشووەکاندا دروستکرابوون. روونە کە ئەو شوێنانە لە رابردوودا تەنها تێری سەدکەس لە دانیشتووانی گوندی دەکرد، بە سادەیی ناتوانێت بە سەرچاوە هەنووکەییەکان ولامدەری پێداویستییەکانی هەزاران کەس لە دانیشتووانی گوندە بە کۆمەڵەکان بێت.[١١] هەندێك لە کۆمەڵگا گوندییەکانی کوردان بڵاوەیان پێکرا یان بۆ ناوچەکانی باشووری عێراق دوورخرانەوە. بە تایبەت دانیشتووانی ناوچەکانی بارزان و ئەوانی دیکە وەك ئێزیدییەکان، هەستیان بەوە دەکرد لە کاتێکدا کە لە گوندە بەکۆمەڵەکاندا (کە لە نزیکی گوندەکانی پێشووی خۆیان دروستکرابوون) نیشتەجێن، ئاسانتر لە لایەن دەوڵەتەوە کۆنترۆڵ دەکرێن.

## کاریگەرییەکانی ئیشتراکیگەرایی لەسەر کولتووری کورد

کاریگەریی لە رادەبەدەری ئیشتراکیگەرایی لەسەر کولتووری کورد، لەمیانەی سەردانەکانی ئەم نووسەرە لە گوندە ئیشتراکییەکان، روون بۆوە. هەموو دانیشتووانی گوندە ئیشتراکییەکان کە سەبارەت بە نەریتە زارەکییەکان پرسیاریان لێکرا، خەفەتیان بۆ ژیانی پێشووی خۆیانیان لە گوندە بچووکەکاندا دەخوارد، هەرچەند زۆرێك لەوان بە تایبەت ژنان، بەشێك لە کاتی خۆیان بە کارکردن بەسەر دەبرد. گەنجەکان کە تەنها بەشێکی بچووك لە ژیانی خۆیان لە گوندەکانی شوێنی لە دایك بوونی خۆیان، تێپەڕ کردبوو، گۆرانی نەریتی و چیرۆکی کەمیان دەزانی. تەنانەت بۆ مامناوەند ساڵەکان و منداڵەکان، گۆرانیبێژی و وتنی چیرۆکەکانی سەردەمی گەنجی، ئاستەم بوو.[١٢] بەهەرحاڵ بەشێك لەم کێشەیە بە هۆی کاریگەریی تەلەفزیۆن و بەشێکی دیکە بە هۆی کاریگەریی ئیشتراکگەرایی و نەهامەتییەکانی دیکە، بە تایبەت شەڕی ئێران و عێراق و ئەنفال (خەباتی دژە کوردانەی دەوڵەتی عێراق کە بە درێژایی دەیەی ١٩٨٠ بەڕێوە چوو) بوو.

له زۆرێك له کولتوورەکاندا، چیرۆکبێژی و گۆرانیبێژی و تەك نەوازی، لەرادەبەردەر گرینگە، بەڵام جۆرە جیاوازەکانی نەریتەکان، تەنها لە بوارگەلی تایبەتدا بەکار دێن. ئەم نەریتانە دەبێت بە دەستی تاك یان گرووپە لێهاتووەکان، بە شێوازی راست و لە کاتی گونجاودا بەرێوە بچن. وەك نموونە، لە زۆرێك لە کۆمەڵگاکانی بادینان، شرۆڤەیەکی ناوچەیی روون هەبوو کە دەیگوت هەڵپەڕین، گۆرانیبێژی (ناوێزای شین و زاری)و چیرۆکبێژیی (ناوێزای کاتە تایبەتەکان) لە کاتگەلێکی پڕ نەهامەتی وەك ئێستا، نابەجێیە.[١٣] پاراستنی ناسنامەی هەموو گوندە کاولکراوەکان، بە ئاشکرا بۆ خەڵك گرینگ بوو، وەك نموونە ژنانی دانیشتووی گوندە ئیشتراکییەکانی قوشتەپە (لە نێزیکی هەولێر)، نە تەنها دەیانتوانی گوندەکەی خۆیان وەسفبکەن، بەڵکو هەروەها دەیانتوانی گوندەکانی دەوروبەری خۆشیان وەسفبکەن. لە کۆمەڵگای ئێزیدیدا، پەرستگەی گوندەکان لەگەڵ مەنارە مەخرووتی شکڵەکاندا کە کاولکرابوون، لە شوێنە نوێیەکانی گوندە ئیشتراکییەکان، سەرلەنوێ دروستکرانەوە و درێژەیان بە دەوری خۆیان لە ژیانی کۆمەڵگادا، دا. لە گوندە ئیشتراکییەکاندا، خەڵك درێژەیان بە بەرێوەبردنی جەژنە نەریتییە ئێزیدییەکان کە پێی دەڵێن تەواف، دەدا. لە رابردوودا، هەر گوندێك تەوافی خۆی هەبوو. لە سەرانسەری بەهاری ١٩٩٢، دانیشتووە ئێزیدییەکانی گوندە ئیشتراکییەکان بۆ هەرکام لە گوندە کاولکراوەکان، رێوڕەسمی جیایان دەگرت.

## نەریتە زارەکییەکانی ئێزیدییەکان

بە سەرنجدان بە بایەخی هەم شکڵە کۆنەکان و هەم شکڵە نوێیەکانی نەریتە زارەکییەکانی باو لە ناوچەی کوردنشین لە ساڵی ١٩٩٢، سوژەگەلێکی یەکجار زۆر بۆ لێکۆڵینەوە و تاوتوێکردن هەبوو، بەڵام ئێمە مێژووی زارەکیی ئێزیدییەکانمان بۆ ئەم مەبەستە لەبەر چەند هۆ هەڵبژارد: یەکەم ئەوە کە ئێزیدییەکان، گرووپێکی جیاوازو سەرشناس لەنێو کۆمەڵگادا بوون و وەك کەمینەیەکی ئایینی، تووشی ئازار و ئەزیەت و هەڵاواردنێکی زۆر ببوون. دووەم، لە رابردوودا کاربەدەستانی ئایینی ئێزیدی وەها بیریان دەکردەوە کە خوێندن و نووسین بۆ هەموو ئێزیدییەکان (ناوێزای ئەندامانی تایفەی رێبەرانی ئایینی واتا شێخەکان) خراپە. هەر بۆیە، نەریتە غەیرە ئایینییەکانی ئەوان، بە شێوازی زارەکی پشتاوپشت گوازراوەتەوە. وەها دیارە کە نەخوێندەواری لەنێو ئێزیدییەکاندا ، لە گرووپەکانی دیکە زۆرترە. زێدەباری ئەمە، ئێزیدییەکان بە هۆی ئەو ئازارو ئەزیەتانەی کە بینیویانە، وەك خەڵکێکی بەدگومان و مەرمووز نایانەوێت هیچ شتێك



دەربارەی شێوەی ژیان و ئایینی خۆیان بۆ بیانییەکان ئاشکرا بکەن، ناسراون. کەوابوو، لە رابردوودا شتگەلێکی کەم سەبارەت بە ئەوان دەزانرا. ئەمە لە حاڵێکدایە کە زۆرێك لە لایەنەکانی کولتووری زارەکیی ئەوان، پێوەندی بەکۆمەڵگای کوردەوە هەیە.

## رەوشی ئێزیدییەکان لە کوردستانی عێراقدا

بارودۆخی ئێزیدییەکان و نەریتەکانیان لە کۆمەڵگای کوردستانی عێراق، بەگشتیی بارودۆخی کۆمەڵگای کورد لە بادینان روون دەکاتەوە. چ لە کۆمەڵگای موسڵمانەکانو چ لە کۆمەڵگای مەسیحییەکانی بادینان، قەزاوەتگەلێکی دەمارگرژانە دەرهەق بە ئێزیدییەکان هەیە. بۆ نموونە دەگوترێت، ئێزیدییەکان نەخوێندەوار، بێکولتوور و پاکژ نین و هەندێك خەڵك هێشتا بە شەیتانپەرستیان وەسف دەکەن. هەڵبەتە دەوڵەتی کورد، هێزی دەنگدانی کۆمەڵگای ئێستای ئێزیدی لە هەڵبژاردنەکاندا و بارودۆخی ئیستراتژیی ئەوانی بۆ دوو حیزبی سەرەکیی کوردستانی عێراق، بە فەرمی ناسیوە و پێداگری لەسەر خۆبەدوورگرتن لە نانەوەی ناکۆکی لە نێوان کۆمەڵگاکانی ناوچەی کوردنشین کردووە. ئەمانە کۆمەڵێ هەوڵی سەرنجڕاکێشن کە ئێزیدییەکان دەهێنێتە نێو کۆمەڵگایەکی مەزنتر.

بەهەرحاڵ، روانگەیەکی سیاسی بە نیسبەت ناسنامەی ئێزیدییەکان هەیە، لەبەرئەوەی کە ئایدیۆلۆژی فەرمی حیزبی بەعس دەیگوت ئێزیدییەکان، عەرەبن. هەڵبەت ئایینی ئێزیدی بە دەستی سۆفییەکی عەرەب بەناوی شێخ عودەی بن موسافیر دامەزراوە، بەڵام ئێستا ژمارەیەکی کەم لە بنەماڵەی شێخەکان، بانگەشەی ئەوە دەکەن کە لە نەتەوەی عەرەبن، هەرچەند کە دوو کۆمەڵگای گرینگی ئێزیدی، عەرەب زمانن. بەهەرحاڵ، بەشی هەرە زۆری ئێزیدییەکان، بە درێژایی سەدەکان، کوردزمان بوونە و ئەم هەڵوێستەی دەوڵەتی عێراقیش سەبارەت بە ناسنامەی ئێزیدییەکان، تا رادەیەك بە بەشداریکردنی ئێزیدییەکان لە سەرهەڵدانی کورد لە دەیەی ١٩٧٠، پووچەڵ کرایەوە. هەم پارتی دێموکراتی کوردستان (KDP)و هەم یەکێتیی نیشتمانی کوردستان، شەهیدگەلێکی ئێزیدی بەناوبانگیان هەیەو لە ئاستی سەرکردایەتی ئەم دوو حیزبەو حیزبە بچووکەکانی تری کورد، ژمارەیەك کادری ئێزیدی هەیە. بەگشتیی حیزبە کوردییەکان رێز لە ئایینی ئێزیدی دەگرن و رۆژنامە و تەلەفزیۆنەکان، بە بۆنەی جەژنە ئایینییەکانەوە پیرۆزبایی لە ئێزیدییەکان دەکەن. هەروەها کاربەدەستانی پایەبەرزی حیزبەکان، لە جەژنی ئێزیدییەکاندا بەشداری دەکەن. بۆ نموونە، لە هاوینی ساڵی١٩٩٢، رێبەری KDP، مسعود بارزانی، لە

مەزارگەی پیرۆزی ئێزیدییەکان لە لالش بە فەرمی لەگەڵ میری ئێزیدییەکان کە ئەندامی KDP لە پارلمانی کوردستاندا بوو، دیداری کرد و ئەم دیدارە لە تەلەفزیۆن پیشاندرا. هەروەها ئێزیدییەکان لە بواری دروستکردنی هۆشیارییە نەتەوەییەکاندا، بۆ دەوڵەتی کورد سوودمەند بوونە، لەبەرئەوەی کە ئایینی ئێزیدی خاوەنی کۆمەڵێك توخمی پێش ئیسلامە، وەك ئایینی راستەقینەی کورد هان دەدرێت و بەفەرمی ئێزیدییەکان بە کوردی رەسەن دەناسرێن. هەڵبەتە داکۆکی لە گۆڕینی ئایین ناکرێت و ئەمە شتێکی زۆر نائاساییە کە کوردێکی موسڵمان بیەوێت، ببێت بە ئێزیدی و بێتە نێو کۆمەڵگایەك کە هێشتا یەکانگیر نەبووە، دابەشکراوە و بارودۆخێکی نالەباری هەیە. بەهەرحاڵ رێوشوێنە ئایینییەکانی خودی ئێزیدییەکانیش، رێگری لەم گۆڕانە دەکات. دەوڵەتی کورد کە دەوڵەتێکی عیلمانی و غەیرە ئیسلامییە، بە ئاسانی لە ئێزیدییەکان کەڵك وەردەگرێت بۆ ئەوەی کە مێژووی کەونارای پێش لە زایینی کوردستان (کە هیچ خێرێکی لە کولتووری عەرەبی ـ ئیسلامی نەبینیوە) بباتە سەرەوە. ئەمە یەکێك لە لایەنە گرینگەکانی ناسنامەی کوردە کە دەوڵەتی کورد پاڵی پێوە دەنێت.

## مێژووی زارەکیی ئێزیدییەکان

ئێزیدییەکان، تێگەیشتنێکی زۆر روونیان لەبارەی توخمە پێکهێنەرەکانی فۆلکلۆری خۆیان هەیە. ئەو هەموو کەسانەی کە من پرسیارم لێ کردن،[١٤] ئاماژەیان بە گرووپێك گۆرانی دەکرد کە بە بیرو بۆچوونی هەموویان بە دەستی سترانبێژێك (گۆرانیبێژێك) بە نێوی بورویوی شەرقی گوتراون. بورویوی شەرقی، شاعیرێکی ئێزیدی بووە کە لە دیوەخانی ئیبراهیم پاشای میللیدا ژیاوە.[١٥] بەهەرحاڵ هەرچەند کە ئیبراهیم پاشا بۆ خۆی موسڵمان بووە، بەڵام کۆنفیدراسیۆنی عەشیرەتی میللی، کۆمەڵێك عەشیرەتی جۆراوجۆری ئێزیدی لەخۆگرتووە.[١٦]

لەحاڵێکدا کە هیچ گومان لەوەدا نییە کە شکڵی گۆرانیبێژی فۆلکلۆری ئێزیدی لەلایەن گرووپەکانی دیکەوە وەك شتێکی جودا بە فەرمی ناسراوە و هەندێك گۆرانی تەنها لە لایەن ئێزیدییەکان و هەندێکی تر تەنها لە لایەن موسڵمانەکانەوە دەگوترێت، بەڵام ئەم دوو گرووپە بە تەواوی لێکجودا نین و هێڵی مەودای نێوان مێژووی زارەکییان تەواو نییە. وەك نموونە هەندێك لە سترانبێژەکان کە بە شێوازی بەناو ئێزیدی گۆرانی دەڵێن، موسڵمان و زۆرتر سەر بە عەشیرەتەکانی سنجارن (کە بریتییە لە هەندێك تایفەی ئێزیدی و موسڵمان). خودی ئێزیدییەکانی بادینان و سنجار، گۆرانییە فۆلکلۆرییەکانی خۆیان لە رووی ناوەڕۆکەوە بۆ چوار



جۆر دابەش دەکەن: گۆرانی مێژوویی، گۆرانی شین و زاری (سەردولکە)، گۆرانی ئەوینداری و گۆرانی جەنگی. هەڵبەتە شکڵی مۆسیقا و گوتنی ئەم گۆرانیانە، لە هەموو جۆرەکاندا لە یەك دەچێت و چیرۆکە هاوشێوەکان، زۆربەی جاران دەتوانن سەر بە چەند جۆر لە جۆرەکان بن. بۆ نموونە، گۆرانییەك لەمەڕ شەڕەکانی قارەمانێك، دەتوانێت وەك گۆرانیەکی جەنگی پۆلینبەندی بکرێت، بەڵام گۆرانی خوشکی قارەمانەکە کە بە بیستنی هەواڵی مەرگی قارەمان لە گۆڕەپانی شەڕدا دەگوترێت، پێی دەڵێن گۆرانی شینو زاری (سەردولکە).

ئەو سروودانەی کە ئاوازی مێژوویی (سترانا تاریخی) لە قەڵەم دەدرێن، بە هۆی شکڵی مۆسیقا و پێکهاتەی چیرۆك، لەگەڵ بەیتە کوردییەکان وەك مەمی ئالان یان دمدم جیاوازن. ئەم گۆرانییە مێژووییانە، زۆرتر لە بارەی شەڕ لەگەڵ هێزەکانی دەوڵەت یان عەشیرەتەکانی دیکە یان شەڕ لە نێوان ئەندامانی عەشیرەتێکدا، دەدوێن. ئیسترانێن غەریبی (گۆرانی غەریبایەتی)، هەمان شین و زاریانە نین کە لە بادیناندا پێی دەڵێن شین و لە کاتی مردنی یەکێك لە ئەندامانی بنەماڵە، لە لایەن ژنانەوە دەگوترێت. دەبێت ئەم پۆلێنبەندییە ناوچەییانە لە بیر نەکەین لەبەرئەوەی کە رێنوێنیگەلێکی پڕبایەخ دەربارەی بیرو بۆچوون و چاوەڕوانییەکانی گوێگر لەمەڕ گۆرانییەکە دەدەن بە ئێمە، کەوابوو، کاربوردی ئەم گۆرانییانە لە کۆمەڵگادا روووندەکاتەوە. بەهەرحاڵ مەسەلەی دابەشکردنی ئاوازەکان، شتێکی ئاڵۆزە و ناوەڕۆکی خودی گۆرانیەکەش، بە تەنها بۆ گونجاندنی گۆرانییەك لەنێو بەشێکی تایبەتدا بەس نییە، بەڵام لە دیدی کەسێکی بیانییەوە گونجاندنی هەموو ئەو گۆرانییە فۆلکلۆرییانە لەژێر ناوی مێژووی زارەکی بەسوودترە.

هەرچەند کە ئێمە ناتوانین هەمان متمانە کە بە بەڵگە نووسراوەکانمان هەیە، بە مێژووی زارەکیش بدەین، بەڵام دەتوانین زانیارییەکانی خۆمان بە شێوازگەلی جۆراوجۆر پتر بکەین. لەو بوارانەدا کە راستییە بنەڕەتییەکان بتوانن لە بەرامبەر سەرچاوە نووسراوەکاندا تاوتوێ بکرێت، ئەو بابەتانەی کە بە شێوازی زارەکیی پشتاوپشت گوازراونەتەوە، دەتوانێت وردەکاری بەسوود بە ئێمە بدات. هەڵبەتە هەرکام لەمانە، دەبێت بە وردی هەڵبسەنگێندرێت. ئەگەر لێرە بە دڵنیاییو لێبڕاوانە پێ لەسەر حەقیقەتێکی تایبەتدابگیردرێت، لەوانەیە هۆی زۆر بۆ گونجاندنی ئەو حەقیقەتە لە ناو نەریتدا(نە حەقیقەتی بەرچاو) هەبێت. بەگشتیی، مەسەلەی ئاستەمتر دۆزینەوەی هۆیەك بۆ گونجاندنی توخمێکی گریمانەکراو لە ناو پۆلینبەندییەکدایە، توخمێك کە لە واقیع نزیکتر بێت. بەهەرحاڵ، راستییە بەرهەستەکان، تەنها زانیاریگەلێکی بەسوودن کە لە مێژووی زارەکیی دەردەخرێن. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە چ بابەتێك گونجاندراوە و چ بابەتێك لە

قەڵەم نەدراوە و بۆچی گونجاندراوە و بۆچی لە قەڵەم نەدراوە، مرۆڤ دەتوانێت لە شتێکی زۆرتر سەبارەت بە هەڵوێستەکانی کۆمەڵگا لە رابردوو ئێستا تێبگات. هەڵبەتە نەتەنها ناوەڕۆکی سوژەکان، بەڵکو شکڵو بارودۆخی ئەوان لە کۆمەڵگاشدا، گرینگە.

هەروەها کە باسمانکرد، لە بابەتگەلێك وەك مێژووی عەشیرەتیی کورد کە تێیدا نەریتەکان بە شێوازی زارەکیی نەقڵ دەکرێن، بیرەوەری بە کۆمەڵ تەنها لە ژیانی بێژەران بەکاردێت، کەوابوو بیرەوەری نەوەکانی بەر لە ئێمە لێڵ بووە، کەوابوو لە ئاکامدا کۆمەڵگایەکی ئەدەبی دەتوانێت جیاوازییەکی روون لە نێوان پێگەی گوندێك کە بە ماوەی ١٥٠ ساڵ و گوندێکی دیکە کە بە ماوەی ٥٠٠ ساڵ داگیر کراوە، دابنێت.

ئەمە لە حاڵێکدایە کۆمەڵگایەك کە نەریتەکانی بەشێوازی زارەکیی دەگوازرێنەوە، وەك کۆمەڵگایەکی لە رادەبەدەر کۆن سەیر دەکرێت. لەوانەیە مرۆڤ بزانێت کۆمەڵگایەك لە کۆمەڵگایەکی دیکە کۆنترە، بەڵام جیاوازی دانان لەنێو ئەم دوو توخمە یان لانی کەم توخمەکانی کولتووری ئەدەبی، لێڵ دەبێت. بۆ نموونە، کۆمەڵگاگەلێك وەك عەشیرەتی ئێزیدی هاوری دەرەبوون و عەشیرەتی خانێك کە پاش شەڕی یەکەمی جیهان لە تورکیا بۆ عێراق کۆچیان کردووە، هێشتا وەك قەڵەمڕەوی مێژوویی عەشیرەتی خۆیان، سەیری زەوییە گوندییەکانی عێراق دەکەن، هەرچەند کە بیرەوەرییەکی بەکۆمەڵ لەمەڕ سەرزەمینە پێشووەکان لەناویاندا هەیە. بەهەرحاڵ، ژمارەیەکی زۆر کەم دەتوانن زەوییەکانی خۆیان لە تورکیا وەبیر بهێننەوە و کۆمەڵکوژییەکانی کۆتایی سەدەی ١٩و سەرەتای سەدەی ٢٠، وەك حەقیقەتێکی کۆن سەیر دەکرێن، هەرچەند کە ئەو رووداوانە زۆر پێشتر روویانداوە، وەك رووداوگەلێکی زۆر دوور سەیر ناکرێن. بۆ نموونە پیاوێکی بەساڵاچووی ئێزیدی سەر بە عەشیرەتی قەیدی لە شاریا، بەتەواوی لە وتنی چیرۆکی یەزدی میرزا خۆی دەبوارد. یەزدی میرزا، قارەمان و فەرمانڕەوای موسڵ بووە کە کۆمەڵێك تۆڵەی خوێنینی لە دوژمنانی موسڵمانی خۆی سەندۆتەوە و پاشان بە دەستی ئەولیای چوولەپی کوژراوە. چیرۆکی یەزدی میرزا، زۆربەی جاران لەنێو ئێزیدییەکاندا دەگێڕدرێتەوە، بەڵام ئەو پیاوە بەساڵاچووەی ئێزیدی خۆی لە وتنی ئەم چیرۆکە دەبوارد لەبەرئەوەی کە لە تۆڵە سەندنەوەی موسڵمانەکان دەترسا. بەهەرحاڵ، ئەم بابەتە کە رووداوەکانی چیرۆکی یەزدی میرزا لەساڵی ١٦٤٩دا روویاندابێت هەڵەیە، لەبەرئەوەی کە لە رووداوەکانی سەردەمی باوەگەورەی چیرۆکبێژەکە، زۆر دوور نەبوون. هەڵبەتە گەنجە خوێندەوارەکانی ئێزیدی لەگەڵ بیر و بۆچوونی چیرۆکبێژدا نەبوون و هەرچەند کە باوەڕیان بە راستبوونی گۆرانییە فۆلکلۆرییەکان هەبوو، بەڵام وەك رووداوگەلێکی زۆر نزیك بە سەردەمی ئەمڕۆ، سەیریان نەدەکردن.



لایەنێکی گرینگی دیکەی مێژووی زارەکیی (لە بەرامبەر مێژووی نووسراو) ئەوەیە کە پێکهاتەی گێڕانەوەکان لەسەر بنەمای کۆمەڵێك هێڵی کەم تا زۆر لاساییکەرەوەییە.[١٧] بەشێك لەم کێشەیە بە هۆی یارمەتی نەکردنی بیرە، بەڵام هەندێك هۆکاری دیکەش کاریگەرییان هەیە. بۆ نموونە، زۆرێك لە گۆرانییەکانی ئێزیدییەکان، باسی شەڕ دەکەن کە گەلێکیان نموونەیەکی هاوشێوەیان هەیەو کۆمەڵێك توخمی هاوشێوە لەخۆدەگرن. ئەم توخمانە، بە ئاشکرایی هەست بەوە دەکرێت کە بەشێکی گرینگ لەم جۆرە گۆرانیانەبن و زۆربەی جاران پێوەندییان بە گۆرانییەکەوە هەیە تا خودی شەڕەکە. تەنانەت لە هەندێك لە گۆرانیەکاندا، ناوی کوژراوەکان لە گێڕانەوەی خودی شەڕەکە زۆرترە.

## گۆرانیبێژی

ئەو گۆرانیانەی کە ئێزیدییەکان پێی دەڵێن فۆلکلۆر، لە لایەن ئێسترانبێژان (گۆرانیبێژان)وە دەگوترێت. ئەو گۆرانیبێژانەی کە نووسەر بینیونی، بێ رێوڕەسم بوون. چ گۆرانیبێژو چ گوێگرەکان، چوارمشقی دادەنیشتن و گوێگرەکان کە زۆرتر پیاو بوون (ژن و منداڵەکان زۆرتر لە دوور دادەنیشتن) بە رێز و حورمەتەوە، گوێیان لێ دەگرتن. گۆرانیبێژ، سازێك (هەندێك جار عودێك)ی پێیە و کەم تا زۆر بەشێوازێکی یەکنەواخت دەیژەنێت. لە گۆرانییە یەك ئاهەنگەکان وەك گۆرانی فەریق پاشا (پاشان باسی دەکەین)، گۆرانیبێژ تەنها لە مەودای کۆپلەی شیعرەکاندا، مۆسیقا لێ دەدات و کۆپلەی شیعرەکە دەکات بە چەند بەش یان رستە و لە کۆتایی هەربەشێکدا، تۆنی خۆی نزم دەکاتەوە. وشەکان زۆر بە خێرایی دەگوترێنو گۆرانیبێژ لە گوتنی بڕگەکانی کۆتاییدا، درەنگ دەکات. بەهەرحاڵ، لەناوبەری ئەم گۆرانیانەدا، مۆزیکژەن، تووشی هیچ راوەستانێکی بەرچاو نابێت و گوێگر تەنها کاتێك بەم راوەستانە دەزانێت کە گۆرانییەکی نوێ دەستپێبکات. لە هەندێك لە گۆرانییەکانیشدا، گوێگران هەرا دەکەن یان لە کۆتایی کۆپلەکان یان گۆرانییە شادەکاندا چەپڵە لێدەدەن یان لەگەڵ مۆسیقادا پێ بە زەویدا دەکوتنو زۆرێك لە گوێگەرەکانیش هەڵدەستن و دەستدەکەن بە هەڵپەڕکێ.

## فەریق پاشا

هەروەک مرۆڤ چاوەڕوان دەکات، ئێزیدییەکان بیرەوەریی ئەو کۆمەڵکوژیانەی کە لە دژیان بەڕێوە چوون، پاراستووە. لە ساڵی **١٨٩٢**، سوپاسالار عومەر وەهبی پاشا لە لایەن دەوڵەتی عوسمانی لە ئیستانبۆڵەوە نێردرا بۆ ئەوەی باج کۆبکاتەوە. وەها دیارە کە فەرمانی تایبەت بە عومەر وەهبی پاشا درابوو تا بە مەبەستی پێکهێنانی هەنگی سوارەی میلیشیای حەمیدیە لەنێو ئێزیدییەکاندا، تا ئەو جێگایەی کە بۆی بکرێت ئێزیدییەکان بکات بە موسڵمان. ئێزیدییەکان، هەر لە کۆنەوە لە بەڕێوەبردنی خزمەتی سەربازی بۆ دەوڵەتی عوسمانی، خۆیان بواردبوو. ئەم بابەتە ساڵەها ببووە هۆی توورەیی و عاجزبوونی دەوڵەتی عوسمانی. وەهبی پاشا ژمارەیەک لە کەسایەتییە گەورەکانی ئێزیدی (لەوانە ئەمیری ئێزیدییەکان)ی بە زۆر کرد بە موسڵمان‌و کاتێک کە ئێزیدییەکانی دیکە، نارەزایەتییان لە بەرامبەر ئەم کردەوەیەی ئەو دەربڕی، وەهبی پاشا سوپایەکی بۆ تەمبێکردنی ئەوان نارد بۆ شێخان و سنجار.[١٨] سەربازەکان، لە گوندەکانی ئەم ناوچانە، مۆڵیان خواردو دەستیان کرد بە قەڵاچۆکردنی خەڵک. شەڕ دەستی پێکرد، ئێزیدییەکانی شێخان کە جووتیار بوون، نەیاندەتوانی خۆیان بپارێزن. گوندییەکان قەتلوعام کران. پەرستگەی لالش تاڵانکراو ئەوانە کە بەرخۆدانیان کرد(لەوانە برای میر) ئەشکەنجە دران. بەکورتی، بە ناوبژیکردنی دایرەی دەرەوەی بریتانیا و ئامۆژگاری ئیبراهیم پاشای میللی، سوڵتانی عوسمانی قانع بوو و عومەر وەهبی پاشای[١٩] لە ساڵی **١٨٩٢** بانگهێشت کردەوە.

مرۆڤ چاوەڕوانی ئەوە ناکات کە گۆرانییەکانی عومەر وەهبی پاشا(کە پێی دەڵێن فەریق پاشا، ئەرببابی سوپاسالار) هەموو وردەکارییەکانی ئەم رووداوە لەخۆ بگرن، بەڵام هەندێک جار، دڵنیا بوون لەمە ئاستەمە کە ئایا زانیارییە زارەکیی‌و نووسراوەکان، هێما بۆ هەمان بابەتگەلی مێژوویی دەکەن یان نا. بەهەرحاڵ، هەموو ئەوگێڕانەوە جۆراوجۆرانە کە لە کەلامی فەریق پاشا کۆکراونەتەوە، لە رووی وردەکاری و بەشوێن یەکترداهاتن، لەگەڵ یەک جیاوازن، بەڵام نموونە گشتییەکەی لەم توخمانە پێکدێت:

"کچێک کە هەندێک جار پێی دەڵێن گوڵێ، پیاوەکان کۆدەکاتەوەو پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە پیاوانە شەڕ بکەن.

فەرماندە، قسە هاندەرەکانی خۆی درێژە پێدەدا.

فەریق پاشا مەلعونە.



سوپای دەوڵەت، گەورە و بەهێزە.

شەڕ، ترسناک و پڕ هەرایە.

شەڕ سێ رۆژ درێژەی هەیە.

کچی عەلی دەترسێت، لەبەرئەوەی کە ناتوانێت دەنگی چەکەکەی ببیسێت.

ئاماژە بە کەرکوک دەکرێت.

یان دەبێت فەرماندەی ئێزیدی، دوژمن لەوێ دەر بکات یان پاشا، قوربانییە چارەڕەشەکان، لەوێ بباتە دەرەوە".

ئەم توخمانە، لە هەموو ئەو چوار گێڕانەوانەی کە ئێمە تاوتوێمان کردوون،[٢٠] روودەدات، بەڵام وردەکارییەکان و بەشوێن یەکدیدا هاتنەکەیان لە یەک جیاوازن. هەمووی گێڕانەوەکان، رادەیەکی زۆر بەزەیی و دڵسووتانیان لەگەڵدایە و زۆر پێ لەسەر قارەمانێتی و خۆڕاگری ئێزیدییەکان دادەگرن، بەڵام چەند راستی ناخۆش لەم بەینەدا هەیە. هەندێک رووداو کە مرۆڤ چاوەڕوان دەکات ئاماژەیان پێ بکرێت، لابراون. یەکێک لەم رووداوە ترسناکانە، چیرۆکی کوژرانی ژن و منداڵی ئێزیدییانە بەدەستی سەربازەکان کە تێیدا سەربازەکان لەوەرگەیەکی گەورە ئاگر دەدەن کە ئەم ژن و منداڵانە خۆیانیان تێدا شاردبووەوە.[٢١]

بە هەرحاڵ، هەندێک لە وردەکارییەکانی ئەم کەلامە، بە هیچ شێوەیەک راست نییە(بۆ نموونە ئاماژەکردن بە ئۆتۆمۆبیل). ئاماژەکردن بە کەرکوکیش، شتێکی رەمزناکە، لەبەرئەوەی کە پاشا لە موسڵ بووە.

هەندێک جار مرۆڤ لە خۆی دەپرسێت کە ئایا ئەم نەریتە، هیچ بایەخێکی هەیە. بۆ دۆزینەوەی وەڵامی ئەم پرسیارە، دەبێت لە دیدی مێژووییەوە، سەیری مەسەلەکە بکرێت. ئەو پێوەرەی کە تێیدا گێڕانەوەکانی فەریق پاشا لەگەڵ نموونە قبووڵکراوەکانی گۆرانییە رەزمییەکان بەراورد دەکرێت، کاتێک ئاشکرا دەبێت کە گۆرانییەکانی دیکەش حیسابیان بۆ بکرێت.[٢٢]

بابەتی ئەو ژنانەی کە پێ لەسەر پیاوان دەگرنەوە تا باش شەڕ بکەن و قسە هاندەرەکانیان، لەنێو هەموو گێڕانەوەکاندا، وەک یەکن. لە گۆرانییە ئێزیدییەکاندا، شەڕ سێ رۆژ درێژەی هەیە و دەنگی هێرشی دوژمن و بەرگرییەکان، بە هەمان حاڵەت وەسفدەکرێت. هەروەها ئەو وشە و دەستەواژانە کە لە گێڕانەوە جۆراوجۆرەکانی فەریق پاشادا بەکارهێنراون، لە هەموو ئەو گۆرانیانەی کە وەسفی شەڕ دەکەن، هەیە.

ئەو توخمەی کە گێڕانەوە جۆراوجۆرەکانی فەریق پاشا لە هەموو گۆرانییە جەنگییەکانی دیکەی جودا دەکاتەوە، شێوازی وتنی ناوی کەسایەتییە گەورەکانە. ناوی کەسایەتییە گەورەکان بە شێوازێکی زەق و تەواوو ڕێکوپێك دەردەبڕدرێت و دووپات دەکرێتەوە. بۆ نموونە، سیفوقی میتۆ، وەك سیفوقی میتو باوکی جرجیس و لە پێوەندی لەگەڵ لانی کەم کەسێکی بلیمەتی دیکەدا دەردەبڕدرێت. شوێنی شەڕ (تەپۆڵکەی عەرەبەکان) لە هەموو گێڕانەوەکاندا، لە کاتی جوداجودا دووپات دەکرێتەوە. بەهەرحاڵ ناکرێت ناوی ئەم شوێنە ناوچەیی‌و عەشیرەتیانە بەپێی سەرچاوە نووسراوەکانی ئەو سەردەمە پشتڕاست بکرێتەوە، بەڵام گوێگر لە ڕووی پێکهاتەی گۆرانییەکە، دەیان زانێت و لێیان تێدەگات. نموونە قبوولکراوەکەی ئەم کەلامە، لەگەڵ مێژوودا یەکدەگرێتەوە و وردەکاریی ڕووداوەکانی ئەو کاتە لە بیر نەکراون. بۆ نموونە ئێستاش هەندێك مرۆڤی ٨٠ ساڵ تەمەن هەن کە دەتوانن وردەکارییەکانی کۆمەڵکوژییەکانی سەدەی ١٩ کە لە دایك‌و باوکیان فێر بوونە، بگێڕنەوە.[٢٣] لە کەلامی فەریق پاشادا(وەك نموونەی کەلامێکی ڕەزمی) ئیسترانبێژ بۆ لەدەستچوونی ژیانی ئێزیدییەکان، شین و زاری دەکات، بەڵام حیساب بۆ ئێش و ئازارەکانی خەڵك ناکات، واتا پێ لەسەر زەینیەتی ئێزیدییەکان لەمەڕ خۆیان وەك کۆمەڵێك شەڕکەری ئازا و بێباك دەگرێتەوە، ئەمە بابەتێکە کە شایانی شیکردنەوەیە. لە ڕوانگەی گوێگرێکەوە، بۆ قەزاوەتکردن لەمەڕ کەلامی فەریق پاشا، دەتوانین بڵێین کە گێڕاوە تۆمارکراوەکانی ئەم کەلامە، لە جۆری خۆیاندا نموونەگەلێکی باشن.

## دەروێشی عەبدی

خۆشەویست بوونی ئەم چیرۆکە، لەوەوە دیار دەبێت کە ژمارەیەکی زۆر لە گێڕانەوەکانی ئەم کەلامە لەنێوان ئێزیدییەکانی عێراق، سوریا، ئەرمەنستان و گورجستان کۆکراوەتەوە.

توخمە هاوبەشەکانی چیرۆکی دەروێشی عەبدی دەکرێت وەها کورت بکرێنەوە:

((دەروێش عەبدی ئێزیدی بوو و خۆی و باوکی (عەبدی) وەك ئیمامێکی سنجاری، سەر بە کۆنفدراسیۆنی عەشیرەتی کوردی میللی بوون. کچی سەرۆك عەشیرەتی میللی (زورتەمار پاشا) کە ناوی عەولە یان عەدولە بووە، دەبێتە عاشقی دەروێشی عەیدی‌و دەروێشی عەودیش دەبێتە عاشقی ئەو. بەڵام بە هۆی ئەوەی کە دەروێشی عەبدی ئێزیدی بووەو عەولە موسڵمان، هاوسەرێتی ئەوان قەدەغە بووە. سەرەنجام دەروێشی عەبدی لە شەڕدا دەکوژرێت و عەولەیش ماتەمبار دەبێت.))



لە هەندێك ریوایەتدا، وردەکاری زۆرتری ئەم چیرۆکە دەخرێتەڕوو، بەڵام ئەو گێڕانەوەی کە بۆ نووسەر گێڕدراوەتەوە وەهایە:

((دەروێشی عەبدی دەچێتە لای کاربەدەستانی ئایینی ئێزیدی بۆ ئەوەی کە ئیزنی پێکەوەنانی ژیانی هاوسەری لەگەڵ عەولە لەوان وەربگرێت، لەبەرئەوەی کە عەولە نەیویستووە ببێ بە ئێزیدی. میری ئێزیدییەکان دەڵێت ئەم مەسەلە لە دەستی کارەبەدەستانی پایەبەرزتری ئایینیدایە، واتا باباشێخ. باباشێخ-یش بەهۆی ئەوەی کە شتێکی وەها تا ئەو کاتە ڕووی نەداوە، داواکارییەکەی دەروێش ڕەت دەکاتەوە. پاشان دەروێش لە گوندی خۆیاندا دەست بە داوێنی گرووپێك لە قەواڵەکان (سروودخوێنە ئایینییەکان) دەبێت، بەڵام ئەوانیش، داواکارییەکەی ڕەت دەکەنەوە. بەڵام کاتێ کە عەولە جلێکی ئەویندارانە لەبەردەکات، دەروێش لە قەواڵەکان دەپرسێت ئایا ئێوە ئامادەن لەگەڵ کچێکی وەها ژیانی هاوسەری پێکبێنن، قەواڵەکان لە وڵامدا دەڵێن بەڵا، تەنانەت ئەگەر عەولە جوولەکەش بێت. دەروێش رادەگەیەنێت کە من شەوانێکی زۆر لەگەڵ عەولەدا خەوتووم، بەڵام خەنجەرێکم دەخستە بەینی خۆم و ئەو و تا ئێستاش دەستم پێوە نەداوە، لەبەرئەوەی کە چاوەڕوانی ئەوە بووم ئیزنم پێ بدرێت لەگەڵ ئەودا ژیانی هاوسەری پێکبێنم. قەواڵەکان دەکەونە ژێر کاریگەریی داوێنپاکی دەروێش، بەڵام باباشێخ بەردەوام دژایەتی ئەم مەسەلەیە دەکات. پاش ئەوە، دەروێش سوور دەبێت لەسەر ئەوەی کە بچێتە سەر پلەیەك سەرتر لە هێزی مرۆڤ و ویستی مەلەك تاووس (تاووسی فریشتە) دەربخات کە بە بەهێزترین ئیلاهـ پاش خودا لە قەڵەم دەدرا. لە دوای ئەوە، دەروێش دەچێتە شەڕ، لەسەر هەسپ دەکەوێتە خوارەوە، برای دەروێش هەسپی خۆی پێدەدات، بەڵام دەروێش نایگرێت و دەڵێت ئەمە ویستی مەلەك تاووسە کە من پیادە شەڕ بکەم و بۆ خوازتنی عەولە بە زیندوویی ناگەڕێمەوە. سەرەنجام دەروێش دەکوژرێت و عەولەیش خۆی بە ژەهر دەکوژێت.))

لەم چیرۆکەدا، کۆمەڵێك توخمی جۆراوجۆر هەن کە لە فۆلکلۆری کورددا هاوبەشن. لە بنەڕەتدا، هەندێك گۆرانی عاشقانە تەنها تایبەت بە ئێزیدییەکان نین، بۆ نموونە ئەو بەشەی کە گرووپێك لە کەسایەتییە ئایینییەکان (مەلا یان سۆفی) کچی مەعشووق دەبینن و بە قووڵایی دەکەونە ژێر کاریگەریی جوانی ئەوەوە، لە زۆرێك لە چیرۆکەکاندا هەیە.[٢٤] هەروەها ئەو بەشەی کە عاشق و مەعشووق بە داوێنپاکی بە یەکەوە دەخەون و بە خەنجەرێك یان شمشێرێك لە یەك جودا دەکرێنەوە، لە چیرۆکە کوردییەکانی دیکەدا بەتایبەت لە مەمی ئالاندا [٢٥]، هەیە. بەهەرحاڵ هەندێك توخمی بێ وێنە و تایبەت بە نەتەوەی ئێزیدی لە کەلامی دەروێش عەبدیدا

هەیە. هەڵبەتە، ئەویندارییە مەحکووم بەمەرگەکان لە چیرۆکەکوردییەکاندا، شتێکی سەرەتایی و سادەیە، بەڵام لەنێوان موسڵمانان، جوولەکەکان و مەسیحییەکانی کوردستاندا ژن خوازتن یان شووکردن بەئەندامانی ئایینێکی دیکە، هەرچەند ناخۆشە بەڵام هەندێك جار روو دەدات.[٢٦] بەهەرحاڵ، تا ئێستا ئێزیدییەکانی بادینان لەم ژن و ژنخوازیانە چاوپۆشیان نەکردووە.

کۆمەڵگای ئێزیدی نەتەنها بەشێوازگەلی جۆراوجۆر لە کۆمەڵگای دەوروبەری خۆی جوداکراوەتەوە، بەڵکو لە نێوخۆیشدا بەتوندی بووە بە چین چین و توێژ توێژ. هەموو ئێزدییەك، پێگەیەکی کۆمەڵایەتی هەیە کە دەیناسێت. کەوابوو، تێکەڵاوبوونی ئێزدییەك لەگەڵ کەسێك لە دەرەوەی گرووپی کۆمەڵایەتیی خۆی یان لەگەڵ کەسێکی غەیرە ئێزیدی (لە رێگای ژن و ژنخوازی) هەست و یەکریزی ئێزیدییەکان دەخاتە بن مەترسی.

دەروێش عەبدی وەك قارەمانێکی راستەقینەی ئێزیدی، ناتوانێت داکۆکی لە پێکەوەنانی ژیانی هاوسەرێتی لەگەڵ عەولەدا بکات، بەڵکو ناچار دەبێت مەسەلەکە بگوازێتەوە بۆ لای کاربەدەستانی باڵاتر. بەهەرحاڵ، هەموو بابەتەکانی کەلامی دەروێش عەبدی لە سەرەتا تا کۆتایی، وەك چیرۆك دەگوترێتەوە، نەبەشێوازی گۆرانی شیعری. گۆرانیبێژ، کۆپلەکانی گۆرانییەکە بەشێوازی شەق شەق لەگەڵ گۆڕانکارییەکان و شیکردنەوەکانیدا، دێنێتە سەر زمان و ئەوەی کە لە زۆربەی ئەم گۆرانییە فۆلکلۆریانەدا دەدۆزرێتەوە، گێڕانەوەیەکی کورتترە کە لەسەر یەکێك لە لایەنەکانی چیرۆکەکە چڕ دەبێتەوە. بەڵام بەهەرحاڵ، تەنانەت ئەم گێڕانەوە کورتەش، پێویستی بە زانینی هەموو وردەکارییەکانی چیرۆکەکە هەیە. بە هەمان شێوە، لە فۆلکلۆری بریتانیاش، گێڕانەوەی بەشێك لە چیرۆکی ئارتوور، هەروەك چیرۆکی سرگاواین و شەوالییەی سەوز، پێویستی بە شارەزابوون لە کەسایەتییەکان و رووداوە سەرەکییەکانی کۆمەڵەی چیرۆکە ئارتوورییەکان هەیە.

گشتیترین مێتۆدی گێڕانەوەی چیرۆکی دەروێشی عەودی لەلایەن ئیسترانبێژەکان، شێوازی گۆرانییە ئەویندارییەکانە (زۆرتر لە روانگەی عەولەوە). بە وتەی هەندێك لە گۆرانیبێژان، عەولە نە تەنها هەموو داخوازیکەرەکانی دیکەی خۆی رەتدەکاتەوە، بەڵکو واز لە عەشیرەتی خۆیشی دێنێ. عەولە دەڵێت، من نە سەر بە عەشیرەتی کیکی-م و نەسەر بە عەشیرەتی میللی، من ئەوینداری دەروێشی عەبدی-م.[٢٧] عەولە بە دەربڕینێکی بەهێز، نیازی خۆی ئاشکرا دەکات، ئەویش لە کۆمەڵگایەکدا کە باوك و براکانی ژن، دەورێکی سەرەکیی لە ژیانی ژندا - تەنانەت پاش شووکردنیش- دەگێڕن. عەولە دەڵێت دەروێش- ی عەبدی ئازاترین کەسە لەناو عەشیرەتی باوکیدا[٢٨] و دەیەوێت رەدووی ئەو بکەوێت.[٢٩] بەپێی هەندێك لە کەلامەکان، عەولە



ویستویەتی خۆی لای دەروێش جوان پیشانبدات، بەڵام بەپێی هەندێك کەلامی دیکە،[٣٠] عەولە بە هۆی ئەوەی کە خەم و خەفەتی خواردووە، لاواز بووەو گرینگی بە جەستەی خۆی نەداوە. بەهەرحاڵ هەردووی ئەم بابەتانە، لە گۆرانییە فولکلۆریە ئەوینداریەکانی دیکەشدا، روو دەدات.

خۆشەویست بوونی بەردەوامی کەلام و چیرۆکەکانی دەروێشی عەبدی، پیشاندەری بە پەرۆشبوونی بەردەوامی خەڵك بۆ ناوەڕۆکەکەیەتی. بەروادکارییەکانی گێڕانەوە جۆراوجۆرەکان، پیشاندەدەن کە هەرچەند هەندێك بابەتی تایبەت لە هەموو ئەدەبیاتە زارەکییەکاندا روو دەدات، لە چیرۆکی دەروێش عەبدەیشدا روو دەدات، بەڵام هەندێك وردەکاری تایبەت لەم چیرۆکەدا هەیە و گوێگر بە پەرۆشە درێژە و کۆتایی چیرۆکەکە بزانێت.

تەنانەت ئەم دوو تاوتوێ کورتەش لەمەڕ دوو کەلامی مێژویی ئێزیدییەکان (کەلامی فەریق پاشاو کەلامی دەروێش عەبدی)، دەتوانێت کۆمەڵێك پرسی زۆر لەمەڕ کۆمەڵگای ئێزیدی ئاشکرا بکات. گێڕانەوەکانی فەریق پاشا، پیشانگەری گرینگبوونی بایەخدان و داکۆکیکردن لە ئایینی ئێزیدییە(کە لە هاندانەکانی ژنان و فەرماندەکاندا ئاشکرا دەبێت)و دووپات کردنەوەی سەرجەم کەسایەتییە گەورەکانی ئێزیدی، پیشاندەری بەڕێوەبردنی ئەرکێکی مێژووییە. چیرۆکی دەروێشی عەبدی، پیشاندەدات کە ئێزیدییەکان بەردەوام بۆ ناسنامەی جیاوازی خۆیان بە پەرۆشن.

کەلامە مێژووییە زارەکییەکان، لەبەرئەوەی کە لە لایەن ئیسترانبێژەکانی سنجارەوە دەگوترێن، دەتوانن کۆمەڵێك وردەکاریش سەبارەت بە پێوەندی ئێزیدییەکان لەگەڵ گرووپەکانی دیکەدا ئاشکرا بکات. بۆ نموونە، ئەو کەلامانەی کە سەلیم مەستە ستایش دەکەن (سەلیم مەستە، موسڵمانێکی سەر بە عەشیرەتی دۆسکی بووە کە بە هۆی کوشتنی میسیۆنێرێکی ئەمریکایی ـ کە هەوڵی دەدا موسڵمانەکان، بکات بە مەسیحی- هێشتا لە دهۆك بەناوبانگە)، تەنها کاتێك شایانی پاساوهێنانەوەیە کە بزانین موسڵمانانی دۆسکی، لەگەڵ کوڕانی ئێزیدی، کریف [٣١] بوون، کەوابوو کۆمەڵێك پێوەندی بەهێز لەنێوان ئەم دوو کۆمەڵگایەدا هەیە. تێکچڕژاوبوونی پێوەندییەکانی نێوان ئێزیدییەکان و موسڵمانەکان، نابێت دەسیکەم بگیردرێت.

## شین و زارییەکان

سەرەنجام ئەم بەشە لە مێژووی زارەکیی کە بە درێژایی نەوەکان بەشێوازی ناوچەیی رۆژ لە دوای رۆژ گەشەی کردووە، بەرەو جۆرێك نەریتی زارەکی -کە بە شێوازی خۆبێژی لەلایەن ژنانەوە

دەگوترێت و کاربوردێکی گرینگی هەیەو چوارچێوەی کۆمەلایەتی کوردان کامڵ دەکات- تێدەپەڕێت.

شین و زاری بۆ مردووان، چ لە ناوچەی بادینانو چ لە ناوچەی سۆران، لە لایەن ژنانەوە بەڕێوە دەچێت و ئەو شێوازە شیعرە و ئەو دەستەواژانە کە تێیدا بەکار دەهێنرین، لە نێوان عەشیرەتەکان جیاوازە. شینو زارییەك کە لە لایەن ژنانی بارزانییەوە بەڕێوە دەچێت و پێی دەڵێن شین، پیشان دەدات کە چۆن بێژەرەکان لە شێوازە نەریتییەکان کەڵك وەردەگرن بۆ ئەوەی کە بارودۆخی هەنووکەیی خۆیان دەربڕن. ژنانی قوشتەپە(کە گوندێکی ئیشتراکییە کە لە نزیکی هەولێر هەڵکەوتووە) سەر بە عەشیرەتی بارزانین، لە دوای هەڵوەشانەوەی سەرهەڵدانی مەلا مستەفا بارزانی لەساڵی ١٩٧٥، گوندەکانیان لە بارزان کاولکراو دانیشتووەکانی سەرلەنوێ لە باشووری عێراق نیشتەجێکران، بەڵام پاشان گەڕانەوە بۆ قوشتەپە لە باکووری عێراق. لە ساڵی ١٩٨٣، سوپای عێراق هاتە قوشتەپە و هەموو پیاوان و کوڕانی ژووری ١٢ ساڵ تەمەنی کۆکردەوە و بێسەرو شوێنی کردن. ئەم ژنانە، نە تەنیا بۆ باوك و برا بێ سەرو شوێنکراوەکانی خۆیان ماتەمبار بوون، بەڵکو سەرچاوەی ئابووریو کۆمەڵایەتیشیان لە ناوچووبوو. کۆمەڵێك چیرۆك هەیە کە دەڵێت کوردەکانی دیکە بە نهێنی خواردەمەنی و پارەیان دەدا بەم ژنانە، بەڵام بەگشتیی ناچار بوون بۆ حەقدەستێکی کەم، بە دەیان کاتژمێر کرێکاری بکەن. هەروەها بە هۆی ئەوەی کە پیاویان نەبوو بییان پارێزێت، دەکەوتنە بەر دەستدرێژی هێزی ئاسایش و سەربازیی دەوڵەتی عێراق.[٣٢] شتانێکی وەها- هەرچەندکە بە شەرم و حەیاوە دەگوترێت- بەڵام روویداوە.

شینوزاری ژنانی قوشتەپە، ڕێوڕەسمی پرسە و سەرەخۆشیەکی ئاسایی نییە کە لە کاتی مردنی یەکێك لە ئەندامانی بنەماڵەدا بەڕێوە دەچێت. لەم شین و زاریانەدا، ژنان بەگشتیی خەم و پەژارەی خۆیان دەردەبڕن، بۆ نموونە ژنانی ئێزیدی لە هەندێك کاتی تایبەتدا لەگەڵ یەکدا شین و زاریان دەکرد. شین و زارییەکان بە چەند هۆی گرینگەوە لەیەك جیاوازن: یەکەم، زۆرتر بە هۆی ئەوەی کە گۆڕی مردووەکان قەت بە شێوازێکی قایم دروست ناکرێت، ژنان لە شین و زارییەکانی خۆیاندا ئەو کەسانەی کە وێنا دەکرێت مردوون و ئەوانەی کە هیوای زیندوومانیان هەیە و تەنها زیندانی کراون، بە شوێن یەکدا وەسفدەکەن. هۆی دووەم ئەوەیە کە ئەو بێژەرییەی کە ئێمە لێرە وەسفی دەکەین، لەسەر داواکاری لێکۆڵەرانی ئاکادمیك ئەنجامدراوە. بەهەرحاڵ، خودی بێژەرییەکە هەرچەند کە لەسەر داواکاری بیانییەکان[٣٣] ئەنجامدرابێت و لەوانەیە وەك بێژەرییەکی راستەقینەی نێو کۆمەڵگا نەبێت، بەڵام نابێت هەڵە سەیر بکرێت. لە کاتی وتووێژدا،



ژنان دەیانگوت هەندێك جار لەگەڵ یەکدا دەگرین بۆ ئەوەی کە ئارام ببنەوە. ئەم ژنانە هەتا پێش راپەڕینی کورد لە ساڵی ١٩٩١، هەلی ئەوەیان بۆ نەرەخسا بوو کە خەم و خەفەتەکانیان دەربڕن و کاتێك کە رۆژنامەنووسان و گەشتیارە بیانییەکان نزیکیان دەبوونەوە،[٣٤] ئەم ژنانە ئەم جۆرە شین و زارییانەیان وەك رێگایەك هەڵبژارد بۆ ئەوەی کە هەستی خۆیان دەربڕن.

بۆ گەیشتن بە ئامانجی ئەم بەشەی ئێمە، وەسفکارییەکی کورت لەمەڕ بەڕێوەبردنی شین و زاری و ناوەرۆکەکانی کیفایەت دەکات. ژنان لە گرووپگەلێکی نیزیکەی ١٠ کەسی کۆدەبنەوە. ئەو ژنەی کە بێژەرە، تەمەنی لە مامناوەند بەرەوسەرترە. ژنی بێژەرە لەناو هەندێك کۆپلەی سێ دێڕیدا، دەنگێکی یەکشێوە دەهێنێتە سەر زمان و رادەوستێت و لە نێوانیاندا دەگریێت. ژنانی دیکەش، لە کاتی گونجاوی خۆیدا هەندێك شت دەڵێن یان کۆمەڵێك رستە لە پەراوێزدا دەهێننە سەر زار. بابەتەکان، دەستیان لێهەڵدەگیردرێت و دیسان بەکار دەهێنرێنەوە. بێژەرە لە کاتی تایبەتی خۆی رادەوەستێت، ساتێك لەمەڕ بارودۆخی خۆی قسە دەکات، دیسان غەمگین دەبێتەوە و جارێکی تر دەست دەکاتەوە بە شینو زاری. بەهەرحاڵ، پێکهاتەی شینو زارییەکان بە گوێرەی ئارەزووی بێژەرو ئاستەنگیەکانی شێوازە شیعرییەکان، زۆر ئازادە.

لەوانەیە گرینگترین جۆری شین و زارییەکان، کۆپلەی غەریبایەتی بێ. نەتەنیا ئێزیدییەکان جیهانی خۆیان بە وردی دەرازێننەوە، بەڵکوو عەشیرەتە کوردە موسڵمانەکانی بادینانیش لە رێگای ئەوەی کە خۆیان دەخەنە پاڵ بنەماڵە بەناوودەنگەکان، پێگەی خۆیان دەبەنە سەرەوە. بۆ هەندێك ژن کە پێگەی تایبەتیان هەیەو زۆرتر بە دایکی فلان کوڕ یان فلان پیاو ناسراون، لە دەستدانی هەموو خزمە نێرینەکان، زۆر خەمناکە. لەمە زیاتر، ژنانی قوشتەپە، گوندەکانیشیان لە دەستداوە. هەڵبەتە ئەوان هێشتا لە کوردستاندان، بەڵام دەڵێن هێشتا لە نێوان عەشیرەتەکانی باشووری کوردستاندا، هەست بە غەریبی دەکەن. دەڵێن منداڵانی ئێمە بێگانە دەژمێردرێن و لە بەیانی هەتا ئێوارە بۆ سۆرانی و گۆرانەکان [٣٥] کاردەکەن. هەڵبەتە ناسنامەی ئەوان وەك بارزانییەك، هێشتا بەرچاوە. ئەوان جامانەی سوورو شانازییەکانی عەشیرەتی بارزانی وەسف دەکەن و هاوار بۆ پادشای کوردستان (کە مەبەستیان مەسعود بارزانی، رێبەری KPDو کوڕی مەلا موستەفا بارزانی نەمرە) دەکەن تا دەرکەی زیندانەکانیان بۆ بکاتەوە. ئەوان بەردەوام داوا لە مەسعود بارزانی و دەوڵەتانی رۆژئاوا دەکەن تا دەرگای زیندانەکان بکەنەوە و رۆڵە ئازیزەکانیان ئازاد بکەن، بۆ ئەوەی کە دایکان کوڕەکانیان بگرنە باوەش. سەرنجدانی ئەوان بە وڵاتانی رۆژئاوا شتێکی روونە، ئەوان دەوڵەتانی رۆژئاوا بانگ دەکەن تا یارمەتیان بدەن، بەڵام

یارمەتی بیانی چ سوودێکی بۆیان هەیە لە کاتێکدا کە کردارێکی وەها نادادپەروەرانە دە
رحەقیانکراوە.

ئەم شین و زارییانە، لەگەڵ ئەو دەستە لە شین و زارییانەی کە لە شوێنەکانی دیکەی بادینان وەك کۆمەڵگای ئێزیدیدا بەڕێوە دەچێت، یەکجار جیاوازە و پێکهاتەکەی بێ وێنەیە. شین و زاری زۆرتر لەسەر ژیانی تاکەکەسی مردوو چڕ دەبێتەوە. ئەگەر شین و زاری بۆ ژن بێت، زۆرتر لە بارەی ماڵ و منداڵەکانی دەدوێت و ئەگەر بۆ پیاو بێت، بەگشتیی لەسەر ئازایەتی و کوڕەکانی چڕ دەبێتەوە و ئەگەر بۆ گەنج بێت، ئاماژە بە جوانەمەرگ بوون و بە ئاکام نەگەیشتنی دەکرێت. بەهەرحاڵ، شین و زارییەکانی قوشتەپە، لەسەر بارودۆخی دژوار و بێ هیوایی ژنان چڕ دەبووەوە و شتی سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە سەرەڕای ئاماژەی بەردەوام بە تابوت و مەرگ لەم شین و زارییانەدا، بێژەرەکان لە قبوولکردنی ئەم ڕاستییە کە بێ سەر و شوێن بووەکان، مردوون و ئیدی ناگەڕێنەوە، خۆیان دەبوارد.

ئەم شین و زارییانە، جودا لەوەی کە بەڕێوەبردنی جۆرێك ئەرك لە بەرامبەر مردوودایە، مەبەستێکی دیکەشی هەیە و ئەویش داواکردنی یارمەتی بۆ زیندووکانە. ژنانی قوشتەپە، تەنها لەم دواییانەدا توانیان دەنگی خۆیان بگەیەننە گوێی خەڵکی دیکە.

بە هەرحاڵ، شین و زاری باشترین شکڵی وشەیی بۆ دەربڕینی هەستی قووڵ و خەم و خەفەتی ژنانیە. جێگای سەرسووڕمان نییە کە ژنان، شین و زاریان وەك ئامرازێك بۆ دەربڕینی هەستی خۆیان هەڵبژاردووە. هەندێك لە ژنان هەرچەند کە شین و زاری ببوو بە مایەی ئارامییان، بەڵام هێشتا زۆر غەمگین بوون و بە پەرۆش بوون ژیانی خۆیان سەرلەنوێ دەست پێبکەنەوە. گەلێك لەم ژنانە ڕوویان لە کاری نوێ کردبوو بۆ ئەوەی کە پارە بە دەست بهێنن و هەندێکی دیکە گەڕابوونەوە بۆ گوندەکانی خۆیان تا ژیانی خۆیان سەرلەنوێ دەست پێبکەنەوە. ئەم دلێری و بوێرییەی ئەوان، سەرەڕای هەژاری و دژواری ژیان، شایانی ستایش بوو.



## دەرەنجام

مەبەستی ئەم بەشە ئەوە بوو کە پیشانبدات کە هەتا کۆتاییەکانی ساڵی **١٩٩٢**[٣٦]، نەریتە زارەکییەکان، دەورێکی گرینگیان لە کولتووری بادیناندا دەبینی. هەروەها کە نموونەی کەلامەکانی کۆمەڵگای ئێزیدی پیشانیدا، کەلامەکان کە لە بیری خەڵك کۆنترن، هێشتا لە بیر نەکراون و دەگوترێنەوە.

نموونەی شین و زارییەکانی ژنانی بارزانی، بە ڕوونی نشانیدا کە بابەتە نەریتییەکان، بۆ باس و گفتوگۆ دەربارەی تەوەرەکانی ئەمڕۆ بەکاردێن. بەهەرحاڵ، چوارچێوەی کولتووری ناوچە کوردنشینەکانی عێراق، هەروەك هەلومەرجی سیاسی، گۆڕانکاری زۆری بەسەردا هاتووە. ئێستا لە ئەنجامی کاریگەریی خوێندەواری و سەرهەڵدانی چینێکی خوێندەوار کە هۆگری میراتی کولتوورین، بابەتە نەریتییەکان وەك فۆلکلۆر قەتیس نامێنن و بەریانێکی کۆنەپارێزانە هاتووەتە ئاراوە کە دەڵێت تەنها یەك گێڕانەوەی ڕاست لە نەریت، بوونی هەیە. ئەمە لەحاڵێکدایە کە نەریتە کۆنە پڕ بایەخترەکان تۆمار دەکرێن و دەنووسرێنەوە. کەوابوو بە یەکجاری لەناو ناچن، بەڵام نەریتە کەم بایەخترەکانیش ـ وەك شین و زاریی ژنانە ـ گەرموگوڕی و هێزی ژیانی خۆیان لە دەست نادەن. جگە لەمە، بەپەرۆشبوونی خەڵکی ناوچە بۆ تۆمارکردن و نووسینی نەریتە زارەکییەکان، پیشاندەدات کە خەڵکی ناوچە وەك بەشێکی گرینگی میراتی کولتووریی کوردی خۆیان و هەروەها وەك ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان، سەیری کەلامەکان و چیرۆکە کۆنەکان دەکەن.

هەرچەندە لە داهاتوودا لەسەر ئەم تۆخمە بنەڕەتییەی کولتوور کار بکرێت، ناکرێ کاریگەریی هەنووکەیی نەریتە زارەکییەکان لە بەرچاو نەگیردرێت. لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین کە زۆربەی لەو کەسانەی کە ئێستا نەتەوەی کورد پێکدەهێنن، مێژووی کوردستان نەك لە قوتابخانەکان، بەڵکو لەزاری نەوە کۆنەکانەوە فێر دەبن.

## پەراوێزەكان:

١- Aeneid، بەشی یەكەم، لاپەڕەی ٣٦٨.

٢- بڕوانە: بۆ بدلیسی، ١٣٦٤ی هەتاوی -١٩٨٥ی زایینی، لاپەڕەی ١٢٩-١٣٠.

٣- بڕوانە: بۆ مكنزی، ١٩٩٠، لاپە ڕەی ١١.

٤- لە میانەی لێكۆڵینەوەدا، نووسەر چەندەها كەسی بینی كە قورئانیان بۆ تەلیسم دەخوێندەوە. لەنێو ئێزیدییەكاندا، تەلیسمەكان زۆرتر بریتین لە زناكە جادووییەكان كە بەدەستی شێخە بەهێزەكان دەنووسرێت.

٥- هەرچەند كە هیچ زانیارییەك لەمەڕ ئەو شتانەی كە لە دیوەخانی سەرۆكە كوردەكان بە ڕێوە دەچوو، ئێستا لە بەردەستدا نییە تا لێكۆڵینەوەی تەواوی لەسەر بكرێت، بەڵام هیچ بەڵگەیەك لە بەردەستدا نییە كە نیشانبدات سەرۆكە كوردەكان (كە زۆربەیان نەخوێندەواربوون) ئەزموونی شیعرو گۆرانی خۆیان بە جۆرەكانی ئەدەبیاتی نووسراو سنووردار كردبێت. لە ماوەی لێكۆڵینەوەی نووسەر لە ساڵی ١٩٩٢بینرا كە كوردان (لە هەموو چین و توێژەكانی كۆمەڵگا)لە گۆرانییە نەریتییە ناوچەییەكان چێژیان وەردەگرت و وادیارە كە لە رابردوشدا بارودۆخەكە هەروا بووە. ئسترانبێژ (گورانیبێژ)ی بەناوبانگی ئێزیدی، بورویوی شەرقی لە دیوەخانی ئیبراهیم پاشای میللی لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا دەژیا.

٦- بڕوانە: بۆ رۆژێ لسكۆ، ١٩٤٢، پێشەكی.

٧- هەندێك لە كۆمەڵە كرمانجییە چاپكراوەكان لە یەكێتی سۆفیەت بۆ كوردەكانی عێراق وەرگێڕیانەوە سەر زمانی عەرەبی. نموونەی كاریگەریی ئەمانە، بەرهەمی جەلیل بە ناوی ئستارانا زارگوتنا كوردیا تاریخییە كە كە بەدەستی شوكور موستەفا و ئەنوەر قادر موحەممەد وەرگێڕیانەوە (بڵاوكردنەوەی ئاكادیمی كورد، بەغداد، ١٩٧٧) كە وەك سەرچاوەیەك كەڵكی لێوەردەگیرا.

٨- دوو ژنی ئێزیدی لە ناوچەی خەبەرتوو كە ئێستا لە گوندی ئیشتراكی خانیك لە نێزیكی دهۆك دەژین، ئەم مەسەلەیان لەگەڵ نووسەر لە ساڵی ١٩٩٢ باسكرد.

٩- ئەو میتۆدانە كە لە لایەن ژنانی ئێزیدی بۆ هەڵس وكەوت لەگەڵ منداڵەكانیاندا كەڵكی لێوەردەگیرێت و لایەنەكانی دیكەی فۆلكلۆری منداڵانی ئێزیدی لەلایەن عیدۆ بابا شێخ لە رۆژنامەكانی كوردستانی عێراقدا چاپكراوە.

١٠- لە گوندی سوریبی لە نزیكی ئامیدیە، بانگەشەی ئەوە دەكرا كە كێبەركێگەلێكی وەها لە خەرمانانی ١٩٩٢ روویداوە.

١١- بۆ نموونە گوندی خانیك لە نزیكی دهۆك.

١٢- ئەم مژارە بەتایبەت لە ناو ژنانی مامناوەندساڵی ئێزیدی (سەر بە عەشیرەتەكانی خانیك، دەرەبوون و خەبەرتوو) كە لە گوندی خانیك لەگەڵیاندا وتووێژكرا، سەرنجراكێشە. تەنانەت گۆرانیبێژانی پیاو لە گوندە ئیشتراكییەكان كە كاتی زۆریان بۆ گۆرانی وتن هەبوو كەمتر پێوانە نەرمەكانیان بەكاردەهێنا، چیرۆكە كۆنەكانیان بۆ ماوەیەكی دوورودرێژ وتبوو، دەیانگوت كە هەندێك لە توخمەكانیان لەبیر چووە؟

١٣- ئەم بابەتە بە تایبەت لە گوندە ئیشتراكییەكانی ئێزیدی و لە پێوەرێكی بچووكتردا لەناو كۆمەڵگا موسڵمانەكاندا بەدی دەكرا، هەرچەند كە بە رادەی پێویست سەردانی كۆمەڵگا جوداجوداكان نەكرا تا بە دڵنیاییەوە بتوانین بڵێین كە ئەمە وەك پێوانێكی گشتی كەڵكی لێوەردەگیرێت.

١٤- لەوانە دوو ئیسترانبێژ (یەكێكیان ئیسترانبێژێكی نەخوێندەوار لە سنجار و ئەوی دیكە ئیسترانبێژێكی خوێندەوار لە شێخان)و دوو كاربەدەستی ناوچەیی جێگای رێز لە فۆلكلۆری ئێزیدی بە ناوەكانی پیر خدر سلێمان و عیدۆ بابا شێخ.

١٥- بۆ توێژینەوەیەك دەربارەی رەوش و كاریگەری ئیبراهیم،، بڕوانە: بۆ سایكس (١٩١٥:٣١٩).

١٦- هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ٢٢٠.

١٧- بڕوانە: بۆ گیست (١٩٨٧:١٢٩).

١٨- نامەی كاپیتان بە كونسولی یەكەمی HBMلە بەغداد، **٢٠ی رەزبەری ١٩٢٠**.

١٩- بۆ توێژینەوەیەك دەربارەی كردەوەكانی عومەر وەهبی پاشا، بڕوانە: بۆ گیست (١٩٨٧:١٢٩).

٢٠- لێرە ئەو گێرانەوانەی خەیرۆ خەلیف، جەردۆ باخیرۆ و لەزگین سەیدۆ لەگەڵ یەكدا بەراوردكراون. بە تایبەت گێرانەوەكانی لەزگین سەیدوو خەیرۆ خەلیف لە ناو كۆمەڵگادا خەڵك پەسەندیان دەكات.

٢١- ئەم بابەتە لە لایەن ئوسقۆفی مەزنی كاتۆلیك سوریانی بابل بینراوە و لە لایەن مۆكلێر،

کونسول له بەغداد بە باڵوێزی بریتانیا له ئیستانبۆڵ بە ناوی فرانسیس کلارفۆرد ڕاپۆرت دراوه. ئەم ڕووداوه وادیاره که له شێخان قەوماوه و نابێت چاوەڕوانی ئەوه بکەین که سنجارییەکان بتوانن وەبیری بهێننەوه، بەڵام سووکایەتیگەڵێکی وەها له سنجار ڕوویداوه. بڕوانە: بۆ گیست (١٩٩٣:١٣٦).

٢٢- قەیاڵ که دەتوانێت وەك جەردۆ یان خەیرۆ بەڕێوه بچێت، خاوەن نازناوی هاوبەشه و ناساندنەوەیان له یەکتر زەحمەته. تەنانەت هەمان گۆرانیبێژیش لەوانەیه گۆرانییەك دووجار نەڵێتەوه.

٢٣- شێری مەلا شیشۆ، محەمەد عەلی گەنج و گەلێك له کەسانی دیکه که بە بوونی ئەم شتانه له کۆمەڵگادا ناسراون.

٢٤- جەلیل (١٨٧).

٢٥- بڕوانە: بۆ لسکۆ (١٩٤٢).

٢٦- مەمی ئالان. هەروەها بۆ ژن و ژنخوازی لەگەڵ ئایینەکانی دیکه، گۆرانی عەلی ومریەم کە وەك مەترانۆیش بە ناوبانگە، لە بادیناندا ناسراوه. هەموو گۆرانییەکان و گۆرانیبێژەکان له کۆمەڵەکانی خودی نووسەر گیراون.

٢٧- مەکۆ لەگەڵ پیر گیرۆ.

٢٨- مەکۆ لەگەڵ پیر گیرۆ، لەزگین سەیدۆ و مەکۆ لەگەڵ خەلیف ئەلیاس.

٢٩- مەکۆ لەگەڵ پیر گیرۆ و لەزگین سەیدۆ.

٣٠- قاسم عەلی.

٣١- کریف ئەو جەژنەیه که له کاتی خەتەنەکردنی کوڕانی ئێزیدی بەڕێوه دەچێت. خوێنی کوڕ که بە سەر جلوبەرگی پیاوەکاندا دەرژێت، بەڵێن و پەیمانێك له نێوان دوو بنەماڵەدا دروستدەکات که بەپێی ئەوه هەر بنەماڵەیەك دەبێت تەنانەت هەتا ڕادەی قوربانیکردنی خۆی، بنەماڵەی دیکه بپارێزێت.

٣٢- ئەم بابەته له لایەن دوکتۆر شوکریه ڕەسوڵ له زانکۆی سەلاحەدین له هەولێر که پسپۆڕی ئەم بوارەیه، وەسفکرا. ئەم بەرهەمه تا ئێستا بڵاونەبووەتەوه.

٣٣- نووسەر و دوکتۆر شوکریه ڕەسوڵ که بێ یارمەتی ئەو ئەم کاره نەیدەتوانی سەربگرێت.

٣٤- خودی نووسەر ئەم بابەتەی له ڕێبەندانی ١٩٩٢دا بینی، واتا کاتێ که گرووپێك له ڕۆژنامەنووسان بە سەرۆکایەتی بەڕێز جفری ئارچر لەگەڵ ژنه ماتەمبارەکاندا دیداریان



کرد که وێنەی کەسوکاره بێسەروشوێنکراوەکانی خۆیانیان نیشاندەدا. هەروەها ڕاپۆرتێك که له لایەن تیمی مابی بۆ BBC ئامادە کراو له سەرەتای ساڵی ١٩٩٢ بڵاوبووەوه، ژنێکی تێدا بوو که شین و زاری دەکرد و شتومەکی شووه بێ سەروشوێنەکەی خۆی نیشاندەدا

٣٥- عەشیرەتەکانی باشووری کورردستان. ناوچەی هەولێر، شوێنی نیشتەجێی له مێژینەی ئەم عەشیرەتانەیه. دەستەواژەی سۆران یان گۆران (واتا ئەو دوو عەشیرەتە که ژنانی بارزانی که به زاراوەی کرمانجی قسه دەکەن بە ئاسانی لێیان تێناگەن) بە گشتی بە عەشیرەتەکانی باشووری کوردستان هێما دەکات.

٣٦- کۆتایی مانگی بانەمەڕی١٩٩٢.

(٤)

# پێکهاتنی کولتووری میدیای کورد

ئەمیر حەسەنپوور

کۆمەڵگای کورد، چ لە لایەن پسپۆڕان و چ لە لایەن خەڵکی ڕەمەکییەوە، زۆرتر وەك کۆمەڵگایەکی عەشیرەتی یان گوندی سەیر دەکرێ و کولتوور و زمانەکەی وەك کولتوورو زمانێکی زارەکیو نەنووسراو یان لێکەوتە ناوچەییەکانی کولتوور و زمانەکانی زاڵی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (عەرەبی، فارسیو تورکی) حیسابی بۆ دەکرێت.

هەرچەند کە ئەم بیروڕایانە سەبارەت بە پێکهاتەی کولتووری کورد لە هەندێك بنەمای بەرچاوی ئایدیۆلۆژیك (کە پانتاکەی لە ڕەگەزپەرستییەوە بگرە هەتا خەیاڵپەروەری بەرفراوانە) سەرچاوە دەگرێت [١]، بەڵام دەبێ پشتڕاست بکرێتەوە کە زانیاری ئێمە لەمەڕ ئەم بابەتە، بە هۆی نەبوونی توێژینەوە و لێکۆڵینەوە، کەمە.

ئەم بەشە، باس و گفتوگۆ لەمەڕ یەکێك لە ڕەوتەکانی کولتووری کۆمەڵگای کورد ـ واتا سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەی میدیای کولتووری کورد لە کۆتایی سەدەی١٩- دەکات.

## کولتووری پێش میدیایی

ڕۆژئاوای ئاسیا کە زۆربەی کوردەکان تێیدا دەژین، ئاخێزگای نووسینە. ئەم ناوچەیە، شوێنی شارستانییە مەزنەکان و کولتووره ئەدەبییە کەوناراکان وەك ئورارتو، ئاشووری و ئەرمەنی بووە. دۆزراوەکانی کەوناراناسی، نیشاندەدەن کە کۆمەڵێك زمان و سیستەمی نووسین لەم ناوچەیە (کە زۆربەیان ئەمڕۆ لەناوچوون) هەبووە. بەهەرحاڵ، زانیاریی ئێمە لەمەڕ کولتووری کەوناراو پێش ئیسلامی کورد، زۆر زۆر کەمە.

## دیالێکتەکانی نەریتە زارەکیو نووسراوەکان

شیمانە دەکرێت کە خوێندەواری لەنێو کورد بە زمانێکی بیانی (عەرەبی) دەستی پێکردبێت و لە دوای زاڵبوونی ئیسلام لە سەدەی ١٧ی زایینی، هەمەگیر بووبێت.[٢] موسڵمانەکان (لانی کەم گرووپێکی بچووکی مەلاکان) زمانی عەرەبییان بە شێوازی نووسراو بەکاردەهێنا. لەناو قوتابخانە ئایینییەکاندا کە بۆ پەروەردەکردنی مەلاکان لەنێو مزگەوتەکاندا دروستکرابوون، زمانی عەرەبی زمانی پەروەردە بوو، بەڵام پاشان زمانی فارسیش بەکاردەهێنرا. هەروەك سەردەمی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەورووپا کە لاتینی، زمانی ئایینی و حکوومەتی بوو، زمانی عەرەبیش وەك زمانی خودا، تایبەتمەندییەکی پیرۆزی پەیدا کرد. نەدەکرا قورئان وەربگێردرێتە سەر زمانەکانی دیکە و زمانی کوردی و زمانەکانی دیکەی



غەیرە فارسی و غەیرە عەرەبی (هەروەك زمانەکانی خۆماڵی ئەورووپا، واتا ئینگلیزی، فەرەنسا و ئەڵمانی) ناچاربوون بن بە ژێردەستی زمانە زاڵەکان.

خوێندەواری ناوچەیی بە زاراوەی کورمانجی، لە سەدەی ١٥و ١٦ بە سەرهەڵدانی هێزی سیاسیی کورد بە شێوازی میرنشینە سەربەخۆ و خودموختارەکان (کە تا نیوەی سەدەی ١٩ بەسەر بەشی هەرە گەورەی کوردستاندا دەسەڵاتدارییان دەکرد) دەستیپێکرد.[٣] ئەوکاتە یەکەم شاعیرانی کورد پێیان لەسەر پێویستیی دەربڕینی ئەدەبی بە زمانی زگماکی دادەگرت. ئەم ناسیۆنالیزمە زمانییە لە بەرهەمەکانی "عەلی حەریری" (١٤٢٩ــ١٤٩٠)، مەلای جزیری (١٥٧٠ـ١٦٤٠)، سەلیم سلێمان (سەدەی ١٦)، خانای قوبادی (١٧٠٠ـ١٧٥٩)و شاعیرەکانی دیکە سەلمێندراوە.[٤]

لە سەدەی ١٧و ١٨دا، هەندێك مەلا هەوڵیان دا زمانی کوردی هەروەك زمانی فێرکردن، بخەنە ناو بەرنامەی پەروەردەی حوجرەی نێو مزگەوتان. ئەوان، چەند فەرهەنگێکی عەرەبی، فارسی، ڕێزمانێکی عەرەبی بە زمانی کوردی و هەندێك کتێبی بچووکیان لەمەڕ بنەواشەکانی بیرو باوەڕی ئیسلام نووسی.

شتی سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە شاعیرانی کورد، وەك ئارمانج یان هەوڵێکی زمانناسانە، سەیری داهێنانی ئەدەبییان نەدەکرد. بۆ ئەوان، نەریتی ئەدەبی لەگەڵ حکوومەتداری، نیشانەی شارستانییەت و باڵادەستی بوو. ئەحمەدی خانی (١٦٥١ــ١٧٠٦)و حاجی قادری کۆیی (؟١٨١٧ــ١٨٩٧) کە دوو سەرچاوەی ناسیۆنالیزمی کوردن، بە توندی ڕەخنەیان لە دەسەڵاتدارێتیی حکوومەتی عوسمانی، ئێرانی و عەرەبی دەگرت و ئیستدلالیان دەکرد کە کورد تەنها ئەو کاتە دەتوانێت بگات بە باڵادەستی کە هەم نەریتی ئەدەبی (قەڵەم)و هەم دەوڵەتێکی بەهێز (شمشێر)ی هەبێت. حاجی قادر [٥] زۆرتر بە مەنتقی شمشێرو قەڵەم بۆ گەیشتن بە دەسەڵات ئاماژە دەکات و دەڵێت:

"بە شیر و خامە دەوڵەت پایەدارە
ئەمن خامەم هەیە، شیر نادیارە
نە بەیداغی هەیە، نە تەپڵ و کورسی
ئەوەندەی پێکرا، بێچارە نووسی
وەزیفەی خۆم بەجێ هێنا تەمامی
بە شیر و دەوڵەتە میللەت نیزامی"

ئەحمەدی خانی و حاجی قادر سەرەڕای پێداگری لەسەر گرینگی نەریتی ئەدەبی، ڕێزێکی زۆریان بۆ نەریتی زارەکی (کە لە روانگەی ئەوانەوە دەبێ بەڕاستی کوردی بێت) دادەنا. خانی بە شێوەیەکی لێزانانە پشتی بەست بە ئەدەبیاتی زارەکیی کورد و لە لاساییکردنەوەی ئەدەبیاتی سەردەست (فارسی، تورکی و عەرەبی) خۆی دوور گرت. خانی، بەیتێکی رەمەکی کوردی بەکارهێنا بۆ ئەوەی کە ئەفسانە شیعرییەکی خۆی بە ناوی "مەم و زین" (کە ئێستاش لە لایەن گۆرانیبێژانی کوردەوە بە دەنگێکی هارمۆنۆتیك دەگوترێتەوە) بنووسێت. بەهەرحاڵ چوارچێوەی مەم و زین هەرچەند کە لە ئەدەبیاتی فارسی وەرگیراوە، بەڵام وردەکارییەکان، گەلاڵە، ناوەکان، کەسایەتییەکان و ئاهەنگەکانی زۆرتر کوردین.

هەتا کۆتاییەکانی سەدەی١٩، نەریتی ئەدەبی کورد هێشتا ئەوەندەی نەریتی ئەدەبی فارسی، عەرەبی و تورکی بەرچاو نەبوو. حاجی قادر لەم باوەڕەدایە کە هۆیەکەی ئەوەیە کە ئەدەبیاتی دەوڵەمەندی زارەکیی کورد، هێشتا نەنووسراوەتەوە. حاجی قادر لە یەکێ لە شیعرە بەناوبانگەکانیدا، ستایشی شاعیرە کۆن و نوێیەکان دەکات و بە ئاماژەکردن بە هەندێك بەیتی رەمەکی، لەوانە بەیتی دمدم و بەیتی ئەسپی رەش، دەڵێت:

ئەم فەسیحانە پاکی بێ ناون
باعیسی پێت بڵێم نەنووسراون

حاجی قادر لەو بڕوایەدایە کە بەیتە کوردییەکان ئەوەندەی شاهنامە (بەرهەمی شیعریی شاعیری بەناوبانگی فارس، فردەوسی) گرنگ و پڕبایەخن بەڵام بێ ناونیشانن، تەنها بە هۆی ئەوەی کە هێشتا نەنووسراونەتەوە. حاجی پاشان بەناوبانگترین شاعیری کەونارای کورد، "عەلی بەردەشانی"، دەباتە ڕیزی شاعیری کورد، "عەلی حەریری"و بەرزی دەکاتەوە. حاجی بانگهێشتی ئەدیبانی کورد دەکات تا وەك ئەرکێکی نیشتمانی، بەیتەکان کۆ بکەنەوە و بیاننووسنەوە.

هەتا سەرەتای سەدەی ١٩، نەریتی ئەدەبی لە زاراوەی دیکەی زمانی کوردی ـ کە ئێستا پێی دەڵێن سۆرانی ـ دەستی بە پەرەسەندن کرد. بەهەرحاڵ هەرچەند کە بەرهەمە ئەدەبییەکان لە رووی چەندایەتییەوە روویان لە زیادبوون کردو هەندێك شاعیری گەورە سەریان هەڵدا، بەڵام کولتووری کورد زۆرتر زارەکی مایەوە. تەنها مەلاکان و هەندێك چینی دەرەبەگ خوێندەوارییان هەبوو. بە گوێرەی لێکۆڵینەوەیەك، لە سەدا ٦٨ی ئەو شاعیرانەی کە تا ١٩١٧



ژیاون، سەر بە گرووپی مەلاو لە سەدا ٢٠ سەر بە چینی دەرەبەگ بوون. ئەوانی دیکە ژن (زۆرتر ئەندامانی بنەماڵە گەورە خاوەن زەوییەکان)و میرزاکان بوون. هەتا کۆتایی ١٩٢٧، رێژەی نەخوێندەواری لە کوردستانی تورکیا، دەگەیشتە لە سەدا ٩٧.

## دینامیکە کۆمەڵایەتییەکان

لە کوردستانی تورکیا، هەروەك کۆمەڵگاکانی دیکە، هیچ شتێك لە ئارادا نییە کە کولتووری زارەکی و نووسراو لە یەکجودا بکاتەوە. کەوابوو، سەرەڕای ئەو پێگە بەرتەسکەی کە خوێندەواری هەیەتی، هەندێك کاروکردەوەی زیندوو لە نێوان نەریتە زارەکی و نەریتە نووسراوەکاندا هەیە. وەك نموونە، کۆمەڵێك چیرۆکی دەوڵەمەند بە ناوی بەیت هەن کە شیمانە دەکرێت لە ئەدەبیاتی عەرەبی و فارسی وەرگیرابن، وەك لەیلاو مەجنوون، میهرو وەفا، شێخی سەنعان و یوسف و زلێخا. زێدەباری ئەمە، بەیتە زارەکییەکان، سەرچاوەی سەرەکیی بەرهەمە ئەدەبییەکان بوون و گەلێ لە شاعیران و نووسەرانی کلاسیك و نوێ بۆ خولقاندنی بەرهەمە ئەدەبییەکانی خۆیان، لەم بەیتانە (وەك دمدم، مەموزین و خەجێ و سیامەند) ئیلهامیان وەرگرتووە.

بە کامڵبوونی نەریتی ئەدەبی لە هەر کۆمەڵگایەك، پەیوەستە بە رەهەندێکی ئاڵۆزی ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسییەکان. لە کوردستاندا هەرچەند کە سەرهەڵدانی کولتووری زمانی ئەدەبی ناوچەیی، پەیوەست بووە بە کامڵبوونی کورد وەك نەتەوە، بەڵام هۆکاری هاندەری ناسیۆنالیستی بۆ گەشەکردنی نەریتی ئەدەبی، لەگەڵ دوو کەندوکۆسپدا بەرەوڕوو بووە: یەکەم، بەردەوامبوونی پێوەندییە فیۆداڵییەکانی بەرهەمهێنان لەناو کۆمەڵگایەکی زۆرتر گوندی و دووەم، هەبوونی توخمە گرینگە عەشیرەتییەکان کە کەند و کۆسپی زۆریان بەسەر زۆربوون و فرەبوونی کولتووری ئەدەبیدا، سەپاندووە. ئەدەبیاتی کوردی لەنێو شار و حوجرەی ناو مزگەوتەکاندا لەدایکبوو و لەنێو دیوەخانەکانی ئەریستۆکراتە خاوەنزەوییەکاندا پەروەردە کرا.

لێرە پێویستە جەخت لەسەر گرینگی کیانێکی سەرەتایی کۆمەڵگای شارنشین لە جۆری پێش پیشەسازی لە کوردستاندا بکەینەوە. بە درێژایی سەدەکانی ١٦و ١٧، ئابوورییەکی گەشەکردووی زەمینداری لە هەندێك شاری ١٠هەتا ٢٦ هەزار کەسی (زۆرتر پایتەختی میرنشینەکان) هەبووە. باشترین نموونەی ئەم بابەتە، شاری بەدلیسە کە پایتەختی میرنشینی

بەدلیس بوو و نزیکە ٥٠٠ زاناو قوتابی و شاگردی هەتا کۆتایی سەدەی ١٦، لە ناوخۆدا پەروەردە کرد. لە سەدەی ١٧دا، ٥ مزگەوتی گەورە، ژمارەیەکی زۆر مزگەوتی بچووك، ٥ قوتابخانە (قوتابخانەی ئایینی)، نزیکەی ٧٠ مەکتەب (قوتابخانەی سەرەتایی)و نزیکەی ٢٠ تەکیە (ناوەندی ئایینی) لە بەدلیس-دا هەبوون. ئەم دامودەزگایانە بە داهاتی زەوی، گوند، دووکان و گەرماوە گشتییە وەقفکراوەکان بەڕێوەدەچوون. خودی شاری بەدلیس، ٥ هەزار خانوو و قەڵایەکی ٣٠٠ خانوویی (کە بۆ نزیکەی ٢٦٥٠٠ کەس دروستکرابوو) لەخۆدەگرت. پادشای میرنشینی بەتلیس، میر عەودالْ خان بوو کە بۆ خۆی لێکۆڵەر، فیزیکناس و هونەرمەندێکی بەتوانا بوو و کتێبخانەیەکی هەبوو کە چەند هەزار کتێبی تێدا بوو، کە هەندێکیان لە ئەوروپا بڵاوکرابوونەوە.

لە کوردستان، کتێب خوێندنەوە، شتێکی گشتیی نەبوو و تەنها گرووپێکی تایبەت (چینی ئاریستۆکرات و ئەوانەی کە لە مەکتەبەکانی مزگەوتەکاندا دەیانخوێند) کتێبیان دەخوێندەوە و داهێنەری بەرهەمە ئەدەبییەکان، زۆرتر شاعیر بوون و داهێنەری ئەدەبیی پرۆفیشناڵ نەبوون.

پێش رووخانی میرنشینەکان لە نیوەی سەدەی ١٩دا، حکوومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عوسمانی لە هەل و مەرجێکدا نەبوون کە بتوانن رێگە لە پەرەسەندنی نەریتی نووسراوی کورد بگرن. تەنها هۆکاری رێگەگر، زاڵبوونی زمانی عەرەبی (هەم وەك زمانێکی پیرۆزو هەم وەك ئامرازێکی پەروەردەیی) لەسەر مەکتەبەکانی ناو مزگەوتەکاندا بوو. بەهەرحاڵ لە دوای رووخانی میرنشینەکان کە پەرەسەندنی هێزی دەوڵەتی عوسمانی و ئێران لەسەرانسەری کوردستانی لێکەوتەوە، دەوری دەوڵەت گۆڕانی بەسەردا هات. لە ساڵی ١٩١٨، کوردستان بە ناچار لەنێوان دەوڵەتە ناوەندپارێزەکاندا دابەشکرا. ئەم دەوڵەتانە، کۆمەڵێ سیاسەتیان جێبەجێ دەکرد کە هەڕەشەیەك بوو هەم لەسەر نەریتە زارەکییەکان و هەم نەریتە نووسراوەکان. ئەم سیاسەتانە پاش نیوەی دەیەی ١٩٢٠ لە تورکیا، بە تایبەت لە درێژەی دەیەی ١٩٢٠و ١٩٣٠ لە ئێران و لە سەرەتای١٩٦٠ لە سوریا جێبەجێ دەکرا.

لەم چوارچێوە مێژووییەدا بوو کە میدیا گشتییەکان بە زمانی کوردی سەریان هەڵدا.

## پێکهاتنی کولتووری میدیایی

گەلێ لە زمان، نەتەوەو کولتوورەکان دەستیان بە میدیاکانی فیلم، ڤیدیۆ و چاپ و بڵاوکردنەوە، ناگات. هۆکارەکانی ئەم دەست رانەگەیشتنە، هەم سیاسین و هەم ئابووری،



کۆمەڵایەتی.

میدیا گشتییەکان بنیادگەلێکی ئاڵۆزن کە کولتوور، تیکنۆلۆژی (وەك دەزگای چاپ و دەزگاکانی نێردەرو وەرگری رادیۆ و تەلەفزیۆن و نموونەکانی)، سەرمایە و سەرچاوە مرۆییە پرۆفیشناڵەکان بەکاردەهێنن و تێکەڵ دەکەن. کەوابوو لە جێگایەك کە پشتیوانی دەوڵەت بوونی نەبێت، بە کامڵبوونی میدیا گشتییەکان، پەیوەستە بە رادەیەك پێشکەوتوویی ئابووری.

## پێشکەوتنی کولتووری چاپ

ئەو کتێبانەی کە لە ئەوروپادا چاپدەکران، بە درێژایی سەدەی ١٧، دەگەیشتنە کوردستان. بە وتەی گەڕیدەی تورك، ئەولیای چەلەپی کە تالانی کتێبخانەی بەدلیسی بە چاوی خۆی بینیبوو، هەندێك کتێبی چاپکراو لەنێوان هەزاران کتێبی دەستنووسی دەگمەن لەم کتێبخانەیەدا هەبووە. هەڵبەتە هیچ گومان لەوەدا نییە کە کۆمەڵێك کتێبی لەدەرەوە هاتووی رازێنەر کە تەنها شاکان چێژیان لێوەرگرتوون، لەنێو ئەم کتێبانەدا هەبووە. بێگومان، تێپەڕبوون لە کولتووری دەستنووس بۆ کولتووری چاپ بە قەت پەرەسەندنی نەریتێکی ئەدەبی ئاستەمە.

## گوێزرانەوە لە کولتووری دەستنووس بۆ کولتووری چاپ

هەروەك پەرەسەندنی نەریتی ئەدەبی بە زمانی ناوچەیی، گوێزرانەوە بۆ کولتووری چاپ، بە هۆشیاری نەتەوەیی یان تا رادەیەك هۆشیاری ناسیۆنالیستی پاڵی پێوەنرا. ماشینەکانی چاپ پاش رووخانی میرنشینەکان، واتا کاتێ کە دەسەڵاتداری دەوڵەت بەسەر هەموو بەشەکانی کوردستاندا پەرەیسەند، گەیشتە کوردستان. یەکەم ماشینی چاپ، لە کۆتاییەکانی دەیەی ١٨٦٠ لە شارە کوردنشینەکانی ئیمپراتۆری عوسمانی (لە بەدلیس لە ١٨٦٦ــ١٨٦٥ یان ١٨٩٣، لە دیاربەکر لە ١٨٦٨ـ١٨٦٩و لە وان لە ١٨٨٩ـ١٨٩٠) دامەزران. ئەم ماشینانە هەموو، بە دەستی دەوڵەت و بۆ چاپ بە زمانی تورکی دامەزران، دەوڵەت خاوەنیان بوو و دەوڵەت کەڵکی لێ وەردەگرتن. ئەمە لەحاڵێکدا بوو کە لە هەندێك شاری گەورەی قەراخی کوردستان (وەك موسڵو ئەرزڕۆم) پێشتر دەست بەبەکارهێنانی ماشینەکانی چاپکرابوو. بەهەرحاڵ چاپ بەزمانی کوردی دەستیپێکرد. هەڵبەتە هەموو ئەو ٢٢ کتێب و گاڤنامە کوردییانەی سەردەمی عوسمانی، لە دەرەوەی کوردستان، لە قاهیرە، ئیستانبۆڵ و بەغداد چاپ دەکران. ئەم مەسەلەیە بە هۆی سێ شت بوو: ١- جگە لە ماشینی چاپی دومینیکەکان لە

موسڵ، ماشینەکانی چاپ هەر هەموویان لەدەستی دەوڵەتدا بوون کە پێی خۆش نەبوو بە کوردی شت چاپبکات. ٢ــ چاپ و بڵاوکردنەوە بە زمانی کوردی بە دەستی کوردە ناسیۆنالیستەکان کە زۆرتر بۆ ئیستانبۆڵ و شارە گەورەکانی دی دوورخرابوونەوە، دەستی پێکرد. ٣ـ کاریگەریی سانسۆر لە قاهیرەو ئیستانبۆڵ کەمتر بوو.

یەکەم چاپخانەی کوردی بە دەستی دەوڵەتی بریتانیا لە ١٩٢٠ لە سلێمانی دامەزرا [٦]. ئەم ماشینە چاپە کۆنە لە ١٩٢٠ تا ١٩٢٣، ٦ کتێب، ١١٨ ژمارە لە حەوتوونامەی "پێشکەوتن"، ٤٠٠ ژمارە لە حەوتوونامەی "بانگی کوردستان"و ٦٠ ژمارە لە حەوتوونامەی "رۆژی کوردستان"ی چاپکرد. ئەم چاپخانەیە، لەگەڵ دوو قوتابخانەدا، گرینگترین سامان‌ودارایی رۆشنبیریی دەوڵەتی خودموختاری شێخ مەحموود بوو کە چەندجار لە دژی دەوڵەتی بەغدا راپەڕیبوو و ناوی خۆی نابوو مەلیکی کوردستان. ئەم چاپخانەیە، هەروەك خودی دەوڵەتەکەی شێخ مەحموود، ژیانێکی پڕ هەڵکشان و داکشانی هەبوو.

ڕێبەرانی دەوڵەتی شێخ مەحموود گرینگییەکی زۆریان بە ماشین چاپ دەدا. حەوتوونامەی "بانگی کوردستان" (ژمارەی ٢١، ١٣ی خەرمانان ١٩٢٢، لاپەڕەی ٣ــ٤) نووسی کە ماشینەکانی چاپ، ئامرازگەلێکی زۆر گرینگ بۆ رێکخستنی بیروڕاو هەستی نەتەوایەتین و زانست و ئەدەبیاتی نەتەوەکانیش دەپارێزن. ئەم بلاڤۆکە هەروەها بۆ کڕینی ماشینێکی نوێ، داوای یارمەتی لە خەڵك کردو هەرچەند کە شاری سلێمانی هێشتا لە کاولکارییە ئابوورییەکانی شەڕی یەکەمی جیهان بە تەواوی رزگاری نەببوو، بەڵام خەڵك بۆ ئەم مەبەستە یارمەتییان کۆکردەوە. بەهەرحاڵ پێوەندی نێوان دەوڵەتی کوردو دەوڵەتی بەغدا ئاڵۆز بوو. کاتێ کە شێخ مەحموود ناچار بوو شار بەجێ بهێڵێت و روو لە شاخەکانی دەورووبەر بکات، ماشینە چاپەکەش گوێزرایەوە بۆ ئەشکەوتی (جاسەنە) لە شاخەکانی سورداش. لەوێ سێ ژمارە لە بلاڤۆکی "بانگی هەق" چاپ و بڵاوکرایەوە. پاشان، راپەڕینەکەی شێخ مەحموود بە دەستی سوپای عێراق خامۆشکراو ماشینە چاپەکەش گەڕاندرایەوە بۆ سلێمانی. شێخ مەحموود گەڕایەوە بۆ شاری سلێمانی و لە دوای چوونە دەرەوەی سەربازەکان، دیسان خۆی پیشاندا. ماشینە چاپەکەش لەسەروبەندی ئەم گواستن و راگواستنانەدا خراپ بوو بەڵام بە هەوڵی هەندێك مرۆڤی شارەزا، چاککرایەوە.

حەوتوونامەیەکی نوێ بە ناوی "ئومێدی ئیستیقلال" لە رەزبەری ١٩٢٣ بڵاوبووەوە. ئەو ماشینە چاپەی کە ئەم حەتوونامەیەی چاپکرد، چەندجار پەکی کەوت و بووە هۆی ئەوە کە بڵاوکردنەوەی حەوتوونامەکە چەندجار دوا بکەوێت، بەڵام خوێنەران هیوادار بوون کە چاپ و



بڵاوکردنەوەی ئەم حەتوونامەیە بە یەکگرتوویی‌و ئەوینی نەتەوەیی بەردەوام بێ (ژمارەی ١٦، ٣١ ی رێبەندانی ١٩٢٤، لاپەڕەی ٤). پاشان لە هەمان ساڵدا، دەوڵەتی باشووری کوردستان، ٣ پوولی لە هەمان چاپخانەدا چاپکرد.

بەهەرحاڵ، لە ئاکامی هێرشی سەربازی لە پووشپەڕی١٩٢٠، کوردەکانی عێراق هەندێك ئازادیی رێژەییان بۆ دامەزراندی ماشینی چاپ و بڵاوکردنەوە بە زمانی کوردی کەوتە دەست. بێگومان دەوڵەت خوازیاری پەرەسەندنی چاپەمەنی کوردی نەبوو و نەیدەویست بە دەرکردنی مۆڵەت بۆ چاپی کتێبی وانە و بەڵگەی حکوومەتی لە سلێمانی‌و هەولێر، ئەم بابەتە گرینگە هانبدات. کەند و کۆسپی گرینگی دیکە، دواکەوتوویی ئابووری و کۆمەڵایەتی بوو کە رێگری لە دامەزرانی چاپخانەیەکی بازرگانی هەمیشەیی دەکرد.

حوزنی موکریانی کە کەسایەتییەکی ناسیۆنالیست بوو، ماشینێکی چاپی لە کارکەوتووی لە سوریا کڕی و لە ١٩٢٦ بە هێستر گوازتییەوە بۆ رەواندز. حوزنی موکریانی ناوی شوێنی کاری خۆشی نابوو مەتبەعەی زاری کرمانجی. حوزنی و براکەی گیوی موکریانی بۆ چاپی ٢٣ ناونیشان کتێب (واتا ٢٤ لە سەدی ئەو ٩٥ کتێبە کە تا ١٩٣٨ لە عێراق بڵاوبووەوە)و گۆڤارێك بە ناوی زاری کرمانجی لە نێوان ١٩٢٦ تا ١٩٣٠، لە هەندێك شێوازگەلی کۆن کەڵکیان وەردەگرت. بە وتەی ئیدمۆندز، نیوەی ئەم بەرهەمانە بە باسمەی دارین دەنووسراو بڵاودەکرایەوە. ماشینی چاپ جارێکی دیکە بۆ هەولێر گوازرایەوە و لە رەزبەری ١٩٣٥ لەوێ دەستی کرد بە بڵاوکردنەوەی حەوتوونامەی رووناکی.

شاعیری ناسیۆنالیستو رۆژنامەنووس، پیرەمێردیش، هەوڵێکی چاپەمەنی دا. پیرەمێرد نەیتوانی لە ماشینی چاپی شارەوانی کەڵك وەربگرێتو ماشینێکی گەورەتری کڕی کە بە ماشینێکی تایپی کۆن و دەستی کاری دەکرد. ئەم ماشینی چاپە لە خەرمانانی ١٩٣٧ وەك چاپخانەی "ژین" دەستی بەکارکردو حەوتوونامەی ژین- ی چاپدەکرد.

هەتا کۆتایی سەردەمی حکوومەتی پاشایەتی، نەبوونی پێداویستییەکانی چاپ، کەندو کۆسپی راستەقینەی سەر رێگای چاپ و بڵاوکردنەوە بووە. جەماڵ نەبەز کە هەندێك بابەتی لەسەر ئەم کەند و کۆسپە گەورەیە نووسیوە، وەبیرمان دەهێنێتەوە کە زۆرێك لە لێکۆڵەران و کەسایەتییە ئەدەبییە لێهاتووەکانی کورد، بەرهەمی پڕبایەخی زۆریان نووسیبوو، بەڵام بە هۆی نەبوونی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە، نەیاندەتوانی بڵاویان بکەنەوە. جەماڵ نەبەز هەروەها دەنووسێت ئەمە بەڕاستی ناخۆشە کە لە سەدەی ٢٠دا، ماشینێکی چاپ لە کوردستانی

عێراقدا نییه که بتوانێ به زمانی کوردی بەرهەم چاپبکات.

رووخانی حکوومەتی پاشایەتی له ساڵی ١٩٥٨، ئازادییەکی سیاسی بێ مێژینەی به کورد داو چاپ و بڵاوکردنەوه بووژایەوه، هەرچەند که تەنها یەك ماشینی چاپ بەسەر ئەو ماشینانەی که پێشتر له کوردستاندا هەبوو، زێدەکرا. پێویستی به چاپ زۆرتر بوو و بازرگانی پێشکەوت، بەڵام تێکنۆلۆژی چاپ و توانایی دەستڕاگەیشتن به پیتەکانی چاپ، پێشکەوتنێکی کەمی به خۆیەوه بینی. بەهەرحاڵ چاپخانەی بچووك و دەستی کامەران (که له ساڵی ١٩٥٨ دامەزرا) هێشتا یەکجار زۆر چالاك بوو و ١٦١ ناونیشان کتێبی لەگەڵ هەندێك گاڤنامەی جۆراوجۆر و هەندێك بڵاڤۆکی بازرگانی جۆراوجۆر له نێوان ساڵی ١٩٥٧و ١٩٥٨دا چاپکرد. تەنانەت له ١٩٦٩، سەرنووسەری حەوتوونامەی "رزگاری" له سلێمانی نووسی: "هیچ کام له ماشینەکانی چاپ له سلێمانی و شوێنەکانی دیکەی کوردستان، توانایی ئەوەیان نییه که حەوتوونامەیەك به گوێرەی شکڵ و قەبارەی پێویست، چاپبکەن".

یەکێ له داخوازییەکانی بزووتنەوەی خودموختاریخوازی کورد له ١٩٦١ تا١٩٧٥، پشتیوانیکردنی دەوڵەت له چاپ و بڵاوکردنەوه به زمانی کوردی بوو. دەوڵەت له ١٩٧٠، رەزامەندیی خۆی لەسەر دامەزراندنی ناوەندێکی چاپ و بڵاوکردنەوه به زمانی کوردی راگەیاند. له دەیەی ١٩٧٠ چەند چاپخانەی حکوومی و شەخسی له دهۆك، سلێمانی، هەولێر و بەغداد دامەزران. کۆڕی زانیاری کورد که له ساڵی ١٩٧٢ به پێی رێکەوتننامەی نێوان دەوڵەت و خودموختاریخوازان دامەزرا، دەورێکی بێمێژینەی له چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێبی کوردیدا بینی و بەرهەمی نووسەرانی به نرخێکی کەم چاپکرد. بەهەرحاڵ له کۆتایی دەیەی ١٩٧٠، چالاکییەکانی ئەم کۆڕە زۆر زۆر کەم بوونەوه. له نێوان ساڵەکانی ١٩٢٠و ١٩٧٧، له سەدا ٤٧/٢ی کتێبەکان له دەرەوەی کوردستان (زۆرتر له بەغداد) بڵاوبوونەوه. ئەمە پیشاندەری بارودۆخی لاوازی چاپ له ناوچەدا بوو.

هەروەك راپەڕینەکانی دەیەی ١٩٢٠(که تێیدا سەرهەڵداوەکان، ماشینێکی چاپیان لەنێو ئەشکەوتێکدا دامەزراند) بزووتنەوەی خودموختاریخوازی ٧٥ـ١٩٦١، به تایبەت پێش دامەزراندنی رادیۆ له ساڵی ١٩٦٣، دەستی به چاپکردنی هەندێك بەیاننامه بۆ رێکخستنی بزووتنەوەی خۆڕاگری- چەکداری له دژی دەوڵەتی بەغدا کرد. له قۆناخەکانی یەکەمی شەڕدا، هەواڵنامە، نامیلکەو پەیڕەو بڵاودەبوونەوه. هەتا ساڵی١٩٦٣، ماشینەکانی تایپ سەریان هەڵداو له ساڵی ١٩٧٥، ماشینەکانی چاپی ئەڵمانی رۆژئاوا له بەرزایی دوو هەزار میتری شاخەکاندا دامەزران. ئەم



چاپخانانه، ماشینێکی ئەلکترۆنیکی زۆر پێشکەوتوو و ماشینێکی پیتچنیان له بەردەستدا بوو.

هەرچەند که ژمارەیەکی زۆر له رۆشنبیران، لەوانه نووسەران، شاعیران، رۆژنامەنووسان، مامۆستایان و کەسانی دیکه، ماوەیەکی کورت پاش راگەیاندنی شەڕ له لایەن دەوڵەتی بەغدا له رەشەمەی ١٩٧٤، چوونه ریزی بزووتنەوەی بەرخۆدانەوه، بەڵام پێداویستییەکانی چاپ به شێوازێکی کارامه کەڵکیان لێوەرنەدەگیرا. به وتەی یەکێ له حیزبه سیاسییه کوردییەکان (کۆمەڵە، ژمارەی ٤، بەهاری ١٩٧٩، لاپەڕەی ١٢ـ١٣) ئەم مەسەله زۆرتر به هۆی چییەتی رێبەرایەتی بزووتنەوەکه بوو. پێداویستییەکانی چاپ پاش هەڵوەشانەوەی بزووتنەوەی خودموختاریخوازی کورد له رەشەمەی ١٩٧٥، کەوته دەست سوپای عێراق، بەڵام پاش زیندووبوونەوەی بزووتنەوەکه لەژێر رێبەرایەتی نوێ له ساڵی ١٩٧٦، چاپ و بڵاوکردنەوه به ماشینه پێشکەوتووترەکان بەردەوام بوو.

له ئێران، چاپ وەك پیشەسازی، هەتا سەرەتای سەدەی ١٩ پێش نەکەوت. یەکەم کتێبێ که له ئێران به زمانی کوردی چاپ کرا، فەرهەنگێکی کوردی ـ فارسی بوو که له ساڵی ١٨٨٥ له تاران به شێوەی بەردنووس چاپ بوو. یەکەم هەوڵ بۆ چاپ به زمانی کوردی له ورمێ درا که لەوێ رێبەری راپەڕینی کورد، ئیسماعیل ئاغا (سمکۆ)، دەستی گرتبوو بەسەر ماشینێکی چاپدا بۆ ئەوەی بڵاڤۆکێك و هەندێك شتی تری ئیداری له ساڵی ١٩٢١ دا پێ چاپ بکات. له دوای به دەسەڵات گەیشتنی حکوومەتی پەهلەوی (١٩٢٧-١٩٧٩) ماشینەکانی چاپ له سەرانسەری وڵات لەژێر چاودێری توندی پۆلیسدا بوون و چاپکردنی بابەت به زمانی غەیری فارسی وەك تورکی، کوردی، بەلووچی و تورکمانی قەدەغه بوو. تەنانەت لەو هەله تا رادەیەك ئازادی که پاش لەسەر کار لاچوونی رەزاخان له ساڵی ١٩٤١دا رەخسا، حیزبی سیاسی تازەدامەزراوی کورد، واتا کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان، ناچار بوو بڵاڤۆك و هەندێك کتێبی خۆی به نهێنی له تەورێز چاپبکات.

ئەو کاته که کوردەکان، کۆمارێکی خودموختاریان له ژانویەی ١٩٤٦ دامەزراند، هیچ ماشینێکی چاپ لەنێو شارەکانی نێو کۆماردا بوونی نەبوو. دامەزرێنەرانی حکوومەتی خودموختاری ئازەربایجان (که له سەرماوەزی ١٩٤٥ دامەزرا) ماشینێکی چاپی دەستی کۆنیان وەك پێشکەش دا به حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران. دەوڵەتی ئێران به رەسمی، ناڕەزایەتی خۆی له یەکێتی سۆڤیەت به بۆنەی دابینکردنی ئەم ماشینه چاپەو بڕێکی زۆر کاغەزی هەواڵنامه بۆ کوردەکان، دەربڕی (رۆژنامەی ئیتلاعات، ژمارەی ٥٩٢٢، سەرماوەزی

١٩٤٥، هەروەها گۆڤاری تایمز، ٢٨ی خەزەلوەری ١٩٤٥، لاپەڕەی ٣). ماشینی چاپی دووەم لە بۆکان دامەزراو یەکەم کتێبی بە زمانی کوردی لە ڕێبەندانی١٩٤٦ چاپکرد(ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارەی ١٤، ١٣ ڕێبەندانی ١٩٤٦، لاپەڕەی ٣). ماشینە بچووکەکانیش کەوتنە کارو ٥ مانگنامەیان لە ماوەیەکی کورتتر لە یەك ساڵدا چاپکرد. تەنانەت ئەو کرێکارانەی کە لەناو چاپخانەکەدا کاریان دەکرد، بلاڤۆکی تایبەتی خۆیان هەبوو. هەندێك کوردی عێراقیش لە ڕێگای خستنەکاری ماشینەکانی چاپ، یارمەتییان دەدان. بەهەرحاڵ لە دوای ڕووخانی کۆمار لە بەفرانباری١٩٤٦، سوپای ئێران دەستی بەسەر ماشینەکاندا گرت و لە ناوچە کۆی کردنەوە.

دوو ماشینی بچووك لە سنە (لە سەرەتای ساڵی ١٩٢٢)و مەهاباد (لە نیوەی دەیەی ١٩٥٠) دامەزران، بەڵام هیچکامیان مۆڵەتیان پێ نەدرابوو بە زمانی کوردی بابەت چاپ بکەن (جگە لە ژمارەیەکی کەم بەرهەمی ئایینی). ماشینەکانی چاپی سنە دوو حەوتوونامە و مانگنامەیەکیان بە زمانی فارسی چاپ و بڵاودەکردەوە.

لە سەروبەندی شۆڕشی ئیسلامی ئێران لە ساڵی ١٩٧٨ـ١٩٧٩، قوتابیان، مامۆستایان و فەرمانبەرانی دەوڵەت دەستیان گەیشت بە ماشینە پێشکەوتووە چاپەکانی نێو دایرەی حکوومی و قوتابخانەکان و هەندێك کاتنامە و نامیلکەیان چاپکرد. ماوەیەکی کورت لەدوای ڕووخانی حکوومەتی پاشایەتی لە ڕێبەندانی ١٩٧٩، بڕێك پارەی بەرچاو لە لایەن خەڵکی سەقز و مەهابادەوە بۆ کڕینی ماشینەکانی چاپ کۆکرایەوە. ماشینە چاپەکەی سەقز لە کاتی هێرشی دەوڵەتی ئێران بۆ سەر کوردەکان لە ساڵی ١٩٧٩، دەستی بەسەردا گیراو سوپای ئێران کۆی کردەوە. لە ناوچە گوندنشینەکاندا کە لە ساڵەکانی ١٩٧٩ تا ١٩٨٥ زۆرتر لەژێر کۆنترۆڵی کوردەکان بوو، حیزبە سیاسییەکان درێژەیان بە چاپ و بڵاوکردنەوە بە ماشینەکانی کۆپی دا. لە دەیەی ١٩٨٠ هەندێك بەرهەم لە شارە جۆراوجۆرەکان (وەك سەقز، بانە، سنەو مەهاباد) چاپو بڵاوکرایەوە. بۆ نموونە، سنە هەتا کۆتایی دەیەی ١٩٨٠، چوار ماشینی چاپی هەبوو.

لە تورکیا، ماوەیەکی کورت پاش سەرکوتی ڕاپەڕینی شێخ سەعید لە ساڵی ١٩٢٥، چاپ و بڵاوکردنەوە و چالاکییە کولتوورییەکانی دیکە قەدەغەکران. تورکیا لە ساڵی ١٩٢٨، ئەلف و بێی فەرمی خۆی لە عەرەبی گۆڕی بۆ ڕۆمانی و هەتا ساڵی١٩٦٠ ـ واتا تا ئەو کاتەی کە نەوەی نوێی چالاکانی کولتووری، بە شێوازی نهێنی و نیمچە ئازاد، دەستیان بەچاپ و بڵاوکردنەوە کرد ـ ئەلفو بێی ڕۆمانیان بۆ نووسینی زمانی کوردی بەکاردەهێنا.



دەوڵەتەکانی ئێران و عێراق، ماشینەکانی تایپ، کۆپیو چاپیان بە چەکگەلێکی مەترسیدار دەزانی، لەبەرئەوە کە نەیارەکانیان هێزێکی چاپەمەنی بەرچاویان هەبووکە پێشگرتن لەم هێزە بۆ دەوڵەت ئاستەم بوو. هەتا سەرەتای دەیەی ١٩٦٠، هەرچەند کە پیتی تایپی فارسیو تەنانەت عەرەبی بۆ چاپکردنی زمانی کوردی بەکاردەهێنرا، بەڵام ماشینێکی تایپ کە بتوانێت وەکو پێویست وڵامدەر بێت، لە دەستدا نەبوو. بەهەرحاڵ، ئێستا پێداویستییە پێشکەوتووەکان، گەلێ لەم گیروگرفتانەیان چارەسەر کردووە، بەڵام کەند و کۆسپە سیاسییەکان هێشتا لەناو نەچوون. لە دوای دەیەی ١٩٩٠، لە ئەورووپا (کە بازاڕێکی چاپەمەنی کوردی زۆر بچووکی هەیە) زۆربەی بڵاڤۆك و کتێبەکان بە شێوازی مۆدێرن و بە ماشینەکانی چاپی لەیزری چاپ دەکرێت.

## ڕۆژنامە و گۆڤارەکان

لە کوردستان، یەکەم ڕۆژنامە، لە ١٨٩٨، واتە یەك دەیە پاش بڵاوبوونەوەی یەکەم کتێب بە زمانی کوردی، بڵاو بووەوە. بە پێچەوانەی یەکەم گۆڤار بەزمانی عەرەبی (ساڵی ١٨٢٨)، تورکی (ساڵی ١٨٣٢)و فارسی (ساڵی ١٨٤٨) کە بە دەستپێشخەری دەوڵەتەکانی میسر، عوسمانی و ئێران بڵاوبوونەوە، ڕۆژنامەنووسی کوردی ڕەگوڕیشەی لەناو بزووتنەوەی ناسیۆنالیستیدا بوو. ناسیۆنالیستەکان لە تێکۆشان لەپێناو دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی خودموختار، ڕۆژنامەنووسییان وەك ئامرازێکی کاریگەر بۆ نەتەوەسازی بەکاردەهێنا. حاجی قادری کۆیی لە ماوەی ژیانی خۆی لە ئیستانبۆڵ لە دەیەی ١٨٨٠، ڕوو دەکاتە کوردان و ڕۆژنامەنووسی وەك مونادی سەردەمی نوێی پێشڕەو، ناو دەبات و دەڵێت: "سەدان دیوان و چامە بایەخی فلسێکیان نییە، ئێستا ڕۆژنامە و گۆڤار شایانی ڕێزن".

یەکەم ڕۆژنامەی کوردی بە ناوی "کوردستان" لە لایەن بنەماڵەی بەدرخانییەکان بڵاوبووەوە. ئەم ڕۆژنامەیە بۆی نەبوو لە ئیستانبۆڵ (شوێنی بارەگای سوڵتان) بڵاو بێتەوە، بۆیە سەرنووسەرەکەی ناچار بوو هەڵێت بۆ قاهیرە، لەبەرئەوەی کە دەسەڵاتداری دەوڵەتی ناوەندی لەوێ کەمتر کاریگەری هەبوو. هەڵبەتە تەنانەت لەوێش گوشاری دەوڵەتی عوسمانی، ڕۆژنامەکەی ناچارکرد بچێت بۆ ژنێڤ، لەندن و سەرەنجام بۆ فولکستۆن (ئینگلتەرا). تەنانەت خوێنەرانی ڕۆژنامەکەش دەکەوتنە بەر گرتن و ئازار و ئەشکەنجە. بە وتەی یەکێ لە خوێنەرانی ئەم ڕۆژنامەیە، هێزەکانی دەوڵەت ئیزنیان نەدەدا ڕۆژنامە بە ئازادی بخوێنرێتەوەو هەگر ڕۆژنامەیان بە دەستی کەسێکەوە ببینایە، دەیانخستە بەندیخانە و ئازار و ئەشکەنجەیان دەدا. سەرەڕای ئەمە، کورد زۆر حەزیان لە ڕۆژنامەکە بوو و نەیاندەویست لە دەستی بدەن.

سەرنووسەری ڕۆژنامە، هەندێك عەریزەی چاپ كرد و ناردی بۆ سوڵتان و داوای لێ كرد كەند و كۆسپەكانی سەر ڕێگای دابەشكردنی ڕۆژنامەكە لەناوبەرێت.

كەند و كۆسپەكانی سەر ڕێگای ڕۆژنامەنووسی، بە دامەزراندنی ڕێژیمگەلێكی ناوەندپارێزتر لە توركیا، ئێران، عێراق و سوریا لە دوای شەڕی یەكەمی جیهان، ئاستەمتر و بەرفراوانتر بوو. تەنانەت لە عێراقیش كە كۆمەڵەی گەلان چاودێری بەڕێوەچوونی خۆبەڕێوەبردنی بەرتەسكی كوردەكانی دەكرد، چاپەمەنی كوردی بە دەستی سەركوتەوە دەیناڵاند.

## بازرگانی گەرایی و سیاسەتەكان

هەلومەرج بۆ سەرهەڵدانی ڕۆژنامەنووسییەكی بازرگانی ناحكوومی و ناحیزبی لە عێراق و بۆ ماوەیەكی كورت لە سوریا، پاش شەڕی یەكەمی جیهان ڕەخسا. لە توركیا(پاش ساڵی ١٩٢٥)و لە ئێران (بە تایبەت لە ساڵەكانی ١٩٢٥ـ١٩٤١) سیاسەتی زمانی و قەومی فەرمی دەوڵەت، چالاكیی چاپ و بڵاوكردنەوەی قەدەغە كرد. هەروەها كە هەموو باش دەزانن، خەرجی چاپ و بڵاوكردنەوەی ڕۆژنامە لە داهاتی فرۆشی زۆرترە. چاپەمەنی كوردی بە هۆی ئەوەی كە داهاتی چاپی ریكلامی نەبوو، ناچار بوو بە گشتیی لەسەر داهاتی فرۆش تەكیە بكات و خەرجی چاپ و بلاوكردنەوە زۆرتر بە فیداكاری سەرنووسەران، نووسەران، چاپكەران و دابەشكەران دابین دەبوو. لە دەیەی ١٩٤٠و ١٩٥٠، بە هۆی نەبوونی ریكلامی بازرگانی، حكوومەتی ناوچەیی یارمەتی هەندێك بڵاڤۆكی كوردی داو نەیهێشت بفەوتێن. بەهەرحاڵ، لە ئەنجامی گەشەی ئابووری بازاڕ لە دەیەی ١٩٧٠، ڕێژیمی بەعسی عێراق بڕیاری دا بڵاڤۆكە ناحكوومیە تاكەكەسییەكان لەناوبەرێت.[٧]

یەكێكی دی لە تایبەتمەندییەكانی ئابووری دواكەوتووی چاپەمەنی كوردی لە دەیەی یەكەمی سەدەی ٢٠، نەبوونی سیستمێكی كارامەی دابەشكردن بوو. ئەو كاتە، بڵاوكەری هەر گۆڤارێك، كەسێكی باوەڕپێكراوی لە شاردا هەبوو و ناوونیشانی ئەوی وەك دابەشكەرو ئابوونەنووسی بڵاڤۆكەكە رادەگەیاند. هەروەها سیستمی گوازتنەوەی بڵاڤۆكەكان لەنێو وڵات، سیستمی پۆستی دەوڵەتی بوو كە بۆ خۆی ئۆرگانی كۆنترۆڵی هەموو بابەتە چاپكراوەكان بوو.

كەمی كاغەز و لە ئەنجامدا چوونە سەرەوەی نرخی بڵاڤۆكەكان، هەمیشە كێشەساز بووە. بۆ نموونە بڵاڤۆكی زاری كرمانجی ناچار بوو بە هۆی نەبوونی كاغەز، چاپ و بڵاوكردنەوەی خۆی بۆ ماوەی سێ مانگ ڕابوەستێنێ، بەڵام پاش ناردنی كاغەز لە بەغداد بۆ كەركوك و هەوڵێكی زۆر، سەرەنجام كاغەز گەیشتە ڕەواندز و بڵاوبوونەوەی بڵاڤۆكەكە دەستی پێكردەوە. هەروەها كاتێك كە ماشینێكی نوێی تایپ لە میسر كڕدرا، بڵاوبوونەوەی بڵاڤۆكەكە بۆ ماوەی چەند



مانگ ڕاوەستا. كەوابوو بەهۆی كەندو كۆسپی دارایی و سیاسی، تەنیا ٢٤ ژمارەی زاری كرمانجی لەو ٧٤ ژمارەیەی كە چاوەڕوان دەكرا، چاپ و بڵاوبووەوە.

## وەرچەرخانی نەریتی سیاسی

لە باری سیاسییەوە، چاپەمەنی، یارمەتی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی كوردی بۆ گۆڕینی ڕێبەرایەتییەكی نەریتیوفیۆداڵ ـ عەشیرەتی بۆ ڕێكخراوێكی سیاسی ـ حیزبی مۆدێرن داوە. ڕێكخراوە سیاسییەكان كاتێ دەبنە جێگای متمانە و دەگەنە ڕەوایی كە بڵاڤۆكێك بڵاو بكەنەوە. تەنانەت ئیسماعیل ئاغای سمكۆش كە ڕێبەرێكی عەشیرەتی بوو و هەوڵی نەدا حیزبێكی سیاسی دابمەزرێنێت، لە ماوەی ڕاپەڕینەكەی خۆیدا، بلاڤۆكێكی بڵاوكردەوە. دەوڵەتی خودموختاری شێخ مەحموودو كۆماری كوردستانیش زۆربەی سەرچاوە چاپەمەنییە بەرتەسكەكەی خۆیان بۆ ڕۆژنامەنووسی تەرخاندەكرد.

پەیوەندییەكی ڕاستەوخۆ لە نێوان ئازادی سیاسی و بڵاوكردنەوەی چاپەمەنیدا هەیە. بۆ نموونە لەنێوان ئەو ١٥٧ ناوونیشان كتێبە كە لە نێوان ساڵەكانی١٩١٨و ١٩٨٥ لە عێراق بڵاوبوونەوە، ٢٤ ناوونیشانی (واتا لە سەدا٢٢/٤) لە ساڵەكانی ١٩٨٥ تا ١٩٦١و ٣٦ ناوونیشانی (واتا لەسەدا ٣٣/٦)، لە ماوەی ئاگربەستی چوارساڵەی نێوان دەوڵەتی عێراق و كوردە خودموختاریخوازەكان (١٩٧٠ـ١٩٧٥) بڵاوبووەوە. هاوشێوەی ئەمە لە ئێران لەماوەی چەند مانگ پاش شۆڕشی ١٩٧٨-١٩٧٩، نزیكەی ١٢ كاتنامە بڵاوبوونەوە. لە توركیاش، ژمارەیەك بڵاڤۆكی جوداجودا لە ماوەی قۆناخی ئازادی سیاسی بڵاوبوونەوە.[٨]

لە قەڵەمڕەوی حكوومەتی هەرێمی كوردستان، كە پاش شەڕی كەنداو پێكهات، ژیانی ڕۆژنامەنووسی بوژایەوە و هەتا ساڵی ١٩٩٣، زۆرتر لە ٣٠ ڕۆژنامە و گۆڤار سەرەڕای نرخی یەكجار زۆری كەغەز، مەرەكەب و حوبر، زینگ و كەرەستەكانی دیكەی چاپ، لەوێ بڵاوبووەوە. هەروەها دوو حیزبی سەرەكی (یەكێتی نیشتمانی كوردستان و پارتی دێموكراتی كوردستان) ڕۆژنامەی خۆیان بڵاودەكەنەوە. ڕۆژنامەی یەكێتی نیشتمانی كوردستان، بە هۆی كەمی كاغەز، ٧ هەزار دانەی لێ بڵاودەبووەوە كە زۆربەی جاران دەفرۆشرا. زۆربەی بڵاڤۆكە كوردییەكان، حەوتوونامە(لە سەدا ٤١)، مانگنامە (لە سەدا ٢٦)و دوو حەوتوونامە (لە سەدا ١١/٧) بوون.[٩]

بڵاوكردنەوەی ڕۆژنامە پێویستی بە سەرمایەیەكی بەرچاو —لانی كەم كادرێكی دایمی، پێداویستییەكانی چاپ بە پێی پێویست، سیستمێكی دابەشكردن و مۆڵەتی دەوڵەت (لە

کوردستاندا) – هەیە. لە کوردستان کەندوکۆسپەکانی بەردەم چاپ و بڵاوکردنەوە، زۆرتر سیاسین. بۆ نموونە، لەو ماوەیەدا کە عێراق لەژێر چەتری پارێزگاری بریتانیادا بوو، سەرنووسەری "دیاری کوردستان" (ژمارەی ١، رەشەمەی ١٩٢٥، لاپەڕەی ١٣) نووسی کە "ویستوویەتی رۆژنامەیەکی سیاسی وەك زمانحاڵی نەتەوەی کورد، لە بەغداد بڵاوبکاتەوە، بەڵام سەرکەوتوو نەبووە، لەبەرئەوەی کە ئەو بڕە پارەیەی کە بوویەتی، تەنها خەرجی گرتنی مۆڵەتی کردووە. ئێمە دەزانین کە نە دەسەڵاتدارانی بریتانیاو نە دەسەڵاتدارانی عێراق، ئیزن نادەن رۆژنامەیەکی کوردی بڵاوبێتەوە. لەبەرئەوەی کە رۆژنامە، ناسیۆنالیزم و نەتەوەسازی کوردی بەهێز دەکات و بەسترانەوەی کوردان بە زمانی عەرەبی کەم دەکاتەوە". بە وتەی ئیدمۆندز (١٥٠:١٩٧٠) هەتا ساڵی ١٩٥٨، سیاسەتی دەوڵەتی عێراق ئەوە بوو کە هیچ مۆڵەتێك بە بڵاڤۆکە سیاسییە کوردییەکان نەدات. پاش رووخانی سیستمی پاشایەتیی لایەنگری بریتانیا، ٨ رۆژنامە لە ماوەی نێوان ساڵەکانی ١٩٥٩و ١٩٧٤ بڵاو بوونەوە، هەرچەند هیچکامیان لە ساڵێك زۆرتر درێژەیان نەکێشا. ٥ رۆژنامە لەم رۆژنامانە لە ماوەی نێوان ساڵەکانی ١٩٥٩و ١٩٦١ واتا کاتێ کە کورد سوودیان لە ئازادییەکی رێژەیی وەرگرت، بڵاوبوونەوەو ٥ رۆژنامە لەو رۆژنامانەی کە لەنێوان ساڵەکانی ١٩٥٩ـ١٩٧٤ بڵاوبوونەوە، بە دەستی دەوڵەت سەرکوتکران [١٠]. ماوەیەکی کورت پاش شەڕی ئێران و عێراق، دەوڵەتی بەغداد دوو بڵاڤۆکی حەوتوونامەی بە ناوی بزاڤ و ئاسۆ لە ساڵی١٩٨٥دا بڵاوکردەوە.

## خوێندەواری و پێشکەوتنی زمان

ئەدەبیاتی سەرەتایی کورد زۆرتر بە شێوازی شیعر بوو و هەرچەند کە نموونەی پەخشان لە سەدەی ١٩زۆر نەبوو، بەڵام پەخشانی کوردی زۆرتر بەرهەمی رۆژنامەنووسی بووە. رۆژنامە و گۆڤارەکان سەرەڕای کاتی بوونیان، ئامرازی سەرەکی گۆڕانکاری ئەدەبیاتی کورد (لە پاڵ نموونەی ئەدەبیاتی مۆدێرنی ئەورووپاو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست) بوون و بابەتە جۆراوجۆرە ئەدەبییەکان وەك رۆمان، چیرۆکی کورت و شانۆنامە، سەرەتا لە لاپەڕەی گۆڤارەکان و رۆژنامەکاندا بڵاودەبوونەوە. بۆ نموونە مانگنامەی ئەدەبی گەلاوێژ (١٩٣٩ـ١٩٤٩) کاریگەریی خۆی لەسەر گەشەی رۆژ لە دوای رۆژی پەخشانی چیرۆکی دانا. بڵاڤۆکێکی تریش بەناوی شەفەق (١٩٨٥) لە رێگای بایەخدان بە باشترین چیرۆکە کوردییەکان، ئەم جۆرە بەرهەمە ئەدەبییانەی هان دا. ١٢٦ چیرۆك لە بواری چیرۆکی هونەری لە ماوەی نێوان



ساڵەکانی ١٩٢٥و ١٩٦٠ لە چاپەمەنیدا بڵاوبوونەوە. بە پێچەوانەوە، ژمارەی ئەو بەرهەمە چیرۆکییانەی کە بە شێوازی کتێب لەم ٣٥ ساڵەدا بڵاوبوونەوە، تەنها ١٦ کتێب بوو.

بە گوێرەی لێکۆڵینەوەیەکی دی، لەنێوان ئەو ١١٢٠ کتێبەی کە لە ماوەی ١٩٢٠و ١٩٧٧ لە عێراقدا بڵاوبوونەوە، تەنیا ٧١٨ ناوونیشانی (لە سەدا ٦٤) بە شێوازی پەخشان بووە. ئەمە لەحاڵێکدا بوو کە پەخشان، تەنیا ئامرازی رۆژنامەنووسی بوو.

چاپەمەنی دەورێکی گرینگی لە ئیستانداردکردن و رێسابەندکردنی زاراوەی سۆرانیدا بینیوە. زاراوەی کورمانجی کە زۆربەی کوردەکان، واتا کوردەکانی تورکیا، سوریا، یەکێتی سۆڤیەت و هەندێك کوردی ئێران و عێراق، قسەی پێ دەکەن و خاوەن نەریتێکی کۆنی ئەدەبییە، لە ئاستێکی خواردا بوو، لەبەرئەوە کە چاپ و بڵاوکردنەوە لە عێراق، زۆرتر بە زاراوەی سۆرانی بوو (لە سەدا ٨٨ی ئەو ١٤٥ بڵاڤۆکەی کە لە ماوەی نێوان ساڵەکانی ١٩١٨و ١٩٨٥دا بڵاوبوونەوە، بە زاراوەی سۆرانی بوون).

لە یەکێتی سۆڤیەت رۆژنامەی "رێیاتازە"و رادیۆ ئیرەڤان، دەورێکی گرینگیان لە ژیانی ئەدەبی، زمانی و کولتووری کوردە کورمانجەکاندا بینی. بەڵام بە هۆی کەند و کۆسپی سیاسی، تێکەڵی و هەڵسوکەوت لەنێوان کوردەکانی یەکێتی سۆڤیەت و کوردەکانی شوێنەکانی تری کوردستان، زۆر زۆر کەم بوو.

بەهۆی رەوتی هێواشی دەزگای چاپ و ئەدەبیات، پێشەی رۆژنامەنووسی لە دەیەکانی سەرەتای خۆی دا زۆر پرۆفیشناڵ نەبوو. رۆژنامەنووسان، مرۆڤگەلێکی هەمووکارە (زۆرتر چالاکی سیاسی و رێبەرانی بزووتنەوە ناسیۆنالیستەکان) بوون و جیاوازییەکی زۆر لە نێوان مرۆڤێکی رۆژنامەنووس و کرێکارێکی ئەدەبیدا نەبوو. بۆ نموونە، حوزنی موکریانی هاوکات رۆژنامەنووس، نووسەر، مێژوونووس، هەڵەچنی زمان، چاپکەر، بڵاوکەر، کتێبفرۆش و دابەشکەر بوو. بەهەرحاڵ، هەتا کۆتایی دەیەی ١٩٧٠، رۆژنامەنووسی پرۆفیشناڵ سەری هەڵدا. یەکێتی رۆژنامەنووسانی عێراق، لقێکی لە ناوچەی خودموختاردا هەبوو. هاوکات، رۆژنامەنووسانی شۆڕشگێڕ، یەکێتی رۆژنامەنووسانی کوردستانیان لەساڵی ١٩٨٤ لە ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی کوردەکاندا، دامەزراند(کوردایەتی، ژمارەی ٢، جۆزەردانی ١٩٨٤، لاپەڕەی ٨).

٢٢ی خاکەلێوە، ساڵرۆژی بڵاوبوونەوەی یەکەم رۆژنامەی کوردی لە ساڵی ١٨٩٨، وەك رۆژی رۆژنامەنووسی کوردی، هەرساڵ پیرۆز دەکرێت و جێژن دەگیرێت.

## دەوڵەمەندیی ژیانی ڕۆشنبیری

چاپەمەنی، زانیاری ڕێك و پێك و ڕۆژانە لەمەڕ پێشکەوتنی کۆمەڵگاو ڕووداوە گرینگەکان لە ئاستی ناوچەیی، نەتەوەیی و نێونەتەوەییدا بڵاودەکەنەوە. لە حاڵێکدا کە زۆرێك لە بڵاڤۆکە سەرەتاییەکان، خۆیان وەك بڵاڤۆکی ئەدەبی، کۆمەڵایەتی، کولتووری و زانستی نیشان دەدا، لە دەیەی ١٩٦٠ بەم لاوە پسپۆڕگەرایی لە بابەتەکاندا رووی لەزیادبوون کردو ڕۆژنامە و کتێبەکان، باس و گفتوگۆیان لە پرسی پزیشکی، پولناسی، منداڵان، جووتیاری و چاکسازی زەویوزار، تیاتر، زانست و پەروەردە دەکرد. لە قەڵەمڕەوی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە ساڵی ١٩٩٢ دامەزرا، بڵاڤۆکی پسپۆڕی لە بواری ئابووری و کۆمەڵایەتی (وەك گۆڤاری ئابووری وڵات)، سیاسەتی نێونەتەوەیی (وەك گۆڤاری سیاسەتی دوەلی)و فولکلۆر(وەك گۆڤاری کەلەپووری کورد) بڵاودەبێتەوە. هەروەها ژمارەیەك ڕۆژنامە و گۆڤار کە باسی ئایدیۆلۆژی و تیۆری دەکەن، وەك مانگنامەی ڕێگای ئاشتی و سۆسیالیزم (کە مانگنامەیەکی مارکسییە کە لە ساڵی١٩٨٦ بەم لاوە لە لایەن حیزبی شیوعی عێراق بڵاو دەبێتەوە)و وەرزنامەی یەکگرتن (کە وەرزنامەیەکی کولتووری و تیۆوریکە) بڵاودەبنەوە.

کولتووری کورد بە وەرگەڕاندنی بەرهەمە ئەدەبییە جیهانییەکان، دەوڵەمەند بووەوە. ئەدیبانی کورد پاش سەد ساڵ ڕۆژنامەنووسی بە زمانی ناوچەیی، هێشتا هۆگرو بە پەرۆشی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانن. شاعیرەکان لە ڕۆژنامە و گۆڤارگەلێك وەك ژین، گەلاوێژ و کوردستان، شیعر دەنووسن. ساڵڕۆژی دامەزراندنی هەندێك لە بڵاڤۆکەکان جێژن دەگیرێت و هەوڵێکی زۆر بۆ دووبارە چاپکردنەوەی بڵاڤۆکە کۆنەکان لە ئارادایە.

## بڵاوکردنەوەی کتێب

هەر لە ماوەیەکی زۆر پێش لە سەردەمی ڕۆژنامەنووسی، ئەدەبیاتی کوردی، بایەخی بە کتێب، وەك پێوانی کولتووری باڵادەستی نەتەوەیی داوە و کتێبەکان وەك هێڵی جوداکەرەوەی نێوان زمان و زاراوە، نەتەوە و هۆز، شارستانی و ناشارستانی سەیر کراون. یەکەم ئیدوئۆلۆژیستی ناسیۆنالیستی کورد، ئەحمەدی خانی، بڕیاریدا کتێبی "مەم و زین" بنووسێ بۆ ئەوە کە بانگەشەی نەیارانی کورد(سەبارەت بەوە کە هەموو نەتەوەکان کتێبیان هەیە، تەنها کوردن کە کتێبیان نییە) پووچەڵ بکاتەوە. پاش پەرەسەندنی پیشەسازی چاپ، چاپ و



بڵاوکردنەوەی کتێب بەزمانی کوردی، بوو بە گۆڕەپانی شەڕ لە نێوان کوردە ناسیۆنالیستەکان و ئەو دەوڵەتانەی کە بەسەر کوردستاندا دەسەڵاتداریان دەکرد. کتێبە کوردییەکان سانسۆر دەکران، لە دادگاکاندا موحاکمە دەکران، دەسووتێنران و لەناودەبردران.

یەکەم دەقی [11] چاپکراو بە زمانی کوردی لە دیوانی مەولانا خالید(١٨٨٧ـــ١٨٢٦)، ڕێبەری تەریقەتی ئایینی نەقشبەندیدا دەدۆزرێتەوە. ئەم کتێبە کە لە ساڵی١٨٤٤دا چاپ بووە، زۆرتر شیعری عەرەبی، فارسی و چەند کۆپلە شیعر بە زاراوەی هەورامی گرتووەتە ناوخۆ.

ئینجیلی پیرۆزی مەتا، دووەمین کتێبە کە بە زمانی کوردی چاپکراوە. ئەم کتێبە کرا بە کورمانجی و بە ئەلف و بێی ئەرمەنی لە لایەن کۆمەڵەی کتێبی پیرۆزی بریتانیاو دەرەوە لە ساڵی ١٨٥٦ لە قوستەنتەنیە(ئیستانبوڵ) چاپکرا. فەرهەنگێکی کوردی ـ عەرەبی لە ئیستانبوڵ لە ساڵی ١٨٩٢ چاپکرا، بەڵام چاپ و بڵاوکردنەوە بە زمانی ناوچەیی بە ئەلفوبێی کورمانجی ـ کە لە لایەن خەلیل خەیالی موتکی دانراو لە ئیستانبوڵ بە دەستی کوردیزاد ئەحمەد رامیز بڵاوکرایەوە ـ لە ساڵی ١٩٠٩ دەستی پێکرد. ئەم دوو کەسایەتیانە، ناسیۆنالیست بوون. ئەحمەد رامیز، یەکێ لە دامەزرێنەرانی یەکەم ڕێکخراوی سیاسی کورد لە ساڵی ١٩٠٨، یەکێك لە دامەزرێنەرانی قوتابخانەی کوردی لە ئیستانبوڵ و یەکێ لە بڵاوکەرەکانی ڕۆژنامەی کوردستان لە ساڵی١٩٠٨-١٩٠٩بوو. لە ساڵی 1911 بەرهەمێکی دیکە دەربارەی بیر و باوەڕی ئیسلام لە ئیستانبوڵ بڵاو بۆوە.

قۆناخی شەڕی یەکەمی جیهان، بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە لە کوردستان سوودمەند نەبوو، بەڵام بەهەرحاڵ پاش شەڕ، کوردە ناسیۆنالیستەکان کە کۆمەڵەی تەرەقی کوردستان (کوردستان تەعالی جەمعییەتی)یان دامەزراندبوو، لە ساڵی ١٩١٨، بڵاڤۆکی "ژین"یان بڵاوکردەوە و کۆمەڵەی پڕوپاگەندەی زمان و بڵاوکردنەوەی کوردی (جیواتا تەعمیما مەعاریف و نەشریاتا کوردان)یان لە سەرەتای ساڵی ١٩١٩دا دامەزراند. یەکێك لە ئامانجەکانی ئەم کۆمەڵەیە، بڵاوکردنەوەی میراتی ئەدەبی کورد بوو. بڵاڤۆکەکەی ئەوان، هەواڵی بڵاوکردنەوەی دوو کتێب (ڕێزمانێکی کوردیو بەرهەمێکی ئایینی) ڕاگەیاند (ژین، ژمارە ٥، ١٩١٨). گرینگترین دەستکەوتی ئەم کۆمەڵەیە، بڵاوکردنەوەی دیوانی شیعری"مەموزین" بوو کە سەرەڕای زۆربوونی خەرجەکەی، بە فیداکارییەکی زۆر بە جوانی و ڕێکوپێکی بڵاوبووەوە. ئەم کتێبە لە لایەن دەسەڵاتدارنی عوسمانییەوە قەدەغەکراو چەند ژمارەیەکی لەناوبرا.

بە گوێرەی زانیارییەکان، ژمارەی گشتیی ئەو کتێبە کوردییانەی کە لە ئیمپراتۆری عوسمانی و تورکیا لەنێوان ساڵی ١٩٠٩و ١٩٢٠دا بڵاو بووەتەوە، نزیکەی ١٥ کتێب مەزەندە دەکرێت. لە دوای راپەڕینی شێخ سەعید لە ١٩٢٥، دەوڵەتی تورك، چاپ و بڵاوکردنەوەی کوردی سەرکوتکرد.

## لە عێراق

لە عێراق، چاپ و بڵاوکردنەوە، بە بڵاوکردنەوەی کتێبێك لە ساڵی ١٩٢٠دا دەستی پێکردو لە ساڵی ١٩٨٥، لانی زۆر گەیشتە ١٥٣ کتێب. لەم ماوەیەدا، رەوتی چاپ و بڵاوکردنەوە هەرچەند کە بێگومان خێراتر ببوو، بەڵام بە هۆی بارودۆخی ناسەقامگیری سیاسی، فەراز و نشێوی زۆری بە خۆیەوە بینی. لە ماوەی ئەم ٦٥ ساڵە کە لێرە تاوتوێ دەکرێت (١٩٢٥ـ١٩٨٥) ٢٠٤٥ کتێب (جگە لە کتێبی وانە) بڵاوبووەتەوە. لە ساڵی ١٩٢١، ١٩٢٤و ١٩٤٥ هیچ کتێبێك بڵاو نەبووەوەو لە ساڵی ١٩٢٦، ١٩٤٤و ١٩٦٣ ژمارەی کتێبەکان گەیشتە کەمترین ئاستی خۆی واتا یەك کتێب.

چاپ و بڵاوکردنەوە، بە درێژایی شەڕی دووەمی جیهان بە هۆی کەمیی کاغەزو لە ساڵەکانی شەڕی خودموختاری کوردستان (١٩٦١ـ١٩٦٩) بە هۆی ئاستەنگی سیاسی کەم بووەوە. گەشەی زۆرخێرای چاپی ساڵانەی کتێب، هەروەك رۆژنامەنووسی، لە ماوەی ئازادی رێژەیی چاپەمەنیی دا هاتە ئاراوە. لە عێراق، کەند و کۆسپی سیاسی زۆرتر لە بەردەم ناوەرۆکی کتێبەکاندا دروستدەکرا نە لەسەر زمانی کتێبەکە. ناوەرۆکی زۆرێك لە کتێبەکان سانسۆر دەکران و نووسەرەکانیان دەگیران و ئازار دەدران.

هەرچەند کە هیچ زانیارییەك لەمەڕ خەرجی چاپ و بڵاوکردنەوە لە دەستدا نییە بەڵام بەڵگە لەبەردەستەکان پیشاندەدەن کە کەند و کۆسپی سەرەکی سەر رێگای پەرەسەندنی چاپ و بڵاوکردنەوە، نەبوونی سەرمایە بووە. وەك نموونە، گیوی موکریانی، خاوەنی چاپخانەی کوردستان، نەیدەتوانی خەرجی چاپکردنی فەرهەنگە گەورەکەی خۆی (فەرهەنگی کوردستان) دابینبکات. گیوی موکریانی لە ساڵی١٩٥٧ رایگەیاند دەستنووسی ئەم فەرهەنگە دەدات بە هەرکەسێ کە بتوانێت بڵاوی بکاتەوە (هەتاو، ژمارەی ٨٦، ٣١ی رێبەندان، لاپەڕەی ٣). موکریانی دوای ٤ ساڵ، رایگەیاند کە خەرجی چاپ و بڵاوکردنەوەی ئەم فەرهەنگە، زۆرتر لە دوو هەزار دینارە (نزیکەی ٦ هەزار دۆلار)و جارێکی دی داوای لە دەوڵەمەندەکان کرد کە ئەوەی کە بۆ بڵاوبوونەوەی ئەم فەرهەنگە پێویستە، بیکەن.



## هەمەچەشنەگەرایی لە بابەتەکان

لە بەراوردکردن لەگەڵ میراتی دەستنووس کە لە بنەمادا بە شکڵی شیعر و ئەدەب و ناوەڕۆکی ئایینی بووە، کتێبە چاپکراوەکان، هەم لە باری شکڵ و هەم لە باری ناوەڕۆکەوە، فرەچەشنە بووە. ئەم گۆڕانکارییە، لە ناکاو رووی نەدا، لەبەرئەوەی کە ئەدەبیات و ئایین هێشتا لە سەدەی سەرەتای ١٩١٨ زاڵ بوون. ئەم گۆڕانە هەنگاو بە هەنگاوە، تا رادەیەك بەهۆی ئەو دەورەیە کە ئەدەبیات لە گەشەکردنی ناسیۆنالیزمی کورددا بینیویەتی. پێشتر گوتراوە کە چاپکردنی میراتی ئەدەبی کورد، بە تایبەت لە دەیەکانی سەرەتادا، هەم بە ئامانجی رزگارکردنی ئەم میراتە لە مەترسی لەناوچوون و هەم بە ئامانجی سەلماندنی ئەم مەسەلەیە بوو کە کورد نەتەوەیەکی جوداو جووتیارن. بۆ نموونە کتێبی مێژووی دوو بەرگی ئەدەبیاتی کوردان لە نووسینی رەفیق حیلمی (کە لە ساڵی ١٩٤١و ١٩٥٦ بڵاوبووەوە)و مێژووی ئەدەبیاتی کورد لە نووسینی عەلائەدینی سەجادی (کە یەکەم جار لە ساڵی ١٩٥٢ دا چاپکرا) کاریگەرییەکی باشیان لەسەر راستبوونی بانگەشە ناسیۆنالیستەکانی نەتەوەی کورد، هەبوو.

هەرچەند کە ئەدەبیات، ئایین و مێژوو بیاڤێکی گرینگ لە بەرهەمە بڵاوکراوەکانیان گرتووەتە ناوخۆ، بەڵام کتێبگەلێك لە بارەی زمان (بە تایبەت فەرهەنگ و رێزمان)، فولکلۆر، بیۆگرافی، مۆسیقا، فەلسەفە، سیاسەت و تەنانەت دەروونناسی و کۆمەڵناسی بڵاوبوونەتەوە. بەهەرحاڵ زانست بە هێواشی دێتە ناو کتێب. بەرهەمە سەرچاوەییەکان (وەك کتێبی رابەر، ئینسکلۆپیدیا، کورتە نووسی یان پێرست نووسی) لە دەستدا نین. هەرچەند کە لانی کەم دوو کتێبی یەك بەرگی، بانگەشەی ناوی فەرهەنگ دەکەن. یەکەم کتێبناسی کتێبە کوردییەکان لە ساڵی ١٩٦٠دا بڵاوبووەوەو لە دوای ئەوە دوو کتێبی دیکە لە ساڵی ١٩٧٧و ١٩٨٨و لەم دواییانەش کتێبێکی وانەی کۆمەڵناسی، بڵاوبووەتەوە.

## سەرهەڵدانی بڵاوکەرەوەکان

یەکەم بڵاوکەرەوە، ئەو کەسانە بوون کە لەگەڵ رێکخراوە سیاسییە کوردییەکان کە لە سەروبەندی شۆڕشی تورکە جوانەکان لە ساڵی١٩٠٨و پاش ئەوە سەریان هەڵدا ـ کاریان دەکرد. هەندێك لەم کوردە ناسیۆنالیستانە، یەکەم دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی کوردییان لەساڵی ١٩١٩دا[١٢] دامەزراند، بەڵام وادیارە هیچ بلاڤۆکێکیان نەبووە. بەرنامەی ئەم دەزگایە

ئەوە بوو کە فەرهەنگێکی زاراوە کوردییەکان، کتێبی وانەو ئەدەبیاتی کلاسیك بڵاوبکاتەوە و هەندێك چالاکیی دیکە وەك دامەزراندنی قوتابخانەی سەرەتایی و کۆلیژی پەروەردەی مامۆستا، ئەنجامبدات.

دووەمین هەوڵی گرینگی بڵاوکردنەوە، لە لایەن دەوڵەتی خودموختاری شێخ مەحموود لە عێراق لە سەرەتای دەیەی ١٩٢٠دا درا. ماشینە چاپە دەستی و بچووکەکەی ئەم دەوڵەتە، ژمارەیەك کتێبچەی دەربارەی فێرکردنی یاساو ڕێوشوێنە سەربازییەکان چاپکرد.

شوێنێکی زۆر دوور بە ناوی ڕەواندز کە ١٢ هەزار کەس حەشیمەتی هەبوو، لە کۆتایی دەیەی ١٩٢٠و ١٩٣٠ (واتا ئەو کاتەی کە حوزنی موکریانی و گیوی موکریانی لەوێ نیشتەجێ بوون) بوو بە ناوەندێکی چالاکی چاپ و بڵاوکردنەوە. زێدەباری ئەمە، ٢٤ کتێب لە ساڵەکانی نێوان ١٩٢٥و ١٩٣٨ بڵاوبووەوە. تایبەتمەندی ئەم کتێبانە ئەمە بوو کە لەڕادەبەدەر ناسیۆنالیستی بوون و بێوچان هەوڵیان دەدا زمانی کوردی لە وشە بیانییەکان بپاڵێون.

چوارەمین هەوڵی گرینگی بڵاوکردنەوە، لە سەرەتای دەیەی ١٩٣٠دا درا، واتا ئەو کاتەی کە دوو کەسایەتی ناوداری کورد بە ناوی کوردی و مەریوانی نیشتەجێی بەغداد بوون و داوایان لە هاووڵاتیان کرد کە دەستنووسی دیوانەکان یان تەنانەت کۆپلە شیعرییەکان بدەن پێیان تا چاپیان بکەن. ئەم بڵاوکەرانە، لە پێشەکی بەرهەمی یەکەمی خۆیاندا (دیوانی ناڵی، ساڵی ١٩٣١) نووسیان: " لەبەرئەوەی کە ئێمە چاوەڕوانی هیچ قازانجێك لە چاپکردنی ئەم دیوانە ناکەین و مەبەستمان پاراستنی زمان و ئەدەبیاتەکەمانە، نرخی ئەم بەرهەمانەمان زۆر کەم و بە گوێرەی خەرجی چاپ و دابەشکردن، دیاریکردووە بۆ ئەوەی کە هەموو کوردێك بتوانێت بیانکڕێت". یەکەم کتێب لە چەند چاپخانە لە بەغداد چاپکرا، بەڵام پاش ئەوەی کە لەساڵی ١٩٣٥دا ماشینێکی چاپی بچووکیان کەوتە دەست، هەندێك بەرهەمی گەورەتریان چاپکرد، بەڵام نەیانتوانی لە نێوان ساڵی ١٩٣١و ١٩٣٨ زۆرتر لە ١١ کتێب چاپبکەن.

زێدەباری بڵاوکەرەوە پرۆفشناڵەکان، نووسەرەکانیش هەتا کۆتایی دەیەی ١٩٣٠، وەك بڵاوکەری بەرهەمەکانی خۆیان، سەریان هەڵدا. بەهەرحاڵ بە هەڵگیرسانی شەڕی دووەمی جیهان و لە ئاکامدا کەمیی کاغەز، ژمارەی ئەم جۆرە بڵاوکەرانە کەم بووەوە. هەڵبەت بەشێك لەم بۆشاییە، بە سەرهەڵدانی جۆرێك بڵاوکەری نوێ (باڵوێزخانەی بریتانیا) کە سووژە پڕوپاگەندەییەکانی شەڕی بڵاودەکردەوە، پڕ بووەوە. پاش شەڕ، مرۆڤگەلی بڵاوکەر دیسان سەریان هەڵدایەوە و دەستیانکرد بە جۆرێك چالاکیی بازرگانی لە قاڵبی بڵاوکەر و کتێبفرۆشدا. بۆ



نموونە لە سلێمانی، کتێب فرۆشی گەلاوێژ لە ساڵی ١٩٥٠دا دامەزرا، هەتا ساڵی ١٩٥٨، ١٣ کتێبی بڵاوکردەوە. ڕووخانی سیستەمی پاشایەتی، کتێبفرۆش و بڵاوکەری زۆرتری هێنایە گۆڕەپان. بۆ نموونە، کتێبفرۆشی خەبات لە ساڵەکانی ١٩٥٨ ـ١٩٦١، ١٠ کتێبی بڵاو کردەوە. بڵاوکەرەکانی دیکە، یەکێتی مامۆستایان و یەکێتی نووسەران بوون.

هەر لە سەرەتاوە دەوڵەتی عێراق وەك بڵاوکەر چالاك بوو و پاوانی چاپ و فرۆشی کتێبە وانەیەکانی لە دەستدا بوو. پێش ساڵی١٩٥٨، هەندێك ئۆرگانی دەوڵەتی بوون بە هۆکاری چاپی بەرهەمە وانەییو پەروەردەییەکان. دەوڵەتی بەغداد پاش بە دەسەڵات گەیشتنی بەعس لە ساڵی١٩٦٨، بڵاوکردنەوەی کتێبە غەیرە وانەییەکانی گرتەدەست. حەوت ئۆرگانی دەوڵەتی، ١٣٣ کتێب - واتا لە سەدا ٢١ی هەموو بەرهەمە بڵاوبووەکان (کە ٦٣٣ کتێب بوو) - لە نێوان ساڵەکانی١٩٦٠ـ١٩٧٥دا بڵاوکردەوە یان یارمەتی بڵاوکردنەوەی دان.

سیاسەتی ڕژێمی بەعس، لە پێناوی زۆرترکردنی کۆنترۆڵی دەوڵەت بەسەر هەموو میدیاکاندا بوو. لە دوای ڕێکەوتننامەی ڕەشەمەی ١٩٧٠، ناوەندێکی چاپ و بڵاوکردنەوەی کوردی دامەزرا کە بڵاوکردنەوەی ژمارەیەك کتێب و مانگنامەیەکی کوردی ـ عەرەبی بە ناوی "ڕۆشنبیری نوێ" دەست پێکرد. ئورگانێکی چاپ و بڵاوکردنەوەی دیکە بە ناوی "خانەی هاوکاری" لەساڵی ١٩٧٤دا دامەزرا کە حەوتوونامەی "هاوکاری" بڵاودەکردەوە. ئەم دوو ناوەندە لە ساڵی١٩٧٦ بوون بە یەك و "ناوەندی کولتوور و بڵاوکردنەوەی کوردی"یان پێکهێنا. ئەم ناوەندە، درێژەی بە بڵاوکردنەوەی سێ گۆڤار بە ناوەکانی "هاوکاری"، "ڕۆشنبیری نوێ"و "بەیان"دا. ئۆرگانی بڵاوکردنەوەی دیکە، "دایرەی گشتی کولتوور و گەنجان" بوو کە لە ناوچەی خودموختاردا دامەزرا. لەساڵی ١٩٨٥، ئەم دایرەیە، ١٨ کتێبی بە زمانی کوردی و ٥ کتێبی بە زمانی عەرەبی بڵاوکردەوە و پاش ئەوەش دەستیکرد بە بڵاوکردنەوەی ٢٨ کتێبی کوردی و ٦ کتێبی عەرەبی.

ژمارەی گشتی ئەو کتێبانەی کە لەنێوان ساڵەکانی ١٩٨٢ و ١٩٨٦دا بڵاو بوونەوە، ٢٠٥ کتێب بوو (گۆڤاری کاروان، ژمارەی ٥٣، ساڵی ١٩٨٧، لاپەڕەی ١٤). "دایرەی گشتیی لێکۆڵینەوە کوردییەکان"، پاوانی بڵاوکردنەوەی کتێبە وانەییەکانی لەدەستدا بوو، بەڵام یارمەتی چاپکردنی کتێبەکانی دیکەشی دەدا. "کۆڕی زانیاری کورد" تا ساڵی ١٩٨٧ ـ واتا ئەو کاتە کە هەڵوەشایەوە و لە دوای ئەوە لەگەڵ کۆڕی زانیاری عێراقدا بوو بە یەك ـ گرینگترین ئورگانی چاپ و بڵاوکردنەوە بوو.

دەوڵەت ٢٩٤ کتێبی چاپ و بڵاوکردەوە کە لەسەدا ٣٨/٥ی هەموو ئەو ٧٦٢ کتێبەی کە لە دەیەی ١٩٧٠دا بڵاو بوونەوە، لەخۆ دەگرت. هەروەها ٢٥٠٢ کتێب، لەوانە کتێبی وانە، لە نێوان ساڵەکانی١٩٢٠و ١٩٨٠ بڵاوبووەوە کە ١٠٠٧یان (واتا لە سەدا ٤٠/٠٢) بە یارمەتی دەوڵەت چاپکران.

## پێکهاتنی کۆڕی نووسەران

پێش سەرهەڵدانی چینی بورژوازی مەزنی شارنشین، پێگەی کۆمەڵایەتی بەرهەمهێنەران و مشتەرییانی بەرهەمە ئەدەبیەکان لە کوردستان، هەروەك کۆمەڵگا نەریتییەکانی دیکە، بەرتەسك بوو. چالاکە ئەدەبییەکان، هەموو شاعیر بوون و لە گرووپی مەلا و گەورە خاوەن زەوییەکان، هەڵسابوون. بەڵام بە گەشەی چاپ و دەرکەوتنی چینێکی ناوەڕاست، پێگەی کۆمەڵایەتی خولقکاری ئەدەبی پەرەی سەندو جگە لە گرووپە خوێندەوارەکانی مەلاو ئاریستۆکرات، گرووپێکی رۆشنبیری غەیری ئایینیش لە قوتابخانە سەربازییەکانی سلێمانیو قوتابخانەکانی دیکەی قۆناخی سەرەتاییو ناوەندی ـ کە لە ساڵی ١٩٨٠ بەم لاوە لە هەندێك شاری کوردنشین دامەزران ـ سەریان هەڵدا.

ئاڵوگۆڕێکی گرینگی دیکە، گەشەی ئەدەبیاتی پەخشان (زۆرتر لە رێگای رۆژنامەنووسی) بوو کە پاڵی بە دەرکەوتنی نووسەران یان دانەرانی نا. هەمووی ئەم هۆکارانە، پاڵیان بە دێموکرات بوونی خولقکاری ئەدەبییەوە نا.

بە هەرحاڵ، رەوتی بە پرۆفشناڵ بوونی پیشەی ئەدەبی، هێواش بوو. تا ئەم دواییانە، زۆربەی داهێنەرەکان، خۆیان کتێبی خۆیان بڵاودەکردەوە و دەیانفرۆشت و زۆربەی جارانیش، هیچ مافێکی داهێنانیان وەرنەدەگرت. زێدەباری نالەباربوونی بارودۆخی چاپ، کەم بوونی داهاتی سەرانەو نزم بوونی ئاستی کتێب خوێندنەوەی گشتیی (بە تایبەت لە دەیەی سەرەتادا)، کەند و کۆسپی سیاسیش ببوو بە نەگبەتی گیانی هەموو دانەرەکان.

کاتێ کە دەوڵەتی کۆماری لە قۆناخی ١٩٥٨ـ١٩٦٠، ئیزنی دا یەکێتییەکی پرۆفشناڵ و چالاك دابمەزرێ، نووسەرانی کورد خوازیاری ئەوە بوون کە رێکخراوی سەربەخۆی خۆیان (سەربەخۆ لە یەکێتی نووسەرانی عێراق کە بەشێکی کوردی هەبوو) پێکبهێنن. جەمیل رۆژبەیانی بە دەربڕینی نارەزایەتی لە پێگەو دەوری لاوەکی کوردان لەنێو ئەو یەکێتییە، بەڵگەی هێنایەوە کە پێکهاتنی یەکێتی نووسەران و خاوەن قەڵەمانی کورد، شتێکی زۆر زۆر پێویست و حاشا هەڵنەگرە. (رۆژی نوێ، ژمارەی ٣، ١٩٦٠).

بە هەرحاڵ مۆڵەتی دامەزرانی یەکێتی نووسەران، یەك دەیە پاشتر دەرچوو، واتە ئەو کاتەی کە رێکەوتننامەی رەشەمەی١٩٧٠بڕیاریدا کە دەبێت رێوشوێنێك بگیردرێتە بەر بۆ ئەوەی دانەران، شاعیران و نووسەران بتوانن فدراسیۆنی تایبەتی خۆیان دابمەزرێنن و بەرهەمی خۆیان چاپ بکەن و هەموو هەل و پێداویستییەکیان پێبدرێت تا بەهرەی زانستی و هونەری خۆیان ببوژێننەوە. یەکەم



کۆنگرەی یەکێتی نووسەرانی کورد لە ساڵی ١٩٧٠ لە بەغداد بە بەشداری ٧٩ کەس لە ئەندامان بەڕێوەچوو و گرووپی رێبەرایەتی هەڵبژێردرا. یەکێتی نووسەرانی کورد مانگنامەیەکی بە ناوی "نووسەری کورد" بڵاودەکردەوە کە زانیاری و هەواڵی پڕبایەخی دەربارەی گەشەی ئەدەبیات، چیرۆکی کورت، شیعرو وتار لە بارەی زمان و ئەدەبیاتی کوردی بڵاودەکردەوە. بەهەرحاڵ بە هۆی گیروگرفتیماڵیو چاپ، بڵاڤۆکی نووسەری کورد دوو مانگ جارێك بڵاودەبووەوە. یەکێتی نووسەرانی کورد، کۆمەڵێك لقی چالاکی لە زۆربەی شارە کوردنشینەکاندا هەبوو.

لە کاتی دەستپێکردنەوەی پێکدادانی چەکداری لە رەشەمەی ١٩٧٤، زۆربەی ئەندامانی یەکێتی نووسەرانی کورد بە هۆی نەبوونی ئاسایش پەنایان بۆ شاخەکان برد. دوایین ژمارەی نووسەری کورد(ژمارە ١٢، ژانویەی ١٩٧٥، لاپەڕەی ٨٦ـ٨٧) لە ناوچە ئازادبووەکان چاپکراو لە زمانی یەکێتییەوە لە خاوەن قەڵەمەکان، نووسەران و رۆشنبیرانی جیهان داوای کرد نارەزایەتی خۆیان لە دەوڵەتی عێراق بە بۆنەی دەستپێکردنەوەی شەڕ، دەربڕن. ئەم بەیانییەیە لە لایەن ٨٢ کەس لە ئەندامانی یەکێتی نووسەران (کە زۆربەیان ناچار بوون لە دوای هەرەسهێنانی کوردەکان لە ساڵی ١٩٧٥، پەنا بۆ ئێران و وڵاتانی رۆژئاوا ببەن) ئیمزا کرابوو. دەوڵەتی عێراق یەکێتی نووسەرانی لە نێوان ئەو کەسانەی کە نەچووبوونە ریزی بزووتنەوەی خۆڕاگری کورد، پێکهێناو لە ساڵی ١٩٨٠ـ واتا ئەو کاتەی کە یاسایەکی نوێ سەبارەت بە دامەزراندنی یەکێتی گشتیی خاوەن قەڵەمان و نووسەران لە لایەن ئەنجوومەنی فەرماندەیی شۆڕشی عێراق دەرچووـ هەڵوەشایەوە. لە رەزبەری ١٩٨٤، لقی ناوچەی خودموختاری ئەم یەکێتییە دامەزرا(گۆڤاری کاروان، ژمارە ٢٧، ١٩٨٤، لاپەڕەی ١١٦ـ١٢٦).

دەوڵەتی عێراق لە پاڵ ئەم بزاڤە، سیاسەتی لەناوبردنی رێکخراوە کوردییە سەربەخۆکان و لکاندنیان بە رێکخراوە عێراقییەکانی، جێبەجێ دەکرد. ئەمە لەحاڵێکدا بوو کە هەتا کۆتایی ساڵی ١٩٧٠، پیشەی ئەدەبی بە تەواوی گرینگ و فرەچەشنە ببوو. لە دەیەی ١٩٧٠، ١٥٣ دانەر هاتبوونە نێو جیهانی چاپ و بڵاوکردنەوە. یەکێتی نووسەرانی کوردستان لە ساڵی ١٩٨١ لە ناوچەی ژێر کۆنترۆڵی یەکێتی نیشتمانی کوردستان پێکهات. ئۆرگانی ئەدەبی ئەم یەکێتییە، گۆڤاری "پێرو" بوو کە لە هەمان ساڵدا بڵاوبووەوە و پاشان ناوی بوو بە "نووسەری کوردستان".

کوردە خودموختاریخوازەکانی ئێرانیش، بڵاڤۆکی ئەدەبی خۆیان لە ناوچە ئازادکراوەکاندا بڵاودەکردەوە. گۆڤاری "نووسەری چیا" لە ساڵی ١٩٨٤ بڵاودەبووەوە. رێکخراوی کۆمەڵەیش، ناوەندی هونەری و ئەدەبی کرێکارانی کوردستانی پێکهێناو ١٣ ژمارە لە بڵاڤۆکی ئەدەبی"پێشەنگ"ی لە نێوان ساڵی ١٩٨٥و ١٩٩٢ بڵاوکردەوە.

## پێکهاتنی خوێندنەوەی گشتیی

لە کوردستان، خوێندەواری پێشکەوتنێکی بەرچاوی بە خۆیەوە بینی و لە نزیکەی لە سەدا چوار لە دەیەی ١٩٢٠، گەیشتە لە سەدا پەنجا لە نیوەی دەیەی ١٩٩٠. کوردەکانی یەکێتی سۆڤیەت هەتا دەیەی ١٩٤٠ بە تەواوی خوێندەوار بوون. بەهەرحاڵ، دەستنیشانکردنی پێوەری راستەقینەی خوێندنەوەی گشتیی بە گوێرەی رێژەی حەشیمەت، کارێکی ئاستەمە. خوێندەواری ـ کە وەك توانایی خوێندن و نووسین پێناسە دەکرێت ـ مەرج نییە کە پاڵ بە خەڵکی خوێندەوار بنێت بۆ ئەوە کە شت بخوێننەوە. هۆکارە لێبڕاوەکانی خوێندنەوە بریتین لە رێژەی گەشەسەندن یان پەروەردەی رۆشنبیری، جۆری سیستمی سیاسیو رێکخستنی کۆمەلایەتی. خۆشبژێوی ئابووری، پەروەردە و خوێندنەوەیەکی گشتیی بەرفراوان، دەبێتە هۆی ئەوەی کە داخوازی بۆ بەرهەمی ئەدەبی بێتە ئاراوە و لە هەمان کاتیشدا ژیانێکی بخۆ و نەمرە بۆ نووسەرەکان دابیندەکات. لە کوردستان بارودۆخی سیاسی، بووەتە هۆی ئەوە کە هەلومەرج بۆ تامەزرۆبوونی خوێندنەوەی کتێب لە نێوان رۆشنبیران، بڕەخسێت. بەر لە سەرەدەمی چاپ، گرووپێکی تایبەت (نە گشتیی) کتێبخوێن، لە مەکتەبی مزگەوتەکان و دیوەخانی ئاریستۆکراتە خاوەن زەوییەکاندا هەبوو بەلام بەهەرحاڵ، بەرەبەرە، خوێندنەوە لە عێراق، ئێران و تورکیا گەشەی کرد. ئێستا رێژەی خوێندەواری زۆرتر بووە و ژمارەیەکی بەرچاو لە کوردەکان، لە خوێندنی ناوەڕاست و باڵا سوود وەردەگرن. گەشەکردنی چینی ناوەڕاست، لەوانە فەرمانبەرانی دەوڵەت، پەرستار، پزیشك، ئەندازیار، پارێزەر و میدیا گشتییە پرۆفشناڵەکان و هتد روخساری ژیانی نەریتی شارنشینی لە کوردستاندا گۆڕیوە.

سیستمی دابەشکردنی کتێبی کوردی، هەر ئەو سیستمەی دابەشکردنی کاتنامەکان بوو. لە کاتێکدا کە لە سەرەتای دەیەی ١٩٢٠، هیچ کتێبفرۆشێك لە کوردستانی عێراقدا بوونی نەبوو، لە ساڵی ١٩٨٥، ٢١ کتێبفرۆشی گەورە و بچووك لە سلێمانی دانران. لە دەیەی ١٩٤٠یش کتێبخانە گشتییەکان لە عێراق دانران، بەلام کتێبی کوردییان کەم بوو. خودموختاریخوازانی کورد، خوازیاری هەبوونی کتێبی کوردی لەنێو کتێبخانە گشتییەکان و قوتابخانەکاندا بوون.



## لە ئێران

لە ئێران، یەکەم کتێبی کوردی کە بلاوبووەوە، فەرهەنگی کوردی ـ فارسی ئەبولحەسەن بوو کە ٤٣ لاپەڕە بوو و بە شێوازی لیتۆگرافیك لە ساڵی ١٨٦٦(١٣٠٣ی کۆچی هەتاوی)، پاش رووخانی میرنشینی ئەردەڵان، لە تاران چاپکرا.

لە ماوەی دەسەلاتداری سیستمی پاشایەتی پەهلەوی یەکەم واتا رەزاخان (١٩٢٥ــ١٩٤١) نەتەنیا چاپ، بەڵکو تەنانەت هەبوونی کتێبی کوردیش قەدەغە بوو. تەنیا کتێبێك کە لەم ماوەیەدا چاپکرا، کتێبی شیعری پڕوپاگەندەی ئایینی مەسیح بوو کە سەعیدخانی کوردستانی بە زاراوەی هەورامی لە ساڵی ١٩٣١ لە تاران نووسیبوی. تەنانەت دوای لە سەردەسەلات لابرانی رەزاخان لە ساڵی ١٩٤١یش سانسۆر لە ناو نەبرا.

بە هەرحاڵ لانی کەم سێ کتێب لە نێوان ساڵەکانی ١٩٤٣ــ١٩٤٥ لەلایەن کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان بە نهێنی چاپکرا. لەکاتی کۆماری کوردستان لە ساڵی ١٩٤٦، کە زۆر بە پەرۆشی رۆژنامەنووسی بوو، بە گشتیی سێ کتێب لە مەهاباد، تەورێز و بۆکان چاپکرا. لەم ماوەیەدا، دوو کتێبخانە لە مەهاباد دانرا و رۆژنامەی کوردستان-یش (ژمارەی ٢٤، ١٧ی رەشەمەی ١٩٤٦، لاپەڕەی ٣) هەواڵی بەرنامەڕێژی بۆ دامەزراندنی کتێبخانەی نەتەوەیی کوردستان- ی بلاوکردەوە. لە پووشپەڕی١٩٤٦، ئەم کتێبخانەیە کە ٦٠٠ کتێبی بە زمانی فارسی، تورکی، کوردی و زمانەکانی دیکەی تێدا بوو، کرایەوە (رۆژنامەی کوردستان، ژمارە٧، جولای ١٩٤٦، لاپەڕەی ٤). بەهەرحاڵ، پاش رووخانی کۆماری خودموختاری کوردستان بە دەستی سوپای ئێران، دەوڵەتی ناوەندی ئەم کتێبخانەیەی لەناو برد.

دەوڵەتی شا بە مەبەستی بەرەنگاریکردن لەگەڵ چاپ و بلاوکردنەوەی کتێب بە زمانی کوردی لە لایەن روسیاوە، یارمەتی مەلایەکی سنەیی دا بۆ ئەوە کە دوو بەرگ لە فەرهەنگێکی کوردی ـ فارسی ـ عەرەبی و کتێبێکی مێژووی کوردستان (بە زمانی فارسی)و ژمارەیەك بەرهەمی ئایینیی دیکە، بلاوبکاتەوە. دەوڵەت هەروەها، مۆڵەتی بە کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی تەورێز دا لە وەرزنامەکەی خۆیدا لە ساڵی ١٩٥٦، ژمارەیەك دەقی فۆلکلۆریکی کوردی چاپبکات. لەنێوان ساڵی ١٩٤٦و ١٩٤٧دا شیمانە دەکرێت کە زۆرتر لە چوار کتێب بە زمانی کوردی بە شێوازی غەیرە حکوومی چاپکرابێت. لە ئاکامی پێشکەوتنە نێونەتەوەییەکانی دەیەی ١٩٥٠ کە کاری کردەسەر کوردەکانی ئێرانیش، دەوڵەت یارمەتی بلاوبوونەوەی حەوتوونامەیەکی کوردی و دوو کتێبی دیکەی دا. شتی گرینگتر ئەوە بوو کە بە

کتێبفرۆشی سەیدیان لە مەهاباد ئیزن درا کتێبگەلی غەیری سیاسی وەك شیعر و ئایین چاپ و بڵاوبکاتەوە. کتێبفرۆشی سەیدیان لەساڵی ١٩٦٢تا ١٩٧١ بەگشتیی ٢٤٥ کتێبی بڵاوکردەوە کە هەموویان لە بارەی ئایین، شیعری غەیری سیاسی و فەرهەنگۆك بوون و زۆربەیان لە رووی ئەو بەرهەمانە چاپکرابوون کە پێشتر لە عێراق بڵاوببوونەوە. ئەنیستیتۆی ئاسیای زانکۆی شیراز، ژمارەیەك دەقی فولکلۆریکی لە بڵاڤۆکی "پژوهشنامه" لە دەیەی ١٩٧٠دا بڵاوکردەوە و زانکۆی تەورێزیش، ٦ بەرگ لە بەیتە رەمەکییە کوردییەکانی بە پێشەکی و وەرگێڕانی فارسی چاپکرد. زێدەباری ئەمانە، ١٢ کتێب لەنێوان ساڵی ١٩٦٠و ١٩٧٥ بڵاوبوونەوە، کەوابوو بە گشتیی ٥٦ کتێب لە سەردەمی دەسەڵاتداری پەهلەوی (جگە لە ساڵی پڕ لە ئاژاوە و سەرهەڵدانی ١٩٧٨) بڵاوبووەوە. پاش لاوازبوونی بەرەبەرەی ساواك (دەزگای پۆلیسی نهێنی) پێشکەوتنێکی زۆر لە چاپ و بڵاوکردنەوە لە سەرانسەری وڵات هاتە ئاراوە. رێکخراوە سیاسییەکان لە کوردستاندا چالاك بوون و زۆرتر سەرقاڵی رۆژنامەنووسی بوون تا چاپی کتێب. کتێبی "دایك" لە نووسینی ماکسیم گورکی، کە سەرەتا لە کوردستانی عێراق بڵاوببووەوە، دیسان لە ئێران چاپکرایەوە و کتێبی"کێ رێگای شکاند"، کە لە نیوەی دەیەی ١٩٦٠ بەشێوازی دەستنووس بڵاوببۆوە، لە بەهاری ١٩٧١دا چاپو بڵاوکرایەوە.

سیاسەتی گشتیی کۆماری ئیسلامی، هاوشێوەی سیاسەتیی بنەماڵەی پەهلەوییە. چاپەمەنی و دوکانەکانی فتۆکۆپی و کڕین و فرۆشتنی ماشینەکانی چاپ و فتۆکۆپی، بە وردی لەژێر چاودێری دان و هیچ کتێبێك بۆی نییە بەبێ مۆڵەتی "وەزارەتی فەرهەنگ و ئیرشادی ئیسلامی" بڵاوبێتەوە. هەڵبەتە هەتا ئەو جێگایەی کە پێوەندی بە چاپ و بڵاوکردنەوە بە زمانی کوردییەوە هەیە، سیاسەتی کۆماری ئیسلامی، بە بەراورد لەگەڵ دەوڵەتەکانی پێشوودا، نەرمتر بووە. پاش زاڵبوونی دەوڵەت بەسەر شارەکانی کوردستان لە ساڵی ١٩٨٠وە تا ئێستا، ئەو کتێبانەی کە دەسەڵاتداری دەوڵەت یا ئایدوئۆلۆژی دەوڵەت نەبەنە ژێر پرسیار یان پاڵ بە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد و ئایدیۆلۆژی مارکسیزم ـ لنینیزم ەوە نەنێن، بڵاوبوونەوەتەوە. کەوابوو ئەو کتێبانەی کە لەسەردەمی سیستمی پاشایەتیدا قەدەغە بوون، وەك مێژووی کوردستان، لە نووسینی ئەمین زەکی و کۆماری کوردی ١٩٤٦، لە نووسینی ویلیام ئیگێلتۆن لە ساڵی ١٩٨٥ بڵاو بوونەوە (بەڵام وشەی کۆمار لەسەر بەرگی کتێبەکە لابردرابوو).

چاپ و بڵاوکردنەوەی دەوڵەتی و غەیرە دەوڵەتی لە کوردستانی ئێران، بە شێوازێکی بەرچاو پەرەی سەندووە. بۆ نموونە، تەنیا کتێبفرۆشی و دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی سەیدیان، لە ماوەی نێوان ساڵی ١٩٧٨و ١٩٨٥، ٧١ کتێبی لەبارەی بابەتگەلی جۆراوجۆر وەك مێژوو، 



سیاسەت، ئایین، زمان و فۆلکلۆر بڵاوکردووەتەوە. بەهەرحاڵ کتێبفرۆشی سەیدیان بەرەبەرە بە دەستی دەسەڵاتدارانی دەوڵەت داخرا. لە سنە و تارانیش ژمارەیەکی بەرچاو کتێب لە بارەی ئیسلام بە یارمەتی دەوڵەت، چاپبووە. لە ماوەی نێوان ساڵی ١٩٧٩تا ١٩٨٥، بەگشتی نزیکەی ٥٧ کتێب بڵاوبووەتەوە. لە نیوەی دەیەی ١٩٩٠، ناوەندگەلی جۆراوجۆری چاپ و بڵاوکردنەوە لە شارگەلێکی وەك سەقز، سنە و بانە چالاك بوون.

جودا لەم سیاسەتە ئازادە، خودی دەوڵەتیش دەستی کردەوە بە بڵاوکردنەوەی کتێبی کوردی. هەتا ساڵی ١٩٨٥، سێ ئۆرگانی گرینگی دەوڵەتی، ١٩ کتێبیان بڵاوکردەوە. چالاکترین ئۆرگانی دەوڵەتی لەم بوارەدا، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی "سروش"ە کە سەر بە رێکخراوی رادیۆ و تەلەفزیۆنی ئێرانە و بەشی کوردییەکەی ١٣ کتێبی چاپ کردووە کە زۆربەیان، وەرگێڕاوی بەرهەمی کورتی ئایدوئۆلۆژیستە ئیسلامییەکانن. ئۆرگانێکی دیکە بە ناوی "جهاد سازندگی" (خەبات بۆ ئاوەدانکردنەوە) بەشێکی کوردی داناو دوو کتێبی ئایینی بڵاوکردەوە. ئۆرگانی سێیەم، "کانون پرورش فکری کودکان و نوجوانان" (ناوەندی پەروەردەی هزری منداڵان و مێرمنداڵان) بووکە ٤٠ چیرۆکی بۆ منداڵان بڵاوکردەوە. "سازمان تبلیغات اسلامی" (رێکخراوی پڕوپاگەندای ئیسلامی)یش بەشێکی کوردی دانا کە هەتا کۆتایی ساڵی ١٩٨٥، ١٠ کتێبی ئیسلامی بە هەردوو زاراوەی کورمانجی و سۆرانی بڵاوکردەوە. جگە لەم کتێبانە، مانگنامەیەك بە ناوی "ئارمانج"و پاشان حەوتوونامەی "ئاوێنە" لە سەرجەم ناوچە کوردنشینەکاندا بڵاوبووەتەوە. رێکخراوێکی چاپ و بڵاوکردنەوەش بەناوی انتشارات صلاح الدین ایوبی (دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی سەلاحەدینی ئەیوبی) بە یارمەتی دەوڵەت لە ساڵی ١٩٨٤ لە ئورومیە دامەزرا کە گۆڤارێکی بە ناوی"سروە"و زۆرتر لە ١٢ کتێبی چاپ و بڵاوکردوەتەوە. ژمارەی گشتیی ئەو کتێبانەی کە لە ئێران هەتا ساڵی ١٩٨٥ بڵاوبوونەتەوە، نزیکەی ١٥٠ کتێب مەزەندە دەکرێت.

سیاسەتی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە بڵاوکردنەوی کوردی، بەگوێرەی یاسای بنەڕەتی وڵاتە کە ئیزن دەدات زمانە مەحەلی و ئەتنیکییەکان لە میدیا گشتییەکاندا بەکاربهێنرێن. بەهەرحاڵ وا دیارە کە هانەی جێبەجێکردنی ئەم سیاسەتە، راوڕایەڵی سیاسییە نە بەرپرسیارێتی رێژیم لەبەرامبەر یاسای بنەڕەتی. دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی سیاسەتێکی نەرمتری سەبارەت بە چاپ و بڵاوکردنەوەی کوردی گرتووەتە بەر، لەبەرئەوە کە لەگەڵ بزووتنەوەی خۆڕاگری چەکداری بێوچانی رێکخراوە سیاسییە کوردییەکاندا رووبەڕوو بووە. هۆکاری دیکە ناردنی شۆڕشی ئیسلامی بۆ کوردستانی عێراق، تورکیاو سوریایە.

## له توركيا

له توركیا، بڵاوكردنەوەی سنووردار، بەڵام مەترسیداری سیاسی، لە قۆناخی قەیرانی سیاسی یان ئازادی (ساڵەكانی ١٩٦٧ــ١٩٧٥، ١٩٧٠ــ١٩٨٠) كە دەوڵەتی ناوەندی نەیدەتوانی كۆنترۆڵی توندی خۆی بخاتەگەڕ، لوواوبوو. لەم قۆناخەدا، ژمارەیەك دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوە سەریان هەڵدا كە هۆگری چاپی كتێب بە زمانی كوردی یان كتێبگەلێ پێوەندیدار بە كوردستان بوون. دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی "گون یایینلاری"لە ئیستانبۆڵ، كتێبی "مەموزین"ی خانی لە ساڵی ١٩٦٨دا بڵاوكردەوە كە ساڵی ١٩٧٥ لە لایەن دەزگای "كۆمەڵ یایینلاری"وە دیسان چاپكرایەوە.

دەزگایەكی دیكەی چاپ و بڵاوكردنەوە، دەزگای كۆمەڵ یایینلاری بوو كە چەند كتێبێكی لە بارەی مێژوو و سیاسەتی كوردستان (زۆرتر بە زمانی توركی) بڵاوكردەوە. بەرێوەبەری ئەم دەزگایە، رەجەب ماراشلی گیراو لە ساڵی ١٩٧٨ بە ٨ مانگ زیندان و لە ساڵی ١٩٨٢، بە ٨ مانگ زیندانی دیكە حوكم درا. ماراشلی بە تۆمەتی لاوازكردنی هەستی نەتەوەیی، سووكایەتیكردن بە ئەتاتورك و هاندانی جوداخوازی، چەندجار لە لایەن دادگا سەربازییەكاندا لە ئیستانبۆڵ و دیاربەكر، دادگایی كراو بە گشتیی بە ٣٦ ساڵ زیندان حوكم درا.

لە ساڵی ١٩٩١ بەم لاوە، واتا ئەو كاتە كە دەوڵەت گەڵاڵەی یاسایی بوونی قسەكردن بە زمانی كوردی پەسەندكرد، چالاكی چاپەمەنی بە زمانی كوردی لە توركیا بە شێوازێكی سەرنجڕاكێش پەرەی سەندو سەرەڕای سانسۆری دەوڵەت و كوشتنی نووسەران و رۆژنامەنووسان، گەلێك گۆڤارو كتێبی جۆراوجۆر لە لایەن حیزبە سیاسییەكان، دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوە و گرووپە كولتوورییەكان بڵاوبووەتەوە.

## له سوريا

لە سوریا، یەكەم كتێبی كوردی لە ساڵی ١٩٢٥ بڵاوبووەوە و بە چالاكیی چاپەمەنی پترو رێكوپێكتری رۆشنبیرانی كورد بە رێبەرایەتی برایانی بەدرخان لە دەیەی ١٩٣٠ تا نیوەی دەیەی ١٩٤٠بەردەوام بوو. ژمارەی گشتیی ئەو كتێبانەی كە لە ساڵی ١٩٢٥ بەم لاوە لە سوریا بڵاوبووەتەوە، نزیكەی ٣١ كتێبە كە هەموویان (جگە لە یەك كتێب) لە ساڵەكانی پێش١٩٥٩ بڵاوبۆتەوە. زۆربەی ئەم كتێبانە گیرفانی بوون و هەندێكیان كتێبی وانەی قۆناخی سەرەتایی ئەلف و بێ و رێزمان بوون. هەرچەند دەوڵەتە یەك لە دوای یەكەكانی سوریا ـ چ لە



ماوەی سەرپەرەشتی فەرەنسا و چ پاش سەربەخۆیی سوریاـ قەت نەیانهێشتووە زمانی كوردی لە قوتابخانەكاندا بگوترێتەوە، بەڵام لە دوای بە دەسەڵات گەیشتنی رژێمی بەعس لە سەرەتای دەیەی١٩٦٠ چالاكییەكانی چاپ و بڵاوكردنەوە بەرە بەرە راوەستا و هەرچەند كە كۆمەڵێك رێكخراوی سیاسی كورد لە سەرەتای دەیەی ١٩٦٠و ١٩٧٠ بە شێوازی یاسایی خەباتیان دەكرد، بەڵام چالاكی چاپ و بڵاوكردنەوە زۆر بەرتەسك ببوو.

## له یەكێتی سۆڤیەت

هەرچەند حەشیمەتی كورد لە یەكێتی سۆڤیەت لە حەشیمەتی كوردەكانی توركیا، ئێران، عێراق و سوریا كەمترە، بەڵام ژمارەی بەرهەمە چاپكراوەكان لەم وڵاتە بە گوێرەی رێژەی حەشیمەت، لە هەموو وڵاتەكانی دیكە زۆرترە. یەكەم كتێب لە لایەن دانەرێكی ئەرمەنی نووسراو لە ساڵی ١٩٢١ بە ئەلف و بێی ئەرمەنی چاپكرا. پاش ٨ ساڵ، واتا تا ئەو كاتە كە ئەلف و بێی ئەرمەنی دانرا، چاپ و بڵاوكردنەوە بە شێوازێكی رێكوپێك دەستی پێكرد.

بە پێچەوانەی كوردەكانی عێراق، كۆمەڵگای بچووكی كوردەكانی سۆڤیەت لەكاتی چەسپاندنی دەسەڵاتی سۆڤیەت بەسەر ناوچەی قەفقاز لە ساڵی ١٩٢١، گرووپێكی رۆشنبیریان نەبوو. ئەوان لە ساڵی ١٩٢٢ دا زۆرتر ئاژەڵ بە خێوكەری رەوەندنشین بوون و رێژەی خوێندەواری لەنێوانیاندا هەتا یەك لە هەزار كەم بوو. بەڵام تا كۆتایی ساڵی ١٩٢٦، ١١ قوتابخانەی سەرەتایی دانران و دوو ساڵ دواتر، ٢٧ قوتابخانە كرانەوە و بڵاوكردنەوەی كتێب بە هۆی ئاڵوگۆڕە ئابووری و كۆمەڵایەتییەكان (بەتایبەت پەرەپێدانی پەروەردەی نەخوێندەواران) پەرەی سەند. شیكردنەوەی زانیارییەكانی نێو كتێبناسییەكەی ئالیكسانیان لە قۆناخی ١٩٢١ــ١٩٦٠ پیشان دەدات كە لە سەدا ٧١/١ی (٤١ كتێب) ئەو ٢٣٩ كتێبەی كە بڵاوبۆتەوە، لە بواری گیاناسی، فیزیا، زانستە سرووشتییەكان و جوغرافیا بووە. ئەو لە سەدا ٢٤/٤ی دیكە (٥٨ كتێب) كتێبی وانە بە زمانی كوردی بوون. كتێبی پێوەندیدار بە شێوازی وانەگوتنەوە (لەسەدا ٢٩، یان ٧ كتێب)و پەروەردەییش (لە سەدا ٨، یان دوو كتێب) دەكەوتنە نێو هەمان گرووپ كە بە گشتیی ١٠٨ كتێبی دەگرتە ناوخۆ.

ئاماژەكردن بەم بابەتە گرینگە كە بەهەرحاڵ كتێبگەلێكی زۆر لە بارەی بیركاری، زانستە سرووشتییەكان، گیاناسی و جوغرافیا پێش ساڵی ١٩٣٨ بڵاوبوونەوە، بەڵام وا دیارە كە پاش

شەڕی دووەمی جیهان، ئەم وانانە ئیدی بەزمانی کوردی نەدەگوترانەوە. هەروەها بە بۆنەی بەرنامەڕێژی ئابووری و کۆمەڵایەتی، ژمارەی گشتیی ئەو کتێبانەی کە لەبارەی کشتوکاڵ، پزیشکی و پزیشکی ئاژەڵ بڵاوبوونەتەوە، ١٦ کتێب یان لەسەدا ٦/٦ بوو. هەمووی ئەم کتێبانە پێش ساڵی ١٩٣٧ بڵاوبوونەوە.

مەزنترین هەنگاو لە بواری چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێب، لە دەیەی ١٩٣٠ بە چاپکرانی ٣٠ کتێب لە دوو ساڵی یەك لە دوایەکدا، هەڵگیرا. ژمارەی کتێبە چاپکراوەکان لە ٣٠ کتێب لە ساڵی ١٩٣٧ بۆ یەك کتێب لە ساڵی ١٩٣٨ کەمی کردەوە. هۆی ئەم کەمکردنەوەیە، وەرچەرخانی سیاسەتی هاندانی چاپەمەنی لەلایەن دەوڵەتەوە بوو. بە دەیان هەزار کورد لە ساڵی ١٩٣٧ بەزۆر بۆ کۆمارەکانی ئاسیای ناوەڕاست دوور خرانەوە. لە پاڵ ئەم کردەوە بەزەبروزەنگانەدا، کولتووری ڕۆژنامەنووسی و پەروەردە بەزمانی زگماکیش سەرکوتکراو تەنها ڕۆژنامەی کوردی بە ناوی "ریا تازە" کە لە ساڵی ١٩٣٠یەوە بڵاودەبووەوە، لەنێوان ساڵەکانی ١٩٣٨و ١٩٤٥ داخرا. زانیارییە بەردەستەکان پیشان دەدات کە لە ساڵەکانی پاش شەڕ بارودۆخی چاپەمەنی بە هیچ شێوەیەك باشتر نەبووە، لەبەرئەوەی کە ڕێژەی نێونجی چاپەمەنی لە ساڵەکانی پێش شەڕ، لە سەدا ١٨/٢ بوو، بەڵام لە ساڵەکانی پاش شەڕ گەیشتە لە سەدا٣/٧ لە ١٩٤٦ـ١٩٦٠و لە سەدا، ٦/٩ لە ١٩٦١ــ١٩٨٠. هەروەها ژمارەی کتێبە کۆپیکراوەکان، لە ١٠٠٠ کتێب لە دەیەی ١٩٣٠، گەیشتە ٥٠٠ کتێب لە دەیەی ١٩٧٠.

پاش هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت، سەرەڕای دامەزراندنی دامودەزگا جۆراوجۆرەکانی کولتووری کوردی لە روسیا و کۆمارە سەربەخۆکان، بڵاوبوونەوەی کتێب کەم بووەتەوە. گرینگترین هۆی کەمبوونەوەی بڵاوبوونەوەی کتێب، لەم کۆمارانە، گیرو گرفتی مادییە.

## لە دەرەوە

زۆربوونی ژمارەی پەنابەرانی کورد لە وڵاتانی ڕۆژئاوا (نزیکی نیو میلیۆن لە میانەی دەیەی ١٩٩٠) بووەتە هۆی ئەوە کە بازاڕی چاپ و بڵاوکردنەوەی کوردی، پەرەبسێنێت. پێش ساڵی ١٩٧٥، چاپ و بڵاوکردنەوە بەکەمی و جارناجار لە لایەن ڕێکخراوە خوێندکارییەکان، کەسایەتییەکان و لایەنگرانی حیزبە سیاسییە کوردییەکان دەکرا، بەڵام لە دەیەی ١٩٨٠ بەم لاوە، گرووپگەلێکی جوداجودای چاپ و بڵاوکردنەوە لە وڵاتانی ئەوروپایی بە تایبەت سوێدو



ئەڵمان سەریان هەڵداوە. لەم وڵاتانە هەرچەند چاپکردنی کتێب و ڕۆژنامە بە هۆی تیکنۆلۆژیای نوێ و یارمەتی دەوڵەت (وەك سوێد) ئاسانتربووە، بەڵام دابەشکردنی بەرهەمە چاپکراوەکان لەگەڵ هەندێك کەندوکۆسپی سەرەکیی بەرەوڕووییە. هەروەها زانیارییە لە بەردەستەکان (کە لەئەنجامی هەڵسوکەت و پێوەندی شەخسی لەگەڵ چاپەمەنییەکانی تاراوگەدا بە دەست هاتووە) پیشاندەدات کە چاپ و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەدەست گیروگرفتە مالییەکانی دابەشکردندا دەناڵێنێ. کەوابوو بە هۆی ئەوەی کە دەزگا بچووکەکانی چاپ و بلاوکردنەوە ناتوانن بچنەوە ناو بازاڕی جیهانی کتێب، دستڕاگەیشتنی خوێنەران بەم کتێبانە، ئاستەمە. لە دەرەوە هەرچەند کەندو کۆسپی سیاسی لە ئارادا نییە، بەڵام بوونی هەندێك دەستی بەهێزی شاراوە لەنێو بازاڕی کتێب، بووە بە گرینگترین هۆکاری ڕێگر لە بڵاوبوونەوەی بەرهەمی کەمینەکان.

## پەخشی رادیۆ

لەگەڵێك لە وڵاتەکان، بە تایبەت ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، پاوانی پەخشی رادیۆ بە توندی لە دەستی دەوڵەت دایە. لە تورکیا، ئێران، عێراق و سوریا، پەخشی رادیۆ تەنها لە دەستی هێزە سەربازییەکانو لە پێناوی پاراستنی هێزی سیاسی دەسەڵاتدار دایە. کەوابوو نەتەوە بێدەوڵەتەکان وەك کورد و کەمینەکانی دیکە، زۆر هۆگری پەخشی رادیۆن و وەك ئامرازی نەتەوەسازی و پاراستنی کولتوورو زمانی لە بن مەترسی خۆیان، بایەخی پێدەدەن.

## یەکێتی سۆڤیەت: سەرەتایەك

ئێزگەکانی رادیۆ، یەکەمجار پاش شەڕی یەکەمی جیهان لە کەنەدا(لە ساڵی ١٩١٩)[١٣]و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا (لە ساڵی ١٩٢٠) سەریان هەڵدا. پەخشی رادیۆ بە زمانی کوردی یەکەمجار لە یەکێتی سۆڤیەت و زۆر زوو دەستی پێکرد. بە وتەی کوردەکانی یەکێتی سۆڤیەت، پەخشی رادیۆ بە زمانی کوردی لە ناوچەی خودموختاری کورد (کە لە نێوان ساڵی ١٩٢٣و ١٩٢٩ لە قەفقاز پێکهات) دەستی پێکرد و پاش دابڕانێکی ١٢ ساڵە، رادیۆ ئیرەڤان (ئەرمەنستان) لە ساڵی ١٩٤٦ هەر ڕۆژ بۆ ماوەی نیو کاتژمێر پەخشیدەکرد[١٤]و هەواڵ و مۆسیقای پەخش دەکردەوە. بەرنامەیەکی هاوشێوە لە رادیۆ تیفلیس پەخشدەکرا. لە ٢٩ی ڕەزبەری١٩٤٦، پەخشی بەشی هەواڵی حەوتووانە بۆ ماوەی ٢٠ خولەك لە رادیۆی گورجستان دەستی پێکرد (ڕۆژنامەی ریا تازە، ژمارە ٣٨٩، خەزەڵوەری١٩٨٧، لاپەڕەی٤). لەکۆتایی دەیەی ١٩٨٠، بەرنامە کوردییەکانی رادیۆ دەنگی ئیرەڤان بۆ دەرەوەش پەخشدەکرا.

# له عێراق

سەرەڕای زوو دەستپێکردنی پەخشی رادیۆ لەنێوکوردەکانی سۆڤیەت، پەخشی رادیۆ لە بەشەکانی دیکەی کوردستان، رەوتێکی پەرەسەندنی نارێك و پێکی هەبوو. ماشینەکانی پەخشی رادیۆ گران بوون و دەستڕاگەیشتن پێیان ئاستەم بوو. تەنانەت بۆ نموونە، هەتا ساڵی ١٩٣٤، رادیۆ لە ئێران قەدەغە بوو. لە ساڵی ١٩٣٢ خاوەنی قاوەخانەیەك، یەکەم رادیۆی هێنا بۆ سلێمانی. لە سنە، هەندێك بنەماڵەی دەوڵەمەند لە ماوەی شەڕی دووهەمی جیهان، رادیۆیان هەبوو. لە ساڵی ١٩٤٣، یەکێك لە قاوەخانەکانی سنە، رادیۆیەکی کڕی.

پەرەسەندنی خەباتی پڕوپاگەندەیی لە کاتی شەڕی جیهانی دووەم، هەلومەرجێکی گونجاوی بۆ پەخشی رادیۆ بە هەندێك زمانی ئەفریقایی و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەوانە زمانی کوردی، رەخساند. یەکەم ئێزگەی رادیۆ لە وڵاتی عێراق، لە ساڵی ١٩٣٩ دەستی کرد بە پەخشی بەرنامەیەکی رۆژانەی ١٥ خولەکی بە زمانی کوردی. وەزارەتی پەروەردە لە بەفرانباری ١٩٣٨، ماشینەکانی رادیۆی لە پێنج ناوچەی (لیوا)ی سلێمانی دامەزراند. لە قۆناخی شەڕ بەرنامەڕێژان و تەکنەسیەنە ئینگلیزییەکان، شەپۆلی پەخشی رادیۆیان بە زمانی عەرەبی و کوردی درێژە پێداو لە ساڵی ١٩٤٥، ماوەی پەخشی بەرنامەی کوردی بۆ یەك ساعەت درێژکرایەوە.

ئێزگەیەکی رادیۆیی دیکەی سەر بە شەڕ بە ناوی رادیۆ لیوانت بە دەستی دەوڵەتی فەرەنسا لە بەیروت دامەزراو لە ٥ی رەشەمەی١٩٤١ دەستی کرد بە پەخش بە زمانی کوردی. بەرنامەکانی رادیۆ بریتی بوون لە هەواڵ و مۆسیقا کە حەوتوویەك دووجار پەخش دەکرا. بەهەرحاڵ بەرنامەکانی ئەم ئێزگەیە، لە یەکی بانەمەڕی ١٩٤٦، واتە ئەو کاتەی کە بە دەوڵەتی لوبنان تەسلیمکرا، راوەستا. بە وتەی ئیدمۆندز، پەخشی بەرنامە بە زمانی کوردی لە کاتی شەڕ، لە ئێزگەیەکی رادیۆی ئینگلیز لە (الشرق الادنی) لە جافا دەستی پێکردو ماوەیەکی کورت پاش ئەوە، گوێزرایەوە بۆ عێراق. بەهەرحاڵ سەبارەت بە چالاکییە سەرەتاییەکانی ئەم ئێزگەیە هیچ زانیارییەك لە بەر دەستدا نییە، بەڵام وادیارە کە چالاکییەکانی هەتا کۆتایی شەڕ بەردەوام بوون.

رادیۆی بەغداد، بەرنامە کوردییەکانی خۆی لە دوای شەڕی دووەمی جیهان درێژە پێداو هەتا ساڵی ١٩٤٩ ماوەی پەخشی خۆی بۆ دوو کاتژمێرو ٤٥ خولەك درێژ کرد. لە ساڵی ١٩٥٠، ئێزگەی رادیۆ، دەستی کرد بە چاپ و بڵاوکردنەوەی مانگنامەیەکی کوردی و عەرەبی بە ناوی "ئێرە بەغدادە" کە هەتا پووشپەڕی ١٩٥٨ بەردەوام بوو. هەروەها ئێزگە ماوەی



پەخشی رۆژانەی خۆی لە ١٥ خولەك لە ساڵی ١٩٣٩ بۆ ١٧ کاتژمێرو ٢٥ خولەك لە ساڵی ١٩٨٤ درێژ کرد.

بەرنامەکانی رادیۆ لە سەرەتادا (ساڵی ١٩٤٠) بریتی بوو لە هەواڵ، مۆسیقاو شرۆڤەی سیاسی، بەڵام هەتا نیوەی دەیەی ١٩٥٠، بەرنامەگەلێکی فرەچەشنە، لەوانە پەروەردەی ئایینی، چیرۆك و داخوازی گوێگرەکان، پەخش دەبوو. رادیۆی بەغداد لە دوای رووخانی سیستمی پاشایەتی لە ساڵی ١٩٥٨، بوو بە رادیۆیەکی سیاسیی بەهێز و کاری کردە سەر کوردەکانی وڵاتانی دراوسێ.

کوردەکانی عێراق، هەروەك تەوەرەکانی دیکە، خوازیاری مافی یەکسانی پەخشی رادیۆ لەگەڵ عەرەبەکاندا بوون. بەهەرحاڵ هەتا ساڵی ١٩٦٠، پێشێلکردنی ئازادییە سیاسیەکان لە لایەن رژێمی نوێوە، کاری کردە سەر پەخشی رادیۆ. رۆژنامەی "ژین" (ژمارە ١٥٤١، ٤ی گەلاوێژی ١٩٦٠، لاپەڕەی ١) کە لە سلێمانی بڵاودەبۆوە، ناڕەزایی خۆی لەوە دەربڕی کە ئێزگەی رادیۆ باس و گفتوگۆکردن لەسەر کوردەکان و پەخشی بەرنامە کوردییەکانی (چ هونەری، چ کۆمەڵایەتی، چ هەواڵ) راوەستاندووە، بەڵام ئەم سکاڵایە، پشتگوێ خرا. گرینگترین رۆژنامەی سیاسی ئەو قۆناخەش بە ناوی "خەبات"، بەرنامەیەکی تێروتەسەلی بۆ باشتر بوونی چۆنیەتی پەخش، پێشنیار کرد. پاشان رۆژنامەی ژین (١٨ی خەرمانانی ١٩٦٠) سکاڵای کرد کە پێشنیاری رۆژنامەی خەبات و رۆژنامەکانی دیکە پشتگوێ خراوە. ئەو کاتە رادیۆی بەغداد رووداوە گرینگەکانی کوردستانی لەئاستی نەتەوەییدا بڵاونەدەکردەوە و زۆربەی کاتی خۆی بە پەخش کردنی گۆرانی رەمەکی بە فیڕۆ دەدا. بۆیە رۆژنامەی "ژین" خوازیاری ئەوە بوو کە دەبێت دەسەڵاتدارانی عێراق حاڵی بکرێن کە خەڵکی کورد پێویستیان بە رادیۆیەك هەیە کە هەواڵی گرینگ، ئەدەبیاتی کوردی، وتووێژی پڕبایەخ و... پەخش بکات.

لە ماوەی شەڕی خودموختاری ١٩٦١ــ١٩٧٥، خودی کوردەکان ئێزگەیەکی نهێنی رادیۆیان دامەزراند. ئامانجی سیاسەتی رادیۆی بەغداد، چەواشەکردنی بارودۆخی سیاسی عێراق، کوردستان و ناوچە بوو، هەر بۆیە ماوەی پەخشی رادیۆ لە ساڵی ئاخری شەڕی خودموختاری دووقات کرا. لە ساڵی ١٩٦٨ بەم لاوە، پڕوپاگەندەی حیزبی بەعس، دزەی کردە نێو هەموو بەرنامەکان، بەڵام بەهەرحاڵ پاش دەیەی ١٩٦٠، بەرنامەی نوێ وەك مۆسیقا، چیرۆك، مێژوو، رێزمانی کوردی و بەرنامەی تایبەت بە منداڵان، جووتیارانو ژنان بڵاودەبووەوە. لە دوای پێکهاتنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان (پاش شەڕی کەنداو لە ساڵی

١٩٩١) ئێزگە رادیۆییەکان بە دەستی حیزبە سیاسییە کوردییەکان و حکوومەتی کوردی بەڕیوە دەبردرێت. دوو حیزبی سەرەکی (یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دێموکراتی کوردستان) بۆ هەموو ناوچە بەرنامە پەخش دەکەن و حیزبە بچووکەکانی دیکەش، ئێزگەی تایبەتی خۆیان هەیە.

## لە ئێران

ئێرانییەکان لە ساڵی ١٩٣٤ ئیزنیان پێدرا رادیۆیان هەبێت و پەخشی رادیۆ لە ٢٢ی بانەمەڕی ١٩٤٠ دەستی پێکرد. پەرەپێدانی زمانی فەرمی (فارسی) یەکێك لە ئامانجە گرینگەکانی پەخشی رادیۆ و تەلەفزیۆن لە سەردەمی حکوومەتی پەهلەوی بوو و ئێزگەکانی رادیۆ وەك کاریگەرترین ئامرازی پەرەسەندنی کولتوور و یەکێتی نەتەوەیی کاریان دەکرد. بەهەرحاڵ لە وڵاتی ئێران کە بەکارهێنانی زمانی کوردی و تورکی و ئازەری بە شێوازی نووسراو قەدەغە بوو و ئیزنیش نەدەدرا کە بە شێوەی زارەکیش لەنێو قوتابخانەکان و دایرە حکوومیەکاندا بەکار ببرێت، یەکەم ئێزگەی پەخشی رادیۆ بە زمانی کوردی و تورکی، بە دەستی خودی کوردەکان و تورکەکان ـ کە لە دژی دەوڵەتی ناوەندی راپەڕی بوون و دەوڵەتی خودموختاری خۆیان لە ١٩٤٥ـ١٩٤٦ پێکهێنابوو ـ دامەزران. زمانی کوردی لەسەرەتادا، لە رادیۆ تەورێز پەخش دەبۆوە و ماوەیەکی کورت پاش ئەوە، بە دامەزرانی ئێزگەیەکی رادیۆ لە مەهاباد (پایتەختی کۆماری کوردستان) لە ٣٠ی بانەمەڕی ١٩٤٦، بەردەوام بوو. رۆژنامەی کوردستان (ژمارە ٤٣، ٤ی جۆزەردانی ١٩٤٦، لاپەڕەی ١) لە وتارێکدا لەژێر ناوی "قسەکانی کوردستان"دا نووسی: "ئێزگەی رادیۆ لە رێوڕەسمێکی تایبەتداو بە بەشداری کاربەدەستە پایەبەرزەکان و میوانان، کراوەتەوە". ٥ بڵێندگۆش لە شوێنە جوداجوداکانی شاردا دانرابوو بۆ ئەوەی هەموو خەڵك گوێ لە بەرنامەکان بگرن. بەرنامەکانی ئێزگە بریتی بوون لە هەواڵ، شرۆڤە، مۆسیقا، لێدوان و هەندێك بابەتی دیکە کە هەندێکیان لە رۆژنامەی "کوردستان"یشدا چاپدەکران.

رووخانی کۆمار لە ساڵی ١٩٤٦، کۆتایی بەم قۆناخە لە پەخشی کوردی لە ئێران هێنا. بەڵام ماوەیەکی کورت پاش ئەوە، لێدوانە یەك کاتژمێرییەکی مەلا مستەفا بارزانی (رێبەری راپەڕینی کوردەکان لە عێراق و سەرکردەی سەربازی کۆماری کوردستان) لە رادیۆ باکۆ (لە



کۆماری ئازەربایجانی سۆڤیەت) بووبە هۆی ئەوە کە پەخشی رادیۆ بە زمانی کوردی لە لایەن دەوڵەتی ئێران دەستپێبکات. مەلا مستەفا بارزانی لە لێدوانەکەیدا خوازیاری ئەوە بوو کە کوردستان یەکبگرێت و کوردەکانی تورکیا، ئێران و عێراق رزگار بکرێن. لە رۆژئاوا ئەم رووداوە وەك پیلانی یەکێتی سۆڤیەت بۆ بەکارهێنانی کوردان لە پێناو ئامانجگەلی زێدەخوازانە شرۆڤەکراو پاش ماوەیەکی کورت دەوڵەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، دەستیکرد بە بەرنامەیەکی بەرفراوانی پڕوپاگەندە بۆ ئەوەی کە لە بەرامبەر پەخشی بەرنامە رادیۆییەکانی سۆڤیەت رابوەستێ. رۆژنامەی "نیویۆرك تایمز" نووسی: ((کوردەکان لە سەروبەندی چالاکییە پڕوپاگەندەییەکانی زلهێزەکانی رۆژئاوا پشتگوێ خراون، لەحاڵێکدا کە یەکێتی سۆڤیەت پێ لەسەر ناسیۆنالیزمی کوردی و زمانی کوردیدا دەگرێت. ئێستا کار بۆ درووستکردنی بەرنامە بە زمانی کوردی و پەخشکردنی لە ناوچە کوردنشینەکاندا دەکرێت)).

تا پووشپەڕی ١٩٥٠، هەندێك گەلاڵە لە دەنگی ئەمریکا(voa) بۆ پەخشی بەرنامە بە زمانی کوردی و بڵاوکردنەوەی هەواڵنامەیەکی حەوتووانە (کە لە لایەن باڵوێزخانەی ئەمریکا لە بەغداد حازر دەکرا) داڕێژرا.[١٥] لە دوای ئەوە، رێکەوتننامەیەك لەنێوان دەنگی ئەمریکاو دەوڵەتی ئێران بە مەبەستی پەخشی رادیۆ بە زمانی کوردی ئیمزا کرا. دەوڵەتی ئێران هەروەها یارمەتی بڵاوبوونەوەی چەندکتێبی لە بارەی زمان و مێژووی کوردستان داو لەژێر ناوی پلانە پڕوپاگەندەییەکەی خۆی لە ساڵی ١٩٥١، نێردەرێکی یەك کیلۆواتی لە سنە بە مەبەستی پەخش بە زمانی کوردی و فارسی لە ناوچەدا، دامەزراند. سوپای ئێرانیش نێردەرێکی هاوشێوەی لە ساڵی ١٩٥٥ تا ١٩٦٦ لە مەهاباد دامەزراند. بەرنامەکانی ئەم ئێزگەیە، بریتی بوون لە هەواڵ، مۆسیقای ناوچەیی، شیعر خوێندنەوە، راڤەی سیاسیو سەرگەرمی.(**بەداخەوە نووسەر هیچ ئاماژەیەکی بۆ رادیۆی کرماشان نەکردووە کە لە دەیەی ١٩٧٠ کاریگەرییەکی زۆری لەسەر کوردی هەر چوار پارچەی کوردستان هەبوو-وەرگێڕ**).

## لە تورکیا

یەکەم ئێزگەی رادیۆ لە تورکیا لە ساڵی ١٩٢٧ دەستی بە پەخش کردو تا کۆتایی ساڵی ١٩٨٠ هەموو وڵات کەوتە ژێر پەخشی رادیۆیی ٣٦ ترانزیستۆری کە ٢ لەم ترانزیستۆرانە ١٢٠٠ کیلۆ وات هێزیان هەبوو. بەهەرحاڵ بۆ ماوەیەکی درێژ، گوێگرتن لە بەرنامە رادیۆییەکان، هەروەك قسەکردن بەزمانی کوردی لە شوێنە گشتییەکاندا قەدەغە بوو. بەڵام

پرسیارێ کە لێرە دێتە ئاراوە ئەوەیە کە بۆچی دەوڵەتی تورکیا، ـ بە پێچەوانەی ئەو شێوازەی کە ئێران و عێراق بە پەخشی بەرنامەگەلی کوردی لە سەرەتای دەیەی ١٩٥٠ گرتیانەبەر ـ هیچ وەڵامێکی بە پەخشی بەرنامە پڕ مەترسیدارەکانی سۆڤیەت نەدا؟ وەڵامی ئەم پرسیارە ئەوەیە کە تورکیا هەستی دەکرد ئەوەندە بەهێزە کە دەتوانێت لە بەرامبەر هەڕەشەی سۆڤیەتدا رابوەستێ. هەر بەم هۆیەش بوو کە دەنگی ئەمریکا، گەڵاڵە سەرەتاییەکەی خۆی بۆ پەخشی بەرنامە بە زمانی کوردی گۆڕی و لەگەڵ دەوڵەتی ئێران لەسەر دامەزراندنی ئێزگەگەلی سنووورداری رادیۆیی بە دەستی دەوڵەتی ئێران، رێکەوت. بەهەرحاڵ بەرنامەکانی دەنگی ئەمریکا دەگەیشتنە کوردەکانی تورکیا و بەزمانی کوردی کە لەو وڵاتە قەدەغە بوو، رەسمییەتی دەدا.

## پاش شەڕی کەنداو

پاش ٤٠ ساڵ و لە دوای شەڕی کەنداو لە ساڵی ١٩٩١، بارودۆخی سیاسی لە رۆژئاوای ئاسیا، بە شێوازێکی بەرچاو گۆڕانی بەسەردا هات. دەوڵەتی تورکیا لە سەرکوتکردنی خەباتی چەکداری گرینگی کوردەکان هەرەسیهێناو کوردەکانی عێراق، دەوڵەتێکی نیمچە سەربەخۆیان لە ناوچەی ئەمن ـ کە بە دەستی هاوپەیمانانی شەڕی کەنداو پێکهات ـ دامەزراند. دەوڵەتی بەعس پاش هەرەسهێنان لە شەڕی کەنداو، درێژەی بە دەسەڵاتی خۆی داو لە باری سەربازییەوە بەهێزتر بوو. لەم بارودۆخەدا، دەنگی ئەمریکا لە ١٥ی بانەمەڕی ١٩٩٢، دەستی بە پەخشی بەرنامە بە زمانی کوردی لە چوار فرەکانسی شەپۆلی کورتکرد. تەنانەت دەوڵەتی تورکیاش بەنیاز بوو بە مەبەستی شوێندا نان لەسەر کوردەکانی باکووری عێراق، دەست بە پەخشی رادیۆ بە زمانی کوردی بکات (رۆژنامەی تورکیش دەیلی نیوز، ٢٣ی رەزبەری١٩٩٣).

## پەرەسەندنی پەخش

گەشەپێدانە سیاسییەکان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ١٩٥٦ـ١٩٥٧، پەرەسەندنی پەخشی کوردییان لێکەوتەوە. دەوڵەتی میسر شاڵاوێکی پڕوپاگەندەی نوێی لە رادیۆ دەنگی عەرەبەکان لە ساڵی ١٩٥٧ لە دژی دەوڵەتی عێراق دەستپێکرد. بەشێك لەم خەباتە، پەخشی بەرنامەیەکی کوردی٤٥ خولەکی لە رادیۆ قاهیرە بوو کە گوێگرێکی زۆری لە ئێران و عێراق بۆ لای خۆی راکیشابوو. ئەم بەرنامەیە بریتی بوو لە هەواڵەکانی سیستمی پاشایەتی عێراق و



پەیماننامەی بەغداد، شیعری شاعیرە کوردە ناسیۆنالیستەکان، مۆسیقای کوردی و سروود وەك سروودی نەتەوایەتی "ئەی رەقیب"و "ئەی کوردینە". بەرنامەگەلێکی وەها دوای رووخانی کۆماری کوردستان لە ساڵی ١٩٤٦، لە هیچ رادیۆیەك نەبیسترابوو، هەر بۆیە بەرنامەکانی ئەم رادیۆیە، کاریگەرییەکی باشی هەبوو.

دەوڵەتی ئێران بە شێوازێکی ترسنۆکانە لە بەرامبەر ئەم رادیۆیە، کاردانەوەی پیشان دا. رۆژنامەی نیمچە فەرمی "اطلاعات" ئەم بەرنامانەی وەك پیلان بە دژی ئێران ناوزەد کردو رۆژنامەیەکی دیکە بە ناوی "فرمان" لە سەروتاری خۆیدا، هوشداری دا کە پەخشی ئەم بەرنامانە بەشێك لە پیلانی کۆماری یەکگرتووی عەرەبی میسر و یەکێتی سۆڤیەتە. تورکیا، ئێران و عێراق، ناڕەزایەتی خۆیان لە دەوڵەتی میسر و سۆڤیەت دەربڕیو تەنانەت لە ٣٠ی پووشپەڕی١٩٥٨، رۆژنامەی فرمان هوشداری دا کە بەرنامەکانی ئەم رادیۆیە لەوانەیە ببنە هۆی ئاڵۆزبوونی پێوەندییەکانی نێوان کۆماری یەکگرتووی عەرەبی میسرو ئێران. لە ٢ی گەلاوێژ، ئەم رۆژنامەیە بەیانیەی فەرمی باڵوێزی کۆماری میسری بڵاوکردەوە کە تێیدا هاتبوو بەرنامەکانی رادیۆی قاهیرە، تەنیا ناوەڕۆکی مۆسیقایی و ئایینیان هەیە کە بۆ کوردەکانی باکووری سوریا (کە کەوتوونەتە نێو سنووری کۆماری یەکگرتووی عەرەبی) پەخش دەبێتەوە و دەوڵەتی قاهیرە، دەست لە کاروباری کوردەکانی دانیشتووی وڵاتانی دیکە وەرنادات.

ماوەیەکی کورت لە دوای رووخانی سیستمی پاشایەتی عێراق (١٤ی خەرمانانی١٩٥٨)، بەشی کوردی رادیۆ بەغداد لە هەڵگیرساندنی بڵێسەی ناسیۆنالیزمی کوردی، چووە پاڵ رادیۆی قاهیرە. رێژیمی نوێی عێراق، لە پەیماننامەی بەغداد چووە دەرەوە و ئەندامانی دیکەی پەیماننامەکە (ئێران، تورکیا، پاکستانو بریتانیا) لە ئەنکارا کۆنفرانسێکیان لەمەڕ تاوتوێکردنی ئاکامەکانی هاتنەدەرەوەی عێراق لە پەیماننامەکە (لەوانە بارودۆخی کوردەکان) بەڕێوەبرد. دەوڵەتی ئێرانیش لە پاڵ زۆرترکردنی جموجۆڵی سەربازی و سەپاندنی کۆنترۆڵی تەناهی بە سەر کوردستاندا، دەستی کرد بە جێبەجێکردنی بەرنامەیەکی پڕوپاگەندەیی بەرفراوان و بڵاوکردنەوەی حەوتوونامەیەکی کوردی بە ناوی "کوردستان".

هەتا سەرەتای ١٩٧٠، هەندێك هۆکاری نوێی سیاسی سەری هەڵدا. بەرنامە کوردییەکانی رادیۆی قاهیرە لە چەند ساڵ پێشترەوە، پچڕابوو، بەڵام بەهەرحاڵ ئێزگە نهێنییەکانی رادیۆ کە یەکێك لەوانە بە دەستی خودموختاریخوازانی کورد لە عێراق دامەزرا بوو، هەر رۆژ بەرنامەیان پەخشدەکرد. مەسەلەی سەرنجڕاکێش دوژمنایەتی نێوان عێراق و

ئێران بوو کە پشتیوانی ئێران لە خودموختاریخوازانی لێ کەوتەوە. لە ناوخۆی وڵات ڕێژێمی شا سیاسەتێکی توندی تاواندنەوەی جێبەجێکرد کە لە ڕێگای میلیتاریزەکردنی بێمێژینەی وڵات بەڕێوە دەچوو. لەم بارودۆخەدا، دەوڵەتی ئێران سیاسەتی پەخشی بەرنامەی ڕادیۆیی وەك ئامرازێك بەکاردەهێنا بۆ ئەوەی کە پیشانبدات نەتەوەیەك بە ناوی نەتەوەی کورد بە زمان و کولتووری و مێژوویەکی جودا بوونی نییە.

پاش ڕووخانی شا، ئەو کاتەی کە ڕێژیمی نوێ نەیدەتوانی ناوچە بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆی، ئێزگە ڕادیۆییەکان لە کوردستان لە دەستی کوردەکاندا بوون. بەڵام پاش زاڵبوونی دەسەڵاتی دەوڵەت بەسەر شارەکاندا لە ساڵی ١٩٨٠، دوو ڕێکخراوی کورد لە بەرامبەر ڕێژێمی ئیسلامیدا خۆڕاگریان کرد و دەستیانکرد بە پەخشی بەرنامەگەلی ڕادیۆیی لە ناوچە گوندنشینەکانی ژێردەسەڵاتی خۆیان. پاشان کۆماری ئیسلامی بە مەبەستی تاواندنەوەی سیاسی، بە فارسکردن و پڕوپاگەندەی ئایدیۆلۆژی فەرمی و بەرنامەی سیاسی، کۆنترۆڵی توندی خۆی بەسەر میدیا گشتییەکاندا، سەپاند.

لە دوای ئاڵۆزبوونی ڕۆژ لە دوای ڕۆژی پێوەندی نێوان دەوڵەت و کوردەکان، پەخشی بەرنامەی نهێنیی و بیانییەکان، گوێگری زۆریان بەرەو لای خۆیان ڕاکێشاوە. دەوڵەت تۆڕە ڕادیۆییەکانی بە تەواوی بەکارهێناوە و دەستی داوەتە پەخشی ڕێکوپێکی بەرنامە ڕادیۆییەکان و پارازیت خستنە سەر ڕادیۆ نهێنییەکان. بۆ نموونە حەتوونامەی سرووش، سەر بە ڕێکخراوی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی کۆماری ئیسلامی ئێران (ژمارە ٢٠٦، ٢٧ی گەلاوێژی ١٩٨٣، لاپەڕە٥٣) لە بارەی ئێزگەی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی مەهاباد نووسی: " ئەم ئێزگەیە، دەست دەدات بەبەشێکی دیکە لە چالاکییەکانی خۆی بۆ کۆنترۆڵکردنی ڕادیۆ سیاسییە نەیارەکان و داوا لە دەسەڵاتدارە پێوەندیدارەکان دەکات کە هەر کارێك کە بۆ پووچەڵکردنی پڕوپاگەندەی ژەهراوی بیانییەکان و ئەوانەی کە ئامرازی دەستی ئەوانن، پێویستە ئەنجامبدەن. بەوتەی حەوتوونامەی "کیهان هوایی" (١٦ی خەزەلوەری ١٩٨٥، لاپەڕەی ٩١) ترانزیستۆرێکی نوێی ٢٠ کیلۆ واتی لە ٧ی ڕەزبەری ١٩٨٥ لە سنە کراوەتەوە کە بە نێردەریکی کۆنی ١٠ کیلۆواتی بەهێز دەکرێت و ڕۆژانە ١٦ کاتژمێر بەرنامە بە زمانی کوردی و فارسی بڵاودەکاتەوە. ئەم نێردەرە نوێیە هاوکات لەگەڵ پەخشی خۆی، دەتوانێ کاریگەری ڕادیۆکانی عیراق لەناوچەدا پووچەڵ بکاتەوە. بەگشتی ماوەی پەخشی بەرنامە بە زمانی کوردی لەنێوان ساڵی ١٩٦٢و ١٩٨٣ لە ئێران دووقات بووە.



زمانی کوردی وەك زمانێکی گرینگی پەخش، لە بارودۆخی قەیراناوی ئابووری، سیاسی و سەربازی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە دەیەی ١٩٨٠و سەرەتای دەیەی ١٩٩٠، بەردەوام لە ئێران پەخش بۆتەوە. بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٩٠ـ١٩٩١، ئێزگەکانی ئوورمیە، کرماشان، سنەو مەشهەد، ساڵانە بەگشتیی ٢٨٢٧ کاتژمێر بەرنامەیان بە سێ زاراوەی کوردی پەخش دەکرد.[١٦] لەپەیوەندی لەگەڵ پەخشی دەرەوەی وڵات لە ڕادیۆی ئێران، زمانی کوردی پاش زمانی عەرەبی، لەجێگای دووەمدا بوو (ساڵانە ١٨٢٥ کاتژمێر بەرنامە بەکوردی بڵاودەبووەوە).

## پەخشی نهێنی

پەخشی نهێنی، ئاڵترناتیڤێکی گرینگ بۆ سیستمی پەخشی دەوڵەتییە و مەترسی گوێگرتن لە ڕادیۆ، لە مەترسی خوێندنەوەی بەرهەمە چاپکراوەکان کەمترە. یەکەم بەرنامەی نهێنی ڕادیۆیی، ڕەنگە لە ئێزگەیەك کە بە دەستی ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی ئازەربایجانی ئێران، لە یەکێتی سۆڤیەت دامەزرابوو، پەخش کرابێت. ئەم ئێزگەیە، لە ساڵی ١٩٤٧ تا ٣ی خەرمانانی ١٩٥٣ بە زمانی فارسی، تورکی ئازەربایجانی و کوردی بەرنامەی پەخشدەکرد. ئێزگەی دیکە، "ڕادیۆی دەنگی نەتەوەیی ئێران" بوو کە لە ئاڤریلی ١٩٥٩ دەستی بە پەخش کرد. ئێزگەیەکی دیکە بە ناوی "ڕادیو پیك ایران" بە دەستی حیزبی توودەی ئێران لە ڕۆژئاوای ئەورووپا دامەزرا کە لە ٢٣ی بانەمەڕی١٩٦١ پەخشی بەرنامەی بە زمانی کوردی بە سەر بەرنامە فارسی و تورکی ئازەربایجانییەکانی خۆیدا زیاد کرد کە هەتا ساڵی ١٩٧٦ یان ١٩٧٧ هەروەها درێژەی بوو. بزووتنەوەی خودموختاری کوردستانی عێراق (١٩٦١ـ١٩٧٥) بەدامەزرانی ئێزگەیەك بەناوی "دەنگی کوردستان" لە ٢٠ی خەرمانانی ١٩٦٠، بە شێوازێکی بەرچاو بەهێزتر بوو. بەرنامە یەك کاتژمێرییەکەی ئەم ئێزگەیە، هەواڵ و سروودگەلی سیاسی لە خۆ دەگرت. ئێران و عێراق، پارازێتیان دەخستە سەر هەموو و بەرنامەکانی ئێزگەکە، بەڵام هێشتا لە هەندێك ناوچەدا دەنگی دەبیسترا. ئێزگە بە شێوازێکی بەدوای یەکداهاتوو، پەخشی خۆی بەردەوام دەکرد و لە کاتی وتووێژەکانی دەوڵەت و خودموختاریخوازان، دادەخراو لەکاتی دەستپێکردنەوەی شەڕ دیسان دەکرایەوە.

دەوڵەتی عێراق ئێزنی بە کوردەکان دا لە بەرامبەر داخستنی ئێزگە ڕادیۆییەکە، ڕۆژنامەی (التآخي) بە زمانی عەرەبی بڵاوبکەنەوە. بە پێی ڕێکەوتننامەی ١٩٧٠، دەبوایە ئێزگەی

رادیۆ و چەکە قورسەکان بەدەوڵەتی عێراق تەسلیم بکرێنەوە، بەڵام لە کاتی دەستپێکردنەوەی شەڕ لە ڕەشەمەی ١٩٧٤، پەخشی نهێنی بە زمانی کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی، ئاشووری و تورکەمانی دەستپێکردەوە. ئێزگە پاش هەرەسهێنانی خودموختاریخوازان لە ١٧ی ڕەشەمەی ١٩٧٥، داخرا.

لە کاتێکدا کە ئێران یارمەتی سەربازی بۆ خودموختاریخوازانی کوردی عێراق دابیندەکرد، دەوڵەتی عێراقیش "رادیۆیێ دەنگی کوردستانی ئێران"ی دامەزراند کە لە ساڵی ١٩٧٣ تا ١٩٧٥ بەرنامەی پەخش دەکرد. یەکێتی نیشتمانی کوردستان (ڕێکخراوێك کە پاش هەرەسهێنانەکەی ١٩٧٥، دەستی بە شەڕ کردەوە) لە ڕەشەمەی ١٩٨٣ پەخشی ڕادیۆی لە ناوچە ئازادکراوەکان دەستپێکردەوە. ئێزگە، ڕۆژانە یەك کاتژمێر و ڕۆژانی هەینی دوو کاتژمێر بەرنامەی بە زمانی کوردی و عەرەبی بڵاودەکردەوە. پارتی دێموکراتی کوردستانی عێراق-یش، پەخشی ڕادیۆیی خۆی لە ساڵی ١٩٨٤ بەماوەی ٢ کاتژمێر دەستپێکرد. (*)

بزووتنەوەی خودموختاری کوردستانی ئێران لە ساڵی ١٩٨١، بە شێوازێکی کاریگەر دەستیکرد بە بەکارهێنانی ڕادیۆ. ڕادیۆ"دەنگی کوردستانی ئێران"، سەر بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ساڵی ١٩٨٣ ڕۆژێ دووجار بەرنامەی بە زاراوەی سۆرانی بڵاو دەکردەوە. کۆمەڵەیش(ڕێکخراوی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران) ڕادیۆ "دەنگی شۆڕشی ئێران"ی لە ساڵی ١٩٨٤ دامەزراند.

لەنێو کوردەکانی دەرەوە، یەکەم پەخشی بەرنامەی ڕادیۆ بەزمانی کوردی لە ساڵی ١٩٨٢ لە ئوسترالیا دەستپێکرد. ئەم بەرنامە ١٥ خولەکیە بە زمانی کوردی و ئینگلیزی پەخش دەبوو بەرنامەکانی بریتی بوو لەهەواڵ، مێژووی کورد، زمان، کولتوور و مۆسیقای کورد. هەتا سەرەتای دەیەی ١٩٩٠، بەرنامەی ناوچەیی بەزمانی کوردی لە زۆربەی شارە ئوروپییەکان و هەندێك شاری ئەمریکای باکوور بڵاو دەبۆوە. وەك نموونە، لە ڕێبەندانی ١٩٩٤ لە ئیستۆکهۆڵم، شەش بەرنامە بە ماوەی ٧ کاتژمێر و نیو لە ڕۆژانی شەممە، بڵاودەبۆوە.

(*) لەڕاستیدا هەم پارتی دیموکراتی کوردستان و هەم یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پێش ١٩٨٠ ئێزگەی ڕادیۆیان هەبووە و بەرنامەیان پەخش کردووە (دەزگای موکریانی).



## پەخشو ناسیۆنالیزم

ئاشکرایە کە دەستڕاگەیشتن بەکەناڵە مۆدێرنەکانی پێوەندییە گشتییەکان، بەتایبەت بۆ نەتەوە بێ دەوڵەتەکانی جیهان ـ کە زمانەکەیان لە لایەن کولتووری زاڵی زۆرینەدا، لە بن مەترسیی لەناوچوون دایە ـ گرینگە. زمانەکانی ئەمڕۆ بۆ پاراستنی پۆیایی خۆیان، بە توندی بەپەخش بەستراونەتەوە، لەبەرئەوە کە ڕادیۆ و تەلەفزیۆن بەهێزترین ئامرازی گوازتنەوەی کولتووری نەتەوەیین.

"کاتز"و "ویدل" لە لێکۆڵینەوەکەی خۆیاندا دەربارەی پەخشی بەرنامە لە جیهانی سێیەم، بەم مەسەلەیە پەیانبرد کە گرینگترین کاریگەریی ڕادیۆ، پەرەپێدانی هاودەنگی نەتەوەیی و پاڵپێوەنانی زمانی نەتەوەییە. بەڵام ئەزموونی کوردەکان پیشاندەدات، کە ڕادیۆ بەشێوازێکی بەرین بۆ سڕینەوەی ئیتنیکی کورد بە تایبەت لەتورکیا، سوریاو ئێران بەکارهێنراوە.

ئامانجی دەوڵەتی ئێران لە پەخشکردنی بەرینی بەرنامە بە زمانی کوردی، هاندانی وەفاداری خەڵك بە دەوڵەتە. بەهەرحاڵ ئەم مەسەلەیە بووە بە شمشێرێکی دوودەم: لەحاڵێکدا کە ئەو ڕادیۆیانە کە لەژێر کۆنترۆڵی توندی دەوڵەت دان، ئازادانە پڕوپاگەندەی ئایدیۆلۆژی و سیاسەتە فەرمییەکان دەکەن، بەڵام گوێگرەکان دەتوانن لەم پڕوپاگەندەیە تێپەڕ بن و لە بەرنامەکانی شیعر، مۆسیقا، چیرۆك و بەرنامە سەرگەرمکەرەکانی دیکە کەڵك وەربگرن. ئێستا هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە چالاکانی سیاسی بە هۆی کتێبی شیعر بەزمانی کوردی، بە جوداخوازی تۆمەتبار دەکرێن، ڕادیۆی کرماشان، ئەدەبیاتی کوردی لە سەرانسەری وڵاتدا پەخشدەکات.

## کولتووری دەنگ و ڕەنگ

### سینەما

هەرچەند فیلم وەك کۆنترین کەرەستەی دەنگ و ڕەنگ لە نیوەی دەیەی ١٩٢٠ گەیشتە هەندێك لە شارەکانی کوردستان، بەڵام سینەما بە زمانی کوردی زۆر درەنگ دەستی پێکرد. کەند و کۆسپەکانی سەر ڕێگای گەشەکردنی سینەمای کوردی، کەند و کۆسپی سیاسی، ئابووری و تەکنیکی بوونە. هەروەها بە لەبەرچاوگرتنی باری سیاسی، هەموو فیلمەکان (چ لە ناو وڵات و چ لە دەرەوەی وڵات دروستکرابێت) ناچارن لە کۆمیتەکانی سانسۆری دەوڵەتی

مۆڵەت وەربگرن. بۆ نموونە، جارێك، وتووێژكەرێك لەدەرهێنەری كورد، ییڵماز گونای پرسی بۆ هیچ فیلمێك بە زمانی كوردی دروست ناكات؟ گونای لە وەڵامدا گوتی: " وڵامی ئەم پرسیارە سادەیە، لەبەرئەوەی كە زمانی كوردی لە توركیا قەدەغەیە".[١٧]

یەكێتی سۆڤیەت و عێراق، تەنیا وڵاتانێك بوون كە تێیاندا كەندوكۆسپی سیاسی كەمتر كاریگەریی كردۆتە سەر گەشەكردنی سینەمای كوردی. لە نیوەی دەیەی ١٩٢٠، دوو فیلم لە قەفقازی سۆڤیەت دروستكرا كە ژیانی كوردانی پێش و پاش شۆڕشی ڕەزبەری رووسیا نیشاندەدا. هیچ كام لەم فیلمانە بە زمانی كوردی نەبوو. چوار فیلمی دۆكیومێنتی دیكەش لە بارەی كوردەكانی سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٣٢، ١٩٥٩، ١٩٧٩و ١٩٨٢ دروستكرا.

دروستكردنی فیلم لە عێراق، دیاردەیەكی نوێیە. لە عێراق هەتا ساڵی ١٩٥٠ تەنها دوو فیلم دروستكرا كە ئەویش بەدەستی دەرهێنەرە بیانییەكان دروستكرابوون. لەو قۆناخەدا، سەرمایە و كادری پەروەردەكراو تەنانەت لە بەغدادیش نەبوو، چ بگات بە كوردستان. ژمارەی ئەو فیلمانە كە لە درێژایی ئەم ساڵانە دروستكراون، نزیكەی ٤٠٠ فیلم هەڵسەنگێندراوە كە لە سەدا، ٣٠ یان لە میسرو بە زمانی عەرەبی دروستكرابوون. زۆربەی جاران، هەموو فیلمە غەیرە عەرەبییەكان، بە زمانی عەرەبی ژێرنووسی دەكران. یەكەم جار كە فیلمی سینەمایی لە شارە كوردنشینەكانی عێراقدا نمایش كرا، لە گەلاوێژی ١٩٢٥ لە سلێمانی بوو. هەندێك فیلمیش (لەوانە هەندێك فیلمی فارسی كە لەدەرەوە هاتبوون) لە دەیەی ١٩٧٠ بە ژێرنووسی كوردی، لە سلێمانی نمایشكرا.

بەهەرحاڵ ئەم بارودۆخە لە ماوەی دوو دەیەی رابردوو، بە توندی گۆڕانی بە سەردا هاتووە. هەتا دەیەی ١٩٧٠ كادری پەروەردەكراو لەدەستدا نەبوو، بەڵام هەندێك كورد ناچار بوون وەك بەشێك لە تیمی فیلمسازە غەیرە كوردەكان، كاربكەن. هەندێك خوێندكاری كورد، پەروەردەگەلی پێشكەوتوویان لە بواری هونەری فیلمسازیدا بینیوە، بەڵام بەهەرحاڵ لە باودۆخی سیاسی حازردا، هێشتا ناتوانن بە زمانی كوردی فیلم دروستبكەن. پێش دەیەی ١٩٦٠، ژێرنویسی فارسی لە ئێران باوی نەبوو، بەڵام پاشان هەموو فیلمە بیانییەكان بەزمانی فارسی دووبلاژ بوونەوە. هەڵبەتە دووبلەكردن بە زمانی كوردی، هەتا ئەم دواییانە ئازاد نەبوو.

سینەمای كوردی سەرەنجام، لەكۆتایی دەیەی ١٩٨٠و سەرەتای ١٩٩٠ لەدایك بوو. ئەو گۆڕانكارییە بنەڕەتییانەی كە لە میدیا دەنگ و ڕەنگەكاندا (وەك دەركەوتنی ڤیدیۆ و سەتەلایت) پێكهات، نەیهێشت دەوڵەتە سەرەڕۆكان، فیلم و بەرنامە تەلەفزیۆنیەكان بە تەواوی



بخەنە ژێر كۆنترۆڵی خۆیان. گۆڕانكاری سیاسی سەرنجڕاكێش، پێكهاتنی كۆمەڵگایەكی مەزنی كورد لەوڵاتانی بیانی بوو كە بەرهەمی دەنگ و ڕەنگیان بەرهەم دەهێنا كە لە ڕێگای ڤیدیۆوە دەگەیشتە كوردستان.

لە ساڵی ١٩٩٠، لەعێراق، ئامادەكاری بۆ دروستكردنی یەكەم فیلمی سینەمایی كوردی بە ناوی"مەموزین" كرا. قەرار وابوو بەرهەمهێنانی ئەم فیلمە لە ساڵی ١٩٩٠ بە بەشداری نزیك بە١٠٠ ئەكتەری كورد دەستپێبكات، بەڵام بە هۆی دەستێوەردانی توندی دەوڵەت لە فیلمنامەكە، دەستی پێنەكرد. ئەم فیلمە كە بە گوێرەی گێڕانەوەیەكی فۆلكلۆریكی كوردی (كە وەریانگێڕاندبووە سەر زمانی عەرەبی) بوو، فیلمنامەكەی بە دەستی نووسەرێكی عەرەب نووسرابوو و دیسان وەرگێڕابۆوە سەر زمانی كوردی. بەهەرحاڵ ئەم پرۆژەیە بەهۆی قەیرانی كەنداو لە ساڵی ١٩٩٠ـ١٩٩١ تەواو نەكرا.

دروستكردنی فیلمێكی سینەمایی شەخسی دیكە بە ناوی "نێرگز بووكی كوردستان"، لە ڕۆژی داگیركردنی كوێت بە دەستی عێراق لە خەرمانانی ١٩٩٠ دەستپێكردو لە كوردستانی ئازادكراودا، تەواوكرا.[١٨] ئەم فیلمە كە بە دەستی دەرهێنەری كورد مەكی عەبدوڵادروستكرا، لە بارەی هەڵاتنی كچێكی لە بەردەم شووكردندا بوو كە زانی بووی خۆشەویستەكەی بە هۆی چالاكیی سیاسی زیندانی كراوە. ئەم فیلمە لە ساڵی ١٩٩٣لە هەندێك وڵاتی ئەوروپایی نمایشكرا. مەهدی ئومید، فیلمسازێكی دیكەی كوردە كە لە كەركووك لە دایك بووە و چالاكیی خۆی لە بواری تیاترو سینەما، لە دەیەی ١٩٨٠ لە یەكێتی سۆڤیەت دەست پێكردووە. مەهدی ئومید فیلمی "گەلەگورگ" (كە بە گوێرەی چیرۆكێكی كورتی نووسراو بە دەستی نووسەرێكی عێراقی دروستكرابوو)و فیلمی "تونێل" (كە لە هەڤدەیەمین فیستیڤاڵی فیلمی گوتبورگ لە ساڵی ١٩٩٣ نمایش كرا)ی دەرهێنا.

لە ئێران، یەكەم ئەزموونی فیلمسازی كوردی بە دەستی تەیموور پاتائی ئەنجامدرا كە لەدایك بووی سنەیە و دەرچووی كۆلێژی هونەرە جوانەكانی زانكۆی تارانە. چالاكییەكانی پاتائی لە دەیەی ١٩٧٠ لە تەلەفزیۆنی ئێران دەستپێكرد و بە بەرهەمهێنانی چەند فیلمی داكیۆمێنت وەك "نان و ئازادی" (كە لە ساڵی ١٩٨٤ لە ناوچە ئازادكراوەكاندا دروستكرا)و" گەلەگورگ" كۆتایی پێهات.

سینەمای كورد لە توركیا، بە ناوی یێلماز گونای، ئەكتەر، دەرهێنەر، نووسەرو چالاكی سیاسی و كەسایەتی بەناوبانگی سینەمای نێونەتەوەیی، ناسراوە. یێلماز گونای سینەمای

شۆڕشگێڕی خولڤاند و پلەی پاڵەوانی غەدرلێکراوی سینەمای جیهانی بەدەستهێنا. بەهەرحاڵ ناسنامەی یێلماز گونای و فیلمەکانی هەم لەلایەن باڵی ڕاست و هەم لەلایەن باڵی چەپ [ی تورکیا] نکۆڵی لێکراوە. گونای بەهۆی بەرهەمە شۆڕشگێڕیەکانیەوە، زیندانی کراو پاشان پەنای بۆ فەرەنسا برد و لە ساڵی ١٩٨٤ لەوێ کۆچی دوایی کرد. فیلمە بەناوبانگەکەی گونای بە ناوی "یوول"(ڕێگا)ـ کە خەلاتی پالمادوری فستیڤاڵی "کان"ی لە ساڵی ١٩٨٢ بردەوەـ هەتا ساڵی ١٩٩٣ لە تورکیا قەدەغە بوو.

دەرهێنەرێکی دیکەی کورد بە ناوی "نیزامەدین ئاریچ" بە پێڕەویکردن لە گونای، فیلمی "سترانێك ژ بۆ بێکو"ی لە تاراوگە دروستکرد کە خەلاتی یەکەمی (ئیلیۆر دیئور) نۆیەمین فستیڤاڵی فیلمی "باستیا"ی لە ساڵی ١٩٩٣ وەرگرت.[١٩] ئەم فیلمە ژیان و خەباتی گەلی کوردی لە دژی سەرکوتی دەوڵەتی تورکیا پیشاندەدا. دەرهێنەرێکی بە ڕەچەڵەك کورد بە ناوی"ئومید ئیلجی" لە ساڵی ١٩٩٢ فیلمی "مەم و زین"ی دروستکرد. ئەم فیلمە بە زمانی تورکی دروستکرابوو، بەڵام بە زمانی کوردی دووبلاژ ببوو.[٢٠]

لەنێو کوردەکانی نیشتەجێی تاراوگە، سەلمان فایەق کە لە دایك بووی کەرکووك بوو، دوو فیلمی سینەمایی بە ناوەکانی "ئاسۆ"و "چارەنووس" دروستکرد. بونیادی گەشەپێدانی نێونەتەوەیی سوێدیش بڕیك پارەی دا بە ئەنیستیتۆی کوردی پاریس بۆ ئەوە کە لە بەرهەمەکانی تیاتری کوردی تیفلیس (گورجستان) فیلم هەڵبگرێت.

سەرەڕای گیروگرفتی ئابووری لە کۆمارەکانی یەکێتی سۆڤیەتی جاران، چالاکیگەلێکی کولتووری بەرچاو لەم وڵاتانە ئەنجامدەدرێت. لە سەرماوەزی١٩٩٢، پاش باس و تاوتوێکردن لەکۆبوونەوەیەکدا کە ڕۆشنبیران و هونەرمەندانی کوردو ئەرمەنی تێیدا بەشدار بوون، ئیستۆدیۆیەکی سینەمای کوردی لە ئیرەڤان (پایەتەختی ئەرمەنستان) دامەزرا. لەبەرئەوەی کە خەرجی دروستکردنی فیلم لە کۆمارەکانی یەکێتی سۆڤیەتی جاران، لە خوارەوەیە، فیلمی سینەمایی "تونل" لە تاجیکستان و فیلمی سینەمایی "گەلەگورگ" لە تورکەمەنستان دروستکرا.

## تەلەفزیۆن

عێراق، یەکەم وڵاتی عەرەبی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بوو کە لە ساڵی ١٩٥٦، تەلەفزیۆنی دەوڵەتی دامەزراند. یەکەم ئێزگە تەلەفزیۆنییەکان لە دەرەوەی بەغداد، لە ساڵی ١٩٦٧ لە



کەرکوكو ١٩٦٨ لە موسڵ دامەزرا. بەرنامەکانی ئەم تەلەفزیۆنانە، ئەو کاتە هەموو عەرەبی بوون. دەوڵەتی عێراق لە ٩ی ڕەشەمەی ١٩٦٩ بڕیارێکی لە بارەی مافی کولتووری کوردەکان دەرکرد کە تێیدا بەڵێن درا بوو بەرنامە کوردییەکانی تەلەفزیۆنی کەرکوك زیاد بکرێت و لە کاتی گونجاودا، ئێزگەیەکی تایبەتی کوردی بکرێتەوە. بەهەرحاڵ، یەك ساڵ پاش ڕێکەوتننامەی ساڵی ١٩٧٠ لە نێوان دەوڵەت و خودموختاریخوازانی کورد، یەکێتی مامۆستایانی کوردستان سکالای کرد کە دەوڵەت، بەردەوام کەند و کۆسپ لەسەر ڕێگای بەرهەمهێنانی بەرنامە کوردییەکان دروستدەکات. لە ساڵی ١٩٧٢، خودموختاریخوازانی کورد، سکالایان کرد کە بەرنامەکانی تەلەفزیۆنی کەرکوك زۆر کەمە و سەرەڕای پەرەسەندنی تۆڕی تەلەفزیۆنی عێراق، هیچ هەنگاوێك بۆ دامەزراندنی ئێزگەی تەلەفزیۆنی کوردی هەڵنەگیراوە. بەهەرحاڵ پاش هەڵوەشانەوەی بزووتنەوەی خودموختاری، ماوەی پەخشی بەرنامە کوردییەکان تا ٦ کاتژمێر زیاد کراو لە ساڵی ١٩٨٦، کەناڵی دووەمی ئەم تەلەفزیۆنە کرایەوە. ئەمە لەحاڵێکدا بوو کە بەرنامەکانی تەلەفزیۆن (کە بە توندی سانسۆر دەکرا) ببوو بەگۆڕەپانی خەباتی نێوان دەوڵەت و بەرهەمهێنەرانی کورد.

لە دوای پێکهاتنی ناوچەی ئەمن، لە بەهاری ساڵی ١٩٩١ (لە کوردستانی عێراق) ئێزگە تەلەفزیۆنیەکان لە کوردستان لەسەر دەستی یەکێتی نیشتمانی کوردستان (PUK)دا بوو. لە ساڵی ١٩٩٢، دووکاناڵی دیکە دامەزرا کە لە دەستی پارتی دێموکراتی کوردستان (KDP)و حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا بوو. ئەم کاناڵانە، بەرنامەگەلی زانیاری و سەرگەرمکەری زۆریان هەبوو و زۆر گرینگیان بە عەمەلیاتی کۆمەڵکوژی دەوڵەتی عێراق (عەمەلیاتی ئەنفال کە لە دوای هەڵوەشانەوەی دەسەلاتداری دەوڵەتی عێراق بە سەر کوردستاندا کۆتایی پێهات) دەدا، خەڵك بە پەرۆشەوە سەیری ئەم بەرنامانەی دەکردو حیزبە سیاسییە کوردییەکان بۆ یەکەمجار، شرۆڤەی خۆیان لە مێژوو و سیاسەتەکانی کوردستان لەم تەلەفزیۆنانەدا بلاودەکردەوە. بەهەرحاڵ، بارودۆخی ناسەقامگیری سیاسی، زۆری لە خەڵکی لە هاتنە سەر شاشەکانی تەلەفزیۆن دڵسارد کردبوو، لەبەرئەوەی کە دەترسان دەوڵەتی عێراق بگەڕێتەوە و تۆڵەیان لێ بسێنێتەوە.

لە ساڵی ١٩٩٣، گرووپێکی شەخسی ڤیدیۆیی بە مەبەستی دروستکردنی بەرنامە بۆ ئێزگەکانی تەلەفزیۆن، لە کوردستاندا دامەزرا. کاسێتی ڤیدیۆیی هەندێك لەم بەرنامە تەلەفزیۆنانە لە ئەورووپا بلاو بۆوەو لە کۆڕوکۆمەڵە گشتیی و شەخسیەکاندا نمایشکرا.[٢١] هەروەها هەوڵدرا تەلەفزیۆنێکی تەمامەن کوردی دابمەزرێت، بەڵام بە هۆی ئەوەی کە بارودۆخی

سیاسی (کە لەژێر کۆنترۆڵی هێزە هاوپەیمانەکاندا بوو کە ناوچەی ئەمنیان دەپاراست) نەیدەهێشت پێداویستییە تەکنیکییەکان بێتە نێو ناوچە، ئەم هەوڵانە هەرەسی هێنا. ئەمە لەکاتێکدا بوو کە دەوڵەتەکانی عێراق، ئێران و تورکیا، بە تەکنۆلۆژیای پەخشی بەهێزی خۆیان، هێرشیان دەکردە سەر کوردستان.

تەلەفزیۆن بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٥٨، بە دەستی کۆمپانیایەکی شەخسی کە لەژێر چاوەدێری دەوڵەتی ئێراندا بوو، هاتە نێو ئێران. ئەم کۆمپانیایە پاشان کرا بە نەتەوەییو لە دەیەی ١٩٧٠ دەوڵەت دەستی دا بە پەرەپێدانی تەلەفزیۆن. ناوەندەکانی بەرهەمهێنان و فرۆش و ئێزگە بەهێزکەرەکانیش لە زۆرێك لە شارە کوردنشینەکان وەك سنە، مەهاباد، قەسری شیرین، پاوە، شنۆو سەقز دامەزران. زۆربەی ئەم بەرنامانە چ لە سەردەمی سیستەمی پاشایەتی و چ لەسەردەمی کۆماری ئیسلامی، لە تاران و بە زمانی فارسی بڵاودەکرانەوە. ئێزگەکانی کوردستان، وەك ناوەندی بەهێزکەر_کاریان دەکردو هەندێك جاریش بەرنامەی ناوچەییان بڵاودەکردەوە. بە وتەی حەوتوونامەی سرووش (ژمارە ٢٠٦، ٢٧ی خەرمانانی ١٩٨٣، لاپەڕەی ٥٣) ئێزگەی تەلەفزیۆنی مەهاباد بە هۆی کەمیی پێداویستییەکان و نەبوونی هێزی مرۆیی، نەیدەتوانی لە حەوتوویەك دووجار زیاتر بەرنامە بڵاوبکاتەوە. بەهەرحاڵ هەتا سەرەتای دەیەی ١٩٩٠، بەرهەمی نەتەوەیی بە زمانی کوردی زیادی کرد. هەروەها لە ساڵی ١٩٨٦ بەدواوە زمانی کوردی لەپاڵ زمانی عەرەبی و تورکمانی، بوو بە زمانی پەخشی دەرەوەی ئێزگە تەلەفزیۆنییەکان.

یەك سەدە پاش ئەوەی کە حاجی قادری کۆیی ناسیۆنالیستە کوردەکانی بانگهێشت کرد تا بزووتنەوەی خۆیان بە چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەوگۆڤار بەهێز بکەن، کۆمەڵگای کورد لە ئەوروپا (زۆرتر کوردەکانی تورکیا) پەخشی ڕاستەوخۆی بەرنامەکانی سەتەلایتیان لە سەرەتای ١٩٩٥وە دەستپێکردووە. ئەم بەرنامانە کە گوێگرو بینەری زۆریان لە کوردستان، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ڕۆژهەڵاتی نیزیك و ئەوروپا بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە، هەواڵ، شۆوەکولتوورییەکان و سەرگەرمی ڕۆژانە لە خۆ دەگرێت. کەوابوو، کوردەکان هەرچەند کە نەیانتوانیوە لە نیشتمانی خۆیاندا بگەن بە مافی نەتەوەیی خۆیان، بەڵام مافی دەسەلاتداریان لە ئاسماندا بە دەستهێناوە. بەهەرحاڵ ئەم پرۆژەیە لە بەردەم خراپەکاری تورکیا و هاوپەیمانە ڕۆژئاواییەکانی دایە.

لە کاتی سەرهەڵدانی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی لە ساڵی ١٨٩٨ تا ئێستا، کوردەکان تێپەڕبوونێکیان لە نەریتی زۆرتر زارەکی و دەستنووس بەرەو کولتوورێکی چاپی، دەنگ و



ڕەنگی، ئەلەکترۆنێکی تەجرووبە کردووە. ئەم ڕەوتی گەشەپێدانە کولتوورییە، هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە ئاڵۆزو چەند ڕەهەندییە، هۆشیاری نەتەوەیی و ناسیۆنالیستییەکان بەردەوام وەك هۆکارێکی سەرەکی، گەرموگوڕییەکانی هان دەدەن.

ئەو دەوڵەتانە کە پاش شەڕی یەکەمی جیهان لە تورکیا، ئێران، عێراق و سوریا هاتنە سەر دەسەڵات، لە میدیا گشتییەکان بەمەبەستی جێبەجێکردنی سیاسەتی زمانیو ڕەگەزپەرستانەی خۆیان لە کوردستان کەڵکیان وەرگرتووە، بەڵام کوردەکان توانیان لە ڕێگای پەرەپێدانی میدیا گشتییەکانی خۆیان لەگەڵ ئەم دەوڵەتانە بەرەنگاری بکەن. هەروەك کەسایەتییە ئەدەبییەکانی کورد لە سەدەی ١٦و ١٧ کە وەك نیشانە سەرەکییەکانی دەسەڵاتداری، سەیری قەڵەم و شمشێریان دەکرد، ڕۆشنبیران و چالاکانی سیاسیش لە سەدەی ٢٠و ٢١ نە تەنیا وەك بیاڤەکانی بەرخۆدانی، بەڵکو وەك بنیادگەلی نەتەوەسازی لە جیهانی زوو لە حاڵی گۆڕانی ئەمڕۆدا، سەیری میدیا گشتییەکان دەکەن.

## پەراوێزەکان

١- ئێستیفان سی پیلیتایر لە کتێبەکەی خۆی بە ناوی کوردەکان و ئاغاکانیان: راپۆرتێك لەمەر باروودۆخی باکووری عێراق (کە ئێنیستیتۆی توێژینەوە ئیستراتێژییەکانی کۆلیژی جەنگ لە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بلاوی کردۆتەوە) بانگەشەی ئەوە دەکات کە کوردان نەریتێکی کۆنیان هەیە کە ستایشی دلاوەریە جەنگیەکان دەکات. بە درێژایی سەدەکان چالاکیە رێکوپێکەکانی ئەوان وەك بەکرێگیراو لە خزمەت سوپاکانی رۆژهەلاتی ناوەراست و باشووری قەفقاز دابووە. ئەوان ئەگەر ئەم خزمەتەیان نەکردبایا، خۆیان بە قاچاقچێتی و شێوە جۆراوجۆرەکانی چەتەگەری دەژیاند.

٢- شیعرێك کە بانگەشەی ئەوە دەکرێت سەر بە سەردەمی سەرەتای داگیرکردنی کوردستان بە دەستی موسلمانەکان دایە، وەك یەکەم دەقی کوردی نەقل دەکرێت. بەهەرحال ئەم دەقە جێی متمانە نییە (مەکینزی:١٩٦٣، فواد:١٩٧٥).

٣- بۆ توێژینەوەیەکی کورت دەربارەی سەرهەلدانی ئەدەبیات بە زمانی زگماکی لە کوردستان، بروانە: بۆ ئەمیر حەسەنپوور(١٩٩٢، ١٩٩٣).

٤- بەرهەمی ئەدەبی بە زاراوەی هەورامی یان گۆرانی لەوانەیە ریشەیەکی کۆنتری هەبێ. هەورامی یەکێ لە زمانە ئەدەبییەکانی دیوەخانی میرنشینەکانی ئەردەلان و بابان بوو.، بروانە: بۆ بەشی ٢.

٥- بە نەقل لە حەسەن پوور (١٩٩٢:٩٢). ئەو وشانەی کە ئەو لە شیعرەکانیدا دەربارەی زمانی کوردی بە کاری هێناون بریتین لە نووسین، قەلەم، خامە و کتێب. ئەو لە شیعرێکدا دەلێت " شمشێر و قەلەم لەم سەردەمەدا شەریکی یەکترن، بەداخەوە شمشێرەکەی من، چەقۆیەکی بچووك و قەواخەکەی جێگا قەلەمییەکە".

٦- ئەم بانگەشەیە کە مێژوونووس و چالاکیی ئەدەبیی کورد، حوسێن حوزنی موکریانی (١٨٩٣-١٩٦٧) دامەزرێنەری یەکەمین چاپخانەی کوردی لە حەلەب لە سالی ١٩٢٢بووە، راست نییە.، بروانە: بۆ حەسەن پوور (١٩٩٢:١١٨).

٧- لە سالی ١٩٧٦ بلاڤۆکە عیراقییەکان ناسیۆنالیست بوون، هەرچەند کە بلاڤۆکی التاخی (رۆژنامەیەکی عەرەبی بوو کە لە سالی ١٩٧٠-١٩٧٤ پارتی دیموکراتی کوردستان بلاوی دەکردەوە) لە ماوەی ئاگربەستی ٤سالە لە دەستی کوردەکاندا مایەوە. ئەمە لواو بوو لەبەرئەوە کە پارتی دیموکراتی کوردستان هەرەشەی کردبوو کە هەگەر رۆژنامەکە داخرێت، چالاکییە روژنامەوانییە نهێنییەکانی خۆی دەست پێدەکاتەوە (بلاڤۆکی کورد، ژمارە٣، خەرمانانی ١٩٦٨، لاپەرەی ٢٤).

٨- بە گوێرەی توێژینەوەیەك کە لە سالی ١٩٨٦ئەنجامدراوە (حەسەن پوور، ١٩٩٢:٢٢١) ئەم هەلسەنگاندنە ٢١٢ خال لە خۆ دەگرێ. هەلسەنگاندنەکان بۆ هەموو پۆلینبەندیەکان (بلاڤۆکە ئازاد، نهێنی و ئەوانەی تاراوگە) بەدلنیایەوە لەمە زۆرترە، هەر چەند کە ئەو توێژینەوەی ئێرە حیسابی بۆ بەلگە نوێیەکان نەکردووە. مالمیسانیژ و لیوەندی (١٩٨٩، ١٩٩٢) لە توێژینەوەکەی خۆیان دەربارەی رۆژنامەنووسی لە تورکیا لە قۆناخی ١٩٠٨-١٩٢٢ ئاماژەیان بە ٩٣ بلاڤوك پێش سالی ١٩٨٤کردووە کە زۆرتر بلاڤۆکە نهێنییە کورت تەمەنە دوو زمانەکان (تورکی و کوردی) یان یەك زمانەکان (تورکی) بوونە. هیچ بلاڤوکێك لە سالەکانی ١٩٨٥-١٩٨٦ بلاونەبۆتووە. ئەم راستییە کە ئەم ژمارە زۆرەی رۆژنامەکان لە سەردەمی رژیمی کۆماریدا بلاوبووەتەوە، نیشانگەری پێویستی رۆژنامە نووسی وەك چەکی خەباتی ناسیۆنالیستییە.

٩- ئەم بەراوردکارییانە بە پێی زانیارییەکانی ١٠٢بلاڤوك نووسراوە (حەسەن پوور ٢٢٥-١٩٩٢:٢٢٤).

١٠- ئەو کەشوهەوا دیموکراتییە بێ وینەیەی پاش کودیتای سالی ١٩٥٨ ماوەیەکی کورت پاش ئەوە بە مەرگی ئازادی چاپەمەنی و سەرکوتی دەولەت کە لە هاوینی ١٩٦٠دەستیپێکرد، کۆتایی پێهات (ئەلگیلانی، ١٩٧١:٢٤). بلاڤوکەکانی خەبات، هەتاو و ژین داخران. سەرنووسەرێك گیرا و هەندیك کەس چوونە دەرەوە (جەواد، ١٩٨١:٧٢-٧٣).

١١- لێرەدا کتێبی کوردی وەك کتێبێك کە بۆ خوێنەری کورد لە تورکیا، ئێران، عێراق، سوریا و یەکێتی سۆڤیەت بلاوبووەتەوە بێ لەبەرچاوگرتنی ژمارەی لاپەرەکانی، پێناسەکراوە. ئەم پێناسەیە ئەو دەقە کوردیانە کە بە مەبەستی لێکۆلینەوە ئاکادیمیکەکان بلاوبووەتەوە و خوێنەرەکانی لە پلەی یەکەمدا کورد نین، ناوێزا کردووە.

١٢- فەرهاد پیربال (١٩٩٤). بۆ هەندێك بەلگەی ناتەواو دەربارەی بوونی ماشینێکی چاپی کوردی پێش شەری یەکەمی جیهانی، بروانە: بۆ پیربال (١٩٩٤).

١٣- بولتەنی رێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی، بەشی کەنەدا، ژمارە ٧، رەزبەری١٩٨٧، لاپەرە ٧.

١٤- بەهەرحال سەرچاوەیەکی خەلکی سۆڤیەت دەلێت پەخش بە زمانی کوردی لە رادیۆی ئیرەڤان لە سالی ١٩٥٤ دەستیپێکردووە.، بروانە: بۆ بلاڤوکی ریا تازە، ژمارە ٣٦، ١٩٨٧.

١٥- Oriente moderno xxII، ٥ی خاکە لێوەی ١٩٩٤، بە نەقل لە بلاڤوکی Les Eccosde Sgrie، ژمارە٥، ١٩٩٤، لاپەرە ٢١٦.

١٦- ئەم زانیاریانە لە سالنامەی ئاماری ولات (کتاب امار سالانه ایران)، ١٣٦٩ی هەتاوی-١٩٩٠-١٩٩١ی زایینی، تاران، لاپەرە ١٦٤ وەرگیراوە.

١٧- دیداری شەخسی و وتوویژ لەگەل بارزان شاسوار، ئوپسالا، سوید، رێبەندانی ١٩٩٤.

١٨- ل مورای، نەرگز بووکی کوردستان و بلاڤۆکیKurdistan fucusi ، ژمارە ٦، خاکەلیوەی ١٩٩٣، لاپەرەی١٦.

١٩- بروانە: Lepvor cal، ٢١ی رەزبەری ١٩٩٣.

٢٠- بروانە: Le courviet، ١٨ی بەفرانباری ١٩٩٣.

٢١- بەر بانگ، ١٩٩٣، ژمارە ٨٦، لاپەرەی ٢٩-٣٠.

# (٥)

# ئایین و ئایینزاکانی کوردستان

فیلیپ کرینبروك

## پێشەکی

ئەمڕۆ زۆربەی کوردان موسڵمانی سوننەن، کەوابوو هەر چەشنە هەوڵێك بۆ تاوتوێکردنی لایەنی ئایینی ناسنامەی کولتووری کورد بێ قبوولکردنی ئەم حەقیقەتە گرینگە ناتوانێ متمانەپێکراو بێ. کەوابوو مەبەستی ئەم بەشەی ئێمە بە هیچ شێوەیەك نکوڵیکردن لەزاڵبوونی ئیسلامی سوننە بەسەر کولتووری کورددا نییە، بەڵکو ئەیەوێ نیشان بدا کە چەمکی ئیسلام —بەو جۆرە کە زۆرتر لە رۆژئاوا لێی تێدەگەن —ناتوانێ وەك مۆدێلێکی شیکاری بۆ تاوتوێکردنی زاراوە جۆراوجۆرەکانی دەمارگرژی ئایینی کوردان بەکاربێ. لێرە باس دەکرێ کە ئەو دەستە کوردانە کە زۆرتر لەناو کولتوورە زاڵەکانی ناوچە دەژین و دەیانەوێ شێوازە سەرەکییەکانی ئیسلام بپارێزن، تا ئەو شوێنە کە پێوەندی بە بیروباوەڕی و کردەوەکانیانەوە هەیە بە تەواوی لە دراوسێ عەرەبەکانیان جیاواز نین. لەلایەکی ترەوە ئەو کۆمەڵگانەی کە نەکەوتونەتە ژێر کاریگەریی کولتوورەکانی دەرەوە، زۆرتر داب و نەریت و بیروباوەڕییەکانی خۆیان پاراستووە و تەنانەت بەگشتی پەرەیان بە سیستمی ئایینی خۆیان- کە کۆمەڵێك ماکی غەیرە ئیسلامی تێدایە- داوە.

لێرە ژمارەیەك لە شێوازە سەمبولیکەکانی ژیانی نەریتی کورد دەورێکی گرینگ دەبینن. وەك نموونە چییەتی زۆرتر غەیرە ئەدەبی کولتوور لە کوردستان، تێگەیشتنێکی لە رێبازە ئایینییەکان لێدەکەوێتەوە کە بە شێوازگەلی جۆراوجۆر لەگەڵ ئەو رێبازانە کە لە نەریتە زۆرتر ئەدەبییەکانی موسڵمانانی سوننە یان شیعەی ١٢ئیمامی سەرچاوەیان گرتووە، جیاوازە. روونە کە زۆربەی ئەو دیاردە و پەرەسەندنانە کە لێرە دەکەوێتە بەر باس و تاوتوێ، تەنها کوردی نین. ئەو نەریتە کەونارانەی ئیسلام کە لە گەلێك لە ناوچەکاندا هەیە و ئەو نایەکانگیریانە کە لە نێوان کولتووورە ئایینییەکانی گوند وکولتووورە ئایینییەکانی شاردا هەیە، دەتوانێ لە زۆربەی شوێنەکانی جیهاندا بەدی بکرێ. بەهەرحاڵ ئەمە راستە کە بێ لەبەرچاوگرتنی کۆمەڵە هۆکارگەلێکی وەهاو هەروەها کۆمەڵە هۆکارێك —کە یارمەتی دەدەن بە شیکردنەوەی پێوەندییە چاوەروان نەکراوەکان و هاوشێوەییەکانی نێوان ئەوکۆمەڵگانە کە یەکێتییە ئایینییەکانیان زۆر لە یەك جیاوازن- راستییەکانی ئایین لە کوردستان ناتوانێ دەرك بکرێت.



## ئایینی پێش زەردەشتی هۆزە ئێرانییەکان

بەر لەوەی مرۆڤ بتوانێ کاریگەریی ئایینە کۆنەکان لەسەر ئایینە کوردییە جۆراوجۆرەکان بخاتە بەر باس و گوفتوگۆ، پێویستە ئاماژەیەکی کورت بەو ئایینە جۆراوجۆرانە بکەین کە لە وانەیە بە درێژایی مێژوو کاریان کردبێتە سەر کولتووری کورد.

خەڵکی کەونارای کورد کە بە زمانێك دەدوان کە بەرەبەرە بوو بە زمانی کوردی ئەمڕۆ، لەوانەیە بەشێك لە گرووپی هۆزە ئێرانییەکان بن کەلەدەوروبەری سەدەی١٠ ی بەر لە زایین بەرەو رۆژئاوای ئێران کۆچیان کردووە. بە هەرحاڵ هیچ بەڵگەیەکی نووسراو سەبارەت بە وردەکارییەکانی ژیان و کولتووری کورد تا سەردەمی ئیسلام —کە دەورەیەکی دوو هەزار ساڵەیە —لە دەستدا نییە. کەوابوو هەر چەشنە هەوڵێك بۆتاوتوێ کردنی لایەنە مێژووییەکانی ئایین لە کوردستان دەبێ بە گوێرەی زانیارییەکانی ئایینەکانی ناوچەکانی دەوروبەری کوردستان ئەنجامبدرێ.

لەم بەشەدا زمان وەك یەکێ لە گرینگترین ئامرازەکانی گواستنەوەی کولتوور سەیر دەکرێ. ئاشکرایە کە لە رووی سەرهەڵدانەوە کوردەکانی ئەمڕۆ تەنهاوتەنها خاوەن رەگ و ریشەی ئێرانی نین، بەڵکو مرۆڤ لە راستییدا دەتوانێ بانگەشەی ئەوە بکا کە زمانی هاوبەشی کوردان ئەوە نیشاندەدا کە بە درێژایی مێژوو خەڵکی رەگەزەکانی دیکە لە کولتووورو شارەستانی ئێرانی کەونارا تواونەتەوە و سەرەنجام تایبەتمەندییە جیاوازەکانی خۆیان لەو ناوچە شاخاوییانە کە ئێستا پێی دەڵێن کوردستان، پەرە پێداوە [1]. هەگەر مەسەلەکە وەها بێ، دەبێ لەنێو ئایینەکانی ناسراو بە ئایینەکانی هیندوئەورووپی دا- کە پێشینیانی هیندوئەورووپییەکان بەر لە جیا بوونەوە لە یەکتر پەرەیان پێداوە-بە شوێن ریشەی ئایینی دەستپێکی هۆزە کوردە کۆنەکاندا بگەڕێن. ئێستا زۆربەی لێکۆڵەران لەسەر ئەوە ساخ بوونەتەوە کە ئەم ئایینە وەك بەشێك لەو کولتووورە نەگۆڕە پێکهاتووە کە لە ئێستپەکانی ئاسیای ناوەڕاست لە سەدەکانی پێش کۆچکردن بەرەو باشوور (لە درێژایی هەزارەی دووەمی پێش زایین) پەرەی سەندووە. ناسراوترین پێشینییانی ئەم ئایینە —واتا ئایینی ئێرانییەکانی کەونارا و زەردەشتپەرستی کە بۆ ماوەیەکی درێژ ئایینی زۆربەی ئێرانییەکان بووە — بەشێوازگەلی جۆراوجۆر لە ئایینە سەرەکییەکە سەرچاوەیان گرتووە، بەلاّم خاڵە هاوبەشەکانی نێوانیان (دەربارەی ئەو سیستمە کە سەرچاوەیان لێگرتووە) شتێکمان پێ دەڵێت، ئەویش ئەوەیە کە تایبەتمەندییەکانی ئەم ئایینە لەوانەیە بریتی بێ لە ستایشکردنی توخمەکانی

سروشت وەك ئاو و ئاگر-كە هێشتا لە كوردستاندا هەرماوە —و جودایی یەكجار زۆری نیوان بنەماڵە ئایینی و غەیرە ئایینییەكان.

نەریتە فێركارییەكانی هۆزەكان وەك مێژووی هۆز و دەقە ئایینییەكان، پشتاوپشت بە شێوازی زارەكی لە لایەن مەلاكانەوە دەگوازرایەوە. لە رۆژانی پێش كۆچ لەوانەیە هیندوئێرانییەكان بیروباوەڕیان ئەوە بوویێ كە جیهان بە دەستی بوونەوەرە ئیلاهییەكان فەرمانرەوایی دەكرێ كە خۆیان بە یاسای راستیی بنەڕەتی یان چاكە سنووردار دەبن. هەندێ لەم خودانە لەگەڵ دیاردەكانی سروشت وەك خۆر، مانگ، ئاگر و ئاو شەریك بوون، لەكاتێكدا كە خوداكانی دیكە بونیادە كۆمەڵایەتییەكان وەك رێككەوتنەكان و پەیماننامەكانیان دەپاراست. خەڵك چاوەروانیی ئەوەیان لە خودایان دەكرد جیهان بە بەختەوەری رابگرن و خۆیشیان بە ملكەچبوون بۆ یاساكان وعیبادەت و قوربانیكردن، خۆیان بەهێز رابگرن.

لێرە لەیەكچوونگەلێكی بەهێز لەنێوان هیندوئێرانییەكانی كەونارا لەمەڕ رێوڕەسمەكانی قوربانیكردن (كە لە ئێران پێیان دەگوت یەسنا و لە هیند پێیان دەگوت یەژنا) هەیە كە تێیدا خەڵك بوونەوەرە ئیلاهییەكانیان بۆ شوێنی بەڕێوەچوونی رێوڕەسمەكان بانگهێشت دەكردو پێشوازیان لێ دەكردن و چێشت (گۆشتی ئاژەڵە قوربانیكراوەكان)، نۆشیدەنی و گۆرانی و دوعایان پێشكەش دەكردن. پاشان ئەو چێشتە كە لەنێوان خوداكاندا دابەشكرابوو، وەك چێشتێكی هاوبەش لە لایەن خەڵكەوە دەخورا .

دەڵێن كە بە درێژایی مێژوو، ئەفسانەی خلقەت لەم رێورِسمە ئیلهامی گرتووە و پەرەی سەندووە.[2] بەپێی ئەم بیرۆكەیە سەرەتا لەكاتێكدا كە میترا (خوداوەندی ئاگر) یەكەم قوربانی كە گایەك بووە، ئەنجامداوە [3]، جیهان بە شێوازیكی بێ جموجۆڵ بەدەستی خوداوەندی خالق دروستكراوە و ئەم جیهانە لە حاڵەتێكی تاریك، بێ جووڵانەوە، باتنی و گەمارۆدراو هاتووەتە دەرەوە. ئەم قوربانیكردنە بووە هۆی ئەوە كە توخمی خودی میترا واتا ئاگرو دیاردە لاوەكییەكانی وەك خۆر، تیشك و وزە بێتە نێو جیهان و ببێ بە ئەو جووڵان و رەنگاورەنگییە كە ئەمرۆ دەیبینین. ئەم چەمكە كە تەنانەت خوداكانیش بە یاسای راستی یان چاكە سنووردار كراون و سووڕانەوەی نەگۆڕی وەرزەكان، لەدایكبوون، گەشەكردن و مردن و ئەو هەستە كە سەرپێچیكردن لە یاساكان سزای بە شوێنەوەیە، لەوانەیە رەنگدانەوەی كولتووری نەگۆڕو شوانیی سەردەمی بەردین بێ كە هیندوئێرانییەكان پێش كۆچكردن پەرەیان پێداوە. پاشان مادده دۆزرایەوە، ئەسپ بۆ كێشانی رەوڕەوە بەكارهێنراو هۆزەكان دەستیان كرد بە داگیركردنی



سەرزەوییە نوێكان. لەوكاتەدا لەوانەیە زەینییەتێكی نوێ زەق بوویێتەوە كە لەسەر هێژامەندییە گەرموگۆڕەكانی شەڕكردن و سەركەوتن پێداگری كردبێ، نە هێژامەندییە ئاكارییە مەنگەكانی رۆژانی سەرەتا. كەوابوو لەبەرئەوە كە تا ئەو كاتە گرووپە جیاوازەكانی نێو هۆزەكان لە یەكدی جودابوونەوە، كاریگەریی ئەم راستییە نوێیانە- دەربارەی روانگە ئایینییەكان - لە گرووپێك بۆ گرووپێكی دیكە جیاواز بووە، بەڵام لەوانەیە داب و نەریتی ئیتنیكی نوێ كاریكردبێتە سەر پەرەسەندنە لەیەك دوورەكانی نێوان هیندییەكان و هۆزەكانی دانیشتووی رۆژئاوای ئێران (وەك كوردەكانی سەردەمی كەونارا). بەڵام كۆمەڵێ بەڵگە هەیە كە نیشاندەدا كە گەلێ لە تایبەتمەندییە كەوناراكان لانیكەم تا كاتی سەرهەڵدانی زەردەشت —كە لەنێوان خەڵكی رۆژهەڵاتی ئێراندا رەگ و ریشەی هەبوو و پاشان بوو بە ئایینی زاڵ لەسەرانسەری قەڵەمڕەوی ئێران - لە نێوانیاندا مابوو.

## ئاییینەكانی میزۆپۆتامیا و ئاناتولی

كاتی كە ئەم كوردە كەونارانە هاتنە وڵاتی نوێی خۆیان، هەم لەگەڵ ئاییینەكانی میزۆپۆتامیا و هەم لەگەڵ ئایینە كەوناراكانی ئاناتولی رووبەڕوو بوونەوە. لەوانەیە ئەم سیستمە ئایینیانە تا رادەیەك كاریان كردبێتە سەر بیروباوەڕ و كردەوەكانی دانیشتووانی نوێ، بەڵام ئێستا زانیارییەكی زۆر كەم لەبارەی نیشانەكانی ئەم كاریگەرییانە لە بەر دەست دایە[4].

## ئایینی جوولەكە

ئەو ئایینە كە ماوەیەكی كورت پاش هاتنی هۆزە ئێرانییەكان، لە ناوچەدا سەری هەڵدا، ئایینی جوولەكە بوو. بە گوێرەی نەریتی زارەكیی كۆمەڵگای جوولەكەی كوردستان، جوولەكەكان لە سەردەمی پادشا ئاشوورییەكانی ئیسراییل و جەددا لە سەدەی ٨ی پێش زایین لە فەلەستین دەركراون. لێكۆڵەران ئەمەیان وەك ئەمرێكی واقع قبووڵكردووە[5]. لەو كاتەوە تا دەیەی ١٩٥٠واتا كاتێك كە زۆربەی كوردە جوولەكەكان بۆ ئیسراییل كۆچیانكرد، جوولەكەكان لە ناوچەدا دەژیان.

لەبەرئەوە كە پێوەندییەكی بەهێز لە نێوان ئایینی یەهود و ئایینە تەوحیدیە مەزنەكانی ئیسلام و مەسیحیەتدا هەیە بەگشتی مرۆڤ ناتوانێت لەوە دڵنیا بێ كە یەكێ لە تایبەتمەندییەكانی ئایینە كوردییەكان راستەوخۆ لە ئایینی یەهود سەرچاوەی گرتبێت [6]، بەڵام واوێدەچێ كە كومەڵێك كاریگەریی وەها لە ئارادا بێ. بۆ نموونە لەوانەیە هەڵسوكەوتی كوردان لەگەڵ جوولەكەكان، ئەوانی لەگەڵ چەمكی یەكتا پەرەستیدا، ئاشنا كردبێ.

## ئاییینی زەردەشت

ئاییینی زەردەشت کە تەنها ئاییینی بەڵگەمەندی ئێرانی کەونارایە، لە ئاییینی هیندۆ ئێرانی سەرچاوەی گرتووە و خاڵی هاوبەشی زۆری لەگەڵ ئەم ئاییینەدا هەیە. دەڵێن دامەزرێنەری ئەم ئاییینە (زەردەشتی پیرۆز) [٧] لە دەورەبەری ساڵی ١٠٠٠ی بەر لە زایین لە ناوچەیەك هەڵکەوتوو لە باکووری ئەفغانستانی ئەمڕۆ ژیاوە. لە سروودەکانی خودی ئەم پێغەمبەرە (گاتەکان) دەردەکەوێ کە راسپاردەکانی زەردەشت لە توڕەبوونی زۆر توندی ئەو لەو خراپانەی کە لە دەوروبەری خۆیدا دەیبینی، ئیلهامی گرتووە. لەوانەیە باوەڕی بەمە کە "توانایی لە راستیی دایە"- کە لە رۆحی داگیرکارییەکان سەرچاوەی گرتبوو- بووبێ کە پاڵی بەم کاردانەوەیە نابێ.

بەهەرحاڵ مسۆگەرە کە زەردەشت بەپێداگرتن لەسەر دەوری یەکلاییکەرەوەی شەڕ لە کاروباری جیهان، کۆمەڵێ توخمی نوێی هێنایە ناو بیرۆکە ئاییینییەکانی ئێرانییەکان. لە کاتێکدا کە ئاییینە کۆنەکە تەنها وەك نەفیکردنی خێر پێداگری لەسەر بوونی شەڕ دەکرد، ئاییینی زەردەشت خەڵکی فێری ئەوە کرد کە شەڕ بوونێکی سەربەخۆی هەیە و جیهان وەك گۆڕەپانێك کە تێیدا سوپاهیانی نەیاری خێر و شەڕ دەتوانن لەگەڵ یەکدا جەنگ بکەن، خەلق کراوە. دەستەی بوونەوەرە حەوت روخسارییەکان —واتا نەمرە پیرۆزەکان (ئەمیشە سپەنتا) کە هەرکامیان بەرپرسیارییەتییەکی تایبەتیان لەبەرامبەر توخمە حەوتەوانەکان کە جیهانیان پێکهێناوە، هەیە_بە دەستی خوداوەند بۆیارمەتیدانی خێر لە جەنگ لەگەڵ هێزەکانی شەڕدا خەلق کراوە [٨] و مرۆڤ وەك تەنها بوونەوەرێك کە توانایی هەڵبژاردنی ئاکاریی لەم جەنگە دا هەیە، توخمی بنەڕەتییە. هەموو مرۆڤێك پێویستی بەوە هەیە کە لە نێوان خێر و شەڕدا یەکێکیان هەڵبژێرێ و پاداشتی خۆی بە گوێرەی ئەم هەڵبژاردنە دەبینێ. روونە کە دادپەروەری لەم جیهانەدا پەیدا نابێ و لەوانەیە زەردەشت یەکەم پێغەمبەرێك بووبێ کە ئەمەی فێری مرۆڤ کردووە کە رۆح پاداشتی کۆتایی خۆی پاش مەرگ دەبینێ. ئەم بابەتە بە جۆرێك پێوەندی بەمەوە هەیە کە رۆحی مرۆڤ دەبێ لە پردێکی جوداکەرەوە —کە مرۆڤی چاکەکار دەباتە بەهەشت و مرۆڤی بەدکار دەباتە دۆزەخ — تێپەر بێ. زێدەباری ئەمە لەوانەیە زەردەشت یەکەم کەسێ بووبێ کە مرۆڤی فێری ئەوە کرد کە دنیا فانییە. کاتێ کە شەڕ بەرەبەرە سەردەکەوێ ئەم جیهانە چالاك و بەردەوامە کە ئێمە دەیناسین کۆتایی پێ دێ و دەبێ بە حاڵەتێکی بێ جووڵانەوە و ئیدەئاڵ. لە ئاخر زەماندا رزگاریدەرێ سەرهەڵدەدا و مردووەکان بە جەستەوە زیندوو دەبنەوە.



چەمکە زەردەشتییەکانی بەهشت و دۆزەخ، فانی بوونی جیهان و گۆڕانی جیهان بە دەستی کەسێکی رزگاریدەر و هەستانەوەی جیهان لەوانەیە سەرچاوەی ئیلهامی کۆمەڵە بیرۆکەیەکی هاوشێوە لە ئاییینەکانی دواتر وەك مەسیحییەت و ئیسلامدا بووبێ. وەك نموونە واتای ئەو پێڵە کە رۆح پاش مەرگ بە سەریدا تێدەپەڕێ پاشان بوو بووبە بەشێك لە بیروباوەڕی ئاییینی ئیسلام.

لە هەندێ لە کۆمەڵگاکانی کوردان، ئەم جۆرە لەیەکچونانە لە نێوان باوەڕە کەوناراکان و ئاییینە نوێیەکان-کە لە ناوچە شاخاوییەکانی کوردستاندا هەبوو- لەوانەیە ئەو چەمکەی کە هەموو ئاییینەکان مرۆڤ فێری راستییەکی بنەڕتی دەکەن، پتەوتر کردبێ. هەندێ لە کۆمەڵگاکانی کورد بە راشکاوی هەستیان بەوە دەکرد باوەڕە نوێ و کۆنەکان دەتوانن بە شێوازێکی ئاشتیخوازانە بە یەکەوە بژین و هەندێ جار تێکەڵ بن. ئەمە خاڵێکی گرینگە کە لە راسپاردە گشتییەکانی ئاییینە جۆراوجۆرەکاندا هەیە.

زەردەشتپەرستی کە سەرەتا لەنێوان خەڵکی دانیشتووی رۆژهەڵاتی قەڵەمڕەوی ئێران پەرەیسەند، بە سەرهەڵدانی یەکەم ئیمپراتۆری گرینگی ئێران (ئیمپراتۆری هخامەنشی، ٣٣١-٥٥٩ی پێش زایین) لەنێو خەڵکی رۆژئاوای ئێران بوو بە ئاییینی زاڵ و دەسەڵاتدار[٩]. روونە کە مەجووس یان مەجووسییەکان-کەسایەتییە ئاییینییە بە هێزەکانی ئێران- ئاییینی نوێیان قبووڵ کردووە، بەڵام لەوانەیە ئەم قبووڵکردنە وەك رێگایەك —کە تێیدا پەیرەویکردن لە سیستمی بیروباوەڕەکان، رێگا بۆ قبووڵکردنی سیستمی بیروباوەڕەکانی دیکە دەکاتەوە —سەیر بکرێ. بە هەرحاڵ ئەمە بابەتێکی تێکچرژاو و ئاڵۆزە، لە بەر ئەوە کە نەریتە پێوەندیدارەکان زۆرتر زارەکی بوون و لەوانەیە تارادەیەك بەسترابوونەوە بە دیدە شەخسییەکانی مەلاکان کە نەیاندەتوانی سەرچاوە ئاییینییەکان وەك بەڵگە بهێننەوە. ئەم بابەتە راست دەنوێنێ کە ئاییینی زەردەشت لە لایەن دەربارەوە پشتیوانی لێدەکراو زۆرتر گرووپەکانی نزیك بە دەسەڵات و کولتوور روویان لێدەکرد.

لەحاڵێکدا کە هیچ گومان لەوەدا نییە کە خەڵکی کوردزمانی سەردەمی کەونارا نەکەوتوونەتە ژێر کاریگەریی لایەنە وشك و زەحمەتەکانی راسپاردەکانی زەردەشت، لەوانەیە ئەم بیرۆکە نوێیانە هاتبنە نێو سیستمی بیروباوەڕەکانیان، بێ ئەوە کە کاریگەرییەکی قووڵی کردبێتە سەر بنەماو ئەساسی ئەم بیروباوەڕانە. بە پێچەوانەشەوە تووخمەکانی ئاییینی رۆژهەڵاتی ئێران کاری کردە سەر ئاییینی زەردەشت. دەوترێت کە دیاردەی جەژنی نەورۆز -کە

هێشتا لە لایەن ئێرانییە موسڵمانەکان و کوردەکان و هەندێ لە زەردەشتییەکان پیرۆز دەکرێ- نیشاندەری یەکگرتنی کرداری ئایینی زردەشت لەگەڵ داب و نەریتی رۆژئاوای ئێرانە.[١٠] جەژنی پاییزی ساڵی نوێی خەڵکی رۆژئاوای ئێران لەسەر بنەمای جەژنی مهرگان- ی ئایینی زەردەشتە کە لەگەڵ ئایینی ئێزیدی-شدا خاڵی هاوبەشی هەیە. هەروەها لەنێو خەڵکی رۆژئاوای ئێراندا بوو کە سیستمی بیروباوەڕەکانی زرڤانیزم کە بە شێوازگەلی جۆراوجۆر لەگەڵ بیروباوەڕەکانی ئایینی زەردەشت جیاواز بوو، زەق بووەوە. پەیڕەوانی ئەم ئایینە باوەڕیان بەوە بوو کە زرڤان (خودای مەزنی سەردەم) لە سەرەوەی جەنگی نێوان خێر و شەڕ جێ دەگرێ و بە هەرحاڵ بە درێژایی سەردەم باوەڕی بە فاڵگرتن و هێزی چارەنووس، بوو بە تایبەتمەندی سەرەکی بیرو باوەڕی زرڤانییەکان. توخمی دیکەی ئایینی زرڤانیزم لە هیراکانیدا سەبارەت بە ژمارەی چوار دەردەکەوێ. نەماددیکی هاوشێوەش سەبارەت بە چەمکی چوار توخمی جیهان، لە ئایینەکانی ئەهلی هەق و ئێزدیدا دەور دەبینێ.[١١]

بەهەرحاڵ، هەندێك جار راسپاردە دژبەرەکانی نێوان ئایینە کۆن و نۆییەکان، لەوانەیە سەرلێشێواوی خەڵکی رۆژئاوای ئێرانی کەونارای لێ کەوتبێتەوە. کەوابوو ئایینی کۆن وا بیری دەکردەوە کە قوربانیکردنی گا بۆ خالّق (واتا خوداوەندێ کە جیهانی خستوەتە جووڵە) کارێکی بەسوودە و کاریگەرییەکی باشی بۆ هێنانە دەرەوەی جیهان لە تاریکی و رووناککردنەوە و خستنە جووڵەی جیهان هەیە. لە لایەکی ترەوە ئایینی زەردەشت، ئەم قوربانیکردنە وەك کوشتنێکی سەرکێشانە کە بە دەستی رۆحی مرۆڤ ئەنجامدراوە و بە شێوازی ناراستەوخۆ دەبێتە هۆی کەوتنە خوارەوە لە کەمال (کە جیهانی ئێمە پێشانگەرییەتی)، سەیر دەکات. لەوانەیە ئەم سەرلێشێواویە واتایەکی گشتی لێ کەوتبێتەوە کە بەپێی ئەوەوە خالّق و ئەهریمەن یەك کەسایەتی بووە، بەڵام ئەهریمەن بەبەراورد کردن لەگەڵ خوداوەند (وەك خالّق) لە هەلومەرجێکی باشتردا بووە تا وەك تەجەلییاتی ئەم جیهانە سەیر بکرێت. بیرۆکەگەلێکی وەها لەوانەیە لە پەرەسەندنی کەسایەتی مەلەك تاووس لە ئایینی ئێزیدیدا کە لە هەندێك رووەوە لە شەیتان دەچێت (بێ ئەوەی کە وەك شەڕ سەیر بکرێت) دەوری بینیبێ.

## ئایینە یۆنانییەکان

لەنێوان سەرهەڵدانی زردەشت لە رۆژئاوای ئێران و هاتنی ئیسلام مەودایەکی لانی کەم هەزار ساڵ هەیە. ئەمە دەورەیەکە کە تێیدا سیستمە جۆراوجۆرەکانی ئایین لە ناوچەدا، تا



رادەیەك زەق بوونەتەوە. مرۆڤ ناتوانێ دیاریبکا کە تا چ رادەیەك راسپاردە راستەقینەکانی ئەم ئایینە لەنێو خەڵکە کوردزمانەکانی سەرەتادا پەرەی سەندبێت، بەڵام مرۆڤ دەتوانێت مەزەندە بکات کە هەندێك لە روانگەکان و بیروباوەڕەکانیان، کۆمەڵێك بیرۆکەی دروست کردبێت کە هێشتا لە نێوان هەندێك تیرەی کورداندا دەدۆزرێتەوە.

داگیرکردنی ناوچە بە دەستی ئەسکەندەری مەزن لە ساڵی **٣٣١**ی پێش زایین، کولتووری یۆنانی وەك کولتووری زاڵ بە دانیشتوانی ناوچە ناساند و دەسەڵاتداری سلوکییەکان (جێگرەکانی ئەسکەندەر) لە سەدەکانی دواتر، دروستبوونی ئایینە یۆنانییەکانی (لانی کەم لە ناوەندەکانی شارستانی یۆنان) لێ کەوتەوە. هەروەك ئایینی زەردەشت، ئەم ئایینانە لەوانەیە زۆرترکاریگەرییان کردبێتە سەر بەشێك لە خەڵکی شارەکان، تا خەڵکی ناوچە دوور و شاخاوییەکان. ئەم روانگە کۆنە کە ئەسکەندەر و جێگرەکانی، بە ئەنقەست پەرەیان بە یەکتاپەرستی لەنێو ئایینە یۆنانییەکان و ناوچەییەکاندا دا، لەم دوایانە براوەتەوە ژێر پرسیار[١٢]. بەڵام راستییەکەی ئەوەیە کە لەو کاتەدا هەندێك کەسایەتی ئیلاهی سەر بە ئایینێك بوون کە پێوەندییەکی نێزیکی لەگەڵ خودایانی ئاییەنەکانی دیکەدا هەبوو.[١٣] وەك نموونە بلیمەتی بۆ ناسینەوەی کەسایەتییە ئیلاهی و مرۆییە بە بنەڕەت ناتەباکان، یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی زەقی ئایینەکانی ئەمڕۆی ئەهلی هەق و ئێزدییە. لەوانەیە کە بەریانە ئاوێتەکانی سەردەمی سلوکییەکان، ئەم بیروباوەڕانەی لەنێوان باو و باپیرانیاندا پتەوتر کردبێت.

## ئایینی مانی

لەوانەیە یەکێکی دیکە لە توخمە سەرەکییەکانی هەندێك سیستمی بیروباوەڕی کوردان- واتا بیروباوەڕی بەوە کە هەمان ئایین پەیامەکانی پێغەمبەرە جۆراوجۆرەکان وەردەگرێ- بۆ یەکەم جار لە لایەن ئایینی مانییەوە بە روونی ریسامەند کرابێت. پێغەمبەر مانی(٢١٦ـ٢٧٧ی پێش زایین) وا بیری دەکردەوە کە پەیامەکانی ئایینی زەردەشت، مەسیح و و بودا (کە هەموویان لە بنەڕەتدا لە یەك دەچن بەڵام بە درێژایی مێژوو چەواشەکراون) تەواو دەکات. مانی سەرەتا لە پاراستنی دەرباری ئێران سوودی وەردەگرت، پاشان زیندانی کرا و بە دەستی کاربەدەستە زەردەشتییەکان ئیعدام کرا. بەڵام بەهەرحاڵ هیراکانی، لە ناوچەدا بەرەوی خۆی بەردەوام هەبوو. مانی پێی لەسەر دژایەتی بنەڕەتی نێوان خێر و شەڕ، رووناکی و تاریکی دەگرتەوە. ئایینی مانی سەبارەت بە فێرکردنی ژیانی پاش مردن ـ کە چۆنیەتیەکەی بە

لێهاتوویی ئەو کەسە دیاریدەکرێت ـ لەگەڵ ئایینی زەردەشت (و هەروەها ئایینی مەسیح و ئیسلام) یەکیدەگرتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەم بیروباوەڕە مەزنەی ئێرانییەکانی ئەو سەردەمە —کە "هەموو شتێك شەڕە و تەنیا روح خێرە"- جیاواز بوو. لەمە زیاتر شتانێك وەك ریازەتکەشی و رەبەنایەتی (کە لەگەڵ ئایینی زەردەشتدا ناکۆك بوون) لە ئایینی مانیدا ـ لانی کەم لە نێوان بژاردەکانیدا- راسپێردراوە.[١٤]

کومەڵگاکانی مانی بە پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی تێکچڕژاو و پلە پلە کە پەیرەوانی خۆی بە پێنج پلە دابەش دەکات، زۆرتر دەناسرێنەوە. بەڵام زانیارییەکانی ئێمە رێگامان پێ نادەن زۆرتر لە چەند تایبەتمەندی سنوورداری ژیانی ئایینی کوردان (کە بە روونی لە ئایینی مانییەوە سەرچاوەی گرتووە) شتی دیکە بزانین.

## ئایینی مەسیح

کاریگەریی مەسیحیەت لەسەر ئاین لە کوردستان هەستپێکراوترە، بەتایبەت لە بیاڤی سەمبولەکان و کەسایەتییە سەمبولیکەکاندا. لەوانەیە هەندێك لە سەمبولەکانی ئایینی مەسیح لە رێگای ئیسلام و بەتایبەت تەسەووف گەیشبێتە کوردان. بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە کێشمەکێشی نێوان نەستورییەکان و مونوفیستەکان لەسەر چۆنیەتی ئیلاهیبوونی مەسیح لە سەدەی ٥و ٦ی پێش زاین بەگشتی کاریکردۆتە سەر کوردان، لەوانەیە ئەم کاریگەرییە ئەم روانگەیەی پتەوتر کردبێت کە رۆحی خودا دەتوانێت لە مرۆڤدا وێنا بێت. ئەمەش چەمکێکە کە دەورێکی گرینگ لە نەریتەکانی ئەهلی هەق و ئێزیدیەکاندا دەبینێ. بەهەرحاڵ ئەگەری ئەوە هەیە کە ژمارەی تا رادەیەك زۆری دەێرە مەسیحییەکان لە ناوچە (کە هێندێکیان لە سەردەمی پێش ئیسلام دروستکراون) تا رادەیەك کاریگەر بووبێت لەسەر بیروباوەڕییەکانی خەڵکی دەوروبەر.[١٥] وەك نموونە سەمبولی عیشای رەبانی لە ئایینی زەردەشت، لەوانەیە کاری کردبێتە سەر تێگەیشتنی کوردان لە رێوڕەسمی کۆن و هاوبەشی نەزر و ببێتە هۆی ئەوە کە بە توندی لەگەڵ چەمکی ئەویندا ئاوێتە بێت.[١٦]

لە ئایینی ئێزیدیدا هەندێك کەسایەتی بە بنەڕەت مەسیحی، هێشتا وەك کۆمەڵە کەسایەتییەکی پیرۆز رێزیان لێ دەگیرێت [١٧] و رێوڕەسمی غوسلی تەعمیدی ئایینی مەسیح، سەرچاوەی ئیلهامی رێوڕەسمێکی هاوشێوە لە ناو ئێزیدییەکاندا بووە. هەرچەند هەموو گرووپە مەسیحییەکان بە زمانێکی غەیرە کوردی وەك زمانی یەکەمی خۆیان دەدوێن و بەگشتی



خۆیان بە کورد نازانن، بەڵام زۆربەیان وەك زمانی دووەم بە زمانی کوردی دەدوێن و کۆمەڵگای کوردە مەسیحییەکان بەدرێژایی سەدەکان بە شێوازێکی ئاشتیخوازانە بەیەکەوە ژیاون.[١٨] ئەو گرووپە سەرەکییە مەسیحیانە کە لە سەردەمە نوێیەکاندا لە ناوچەدا سەریان هەڵداوە بریتین لە ئەرمەنییەکان کە زۆربەیان پاش ژینۆسایدی ساڵی١٩١٥، ناوچەیان بە جێ هێشت و سریانییەکان (یان سوریانییەکان، کە جاکوبیتیشیان پێ دەڵێن) کە زۆرتر لە ناوچەی توورعەبدین و جەزیرە دەژین. گرووپی سێهەم ئاسوورییەکان یان ئاشوورییەکانن (هەندێك جار نەستوریشیان پێ دەڵێن) کە لە ناوچەی بادینان و حەکاری و دەوروبەری دەریاچەی ورمێ لە ئێران دەژین.

وشەی کلدانی یان کەلدی [١٩] بۆ ئەو دەستە لە مەسیحییانە بەکاردەبردرێت کە یەکیان گرتووە، واتا لە سەرەوە بوونی کلیسای رۆم -یان بە فەرمی قبوولکردووە، بەڵام کلێسای خۆشیان بۆ ئەنجامدانی رێوڕەسمی دوعا و ناسنامەی سەریانی خۆیان پاراستووە.

## ئایینی ئیسلام

بە هاتنی ئیسلام- کە سوپاکانی داگیرکارییەکانی خۆیان لە ناوچە لە درێژایی سەدەی ٧ی زایینی، تەواوکرد- کوردەکان لەگەڵ دیاردەیەکدا بەرەوڕوو بوونەوەکە ژیانی کولتووری و ئایینی ئەوانی زۆرتر لەو ئایینە پێشووانە کە لە نیشتمانەکەیاندا تیپەڕ ببوون، خستە ژێر کاریگەری خۆی. هیچ بەڵگەیەکی ورد سەبارەت بە قوناخەکانی سەرەتای موسڵمان بوونی کوردان لە دەستدا نییە، بەڵام وێ دەچێت کە رەهەندێکی هەنگاو بە هەنگاو بووبێت. زۆربەی جاران ئیمانهێنان بە ئایینێکی دیکە، لەوانەیە بە هۆی گوشارگەلی کۆمەڵایەتی و ماڵی بێ و بە لەبەرچاوگرتنی ئەمە کە زۆربەی کوردان لە ناوچەگەلێکدا دەژیان کە ئەم گوشارانە بەهێز نەبوون، وێدەچێت ئایینی ئیسلام بە هێمنی لە کولتووری ئەواندا دزەی کردبێت.

لە سەدەی ٩ی زایینی بابەك خوڕەمدین ئایینی ئیسلامی بردە ژێر پرسیار و هیراکانی (لەوانە ماکە ئایینییەکانی کە هێشتا لەنێو هەندێك تیرەی کوردیدا پەیدا دەبێت) سەرەڕای ئەو هەوڵە یەك لە دوای یەکانە کە حکوومەتی عەباسی بۆ تێکشکاندنی بزووتنەوەی بابەك ئەنجامیدا، سەربەخۆیی خۆی لە ئازەربایجان (واتا لە دەوروبەری کوردستان) بۆ ماوەی زۆرتر لە بیست ساڵ (٨١٦ـ٨٣٦ ی زایینی) پاراست.[٢٠] ئەم خۆڕاگرییەی بابەکی خوڕەمدین، نەدەکرا بێ هاوکاری چالاکانە و یەکگرتنی خەڵکی ناوچە (کە ئەو کاتە زۆر لە دەستی ئیسلام عاجز

بوون) بە دەست هاتبا. دەگوترێت کە هۆزە کوردەکان هەتا کوتاییەکانی سەدەی ١٣ی زایینی پەیرەوەی ئایینی مەجوسیان بوونە.[٢١]

هەگەر ئەو دەستە لە کوردانە کە زمانی سەرەتایان، جورێك زمانی کوردی بووە وەك کورد پێناسە بکەین، دەتوانین بەڵگە بهێنینەوە کە کولتووری ئەوان لەناو ئەو کۆمەڵگایەی کە کەم و زۆر لە شارستانی عەرەبی، ئیسلامیدا جێگیر ببوو، بووژایەوە.[٢٢] ئەمە حیکایەت لەوە دەکات کە موسڵمانبوونی سەرەتایی کوردان لە ئاستێکی رەشۆکیدا روویداوە تا هۆشیارانە. لەحاڵێکدا کە زۆربەی ئەوانەی کە کەوتنە ژێر کاریگەریی ناوەندەکانی گەورەی راسپاردەکانی ئیسلام، بەرە بەرە ئایینی ئیسلامیان وەك ئایینی رزگاریدەر قبوولکرد، کەسایەتییە خوێندەوارەکان (عولەما) وەك یاسایەکی ئایینی تێکچرژاو (شەریعەت) فێری ئایینی ئیسلام دەبوون و ئەم تێگەیشتنە هۆشیارانەیە لە ئایینی ئیسلام، لەوانەیە بۆ زۆربەی کوردە تازە موسڵمان بووەکان، نامۆ بووبێ. لەنێو ئەو کۆمەڵگانەی کە تێیاندا ئایینی گشتی لە ئاکامی باڵادەستی فەرمی ئیسلام بە شێوازێکی بێ سنوور بووژاوە، بەریانێك بەرەو توخمەکانی یەکتاپەرستی سەری هەڵدا. کەوابوو تایبەتمەندیەکانی ئایینە کۆنەکان پارێزراو بە شێوازگەلێکی جۆراوجۆر لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی ئایینی ئیسلام ئاوێتە بوو. هەڵبەت رەوتگەلێکی وەها زۆرتر بە شێوازی بێ بەڵگە و بە مەزەندە و گومان پێناسە دەکرێن، بەڵام تاوتوێکردنی ئایینەکانی کوردستان دەتوانێت ئەو رێگایەی کە تێیدا کولتووری سەرەتایی کورد بە ئایینی نوێ گوڕانی بەسەرداهات، تا رادەیەك روون بکاتەوە.

## سوننە

کێشەی بە موسڵمانبوونی سەرەتایی کوردان هەرچۆن بێت، ئێستا زۆربەی کوردان موسڵمانی سوننەی شافعین.[٣٣] زۆربەی سونەکانی غەیرە کوردی ناوچە، حەنەفین، کەوابوو یەکگرتنی کوردان لەگەڵ مەزهەبی شافیعی بە شێوەگەلێکی جۆراوجۆر سەرنجڕاکێشە: یەکەم هۆی ئەم مەسەلەیە ئەوەیە کە مەزهەبی شافیعی یارمەتی بە هەستی ناسنامەی کوردی دەدات. لە تورکیا رێگای بەئەدەبانەی ئەوە کە بزانی کەسێك کوردە یان نا ئەوەیە کە لێی بپرسی مەزهەبەکەت چییە. لەوانەیە ئەم جیاوازییە ئایینییە بوو کە رێگای بە کوردە شورشگێرەکانی سەدەی ١٩دا[٢٤] تا بانگەشەی ئەوە بکەن کە "کورد نەتەوەیەکی جیاوازە، ئایینەکەیان جیاوازە و زمانەکەیان جودایە" (ئاماژەیە بەو نامەیە کە شێخ عوبەیدوڵڵای



نەهری لە ساڵی ١٨٨٠ بۆ کونسولی بریتانیا نووسیویەتی و جەختی لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە "نەتەوەی کورد، نەتەوەیەکی جودایە، ئایینی لەگەڵ ئایینەکانی دیکە جیاوازە و داب و نەریتی لەگەڵ داب و نەریتەکانی دیکە جیاوازە. ئێمە دەمانەوێت خۆمان کارو باری خۆمان بەڕێوە ببەین، واتا هەموو کوردستان خۆی خاوەن دەسەڵات بێت، لەبەر ئەوە کە لەمە زیاتر ناتوانێت شەرارەت و زوڵم و زۆرداری و قەسد و نیازە چەپەڵەکانی دەوڵەتی ئێران و عوسمانی تەحەمول بکات- وەرگێڕ).

لەمە زیاتر یەکێتی کوردان لەگەڵ مەزهەبی شافیعی بووە هۆی ئەوە کە لە رێگای گۆشەگیربوونییان، کۆنەپارێزییەکی تایبەت لە مەسایلی ئایینیدا پێکبێنن.[٢٥] لە سەردەمی ئیمپراتۆری عوسمانی، مەزهەبی شافیعی لەنێو هەموو دانیشتوانی ناوچەدا زاڵبوو، بەڵام مەزهەبی حەنەفی لە ئەنجامی گوشاری ئیمپراتۆری عوسمانی لە دەوروبەری سەدەی ١٦ دانرا. وەها دیارە کە کوردەکان نەیاندەویست و ناچاریش نەبوون بچنە ژێر باری ئەم گوشارانە.

ئەم وتە بەناودەنگە کە" هەموو کوردان سوننەی شافیعین"، پێشانگەری ئەوەیە کە کوردەکان وەك دیاردەیەکی هاوبەش بیر لە باڵادەستی ئایینی دەکەنەوە. بەهەرحاڵ هەرچەند کە ئەم دیاردەیە بە هیچ شێوەیەك بە کولتووری کورد سنووردار نییە بەڵام تێگەیشتن لە یەکێتی ئایینی و ناسنامەی ئیتنیکی، دەورێکی گرینگ لە ژیانی کورداندا دەبینێ. ئەم بابەتە یارمەتی بە شیکردنەوەی ماکەکانی مێژووی کورد دەدات و هەندێك جار ئەم بانگەشەیەی لێدەکەوێتەوە کە "ئەوانەی کە شافیعی نین، ناتوانن کورد بن".

زێدەباری ئەمە، ئەم چەمکە کە ئایین، دیاردەیەکی هاوبەشە، پێشاندەدات کە گۆڕانی ئایین، سروشتەن هەنگاوێکی هەڵگیراو لە لایەن گرووپەوە بووەتە بڕیارێکی تاکەکەسی و هەروەها یەکێتی ئایینی زۆرتر هێما بۆ وەفادارییە گرووپییەکان دەکات تا گۆڕانی تاکەکەسی ئایین. کەوابوو دەتوانین بەڵگە بهێنینەوە کە کاتێك هۆز یان نیمچە هۆزێك ئیمان بە ئایینێکی دیکە دێنێت، هیراکانی ئایینی نوێ خۆبەخۆ هەتا رادەیەك لەنێو هەموو ئەندامانی گرووپدا جێگیر نابێت. لەمە زیاتر پێداگیری توند لەسەر ماکەکانی پێش ئیسلام لە کولتووری کورد، پێشاندەدات کە نەدەکرا هەموو لایەنەکانی کولتووری ئایینە سەرەتاییەکان، قەڵاچۆ بکرێن.

بەهەرحاڵ تەنانەت لەکۆمەڵگا گوندییە زۆر بە بیروباوەڕەکانی کوردیشدا، ژیانی ئایینی ئەندامان لەوانەیە تەنها هەتا رادەیەکی سنووردار لەگەڵ لایەنەکانی رزگاریدەری ئیسلامدا وێنا بکرێت. لە کولتووری نەریتی گوندی لە کوردستانی تورکیا، ملکەچبوون یان ترس لە مەلا

ناوچەییەکان، کومەڵێ سەرنجی گرینگ بەرەو لای هەستە ئایینییەکان رادەکێشێت. ناوبانگی مەلا ناوچەییەکان، هەتا رادەیەکی بەرچاو پێگەو رێزی گوند دیاری دەکات و لێهاتوویی مەلاکان زۆربەی جاران دەکەوێتە بەرباس و گفتگۆ و تەنانەت هەندێك جاریش رفاندنی مەلا خوێندەوارەکان روو دەدات.[٢٦] لەمە زیاتر وتنی ئەم راستییە کە بیروباوەڕەکانی زۆربەی موسڵمانان لە کوردستاندا (لەوانە ئەو باوەڕانەی کە ئەوان وەك سوننەی بە ئیمان وەسف دەکات) بە قووڵی لەژێر کاریگەریی ئەو بیروباوەڕانەدایە کە لە تەسەووفی گشتی سەرچاوەیان گرتووە. کەوابوو دەتوانین بڵێین کە راستییەکانی ژیانی ئایینی لە گوندە نەریتییەکان، ئاکامی کاریگەریی دوولایەنەی نێوان ئایینە عەلمانەکان و ئایینە رەمەکییەکاندایە. هەمان بابەت تا رادەیەکی زۆر بۆ بزووتنەوە سیاسییە ئایینییەکانی کوردستان وەڕاست دەگەڕێت.[٢٧]

لە حاڵێکدا کە لەوانەیە بە رواڵەت، پێوەندییەکی نایەکانگیر لە نێوان ناسیۆنالیزمێکی بەهێز و بانگەشە جیهانگیرەکانی ئایینی ئیسلامدا هەبێت، بەڵام مێژووی کوردان لە سەدەی رابردوودا بە روونی پێشاندەدات کە لەم رووەوە، مەودایەك لە نێوان تیوری و کردەوەدا هەیە. ئەم بابەتە بەلەبەرچاوگرتنی تێگەیشتنە گشتییەکان لە ئیسلام (کە بەم پێیە، ئەوەی کە دادپەروەرانە و راستە، دەبێت بە ئیرادەی خوداوەند بێت) دەتوانێت بە شێوازێکی زۆر باش شی بکرێتەوە. لەحاڵێکدا کە راپەڕینە سەرەتاییەکان کە ماکی ناسیۆنالیزمی کوردیان تێدا بوو، بە دەستی سۆفییەکان رێبەرایەتی دەکران، بزووتنەوە ئیسلامییە نوێیەکانی کوردستانی عێراق، ئیلهاماتی غەیرە سۆفیانەیان هەیە.

## تەسەووف

لەحاڵێکدا کە لایەنە فێرکارییەکانی ئیسلام لەوانەیە تەنانەت بەشێوازێکی رووکەش لەسەر زۆرێك لە کوردان کاریگەریی کردبێ، رێبازی تەسەووف یان سۆفیگەرایی، کۆمەڵێ ماکی جوداجودای هەیە کە خەڵکی رەمەکی بە ئاسانی ناتوانن بیانناسنەوە. بیروباوەڕی ئیسلام لەگەڵ زۆرێك لە شێوازەکانی تەسەووف ناسازگارە، بەڵام نزیکبوونی تەسەووف لەگەڵ ئایین لە ئایینی سوونەدا پێکەوە ناسازگار نین و لە راستیدا زۆرێك لە تەریقەتە سۆفییەکان وەك سوننە سەیری خۆیان دەکەن.[٢٨]

سۆفیگەرایی کە لەسەرەتادا وەك بزووتنەوەی کەسانێك کە بە شوێنی جۆرێك پێوەندیگرتن لەگەڵ خودا یان تەجرووبەکردنی راستەوخۆی حەقیقەتی غائیبوون، سەری هەڵدا، بەرەبەرە ئەو



رێگایانەی دۆزیەوە کە یارمەتی (سالێك) لە سەیر و سلوکی خۆی دەدات. کەوابوو بۆ مورشیدانی تەسەووف ئەم مەسەلەیە بووە باو کە بەسیرەت و تکنیکەکانی خۆیان بگوێزنەوە بۆ ئەو کەسانە کە تەجروبەی کەمتریان هەیە. لە قۆناخی نیمچە کۆتاییدا، ئەوەی کە وەك رەوتی غەیرە فەرمی فێرکارییەکان دەستپێدەکات، دەبێ بە ئەنجامی پەرەسەندنی جۆراوجۆری بونیادەکانی تەریقەتە سۆفییەکان. پاش مردنی ماموستای تەریقەت، تەریقەتەکەی بە دەستی قوتابییەکانیەوە لە نەوەیەك بۆ نەوەیەکی دیکە دەگوێزرێتەوە و رێکخراوەکەیان یان جەماعەتەکەیان (تایفە) بە دەستی جێگرانی فەرمی مامۆستای سەرەکی (خەلیفە) رێبەرایەتی دەکرێت. لە عورفی نوێدا، وشەی خەلیفە بەگشتی بۆ سەرۆکی شاخەی ناوچەیی تەریقەت بەکاردەبردرێت، لەبەرئەوەی کە زۆربەی جاران هەندێك درز و جودابوونەوە لە زۆربەی تەریقەتەکاندا روو دەدات، کەوابوو یان هێزی ناوەندی تەریقەت کەم دەبێتەوە یان هیچ هێزێك لە ناو تەریقەتدا نامێنێتەوە. لە ئاکامدا ماموستا تاکەکەسییەکان (شێخ) هەرچەند کە بە تەریقەتێك دەبەسترێنەوە و کەم و زۆر بە یاساکانی سنووردار دەبنەوە، بەڵام بەگشتی تا رادەیەك سەربەخۆییان هەیە.

هەر لە کۆنەوە، هەر تەریقەتێك ژمارەیەك سۆفی راستەقینەی هەبووە کە بەشی هەرە زۆری ژیانی خۆیان بۆ سەیر و سلوك تەرخاندەکەن. بەهەرحاڵ، زۆربەی موریدانی تەریقەت بریتین لەو کەسایەتییە غەیرە ئاینیانە کە تازە هاتوونەتە نێو تەریقەت و وەك کەسانی ئاسایی دەژین.

بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە فێرکارییە سۆفیانەکان، دەگات بە چینە جۆراوجۆرەکانی خەڵك، ئەم فێرکارییانە دەبیت بە شێوازێکی سادە دیسان رێسابەندی بکرێتەوە بۆ ئەوە کە بۆ ئەو کەسانەی کە زۆربەی ژیانی خۆیان لە کاری غەیرە سۆفیانەییدا دەرباز کردووە، شایانی تێگەیشتن بێت. هەندێك فێرکارییەکانی ورد و زەریفی مامۆستا گەورە کۆنەکانی تەسەووف، لەوانەیە لە سەروبەندی ئەم رەوتەدا بزر بووبێت، بەڵام هیچ گومان لەوەدا نییە کە شێوازە باوەکانی تەسەووف لە رێگای ئاوێتەکردنی شێوازە نوێیەکانی هونەر و ئەدەبیات، یارمەتی زۆریان بە دەوڵەمەندبوونی کولتووری خەڵکی موسڵمانی کورد داوە. بە گشتی سۆفییەکان پتر لە عولەما ئیسلامییەکان لەبەرامبەر پلورالیزم، ئاسانگیری پێشاندەدەن و یەکێك لە هۆیەکانی زۆربوونی خۆشەویستی ئەوان لەنێو خەڵك ئەوەیە کە کۆمەڵگا غەیرە سۆفییەکان هەستدەکەن کە ئازادانە دەتوانن میرات و کولتووری خۆیان وەك بەشێك لە ئایینی خۆیان دەربڕن.[٢٩]

بەهەرحاڵ ئەدەبیات تەنیا یەکێك لە رەهەندە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کوردانە کە کەوتووەتە ژێر کاریگەریی تەسەووف. ئێستا ئەمە سەلمێندراوە کە لە سەردەمی تا رادەیەك سەرەتایی ژیانی مرۆڤدا، تەسەووفگەرایی لە کوردستان شتێکی گشتی بووە. شێخ عودەیی بنی موزەفەر ـ کە مامۆستایەکی سۆفی بوو کە فێرکارییەکانی پاشان بۆ بە ئەنجامی سەرهەڵدانی ئایینی ئیزیدی ـ خۆی لە سەرەتای سەدەی ١٢ی زایینیدا لە کوردستان جێگر کرد و موریدێکی زۆری لەنێو خەڵکی ناوچەدا دۆزییەوە.

لە کاتێکدا کە تەسەووف بوو بە یەکێك لە بنەواشە زاتییەکانی ئیسلامی کوردان، لە هەندێك ناوچەدا پەیڕەویکردن لە شێخەکان هێشتا وەك کۆڵەکەی بنەڕەتی موسڵمان بوون لە قەڵەم دەدرا.[٣٠] لەمە زیاتر دەوری شێخە سۆفییەکان، لە بازنەیەکی تەنها و تەنها رۆحانی، زۆرتر بوو و زۆرێك لە شێخەکان بوون بە رێبەرانی شوێندانەری کۆمەڵگا و باڵادەستیان نەتەنیا لە لایەن توندڕەوەکانی خودی تەریقەت، بەڵکو لەلایەن گشتی خەڵکەوە قبووڵکرا، بەڵام کاریگەریی رێبەرانی سۆفی لەسەر سیاسەتەکانی کوردستان زۆربەی جاران دەستیکەم دەگیردرێت.[٣١]

لەوانەیە تەریقەتگەلێکی سۆفیی جوراوجۆر بەدرێژایی سەدەکان لە کوردستاندا بووژابێتنەوە، بەڵام هەنووکە تەریقەتە گرینگەکان، تەریقەتی قادری و نەقشبەندین.[٣٢] ئێستا تەنها نەریتی ناوچەیی لەبەردەست دایە کە هەندێك زانیاریمان لەمەڕ ئەسڵ و ریشەی تەریقەتی قادری لە کوردستان پێ دەدات، بەڵام هیچ گومان لەوەدا نییە کە تەریقەتی قادری ماوەیەکی زۆر پێش لە تەریقەتی نەقشبەندی لە کوردستاندا زەق بۆوە. تەریقەتی قادری [٣٣] بانگەشەی ئەوە دەکات کە بە دەستی عەبدولقادر گەیلانی (کە لە ساڵی ١١٦٠ی زایینی کۆچی دوایی کردووە) دامەزراوە (بانگەشەیەك کە ئێستا وێنای ئەوە دەکرێت، کە بێ بناخەیە)و هەندێك لقی لە وڵاتە ئیسلامییەکاندا هەیە. بەهەرحاڵ لقی کوردی ئەم تەریقەتە، بە هۆی کردەوە بێخودەکان وەك خواردنی شوشە، رێ کردن بەسەر ئاگردا، کونکردنی جەستە بە شیش و وەکی ئەو و هتد، لقێکی سەیر و سەمەرە. ئەم مەسەلەیە سەرنجراکێشە کە لە رۆژهەڵاتی کوردستان- کە قەڵای تەریقەتی قادرییە- کۆمەڵێك رێو ڕەسمی بێخودانەی هاوشێوە لە لایەن هەندێك لە گرووپەکانی ئەهلی حەق بەڕێوە دەچێت، لە حاڵێکدا کە قادریەکانی شوێنەکانی دیکە، دەست بەم کردەوانە نادەن. ئەمە یەکێك لە نموونە جوداجوداکانی کردەوەکانی ئایینە ناوچەییەکانە کە سنووری نێوان ناو و نیشانە ئایینییەکانیان تێپەڕاندووە. نموونەیەکی دیکە ستایشکردنی ماری رەش لە لایەن بارزانییە نەقشبەندییەکانەوە [٣٤] کە نیشانەکانی لە نێوان ئێزیدییەکانیش کە ئامادەبوونێکی بەهێزیان لە



هەمان ناوچەدا هەیە ـ دەدوزرێتەوە.[٣٥] هەڵبەتە لێرە بۆ تاوتوێکردنی ئەم لێکچوونانە، پتر لە یەك رێگا هەیە. ئەم نموونانە لە وانەیە بگەڕێتەوە بۆ سەر نەریتێکی کەوناری ناوچەیی یان بە سادەیی، گرووپێك لە گرووپێکی دیکە وەریگرتبێت.[٣٦]

تەریقەتی نەقشبەندی لە ئاسیای ناوەڕاست هاتووتەوە و دەڵێن بە باش زانینی بێدەنگی (شێوازی بیرمەندانەی کردار) لەم تەریقەتەدا، لە نەریتێکی بوودایی کاریگەری گرتووە.[٣٧] هەرچەند کۆمەڵێك شوێنەواری تەریقەتی نەقشبەندی لە سەدەی ١٧ بەم لاوە لەکوردستان بەجێ ماوە بەڵام پێگەی بەرچاوی ئەم تەریقەتە لە کوردستان زۆرتر بە بۆنەی کاریزمای پیاوێك بە ناوی مەولانا خالیدە (دیالەدین خالد ئەلبەغدادی، ١٧٧٨ـ١٨٢٦) کە لە ماوەی نیشتەجێ بوونی کاتیی خۆی لە هیند پێی نایە ناو تەریقەت.[٣٨] مەولانا خالید پاش بەدەستهێنانی ئیجازە بۆ گوازتنەوەی تەریقەتی نەقشبەندی، گەڕایەوە بۆ عێراق و لەوێ تەریقەتە نوێیەکە بە خێراییەکی سەرسوڕهێنەر بڵاوبۆوە.[٣٩] پاشان، ئەم تەریقەتە- کە هەندێك لە رێبەرەکانی دەورێکی گرینگیان لە بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی کورددا بینی- بوو بە گەورەترین و شوێندانەرترین تەریقەت [٤٠] لە کوردستاندا. لە روانگەی هەندێك لە کوردەکانەوە، نەقشبەندییەکان سۆفی راستەقینەن، ئەمە لەحاڵێکدایە کە قادریە بێخودترەکان بە دەروێش ناسراون، دەستەواژەیەك کە بە شێوازی پەنانەکی گوزارشت لە بێزاریی زۆرتر لە نۆرمە قبووڵکراوەکانی کۆمەڵگا دەکات.[٤١]

چالاکی سیاسی هەندێك لە رێبەرانی تەریقەتی نەقشبەندی لەوانەیە پێوەندی بە هیراکانی تەریقەتەوە [٤٢]-کە بوونێکی بەتەواوی دنیایی و نارۆحانی بە شتێکی خراپ دەزانێت- هەبێت. لەحاڵێکدا کە تایبەتمەندییەکان و کەسایەتییەکانی تەریقەتی نەقشبەندی دەتوانێت لەگەڵ تایبەتمەندییەکان و کەسایەتییەکانی ئایینی ئیسلام زۆر نیزیك بێت،[٤٣] ئەم تەریقەتە روویەکی دیکەشی هەیە کە پێداگری توند لەسەر هێزی تاکەکەسی شێخەکانە.....

ئەم بابەتە دەتوانێت راست بێت کە دەوری شێخەکان وەك واسیتەیەك لە نێوان خودا و موریدەکانیان، لە ناو نەقشبەندییەکاندا زەقترە.[٤٤] هێشتاش یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی گرووپە جۆراوجۆرە ئایینییەکان لە کوردستان ئەوەیە کە وەك تەقوا سەیری بەسترانەوەی خۆیان بە هێزی تاکەکەسی رێبەرە ئایینییەکان دەکەن. هەڵبەتە ئەمە دەتوانێت لە شوێنی شك وگوماندا، بە ئارمانجبوونی رێبەری لێبکەوێتەوە.

## ئاییینی ئێزیدی: تەریقەتێکی سۆفییانەی خوجێیی

ئەو دەورە کە لەوانەیە هێزی ڕێبەرێکی ئاییینی لە کولتووری نەریتی کورددا ببینێ، مێژووی سەرەتایی ئاییینی ئێزیدی- کە ئێستا وەك ئاییینێکی جودا سەیر دەکرێت- بەروونی پێشاندەدات. ئێزیدییەکان گرووپێکی تا ڕادەیەك بچووکن کە بە شێوازێکی بەرین بەڵام ناڕاست، بە شەیتانپەرەست ناووبانگیان دەرکردووە. ئێمە هیچ زانیارییەکی وردمان لەمەڕ حەشیمەتی ئەوان نییە، بەڵام لەوانەیە پتر لە ٥٠ هەزار ئێزیدی لە ئەرمەنستان، گورجستان و ئازەربایجان و نزیکەی ٥ هەزار کەس لە سوریا دەژین. هەتا دەیەی ١٩٨٠، نزیکەی ١٠ هەزار کەس لە ئەندامانی ئەم گرووپە لە تورکیا دەژیان، بەڵام بە هۆی دژمنایەتی دراوسێ موسڵمانەکانیان نەیانتوانی لەوێ درێژە بە ژیان بدەن و لە ئەنجامدا زۆربەیان بۆ ئەڵمانیا کۆچیان کرد. زۆرترین ژمارەی ئێزیدییەکان (کە١٠٠ هەزار هەتا ٢٥٠هەزار کەس هەڵدەسەنگێندرێت) لە باکووری عێراق دەژین. مەڵبەندی سەرەکی ئێزیدییەکان (لە نێزیکی مەزاری شێخ عودەی) ئێستا لە ناوچەی پارێزراوی لە دۆڵی لالش لە باکووری موسڵ هەڵکەوتووە. هەموو کۆمەڵگاکانی ئێزیدی هەر لە کۆنەوە، بە زمانی کوردی کرمانجی قسەیان کردووە.

ناوبانگی نابەجێی ئێزیدییەکان وەك شەیتانپەرەست، بەهۆی ستایشکردنی تاووسی فریشتەیە (تاووسی مەلەك بە زمانی کوردی، ئێمە لەمەو دواوە پێی دەڵێین مەلەك تاووس) کە ڕێبەری گرووپێکی حەوت بوونەوەری پیرۆزە کە خوداوەند بەڕێوەبردنی جیهانی داوەتە دەستیان. کەوابوو مەلەك تاووس، بەرپرسی هەموو ئەو ڕووداوانەیە کە لە جیهاندا دەقەومێت، چ خێر و چ شەڕ. لەحاڵێکدا کە زۆرێك لە ئێزیدییەکان حاشا لە هەبوونی بەرهەستی خێر و شەڕ دەکەن و بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ئەمانە هەموو دەرەنجامی تێگەیشتنی مرۆڤە، ئەم تایبەتمەندییە دوو لایەنەی مەلەك تاووس پاڵ دەنێت بەوەی کە مەلەك تاووس لە ئاییینەکانی دیکەدا وەك شەیتان بناسرێتەوە.[٤٥] هۆکارێکی دیکە کە لەوانەیە ببێت بە هۆی زەینییەتی نەرێنی لەبارەی ئاییینی ئێزیدی لە ناوچە، تایبەتمەندی دژە ئیسلامی زۆرێك لە کردەوەکان و بیروباوەڕەکانیەتی.

جگە لەم چەمکە کە جیهان بە دەستی حەوت فریشتە فەرمانڕەوایی دەکرێت، ئێزیدییەکان هەستێکی بەهێزیان سەبارەت بە ڕاگرتنی خاوێنی ماکگەلێك وەك ئاو و ئاگر هەیە و هەندێك لە جەژنە ئاییینییەکانیان، لە ئاییینی ئیسلامدا هاوتای نییە.



گرینگترین ڕووداوی ساڵانەی ئاییینی ئێزیدی، جەژنی ئەنجۆمەنە کە لە پاییز و لە کاتی گەڕانەوەی قەواڵەکان بۆ لالش، بەڕێوەدەچێت. قەواڵەکان، مۆسیقاژەنان و سروودبێژانی ئاییینین کە هەر لە سەردەمە کۆنەکان هەتا ئێستا، لە بەهار هەتا پاییز بۆ شوێنە دوورەکان سەفەر دەکەن، سەردانی کۆمەڵگای ئێزیدی دەکەن و وێناکانی مەلەك تاووسی بە ئێزیدییەکان پێشان دەدەن و پێشکەشیە خێرانەکانی خۆیان کۆدەکەنەوە. ئەم پێشکەشیانە لە کاتێ بەڕێوەچوونی جەژندا، بە کاربەدەستانی پایەبەرزی ئاییینی ئێزیدی کە لە لالش لە دەوری یەك کۆدەبنەوە، پێشکەش دەکرێت. ئەم کۆبوونەوەیە کاردانەوەی ئەنجومەنی نهێنی مەلەك تاووس و فریشتەکانە کە بە بیروباوەڕی ئێزیدییەکان، لەم کاتەدا بڕیاری کاروباری ساڵی نوێی جیهان دەدەن. ئەم جەژنە ـ کە دەبێت هەموو ئێزدییەك کە توانایی هەیە، بەشداری تێدا بکات ـ بە قوربانی کردنی گایەکی سپی لەسەر مەزاری فریشتەیەك بە ناوی خودای خۆر (شێخ شەمس) دەگاتە تروپکی خوی. بە بیروباوەڕی ئێزیدییەکان، شێخ شەمس سەرەتا، ڕێبەری کومەڵگای ئێزیدی بووە، بەڵام ئێستا بووە بە فریشتە و بەشێویەك لە شێوەکان وێنای خۆرە.

ئاشکرایە کە ئەم بیروباوەڕە دژە ئیسلامیانە هیچ یارمەتییەك بە پتەوبونی پێوەندی نێوان ئێزیدییەکان و موسڵمانەکان ناکات. مەسەلەی سەرسورهێنەر ئەوەیە کە دامەزرێنەری ئاییینی ئێزیدی [٤٦] واتا شێخ عودەی بن موزەفەر(کە لەمەوبەدوا ئێمە پێی دەڵێین شێخ عودەی)، شێخێکی سۆفی بە بیروباوەڕ بووە. شێخ عودەی کە لە لوبنان لە داییك بووە و لە بەغدا خوێندویەتی، لە سەرەتای سەدەی ١٢ی زاییینی، لە شاخەکانی حەکاریدا دەژیا. وەها دیارە کە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی کورد بوونە بە پەیڕەوی ئەو، لەحاڵێکدا کە لە دەرەوەی کوردستانیش، موریدانێکی تر هاتنە ڕیزی پەیڕەوانی ئەو. لە دوایی کۆچی شێخ عودەی لە دەوروبەری ساڵی ١١٦٠ی زاییینی، برازایەکی شێخ عودەی جێی ئەوی گرتەوە و نەوەکانی بۆ ماوەی پتر لە یەك سەدە، بزووتنەوەکەیان ڕێبەرایەتی دەکرد. کەوابوو تەریقەتێکی سۆفییانە لەو سەردەمەدا بە ناوی "عودەویە"دامەزرا کە بۆ ماوەیەك خاوەنی هێز و دەسەڵات وبڕشت بوو. ناوەندی ئەم تەریقەتە، مەزارێك لە لالش بوو کە شێخ عودەی تێدا نێژرابوو، بەڵام هەندێك لقی لە شوێنە جودا جوداکانی جیهانی ئیسلامدا هەبوو.

وەها دیارە کە هەموو لقەکانی تەریقەت، ڕێزێکی یەکجار زۆریان لە شێخ عودەی دەگرت، بەڵام گرووپەکانی دەرەوەی کوردستان، وەها دیارە کە دەستیان لە بتپەرستی هەڵگرت و موسڵمان لە قەڵەم دەدران. لە لایەکی ترەوە کۆمەڵگای لالش، بەهۆی پەرەستشی لەرادەبەدەری شێخ

عودەی، لە لایەن موسڵمانانەوە، شەرمەزار دەکران. ئەو کاتە کوردەکان، لە کردەوەدا وەك خودا سەیری شێخ عودەیان دەکرد و لە باتی خودا، شێخ عودەی سەرنجی سەرەکی خەڵکی بۆ لای خۆی راکێشابوو.[٤٧] هەروەها دیارە کە ئەو دەستە لە ئەندامانی ماڵباتی شێخ عودەیە کە جێگای ئەویان گرتەوە، بەشێوازێکی هاوشێوە، ستایش دەکران. دەڵێن کە یەکێك لەم کەسانە، واتا شێخ حەسەن بن عودەی (کە لە ساڵی ١٢٥٤ی زایینی کۆچی دوایی کرد) وەك وتەبێژێکی گەریدەر ئەوەندە مەوعیزەی خەڵکی کردبوو کە لاواز و هیلاك ببوو.

لە هەندێك لە کۆمەڵگای ئایینی دیکەدا کۆمەڵە چیرۆکێك لە بارەی موریدانێك کە ماموستای خۆیان ناچار دەکرد بە پێچەوانەی خواستی خۆیان هەندێك بانگەشەی سەرسوڕهێنەر بکەن، هەیە.[٤٨] ئەم مەسەلە پیشانگەری دەوری بایەخە کولتووریە کوردییەکان لە پەرەسەندنی بزووتنەوە ئایینییەکاندایە.

ئەم لاوازبوونە رێژەییەی ئەولیای ئایینی فەرمی لە کاتێ رووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ بیروباوەڕە بەهێزە گشتییەکان، لەوانەیە یارمەتی بە وەسفکردنی سەرهەڵدانی دووبارەی ماکە پێش ئیسلامەکان لە ئایینی ئێزیدیدا بکات. دەگوترێت لە راستیدا لەکاتی شێخ حەسەنی عودەی بووە کە ئەندامانی تەریقەت لە نۆرمە قبووڵکراوەکانی ئیسلام لایان داوە [٤٩] و هەر لەم کاتەدا بوو (تەنیا یەك سەدە پاش کۆچی دوایی دامەزرێنەری ئایین) کە ئایینی ئێزیدی دەستیکرد بە بانگەشەی ئەوە کە لە سەرووی ئایینی فەرمی ئیسلامدایە.

لەوانەیە هۆکارە لەبارەکان (لەوانە گۆشەگیری کۆمەڵگای ئێزیدی لە لالش) بوویێت کە رێگای بۆ پەرەسەندنی ستایشی لە رادەبەدەری شێخ عودەی و رێبەرکانی دیکە، خۆشکردبێ. لە ئاکامدا شێخ عودەی وەك تەنها سەرچاوەی ئوتوریتەی ئایین سەیر دەکراو بەدرێژایی مێژوو ئەو چیرۆك و بیرۆکانەی کە لە ئۆستوورەکانی پێش ئیسلام سەرچاوەیان گرتبوو، وەك بەشێك لە فێرکارییەکانی شێخ عودەی و لە راستیدا وەك رێبازێکی ئایینی باڵادەست سەیر دەکران.

بەدرێژایی سەدەکان، دژمنایەتی نێوان ئێزیدییەکان و موسڵمانەکان توندتر بوو و ئێزیدییەکان وەك غەیرە مسڵمان لە قەڵەم دەدران. یەکێك لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی مێژووی ئێزیدییەکان، ئازار و ئەزیت و هێرشی موسڵمانانەکان بۆ سەر ئەوانە و لەوانەیە هەر ئەم مەسەلەیە بێ کە بۆتە هۆی ئەوەی کە ئێزیدییەکان، بیرو باوەڕ و داب و نەریتی خۆیان لە بیانییەکان بشارنەوە. وەك نموونە ئەگەری ئەوە یەکجار زۆرە کە لایارد layard (کە یەکەم گەشتیاری ئەوروپایی بوو کە ئەم دوایانە سەردانی ئێزیدییەکانی کردووە و لە کتێبەکەی خۆیدا



سەرنجی پێ داون) لە هەندێك بابەتدا - کە پێوەندییەکی زۆر نیزیکی لە گەڵ نهێنییە سەرەکییەکانی ئایینی ئێزیدی هەیە- بە ئەنقەست لە لایەن رێنوێنیکەرەکانیەوە بە لاڕێدا بردراوە.[٥٠] بۆ نموونە لایارد دەڵێت "ئێزیدییەکان کۆمەڵێك سروودیان هەیە کە بە زمانی عەرەبییە و لە کۆنەوە کۆمەڵگای ئێزیدی لێی تێنەگەیشتووە".[٥١] ئەم زانیارییە ناڕاستانە پاشان بڵاوبۆوە و خەڵکیش باوەری پێکردن. لە دەوروبەری سەرەتای سەدەی ٢٠ دوو دەقی پڕ رەمز و ڕازی ئایینی -کە وەها وێنا دەکرا کە کتێبی پیرۆزی ئێزیدییەکانە- بڵاوبووەوە،[٥٢] بەڵام ماوەیەك پاش ئەوە، سەڵمێندرا کە ئەم دەقانە دەربڕی نەریتێکی نووسراوی کەونارا نین. هەمووی ئەم مەسایلانە بووبە هۆی ئەوە کە لە رۆژئاوا ئەم بیرۆکە گشتییە بڵاوبێتەوە کە ئێزیدییەکان دەقێکی نەریتیی گرینگیان نییە. ئێستا خودی ئێزیدییەکان دەستیان کردووە بە نووساندنەوە و بڵاوکردنەوەی کۆمەڵێك سروودی پیرۆز (قەول) [٥٣] کە بە زاراوەی کوردی کرمانجییە و مرۆڤ دەتوانێت لە زۆربەی شتەکانی تێبگات. بیانییەکانیش گرینگی دەدەن بە نەریتە زارەکییە ئایینییەکانی ئێزیدییەکان.[٥٤]

لەمە زیاتر، قەوڵەکان پێشاندەدەن کە بە پێچەوانەی ئەوەی کە پیشتر وێنا دەکرا، لە رووی مێژووییەوە نەریتە ئێزیدییەکان زۆرتر بە گرووپەکانی دیکەی کوردی گرێدراون. ئەمڕۆ بۆ زۆربەی ئێزیدییەکان ئەم باس و گفتوگۆیانە زۆر گرینگ نییە. کۆمەڵگای ئێزیدی بە توندی لەنێوان بنەماڵە رۆحانی و غەیرە روحانییەکاندا دابەش بووە و خودی بنەماڵە رۆحانییەکانیش بە بنەماڵەی شێخەکان و بنەماڵەی پیرەکان دابەشکراوە. غەیرە رۆحانییەکان هەر لە کۆنەوە بنەواشەی بیروباوەڕەکانی خۆیان خستۆتە ئەستۆی شێخەکان و ملکەچی ئوتوریتەی ئایینی ئەوان دەبن بۆ ئەوەی کە جەژن و رێوڕەسمەکانیان بەڕێوە ببەن و سەردانی مەزارەکان بکەن و جار ناجار، پێشکەشیەکانی خۆیان پێشکەشی پیاوە پیرۆزەکان بکەن.

بەهەرحاڵ، ئەمە راستە کە هەنووکە کۆچە زۆرەملییەکان، مەسایلی پەروەردەیی و هێرشە سیاسییەکان، بەهێچ شێوازێك ناهێڵێت کە ئێزیدییەکان گۆشەگیری خۆیان بپارێزن و لە ئاکامدا هەندێك کێشەی نۆی سەرهەڵدەدات. خەڵکی خوێندەواری ئێزیدی بەگشتی دەیانەوێت شتی زۆرتر لە بارەی هیرا راستەقینەکانی ئایینەکەیان بزانن. ئەم بابەتە بۆ ماوەیەکی درێژە زەینی زۆربەی شێخە ئێزیدییەکانی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە و هیچ رێگایەك نییە کە بڵێن ئایینی ئێزیدی چۆن بەم ناکۆکییە نوێیانە وەڵام دەداتەوە.

## شیعەکان و شیعە زۆر دەمارگرژەکان

هەروەك ڕێبازی تەسەووف، ئایینی ئێزیدی و هەندێك کۆمەڵگای سوننەی کوردستان، ئوتوریتەی تاکەکەسی ڕێبەران ماکی سەرەکی هیراکانی لقە جوداجوداکانی ئایینی شیعە پێکدەهێنێت. لە پارێزگای کرماشان لە کوردستانی ئێران، لە ناوچەی سنووری خانەقین لە کوردستانی عێراق و هەندێك بەشەکانی ناوچەی کەرکوك و هەولێر، کۆمەڵێك گرووپ هەن کە سەر بە ئایینی ناسراو بە شیعەی ١٢ ئیمامین کە لە سەدەی ١٦ی زایینی، ئایینی فەرمی ئێران بووە.[٥٥] لەحاڵێکدا کە لە بارەی هەرکام لە تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگای ناوچەیی شیعەی ١٢ ئیمامی، زانیاری کەم لەبەر دەستدایە، لقەکانی دیکەی ئایینی شیعە بە هۆی هاندانی هەستی ئایینی کوردان، سەرنجراکێشە.

ئایینی شیعە لەو ناکۆکییانەی کە لە کاتی کۆچی دوایی پێغەمبەر لە ساڵی ٦٣٢ی زایینی لە کۆمەڵگای ئیسلامدا پێکهات، کەوتوتەوە. زۆربەی موسڵمانان بیروڕایان وایە کە جێگری پێغەمبەر وەك ڕێبەری موئمنین، دەبێت یەکێك لە یارانی نزیکی پێغەمبەر بێت. بەڵام موسڵمانانی دیکە دەڵێن پەیوەندییە بنەماڵەییەکان دەبێت لە سەرووی هەموو شتێکەوە بێت، واتا جێگری پێغەمبەر دەبێت زاوای پێغەمبەر (حەزرەتی عەلی و نەوەکانی) بێت. بەهەرحاڵ حەزرەتی عەلی پاشان وەك چوارەمین و دوایین خەلیفەی راشدین بوو بە جێگری پێغەمبەر، بەڵام بەردەوامبوونی ناکۆکییەکانی نێو کۆمەڵگا بووە هۆی ئەوەی کە حەزرەتی عەلی لە دوای قۆناخێك حکوومەتداری (لە ساڵی ٦١٥ هەتا ٦٥٦ی زایینی) بکوژرێت. پەیرەوانی حەزرەتی عەلی بە شیعەکانی عەلی ناسراون و ئەم ناوە بۆ ئەو کەسانە بەکاردەهێنرێت کە بیر و بۆچوونیان وایە کە دەبێت کۆمەڵگای ئیسلام بە دەستی نەوەکانی حەزرەتی عەلی، ڕێبەرایەتی بکرێت. خاڵی سەرەکی لە ئایینی شیعە، کوژرانی ئیمام حوسێن (کوڕی حەزرەتی عەلی)یە کە لە ساڵی ٦٨٠ی زایینی لە کەربەلا لە ماوەی خەلافەتی خەلیفەکانی ئومەوی، بە دەستی یەزید بن موعاویە، کراوە. ئەم ڕووداوە نەتەنیا پێ لەسەر وێنای ئایینی شیعە وەك ئایینی شەهیدان دەگرێتەوە، بەڵکو لەوانەیە سەرنجی ئەو کەسانە -کە هەست دەکەن سەرکەوتنی دونیایی حەتمەن نیشانەی چاکەکاربوونی مرۆڤ یان مەسەلەحەتی خوداوەندی نییە- زۆرتر بەرەو لای خۆی رابکێشێت.



ماکی سەرەکی هزری ئایینی شیعە ئەوەیە کە جیهان پێویستی بە ڕێبەرێك (ئیمام) هەیە. بە بیروبۆچوونی ئەوان ئیمام تەنها کەسێکە کە توانایی ئەوەی هەیە کە لە سەردەمی خۆیدا، کەلامی خودا راڤە بکات. شیعەکان باوەڕیان بەوەیە کە دوایین ئیمام (ئیمام مەهدی) نەمردووە بەڵکو بە شێوازێکی کاتی نادیار بووە و موئمینان بەشێوازگەلی نهێنی هیدایەت دەکات و لە ئاخرزەماندا دەگەڕێتەوە. شیعەکان پێیان وایە، تەنها ئیمام دەتوانێت توێژە ناوخۆییەکانی ئایین، بەتەواوی بناسێتەوە. ئەم بابەتە، باوەڕی بە درزی نێوان زانینی زاهری و زانینی باتنیی لێ دەکەوێتەوە. ئەم بیر و باوەڕانە لە ئایینی فەرمی شیعەی ١٢ ئیمامی لە ئێران دەور دەبینێت، بەڵام لە نێوان هەندێك ئایینی رەمەکی (کە لە بنەڕەتدا ١٢ ئیمامین بەڵام هەستەکانیان بۆ لای حەزرەتی عەلی رادەکێشن، نە ئیمامانی دیکە) و هەروەها لەنێو شیعە حەوت ئیمامییەکاندا، زەقترە. شیعە حەوت ئیمامییەکان پێیان وایە دوایین ئیمام، ئیسماعیلە (کە لە ساڵی ٦٧٠ی زایینی کۆچی دوایی کردووە) کە کوڕی گەورە و جێگری ئیمامی شەشەم واتا ئیمام جەعفەری سادقە کە لە ساڵی ٧٦٥ی زایینی کۆچی دوایی کردووە. کردەوە پەرچووئاساکانی ئیسماعیل و کۆچی دوایی زووی ئەو، بووە هۆی ئەوەی کە زۆربەی شیعەکان ئیمام موسا کازم (کە لە ساڵی ٧٩٩ی زایینی کۆچی دوایی کردووە) وەك جێگری براکەی قبووڵ بکەن، بەڵام شیعە حەوت ئیمامییەکان بیروباوەڕیان وایە کە لەبەرئەوەی کە ئیمامەکان لە هەڵە و گوناح پاکن، بڕیاری ئیمام جەعفەری سادق نەگۆڕە. هەرچەند ئیسماعیل پێش باوکی کۆچی دوایی کردووە، بەڵام ئەوان وەك جێگری رەوای ئیمامی نادیار سەیری دەکەن.

ژمارەی حەوت کە ئاوەها کە ئێمە دەیبینین، دەورێکی گرینگ لە ئایینەکانی ئێرانی کەونارادا دەگێرا، بەهەمان رادە بۆ شیعە حەوت ئیمامییەکانیش گرینگە. ئەوان بیرو باوەڕیان وایە کە جیهان لە حەوت قۆناخ لە خوداوەندا دیار بووە و حەوت پێغەمبەری قسەکەر (ناتق) و حەوت پێغەمبەری بێدەنگ (سامت) لە جیهاندا هەیە.[٥٦] چالاکی پڕۆپاگەندەیش (دەعوا) یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی گرووپەکانی شیعەی حەوت ئیمامییە. لە سەدەی ٩ هەتا ١٣ی زایینی، گرووپە یەك لە دوای یەکەکانی شیعەی حەوت ئیمامی، کۆمەڵێك وتەبێژیان نارد بۆ سەرانسەری جیهان بۆ ئەوەی کە چەمکی پڕ رەمز راز یان نهێنی ئیسلام (باتن) پەرە پێبدەن و فێری خەڵك بکەن کە روخساری رواڵەتی ئیسلام (زاهیر) تەنها دەمامکێکە بۆ ئەوەی کە ئایینی ئیسلام لە بیانییەکان بشارێتەوە. ئەوان پێیان وایە ئەوانەی کە تازە ئیمانیان هێناوە پێیان ناوەتە قۆناخی چەمکە قۆڵەکانی ئیمانی زاهیری، کەوابوو ئەمە پێشاندەدات کە زانیاری

زۆرێك لە پەیرەوانی ئەم ئایینە لەسەر تەعلیماتی ئیسلامی رووکەشی و ناڕاست بووە.[٥٧] ئەم خەڵکە چەمکی نەریتی ناوچەییان لەگەڵ تێگەیشتنەکانی خۆیان لە ئایینی شیعەی ئیسماعیلی [٥٨] ئاوێتە کردبوو.

هەروەك ئایینی تەسەووف، لقە جوداجوداکانی ئایینی شیعە بانگەشەی ئەوە دەکەن کە لایەنەکانی ئیمان، دەتوانێت بێ لەبەرچاوگرتنی لایەنی رزگاریدەر پێکبێت. کەوابوو ئەو بیرۆکە رەمەکییانە کە لە ئایینە کۆنەکان سەرچاوەیان گرتووە، دەتوانێت لەگەڵ ئایینی ئیسلامدا ئاوێتە ببێت. لەبەرئەوەی کە ناوەندەکانی بزووتنەوە یەك لە دوای یەکەکانی شیعە لە ناوچەکانی دراوسێی کوردستان هەڵکەوتبوون، واوێدەچێت کە پروپاگەندەی ئەوان لە ناو کوردەکاندا چالاك بووبێت. لەوانەیە کوردان بەتایبەت ئەو فێرکارییانە کە لەگەڵ بیروباوەڕە نەریتییەکانیاندا سازگار بووە، قبووڵ کردبێت. ئەم هۆکارانە، لە پەرەسەندنی سیستمە جۆراوجورە ئایینییەکانی نێوان کوردان دەوریان بینیوە. کوردان تایبەتمەندییەکانی سیستمی بیروباوەڕە کەونارە غەیرە ئیسلامییەکانیان لەگەڵ ماکگەلێك کە لە بیروباوەڕەکانی ئایینی شیعە سەرچاوە گرتبوو و هەندێك جار وەك شیعە توندڕەوەکان لە قەڵەم دەدران، ئاوێتە کردبوو. گرینگترینی ئەم گرووپانە لە ناوچە کوردنشینەکان، عەلەوییەکانی تورکیا و ئەهلی حەقەکان (یارسان)ی کوردستانی ئێران یان کاکەییەکانی کوردستانی عێراقن. سەرەڕای ئەمانە گرووپگەلێکی جۆراوجۆری بچووك وەك باجەوانەکان، ئیبراهیمیەکان، شەبەکەکان و سارلییەکان لە کوردستاندا هەن. زانیاری ئێمە لەسەر ئەم گرووپانە کەمە بەڵام تا ئەو جێگایەی کە ئێمە دەزانین [٥٩]، بیروباوەڕەکانی هەمووی ئەم گرووپانە، خاڵی هاوبەشی زۆری لەگەڵ بیروباوەڕەکانی عەلەوییەکان، یان ئەهلی حەقەکاندا هەیە و دەکرێت ئایینی ئەهلی حەق و زۆربەی ئایینەکانی دیکە لە بیاڤی ئەدەبیاتدا شیبکرێتەوە.[٦٠] بەهەرحاڵ لە باری لێکدانەوەی کولتووری ئایینی کوردەوە، دەبێت سەرنجی تایبەت بە لێکچوونەکانی نێوان گرووپە توندڕەوەکانی شیعە وەك ئەهلی حەقەکان و عەلەوییەکان لەگەڵ ئێزیدییەکان بدرێت.

ئێزیدییەکان کەسایەتییەك دەپەرستن کە بەرپرسیاری کوژرانی ئیمام حوسەینە[*]، کەوابوو دەتوانین بڵێین ئەم ئایینە لە چوارچێوەی نەیارانی لەرادەبەدەری ئیسلامدا جێ دەگرێت.[٦١]

---

(*) ئێزدییەکان، یەزیدی کوڕی مەعاویە ناپەرستن. لێرەدا نووسەر کەوتۆتە هەڵەیەکی مەزن، بەڵکە ئێزدییەکان، ئایینێکی سەربەخۆی کۆنی خۆیان هەیە کە پێوەندی بە ئایینی ئیسلامەوە نییە (دەزگای موکریانی).



## ئەهلی حەقەکان، ئێزیدییەکان و عەلەوییەکان

هێرا پڕ رەمز و رازەکانی ئەهلی حەقەکان و عەلەوییەکان، هەروەك تەعلیماتی ئێزیدییەکان، بەگشتی بە شێوازی زارەکی و لەناو بنەماڵە ئایینییەکاندا نەقڵ دەکرێت.[٦٢] کەوابوو رێبەرانی سەر بە بنەماڵە جۆراوجۆرەکان، لەوانەیە روانگەی جیاوازیان لەسەر پرسە جۆراوجۆرەکان هەبێت، ئەمە لە حالێکدایە کە زۆرێك لە پرسەکان لەبیرکراون، کەوابوو ئەم بانگەشەیە ئەستەم و مەترسیدارە کە سیستمێکی یەکگرتوو و یەکپارچە لەم بیروباوەڕانە، بێمەرج دەربڕی ئەم نەریتانەیە. بەهەرحاڵ لەوانەیە بکرێت بنیادە کۆمەڵایەتییەکان، جەژنەکان و هەروەها هەندێك ئەستوورە و بیروباوەڕە بە بەڵگەگان شیبکرێتەوە و بۆ ئەم مەبەستە، تاوتوێکردنی دەقەکان و ئەگەر بکرێت نەریتە شرۆڤە هەڵگرەکان، لەوانەیە کۆمەڵێك زانیاری پڕ بایەخ بدەن بە ئێمە. لەراستیدا لە بیاڤی ئوستورەکان، جەژنەکان و بنیادە کۆمەڵایەتییەکان دایە کە لێکچوونە زۆر توندڕەوەکانی نێوان گرووپەکان، دەدۆزرێتەوە. زانیاری هەنووکەی ئێمە، پێشاندەدات کە ئەم لێکچوونانە، لەنێوان ئەهلی حەقەکان و ئێزیدییەکاندا بەهێزترە کە هەندێکیان دەگەڕێتەوە بۆ شارستانی پێش ئیسلامی ئێران.[٦٣] عەلەوییەکان کە لەراستیدا زۆرێکیان تورکن، کۆمەڵێك تایبەتمەندیی هاوبەشیان لەگەڵ ئەهلی حەقەکان و ئێزیدییەکاندا هەیە، بەڵام ئایینەکەیان، مۆرکی بەهێزی تورکیی پێوە دیارە.

## ئوستوورەکان و باوەڕەکان

ئەو بیاڤەی کە تێیدا دەکرێت کاریگەرییە کۆنەکانی ئایینە ئێرانییەکان بە روونترین شێواز پێشانبدرێت، بیاڤی خیلقەتناسی ئەهلی حەقەکان و ئێزیدییەکانە. ئەم هەڵوێستەی ئەوان، لەگەڵ ئەو بیرۆکەیە یەکدەگرێتەوە [٦٤] کە خوداوەندی خالق، مرواریەیەکی دروستکرد، شتێکی گرد کە هەموو ماکەکانی پێکهێنەری جیهانی لەخۆگرتبوو، پاشان خوداوەند فریشتە حەوتەوانەکانی بانگهێشتکرد و لەگەڵ رێبەری ئەوان کە خوداوەندی ئەم جیهانە بوو، پەیمانی بەست. پاشان گایەك کرا بە قوربانی و لە دوای ئەوە، مرواریەکە تەقییەوە و پاشان ئەم

جیهانە روون و ڕەنگاوڕەنگە کە ئێمە دەبینین، دروستبوو. پاراستنی جیهان لە ئەستۆی فریشتە حەوتوانەکانە و لە هەردوو نەریتەکانی ئێزیدی و ئەهلی حەقدا، هەندێك لە مەلائیکەتە حەوتوانەکان، پێوەندییەکی تایبەتیان لەگەڵ یەکێك لەم ماکانەدا هەیە.[٦٥]

ئەم ئەفسانەیە بە بەراوەرد لەگەڵ ئەفسانەی خیلقەتی هیند و ئێرانییەکان و خەڵکی سەرەتای ڕۆژئاوای ئێران، هاوئاهەنگیەکی حاشا هەڵنەگری هەیە.[٦٦] ئەفسانە بەبنەڕەت ئێرانییەکە تەنانەت لە بارەی پێوندی نێوان فریشتەکان و ئەو ماکانەی کە لە بنەڕەتدا لە ئایینی زەردەشتیشدا نموونەی هاوشێوەیان هەیە و ئەم ڕاستییە کە تایبەتمەندییەکان و کاروباری چوار فریشتە گەورەترەکان لە ئایینی ئەهلی حەق، لێکچوونێکی تەواوی لەگەڵ تایبەتمەندی و کارکردی ئیلاهەکانی ئێرانی کەونار‌دا هەیە، بەهێزتر دەبێت.

ئەم بیروباوەڕە کە بوونەوەرە ئیلاهییەکان، خۆیان بە شێوازگەلی جۆراوجۆر دەردەخەن و روحی مرۆڤ لە شێوازگەلی جۆراوجۆر حولول دەکات، لە نێوان ئەهلی حەقەکان [٦٧] و ئێزیدییەکان و عەلەوییەکاندا هاوبەشە، هەرچەند کە وەها دیارە کە لەنێو ئەهلی حەقەکاندا گرینگییەکی تایبەتی هەیە. هەمان بابەت لە بارەی بیروباوەڕی بە سوڕی مێژووش [٦٨]ـ کە ماکی سەرەکی هزری ئایینی ئەهلی حەقە ـ لە ڕاست دەچێت. بابەتگەلێکی جۆراوجۆر کە لە ئایینی ئەهلی حەقدا هەیە وەك چیرۆکی سواربوونی ئەولیایەك لەسەر دیوار [٦٩] یان گابەردێك ـ کە بەشێك لە نەریتی عەلەوییەکان پێکدێنێت ـ یان وێنای نانەوەی تەڵە بۆ گرتنی خوداوەند بە شکلی هەڵۆ یان سایین[٧٠]، لە دەقەکانی ئایینی ئێزیدی کە لەم دواییانەدا بڵاوبۆتەوە بەدیدەکرێت.[٧١]

## داب ونەریت، جەژنەکان و بۆنەکان

هەر لە کۆنەوە ئەندامانی ئەم سێ گرووپە، بەهۆی سمێڵە گەورە و شپرزەکانیانەوە، بەرچاوبوونە و لە هەر سێ ئایینەکەدا[٧٢]، سمێل وەك نیشانەی جیاوازی گرووپ سەیر دەکرێت. شتە حەرامەکانیش، زۆرتر وەك نیشانەکانی شۆناس ـ لانی کەم لە نێوان عەلەوییەکان [٧٣] و ئێزیدییەکان [٧٤]- لە قەڵەم دەدرێت.

جەژنی سەرەکی ئایینی ئەهلی حەق، جەژنی جەمە. جەم، ڕێوڕەسمێکە کە ئەندامانی گرووپ تێیدا لە دەوری یەك کۆدەبنەوە و خوێندنی دوعا و کەلام لە بەر، دەوری سەرەکی تێدا دەبینێت و بە قوربانیکردن و خواردنی گۆشت درێژەی دەبێت. ڕێوڕەسمی جەم لە شوێنێکی تایبەتدا (لە جەمخانە) بەرێوەدەچێت و بە گوێرەی هەندێك نەریتەکان، دەبێت ساڵێ لانی کەم



حەوت جار بەرێوەبچێت.[٧٥] عەلەوییەکانیش، ڕێوڕەسمێکی هاوشیوەیان هەیە کە بە هەمان ناو ناسراوە.[٧٦] هەرچەند هەندێك لە ئێزیدییەکان دەڵێن جەژنێکی هاوشێوە لە رابردوودا لە نێوانیاندا هەبووە، بەڵام هیچ بەڵگەیەك بۆ سەلماندنی ئەم بانگەشەیە تا ئێستا نەدۆزراوەتەوە و هەرچەند کە خواردنی چێشتە ئایینییەکان بەشێك لە ئایینە جۆراوجۆرە کەوناراکان پێکدەهێنێت، بەڵام لێکۆڵەران لەگەڵ ئەمەدا نین کە ئەم نەریتە لە بنەڕەتدا لە ڕێوڕەسمی جەمدا بووە. ڕێوڕەسمی یەسنای زەردەشتییەکان بە شێوازی کۆنی خۆی، بریتییە لە قوربانیکردنی ئاژەڵەکان و پێشکەشکردنی نۆشیدەنی تایبەت و گۆشت بە خوداکان، بەڵام لە کردەوەدا کەسایەتییە ئایینییەکان و کەسانی بەشداربوو لە ڕێوڕەسمەکە، دەیانخواردن.

هەروەها کە پێشتر باسمانکرد هەمان بابەت لەوانەیە لەمەڕ ئایینی نەریتی پێش لە زەردەشتی خەڵکی ڕۆژئاوای ئێران کە بە توندی بانگەشەی ئەویان دەکرد کە پێشڕەوی سەرەکی ڕێوڕەسمی جەم-ن، لە ڕاست بگەرێت. بەهەرحاڵ ئەگەری ئەم مەسەلەیە یەکجار زۆرە کە تێگەیشتنی نوێی لەم ڕێوڕەسمە کەوتبێتە ژێر کاریگەری سەمبولی ڕێوڕەسمی عیشای ڕەبانی مەسیحییەکان.[٧٧] ئەمە لەحاڵێکدا کە ڕێوڕەسمی تورکی هاوشێوەی ئەمە، لەوانەیە کاری کردبێتە سەر وردەکارییەکانی ڕێوڕەسمی عەلەوییەکان.[٧٨]

لەحاڵێکدا کە ئێزیدییەکان جەژنگەلێکی وەرزانەی جۆراوجۆریان هەیە کە لە ئایینی ئیسلامدا نییە و لەوانەیە خاوەن ریشەی کۆنی ئێرانی بێت، تەنها یەکێك لەم جەژنانە لە نێوان ئەهلی حەقەکاندا نموونەی هاوشیوەی هەیە. هەر دوو گرووپ، عەیدێکی زستانانە جەژن دەگرن و لەو بیروباوەڕەدان کە ڕێبەری ڕۆحانی کۆمەڵگا (شێخ عودەی و سوڵتان سەحاك) پێش یان پاش قۆناخی سێ ڕۆژەی ڕۆژوو و لە جەژنەکەدا دیار دەبێت.

## پێکهاتەی کۆمەڵایەتی

هەر سێ ئایینی ئێزیدی، ئەهلی حەق و عەلەوی، جودایی نێوان بنەماڵە ڕۆحانی و غەیرە ڕۆحانییەکان بە ڕەسمی قبووڵدەکەن.[٧٩] کەسایەتییە ڕۆحانییەکان لە نێوان شیعەکان، ئەهلی حەقەکان و عەلەوییەکان بە سەیید یان سەیت ناسراوان.[٨٠] ئەم ناونیشانە هێما بۆ نەوییەکانی پێغەمبەر دەکات، بەڵام لەنێو ئێزیدییەکان شتێکی وەها نییە. هەمووی ئەندامانی ئەم گرووپانە ـ چ ڕۆحانی و چ غەیرە ڕۆحانی ـ دەبێت دوو مورشیدی ئایینیان لە بنەماڵە ڕۆحانییەکان (کە ئێزیدییەکان پێی دەڵێن شێخ یان پیر، ئەهلی حەقەکان پێی دەڵێن پیر یان

دەلیل و عەلەوییەکان پێی دەڵێن پیرورێبەر) هەبێت و کۆمەڵێك پێوەندی تێکچڕژاو لە نێوان کۆمەڵگا جوداجوداکانی هەمووی ئەم گرووپانەدا هەیە.[٨١] لەحاڵێکدا کە هەم ئاییینی زەدەشتی پێش ئیسلام و هەم ئاییینی کۆنی تەسەووف پێویستیان بە ملکەچبوون بۆ ئوتوریتەی ڕێبەرێکی رۆحانی هەیە[٨٢] بەڵام پێویستی بە بوونی دوو کەس لەم کەسایەتییانە لەوانەیە تەنها لەناو گرووپە کوردییەکاندا هەبێت.

بونیادی هاوشێوەی دیکە، پەیمانی برایەتی یان خوشکایەتییە کە بە واتای پێوەندییەکی فەرمی و تایبەتە کە لە نێوان دوو یان چەند کەسدا دروستدەبێت. لەحاڵێکدا، کە پێوەندی ناسراو بە مەساحیب لە ئاییینی ئێزیدیدا دەکرێت لە نێوان دوو پیاو و ژنەکانیان- کە عەلەوی بن و پێوەندی خوێنییان لەگەڵ یەکدا نەبێت- ببەسترێت [٨٣]، هەموو شریکەکانی پێوەندی ناسراو بە شەرت وئیقرار لە ئاییینی ئەهلی حەقدا -کە پەیمانێکی نێوان دوو یان چەند پیاو و ژنێکە- زۆرتر یان سەییدن یان غەیرە رۆحانین.[٨٤] لە لایەکی ترەوە بونیادی برا یان خوشکا ئاخرەتی لە ئاییینی ئێزیدی، زۆرتر تەنها دوو کەس لەخۆدەگرێ کە یەکێك لەوانە دەبێت ئەندامی گرووپی رۆحانییەکان بێت.[٨٥] هەروەها وێدەچێت کە بونیادێکی هاوشێوەش لە رابردوودا لەنێو هەندێك کۆمەڵگای شیعە کە ئامادەبوونێکی بەهێزیان لە کوردستان دا هەبووە، لە ئارادابووە.[٨٦]

مرۆڤ دەتوانێت لەسەر رەگوریشەی ئەم بونیادانە کە باسمانکرد، بیر بکاتەوە. بەهەرحاڵ ئەم لێکچوونە زۆرەی نێوان ئاییینی ئێزیدی، ئەهلی حەق و عەلەوی پێشاندەدات کە هەمووی ئەم سێ ئاییینانە لە ریشەی بیروباوەڕی و کومەڵێ جەژنی دیار سەرچاوەیان گرتووە کە لەوانەیە غەیرە ئیسلامی بووبن. لە روانگەی بەراوردکردنی ئەفسانەکانی خیلقەت لە نێوان ئێزیدییەکان و ئەهلی حەقەکان و خیلقەت ناسییەکانی کۆنی ئێران، وا وێدەچێت کە ئەم ئاییینانە سەر بە رۆژئاوای ئێران یان لە راستیدا کوردستان بوونە.

## هەندێك تایبەتمەندی سەرەکی ئایین لە کوردستاندا

لە و شتانەی کە پێشتر گوترا، روون دەبێتەوە کە ئایین لە کوردستان، روخساری زۆری هەیە. بەهەرحاڵ هەندێك هۆکار کە لە وانەیە یارمەتی بە وەسفکردنی فرەچەشنەییەکانی بزووتنەوە ئایینیە کوردییەکان لە دەرەوەی ئاییینی ئیسلام بدات، دەتوانن کەم بایەخ بن، بەڵام لە هەمان کاتدا ماکی هاوبەشی نێوان ئایینەکان پیشاندەدات کە لەوانەیە ئەم ئاییینانە بە



شێوازێکی زۆر جیاواز دیار بن. لە درێژەدا ئاماژە بەوە دەکەین کە زۆربەی ئەو بزووتنەوانەی کە لە داهاتوودا باسی لێ دەکەین، لەسەر بنەمای کولتووری گوندی و ژیانی نەریتی عەشیرەتی و گوندین، نە کولتووری شار. هۆیەکەی ئەوەیە کە کولتووری شار بەگشتی لەژێر دەسەڵاتی زمانە غەیرە کوردییەکان و تا رادەیەك شێوازە باوەکانی ئیسلام دایە. بەهەرحاڵ مرۆڤ دەتوانێت بانگەشەی ئەوە بکات کە زۆربەی ماکە شارییەکان ـ کە بە جۆرێك لە جۆرەکان دەتوانن بە کوردی ناو ببردرێن ـ دەتوانێت لە زۆربەی کۆمەڵگا گوندییەکاندا بدۆزرێتەوە.

لایەنەکی بنەڕەتی ئایین لە ناوچە غەیرە شارییەکانی کوردستان ئەوەیە کە ئایین دیاردەیەکی هاوبەشە. بۆ نموونە گۆڕینی ئایین، بە کۆمەڵ و بە بڕیاری هەموو ئەندامانی عەشیرەت یان گوند ئەنجامدەدرێت نە بڕیاری تاکەکەسی و زۆربەی جاران چاوەڕوانی ئەوە دەکرێت کە هەموو گوندییەکان لە هەرسێ کۆمەڵگا لە ئاییینی نوێ لابدەن.[٨٧] بە پێچەوانەوە، وەفادارییە هاوبەشەکان زۆرتر وەك بەشێك لە ئایین هەستی پێدەکرێت.

هەنووکە راستی ئەوەیە کە کۆمەڵگاکانی ئێزیدی کە بە زۆر لە گوندی باوباپیرانیان دەرکراون و لە شوێنەکانی دیکەدا نیشتەجێ بوونە، بەردەوام بۆ پێشەوای پیرۆزی گوندی کۆنی خۆیان جەژن (تەواف) دەگرن، تەنانەت هەگەر لە کۆمەڵگایەکدا بژین کە تەواف-ی تایبەتی خۆی هەبێت.[٨٨] وەفاداریگەلێکی هاوبەشی وەها وا دیارە کە لە ئاستی ناوچەییدا بەتایبەت بەهێزن، هەڵبەتە هیچ گومان لەوەدا نییە کە گۆشەگیری زۆرێك لە کۆمەڵگاکانی کورد، لەم ناوەدا دەور دەبینێت، هەرچەند کە ئەم دیاردەیە لەنێوان ئەو کۆمەڵگانەش کە بە تەواوی گۆشەگیرنین، بەدیکراوە.[٨٩]

ئەم کولتوورە بەئامانجە بە کۆمەڵە لەگەڵ ئاستی خواری پەروەردەی فەرمی بۆوەتە هۆی ئەوە کە هوکارگەلی رۆشنبیرانە وەك هیراکانی ئاییینی نوێ، بەرە بەرە و هەندێك جار بە شێوازی سنووردار، بێتە ناو ئەم کۆمەڵگایە. بە پێچەوانەوە ئەم هۆکارانە یارمەتی بە پاراستنی بەشی هەرەزۆری کولتووری نەریتی گرووپ دەدەن. هەروەها کە پێشتر باسمانکرد، وا دیارە کە بە هیچ شێوەیەك ناکرێت ئوستورە کەونارەکان لە کولتووری کوردە موسڵمانەکان بسڕێتەوە. بابەتە ئاییینییەکانی ئێرانی کەونارا کە لە ئەفسانە ئیتنیکییەکانی کوردیدا هەیە نیشاندەدات کە ئوستورە کۆنەکان بەردەوام وەك ئەفسانە و چیرۆك دەگوترێنەوە. لەمە زیاتر، ئەفسانە خیلقەتناسییەکانی ئەهلی حەقەکان و ئێزیدییەکان، پێشاندەدات کە چیرۆکگەلێکی وەها دەتوانێت جارێکی دیکە وەك بەشێك لە ئیمانی ئاییینی سەیر بکرێت. لە کۆمەڵگا

گۆشەگیر و کەم و زۆر داخراوەکاندا، چیرۆکەکان دەیان و سەدان جار بە شێوازی راشکاوانە و رێکوپێك- نەتەنها لە کوبوونەوە گشتییەکان وەك دیوەخانەکاندا، بەڵکو لە کۆبوونەوە پیاوانەکانی کۆمەڵگا لە هودەی گەورەکان یان سەرۆك هۆزەکان -دەگوترێنەوە. بە گووتنەوەی ئەم چیرۆکانە، رووداوەکانی رابردوو جارێکی دیکە دەخوێنرێنەوە، خەڵك گوێ لە وتەبێژە گەڕیدەکان دەگرن و پرسە ئایینییەکان دەکەونە بەر باس و گفتوگۆ.[٩٠]

ئەم باس و گفتوگۆیانە کە بە هەمان ناوەڕۆك و لەناو هەمان خەڵکدا بەردەوام دووپات دەبێتەوە، یەکریزییەکی زۆر بەهێز لە کۆمەڵگا دروستدەکات، یەکریزییەکی ئەوندە بەهێز کە رێبەرە ئایینییەکان ناچار دەکات حاشا لە بانگەشە زیادەڕۆیەکانی خۆیان بکەن. کەوابوو دەکرێت بنیادی دیوەخان وەك ماکی سەرەکی لە گوازتنەوەی کولتووری کورد سەیر بکرێت.[٩١] ئەو زانیارییانەی کە دەگاتە کۆمەڵگا، لەم کوبوونەوانەدا دەکەوێتە بەر باس و گفتوگۆ و تا رادەیەك لە کولتووری هاوبەشدا دەتاوێتەوە. لە پەرانپەرێکدا کە یەکریزی هاوبەش، ئوتوریتەی ئایینی فەرمی لەبەر چاو ناگرێت، هەمان بابەت بە دەیان و سەدان جار دەستکاری دەکرێت. ئەوەی کە زۆر سەرسوڕهێنەرە، ئەوەیە کە ستایشکردنی رێبەرێکی ئایینی، دەتوانێت بگاتە جێگایەك کە هەندێك جار ببێتە هۆی ئەوەی کە بانگەشەی ئەوە بکرێت کە ئەو کەسایەتییە ـ چ زیندوو بێت، چی هەر لە زووەوە مردبێت ـ خودا بووە یان خودایە.[٩٢] کەوابوو کولتووری زارەکی دیوەخان، پاڵ بە هەندێك کورد کە بە روالەت لە ئامانجە نەتەوەییە توندڕەوەکان لایەنگری دەکەن، دەنێت. دیوەخان، هەروەها یارمەتی زۆر بە پێکهاتنی گێڕانەوە کوردییەکان لەبارەی مێژوو (لە وانە مێژووی پیرۆز) دەکات. بۆ نموونە لە نەریتی ئێزدیدا رێبەرە مرۆڤیە سەرەتاییەکانی کۆمەڵگا، وەك ئەندامانی گرووپی فریشتە حەوتەوانەکان کە بەسەر جیهاندا فەرمانڕەوایی دەکەن، سەیر دەکرێن.

هەروەها کە پێشتر باسمانکرد، چەمکی بوونەوەرە ئیلاهییە حەوتەوانەکان [٩٣] کە بەرێوەبردنی کاروباری جیهان لە ئەستۆیانە، یەکێك لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ئایینی زەردەشتە و هەمان شت بۆ ئایینی هیندوئەوروپاییەکانیش وەڕاست دەگەڕێت. کەوابوو ئەم خاڵە روون دەنوێنێت کە نەریتی ئێزیدی بە پێداگری لەسەر پێکهاتەیەکی بنەڕەتی ئوستورەیەکی کەونارا، مێژووی پیرۆزی خۆی دیسان سەر لە نوێ ریسامەند دەکاتەوە. ئەم بابەتە بە شێوازێکی قووڵتر سەرنجی مرۆڤ بۆ لای مێژووی عەشیرەت رادەکێشێت و لە هەمان کاتدا وەبیرهێنانەوەی راوڕایەلێکی نەریتی غەیرە ئەدەبی ئاسانتر دەکات. لە حالێکدا کە بوونی دیاردەیەکی وەها لە کولتوورێکی زۆر ئەدەبیدا، (کە کتێبەکان و بەڵگەکان کوت و پڕ ئەم بانگەشانە رەت دەکەنەوە) بە سادەیی لوواو نییە، بەڵام ئەم جۆرە مێژووە خۆجێیە لە کولتووره غەیرە ئەدەبیەکاندا هەیە.[٩٤] لە ئایینی ئێزدییدا باوەڕی بە دیسان حلول کردنەوە و دووبارە دیاربوونەوەی مرۆڤ لە شکڵە جوراوجورەکان، لەوانەیە ئەم رەوتە ئاسانتر بکات.

گۆشەگیربوونی گەلێك لە کۆمەڵگا کوردییەکان و تایبەتمەندی بەهێزی زارەکی بوونی نەریتەکانی ئەم کۆمەڵگانە، هۆکارگەلێکی بەهێز لە پێکهاتنی نەریتە ئایینیە جۆراوجۆرەکانی کوردستان لەقەڵەم دەدرێن. واوێدەچێت کە رەگوڕیشەی هەموو ئەم هۆکارانە لە ناو کاروکردەوە دوو لایەنەکانی نێوان فێرکارییەکانی مزگەوت و کولتووری نەریتیدایە کە لە سەروبەندی فراز و نشێوەکانی مێژوو، لە زۆرێك لە دیوەخانەکاندا پارێزراون و پڕۆپاگەندەیان بۆ کراوە. هەگەر ئەمە راست بێت کە هەڵوێست و نەریتە کولتووریەکان بە شێوازێك لە شێوازەکان کاری کردووەتە سەر ئیسلامی کوردەکان، ئەوکاتە هیچ گومان لەوەدا نامێنێ کە هیچ گرووپێکی ئایینی لە کوردستاندا نییە کە روانگەکەی راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ نەکەوتبێتە ژێر کاریگەری هیرا فەرمییەکانی ئایینی ئیسلام.

## پەراوێزەكان

١- زمانەكانی رۆژئاوای ئێران وەك گۆرانی و زازایی كە بە شێوازی ناوچەیی وەك زاراوەكانی زمانی كوردی حیسابیان بۆ دەكرێت، لەم بەشەدا وەك زاراوەكانی رۆژئاوای ئێران حیسابیان بۆ كراوە.

٢- بڕوانە: بۆ كرینبروك (١٩٩٢-١٩٩٣).

٣- ناوی كەونارای خودا لە هیند، Mitra بووە، لەحاڵێكدا زۆربەی ئێرانییەكان پێیان دەگوت Mithra.

٤- بۆ تاوتوێكردنی كاریگەریی بیرۆكەكانی میزۆپۆتامیا لەسەر ئایینی زەردەشت كە لەوانەیە لە سەرەتادا كاری كردبێتە سەر كوردان، بڕوانە: بۆیس (١٩٨٢:٢٦).

٥- بڕوانە: جاناتا و ئەوانی دیكە.

٦- هەرچەند ئەهلی حەقەكان و ئێزیدییەكان، فریشتە حەوتەوانەكانی خۆیان بە ناوەكانی دیكە بانگ دەكەن، بەڵام هەم ئەهلی حەق و هەم ئێزیدییەكان بانگەشەی ئەوە دەكەن ناوە راستەقینەكانی ئەوان هەر ئەو ناوانەیە كە لە ئایینی یەهوودیدا هەیە.

٧- یۆنان: زوروستر (Zoroster)كە ناوێكی ئایینیە.

٨- لە ئاینی زەردەشت، خوداوەند نیشانگەری یەكێ لە ئەندامەكانی ئەم گرووپە حەوتوانەیە.

٩- بڕوانە: بۆیس.

١٠- بڕوانە: بویس

١١- وایدینگرێن (١٩٦٥:٢٩١)دەڵێت كە پێوەندیگەلێكی هاوشێوەش لە ئایینی (زرڤانیسم) دا دەور دەگێڕێ.

١٢- بۆیس و گرنیت (١٩٩١:٦١).

١٣- بۆیس و گرنیت (١٩٩١:٣٤٥، ٢٥٣).

١٤- بۆ تاوتوێكردنی پێوەندی نێوان ئایینی مانی و عەلەوی، بڕوانە: بومك (١٩٧٩:٥٣٩). وێنای خۆشانی جیهان لە كاتی خیلقەت كە لە خیلقەتناسی ئایینی مانیدا دەور دەگێڕێ، لە ئوستورەكانی ئایینی ئێزیدی و ئەهلی حەقیشدا هەیە (كرینبروك، ٥٦-٥٥١٩٩٥)، بەڵام ئەگەری ئەوە هەیە كە لەكۆتاییدا لە ئایینێكی كۆنتر سەرچاوەی گرتبێت. ئەم بیرۆكەیە كە جیهان وێنای خوداوەند لە ٧ قۆناخ دایە —كە لە ئایینی شیعەی ٧ ئیمامیش دا هەیە — لەوانەیە لە بیرۆكەكانی ئایینی مانی و فەلسەفەی ئەفلاتونی نوێ سەرچاوەی گرتبێت. نووسەرێكی نوێ (شۆرش:٢٦:١٩٩٢-٢٦-٢٧) دەڵێ لەنێوان هەڵوێستە غەیرە دنیایەكانی ئایینی مانی و هەڵوێستەكانی پەیرەوانی نوێی تەریقەتی سۆفیانەی حەمە سوور (كە پاش



دەیەی ١٩٤٠ تا ئێستا درێژەی نەبووە) پێوەندی هەیە.

١٥- بڕوانە: بۆیس (١٩٧٦).

١٦- بۆ تاوتوێی ڕێوڕەسمە ئایینییەكانی سەردەمی كەونارا، بڕوانە: كرینبروك (١٩٩٥:١٥٣).

١٧- بڕوانە: كرینبروك.

١٨- كرینبروك (١٩٩٥:١٥٣).

١٩- هەروەها، بڕوانە: ڤان برۆئینسن (١٩٩٢:٢٤-٢٥). بۆ وردەكارییەكانی كلێسای كلدانی مەن مەدیونی خاتوو كریستیەن ئالیسۆن م.

٢٠- ئەم سەیر و سەفەرانەی رۆح (میتافیزیك) هێشتا بەشێك لە هیراكانی ئایینی ئەهلی حەق و تا رادەیەك ئێزیدی-ە. بۆ لێكۆڵینەوەی زیاتر، بڕوانە: كرینبروك.

٢١- بڕوانە: كرینبروك (١٩٩٥:٢٨).

٢٢- هەڵبەتە ئەمە راستە كە یەكێ لە قارەمانە مەزنەكانی ئایینی ئیسلام واتا سەلاحەدینی ئەیوبی كورد بووە، بەڵام وادیارە بە تەواوی لە كولتووری زاڵی عەرەبی —ئیسلامیدا تاوابووەوە و بەهەرحاڵ شاكارەكانی سەربازی بوون، نە زانستی.

٢٣- هەندێك كوردی حەنەفی لە هەندێك ناوچەی تایبەتی دەشتی كۆیە هەن (شۆرش:١٢:١٩٩٢). بۆ تاوتوێكردنی كوردە شیعەكان، بڕوانە: بۆ ژێر.

٢٤- شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە كتێبەكەی بوزئەرسەلاندا. هەروەها بۆ تاوتوێكردنی شێخ عوبەیدوڵڵا، بڕوانە: بۆ ڤان برۆئینسن (١٩٩٢:١٦٥).

٢٥- جونیبوڵ (١٩٣٠:٢٠).

٢٦- جونیبوڵ (١٩٣٠:٢٠).

٢٧- بڕوانە: شۆرش (١٩٩٢:١٤٨). بۆ تاوتوێكردنی بزووتنەوەی نورجوو لە توركیا و ئەو پیاوە كە ئیلهامی پێدا (سەعید نورسی)، بڕوانە: ڤان برۆئینسن (١٩٩٢:١٤).

٢٨- بۆ تاوتوێكردنی تەریقەتە سۆفییانەی شیعە، بڕوانە: گراملیچ (١٩٦٥، ١٩٧٦).

٢٩- بڕوانە: ڤان برۆئینسن (١٩٩٢:٣٣٧).

٣٠- بڕوانە: ڤان برۆئینسن (١٩٩٢:٢٢٨).

٣١- دەڵێن پێوەندییەكی بەهێز لە نێوان بنەماڵەی بارزانی و تەریقەتی نەقشبەندی و بنەماڵەی جەلال تاڵەبانی و تەریقەتی قادریدا هەیە.

٣٢- بڕوانە: تریمینگهام (١٩٧١:٤٠٤).

٣٣- بۆ ڕێوڕەسمە ئایینییەكانی تەریقەتی قادری، بڕوانە: ڤان برۆئینسن (١٩٩٢:٢٣٤-٢٤٠).

٣٤- بڕوانە: شۆرش (١٩٩٢:٢٩).

٣٥- دەكرێت بە نمونەگەلێكی هاوشێوەی بچووكتر ئاماژە بكرێت وەك ستایشكردنی سەرچاوە

ئاویەکان لە لایەن بارزانییەکانەوە، (شۆرش ١٩٩٢:٢٩)و بەگشتی بێزاری گەلێ لە کوردان لە پیسکردنی ئاگر بە تفکردن بە ئاگردا. ئەم دوو هەڵوێستە لە ئایینی ئێزیدیشدا شتێکی زەقە.

٣٦- هەروەها کە ڤان برۆئینسن (١٩٩٢:٢١٩) وەبیردەهێنێتەوە، کردەوە بێخودکەرەکان، تایبەتمەندی ئایینی رەفاعییەیە کە دامەزرێنەرەکەی پێوەندی نزیکی لەگەڵ عەبدولقادری کورددا هەبووە. کەوابوو لە وانەیە کردەوەگەلێکی وەها لە لایەن ئەم تەریقەتەوە-کە پاشان لە کوردستاندا نەما — هەبووبێ.

٣٧- بۆ وەسفکردنی رێوڕەسمە ئایینییەکانی تەریقەتی نەقشبەندی، بڕوانە: ڤان برۆئینسن (١٩٩٢: ٢٣٧).

٣٨- ڤان برۆئینسن (١٩٩٢: ٢٣٧).

٣٩- بۆ باس و گفتوگۆ لەمەڕ هۆکارە شیمانەکراوەکانی ئەم بابەتە، بڕوانە: ڤان برۆئینسن (١٩٩٢: ٢٢٤). بۆ باس و گفتوگۆ لەمەڕ مەولانا خالید و جێگرەکانی، بڕوانە: تریمینگهام (١٩٧١:١٢٤).

٤٠- بە تایبەت، بڕوانە: بە بلاو(١٩٩٠).

٤١- ئەم زانیارییانە لە دوکتۆر یەدوڵڵا جەبیران نژاد، لە دایکبووی سنە کە ئیستا لە لەندەن دەژی، گیراوە.

٤٢- هیراکانی تەریقەتی نەقشبەندی، راسپاردەی "سەفەر لە وەتەن، خەڵوەت لە ئەنجوومەن "دەکات.

٤٣- بڕوانە: تریمینگهام (١٩٧١:١٢٥) و ڤان برۆئینسن (١٩٩١: ٢٠٦).

٤٤- هەروەها، بڕوانە: ڤان برۆئینسن (١٩٩٢: ٢٤٤).

٤٥- بۆ هۆکارێکی یارمەتیدەری دیکە واتا پێوەندی نێوان مەلەك تاووس و میترای کۆنی ئێران، بڕوانە: کرینبروك (١٩٩٥:٦).

٤٦- تاوتوێکردنی تێرو تەسەلی رێکەوتی دەستپێکردنی ئایینی ئێزیدی لە لالش، بڕوانە: کرینبروك (١٩٩٥:٢٧).

٤٧- راپورتەکە هی ئەلکوبتی یە.، بڕوانە: کرینبروك (١٩٩٥:٣٢).

٤٨- دەگوترێت کە روداوێکی هاوشێوە لە گوندێکی بارزان لە سەدەی رابردوودا روویداوە.، بڕوانە: ڤان برۆئینسن (١٩٩٢: ٥١).

٤٩- بڕوانە: کرینبروك (١٩٩٥:٣٢).

٥٠- بڕوانە: کرینبروك (١٩٩٥:١٦٢).

٥١- لایارد(١٨٤٩:٢٣).

٥٢- بە ناوی مەسحەفا رەش (کتێبی رەش)و کتێبا جلوە کە لە لایەن بیتنێر (١٩١٣) بڵاوبووەوە.



بۆ وەرگەڕاندنەکەی، بڕوانە: گیست (١٩٨٧:١٩٩). بۆ باس و گفتوگۆی گشتی دەربارەی کتێبە پیرۆزەکان، بڕوانە: کرینبروك (١٩٩٥:١٠)

٥٣- بڕوانە: جەلیل (١٩٧٥)، سلێمان و جوندی (١٩٧٩)و سلێمان(١٩٨٥).

٥٤- بڕوانە: کرینبروك (١٩٩٥).

٥٥- بڕوانە: شۆرش (١٩٩٢:١٢)، ڤان برۆئینسن (١٩٩٢:٢٣). بۆ گرووپێکی هاوشێوەی دیکە (فەیلییەکان)، بڕوانە: موراد(١٩٩٢:١٢٨).

٥٦- بڕوانە: هیتی (١٩٦٤:٤٤٣).

٥٧- بەوتەی دوسارد لە کتێبی مێژووی ئایینی نەساری، پاریس، ١٩٠٠، لاپەڕەی ٥١. درووزییەکان نموونەی گرووپێکن کە راستەوخۆ لە ئیلحاد بۆ ئیسلام تێپەڕبوونە.

٥٨- ویز سلمیا لە باکووری سوریا ناوەندێکی سەرەکی قەرمەتییەکانە و ئەلەموت لە باکووری رۆژئاوای ئێران، قلای ئیسماعیلییەکان یان بکوژەکانە کە لە سوریاش بەهێزە.، بڕوانە: هیتی (١٩٦٤:٤٤٤). هەروەها، بڕوانە: نەقشەی بەرامبەری لاپەڕەی ٤٨ی کتێبی هادگسۆن (١٩٩٥). قەزەلباش، بزووتنەوەیەکی شیعە ی١٢ئیمامییە کە لە دامەزرانی دەوڵەتی شیعە لە ئێران لە ساڵی ١٥٠٠ کەوتووەتەوە و هەروەها پێشەنگی عەلەویزمی نوێ بوو کە لەنێوان پەیرەوانە سەرەتاییەکانی عەشیرەتە تورکمان و کوردەکاندا هەبوو.، بڕوانە: موسا (١٩٨٧:٤٣٢).

٥٩- بۆ لێکۆڵینەوەیەك لەم بارەوە، بڕوانە: شورش (١٩٩٢).

٦٠- بۆ ئایینی عەلەوی، بڕوانە: بومك (١٩٧٩)و کیهل بودروگی (١٩٨٨). بۆ ئایینی شەبەك، بڕوانە: ئەلشەرەف (١٩٥٣)، موسا (١٩٨٧)و لیزینبێرگ. بۆ ئایینی سارلی، بڕوانە: موسا (١٩٨٧:١٦٨)و لیزێنبرگ. موسا هەروەها باسی باجوان و ئیبراهیمییەکان دەکات (موسا، ١٩٨٧:١٦٧).

٦١- عەلەوییەکان رێوڕەسمێکیان هەیە کە تێیدا لەعنەت لە یەزید دەکەن.، بڕوانە: کیهل بودروگی (١٩٨٨:٢٣٠).

٦٢- هەرچەند کە ئیسلام، چەمکی تەرکی دنیا کردن بە فەرمی ناناسێت، بەڵام وادیارە کە ئەم دەستەواژەیە، گرینگترین دەستەواژەیەکە کە بارودۆخی ئەم ئایینە لە کۆمەڵگادا وەسف دەکات. بەهەرحاڵ ئەمە راستە کە بە ئەندام بوون لەم رۆحانیەتانەدا شتێکی میراتیە و پێویستی بە زانیاریی تەواو لە بارەی ئەم ئایینە یان تواناییگەلێك کە بە گشتی لەناو پیاوە ئایینییەکاندا هەیە، ناکات.

٦٣- بڕوانە: کیهل بودروگی (١٩٩٢:٥٤).

٦٤- بڕوانە: کرینبروك (١٩٩٢:٥٤).

٦٥- لە نەریتی ئەهلی حەقدا بە راشکاوی ئاماژە بەمە کراوە (موکری، ١٩٦٦، لاپەڕەی ١٦، دەقی فارسی، لاپەڕەی٥٤). لەحاڵێکدا کە ڕێوڕەسمی قوربانیکردنی گا لە ناو ئێزیدییەکاندا لە جەژنی جەم، واتا کاتێ کە فریشتە حەوتەوانەکان لە دەوری یەك کۆ دەبنەوە، نیشان دەدات کە قوربانیکردنێکی وەها بەشێك لە ئوستورەی سەرەکی ئێزیدییەکان پێکدەهێنێت.

٦٦- بڕوانە: بۆ کرینبروك (١٩٩٢:٦٩).

٦٧- بۆ ئەهلی حەق، بڕوانە: بۆ بەشی ٦ی ئەم کتێبە. بۆ ئێزیدییەکان، بڕوانە: بۆ ئیدمۆندز (١٩٦٧:٦) کرینبروك (١٩٩٥:٥٣). بۆ عەلەوییەکان، بڕوانە: بۆ بومك (١٩٧٩:٣٦). بۆ باسی گشتی سەیر و سەفەرەکانی رۆح لەناو کۆمەڵگا رۆحانییەکانی ئیسلام، بڕوانە: بۆ فریتاك (١٩٨٣).

٦٨- بڕوانە: بۆ کرینبروك (١٩٩٥:٧٩). بۆ چەمکی سوڕی زەمان لە هیراکانی ئایینی ئیسماعیلیە، بڕوانە: بۆ کوربین (١٩٨٣).

٦٩- بڕوانە: بۆ وان برۆئینسن (١٩٩١).

٧٠- بڕوانە: بۆ موکری (١٩٦٧).

٧١- بڕوانە: بۆ کرینبروك (١٩٩٥:٥٤).

٧٢- بۆ ئەهلی حەق، بڕوانە: بۆ ژێر و بەشی ٦ی ئەم کتێبە. بۆ عەلەوییەکان، بڕوانە: بۆ بومك (١٩٧٩:٥٤). بەگوێرەی هەندێ سەرچاوە تەنیا بۆ بنەماڵە ئایینییەکانی ئێزیدی پێویستە کە سمێڵیان هەبێ، بەڵام لە رابردوودا بۆ هەموو پیاوان پێویست بوو کە سمێڵیان هەبێ. هەنووکە، تەنیا پیاوانی کۆنەپارێزی ئایینی ملکەچی ئەم داب و نەریتە دەبن.، بڕوانە: بۆ کرینبروك (١٩٩٥: ٦٧، ٦٩، ١٣٤، ١٤٩، ٥٣، ٥٤).

٧٣- بەتایبەت حەرامبوونی گۆشتی کەروێشك بڕوانە: بۆ بومك (١٩٧٩:٥٤).

٧٤- بۆ گەلێ لە شتە حەرامەکانی ئێزیدییەکان و کاریگەرییان وەك نیشانەکانی شوناس، بڕوانە: بۆ کرینبروك (١٩٩٥:١٤٥).

٧٥- بڕوانە: بۆ حەمزەیی (١٩٩٠:١٥٦)و بەشی ٦ی ئەم کتێبە.

٧٦- بڕوانە: بۆ بومك (١٩٧٩:٥٣٧). کیهل بودروگی (١٩٨٨:٢٣٥) ئاماژە بەوە دەکات کە عەلەوییەکان لەو باوەڕە دان کە ئێسقانەکانی قوربانی نابێت بشکێت یان ناقس ببێت. بەوتەی ئەو، ئەم نەریتە لەگەڵ بیرۆکەکانی نەریتی تورکەکان پێوەندی هەیە. شایانی ئاماژە پێکردنە کە شتگەلێکی حەرامی وەها لەناو ئەهلی حەقەکانیشدا هەیە کە هەندێك توخمی تورکی تێدا بەدی دەکرێت.، بڕوانە: بۆ حەمزەیی (١٩٩٠:١٦٩). لە نەریتی برژاندنی مەر لە نێوان ئێزیدییەکان ولە ڕێوڕەسمی جەمدا نابێت ئێسقان بشکێت کە دەتوانێت لەگەڵ ئەم بابەتەدا پێوەندی هەبێ.



٧٧- بڕوانە: بۆ بەشی مەسیحیەت لە سەرەوە. بۆ راپۆرتێك لەمەڕ ئەمە کە عەشیرەتی خەلاتیەی ئێزیدی، ڕێوڕەسمێك بۆ وەبیرهێنانەوەی Eucharist بەڕێوەدەبەن،، بڕوانە: بۆ کرینبروك (١٩٥٧:٦٧).

٧٨- بڕوانە: بۆ کیهل بودروگی (١٩٨٨:٢٣٦).

٧٩- بڕوانە: بۆ کرینبروك (١٩٥٥:١٥٠).

٨٠- بڕوانە: بۆ کرینبروك. جەژنەکانی ئێزیدییەکان و ئەهلی حەقەکان لە ئینسکلوپیدیای ئیسلام، یار شاتر.

٨١- بڕوانە: بۆ بومك (١٩٧٩:٥٣٤)و کرینبروك (١٩٥٥:١٢٥).

٨٢- بۆ چەمکی زەردەشتی، بڕوانە: بۆ کرینبروك (١٩٤٤). بۆ سۆفیزم، بڕوانە: بۆ ئیشمیهل (١٩٧٥:١٠١).

٨٣- بڕوانە: بۆ بومك (١٩٧٩:٥٣٤).

٨٤- بڕوانە: بۆ حەمزەیی (١٩٩٠:٢٢٤).

٨٥- بڕوانە: بۆ کرینبروك (١٩٩٥:١٣٦).

٨٦- بڕوانە: بۆ حەمزەیی (١٩٩٠:٢٢٥)و ئیڤانۆف (١٩٥٣:٤١).

٨٧- شتێکی وەها (واتا پەیرەوانی حەمەسوور) لە کتێبەکەی شۆرش دا (١٩٩٣:٢٦) وەسف کراوە.

٨٨- من بۆ ئەم زانیارییانە مەدیونی خاتوو کریستیەن ئالیسون م (١٩٩٢:٨٣).

٨٩- بڕوانە: بۆ لیزینبێرگ.

٩٠- بۆ وەسفکاریەکانی ئەم بابەتە، بڕوانە: بۆ وان برۆئینسن (١٩٩٢:٨٣).

٩١- بۆ بەریانی نەریتی زارەکی کورد برەو لای ئەم راوڕایەڵانە لە سەردەمێکدا کە ئەو کەسایەتییە تێیدا ژیاوە، بڕوانە: بۆ لاپەڕەی٣٨.

٩٢- بانگەشەگەلێکی وەها لە لایەن هەندێك گرووپی شیعە دەربارەی حەزرەتی عەلی و لەم دواییانەدا لە لایەن نەقشبەندییەکانەوە دەربارەی شیخ ئەحمەدی بارزانی هاتوەتە سەر زمان. نەریتی ئەهلی حەق بانگەشەی ئەوە دەکات کە رێبەرێکی پیرۆز دەبێ وێنای بوونەوەرێکی ئیلاهی بێ. لایەنەکانی ئایینی ئێزیدی لەسەر بنەمای بیروباوەڕگەلێکی هاوشێوە دامەزراوە بەڵام لێرە کەمتر شیکراوەتەوە.

٩٣- ژمارەی رێکی گرووپی بوونەوەرە ئیلاهیەکان لە وەداد(کتێبی پیرۆزی هیندییەکان کە بە ئادیتاس ناسراوە)٧ کەسە. هەروەها، بڕوانە: بۆ ئیلدینبێرگ (١٩٢٣:١٧٨).

٩٤- بڕوانە: بۆ وانسینا (١٩٨٥:١٧٠).

(٦)

# ئایین، ڕێوڕەسمە ئایینییەکان و کولتوور لە ناو ئەهلی حەقدا

زیبا میر حوسێنی

## هەگەر پرسیاریان کرد لە کوێ دەتوانی نهێنی خودا بدۆزیتەوە، بڵێ لە داڵەهۆ، دڵی کوردستان، لە شاخەکانی زاگرۆس

بە درێژایی سەدەکان، شاخە دوور و جوانەکانی داڵەهۆ لە باشووری کوردستانی ئێران، پەنایان بە مامۆستایانی ڕێبازیکی ئایینی داوە. لەم شاخە بەرزانەدا، پەیرەوانی ئەهلی حەق (ناوێك کە ئێستا دەیانەوێت بەوە بانگ بکرێن) ئاکارە عەشیرەتییەکانی خۆیان دەپاراست، کۆبوونەوە نهێنییەکانی خۆیان دەگرت، ڕێوشوێنە پیرۆزەکانی خۆیان مۆر دەکردو ئەولیاکانی خۆیان بە خاك دەسپارد، ئەو ئەولیانەی کە ئارامگەکەیان ببوو بە پەناگایەك بۆ کەسانی دیکە. ئێستا نیشتمان و ئایین لەیەك جودا ناکرێنەوە. ئارامگای باوایادگارو داوود و ئەشکەوتی داڵەهۆ و خامۆش لە دەرەوەی ناوچەیش، ناسراون و شوێنە پیرۆزەکانی گەورەکانی ئایین لە سەرانسەری داڵەهۆدا بڵاوبۆتەوە.

چ حەکیمە شیعەکان و چ حەکیمە سوننەکان، بیروباوەڕ و کردەوەکانی ئەهلی هەقیان بە کوفر لە قەڵەم دەدا و پەیرەوانی ئەم ئایینەیان لەگەڵ ئازار و ئەزیەتی ئایینی دراوسێ موسڵمانە دەمارگرژەکانیان ڕووبەڕووکردەوە. ئایینی ئەهلی هەق، هەندێك جار لەنێو غولات (ئەو شیعە توندڕەوانە کە لە ستایشکردنی حەزرەتی عەلی، ئیمامی یەکەم، زیادەڕۆییان دەکرد) دژەی دەکرد.[1]

ئەهلی حەق بە گشتیی بە عەلییوڵڵاهی (پەیرەوانی حەزرەتی عەلی) ناسراون. خودی گەورەکان، ڕێبازی خۆیان، دینی یاری (یار یانی دۆست و خودا) بانگ دەکەن و خۆیشان بە تایفە یان یارسان (لە ئێران)و کاکەیی (لە عێراق) دەزانن.[2] پیاوانی ئەهلی حەق بە هۆی سمێڵە شێواو و گەورەکانیانەوە، زوو دەناسرێنەوە. ئەهلی حەق لەو بیر و باوەڕەدان کە نابێت سمێڵی پیاو لە هیچ هەلومەرجێکدا بتاشرێت، لەبەرئەوەی کە مۆرەکەی دەشکێت. سمێڵی نەتاشراو، نیشانەی ڕەواڵەتی ئایینەکەیان (ڕەمزی یاری)، نیشانەی بەهێزی شوناسەکەیان و پێدەچیت جۆرێك بانگهێشتکردن بۆ بەربەرەکانی بێت.

لەکاتی ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ تیرەی ئەهلی هەق، مرۆڤ هەست بەبێ هیوایی دەکات، لەبەرئەوەی کە پرسیارەکانی مرۆڤ یان پشتگوێ دەخرێت یان هەندێك وەڵامی نابەجێی پێ دەدرێتەوە.[3] ئەگەریش بچیتە لای سەیدەکان (ڕێبەرە ئایینییەکان)، دەستپێشخەری دەکەن و دەڵێن ئایینەکەیان، نهێنییەکە. ئەوانەی کە ئاگایان لەم نهێنییە هەیە، ناتوانن هیچ بڵێن،



لەبەرئەوەی کە لێوەکانیان مۆر کراوە. ئیڤانۆف(w. ivanof) کە ڕۆژهەڵاتناسێك بوو کە لە سەرەتای سەدەی ١٩ لەمەڕ ئایینی ئەهلی حەقی لێکۆڵینەوەی کردووە، ئەم هەڵوێستەی ئەهلی هەقەکان وەك شێتی نهێنیپارێزی ناو دەبات [4]. ئەم نهێنیپارێزییە، وەك کاردانەوەیەکی لۆژیکی لە بەرامبەر سەدەها ئازارو ئەزیەت، پەرەی سەندووە و ئەوەندە قووڵ لە نێوانیاندا دزەی کردووە کە وەك پێناسەیەك بۆ ڕێبازەکە دەرهاتووە.

ئەهلی حەق وەك نهێنییەك سەیری ڕێبازەکەیان دەکەن، ئەو نهێنییە کە تەنها بۆ گرووپێکی هەڵبژرادە -کە ئامانجیان پاراستنی ئایینەکەو گواستنەوەی بە زمانێکی نهێنییە ـ ئاشکرا دەکرێت.[5] لە حاڵی حازردا پرەنسیپەکانی بیروباوەڕی نێو ڕێبازەکە ئەوەندە نهێنین کە پێدەچێت تەنانەت مامۆستاکانی ئەمڕۆی ئایینەکەش بەڕوونیو بەتەواوی لێی حاڵی نین. ئەوان لە ڕاستیدا مۆرەکەیان شکاندووە.

ئەوەی کە یەکجار زۆر کار دەکاتە سەر ئەو بیانییەی کە توانیویەتی لەم دیوارە نهێنییە تێپەڕ بێت، ئەوەیە کە ڕێبازی ئەهلی حەق لە بەرامبەر ئایینەکانی تردا کراوەیە و هیچ خوداناسییەکی دەمارگرژانەی تێدا نییە. گەورەکانی ئایین بەوە شانازی دەکەن کە ئەهلی حاڵ ن (خلسەی سۆفیانە) نە ئەهلی قاڵ (مونازراتی خوداناسانە). پێدەچێت هەر بەم هۆیەشەوە بێت کە سەرەڕای هەستی بەهێزی ناسنامەی ئایینی، کۆمەڵگای ئەهلی حەق قەت نەگەیشتووە بە یەکگرتنێکی ئایینی، ڕێبەرایەتێکی سەرەکی ئایینی و کلێسایەك.

بنەواشەی ئایینی ئەهلی حەق لە یەك دێڕ شیعری کوردیدا کورتکراوەتەوە کە بەپێی ئەوە ئایینی ئەهلی حەق لەسەر چوار کۆڵەکە ڕاوەستاوە: پاکی (خاوێن بوونی جەستەو ڕۆح)، ڕاستی (ڕاست بوون لەگەڵ خۆ و خەڵك)، نەبوون (دڵنزمی فکرو ڕۆح)و ڕەدا (برایەتیو یارمەتیدانی خەڵك).[6] (ئاماژەیە بەم شێعرە: یاری چوار چیوەن باوەری وە جا پاکی و ڕاستی و نیستی و ڕەدا- وەرگێڕ).

ئەمە زەحمەت و هەندێك جار نامومکینە کە ئایینی ئەهلی هەق بە شێوازێك تاوتوێ بکرێت کە غنای حاڵ بێ شرۆڤەکردنی قاڵ لەخۆ بگرێت. گەورەکانی ئەهلی حەق، هەست بەوە دەکەن کە ڕێبازەکەیان بە دەستی ئەو کەسانە کە تاوتوێیان کردووە، خراپ ڕاڤە کراوە.[7] کەوابوو ئەم لێکۆڵینەوەی ئێمە، نە تاوتوێکردنێکی حەکیمانەیە (کە نهێنیپارێزی، ئەم هەوڵانە پێناسە دەکات)و نە بنەواشەکانی بیروباوەڕی ئایینی ئەهلی حەق دەخاتە پاڵ ئایینەکانی پێش ئیسلام و نە بە شوێن ئەوەدایە کە ئەم بیروباوەڕانە لەنێو بازنەی پێناسەی ئیسلامدا بگونجێنێ.

هەڵبەتە هەردووی ئەم بابەتانە، سەرنجی زۆرێك لە لێكۆڵەرانی بۆ لای خۆی ڕاكێشاوە[8]. مەبەستی ئێمە شرۆڤەكردنی بارودۆخی هەنووكەیی كۆمەڵگای ئەهلی حەق بەو شێوازەیە كە من لە ساڵی ١٩٩٢لە كرماشان بینیومە.[9] من هیوادارم لە ڕێگای وەدیهاتنی ئەم ئامانجە توانیبێتم بەشداریم لە شرۆڤەكردنی جیهانی پڕ ڕەمزوڕازی پەیڕەوانی ئەهلی حەق و ئەو زۆر و زەحمەتیانەی كە ئەم خەڵكە لەكاتی ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ جیهانی دەرەوە، تەجروبەیان كردووە، كردبێت. بەڵام سەرەتا پێویستە كە ئاماژەیەك بە مێژوو و ئوستوورەناسی ئایینی ئەهل حەق بكەین.

## ئەهلی حەق و كوردستان: یادنووسێكی مێژوویی سۆفیانە

سەبارەت بە بنەڕەت و ریشە و ڕێكەوتی سەرهەڵدانی ئایینی ئەهلی حەق، بیر و بۆچوونێكی هاوبەش لە ئارادا نییە، جگە لەوەی كە وەك لقێكی تەسەوف لە كوردستاندا دەستی پێكرد و لەوێ وەك ئایینێكی گشتیی مایەوەو عەشیرەتە گوندنشین و ڕەوەندنشینەكانی بۆ لای خۆی ڕاكێشا.

ئەو لێكۆڵەرانەی كە ئەم ئایینەیان تاوتوێ كردووە، بە گشتیی بە دوو دەستە دابەش دەكرێن: دەستەی یەكەم ئەو لێكۆڵەرانەن كە وەك بەشێك لە ئیسلام سەیری ئایینی ئەهلی حەق دەكەن و هۆكاری سەرهەڵدان و پەرەسەندنی دەخەنە پاڵ بەریانە توندڕەوانەكانی بزووتنەوەی شیعەكان[10]. دەستەی دووەم ئەو لێكۆڵەرانەن كە وەك توێژێكی نازك سەیری ئەو پێكهاتە ئیسلامییەی ئایینەكە دەكەن كە كەوتۆتە سەر ناوەڕۆكی بنەڕەتی كۆنی ئێرانی ئەم ئایینە. ئەم دەستەی دووەمە هەروەها ئەو لێكۆڵەرانە دەگرێتە ناوخۆ كە هۆكاری سەرهەڵدان و پەرەسەندنی ئەم ئایینە دەخەنە پاڵ تامەزرۆیی گشتیی خەڵك بۆ پاراستن و جێبەجێكردنی نەریتە ئایینییەكانی ئێرانی كەونارا كە لە دوای سەرهەڵدانی ئیسلام كەوتبووە ژێر[11]. ئەمڕۆ خودی ئەهلی حەقەكانیش بە هێڵگەلێكی هاوشێوە دابەشكراون. لە كاتێكدا كە هەندێك خۆیان لە نەریتە ئیسلامییەكان جودا دەكەنەوە و ئەهلی حەق وەك ئایینێكی جودا پێناسە دەكەن، هەندێكی تر هەوڵدەدەن بنەواشەی بیروباوەڕەكەی بخەنەپاڵ بیر و باوەڕی شیعە (بەڵام ناوەڕۆكی سۆفیانەكەی زەق دەكەنەوە).

هەرچەند كە ڕێكەوتی ڕێكی سەرهەڵدانی ڕێبازی ئەهلی حەق هێشتا ڕوون نییە، بەڵام زۆربەی لێكۆڵەران باس لەوە دەكەن كە لە كۆتاییەكانی سەدەی ١٤ یان سەرەتاكانی سەدەی ١٥پێكهاتووە.[12] ئەم سەردەمە، سەردەمی سەرهەڵدانی لە ڕادەبەدەری بزووتنەوە ئایینی ـ



سیاسییەكان لە جیهان، ئێران و توركیا بوو كە بە دامەرزانی سلسلەی سەفەوی لەساڵی ١٥٠١ لە ئێران گەیشتە لوتكەی خۆی. سەفەوییەكان كە لە بنەڕەتدا تەریقەتێكی سۆفیانە بوون، شیعەگەرییان كرد بە ئایدیۆلۆژی و پاشان كردیان بە ئایینی فەرمی وڵات. بەهەرحاڵ لەگەڵ ئەمەشدا هیچ ئاماژەیەك بە تیرەی ئەهلی حەق لەنێو سەرچاوە كۆنەكانی ئەم قۆناخەو قۆناخەكانی دواتردا نەكراوە. تەنانەت لەم سەرچاوانەدا هیچ باسێك لە ناوی دامەرزێنەری بەناو و دەنگی ئایینەكە، واتا سوڵتان سەحاك، نییە.[13] ئەم بێدەنگییە، دەتوانێ بەڵگەیەك بێت بۆ ئەوەی كە سەرهەڵدانی ئایینی ئەهلی حەق، هەم ئاشتیخوازانە و هەم هەنگاو بە هەنگاو بووە و هیچ ڕووداوێكی لەگەڵدا نەبووە كە بۆ مێژوونووسە بیانییەكان گرینگ بێت. كۆمەڵگای ئەهلی حەق سەرەڕای ئەم ڕاوەستانە مێژووییەی خۆی، نەریتێكی دەوڵەمەندی هەیە كە لە دەقە زارەكییەكانی (كە بە كەلام ناسراوە) پێكهاتووەو مێژووی سەرەتاو پەرەسەندنەكانی دواتری ئایین نیشاندەدات.

كورتەیەك لە ئەفسانەكانی دامەزرانی ڕێبازی ئەهلی حەق (وەها كە گەورەكانی وتوویانەو لەگێڕانەوە پیرۆزەكاندا ئاشكرایە) بەم شێوەیە: "سێ دەروێش بە ناوەكانی داوود، بنیامین و پیرموسا كە خەڵكی شوێنە جوداجوداكانی جیهانن، لەناكاو دەبینن كە كەتوونەتە سەر كانییەك لە چیاكانی شاهۆ لە هەورامان. چاوی پەنهانی (باتن)یان دەكرێتەوە و یەكتر دەناسنەوە. بە یەكتر دەڵێن وەها كە بەڵێنیان داوە، سوڵتان سەحاك (واتا خودا) خۆی لە پردیوەر ئاشكرا دەكات، هەر بۆیە دەستدەكەن بە گەڕان بە شوێن خودا. كەوابوو بە چاوی ڕۆحیی خۆیان، سەرانسەری جیهان دەگەڕێن و دەبینن كە سوڵتان لە ماڵی شێخ عیسا(نەوەی پێغەمبەرو نەوەی شێخی نەقشبەندی) لە بەرزەنجە (كە دەكەوێتە ناوچەی شارەزوور لە عێراقی ئەمڕۆدا) ئاشكرا دەبێت [14]. سێ دەروێش، بەرەو بەرزەنجە دەكەونە ڕێ و كاتێ دەگەنە ئەوێ، سێ كوڕی شێخ عیسا(بە ناوەكانی قەدیر، خەدشاو سەلامەت) پەیدا دەكەن و دەبینن كە خودی شێخ، بە تەواوی نەزانە. بێ هیوا دەبن، لە ماڵی شێخ دەمێننەوە، چاوەڕان دەبن و خزمەتی دەكەن و هانیدەدەن ژیانی هاوسەری پێك بێنێت. سێ دەروێش لە ڕێگای كەرامەتی خۆیان (هێزی ڕۆحی) قەناعەت بەسەرۆك عەشیرەتی جاف دەهێنن كە كچی خۆی (بە ناوی خاتون دایەراك) بدات بە شێخ عیسا كە یەكسەد ساڵ تەمەنی بووە. خاتوون دایەراك بە شێوازێكی پەرچوو ئاسا لە ماڵی شێخ عیسادا دووگیان دەبێت و كوڕێكی دەبێت، ناوی دەنێن ئیسحاق (سەحاك). سێ دەروێش تا كاتی كۆچی دوایی شێخ عیسا لە لای سەحاك دەمێننەوە.

پاش کۆچی دوایی شێخ عیسا، دووبەرەکی دەکەوێتە نێو منداڵەکانی و لە ئاکامدا سەحاک بەرزەنجە بەجێ دەهێڵێ و لە گوندی شێخان لە قەراخ رووباری سیروان نیشتەجێ دەبێت و لەوێ ڕێبازی ئەهلی حەق وەك ڕێبازێکی جودا، دادەمەزرێنێت. ئەم دامەزراندنە لە ڕێگای پەیمانێك بە ناوی بەیابەسی پردیوەری (واتە پەیمانی ئەم بەری پرد) ئەنجامدەدرێت کە هێما بۆ ئەو لای پردەکە دەکات کە پەیمانەکە لەوێ بەستراوە. سوڵتان بۆ ماوەی سێسەد ساڵ ژیان دەکات و لەو ماوەیەدا پەیڕەوانێکی زۆر پەیدا دەکات. ئەم پەیڕەوانە پاش کۆچی دوایی سوڵتان سەحاك، شێخان بەجێ دەهێڵن و لەسەرانسەری جیهاندا بڵاودەبنەوە. هەندێك دەچن بۆ بەغداد و لەوێ پەرە بە ڕێبازەکە دەدەن (شا ئیبراهیمییەکان)، هەندێك دەچن بۆ تورکیا(حاجی بەکتاشییەکان)، هەندێك دەچن بۆ هێند و هەندێکی تر (لەوانە باوا یادگار) دەچنە سەرانە لە شاخە دوورەکانی داڵەهۆ و ڕێگای سوڵتان لەوێ درێژە پێدەدەن[١٥].

بە هەرحاڵ ئارامگای ئێستای سوڵتان سەحاك لە شێخان، تەنها ئاسەواری ڕێبازی ئەهلی حەقە لە هەورامان. هەروەها، جودا لە دوو شەجەرەنامەی یەکنەگر لە نەوەکانی شێخ عیسا، هیچ بەڵگەیەکی ئەوتۆ لە بارەی هەبوونی سوڵتان سەحاك لە ئارادا نییە، چ بگات بەوەی کە لە کوێ ژیاوە [١٦]. بەهەرحاڵ ناوی یەکێك لە جێگرەکانی سوڵتان سەحاك واتا باوایادگار(کە بۆ بڵاوکردنەوەی پەیامی سوڵتان سەحاك لە کوردستان دانرا بوو) لە قەواڵەیەکی وەقف لە ڕێکەوتی ١٥٢٦ ی زایینی کە بە قەواڵەی ئەنزەلە ناسراوە، هاتووە. لەم بەڵگەیەدا هاتووە کە هەندێك ماڵ و دارایی بەهەمان ناو لەلایەن گەورەیەکی کورد بە ناوی قەمامەدین بەخشراوە بە شێخ یادگار. مەسەلەی گرینگتر لەم قەواڵەیەدا ئەوەیە کە باسی یەکێك لە هۆیەکانی ئەم وەقفەی کردووە، بە واتایەکی تر بارودۆخی ئەو کۆمەڵگایەی کە ئایینی ئەهلی حەق تێیدا بووژاوەتەوە، روون دەکاتەوە. ئەم بەسەرهاتە وەهایە:

"بە فەرمانی والی بەغداد، قەمامەدین (کوڕی عوسمانە کوردە، خەڵکی زەهاو) بۆ ماوەی دوو ساڵ دەکەوێتە بەندیخانە. هەموو هەوڵێك بۆ ئازادکردنی بێسوود دەبێت، هەتا ئەو کاتە کە دایکی قەمامەدین (کە باوەڕی بە بنەماڵەی حەزرەتی عەلی بووە) بە قەمامەدین دەڵێت دەست بە داوێنی شێخی سەردەم، واتا باوایادگار(نەوەزادەی حەزرەتی عەلی) ببێت. قەمام-یش وا دەکات و شەو هەتا بەیانی دەگری و لە باوایادگار دەپاڕێتەوە. باوایادگار دێتە خەوی و پێی دەڵێت تۆ ئێستا ئازادی. ڕۆژی دواتر، والی بەغداد، قەمام ئازاد دەکات و پێی دەڵێ دوێنێ شەو شێخ یادگار هاتە خەونم، گۆپاڵەکەی خستە سەرقوڕگم و پێی وتم قەمامەدین ئازاد



بکە، ئەگەر نەیکەی لە ناوت دەبەم. پاش ئازادی، قەمام دەچێتە سەرانە بۆ ئەوەی ئەرکی سەرشانی خۆی بۆ باوایادگار بەجێ بهێنێ و بەشێکی هەرە زۆری سامان و دارایی خۆی کە بە ئەنزەلە ناسراوە، دەبەخشێ بە ئارامگای ئەو" [١٧].

گرینگی ئەم قەواڵەیە تەنیا لە بەر ئەوە نییە کە لە ڕێگایدا دەکرێت ڕێکەوتی ڕێژەیی سەرهەڵدانی ڕێبازی ئەهلی حەق دیارییبکرێت، بەڵکو لە بەر ئەوەشە کە ئەم بەڵگەیە پشتیوانی لە روانگەی ئەو بەشە لە لێکۆڵەران دەکات کە ئایینی ئەهلی حەق دەخەنە ناو بازنەی ئیسلامەوە. ئەم بەڵگەیە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ڕەگ و ڕیشەی ڕێبازی ئەهلی حەق لەنێو بیروباوەڕەکانی شیعە و بەتایبەت بزووتنەوە تازە سەرهەڵداوەکانی شیعەی ئەو سەردەمە دایە.

شیمانە دەکرێت کە ڕێبازی ئەهلی حەق، لە سەدەی ١٦ی زایینی، واتا ئەو کاتە کە ئایینی شیعە بوو بە بەشێك لە حکومەتی سەفەوییەکان، پەراوێز خرابێت. هەروەها هەر بەو شێوازەی کە ئایینی شیعە لە ئایینێکی ڕاپەڕیو بووبە ئایینێکی بەهێز و چاکسازی حەکیمانەی زۆری بە خۆیەوە بینی، روانگە و هەڵوێستە سەرەتاییەکانی ـــ کە هەندێکیان هێشتا لەنێو ئەهلی حەقدا پەیڕەوی لێ دەکرێ ـ بەرەو ئەملاولا پاڵی پێوە نرابێ. لە حاڵی حازردا ئەم بەریانانە، زۆرتر لە رابردوو بەرەو قەراخ پاڵیان پێوە نراوە و بیروباوەڕە قبوولکراوە سەرەتاییەکانی، ئێستا بووە بە کوفری ئاشکرا. ئەم رەوتە لە هەنگاوی یەکەمدا بوو بە ئەنجامی کامیلبوونی ڕێبازی ئەهلی حەق لە ڕێگای نەریتە گشتییەکان کە لە لایەن سۆفییە ناوچەییەکان و ڕێبازی دەروێشە گەڕیدەکان پڕوپاگەندەی بۆ دەکرا.[١٨]

وەبیرهێنانەوەی ئەمە گرینگە (لەبەرئەوەی کە کاردانەوەیەك بوو لە بەرامبەر بیروباوەڕەکانی ئیسلام، چ شیعە، چ سوننە) کە زۆرێك لە پرەنسیپەکانی بیرو باوەڕو کردەوەکانی ئەهلی حەق، بەرەبەرە پێناسە کران و شێوازی ئەمڕۆییان بە خۆوە گرت و بیرو باوەڕەکانی دژی پێکهاتەی ئایین، لەنێو نەریتە پیرۆزەکان و بیر و باوەڕکانیاندا جێی خۆی کردەوە و بیرەوەری گشتیی پڕ لە ژان و خەفەتی چەندەها سەدە ئازار و ئەزیەتی زیندوو ڕاگرت. تەنانەت ئەمڕۆش، گەورەکانی ڕێباز، بە بیری بیانییەکان دەهێننەوە کە ئایینەکەیان موعجیزە و هێزێکی مەعنەوییە (ئیعجاز و کەرامەت)، نە ئایینێکی دنیایی سازشکارو زۆرەملێ و باووباپیرانیان ئەم ئایینەیان قبوولکردووە لەبەر ئەو شتانەی کە تێیدا بینیویانە، نە بە هۆی ئەوەی کە دەسەڵاتخواز بوونە یان ئایین بەزۆر بە سەریاندا سەپاوە.

هەروەها لەم چوارچێوەیەدا دەبێ بگوترێت کە بیر و بۆچوونی دەستەی دووەم لە لێکۆڵەران

که ئایینی ئەهلی حەقیان خستۆتە نێو نەریتە کۆنە ئایینییەکانی ئێران، لە لایەن کوردەکانەوە باشتر پارێزراوە. ئەم گریمانەیە بە تایبەت لەنێو لێکۆڵەرانی ئێرانی کە هەوڵدەدەن بیر و باوەڕی خۆیان بە بەڵگە بسەلمێنن، باوە کە هێما بۆ هاوشێوەکانی نێوان بنەواشەی باوەڕی و کردەوەکانی ئەهلی حەق و ئایینە کۆنەکانی دیکە دەکەن [١٩]. بەهەرحاڵ هیچ کام لەم لێکۆڵەرانە، هیچ بەڵگەیەکیان لەنێو سەرچاوە نووسراو یان زارەکییەکاندا نەهێناوەتەوە بۆ ئەوەی کە بانگەشەی خۆیان بسەلمێنن. بە وتەی پەیڕەوانی ئەم ئایینە، دەبێت لە شوێنە پیرۆزەکانی ئەم ڕێبازە ـ کە زۆرتر لە ناوچەی گۆران دان ـ بە شوێن ئەم بەڵگانەدا بگەڕێیت. ئەم گەڕانە ئێمە بەرەو لای جۆرێکی دیکە لە نەریتی زارەکی ئەهلی حەق ـ کە لەگەڵ کەلام جیاوازە و کەمتر سەرنجی پێدراوە ـ رادەکێشێت. لەم جۆرە نەریتەدا، هۆکارە سەرەکییەکان، گۆرانەکان (کە خەڵکێکی عەشیرەتین لە خاکی خۆیاندا دەژین)و پادشاکانی ساسانین.[٢٠] وەك نموونە:

((لە ماوەی دسەڵاتداری خەلیفەی دووەم (حەزرەتی عومەر)، ئێران بە دەستی عەرەبەکان گیرا. زۆرێك لە ئێرانییەکان دەسبەسەر کران و کران بە کۆیلە. لەنێوان ئەمانەدا دوو کچی یەزدگرد (دوایین پادشای ساسانی) بە ناوەکانی شەهربانوو شازادە شەهرزاد هەبوو. ئەم دوو کەسە بران بۆ دیوەخانی حەزرەتی عومەرو حەزرتی عومەریش، بە هۆی رەچەڵەکەکەیانەوە رێزی لێ گرتن و ئیزنی پێدان کە لە نێوان ژمارەی زۆری خوازبێنەرەکاندا، شوویەك بۆ خۆیان هەڵبژێرن. شەهربانو، ئیمام حوسێن، کوڕی گەورەی حەزرەتی عەلی بۆ خۆی هەڵبژاردو کوڕێکی بەناوی زەینولعابدین (کە تەنها کوڕی ئیمام حوسێن بوو کە لە تراژیدیای کەربەلا زیندوو مایەوە و پاشان بوو بە ئیمامی چوارەم)ی لێ بوو. لە ئێوارە وەختی تاسوعا (واتا دوو رۆژ پێش کوژرانی ئیمام حوسێن)، ئیمام حوسێن بە شەهربانوی وت: "دوو رۆژی دی من شەهید دەبم. ئێوە دەبێت بگەڕێنەوە بۆ ئێران. ئێوە لێرە غەریبن". شەهربانو لە گەڵ سێ سەرباز، کەربەلای بەجێ هێشت. یەکێك لەم سەربازانە، کۆیلەیەکی رەشپێست بە ناوی ئەسحاب بوو کە هاتە ئێران و ناوچەی گۆران-ی وەك شوێنی نیشتەجێی خۆی هەڵبژارد. شەهربانو لە کۆشکی باوکیدا نیشتەجێ بوو بەڵام پاش ماوەیەکی کورت ـ واتا کاتێك کە ئومەوییەکان پەرەیان بە دەسەڵاتی خۆیان دا ـ ناچار بوو ئەوێ بەجێ بهێڵێت. ئومەوییەکان هەم دژی ئێران و هەم دژی بنەماڵەی حەزرەتی عەلی بوون، کەوابوو کۆشکی یەزدگرد یەکێك لە ئامانجەکانی ئەوان بوو. ئەسحاب، ئەشکەوتێکی لەو نزیکانە پەیداکرد تا شەهربانو تێیدا خۆی بشارێتەوە. شەهربانو سەرەنجام لەم ئەشکەوتەدا کۆچی دوایی کردو بە دەستی ئەسحاب بە خاك سپێردرا. خودی



ئەسحاب-یش پاشان مرد و لەسەر رێگای سەر ئارامگای باوایادگار نێژرا".

سێ راستی هەیە کە بوو بە هۆی ئەوەی کە ئەسحاب (بە ئەسحابی زەنگی یان ئەسحابی رەشپێست-یش ناسراوە) ناوچەی گۆران-ی هەڵبژاردو لە هیچ شوێنێکی دیکەی ئێران نیشتەجی نەبوو: یەکەم ئەوە کە ناوچەی گۆران[٢١]، ئاسانترین و نزیکترین شوێن بە کەربەلا بوو. دووەم ئەوە کە ئەسحاب دەیزانی کە گۆرانەکان هێشتا نەبوونە بە موسڵمان و پەنایان داوەتە پاشاکانی دیکەی ساسانی. سێیەم ئەوە کە گۆرانەکان یەکێتییەکی نزیکیان لەگەڵ پادشاکانی ساسانیدا هەبوو. هەر بۆیەش، زۆرترین نەهامەتییان لە دەستی عەرەبە داگیرکەرەکان کێشا. پادشا ساسانییەکان خویان وابوو کە هاوینیان لە ناو گۆرانەکاندا دەبواردو تەنانەت هەندێکیشیان لەنێو رەشماڵەکانی کوردەکاندا گەورە بوون. یەزدگرد کۆشکێکی لە ناوچەی گۆران دروستکردو ئەنەوشیروان، دیوەخانی هاوینانە و دیوانە دادە بەناوبانگەکەی خۆی لە شوێنی ئێستای گوندی قەڵای زەنجیردا دامەرزاند. گۆرانەکان هەروەها تا ماوەیەك لەبەرامبەر ئیسلامدا بەرەنگاریان کرد و سەرەنجام تەنها ئیسلامی شیعەیان (بە هۆی پێوەندی ئەم ئایینە لەگەڵ ئێراندا) قبوولکرد، لەبەرئەوە کە ئیمامی چوارەمی شیعەکان، کوڕی شەهربانو بوو و هەروەها نەوەزادەکانی ئیمام حوسێن، بە شێوازێکی سروشتی بەرەو لای نیشتمانی دایکی خۆیان بەریانیان هەبوو و لە ئێراندا پێشوازیان لێ دەکراو دەپارێزران [٢٢].

ئەمە زۆرترین شتێکە کە مرۆڤ دەتوانێت لە گێڕانەوەکان حاڵی بێت، بەڵام بۆ مەبەستی ئێمە، ئەوەندە بەسە کە سەرنجی خۆمان بدەینە پێگە و کاریگەریی گێڕانەوە پیرۆزەکانی ئەهلی حەق [٢٣]. ئەوەی کە ئەم گێڕانەوەیە دەیلێت، ئەوەیە کە توخمە ئیسلامییەکانی ئایینی ئەهلی حەق لەگەڵ میراتی ئێرانی کۆمەڵگای ئەهلی حەق یەکدەگرێتەوە. لەم رووەوە ئەم گێرانەوەیە لە رێگای ئەوەی کە پێمان دەڵێت بۆچی گۆرانەکان، ئیسلامی شیعەیان هەڵبژارد، گێڕانەوەی پێکهاتنی ئایینی ئەهلی حەق تەواو دەکات. ئەم گێرانەوەیە نە تەنها هەستە دژە عەرەبی و تا رادیەیەك دژە سوننەکان وەسفدەکات، بەڵکو پاساو بۆ جیابوونەوەی کۆمەڵگای ئەهلی حەق لە کۆمەڵگای کورد دەهێنێتەوە.

هەتا ئەو جێگایەی کە پێوەندی بە گەورەکانی رێبازەوە هەیە، ئەوان ئەشکەوتی ناسراو بە بی بی شەهربانو، ئەشکەوتی خاتوون شەهربانو، وێرانەکانی قەڵای یەزدگرد و ئارامگای ئەسحاب (ناسراو بە مەقبەرەی داوود)[٢٤] وەك بەڵگەگەلێکی حاشاهەڵنەگر و بەهێز بۆ سەلماندنی بانگەشەکانی خۆیان، دەخەنە روو. هەمووی ئەم بەڵگانە، لە خاکی گۆران و لەسەر رێی مەقبەرەی باوایادگار و لەنێو شوێنە پیرۆزەکانی ئەهلی حەقدان.

## کۆمەڵگاکانی ئەهلی حەق لە کوردستانی ئێرانی ئەمڕۆ

ئەمڕۆ کوردستانی ئێران، لە رووی ئیدارییەوە، بە سێ پارێزگا دابەشکراوە: پارێزگای کوردستان، پارێزگای کرماشان و بەشێك لە پارێزگای ئازەربایجانی رۆژئاوا (پارێزگای ئیلام-یش کوردنشینە - وەرگێڕ). کۆمەڵگاکانی ئەهلی حەق [٢٥]، هەرچەندکە لە دوو پارێزگای کرماشان و ئازەربایجانی رۆژئاوادا هەیە[٢٦]، بەڵام ناوەندی کوردی ئەم کۆمەڵگایە، پارێزگای کرماشانە کە یەك میلیۆن و نیو حەشیمەتی هەیەو بە شێوازێکی کەم و زۆر وەکیەك لە نێوان کوردە شیعەکان، کوردە سوننەکان و کوردە ئەهلی حەقەکان دابەشکراوە. ئەهلی حەقەکانی کرماشان بە دوو دەستەی سەرەکی دابەش دەکرێن: ئەو دەستەیەی کە لە رۆژئاوای پارێزگاو ئەو دەستەیەی کە لە رۆژهەڵاتی ئەم پارێزگایە هەڵکەوتوون [٢٧].

دەستەی گەورەی ئەهلی حەق، لە رۆژئاوای پارێزگای کرماشاندا هەڵکەوتوون کە لە ناوچەی گۆران لە پاڵ سنووری عێراق دەژین. لە رووی ئیدارییەوە، ناوچەی گۆران سەر بە قەزای ئیسلامئابادی رۆژئاوا(شاەئابادی پێشوو)یە کە بووە بە ناوەندی سەرەکی ئەهلی حەقەکانی ئێران. ئەم ناوچەیە، ناوچەیەکی عەشیرەتییە کە پێشتر گەریدەی رەشماڵەنشین بوون بەڵام ئێستا یەکجێنشین بوونە. ئەم عەشیرەتانە بریتین لە گۆران و قەڵخانی (کە هەموویان ئەهلی حەقن)، سنجاوی (کە لە سەدا ٩٠یان ئەهلی حەقن)و بەشێك لە عەشیرەتەکانی کەلهوڕ، جەلیلەوەند و عوسمانەوەند.[٢٨] کۆمەڵگای ئەهلی حەقی ناوچەی گۆران هەتا سەرەتای ئەم سەدەیە، هەم بە هۆی پێکهاتەی عەشیرەتیو هەم بە هۆی هەڵکەوتی جوغرافیایی، زۆرتر گۆشەگیرو تا رادەیەك خودموختار بوون. ئەوان لە نیوەی سەدەی ١٩ تا ئێستا لەژێر رێبەرایەتی بنەماڵەیەکی سەییدەکان بە ناوی "حەیدەری"یەکان دان کە لەگوندی توتشامی (کە ناوەندی سەرەکی ئایینی ئەهلی حەقە لە ناوچەی گۆران) دەژین.

ناوەندی ناوچەی گۆران، شاری کرندی رۆژئاوایە کە دوو ئارامگای پیرۆزی ئەهلی حەق (ئارامگای بنیامین و ئارامگای پیرموسا)ی لە خۆگرتووە. هەتا سەرەتای دەیەی ١٩٥٠، حەشیمەتی کرند لە زۆرینەی ئەهلی حەق و کەمینەی جوولەکە پێکدەهات، بەڵام هەتا ساڵی ١٩٩٢، حەشیمەتی جوولەکە لە کرند چوونە دەرەوە (زۆربەیان بۆ ئیسرائیل کۆچیان کرد)و لە شوێنی ئەوان، حەشیمەتی شیعە (کە بریتییە لە فەرمانبەرانی حکوومەت، هێزە چەکدارەکان و هێزی سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی) هاتوونەتە نێو کرند. هەندێك کۆمەڵگای گەورەی ئەهلی حەق لە قەزاکانی قەسری شیرین و سەرپێڵی زەهاو دەژین کە نزیکەی یەك لە سێی



حەشیمەتی ئەم دوو قەزایە پێکدەهێنن. ئەم دوو قەزایە، لە میانەی ساڵەکانی سەرەتای شەڕی ئێران و عێراق لە سەرەتای دەیەی ١٩٨٠ کاولکران و زۆربەی نزیك بە گشتیی دانیشتووەکانی لە کرند، ئیسلام ئاباد و کرماشان ئاوارە بوون.

دەستەی دووەمی ئەهلی حەقەکان، لە بەشی رۆژهەڵاتی پارێزگای کرماشان لە قەزای سەحنە و گوندەکانی دەوروبەریدا دەژین. لەرووی ئیدارییەوە، سەحنە ناوەندی ناوچەیە و سەر بە شاری کرماشانە و تەنها شارێکە کە زۆربەی حەشیمەتەکەی ئەهلی حەقن. ژمارەی ئەهلی حەقەکانی ناوچەی سەحنە لە ئەهلی حەقەکانی ناوچەی گۆران کەمترە بەڵام خوشبژێوترن و کەمتر گۆشەگیرن. کۆمەڵگای ئەهلی حەق لەم شوێنە، پێکهاتەیەکی گوندی هەیە و هیچ کام لە عەشیرەتەکانی ناوچە لەخۆناگری. لە سەرەتای سەدەی ١٩، ناوەندی ئایینی ناوچەی سەحنە، گوندی جەیحون ئاباد بووە کە شوێنی ژیانی سەییدەکانی شاە هەیاسییە کە کاریگەرییان لەم ساڵانەی دواییدا کەمبۆتەوە. بە پێچەوانەی ئەهلی حەقەکانی ناوچەی گۆران، ئێستا ئەهلی حەقەکانی ناوچەی سەحنە لەژێر رێبەرایەتی هیچ بنەماڵەیەکی سەییدەکاندا نین وکۆمەڵگاکەیان بەهۆی ناکۆکی و دووبەرەکی نێوخۆیی، شەق بووە. سەرچاوەی ئەم ناکۆکییە لەنێو ململانییەکی یەکجار زۆری رێبەرایەتی دایە کە مێژینەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی ٢٠ و سەرهەڵدانی گرووپێکی رێفۆرمخوازی لێ کەوتەوە. پاش دەیەی ١٩٧٠، ئەهلی حەقەکانی سەحنە، بەدوو گرووپی نەیار دابەشکران: ئەوانەی کە پێڕەوی رێبەرە نەریتییەکانن و ئەوانەی کە پێڕەوی نورعەلی ئیلاهی، رێبەری رێفۆرمخوازن. نورعەلی ئیلاهی، لەژێر کاریگەریی بیروباوەڕەکانی باوکی رێفۆرمخوازی خۆیدا بوو و یەکەم ئەندامی مەشقپێکراوی ئەهلی حەق بوو کە هەوڵی دەدا بنەواشەی بیروباوەڕ و رێوڕەسمە ئایینییەکانی ئەهلی حەق لەگەڵ بنەواشەی بیروباوەڕو رێوڕەسمەکانی ئایینی شیعەدا رێکبخات و توانی ئەم بیر و باوەڕانە بخاتە نێو چوارچێوەی نەریتی سۆفیانەی ئایینی شیعەدا. کتێبەکەی نوورعەلی بە ناوی "بورهانەلحەق" یەکەم لێکۆڵینەوەی رێگەپێدراوە کە بەدەستی نووسەرێکی خودی نوسراوە و بووە هۆی ئەوە کە هەندێك کەس بێنە رێزی دەستەکەی ئەو (٢٩). پاش کۆچی دوایی نوورعەلی لە ساڵی ١٩٧٤، کوڕەکەی بە ناوی بەهرام [٣٠] کە لە فەرەنسا خوێندبووی، دەستیکرد بە هەندێك ریفۆرمی زۆرتر کە بووە هۆی ئەوە کە ئایینی ئەهلی حەق زۆرتر بە خەڵکی جیهان بناسرێت. بەڵام بە پێچەوانەی رێفۆرمەکانی باوکی، ریفۆرمەکانی بەهرام، لەگەڵ بەرەنگاربوونەوەیەکی زۆردا بەرەورووبووەوەو بووبە هۆی دابڕان و پێکدادانێکی توند لەنێو کۆمەڵگادا کە کوژرانی چەندکەسی لێ کەوتەوە. [٣١]

## وتارە پیرۆزەکانی ئەهلی حەق

ئەهلی حەق لەو بیروباوەڕەدان کە ئایینەکەیان (کە بۆ خۆی نهێنییەکە) لەنێو کەلامەکەیاندا ـ کە بە شێوازی شیعرە و زۆرتر بە زاراوەی کوردی گۆرانیو هەروەها زمانەکانی دیکەی ئێرانە ـ ڕەنگی داوەتەوە. کەلام نەوە بە نەوە پارێزراوە و بە شێوازی زارەکی گوێزراوەتەوە و پێدەچێت لە سەدەی ١٩دا نووسرابێتەوە [٣٢]. ئێستا کۆمەڵێك نووسراوی کەلام هەیە کە هەرکامیان، پێوەندی بە قۆناخێکی تایبەت یان سووڕیکی مێژووی سۆفیانەی ئەهلی حەقەوە هەیە. گرنگترینی ئەم کۆمەڵە نوسراوانە، ئەو نووسراوانەیە کە سەر بە سەردەمی سوڵتان سەحاکە و بە کەلامی سەرەنجام ناسراوە. هەتا ئەم دواییانە، ئەهلی حەقەکان، کەلامیان بە غەیرەتانە دەشاردەوە و تەنانەت لەنێو خودی کۆمەڵگاشدا تەنها ژمارەیەکی کەم دەستیان پێڕادەگەیشت کە بریتی بوون لە سەییدەکان (هەڵبژاردە ئایینییەکانی کۆمەڵگا)و کەلام خووەنەکان (کەلام خوێنەرەکان کە کەلام لە دڵەوە دەزانن). بەهەرحاڵ، هەرچەند کە ئەم دیاردەیە ئێستا نەماوە و مرۆڤ بە ئاسانی دەتوانێ نووسراوەکانی کەلام بە ئاسانی بەدەستبێنێت، بەڵام کەلام هێشتا ڕەمز و ڕازی خۆی پاراستووە. کەلامی ئەهلی حەق وەك شیعری سۆفیانەیە و زمانەکەی بە شێوازی تەمسیلییە و جۆش و خرۆشی گشتیی پیشاندەدات، بەڵام لەبەرئەوەی کە شیعری سۆفیانە لە ڕێگای تەمسیل، تێگەیشتنێکی سەمبۆلیك لە ڕەمزە سۆفیانەکان وەدی دێنێت، کەلام لە لایەن گەورەکانی ڕێباز و بەشێوازێکی چەمکی بە پێی دەربڕینی زارەکی دەرك دەکرێت. [٣٣]

بە بیر و بۆچوونی ئەهلی حەق، کەلام بە پێی دەربڕینی زارەکی ئاشکرا دەبێت و پێکهاتووە لە گێڕانەوە مێژووییە ڕاستەقینە پیرۆزەکان کە تێیدا مرۆڤ نەتەنها مێژووی ئایین و ڕیشە و بنەڕەتەکانی ڕێوڕەسمە نهێنییە ئایینیەکان پەیدا دەکات، بەڵکو هۆی پێکهاتنی ڕێبازەکەشی تێدا دەبینێتەوە. لەگەڵ ئەمەشدا هێماکردن بەم بابەتە گرینگە کە بنەواشەکانی بیروڕاو ڕێوڕەسمە ئایینییەکانی نێو کەلام هاوئاهەنگ نین و ئەو وەسفکردنە مێژووییانەی کە تێیدایە، بەگوێرەی ڕێزی مێژوویی نین. مەبەستی کەلام، تێکەڵاوکردنی لایەنە گشتیی و تاکەکەسییەکانی ئیمانە. کەلامەکان، ئەزموونە سۆفیانەکانی گەورەکانی ڕێباز ـ کە هەرکام بە شێوازێك پێناسەی دەکەن ـ لەنێو کۆمەڵگادا خاوێن دەکەنەوە و دەیکەن بەزانیاریگەلێکی



گشتیی. بۆ تێگەیشتن لە کەلام، مرۆڤ دەبێت لە هەنگاوی یەکەمدا، سرووده ئیدراکییەکان و ئیدراکە تایبەتە مێژووییەکان بناسێت.

لە ئاستێکی خەیاڵیدا، تایبەتمەندی زەقی ئەهلی حەق، دابەشبوونی وتارەکانی ئەم ئایینە بە دوو جیهانی جیاواز بەڵام پێوەندیدار دایە: جیهانی دەرەوە (زاهیر)و جیهانی ناوخۆ (باتن). هەر جیهانێك تەکوزی خۆی هەیە و بە دەستی حاکمانی خۆی، فەرمانڕەوایی دەکرێت. بە بیر و بۆچوونی ئەهلی حەقەکان، ئێمە وەك بوونەوەرگەلێکی مرۆڤی ئاسایی، ئاگامان لە تەکوزی جیهانی دەرەوە نییە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ژیانی ئێمە لەژێر دەسەڵاتداری یاساکانی جیهانی ناوخۆ ـ کە چارەنووسی ئێمە تێیدا دیاریدەکرێت ـ دایە. ئەم دابەشکردنە، ئەوەندە قووڵە کە گەورەکانی ڕێبازی ئەهلی حەق بەریانیان بەرەو ئەوەیە کە ئایینەکەیان و ژیانی ڕۆژانەیان لەنێو شتە دژە یەکەکاندا ببینن و تاقی بکەنەوە. وەك نموونە، ئیمان و خەباتی ئەوان حەقە لە بەرامبەر باتڵ داو هەرچی کە حەقە، سەر بە قەڵەمڕەوی باقی (ئەزەلی)یە لە بەرامبەر فانیدا. زات(لە بەرامبەر سفات) قەڵەمڕەوی ناوخۆ پێناسە دەکات و بەسەریدا فەرمانڕەوایی دەکات. کەوابوو هەرچی کە حەق و باقییە، حەقیقییە (لە بەرامبەر مەجازیدا). هەروەها ئەمە سوڵتان- ی حەقیقەت (واتا سوڵتان سەحاك)و ئاشکرابوونە یەك لە دوای یەکەکانیەتی کە لە بەرامبەر ئەو کەسانەی کە هێزی دنیاییان هەیە، بە سەر ئەم قەڵەمڕەوانەدا فەرمانڕەوایی دەکات. تایبەتمەندیگەلێکی دژەیەکی وەها هەموو ڕووەکانی بیر و باوەڕ و ڕێوڕەسمە ئایینییەکانی ئایینی ئەهلی حەق پێکدەهێنێت و لە ڕاستیدا ڕێگا بە گەورەکانی ڕێباز دەدات جیهانێکی هاوتەریب ـ کە هەموویان تێیدا بەهێزن ـ تەجرووبە بکەن.

بە بیروبۆچوونی ئەهلی حەق، جیهانی باتن ئەوەندەی جیهانی زاهیر، ڕاست و هەستپێکراوە و هەموو ڕووداوێك لە دوو ڕوانگەوە سەیر دەکرێت. ئەمە تا ڕادەیەك لە شانۆیەك دەچێت کە تێیدا بەشیك لە پلانەکە لە قۆناخێکی هەست پێنەکراودا ئاشکرا دەبێت. جیهانی باتن تەنها بۆ ئەو کەسانەی کە چاوی دەروونییان کراوەیە ئاشکرا دەبێت. ئەم کەسانە بە باتندار یان دیدەدار ناسراون، واتا کەسانێك کە توانایی ئەوەیان هەیە قەڵەمڕەوی باتن ببینن. کەلام، وتاری ئەو پیاوانەیە کە جیهانی باتنیان تەجرووبە کردووە و بۆ کەسانی دیکە ڕوون نییە. بۆ تێگەیشتن لەم وتارانە، گەورەکانی ڕێبازی ئەهلی حەق، پەرەیان بە شێوازێکی دی لە گێڕاوە زارەکییەکان (کە پێشتر ئاماژەی پێکرا) داوە کە دەکرێت لە باشترین حاڵەتی خۆیدا وەك ئاڵوگۆڕەکانی کەلام وەسفبکرێت. گەورەکانی ڕێباز، کەلام و بەرهەمەکانی جیهانی زاهیر ـ کە لە لایەن ئیماندارانی ئاساییەوە شرۆڤە دەکرێت ـ دەکەن بە چەمك.

زێدەباری وێناکردنی وتارە ئیدراکییەکان، کەلام لەسەر چەمکێکی مێژوویی دانراوە کە تەنها بۆ گەورەکانی ڕێباز، شایانی تێگەیشتنە. کەلام، ڕووداوی مێژوویی کەمی تێدایە، بەڵام باسو گفتوگۆ لە واتاکانی ناخی ڕووداوەکان ـ بەو شێوازەی کە لە جیهانی باتندا ئاشکرایە ـ دەکات. ئەمە، لۆژیکێکی ناوخۆییە و نموونەیەکی جیاوازە کە تێیدا ڕووداوەکان و تایبەتمەندییەکانی جیهانی زاهیر، بە دەستی ئەوان تەرخان دەکرێت و دەبێت بەبەشێك لە وتارەکانی پیرۆزی ئایین.

ئەو تایبەتمەندییە مێژووییە سۆفیانەی کە لەنێو ئەهلی حەقدا هاوبەشە، بریتییە لە نەیارێتی ئەوان لەگەڵ پرەنسیپەکان و بیروباوەڕەکانی ئیسلام لە سەردەمی خۆیاندا. بە بیروبۆچوونی ئەهلی حەق، هەمووی ئەم تایبەتمەندییانە، بە دەستی هێزە تاریکەکانی زاڵ بە سەر جیهاندا هەرەس دەهێنن، بەڵام بە گوێرەی نەریتەکانی ئایین، هەرەسهێنانەکانی ئەوان بە پێی یاساکانی باتن دەبن بەسەرکەوتن. ئەوان دەبن بە سوڵتان- ی حەقیقەت یان یەکێك لە هاوڕێیانی. ئەم ڕووداوە بەواتای نکۆڵیکردن لە بایەخی کەلام وەك سەرچاوەیەکی زانیاری (دەربارەی پێکهاتن و گەشەکردنی ئایینی ئەهلی حەق) نییە، بەڵکو جەختکردنەوە لەسەر ئەوەیە کە ئەم دەقانە، مێژووی نێوخۆیی ئایینەکە دەگێڕنەوە، نە مێژووی جیهانی دەرەوە. ئەم تایبەتمەندییانە بەشێك لە نهێنییە، نهێنییەك کە تەنها بۆ ئەو کەسانە ئاشکرا دەبێت کە پێیان ناوەتە نێو ڕازو نهێنییەکانی ئایین، بە واتایەکی تر تەنها بۆ ئەو کەسانە ئاشکرا دەکرێت کە بەشداریان لە پلانی مەعریفەتناسی ئایین و چەمکە مێژووییەکانیدا کردبێت. ئەمانە ئاسۆیەکی نوێ لە بایەخە مێژووییەکان و ئەو تایبەتمەندییانەی کە لە کەلامدا ئاشکرایە، پێکدەهێنێت [٣٤].

## هیراکانی ئەهلی حەق: مەزهەرییەت و دونادون

یەکێکی دیکە لە فاکتەرەکانی نهێنی ئەهلی حەق (وەها کە لە کەلامدا ئاشکرایە)، ئاشکرابوونە یەك لە دوای یەکەکانی زاتی ئیلاهی بەشێوازی مرۆیی (مەزهەرییەت)و تەناسوخی ڕۆح (دونادون). هەڵبەتە هەردووی ئەم فاکتەرانە، لەنێو بیروباوەڕەکانی ئیسلامیشدا هەیە. بیروباوەڕی بە ئەم دوو فاکتەرانە، ناوەڕۆکی سەرەکی بیر و باوەڕی ئایینی ئەهلی حەق پێکدەهێنێت و تێپەڕبوونێکی زاهیری لە نێوان جیهانی زاهیر و جیهانی باتن دروستدەکات. لە هەر ئاشکرابوونێکدا، زاتی ئیلاهی (زاتی حەق) بە شێوازگەلی جۆراوجۆر



دیار دەبێت کە هاوشێوەی لە بەرکردنی ڕەدا (جل) جۆراوجۆرەکانە و هەرجارێك چوار (یان پێنج) هاوڕێی لەگەڵدا دێت. بە بیرو بۆچوونی ئەهلی حەق، چ سەردەمی عالەمی هەستی و چ جیهانی هەنووکە، لەنێو سووڕە جوداجوداکانی ئاشکرابوونەکانی ئیلاهیدا دەرکی پێدەکرێت [٣٥]. بە پێی ئەم بیروبۆچوونە، ڕێبازی ئەهلی حەق پێش دەستپێکردنی جیهان هەبووە، واتا ئەو کاتەی کە زاتی ئیلاهی لەنێو مرواریەکدا شاردرابووەوە. مرواریەکە لەنێو جەستەیەکدا بوو و جەستەکەش لەنێو زەریایەکدا بوو کە جیهانی گەمارۆدابوو. جیهان لە ئاکامی یەکەم قۆناخی ئەم سووڕەدا دروستبوو، واتا ئەو کاتەی کە زاتی ئیلاهی لە خاوەندگار(خالق) ئاشکرا بوو. لەسووڕی دواییدا ئیسلام دروستبوو، واتا ئەو کاتەی کە زاتی ئیلاهی لەنێو حەزرەتی عەلی دا (ئیمامی یەکەمی شیعەکان) ئاشکرا بوو. لەم قۆناخەدا، شەریعەت (یاسای ئیسلام) دروستبوو. پاشان لە سەروبەندی سووڕەکانی دیکەدا، قۆناخەکانی تەریقەت (واتا تەعلیمات و بیرو بۆچوونە ئایینییەکانی تەریقەتە سۆفییەکان)و مەعریفەت (واتا ناسینی حەقیقەتی ئیلاهی) پێکهاتووە. سەرەنجام زاتی ئیلاهی، خۆی لەنێو سوڵتان سەحاکدا ئاشکرا کرد کە یاسایەکی نوێی هێنا و ئایینی ئەهلی حەقی وەك ئایینێکی نوێ دامەزراند. ئەم قۆناخە، قۆناخی حەقیقەتە (ڕاستی غایی، واتا ئەزموونی سۆفییانەی حەقیقەتی ئیلاهی) کە جێی قۆناخە پێشووەکانی گرتووەتەوە، کەوابوو گەورەکانی ئایینی لە ڕەچاوکردنی یاساکانی شەریعەت کە بە سەر موسڵماناندا فەرزە، ناوێزا کردووە.

ئەم سووڕە سەرەکییانەی ئاشکرابوونی زاتی ئیلاهی و هەندێك فاکتەری دیکە ـ کە پێڕەوانی ئایین بە گشتیی لەسەریاندا ساخ نەبوونەتەوە ـ پێش و پاش سووڕەکە دێت. هەندێك لەم فاکتەرانە، سووڕە سەرەکییەکانن (واتا زهووری کول)و هەندێکی دیکە، قۆناخە بچووکەکانن (زهووری خاس) کە ئاکامەکانی تەنها ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە زاتی ئیلاهی لە نێویاندا ڕوویداوە [٣٦]. لەنێو سووڕە جوداجوداکاندا، سووڕی یەکلاکەرەوەی هیراکان و ڕێوڕەسمە ئایینییەکانی ئەهلی حەق، سووڕی سوڵتان سەحاکە کە لە نێویدا بەشی کۆتایی نهێنییەکە، ئاشکرا دەبێت. ئەم ئاشکرا بوونە، لە ڕێگای پەیمانێك کە سوڵتان لەگەڵ هاوڕێیانیدا بەستوویەتی و ناوی بەیابەسی پردیوەرییە (کە پێشتر باسمانکرد)، پێکدێت. ئەم پەیمانە لە کاتی ئەزەلدا بەستراوە، واتا ئەو کاتەی کە زاتی ئیلاهی بە شێوازی خاوەندگارو چوار فریشتەکانی نیزیکی ئیلاهی (جبرەئیل، میکائیل، ئیسرافیلو ئیزرائیل) بووە و درووستبوونی جیهانی لێ کەوتووەتەوە [٣٧]. ئەم پەیمانە بە حەزرەتی ئادەم کە یەکەم مرۆڤ بووە و سەر

سیلسیلەی پێغەمبەران بووە، دەستی پێکردووە و بەحەزرەتی محەممەد(سیڕی نوبووەت) کۆتایی پێهاتووە و پاشان بە حەزرەتی عەلی کە هێڵی جوولانەوەی ئیمامانی دامەزراندووە، تازە بووەتەوە. هەمووی ئەم پەیمانانە، جارێکی دیکە لە پردیوەر بە دەستی سوڵتان تازە کراونەتەوە.

هاوڕێیانی سوڵتان کە وێنای چوار فریشتەن (چوار مەلەك) بریتین لە: ١ـ پیر بنیامین (وێنای جبرەئیل) کە وەك مامۆستای پەیمانەکە ناوی لێ دەبردرێت و پیری دەروونیشە (مامۆستای رۆحی) ٢ـ داوود(وێنای میکائیل) کە دەلیلی ئەزەلییە (ڕێنوێنیکەر). ٣ـ پیرمووسا (وێنای ئیسرافیل کە خاوەنی قەڵەمی زێڕینە و هەموو بیرکردنەوە و کردارەکان وەسفدەکات و ٤ـ موستەفا داوودان (وێنای ئیزرائیل) کە رۆحەستێنە. هەروەها فریشتەیەك بە ناوی رەمزبار (دایکی سوڵتان)یش هەیە کە کاروباری هاوبەشی خەڵك لە دەستی ئەو دایە (خدمەت). زێدەباری ئەمە، سوڵتان زەنجیرەیەك پلەی رۆحی لەنێو پەیرەوانیدا پێکهێناوە و هێزێکی تایبەتی داوەتە هەرکام لەوانە. لەنێو ئەمانەدا، گرینگترینیان، دوو دەستەی حەوتەوانەن کە پێیان دەڵێن حەوت تەن (حەوت کەس)و حەوتەوانە(حەوت هێز). ئەم دوو دەستەیە، رەنگدانەوەی لایەنە ناوخۆیی و دەرەوەییەکانی جیهانی ئەهلی حەقن.

باڵاترین پلە، پلەی حەوت تەنە کە بەسەر قەڵەمڕەوی جیهانی ناوخۆدا فەرمانڕەوایی دەکات. ئەم حەوت کەسە بریتین لە رەمزبار، پیر بنیامین، داوود، پیرموسا، موستەفا، باوایادگار و شائیبراهیم.[٣٨] پلەی دووەم، مەرتەبەی حەوتەوانەیە کە بەڕێوەبەری کاروباری جیهانی دەرەوەن. ئەم حەوت کەسە، نەوەزادەکانی نزیکی سوڵتان-ن و هەرکامیان بەرپرسیاری کاروبار و هیدایەتی ژمارەیەك لە پێڕەوانن. ئەم حەوت کەسە بریتین لە سەیید محەممەد (باوکی شا ئیبراهیم)، سەید عەبدولوەفا، حاجی بابوسی، میرسوور، سەیید موستەفا، شێخ شەهابەدین و شێخ حەبیبشا(کە ژن بووە و مەحرەمی سوڵتان و نزیکی رەمزبار، دایکی سوڵتان بووە).

ئەم دوو گرووپە حەوتەوانە، بۆ ئەهلی حەق زۆر پیرۆزن‌و زۆربەی ئەهلی حەقەکان، نێو و ئاشکرابوونە یەك لە دوای یەکەکانیان دەزانن. لەنێو ئەمانەدا، پیر بنیامین، داوود و باوایادگار جێگایەکی تایبەتیان هەیە و خەڵك زۆر دەست بە داوێنیان دەبن. ناو و دەوری ئەوانی دیکە (کە کەمتر پیرۆزن) بۆ خەڵکی ئاسایی ناسراو نییە، بەڵام ناویان لەنێو کەلامدا پارێزراوە. هەروەها لەنێو کەلامدا تەناسوخی پێشووی هەرکەسێك ژمێردراوە. ئەم کەسایەتییانە بریتین لە هەفتا و دوو پیر، چل تەن، نەوەدونۆ پیری شاهۆ (شاهۆ ناوی شاخێکە لە هەورامان)، شەست و شەش غولامی زەڕینکەمەر، بیوەر هەزارغولام (دە هەزار غولام)و بیوەن هەزار غولام



(هەزاران هەزار غولام).

بە بیرو بۆچوونی ئایینی ئەهلی حەق، رێك وەك زاتی ئیلاهی کە بە شێوازگەلی جۆراوجۆر ئاشکرا دەبێت، رۆحی مرۆڤیش لەنێو شێوازە جۆراوجۆرەکاندا ئاشکرا دەبێت. بە گوێرەی بنەواشەی دونادونی (تەناسوخی ئەرواح)، ژیانی مرۆڤ بریتییە لە یەك زەنجیرە سەفەر کە تێیدا رۆح لە جیهانێك بۆ جیهانێکی دی سەفەر دەکات. لە هەرکام لەم سەفەرانەدا، رۆح لەنێو جیسمە جوداجوداکاندا ئاشکرا دەبێت کە وەك لە بەرکردنی جلی (دون) جۆراوجۆرە. سەبووری و بەختەوەری لەم جیهانەدا تەنیا لە رێگای کردەوە و بیرکردنەوەکەی ژیانی پێشووی ئەو کەسەدا ـ کە لە تەنە (دون)کەدا ئاشکرابووە ـ دیار دەبێت. بە بیر و بۆچوونی ئایینی ئەهلی حەق مەرگ تێپەڕبوونێکی کاتی بەرەو جیهانی باتنە، هەروەها کە شێخ ئەمیر (دیدەدارێکی سەدەی ١٨) لە یەکێك لەشیعرەکانی خۆیدا ئاماژەی پێدەکات و دەڵێت:"یاران لە مردن ناترسن. ئەمە سزا نییە، تەسلیم بوون لە بەرامبەر ژیان، هەروەك چوونی مراوییەك بۆ ژێر ئاودایە" (واتا بە زوویی دیسان سەر هەڵدێنێتەوە)[٣٩].

مەبەستی گشتیی لە هەموو ئەم هات و چوونانە ئەوەیە کە رۆح بگات بە کەماڵی مەتلووب و دیسان بگاتەوە بە ئەو سەرچاوە ئیلاهییە کە لێی هاتووە. بۆ گەڕانەوە بۆ سەرچاوەی خۆی، رۆح دەبێت لە رێگای ئەو وانانەی کە لەنێو ژیان لەسەر زەویدا بینیویەتی، بگات بە شوێنی مەتلووبی خۆی و بەم شێوازە، مەبەستی خۆی پێکبهێنێت. کەواتە رۆح پێ دەنێتە قۆناخی کەوتنەڕێ بەرەو گەیشتن بەکەماڵی مەتلووب، بەڵام هەرجار لەنێو دوون یان تەنێکی جیاوازدا. ژمارەی ئەو ئاشکرابوونانە کە رۆح تێیدا دەگاتە کەماڵی مەتلووب لە ماوەی ٥٠ هەزار ساڵدا، لە ئاشکرابوونی هەزار و یەکەمدا رادەوەستێت. ئەو رۆحانەی کە ئەم سەفەرەیان تەواو کردبێت، دەبن بە رۆحگەلێکی کامڵ و دەبن بە بەشێك لە جیهانی باتن و هەگەر بگەڕێنەوە بۆ جیهانی زاهیر، زۆرتر بە مەبەستی جێبەجێ کردنی ئەو ئەرکەیە کە پێیان سپێردراوە. ئەهلی حەق لەو بیروباوەڕەدان کە زات (زاتی ئیلاهی) قەت لە جیهان ناچێتە دەرەوە، بەڵام بۆ هەموو کەسێك ئاشکرا نابێت، بەڵکو بۆ ئەو کەسانەی کە چاوی باتنیان کراوەیە، ئاشکرا دەبێت. گەورەکانی ئایینیش، بە خۆشی و شادمانی ئەوەندە شەونخونی دەکەن تا هاتنی زات ببینن.

## دودمانی رۆحانی ئەهلی حەق(خاندان)

لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا، تایبەتمەندی سەرەکیی کۆمەڵگای ئەهلی حەق، دابەشبوونی

بەسەر چەند هێڵی ئاسۆیی و ستوونی دایە. کۆمەڵگای ئەهلی حەق بە دوو توێژی مەزن دابەشکراوە: سەییدەکان (سادات)و عەوامەکان (عەوام). سەییدەکان، نەوەزادەکانی (نەوەزادەی جەستەیی و رۆحی) راستەوخۆی دامەزێنەری ئایینەکە یان ئاشکرابوونە یەك لەدوای یەکەکانی ئەون. ئەم نەوەزادانە بە ١١ دودمان دابەش دەکرێن کە بە خاندان ناسراون. لەنێو ئەمانەدا، حەوت دودمان (شاە ئیبراهیمی، عالی قەلەندەری، یادگاری، خاموشی، میرسووری، موستەفایی و حاجی بابوسی) لەسەردەمی سولتاندا و بەشەفاعەتی موعجزەئاسای ئەو- لە کاتی خیلقەتی فریشتە حەوتوانە دووەمەکان (حەوت تەوانە) دا- پێکهاتوون. دودمانەکانی دیکە (زنووری، شاخەیەك لە خامۆشییەکان، ئاتەشبەگییەکان، شاە هەیاسییەکان و باواحەیدەرییەکان) پاشان پێکهاتوون. سێ دودمانی دیکە، کەم و زۆر لە هەمان کاتدا واتە نیزیکەی دوو سەدە پێشتر پێکهاتوون.

سەییدەکان خاوەن جۆرێك مەقامی ئایینین. ئەوان تەنها کەسانێکن کە دەتوانن دوعا تایبەتەکانی ئەهلی حەق لەبەر بخوێننەوە. ئەمە بەو واتایەیە کە هیچ ڕێوڕەسمێکی ئایینی ئەهلی حەق ناتوانێت بێ بەشداری پیاوە سەییدەکان (بێ لەبەرچاوگرتنی رادەی زانیاری ئایینی یان پێگەی کۆمەڵایەتی ئەوان) بەڕێوە بچێت.

بنەماڵە سەرەکییەکانی ئەهلی حەق لە کرماشان بریتین لە شاە ئیبراهیمییەکان، خامۆشییەکان، یادگارییەکان، عالی قەلەندەرییەکان و ئاتەش بەگییەکان کە هەرکام لەمانە لە لایەن بنەماڵەیەکی تایبەتی سەییدەکان کە بە پیر ناسراون، رێبەرایەتی دەکرێن. یەکێك لە کارکردەکانی خاندان، گارانتی کردنی پێوەندی شەخسی نێوان مامۆستایەکی سۆفیو موریدەکەیەتی و پیشاندەری رەگ و ریشەی سۆفیانەی ئایینی ئەهلی حەقە. سەییدەکان لەو بیروباوەڕەدان کە زاتی باو و باپیرانی خۆیانیان (کە زاتی ئیلاهی سەرەتا لەنێو ئەواندا ئاشکرا بووە) بە میرات بۆ ماوەتەوە. بە باوەڕی سەییدەکان، ئەمە دودمانی ئیلاهی ئەوانە کە وای لەوان کردووە کە بتوانن وەك پیر(مامۆستای رۆحی) کاربکەن و عەوامەکان بە رێگەی راست هیدایەت بکەن.

هەرکەسێکی ئەهلی حەق دەبێت لەنێو ئەو بنەماڵەیە کە باوکی چووەتە ریزی، سەییدێك وەك پیر بەفەرمی قبوولبکات. چوونە ریزی خاندان، پێی دەڵێن سەرسپوردەن کە بە واتای پێشکەشکردنی سەری ئەو کەسەیە و هێما بۆ ئەوە دەکات کە ئەو کەسە ئامادەیە ژیانی خۆی لە رێگای حەقدا بەختبکات. بە شێوازێکی گشتیی تر، چوونە ریزی خاندان، پێی ئەڵێن جەوزی



سەرشکەستەن. ئەم رێوڕەسمە لە لایەن سەییدێکەوە بەڕێوە دەچێت. سەیید جەوزێك (گوێز) دەخاتە سەر سکەیەك و دەیکات بە چەند بەش و لەنێو بەشداربوواندا (کە نابێ لە ٥ کەس کەمتر بن) دابەشی دەکات. لەم رێوڕەسمەدا، جگە لە سەیید کە وەك مامۆستای دەروونی (پیر) جێگای پلەی پیر بنیامین دەگرێتەوە، کەسێکی دیکە وەك رێنوێنیکەری دەروونی (دەلیل) جێگای پلەی داوود دەگرێتەوە. لە رووی تێئۆریکەوە، دەلیل دەبێت نەوەی یەکێك لە دەستەی هەفتاودوو تەن بێت، بەڵام لە کردەوەدا، هەموو کەسێك دەتوانێت ئەم مەقامە بگرێتە ئەستۆی خۆی.

بە بیر و باوەڕی ئەهلی هەق، ئەم رێوڕەسمە رەنگدانەوەی ئەو رێوڕەسمەیە کە لەکاتی ئەزەلدا رووی داوە و دابەشکردنی جەوز لە نێوان چەند کەس سەمبوولی پەیمانی بەستراو لەنێوان خالق و مەخلووقە. ئەم رێوڕەسمە، لەنێو جەمدا بەڕێوە دەچێت و تێیدا پێشکەشیگەلێك بەناوی خدمەت لە نێوان بەشداربوواندا دابەشدەکرێت.

لە تیئۆریکدا، رۆیشتن بۆ ریزی خاندان، دەبێ لە ماوەی کەمتر لە یەك ساڵ پاش لەدایك بوون جێبەجێ بکرێت، بەڵام زۆربەی جاران لە کردەوەدا، هەتا کاتی حازربوونی دایك و باوکی منداڵەکە، دوا دەخرێت. لەم رووەوە پێوەندی نێوان بنەماڵەکانی تایبەتی سادات و عەوام بە درێژایی سەدەکان، پەرەی سەندووە. ئەم پێوەندییە کە بە پیر- موریدی ناسراوە، لە گەرماوگەرمی سەرنجی کۆمەڵگای ئەهلی هەق دایە و لە رێگای تۆڕی ئەرکە دوو لایەنەکان، بەرێکخستن دەکرێت. یەکێك لەم ئەرکانە دانی جۆرێك باجی ئایینییە کە پێی دەڵێن سەرانە. سەرانە لە لایەن عەوامەوە دەدرێت بە ئەو سەیدە پیرە کە رێوڕەسمی هاتنی ئەو کەسەی بۆ ریزی خاندان بەڕێوە بردووە. ئەم رێوڕەسمە لە کۆتایی قۆناخی رۆژوودا بەرێوە دەچێت کە گرینگترین رێوڕەسمی ئایینی ئەهلی هەقە. یەکێکی دیکە لە ئاکامەکانی دیاردەی سەرسپوردەن (کە پێشتر باسی کرا)، حەرامبوونی ژنهێنانە. واتا بنەماڵەی سەییدەکان و بنەماڵەی عەوامەکان نابێت ژن بدەن بە یەکترو ژن لە یەکتر بخوازن. حەرامبوونی ژن و ژنخوازی لە نێوان بنەماڵەی سەییدەکان و عەوامەکان بەرادەی سووچی زیناح لەگەڵ مەحرەمەکاندا گرینگە. هۆی ئەم حەرامبوونە ئەوەیە کە ئەهلی هەق، کۆمەڵگای خۆیان وەك بنەماڵەیەکی گەورە لە قەڵەم دەدەن و وەك ئەولیای رۆحی عەوامەکان سەیری سەییدەکان دەکەن.

هەنووکە، خاندانەکانی ئەهلی هەق، ئەوەندە دۆستانە بەپێکهاتەی عەشیرەتی کۆمەڵگای کورد گرێدراون کە بەخت و چارەنووسی ئەوانیش ـ هەروەك خەون و خەیاڵی عەشیرەتەکان ـ لە

ئاکامی سەرهەڵدانی دەوڵەتە مۆدێرنەکان، تووشی فەراز و نشێو بووە. ئەمڕۆ باڵادەستی و پیرۆزبوونی خاندانەکان بە دەستی ڕێفۆرمخوازەکان بە لاڕێدا دەبردرێت. ئەمە لەحاڵێکدایە کە باڵادەستی و پیرۆزبوونی خاندانەکان، ناوەڕۆکی ڕێکخستنی کۆمەڵگای ئەهلی حەق پێکدەهێنێت و ئایینی ئەهلی هەق هەتا ڕادەیەکی زۆر بە یارمەتی ئەوە توانیویەتی لە بەرامبەر نەهامەتییەکاندا زیندوو بمێنێ. ئەم ڕێفۆرمخوازانە پشت بەوە دەبەستن کە خاوەنێتی باوەباپیری پیرۆز، بە تەنهایی بۆ ڕێبەرایەتی ڕۆحی بەس نییە و زاتی ئیلاهی پاش سێ نەوە لە دوای ئاشکرابوون، کاریگەری نامێنێت. ڕێفۆرمخوازان دەڵێن کە ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە هەموو خاندانەکانی ئەهلی هەق یەکبگرن. ئەم کەسانە کە لەسەر هێڵی بیروبۆچوونەکانی نورعەلی ئیلاهی و بزووتنەوەکەیدا (لە پێناو نزیك بوون بە بیرو باوەڕەکانی ئایینی شیعە) دەجووڵێنەوە، خاندانێکی یەکگرتوویان پێکهێناوە کە بە ١٢ ئیمامی ناوبانگیان دەرکردوە. ڕێفۆرمخوازەکان، لە ڕێگای بردنە ژێر پرسیاری ڕەوابوونی بانگەشەی پیرۆزبوونی خاندانەکان، نەتەنها نەرمیکێشی کۆمەڵگای ئەهلی حەقیان لە بەرامبەر دەمارگرژی ئایینیدا بە لاڕێدا بردووە، بەڵکو تەنانەت ئەو چوارچێوە ڕێکخستنەشیان بە لاڕێدا بردووە کە تێیدا ناوەندە هێزە جۆراوجۆرەکان لەگەڵ یەکدا ڕێککەوتوون.

## شێوازەکانی عیبادەتی ئەهلی هەق

ئەو بوارانەی کە ئەهلی هەق تێیدا سەری هەڵداو زیندوو مایەوە، لەنێو شێوازەکانی عیبادەتی ئەواندا (کە هەموویان لەگەڵ ناوەڕۆکی سۆفیانە یەکدەگرنەوە و لە دژی بیروباوەڕی ئیسلام دان) دیارە. وەك نموونە، ئەهلی هەق، لە باتی نەماز (نوێژ)، نیاز (پێشکەشی و تەزەروع)یان هەیە و وەك نیازی (لەبەرامبەر موسڵمانەکان کە نەمازین) تەعبیر لە خۆیان دەکەن و لە باتی مزگەوت دەچنە جەمخانە، لەباتی مانگی ڕەمەزان، لە زستاندا ڕۆژوو دەگرن و لە باتی زیارەتکردنی مەککە، زیارەتی ئارامگای سوڵتان سەحاك دەکەن لە شێخان.

هەرچەند کۆمەڵێك خاڵی هاوبەش لە نێوان ڕێوڕەسمە ئایینیەکانی ئەهلی هەق و سۆفییەکاندا هەیە، بەڵام ئەهلی هەقەکان پەرەیان بەتایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ئایینیی خۆیان داوە. ئەهلی هەق، باوەڕێکی بەهێزیان بە یەکسانی مرۆڤ هەیەو وەك هۆکارێکی گرینگ، چێشت پێشکەش دەکەن و لەنێو خۆیاندا دابەشیدەکەن. بەم پێشکەشیانە نەزر دەڵێن[٤٠] کە بە سێ دەستەی گەورە دابەشدەکرێت: نیاز، قوربانی و خدمەت. نیاز (هاوواتای



پاڕانەوە)، گرینگترین پێشکەشی ئەهلی هەقە و هەموو خواردەمەنییەك (لە کلۆی شەکر بگرە هەتا میوە و چەرەزات، ناوێزەی چێشتی لێنراو) لەخۆدەگرێ. نیاز هەرچەند کە دەبێت لە هەموو جێگایەك و هەموو کاتێکدا ئەنجامبدرێت، بەڵام زۆرتر لە شەوانی هەینی، لە کاتی بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی جەم یان کاتی زیارەتکردنی ئارامگەکان یان شوێنە پیرۆزەکان، ئەنجام دەدرێت. نیاز، پاش ئەوەی کە بە دەستی سەییدەوە بەرەکەتی پێدرا، لە نێوان کەسانی ئامادەبوودا دابەشدەکرێت و دەخوردرێت. ئەم پێشکەشیانە کە شوکرانەی پێدەڵێن، لە کاتی کۆتایی هاتنی درەو، لە وەرزی شیردۆشین، لە کاتی گۆڕانی وەرزەکان و... دەدرێت. ئەوان دەیانەوێت لە ڕێگای پێشکەشکردن، سوپاس و پێزانینی خۆیان لە بەخششی ئیلاهی دەربڕن.

یەکێکی دی لە پێشکەشیەکان، قوربانیکردنە. هەموو ئاژەڵێك، چ بێ‌خوێن، چ خوێندار دەتوانێ قوربانی بکرێت و بکرێت بە چێشت. ئەو ئاژەڵانە کە زۆرتر دەکرێن بە قوربانی، بریتین لە کەڵەشێر، گاو بەران. ئاژەڵە قوربانیکراوەکان دەبێت گەنج بن، ساق بن (خەساو نەبن یان ئەندامێکیان لەکار نەکەوتبێ) و تەمەنیان کەمتر لە یەك ساڵ نەبێت (بۆ کەڵەشێر ٦ مانگ). پێشکەشیە بێ‌خوێنەکان زۆرتر بریتین لە ماسی، گوێز، گەردە (نانێکی تایبەتە کە بە ڕۆن و شەکر دروستدەکرێت)، قاویت (تێکەڵاوێکە لە دانەگەلی برژاوی جۆراوجۆرو شەکر)، شوتی و هەنار. قوربانیکردن زۆرتر لەکاتی نەزر یان کاتی خەم و خەفەت ئەنجامدەدرێت. لەم کاتەدا، گەورە ئایینییەکان، دەست بەداوێنی هێزی جەم دەبن تا شەفاعەتی ئیلاهی ببێت بە نەسیبیان.

خدمەت یەکێکی دیکە لە پێشکەشیەکانە کە لەکاتی تایبەتدا ئەنجامدەدرێت، وەك کاتی چوونە نێو ڕێوڕەسمە ئایینییەکان یان کاتی کۆتایی هاتنی قۆناخی ڕۆژوو. خدمەت بریتییە لە برنجی لێنراو (لانی کەم ٣/٧٥٠ گرام لەگەڵ ٥٠ گرام ڕۆن دا)و گۆشتی ئاژەڵی قوربانیکراو (لانی کەم یەك دانە کەڵەشێر). ڕێوشوێنەکانی ڕێوڕەسمی خدمەت وەك ڕێوشوێنەکانی ڕێوڕەسمی قوربانییە. قوربانیکردنی و خدمەت، دەبێت بڕێکی پێویست نانی (کە دەبێ بە باشترین جۆری ئارد دروستکرابێت و لە سێ کیلۆ کەمتر نەبێت) لەگەڵدا بێت. ئەم نانە کە تیرەی پێ دەڵێن، توێژێکی نازکی پانی هەیە و هەروەك برنج و چێشتەکانی دیکە، بە دەستی ژنان لێ دەنرێت. کارەکانی دیکە، هەموو بە دەستی پیاوان ئەنجامدەدرێت. هەموو ئەو شتانە کە بۆ پێشکەش تەرخانکراون، مۆرکراون و تا کاتێ کە مۆرەکە بەدەستی سەیید نەشکێنراوە و بەگوێرەی ڕێوشوێنەکانی جەم لە نێوان بەشداربوواندا دابەش نەکراوە، نابێت بخوردێت.

## جەم و جەمخانە

جەم (وەك ئەنجوومەن، بە واتای کۆبوونەوە) ڕێوڕەسمی سەرەکیی ئایینی ئەهلی هەقە و دەتوانێت لە هەموو شوێنێك و لە هەموو جێگایەك (بەو شەرت و مەرجە کە لانی کەم سێ کەس بەشداری تێدا بکەن و سەییدێکیش بۆ بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمەکە لەوێ بێت) بەڕێوە بچێت.[٤١] لەڕاستیدا، هەر کۆمەڵگایەکی ئەهلی هەق، شوێنێکی تایبەتی بۆ بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی جەم هەیە کە پێی دەڵێن جەمخانە. جەمخانە هەروەك مزگەوت، شوێنێکی تایبەتە کە هەموو کەسێك بۆی هەیە بچێتە نێوی. جەمخانە زۆرتر لە ماڵی پیر (سەیید و ڕێبەری ئەو خاندانە) دروستدەکرێت. لە هەموو گوندێکدا لانی کەم جەمخانەیەك هەیە و لەشارە مەزنەکاندا ـ کە خاندانە گەورەکان، هەرکام جەمخانەی تایبەتی خۆیان هەیە ـ پتر لە یەك جەمخانە هەیە[٤٢].

جەمخانە دوو هۆدەی هەیە: هۆدەیەکی گەورە کە ڕێوڕەسمی جەمخانە تێیدا بەڕێوە دەچێت و هۆدەیەکی بچووك کە وەك هۆدەی چاوەڕوانیکردن لە نێوان جەم و دەرەوەیە و ئەو کەسانە کە لە جەمدا نین، لەوێ چاوەڕوان دەبن و ئەو پێشکەشیانەی کە هێنراون بۆ جەم، هەتا کاتی گونجاوی خۆی، لەوێ ڕادەگیرێن.

جەم، ڕێوڕەسمی تایبەتی خۆی هەیە و وێناکەری زۆرێك لەو تایبەتمەندییانەیە کە ئەهلی هەقی وەك کۆمەڵگا، هەم دابەش و هەم یەکگرتوو دەکات. جەم زۆرتر بەشێوازی بازنەیەکە کە هیچ شوێنێکی ژوور و خواری تێدا نییە و نەماددیی یەکسانی هەموو مرۆڤەکانی ئەهلی هەق و هەبوونی زاتی حەق لە دڵی بازنەکە دایە، لەبەرئەوەی کە ئەهلی هەق باوەڕیان بەوە هەیە کە زاتی ئیلاهی لە هەر شوێنێکدا کە ئەوان جەمی تێدا بەڕێوە دەبەن، هەیە.

تەنها پیاوان و کوڕانی ئەهلی هەق کە سەرسپوردەن (واتا هاتوونەتە ڕیزی خاندان) دەتوانن لە جەمدا بەشدار بن. هیچ ژن و هیچ پیاوێکی سەرنەسپوردە (واتا ئەوانەی کە نەهاتوونەتە نێو خاندان) بۆی نییە بێتە نێو جەم[٤٣]. ئەوانە کە لە جەمدا بەشدار دەبن، دەبێ چ لەباری جەستەیی و چ لە باری ڕۆحییەوە پاك بن و بە نیشانەی ڕێزلێنان و ئامادەبوون بۆ خدمەت، سەری خۆیان داپۆشنو کەمەربەند ببەستن بەکەمەریانەوە. جگە لە سەیید (کە ڕێوڕەسمی جەم بەڕێوە دەبات) چوار کەسی دیکەی خاوەن دەسەڵات، لەنێو جەمدا بەشدارن کە بریتین لە:

١ـ کەلامخووەن، کە ئەو کەسەیە کە کەلام لە دڵەوە دەزانێت و لەگەڵ تەنبووردا دەیخوێنێت. ٢ـ خەلیفە کە ئەو کەسەیە کە لەتیئوریدا دەبێت نەوەزادەی یەکێك لە هەفتاو دوو پیر بێت، هەرچەند کە لە کردەوەدا هەمووکەسێك دەتوانێت ئەم کارە بگرێتە ئەستۆ. خەلیفە



دەتوانێت چێشتەکە دابەش بکات. ٣ـ خادم کە ئەو کەسەیە کە ئەرکی ئەوەیە کە خزمەتی جەمنشینەکان (ئەوانەی کە لەنێو جەمدا دانیشتوون) بکات. ٤ـ فەڕاش، ئەو کەسەیە کە لە هۆدەدا چاوەڕوان دەبێت تا یارمەتی خادم بکات. خادم یەکەمین کەسێکە کە دێتە نێو هۆدەی جەم و لە بەرامبەر دەرکەدا دادەنیشێ. لە لایەنی ڕاستی خادمەوە، کەلامخووەن و لەلایەن چەپیەوە، خەلیفە دادەنیشێ. جگە لەم جێگایە، هیچ جێگایەکی تایبەتی دیکە بوونی نییە. هەموو کەسێك کە دێتە ناو جەم، یەکسەر کڕنۆش دەبات و ئاستانەی جەمخانە ماچدەکات. پاشان دەچێتە پێشەوە بۆ ئەوەی دەستی ئەو کەسانەی کە پێشتر هاتوونەتە نێو جەم، ماچبکات و پاشان لە جێگای خۆی دادەنیشێت. لە ماوەی ڕێوڕەسمەکەدا، هەموو دەبێت بێدەنگ بن، یان دەبێت چۆك بدەن (لەنێو جەمخانەکانی ناوچەی سەحنە) یان بە شێوازی چوارمشقی دانیشن (لەنێو جەمخانەکانی ناوچەی گۆران).

لەو کاتەی کە بەسترانی جەم ڕادەگەیەنرێت، هیچ کەس بۆی نییە لە هۆدەکە بچێتە دەرەوە و هیچ کەس بۆی نییە بجووڵێ یان جێگای خۆی بگۆڕیت (جگە لە خەلیفە و خادم، ئەویش بە مەبەستی جێبەجێکردنی ئەرکی خۆیان). ئەگەر جەم گەورە بێت، زۆربەی جاران زۆرتر لە یەك کەس دەبێت بە خادم و ژمارەیەکی هاوسان کە لە دەرەوەی جەم دەمێننەوە، یارمەتی دەدەن.

دەستپێکرنی جەم، لە لایەن خادمەوە (کە لە نێوەڕاستی بازنە و لە بەرامبەر سەیید ڕاوەستاوە) ڕادەگەیەنرێت. خادم دەچەمێتەوە و بە دەنگی بەرز دەڵێ: "ئەوەڵ، ئاخر، یار" (یار یانی خودا). ئەم هاوارکردنە بۆ ئەوەیە کە وەبیری بەشداربوواندا بهێنێتەوە کە ئەوان لە یار هاتوون و بەرەو لای یار دەگەڕێنەوە و هەموویان لەم سەفەرەدا هاوڕێن. هەگەر جەم، قوربانی یان خزمەتی لەگەڵدا بێ، خادم ئافتاوەیەك ئاو و یەك دانە کاسە دەهێنێت بۆ ئەوە کە بەشداربووان دەستی خۆیان بشۆن. خادم بە سەییدەوە دەستپێدەکات و پاشان لە لای ڕاستەوە دەجووڵێتەوە تا هەموو دەستی خۆیان بشۆن. پاش ئەوەی کە هەموو دەستی خۆیان شت، سەیید دەستی خۆیشی دەشوات. پاشان جارێکی دیکە دەچەمێتەوە و ئافتاوە و کاسەکە دەدا بە فەڕاش کە لە دەرەوەی هۆدە ڕاوەستاوە. شۆردنی دەست هەم گرینگی زاهیری هەیەو هەم گرینگی باتنی. لە ڕووی زاهیرییەوە، هەمووی ئەو دەستانە کە لە پێشکەشیەکان دەکەوێت، خاوێن دەکاتەوە. لە ڕووی باتنیشەوە، نەماددیی ڕەهابوون لە کاروباری دنیاییە.

بە ڕاگەیاندنی کۆتایی پێهاتنی دەست شتن (بە وتنی "ئەوەڵ، ئاخر، یار") خادم، سفرەکە دێنێ و لە نێوەڕاستی جەمخانەکەدا پانی دەکاتەوە. پاشان خوێ، نان و قوربانییەکە دێنێت و

دەینێتە بەردەم خەلیفە. خەلیفەش دەستدەکات بەجوداکردنەوەی گۆشت لە ئێسقانەکەی (ئێسقان نابێت بشکێت)و هەگەر پێویست بێت، خادم یان بەشداربووانی دیکە، یارمەتی دەدەن. پاشان خەلیفە، هەندێك ئاو دەخاتە سەر گۆشتەکە و ئەگەر پێشکەشی خدمەت بێت، پێشکەشییەکە لەگەڵ برنجدا(کە خەلیفە دەیخاتە بەردەم سەیید) تێکەڵدەکات.

سەیید دوعای یەکەم دەخوێنێت و مۆرەکەی دەشکێنێت. ئیتر پێشکەشی لە نێوان بەشداربوواندا بە شێوازێکی یەکسان بە دەستی خەلیفە دابەشدەکرێت. هەر بەشێك (کە پێی دەڵێن بەش یان نەواڵە کە وەك ساندویچە) لەنێو توێژێك نانی تیرەدا دەپێچرێتەوە. یەکەم بەش (کە پێی دەڵێن سەرجەم) بە سوولتان سەحاك ـ کە زاتی لەنێو هەموو جەمێکدا هەیە ـ پێشکەشدەکرێت. ئەم بەشە دەدرێت بە خادم و هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە سەیید موناجاتی دووەم دەخوێنێت، خادمیش بەشەکە لەنێو دوو دەستی خۆیدا رادەگرێت. پاشان خادم دەچەمێتەوە و هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە دەڵێت "ئەوەڵ، ئاخر، یار" (بە نیشانەی ئەوە کە دابەشکردنی بەشەکان کۆتایی پێ هاتووە) سەرجەمەکە دەخاتە بەردەم سەیید. پاشان دەچێت تا لە دابەشکردنی بەشەکانی دیکەدا یارمەتی خەلیفە بدات، بە سەیید دەست پێدەکات و لە لایەن راستی ئەوەوە دەچێتە پێش. بەشی ئەوانەی کە لە دەرەوەی هۆدە چاوەڕوانن (کە زۆرتر ژن و منداڵن) جودا دەکرێتەوە. بەشداربووان بەشەکەی خۆیان لەنێوان دەستی خۆیاندا رادەگرن و چاوەڕوان دەبن تا دەستەواژەی "ئەوەڵ، ئاخر، یار" (کە نیشانەی کۆتایی پێهاتنی دابەشکردنە) ببیسن. پاشان خادم، هەروەك سەیید لەسەر شیپانی جەم رادەوەستێت، بەشی خۆی دەگرێت و دوایین دوعا دەخۆێنێت کە واتای ئیزنی نان خواردنە. کاتێ کە هەمووی بەشداربووان کۆتاییان بە خواردن هێنا، سەیید ئاماژە بە خادم دەکات کە بێت و سوفرە و قازانی ئێسقانەکان کۆ بکاتەوە. خادم سفرە و قازانەکە دەبات و هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە دەڵێت "ئەوەڵ، ئاخر، یار"، دەچەمێتەوە و تەکبیر (دوعایەکی تایبەتە) دەخوێنێت.[٤٤] هەموو بەشداربووان لەگەڵ ئەو دەچەمێنەوە و دەڵێن ئامین. خادم جارێکی دیکە، ئاو و ئافتاوەکە دەهێنێت تا بەشداربووان دەستی خۆیان بشۆن. پاشان یەك کاسە ئاو، ناسراو بە ئابی چەرخ دەهێنێت تا سەرجەم بەشداربووان، لێی بخۆنەوە. ئەم ئاوە سەمبۆلی ئاوی کۆسارە (کە لە ئاسمان دایە)و بە بیروباوەڕی ئەهلی هەق، شەفابەخشە.

جەم، بە سووڕی خادم بە دەوری هۆدەکە و ماچکردنی دەستی بەشداربووان (کە بە ماچکردنی دەستی سەیید دەستپێدەکات) کۆتایی پێدێت. ئەم دەست ماچکردنە، دەربڕی



خزمەتی راستەقینەی خادم و پیشانگەری کۆتایی پێهاتنی هەموو ئەو هەستە خراپانەیە کە لەوانەیە لەنێو گرووپەکەدا هەبێت.

بە درێژایی رێوڕەسمەکە، کەلام لە لایەن کەلام خووەن یان سەییدەوە (ئەگەر بزانێت) لەگەڵ تەنبووردا دەخوێنرێتەوە و بەشداربووانیش، لە کاتی خۆیدا دووپاتی دەکەنەوە. هەروەها لە درێژایی رێوڕەسمەکە، (کە لەوانەیە بە پێی ژمارەی بەشداربووان و کەمی و زۆری پێشکەشیەکان چەند کاتژمێر درێژەی هەبێت)، نابێت هیچ وشەیەك جگە لە کەلام و عیبادەت، بە زاری بەشداربوواندا بێت.

هەندێك لە بەشداربووان، لەم کەش و هەوا عیرفانییەدا(کە لەگەڵ مۆسیقاو وتنەوەی زاراوە پیرۆزەکاندا تێکەڵ دەبێت) حاڵیان لێدێت. رێوڕەسمی جەم، هەستی لەگەڵ یەکدا بوون و سەربەیەکتر بوون، پتەوتر دەکات و بیروباوەڕی بە هەبوونی زاتی ئیلاهی لەنێو ئەم کۆبوونەوانەدا، پێوەندییەکی پیرۆز لەنێوان بەشداربوواندا دروستدەکات و زۆرێك لە لایەنەکانی ژیانیان دەخاتە ژێر تیشکی خۆی. ئەم هەستی یەك بوونە لەنێو بەشداربووان بەهێزتر دەبێت لەبەر ئەو راستییە کە لەنێو جەمدا، بەشێوازێکی یەکسان لەگەڵیاندا هەڵسوکەوت دەکرێتو هەموو پێشکەشیەکان بە شێوازی یەکسان لەنێوانیاندا دابەشدەکرێت. لە رابردوودا، کاتی بەڕێوەچوونی رێوڕەسمی جەم، تەنها کاتێك بوو کە تێیدا هەژارەکان دەیانتوانی گۆشت بخۆن و بێخەرجی خۆیان و بێ ئەوە کە پێگە و رێزی خۆیان لەنێو کۆمەڵگادا لە دەست بدەن، تێروپڕ نان بخۆن. پێشکەشی، گوزارشت لە سەوزبوون (بۆ گەشانەوە) دەکات کە بە واتای وەشاندنی تۆمی کاری چاکەیە بەو هیوایە کە رۆژێك لە رۆژان، سەمەرەکەی بڕوێننەوە.

## رۆژوو جەژنەکانی ئەهلی هەق: جەژنی خاوەندگاری

گرینگترین جەژنی ئایینی ئەهلی هەق، جەژنی خاوەندگارییە کە وەبیرهێنەرەوەی رووداوێك لە سەردەمی سوڵتان دایە و بە شێوازێك لە شێوازەکان، پیشانگەری چۆنیەتی پێکهاتنی ئەم ئایینەیە. چیرۆکەکە وەها دەبێژیت:

((کاتێك کە شێخ عیسا کۆچی دوایی دەکات، براکانی سوڵتان دەڵێن ئێمە ناتوانین لەگەڵ سوڵتان ببین بە شەریك و پێی دەڵێن بەشی خۆی هەڵگرێت و لە بەرزەنجە بچێتە دەرەوە. سوڵتان لە میراتی باوکی، تەنها داوای سێ شت دەکات: سوفرەیەك، قازانێك و قالێچەیەك. براکانی سوڵتان بە خۆشحاڵییەوە قبووڵیدەکەن. کاتێ کە سوڵتان ئەوێ بەجێ دەهێڵێت، دایکی

سولّتان (دایەراك) بە براكانی سولّتان دەلّێت كە بەرەكەت، نجابەت و شێخیەت (ڕێبەرایەتی ئایینی)ی مالّی باوكیان لەو سێ شتە دابووە كە سولّتان لەگەلّ خۆیدا بردوویەتی. براكانی سولّتان دەزانن كە هەموو شتیان لەدەستداوە، دەچنە لای مامیان (كە سەرۆكی عەشیرەتی چیچەك بووە)و داوای یارمەتی لێ دەكەن. پاشان دەچن بە شوێن سولّتاندا. سولّتان لەگەلّ سێ دەروێشی دیكە (پیر بنیامین، پیرموسا و پیرداوود) دەچێت بۆ شندار (كە شاخێك بووە لە هەورامان)و لەوێ ئەشكەوتێك بە شێوازی موعجزەئاسا دەكرێتەوە تا پەنایان بدات. سولّتان و هاوڕێیانی لەنێو ئەشكەوتەكەدا دەمێننەوە و بەدەستی سوپای چیچەك گەمارۆ دەدرێن. بنیامین لە سولّتان دەپاڕێتەوە رزگاریان بكات. سولّتان بە داوود دەلّێت مستێك تۆز لەژێر قالّیچەكە هەلّگرێت و بەرەو سوپای چیچەك بیوەشێنێت. ئەم تۆزە زریانێكی وەها دروستدەكات كە خۆر سێ رۆژ تاریك دەبێت و سوپای چیچەك لەنێو خۆیاندا دەستدەكەن بە شەڕو لە كۆتاییدا تەفروتونا دەبن. لە ماوەی ئەو سێ رۆژ و سێ شەوەدا، سولّتان و هاوڕێیانی ڕێوڕەسمی جەم بەڕێوە دەبەن و رۆژوو دەگرن. كاتێ كە لە ئەشكەوتەكە (كە ئێستا بە مەڕێ نەو ناسراوە) دێنە دەرەوە، رۆژووی خۆیان بە خواردنی برنج و گۆشت (كە پیرەژنێك دروستیكردبوو) دەشكێنن. رۆژی دواتر وەك رۆژی جەژن رادەگەیەنرێت، بۆ ئەوەی كە سەركەوتنی سولّتان جەژن بگیرێت)) [٤٥].

لەو كاتە بە دواوە، رۆژووی سێ رۆژە لەسەر پەیڕەوانی سولّتان فەرز دەكرێت تا یادو بیرەوەری ئەو سێ رۆژ و شەوەی كە سولّتان و هاوڕێیانی لە ئەشكەوتی مەڕێ نەودا بوون، زیندوو رابگیرێت. رۆژووی ئەهلی حەق بە هەمان ناوی مەڕێ نەو- یش ناسراوە و هەرچەند كە سەبارەت بە كاتی گونجاوی رۆژووەكە، لە نێوان گرووپەجوداجوداكاندا بیروڕای جیاواز هەیە، بەلّام لە زستاندا دەگیرێت[٤٦]. لە ماوەی قۆناخی رۆژودا، جەم بە رێك و پێكی بەڕێوە دەچێت و هەموو بنەمالّەیەك نیازێك دەهێنێت و رۆژووی خۆی پێ‌دەشكێنێت. شەوی یەكەمی جەم بۆ داوود (دەلیلی زاهیری)، شەوی دووەم بۆ بنیامین (دەلیلی باتنی)و شەوی سێیەم بۆ موستەفا داوودان (ئەستێنەری رۆح)ـ ئەم ڕێوڕەسمە بۆ دەفعی بەلّا بەڕێوە دەچێت ـ تەرخانكراوە. رۆژی دواتر، جەژنی خاوەندگارییە و لە شەوەكەیدا ڕێوڕەسمی جەم بە ناوی سولّتان (پادشای حەقیقەت) بەڕێوەدەچێت. لەم شەوەدا، هەموو بنەمالّەیەك دەبێت هەندێك پێشكەشی (خدمەت) لەگەلّ خۆی بهێنێت كە بە دەعوەتی پادشاهی [٤٧]و سەران ە(باجی ئایینی) ناسراوە [٤٨]. لە رۆژی جەژندا، نانێكی تایبەت (ناسراو بە گەردەی رەمزباری) دروستدەكرێت كە بە ناوی رەمزبار (دایكی سولّتان) بەجەم پێشكەش دەكرێت.



لەنێو هەندێك لە كۆمەلّگای ئەهلی هەقدا، شەوی پێنجەم بۆ پیرموسا (نووسەری هەموو قەوالّەكان) تەرخانكراوە كە ڕێوڕەسمەكەی هەندێك جار كوت‌وپڕ و هەندێك جار لە رۆژانی دواتر لە هەمان مانگدا بەڕێوە دەچێت. لە ناوچەی گۆران، لە رۆژی جەژندا خەلّكێكی زۆر دەچن بۆ توتشامی بۆ ئەوە كە پەیمانی خۆیان لەگەلّ پیری بنەمالّەی حەیدەری تازە بكەنەوە. گەلێك لە ئەهلی هەقەكان لە ناوچەی گۆران، وەك ڕێبەری رۆحانی خۆیان سەیری پیر دەكەن، بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوە كە ئایا چوونەتە ریزی خاندانی ئەو پیرە یان نا. ئەوانە لە تەكیە (سەرا) لە دەوری یەك كۆدەبنەوە و بە دروستكردنی جۆرێك گۆشتاوی تایبەت و نانی دروستكراو لە تەنووری پیرۆزدا، خزمەتی تەكیە دەكەن. لە ناوچەی سەحنە، هەندێك لە ئەهلی هەقەكان، زێدەباری رۆژووی مەڕێ نەو، سێ رۆژی دیكە رۆژوو دەگرن كە بە رۆژووی قەوالّتاس ناسراوە.[٤٩] رۆژووی قەوالّتاس وەبیرهێنەری رزگاربوونی حەوت كەس لە پیڕەوانی دیكەی سولّتانە كە لەسەر رێگای گەیشتن بە سولّتان (بە مەبەستی گرتنی جەژنی پادشاهی) لە شاخی شاهۆدا كەتبوونە داو.[٥٠]

## كۆتایی: هەلومەرجی دژواری ئەهلی هەق و كولتووری كورد

ئەم بەشە، لێكدانەوەیەكی كردەوە و بیروباوەڕەكانی ئایینی ئەهلی حەق بوو، بەو شێوازەی كە من لە سالّی **١٩٩٢** لەگەلّیدا رووبەڕوو بوومەوە و لەنێو كۆمەلّگایەكدا كە تووشی ئالّوگۆڕێكی كۆمەلّایەتی خێرابوو. هەگەر لە روانگەیەكی تەنها و تەنها كۆمەلّناسییەوە سەیری بكەین، تەعلیمات و رەفتارەكانی ئایینی ئەهلی هەق، پیشانگەری خەباتی دوور و درێژ و قوولّی خەلّكێكی سادەیە بۆ پاراستنی ناسنامەی خۆی و لەم رووەوە، ڕێبازی ئەهلی هەق و كولتووری كورد(كە ئەوان بەشێكن لەم كولتوورە) زۆر لەیەك دەچن، بەلّام لە كاتگەلێكی دەگمەن و بەشێوازگەلێكی بە روالّەت یەكنەگردا. سەرنجڕاكێشترینی ئەم لێكچوونانە ئەوەیە كە هەردووكیان (ڕێبازی ئەهلی هەق و كولتووری كورد) ناچاربوونە لە بەرامبەر ئەو كەسانە كە بە سەریاندا زالّبوونە، داكۆكی لە ناسنامەی خۆیان بكەن. ئەم دووانە، بە چەنگ خستنە نێو ریشە كەوناراكانی خۆیان (كە ئیلهامیان لێ گرتووە) داكۆكی لە مافی خۆیان دەكەن.

ئەوەی كە هەر لە كۆنەوە كۆمەلّگای ئەهلی هەقی لە بەشی دیكەی كۆمەلّگای كوردستان جیا كردووەتەوە، توانایی ئەم خەلّكەیە بۆ خولّقاندنی جیهانێكی هاوتەریب و ناوخۆیی بۆ

ئەوەی کە لەکاتی پێویستدا، پاشەکشەی تێدا بکەن. بۆ گەیشتن بەم ئامانجە، ئەهلی هەقەکان، نەتەنیا پەرەیان بە چەمکی تایبەتی مێژوویی خۆیان داوە، بەڵکو یەك زنجیرە دەمارگرژی و رێوەرەسمی ئایینیشیان پێشخستووە کە پێشانگەری شرۆڤەی خودی ئەوان لە نەریتە ئیسلامییەکانە و بە یارمەتی ئەوە، گێڕانەوە پیرۆزەکانی خۆیانیان پاراستووە. جیهانی ناوخۆیی ئەهلی هەقەکان، چەمکێکی جیاواز لە حەقیقەت و هەروەها هێزێکی ناوخۆیی بەخشیوە پێیان کە بە پێی ئەوە دەتوانن لە بەرامبەر گوشارە دەرەکییەکان، داکۆکی لە خۆیان بکەن و رێبازی خۆیان لە بەرامبەر بیرو باوەڕەکانی دەوروبەر بپارێزن. ئەم خەباتگێڕییە، جیهانی ناوخۆیی ئەوانی پاراستووە و دەستلێنەدراو رایگرتووە.

گۆشەگیربوونی نیشتمانی شاخاویی و سنووری ئەهلی هەق و کۆمەڵگای عەشیرەتی ئەوان، زۆرتر لە هەموو هۆکارێك یارمەتی ئەوانی کردووە بۆ ئەوەی کە داکۆکی لە جیهانی دەرەکی خۆیان بکەن. هەڵبەتە ئەم دیاردەیە، ئێستا نەماوە و رووخانی گوشەگیری و لە ناوچوونی بنەما عەشیرەتییەکانی کۆمەڵگای ئەهلی هەق (کە لە سەرەتای سەدەی٢٠ دەستی پێکرد) ئێستا کامیل بووە.

ئەمڕۆ، کۆمەڵگای ئەهلی هەق، بەشێك لە کولتوورێکی نەتەوەییە و ناچارە بە شێوازێکی نوێ لەگەڵ ئەم کولتوورەدا هەڵسوکەوت بکات. بۆ گەیشتن بەم ئامانجە، گەورە ئایینییەکان ناچارن دەست لە جیهانی ناوخۆیی خۆیان هەڵگرن و لە رێگای ناردنی منداڵەکانیان بۆ قوتابخانە و بەڕێوەبردنی ئەرکی سەربازی و دامەزرانی بەرەبەرە لە دایرە حکوومییەکاندا، لەگەڵ جیهانی دەرەوە هەڵسوکەوت بکەن. ئەوان لە رێگای ئەم رەوتەدا، لەگەڵ جیهانی دەرەوە رووبەڕوو دەست بەیەخە دەبن و بەرەبەرە رەنگ و بۆی دوژمنایەتیکردن لەگەڵ ئەم جیهانە لەدەستدەدەن. ئەم رەوتە رێگا بۆ ناکۆکییەکی ناوخۆیی خۆش دەکا، هەرچەند کە ئەم ناکۆکییە لە بنەڕەتدا، لەلایەن رێفۆرمخوازەکان لە سەرەتای دەیەی ٢٠ هاتە ئاراوە و شەقبوونی ئەم کۆمەڵگایەی لە کۆتایی دەیەی ١٩٨٠دا لێ کەوتەوە.

ئەمڕۆ دوژمن لەنێو کۆمەڵگادایە و هیچ شتێك گەورە ئایینییەکانی بۆ هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەم دوژمنە، ئامادە نەکردووە. جیهانی ناوخۆیی ئەهلی حەق، لەوانەیە بتوانێت ئەوان لە گوشارە دەرەکییەکان و ئازار و ئەزیەتەکان بپارێزێت، بەڵام ناتوانێت لە دووبەرەکییە ناوخۆییەکان بیانپارێزیت. هەرچەند کە ئەمە راستە کە گرووپی رێفۆرمخواز، لە بەدەستهێنانی پێگەو بونیادێك لە کوردستاندا هەرەسی هێناوە، بەڵام لە رووبەڕووکردنەوەی گەورە



ئایینییەکان لەگەڵ هەندێك کێشەی بنەڕەتی پێوەندیدار بە ناسنامەی خۆیان، سەرکەوتوو بووە. ئەم سەرکەوتنە، لە رێگای دووبارە پێناسەکردن و پیشاندانی ئایینی ئەهلی حەق بە بیانییەکاندا وەدیهات و بەم پێیە، گەورە ئایینییەکانی ناچار کرد لەسەر هەندێك لایەنی ناسنامەی خۆیان بیر بکەنەوە و چڕ ببنەوە.

ئەمڕۆ ئەهلی هەق هەستدەکەن کە رێبازەکەیان نەتەنیا بە دەستی بیانییەکان چەواشە کراوە، بەڵکو بە دەستی خودییەکانیش دەستکاری کراوە. لەم رووەوە، کۆمەڵگای ئەهلی هەق، رەنگدانەوەی فراز و نشێوەکانی کۆمەڵگای کوردە (کە خۆیان بەشێك لەم کۆمەڵگایەن) و لە هەندێك کێشەی نامۆی ئەم کۆمەڵگایە (کە تایبەتمەندی زاتی کەمینەبوون لەنێو دەوڵەت ـ نەتەوەیەکی مۆدێرن دایە) بەشدارن.

# پەراوێزەکان

**تێبینی نووسەر:**

لێکۆڵینەوەکانی ئەم بەشە لە ماوەی ئەندامبوونی من لە ناوەندی لێکۆڵینەوەکانی کۆلیژی گیرتۆنی زانکۆی کەمبریج ئەنجامدرا. هەروەها ئەنجوومەنی لێکۆڵینەوە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی ئاکادیمی بریتانیا پشتیوانی لێدەکردم. لێرە دەمەوێت لەم کەسانە و هەروەها ریچاردتاپر بۆ خوێندن و شیکردنەوەی رەشنووسەکان سوپاس بکەم. دوو دۆستی ئەهلی حەق زۆرترین دەینیان لە ئەستۆی منە کە متمانەیان پێ کردم بە ئازادی دەربارەی ئایینەکەیان لەگەڵ مندا باس وگفتوگۆ بکەن، هەروەها کۆمەڵگاکانی ئەهلی حەق کە ئیزنیان بە من دا لە وتارە پیرۆزەکانیان کەڵك وەربگرم.

١- یەکەم هێڵ لە ریسالەی دورویێشی خاکساری (بە پێداچوونەوەی ئیڤانۆف، ١٩٥٣:٦٩) رویدا. هێڵی دووەم، وەرگێڕانی کتێبی وەرباتن (موکری، ١٩٦٦) بوو. هەردوو هێڵ لە کتێبی تەبیبیدا بێ ئاماژە بە سەرچاوەکانیان هاتووە.

٢- وشەی ئەهلی حەق لە لایەن گەلێ لە سۆفیە موسڵمانەکان بەکارهێنراوە. تێبینییەکە ئەوەیە کە وشەی حەق مانای زۆری هەیە وەك دادپەروەری، راستی، ئیلاهییەت و راستی کۆتایی.

٣- تەنها ناوێزای ئەم بابەتە، شێوەی نزیکایەتی مارتین ڤان بروئینسنە. لە نیوەی دەیەی ١٩٧٠ ڤان بروئینسن لەگەڵ هەندێك لە گەورە گەنجەکانی ئەهلی حەق لە ناوچەی گۆران پێوەندی گرت کە بوون بە دۆستی و بە ئازادی دەربارەی ئایینەکەیان گفتوگۆیان لەگەڵ ئەو دەکرد. هەروەها کە ڤان بروئینسن دەڵێت، لەوانەیە سمێڵە دەستلێنەدراوەکانی ئەو و زانینی زمانی کوردی بووە کە بووەتە هۆی ئەوە کە هەندێك لە ئەهلی حەقەکان وەك کەسێکی خاوەن بیروباوەڕ سەیری ڤان بروئینسن بکەن.، بڕوانە: ڤان بروئینسن، لاپەڕەی ٦.

٤- ئیڤانۆف (١٩٥٣:٢).

٥- نهێنی وادیارە کە یەکی لە تایبەتمەندییەکانی نەریتە سۆفییانەی دیکەشە. بۆ گفتوگۆ لەمەڕ ئەم بابەتە، بڕوانە: موکری (١٩٦٢).

٦- هاوشێوەبوونی یەکجار زۆری ئەم پرەنسیپانە لەگەڵ پرەنسیپەکانی ئایینی زەردەشت لە لایەن هەندێ لە لێکۆڵەران وەك بەڵگەیەکی ناوخۆیی (بۆ سەلماندنی ئەوە کە ئایینی ئەهلی حەق سەر بە نەریتی ئایینە کۆنەکانی ئێرانە) بەکار هێنراوە.، بڕوانە: بەدلیسی (١٩٧١)، سدیق سەفیزادە (١٩٨٢)، فەریبورز حەمزەیی (١٩٩٠)و کرینبروك (١٩٩٢). هەروەها، بڕوانە: بۆ بەشی کرینبروك (بەشی ٥ی



ئەم کتێبە).

٧- ئەوان، بە تایبەت لە ئیڤانۆف پەیڕەوییان کردووە کە دەقە کۆکراوەکانی دەربارەی ئەهلی حەق لە ئێران لە بەر دەستدا بووو بووە هۆی ئەوە کە بەشێکی زۆر لە خوێندەوارانی ئەهلی حەق لە ئایینی خۆیان شەرم بکەن. ئەهلی حەقەکان حاشا لە جێگای متمانەبوونی دەقە کۆکراوەکانی ئیڤانۆف و پێوەندی ئەم دەقانە لەگەڵ ئایینی خۆیان دەکەن. لەم دواییانە، ئینیسکلۆپیدیای ئایینی شیعە (١٩٩٠:٦١٣) لە سەرەتای باسکردن لە ئایینی ئەهلی هەق، سەرجەم ئەهلی حەقەکان وەك شەیتانپەرست وەسفدەکات و دەڵێت کە بەراز بۆ ئەوان پیرۆزە و لە رێوشوێن و یاسا پیرۆزەکانی ئیسلام پەیڕەوی ناکەن.

٨- ئەم ئایینە تا رادەیەك توێژینەوەی باشی لەسەر کراوە، بە تایبەت لە لایەن هەندێك رۆژهەڵاتناسەوە کە بە گوبینۆ (١٨٥٩) دەستی پێکرد و پاشان مینۆرسکی (١٩٢٠-١٩٢١)، ئیدمۆندز (١٩٧٢)، ئیڤانۆف(١٩٥٣)و موکری درێژەیان پێدا. ئەم نووسەرانە هەموویان لە رێگای دەقەکانی ئەهلی حەق، نزیکی بوونەتەوە و هەوڵیانداوە بیروباوەڕ و رێوڕەسمە ئایینییەکانی پێناسە بکەن کە لە نەریتە پیرۆزەکانی ئەواندا دیارە. ئەم نووسەرانە کاریانکردە سەر توێژینەوەکانی دواتر.

٩- لێکۆڵینەوەکەی من لە بانەمەڕ هەتا رەزبەری ١٩٩٢لە پارێزگای کرماشان ئەنجامدرا.

١٠- بڕوانە: مینۆرسکی (١٩٦٠، ١٩٢٠)و موکری (١٩٦٧، ١٩٦٣). ئیڤانۆف دەڵێت: ئایینی ئەهلی حەق لقێك لە ئایینی ئیسماعیلییەی نزارییە.

١١- بۆ نموونە، بڕوانە: رەشید یاسەمی (١٩٨٢)، فەریبورز حەمزەیی(١٩٩٠)و میهرداد ئێزیدی.

١٢- بۆ نموونە، بڕوانە: مینۆرسکی (١٩٦٩:٦)و موکری (١٩٦٣).

١٣- بڕوانە: مازونی (١٩٧٢)و موسا (١٩٨٧).

١٤- شارەزوور دەورێکی گرینگی لە تەریقەتی ئایینی ئەهلی حەقدا بینیوە و بیروبۆچوون وایە کە لە سەردەمی عەباسییەکان ناوی ناوچەیەکی نێوان هەمەدان و هەولێر بووە.، بڕوانە: بۆ سەفیزادە (١٩٨٢:١٠٣).

١٥- من لێرە لەسەر چوار سەرچاوە تەکیەم کردووە. دوو لەم سەرچاوانە (نیکنژاد و ئەلقاسی) بەدەستی ئەهلی حەقەکان و بۆ خۆیان نووسراون. سەرچاوەکانی دیکە (قانونی، ١٩٤٣و ئەفزەلی، ١٩١٢) بۆ ناساندنی ئەم ئایینە بە بیانییەکان نووسراون. کتێبی عالەمی حەقیقەت بە دەستی سێ کەلامخووەن (کەلام خوێن)ی ئەهلی حەق سەر بە بنەماڵەی حەیدەری لە تووتشامی بە داواکاری رەشید یاسەمی بۆ تەسلیمکردن بە پارلەمانی ئێران نووسراوە. کتێبی ئەفزەلی (١٩٩٢) بەدەستی سەییدێکی خوێندەواری کرماشانی بۆ وەدرۆخستنی ئەو شتانە کە لە بەشی یەکەمی ئینیسکلۆپیدیای شیعە (،

بروانە: بۆ پەراوێزی ٧)دا نووسراوە، نووسرا. کتێبگەلێکی دیکەش نووسراون، بەڵام بە کورتی چوونەتەسەر مەسەلەکان و منیش لێرە ئاماژەیان پێدەکەم. دوو پاراگرافی یەکەم لە کتێبی وەرباتن گیراون.

١٦- بە گوێرەی بەڵگەکانی مینۆرسکی (کە لە لایەن موکرییەوە کەوتوونەتە بەر توێژینەوە) شیخ عیسا لە ساڵی ١٤٤٢کۆچی دوایی کردووە و ١٢ کوڕی لێ بە جێماوە. بە پێی شەجەرەنامەیەك کە تەبیبی دۆزیویەتیەوە، شیخ عیسا سێ کوڕی هەبووە کە ناوی دوویان میر سەیید ئیسحاق و میر سەیید عەبدولکەریم بووە. ئەمە لە حاڵێکدایە کە نەوەکانی ئیسحاق، سەیدەکانی ئەهلی حەقن. نەوەکانی عەبدولکەریم، ئەندامانی تەریقەتی قادری- ن کە تەریقەتێکی سۆفییانەی سوننەیە کە ناوەکەی لە شێخ عەبدولقادری گەیلانی گیراوە.

١٧- ئەمە کورتکراوەی دەقەکەی موکرییە (١٩٦٣).

١٨- بۆ تاوتوێی دەوری تەریقەتە رەمەکییەکانی سۆفییانە، بروانە: بۆ ڤان برۆینسن (١٩٩١)و ئیڤانۆف (١٩٥٣)

١٩- بۆ ئەم کارە هەندێك لە نووسەران زیادەڕۆییان کردووە. زەقترین نموونەی ئەمە، میهرداد ئێزدییە کە بە پەرۆشە ئەهلی حەق لە ئیسلام دوور بخاتەوە و وەك ئایینێکی رەسەنی کوردی لە قەڵەمی بدات. ئێزیدی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ناوی ئایینی ئەهلی حەق لە ئایینێکی زۆر کۆن (کە ئەو ناوی نیاوە ئایینی فریشتەکان)گیراوە. ئێزیدی دەڵێت ئەم ئایینە لە بنەڕەتدا ئایینێکی غەیری سامی و خاوەن پێکهاتەی ئارییایە کە لە رابردوودا سەرانسەری ناوچەی زاگرۆسی خستبووە ژێر رکێفی خۆی. بە بیر و بۆچوونی ئێزیدی، پێناسەکردنی ئایینی ئەهلی حەق وەك ئایینێکی ئیسلامی هەڵەیە و و ئەم هەڵەیە لە نەبوونی زانیاری لە بارەی ئەم ئایینە (کە هەزاران ساڵ بەر لە ئیسلام سەری هەڵداوە) سەرچاوەی گرتووە. بەهەر حاڵ، ئێزیدی نەیتوانیوە هیچ بەڵگەیەك بۆ سەلماندنی ئەم بیرۆکەی خۆی بخاتە روو. هەروەها هەندێك لە بیروبۆچوونەکانی ئێزیدی، نائاساین. بۆ نموونە ئێزیدی دەڵێت: هەق یان هەك وشەیەکی کوردیە و بە واتای رۆحی گیانە و هیچ پێوەندییەکی بە وشەی (حەق) ی عەرەبییەوە نییە. ئێزیدی تەنانەت بانگەشەی ئەوە دەکات کە دامەزرێنەری ئایینی بابیەت (کە پاشان بوو بە بەهاییزم) لایەنگری ئایینی ئەهلی حەق بووە (ئێزیدی:١٩٩٢).

٢٠- زۆربەی توێژینەوەکانی ئەهلی حەق بەریانیان بەرەو کەلامە. ئەم مژارە دەکرێت وەك باوبوونی دەقگەرایی لە بیروباوەڕ و کردارە ئایینییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەسفبکرێت. ئەم بابەتە تەنانەت لەمەڕ لێکۆڵینەوە رۆژهەڵاتناسییە کۆمەڵایەتییەکانی ئەم دواییە وەك لێکۆڵینەوەکانی بیوك باغبان (١٩٧٥) وحەمزەیی (١٩٩٠)یش وەڕاست دەگەڕێت. لەم نێوەدا لێکۆڵینەوەی ڤان بروئینسن



ناویزایەکی بەرچاوە.

٢١- بۆ ناوچەی گۆران، بروانە: مینۆرسکی (١٩٤٣).

٢٢- ئەم ئەفسانە بۆ گەلێك لە خەڵك ناسراوە و لە لایەن گەلێك لە گێرانەوەرەکان دەگوترێت. ئەم توێژینەوەیە بە پێی گێڕانەوەیەکە لە لایەن گێڕاوەرێکی خوێندەوار لە کرماشان گوترا. هەرچەند من نەمتوانی هیچ ئاماژەیەك بەم گێڕانەوەیە لە کەلامدا ببینم، بەڵام لێکۆڵینەوەیەکی هاوشێوەم بینی کە لە قالبی وتارێکدا لەژێر ناوی عەشیرەتەکانی کرماشان درابوو بە سمیناری کاروباری عەشیرەتەکان لە هاوینی ساڵی ١٩٧٦. گومان دەکەم ئەم وتارە لە لایەن هەمان کەسەوە نووسرابێ.

٢٣- وادێتە بەرچاو کە مەسەلەی رێکەوتە مێژووییەکەی هیچ پێوەندییەکی بەم مەسەلەیە نییە و بەدڵنیاییەوە من ناتوانم لەم بارەوە بیروڕا دەربڕم.

٢٤- بە گوێرەی گێڕانەوەی پیرۆزی ئەهلی حەق، داوود تەجەلی ئەسحابە و هەر ئەمە بووەتە هۆی ئەوە کە ببێت بە بەشێك لە وتارە پیرۆزەکانی ئەم ئایینە.

٢٥- تەنها لە کوردستانە کە ئەهلی حەقەکان، حەشیمەتێکی کەڵەکە و ناوەندێك پێکدەهێنن. هەروەها حەشیمەتێکی بەرچاوی ئەهلی حەق لە بەشە جیاجیاکانی کوردستانی عێراق وەك سلێمانی، کەرکوك، موسڵ و خانەقین هەیە. بۆ توێژینەوەیەك لەمەڕ بیروباوەڕی ئەوان، بروانە: بۆ ئێدمۆندز(١٩٦٩، ١٩٧٥). هەروەها دەگوترێت کە هەندێك کۆمەڵگای ئەهلی حەق لە کوردستانی تورکیاش هەیە، بەڵام بە راشکاوی هیچ ئاماژەیەك بەمە نەکراوە. هەروەها ئاماژەکردن بەمە گرینگە کە ئەهلی حەق لەگەڵ عەلەوییەکانی تورکیا و سوریا جیاوازە.

٢٦- ئەهلی حەقەکانی ئازەربایجان سەر بە نەریتی تورکی ئایینی ئەهلی حەقن کە پاش نەریتە کوردییەکە پێکهاتووە. بۆ توێژینەوەیەك لەمەڕ گوندێکی تورکنشینی ئەهلی حەق/، بروانە: بۆ سەعیدی (١٩٦٤). هەروەها هەندێك کۆمەڵگای بەرچاوی ئەهلی حەق لە لوڕستان، دلفان و پوشتکوە هەیە. ئەم کۆمەڵگانە سەر بە نەریتی لوڕین کە بە بیر و بۆچوونی هەندێك، لە نەریتە کوردییەکەی کۆنترە.

٢٧- کرماشان، مەڵبەندی پارێزگای کرماشانە. من لێرە ئەم وشەیەم بەگشتی بەکارهێناوە و مەبەستم پارێزگای کرماشانە.

٢٨- وادیارە کە عەشیرەتی کەلهور لە سەرەتای ئەم سەدەیە زۆرتر ئەهلی حەق بوونە.، بروانە: بۆ راولینسۆن (١٨٣٩:٣٦)، ئێدمۆندز(١٩٥٧:١٩٣)و موسا (١٩٨٧:١٩١). لە ساڵی ١٩٩١ تەنها بەشێك لە عەشیرەتی کەلهور، ئەهلی حەق بوون. نیشتمانی ئەمانە بە کوفراوەر بەناوبانگە.

٢٩- بۆ راڤەیەکی ئینگلیزی لەم کتێبە، بروانە: بۆ وایتمەن (١٩٦٩:٤)

٣٠- ئەو، دوو کتێبی بە زمانی ئینگلیزی بڵاو کردووەتەوە کە هەردوویان وەرگێڕاونەتەوە سەر زمانی

ئینگلیزی.، بڕوانە: بۆ بەهرام (١٩٩٣، ١٩٧٦، ١٩٨٥، ١٩٨٧).

٣١- بۆ لێکۆلینەوەیەکی تێرو تەسەلتر لەسەر ئەم درزە، بڕوانە: بۆ میر حوسێنی (١٩٩٥)

٣٢- نوسخەی دەستنووسی کۆن، نوسخەیەکە کە بەدەستی مینورسکی لە ساڵی ١٨٤٣دۆزراوەتەوە. لەو کاتەوە بە دواوە کەلامەکانی دیکە کەوتنە دەستی بیانییەکان، بەتایبەت موکری و ئیڤانۆف.

٣٣- لە خوارەوە لە بارەی پرەنسیپەکانی بیروباوەڕی ئایینی ئەهلی حەق (ئیزهار و دونادون) زۆرتر باس دەکرێت. ئەم چەمکانە نیشاندەری راڤەی ئەهلی حەق لە پرەنسیپەکانی بیروباوەڕی سۆفییانەی تەجەلی و وەحدەتی وجودە.

٣٤- هەندێك جار، نەتەنها پەیڕەوانی ئەم ئایینە، بەڵکو ئەو کەسانەش کە لێکۆڵینەوەیان لەسەر ئەم ئایینەکردووە (سەفیزادە، حەمزەیی و حەبیبی) وەك بەڵگەیەکی مێژوویی پشت بە کەلام دەبەستن. ئەمە لەحاڵێکدایە کە نووسەرەکانی دیکە (ئیڤانۆف و تا رادەیەك، موکری) حاشا لە بایەخی مێژوویی کەلام دەکەن.

٣٥- ئەم بابەتە وادیارە لەژێر کاریگەریی بیروباوەڕەکانی ئایینی ئیسماعیلیە دایە.، بڕوانە: مینۆرسکی (١٩٦٠:١٠٠)و بە تایبەت باسی سەرنجڕاکێشی موکری (١٩٦٧:٤٧).

٣٦- بۆ سوڕێکی بچووك لە نێوان گۆرانەکان،، بڕوانە: میرحەسەینی (١٩٩٤).

٣٧- بۆ چەمکی پەیمان لە نەریتی ئەهلی حەق و ئیسلام، بڕوانە: موکری (١٩٧٧).

٣٨- ناکۆکییەکی دوور و درێژ لە ناوچەی گۆران لەسەر بوون یان نەبوونی شائیبراهیم لەناو حەوت تەندا هەیە. هەروەها، بڕوانە: ڤان برۆئینسن.

٣٩- ئارامگای شیخ ئەمیر لە گوندی قەزوینە (لە نیزیکی سەحنە) هەڵکەوتووە. کەلامەکانی شیخ ئەمیر نوێترن و مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ٢٥٠ ساڵ پێش. بۆ وەرگێڕانی فەرەنسی و راڤەی هەندێك لە وتارە بەناوبانگەکانی ئەو، بڕوانە: بۆ موکری (١٩٥٦).

٤٠- لەناو شیعەکاندا، قوربانیکردن بۆ تەواوکردنی نەزر ئەنجامدەدرێت، بەڵام لەناو ئەهلی حەقەکاندا، حەتمەن پێوەندی لەگەڵ نەزردا نییە.

٤١- بۆ وەسفکاریەکی دیکە لەبارەی جەم، بڕوانە: حەمزەیی (١٩٩٠)کە زۆرتر پشتی بە لێکۆڵینەوەکەی نوورعەلی ئیلاهی لە کتێبی بورهانەلحەق بەستووە. ئەم کتێبە زۆرتر راسپاردەییە تا وەسفی.

٤٢- ساڵی١٩٩٢، ٤ جەمخانە لە کرند، ٦ جەمخانە لە سەحنە، ٢جەمخانە لە کرماشان و ١جەمخانە لە ئیسلامئابادی رۆژئاوادا هەبوو.

٤٣- هەر چەند کە من وەك ژنێك نەمتوانی لە جەمدا بەشداری بکەم، بەڵام توانیم لە پشتەوە رێوڕەسمی جەم سەیر بکەم. لەراستیدا لە شوێنێك کە کۆمەڵگای ئەهلی حەق، زۆربەی دانیشتوانی ئەو شوێنە



پێکدەهێنێت، بەدەگمەن نیگەرانی دەربارەی پاراستنی نهێنی رێوڕەسمە ئایینییەکان لە ئارادایە. هەم لە ناوچەی گۆران و هەم لە ناوچەی سەحنە، هەروەها لە ئارامگای باوایادگار و شوێنە پیرۆزەکانی دیکە، من توانیم لە نیزیکەوە رێوڕەسمی جەم سەیر بکەم و هیچ کەس رێی لێ نەگرتم.

٤٤- تەکبیر دەتوانێت شێوازگەلی جۆراوجۆری هەبێ و هەموو شێوەکانی دەبێ ئەم وشانە لە خۆ بگرێ: "حەق، الحمدلله رب العالمین، سفرەی سوڵتان، کەرەمی خاندان، دەمی پیر".، بڕوانە: بۆ نوورعەلی ئیلاهی (١٩٧٥:١١٣).

٤٥- من ئەم گێڕانەوەم لە کتێبی عالەمی حەقیقەت وەرگرتووە. گێڕانەوەکانی دیکە تەنها لە وردەکاریدا لەگەڵ یەك جیاوازن. بۆ نموونە لە یەکێ لەم گێڕانەوانەدا سوپای چیچەك تووشی تاعوون دەبێ و لە ماوەی سێ رۆژدا تەفروتونا دەبێ. لە گێڕانەوەکانی دیکەدا، مستێ تۆز بەسەر شمشێرەکاندا دەپژرێت و سوپای چیچەك لەناو دەبات.

٤٦- لەمەڕ رێکەوتی رێکی رۆژوو لەنێو خاندانە جۆراوجۆرەکاندا بیروبۆ چوونی جیاواز هەیە و بەڵگەهێنانەوەکانی هەر کام لەوانە بە گوێرەی راڤە جۆراوجۆرەکان یان نوسخە جۆراوجۆرەکانی کەلامە. نوورعەلی ئیلاهی بە تێر و تەسەلی باسی ئەم مەسەلەیە دەکات، بەڵام باسەکەی سوودمەند نییە. ئەوەی کە مرۆڤ بە گشتی دەتوانێت بیلێت ئەوەیە کە رۆژووی ٦ رۆژە لە ناوچەی گۆران، پاش رۆژووی ناوچەی سەحنە دەستپێدەکات و تەنیا رۆژووی مەرێ نەو لەناو گۆرانەکاندا بەدیدەکرێت.

٤٧- نووسەری کتێبی عالەمی حەقیقەت (کە خەڵکی ناوچەی گۆرانە) دەعوەت بە دەئوەت دەنووسێت و وەك هاوواتای نەزر وەسفیدەکات، لەحاڵێکدا کە نوورعەلی ئیلاهی دەعوەت بەدەعوەت دەنووسێ و وەك جۆرێك بانگهێشتکردن بۆ ئایین وەسفیدەکات.

٤٨- بە وتەی نوورعەلی ئیلاهی، بڕی سەرانە لە سەردەمی سوڵتاندا، لانی کەم دوو قرانی ناوچەی پردیوەر بووە کە ئێستا هاوسانە لەگەڵ ١٠گرام زیوی پاراو. ٢ لە ٣ی سەرانە دەبێت بە پیر و ١ لە ٣ی دەبێت بە دەلیل بدرێت. بەهەرحاڵ لە کردەوەدا هیچکام لەم پێوانانە رەچاو ناکرێت و هیچ یاسایەکی تایبیەتی لەئارادا نییە. لە ناوچەی گۆران لە سەرەتای دەیەی ١٩٤٠پاش یاسایەك کە لە لایەن سەرۆکی سەیدە حەیدەرییەکان پەسەند کرا، بەکارهێنانی سەرانە و باجە ئایینییەکانی دیکە بۆ هەر مەبەستێك قەدەخە کرا، جگە لە نەزر یان پێشکەشیەکانی رێوڕەسمی جەم، بڕوانە: بۆ میرحوسێنی.

٤٩- بە وتەی نوورعەلی ئیلاهی (١٩٧٥:٤٥) قەواڵتاس بە واتای گەیشتن بە مەعریفەتی باش بوونە.

٥٠- بڕوانە: میرحوسێنی (١٩٩٥).

# (٧)

# جلوبەرگی کوردی، هەمەچەشنەیی ناوچەیی و جۆرەکانی

ماریا ئۆشی

## پێشەکی

چەمکگەلێکی ناڕاستی جۆراوجۆر دەخرێتە پاڵ جلوبەرگی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست. سکارس (١٩٨٥:٥) سەرنجی ئێمە بۆ لای ئەم بیروڕایە رادەکێشێت کە جلوبەرگی ناوچەیی لە سەرانسەری ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست، زۆر بە کەمی ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێت و شایانی گۆڕین نییە و ناکەوێتە ژێر کاریگەریی مۆد. ئەم بیروڕایانە تا ئەو جێگایەی کە پێوەندی بە جلوبەرگی کوردییەوە هەیە، بە دڵنیاییەوە زۆر دەگوترێت. هەڵبەتە هەگەر بە ئاڵوگۆڕە زۆرەکانی جلوبەرگی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بەها نەدرێت، مرۆڤ ناتوانێت پەی بەوە ببات کە ئاڵوگۆڕەکانی نەریتەکانی جلوبەرگ لە ناوچەیەکی بچووکی وەك کوردستان، بە دەگمەن لەنێو بەرهەمە چاپکراوەکاندا کەوتۆتە بەر باس و لێکۆڵینەوە. تەنانەت خودی کوردەکانیش ئەمەیان نەکردووە.

ئەم بیروبۆچوونە کە جلوبەرگە ناوچەییەکان، نەگۆڕن و ناکەونە ژێر کاریگەریی مۆد، لە بارەی کوردستان (هەروەك ناوچەکانی دیکە)، ڕاست نییە. هەروەها کە لە ژێردا پیشان دەدرێت، جلوبەرگی کوردی لەبەرئەوەی کە نە تەنها لە نێوجەژن و بۆنەکان، بەڵکو لە بەشێکی زۆری کوردستاندا ڕۆژانە لەبەردەکرێت، هەروەك جلوبەرگە ئوروپییەکان، بەرەو ڕەوتەکانی مۆد بەریانی هەیە. بە لەبەرچاوگرتنی ماکە ناوچەییەکانی جلوبەرگ و جۆری کاربوردو هەندێك ماکی مۆدی ئوورپی ـ کە دەکرێ ڕەخنەی لێ بگیردرێت ـ ئاڵوگۆڕی مۆدی جلوبەرگ یەکجار زۆرە. ڕوو لە زیادبوونی فرەچەشنەیی قوماشەکانی نێو کوردستان ـ کە هەندێك جار لە ناوچەدا دروستدەکرێت، بەڵام زۆرتر لە دەرەوە دەهێنرێت ـ پاڵ بە گۆڕانکارییە نوێکانی جلوبەرگدا دەنێت. ڕوو لە زیادبوونی هەڵسوکەوت لەگەڵ گرووپە ئەتنیکییەکانی دیکە و کەوتنە ژێر کاریگەری میدیا گشتییەکان، بیروڕای گۆڕینی جلوبەرگ، زۆرتر لە جاران هاندەدات.

ئەو وەسفانەی کە لە بارەی جلوبەرگی کوردیدا کراون، بڵاون. بە دڵنیاییەوە هیچ باسێك لە پێرستی جلوبەرگە ناوچەییە جۆراوجۆرەکانی کورد تائێستا نەکراوە. لەوانەیە وردترین توێژینەوەیەك کە تا ئێستا دەربارەی جلوبەرگی کوردی کراوە، هی هێنری هیراڵد هانسن (١٩٦١) بێت کە باسی جلوبەرگی کوردی هەم لەنێو پەرانپەری گوندی و هەم لەنێو پەرانپەری شاری سلێمانی (لە کوردستانی عێراق) کردووە. هەڵبەتە ئەم وەسفکردنە، سەر بە کاتی نووسینی کتێبەکەیەو ئەو جلوبەرگانەی کە ئەو وەسفیکردوون، ئێستا تەنیا لەنێو پیرو پاتاڵەکاندا لەبەردەکرێت. بەهەرحاڵ وردەکارییەکانی هانسن (کە هەندێکیان باس لە ڕەوتە



بگۆڕەکانی جلوبەرگ لە پەرانپەری شارو هەندێك ئاڵوگۆڕی ناوچەیی دەکات) پڕبایەخن. هانسن ناوی کوردی هەموو جۆرە سەرەکییەکانی جلوبەرگی کوردی پێرست کردووە. کەوابوو، ئەم کارەی ئەو کردوویەتی، بەهۆی وردەکاری دەستەواژەکان، بۆ خوێنەر پڕبایەخە. هەڵبەتە دەبێت ئەمە لە بەرچاو بگیرێت کە بەهەرحاڵ، ئەم ناوانە لە ناوچەیەك بۆ ناوچەیەکی دیکە، بە تەواوی جیاوازن. لە کاری هانسن- یشدا، ئەو جلوبەرگانەی کە زۆر بەکاردەهێنرێن، گەلێ بە وردی وسفکراون (وەك وردەکارییەکانی فۆرمی جلوبەرگو بڕینە نمونەییەکان).

لە ناو ئەو بەرهەمانەی کە بەگشتی دەربارەی کوردستان نووسراون، بە دەگمەن شتانێك زۆرتر لە هەندێك جلوبەرگی شەخسی تێدایە. تەنها ناوێزەی ئەم بەرهەمانە، کتێبەکەی میهردادی ئێزدییە(١٩٩٢:٢٦٠ـ٢٦٥) کە بەشێکی تایبەت بە جلوبەرگی کوردی لە خۆ گرتووە و ئاماژەی بەوە کردووە کە هیچ فۆرمێك لە جلوبەرگ بوونی نییە کە جلوبەرگی تایبەتی کوردی بێت. ئێزیدی هەروەها لەمەڕ کەمبوونەوەی ئاڵوگۆڕی جلوبەرگی ناوچەیی باس و گفتوگۆی کردووە. ئەو تاوتوێیانەی کە گەشتیارەکان لەمەڕ جلوبەرگی کوردی کردویانە، زۆرتر وەسفکردنی جلوبەرگ لەگەڵ وێنە لەخۆدەگرێ. وەك نموونە، سایکس (١٩٨٠) جلوبەرگی پیاوانەی عەشیرەتە جوداجوداکانی ڕۆژئاواو باکووری کوردستانی وەسفکردووە و پیشانی داوە کە جلوبەرگی پیاوانە لە رابردوودا، زۆر فرە چەشنە و تێکچڕژاو بووە. ئەم زانیارییە وێنەییانە لە راستیدا بۆ سەد ساڵی رابردوو پڕبایەخ بووە، بەڵام شیکردنەوەی ئەم بابەتە سەرنجراکێشە لە چوارچێوەی ئەم بەشەدا ناگونجێت.

بەگشتی جلوبەرگی ناوچەیی کورد، دەبێ لە چوارچێوەی ئەو ناوچەیە کە ئەم جلوبەرگانەی تێدا لەبەردەکرێت یان لەسەرەتا لەبەرکراوە و هەروەها بە لەبەرچاوگرتنی ئەم ڕاستییە کە مۆدەکانی جلوبەرگی کوردی، مەنگ نین، وەسفبکرێت. ئەم بەشەی ئێمە، سەرنجی خوێنەران بۆ چەمکی جلوبەرگێکی گشتیی کوردی رادەکێشێت کە بۆ هەمووان ناسراوە و هەندێك جار لە جەژنەکان و بۆنە تایبەتییەکاندا لەبەردەکرێت و لەگەڵ جوانناسی و کاربۆردی نۆژەنی جلوبەرگدا یەکدەگرێتەوە. پاشان بە گشتیی لەسەر جۆرە ناوچەییەکانی جلوبەرگ باسدەکەین، بێ ئەوەی بە وردی ئاماژە بە مۆدە شایانی گۆرانەکانی جلوبەرگ بکەین. ئەم جۆرە جلوبەرگە ناوچەییانە، وەك نیشانەی بنەچە و ریشەی ناوچەیی کوردان، بە شێوازێکی بەرفراوان بۆ ئەوان ناسراوە. گۆڕانکاری ناوچەیی لەنێو جلوبەرگ تەنها بۆ دانیشتووانی ناوچە شایانی ناسینەوەیە. لە کۆتاییدا، ئاڵوگۆڕەکانی مۆدە کوردییەکان، بە باس و گفت وگۆکردن لە پەرەسەندنەکانی جلوبەرگی کوردی لە ناو و دەوروبەری شاری سنە لە کوردستانی ئێران، پیشاندەدرێت.

## ڕەوتە گشتییەکان

دەبێ لە بەرچاو بگیرێت کە گەلێ لە کوردان، ئێستا جلوبەرگی کوردی لەبەر ناکەنو لەوانەیە هیچ کام لە ئەندامانی بنەماڵەیەك، لە ژیانیاندا جلی کوردییان لەبەرنەکردبێت. ئەم دیاردەیە، لە بەشێکی زۆر لە کوردستاندا وەڕاست دەگەڕێت. لە رابردوودا هەندێك کەندوکۆسپ لەبەردەم لەبەرکردنی جلوبەرگی ناوچەیی لەکوردستاندا هەبوو و کە هەندێك لەم کەند و کۆسپانە هێشتا هەر ماون. بۆ نموونە لە دەیەی ١٩٢٠، رەزاشا جلوبەرگی ناوچەیی لە ئێراندا ـ لەوانە کوردستانی ئێران ـ قەدەغە کرد و سەرپێچیکەرانی بە جەریمە و زیندان سزا دەدا. لە تورکیا، کەماڵ ئەتاتورك، پیاوانی هاندا جلوبەرگی ئەوروپی لەبەربکەن و کڵاو بخەنە سەر. تەنانەت لەو سەردەمە، دەوڵەت گوشاری دەخستە سەر ئەو کەسانەی کە لەگەڵ دام و دەزگا حکومییەکاندا هەڵسوکەوتیان هەبوو (ئەوانەی کە دەچوونە قوتابخانە، خوێندەوار بوون یان لەدایرە حکومییەکاندا فەرمانبەر بوون). ئەم گوشارە زۆرتر دەخرایە سەر پیاوان، هەر بۆیە بەریانی پیاوان بۆ پۆشینی جلوبەرگی ئەوروپایی لە ژنان بەهێزتر بوو. باس‌وگفت‌وگۆ لەسەر گرینگی دەوری ژنان وەك هەڵگرانی سەمبۆلە بەرچاوەکانی ناسنامەی ئیتنیکی و کەرەستەکانی زەمانەتکردنی هۆشیاری ناسیۆنالیستی لەنێوان نەوەی نوێی کورد، شتێکی روون و سەلمێندراوە بەڵام بەداخەوە لە چوارچێوەی ئەم بەشەی ئێمەدا ناگونجێت.

بە هەرحاڵ، دەست هەڵگرتن لە جلوبەرگی ناوچەیی، زۆرتر رەوتێکی ئازادانەیە و لەژێر کاریگەریی گەلێ لە هۆکارەکاندایە. ئارەزووی رێککەوتن لەگەڵ نوخبە دەسەڵاتدارەکاندا، شەرمکردن لە بنەڕەت و ریشەی ئەتنیکی و ئارەزووی لێڕوانین وەك مرۆڤێکی مۆدێرن و خوێندەوار، هۆکارگەلێکی نەرێنین کە خەڵکیان هانداوە جلوبەرگی غەیرە کوردی لەبەربکەن. زێدەباری ئەمە، کۆمەڵە هۆکارێك وەك راحەتبوون، گونجاوبوون بۆ پەرانپەر (بە تایبەت پەرانپەری کار)، لەبەردەستدابوونی جلو بە تایبەت کێشەی نرخ، هەموو لەم رەوتەدا دەور دەگێڕن.

لە لایەکی ترەوە، ئێستا دەبینین کە لە زۆرێك لە ناوچەکانی کوردستاندا، رەوتی لەبەرکردنی جلوبەرگی کوردی روو لە زیادبوونە. هۆکارەکانی ئەم روو لەزیادبوونە، جۆراوجۆرن و تەنها پەرەسەندنی لەناکاوی ناسیۆنالیزمی کوردی نییە کە لەم بەینەدا دەور دەبینێت. وەك نموونە، جلوبەرگی نەریتی ناوچەیی زۆرتر لە پەرانپەری نەریتی کوردستان، واتا کۆمەڵگای گوندی، لە بەردەکرێت و لەبەرئەوە کە گوندنشینان لەناکاو بۆ شار کۆچدەکەن، جلوبەرگی کوردی زۆربەی جاران لەنێو شارەکاندا دەکەوێتە بەرچاو و لەوانەیە ئەمە کاردانەوەی



جۆراوجۆری خەڵکی شاری لێ بکەوێتەوە. لە لایەکی ترەوە لەوانەیە شەپۆلێکی دڵتەنگی بۆ لەناوچوون یان کەمبوونەوی نەریتە کوردییەکان لە ئارادا هەبێت کە خەڵك هانبدات جلوبەرگی نەریتی لەبەربکەن، بەڵام شارنشینەکانیش رەنگە بە پیشاندانی باڵادەستی خۆیان لەنێو جلوبەرگە ئەوروپییەکاندا، لە بەرامبەر ئەم رەوتە کاردانەوە نیشانبدەن. کەوابوو، هەروەها کە لە بەشی باس و گفت‌وگۆ لە پەرەسەندنی جلوبەرگ لە سنەدا نیشانی دەدەین، کاردانەوەی شارنشینان بە گوێرەی هەل‌ومەرجی ناوچەیی، جیاوازە.

هەروەها کە سکارس (١٩٨١) وەبیردەهێنێتەوە، کۆمەڵێك تایبەتمەندی لەنێو جلوبەرگی نەریتیی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا هەیە کە بەگشتیی لەنێو جلوبەرگی کوردیشدا دەبینرێت. یەکێك لەم تایبەتمەندییانە، بەکارنەهێنانی قوماشی بڕاو و بەکارهێنانی بەرفراوانی جلی چەندتوێژە (بۆ گەرمبوون و پاراستنی کاریگەریی جلوبەرگ). یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی دیکە، پۆشینی جلی ئەمانەتییە (چ جلی ئەوروپاییو چ جلی ناوچەیی).

تەنها لە جلی کوردیدایە کە کەرەستەی نەریتی کوردی بە راستی بەکاردەهێنرێت. ریشەی نەقشەی جلوبەرگی نەریتیی کوردی، دیار نییە، بەڵام بەڕاستی بێوێنەیە. جلی قوڵدرێژ، جگە لە کوردستان، لەنێو عەرەبە دەشتەکییەکان و فەلەستینییەکانیش دەپۆشرێت و پاڵتۆی درێژ، وەبیرهێنەری عەبا درێژەکانی سەردەمی عوسمانییە. شەرواڵی پان و پۆڕ لەسەرانسەری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەبەردەکرێت، بەڵام پیاوانی کورد لە پیاوانی عەرەب جیاوازن، لەبەرئەوەی کە شەرواڵی پان و پۆڕ لەبەر دەکەن. لە بەشە جوداجوداکانی کوردستاندا، خەڵك خوی بەوە گرتوە کە جلێکی ناوچەیی ناسراو لەبەربکەن، بە شێوازێك کە جیاوازی لە نیوانیاندا کەمە. بەرهەرحاڵ، ئێستا کوردەکان زۆرتر لە جاران لەگۆڕانکارییەکانی دیکەی ناوچەیی جلوبەرگ ئاگادارن و هەستدەکەن کە ئازادن بە کەیفی خۆیان ماکەکانی جلوبەرگی ناوچەی خۆیان یان جلوبەرگی ناوچەکانی دیکە، هەڵبژێرن.

## پەرەسەندنی جلوبەرگێکی گشتی کوردی

بارودۆخی سیاسیش، دەتوانێت کاریگەریی لەسەر کێشەی جلوبەرگ هەبێت. بەشی هەرە زۆری کوردستان لە ماوەی ٥٠ ساڵی رابردوودا هەمیشە لە حاڵەتێکی جەنگیدا بووە. پێشمەرگەکان زۆرتر جلوبەرگی کوردی (زۆرتر جۆری باشووری) لەبەردەکەن و بەدەگەمەن

جلوبەرگی فۆرمی سەربازی لەبەردەکەن. هەڵبەتە سازو بەرگی پێشمەرگەکان زۆر راحەتە، لەگەڵ ئاووهەوای سەختی ناوچە سازگارە، گەرمە و ئەو تایبەتمەندییەی هەیە کە ببێت بە توێژتوێژ. تەنانەت رێبەرانی سیاسیی کورد لەنێو ماڵدا، ئەم جلانە دەپۆشن، هەرچەند زۆرێك لە خەڵکی پرۆفشناڵ، ئیدی ئەم جلانە لەبەرناکەن. تەنانەت لە کوردستانی تورکیاش (کە لە رابردوودا تەنها ژمارەیەکی کەم، جلی کوردیان لەبەردەکرد) ئێستا ئەم جۆرە جلوبەرگە وەك جلوبەرگی فۆرم هەڵدەبژێرن.

لەناو کۆچبەرانی کورد لە ئەوروپا، ئێستا دوو جۆر جلی ژنانە باوە. جۆرێکی، جلوبەرگی پوولەکچنکراو، تۆڕی مانەند و قۆڵکورتی سلێمانییە کە رووپۆشێکی درێژ و بە تەواوی پوولەکچنکراو، ژێرپۆشێکی رازاوە و شەڵوارێکی پڕشەوق و مەوقی لەگەڵدایە. جلوبەرگی پانوپۆڕی مەهابادیش، لەم دواییانە زۆر باو بووە. کوردەکانی ئەوروپا، زۆربەیان سەریان پەتیە. لە هەندەران، تەنها سەماکەران و شانۆگەران، جلوبەرگی جۆری کوردی باکوور لەبەردەکەن. ئەم جۆرە سادەیەی جلی کوردی، لەژێر کاریگەریی نموونەی رەنگەکانی ئەوروپا هەڵدەبژێرێت و لەنێو مێوانییەکان، کۆنسێرتەکان و زەماوەندەکاندا (کە رەنگە تەنها کاتێك بن کە تێیاندا جلوبەرگی کوردی لەبەردەکرێت) لەبەردەکرێن. ئەم جلوبەرگانە، کوتوپڕ وەك جلوبەرگی کوردی دەناسرێنەوە و تا رادەیەکی کەم دەکەونە بەر کاریگەریی مۆد، لەبەرئەوە کە رۆژانە لەبەرناکرێت. پیاوانی کورد لە ئەوروپا، لەنێو میوانیەکاندا، زۆرتر جلوبەرگی کوردی لەبەردەکەن (کە لە شەڵواری قوماشی شاقۆڵی شکڵ دروستبووە) و ژمارەیەکی کەمیش سەربەند دەکەنە سەر. هەندێکیش پێڵاوی نەریتی (کلاش)و گۆرەوەی نەریتی یان کەڕکی نمەدی شوانانەیش لەبەردەکەن. لەنێو خودی کوردستاندا، لە بارودۆخی ئاساییدا، تەنها شوانەکان ئەم کەڕکانە لەبەردەکەن، کەوابوو ئەمە پیشاندەری ئەو پێوەرە بەرفراوانەیە کە تێیدا، جلوبەرگی کوردی بۆ کوردەکانی هەندەران دروستدەکرێت.

## جلوبەرگی ژنانە و پیاوانە

جلوبەرگە ناوچەییەکانی کوردستان، هەنووکە بە سێ جۆری سەرەکیی بۆ پیاوان و لەوانەیە چوار جۆر بۆ ژنان دابەش بکرێت.



## جلوبەرگی پیاوانە

جۆری باکووری جلوبەرگی پیاوانە، تەسکە و تا رادەیەك لە جلوبەرگی تورکە گوندنشینەکان دەچێت. میهرددادی ئیزیدی (١٩٩٢) هێما بۆ ئەوە دەکات کە ئەم جۆرە جلوبەرگە، وەبیرهێنەری جلوبەرگی ناوچەی باڵکانە. لەم جۆرە جلوبەرگەدا، شەرواڵەکان، بنپاچەی کورتی تەسکیان هەیە، لە نێوقەدا تەسك دەبنەوە و هەتا ئەژنۆ درێژ دەبێت. لە بەر کردنی جلیقە لەسەر کراس باوە. شاڵی گەردنیش باوە. کراس تەنها لەنێو هەندێك گرووپی عەشیرەتی تایبەتدا، شاقۆڵی هەیە. سەربەندەکان جۆراوجۆرن: عەمامەی پان و پۆڕ، هارەق چن یان ئاوێتەیەك لەم دووانە هەیە. ئەم سەربەندانە، زۆربەی جاران، زۆر گەورەن و زۆر خۆ دەنوێنن.

مۆدیلە باوەکانی جلوبەرگ لە هەندێك بەشی باشوور کوردستانی تورکیا، لەوانە پارێزگای هەکاری و باکووری عێراق، بە مۆدیلی رواندوزی ـ بادینانی یان هەکاری ناسراوە.

ئەم مۆدێلە بریتییە لە چاکەتێکی بێ‌یەخە کە لە نێوەڕاستدا دەکرێتەوە و هەتا ئەژنۆ درێژ دەبێت و لەژێر شەڵواردا کۆدەبێتەوە. لەم مودێلەدا، جل زۆربەی جاران گوڵدۆزی دەکرێت و لەوانەیە قاوەیی هێڵهێڵ یان کرێمی بێت یان لە نەواری باریکی رەنگی دروستکرابێت. کراسی سپی لە گەڵ شاقۆڵ لەبەردەکرێت کە قۆڵەکانی لە دەرەوەی بامۆی چاکەتەکە بە دەوری یەکدا دەپێچرێت. پشتوێن ـ کە زۆربەی جاران، پانایی و درێژاییەکی زۆری هەیە بەڵام ئێستا کەمبۆتەوە ـ بە دەوری کەمەردا دەبەسترێت. ئەم پشتوێنانە، بە شێوازێکی مامۆستایانە، گرێ دەدرێن و هەر لە کۆنەوە شوێنی راگرتنی شتومەکی بچووکی شەخسی بووە. سەربەند لەنێو هەر عەشیرەیەکدا زۆر فرەچەشنەیە، بەڵام زۆرتر بریتییە لە عەمامەیەك کە بە شکڵی شەترەنجی پێچاوپێچ بە دەوری هارەقچن (کڵاو)دا بەتوندی دەبەسترێت و شکڵ و رەنگی زۆری هەیە. لەم عەمامانەدا، هیچ مشکییەك شۆڕ نابێتەوە و مرۆڤ دەتوانێت هەموو کارێك بکات بێ ئەوەی کە بکرێتەوە و دیسان ببەسترێتەوە. ناوێزەی عەشیرەتی بارزانی و ئیزدییەکان کە سەربەندی شەترەنجی سوور و سپی بەکاردەهێنن، عەمامەکانی ئەم ناوچەیە، بە رەنگی رەش و خۆڵەمێشی و سپین.

هەروەها کە لە ژووردا باسمانکرد، باوترین جۆری جلوبەرگ لە باشووری کوردستان، ئێستا بووە بە جلوبەرگێکی گشتیی کوردی. ئەم جۆرە جلوبەرگە، لە هەموو ناوچە کوردنشینەکاندا بەرچاو دەکەوێ و زۆربەی پێشمەرگەکان، لەبەریدەکەن. ئەم جلە بریتییە لە چاکەتێك (هاوشێوەی ئەو چاکەتەی کە لە سەرەوە باسمانکرد) بەڵام قەت گوڵدۆزی ناکرێت. شەڵواری ئەم

جۆرە جلوبەرگانە، پانوپۆڕە، لە نێوقەددا کۆ دەکرێتەوە و هەتا ئەژنۆ درێژە. ڕەنگە گونجاوەکانی ئەم چاکەتە بریتییە لە قاوەیی، کرێمی، قاوەیی شیباو بە زەردو خۆڵەمێشی، ڕەش و خۆڵەمێشی و زۆربەی جاران بە ڕەنگی ڕەهەندی و هەندێك جار بە نەوارگەلی هێڵ هێڵ. ئەم چاکەتانە، بە تەواوی نابەسترێن (هەر وەك جۆری بادینانی) و قۆپچە (کە بە شێوازێکی هۆستایانە دروستکراون)و یەخەی شاقەڵداران هەیە و وەك کراسی یەخەدار، لە نێوەڕاستەوە قەت دەکرێن و پێویستیان بە ژێر پۆش نییە. جۆرێك کراسی شاقولی نەریتیش هەیە، بەڵام ئێستا زۆر کەم لەبەردەکرێت. پشتوێن بە درێژایی و پانایی جۆراوجۆر، بە دەوری کەمەردا دەبەسترێت. سەربەندەکان ئالۆگۆڕی زۆریان بە سەردا هاتووە و هەموو جۆرێك هارەقچن و سەربەندی چوارگۆشەی گەورە و مشکدار وەك عەمامە بەکاردەهێنرێت. هەڵبەتە ئێستا خەڵك زۆرتر حەزیان لە جۆری شلوشۆڕی سەربەندەکانە کە مشکی بەسەروچاویاندا شۆڕ دەبێتەوە. ڕەنگی سەربەندەکان فرەچەشنو بریتین لە سەوز (بۆ سەییدەکان)، بێ‌ڕەنگ (بۆ شێخەکان و مەلاکان)، خۆڵەمێشی و ڕەش و سپیو هەموو جۆرێکی هێڵهێڵ. عەمامەی گوڵدار باو نییە.

لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا، هەندێك رووپۆشی جۆراوجۆر هەیە کە لە ناوچەدا لە لباد دروستدەکرێت و ڕەنگێکی نەگۆڕی هەیە. ئەم چەشنە جلە، جلیقە، کڵاو و کەوای شنلمانەند کە شوانەکان لە بەریدەکەن، لەخۆدەگرێ. هەروەها کڵاوی مشکدار و گۆرەوی سادەو نەخشەداری ئەم جۆرە جلە هەیە. پێڵاوی نەریتی (کڵاش) لە هەودای سپی (کەڵکەڵە و قولابدۆزی کراو) دروستدەبێت کە بە تەسمەیەکی چەرمی بە ژێرەی پێڵاوەکە گرێ دەدرێت. ئەم پێڵاوانە بۆ ئاو و هەواوی نەمدار گونجاو نین، بۆیە لە زستاندا، پێڵاوی لاستیکی یان چەرمی لە پێ دەکرێت.

بەشێوازێکی نەریتی، هەموو پیاوانی کورد، خەنجەرێکی دروشاو دەخەنە نێو پشتوێنی خۆیان و لەکاتی مەترسیدا، وەك جۆرێك چەك بە کاری دەهێنن. هەڵبەتە هەڵگرتنی خەنجەر ئێستا زۆر دەگمەنە و لەهەندێك شوێندا، دەوانچە جێگای خەنجەری گرتۆتەوە. بۆ پێشمەرگەکان، چەك و تەقەمەنی بەشێکی جودانەکراوی جلوبەرگە. ئێستا یەك دانە کراس لەگەڵ جلوبەرگی کوردی لەبەردەکرێت و تەنانەت لەنێو گوندەکانیشدا چاکەت، پاڵتۆ و پیلاوی ئەورووپایی بە زۆری بەکاردەهێنرێت. جلوبەرگی کوردی، پەیتاپەیتا ناشوردرێت و لەزۆرێك لە کەواکاندا، هەندێك درز بۆ هاتووچۆی باو راحەتبوونی جوولاّن دروستدەکرێت.



هەروەك جلوبەرگی ژنانە، ئێستا خەڵك حەزیان لە جلوبەرگی سادەی پیاوانەیە. ئێستا شوێن و سەربەندە گەورە و سەرنجڕاکێش و ڕەنگاوڕەنگەکانی ڕابردوو زۆر بە دەگمەن دەبینرێت. هەروەها بۆ دوورینی جلوبەرگ، قوماشە نەریتییەکان بەدەگمەن بەکاردەبردرێت و زۆرتر قوماشی گشتیی بەکاردەهێنرێت. تەنها ناوێزەی ئەم قوماشە نەریتییانە، قوماشی مەرەزە کە بەردەوام خۆشەویستەو لە نەوارگەلێکی باریکی کەڵکەڵە لە پەشمی بزن یان مەڕ دروستدەکرێت، پێکهاتووە. ئەم جۆرە قوماشە، زۆر گەرم و ئەستوورە و دژی ئاوە، بەڵام تا رادەیك زبرە و دەبێت لەژێریدا، ژێرپۆشێکی چیتی یان شەرواڵێکی نەرم لە بەر بکرێت. قوماشی مەرەز لەبەراورد لەگەڵ قوماشەکانی دیکەی ناوچە زۆر گرانە، هەر بۆیە زۆر ئایدیالە.

کراس، پشتوێن و عەمامە، لە رابردوودا بە بەن، کەتان یان تەنانەت هەوریشمی ناوچەیی دروستدەبوو بەڵام ئێستا لەقوماشی ئاسایی‌و هاوردەی بیانی دروستدەکرێت، هەروەها عەمامەی شەترەنجی کە بۆ بازاڕی عەرەبی بەرهەم دەهێنرێت، زۆر بەکاردەهێنرێت بەڵام نموونە ناوچەییەکانی، لە زۆرێك لە ناوچەکاندا هەیە. ئارەقچنەکان یان بە بەنی پەڕمی، خوری، نایلۆن و میتالیك دروستدەکرێت یان بە خوری یان نمەدی گوڵدۆزیکراو. بێجامەی ئەوروپایی (هەگەر هەبێت)و عەبای درێژی پیاوانەی عەرەبی، لەنێو ماڵ یان تەنانەت لەدەرەوەی ماڵیش (بە پێی جۆری جلوبەرگی ناوچەیی و رادەی هەڵسوکەوت لەگەڵ خەڵکی غەیرە کورد) بەکاردەهێنرێت، بەڵام کەسایەتییە ئایینییەکان، زۆربەی جاران عەبای عەرەبی بە بێ شەرواڵ لەبەردەکەن.

لەنێو پیاواندا سمێڵ وەك نیشانەی جوانمێری و بەشی جودانەکراوی تایبەتمەندی کورد بوون، لە قەڵەم دەدرێت. مەتەڵۆکێکی زۆر لە نێوان کورداندا سەبارەت بە هێشتنەوەی سمێڵ لە هەموو شوێن و کاتێکدا هەیە و پابەندبوونی هەر کەسێك بە پەیمانی خۆی، بە لەگرەوەنانی تەڵێ مووی سمێل گەرەنتی دەکرێت. گەلێك لە نووسەران (وەك رۆزفێڵت ١٩٤٧:٢٥١)، هێما بۆ ئەوە دەکەن کە پیاوانی کورد بە شێوازێکی چاك نەبوو، لە خۆبایین. بەهەرحاڵ، بە هۆی ئەوەی کە ئێستا ئەو جلوبەرگانە کە لە رابردوودا بەشێوازێکی هۆسایانە دروستدەکران، نەماون، زۆرێك لە پیاوان فیس بە سمێڵی جوانی خۆیان(کە هەموو جۆرێکی هەیە) دەکەن.

## جلوبەرگی ژنانە

لێرە، جۆرە سەرەکییەکانی جلوبەرگی ژنانە وەسفدەکرێت و بە جۆری زۆرتر باکووری دەستپێدەکرێت. ئەم جۆرە جلوبەرگەی ئاناتولی رۆژهەڵات، بە دەگمەن لە تورکیای ئەمڕۆدا

دەبینرێت بەڵام لەنێو کوردەکانی خوراسان لە ئێران (ئەو عەشیرەتە تایبەتانەی باکووری کوردستان کە لە سەدەی ١٧ بۆ ئەویێ دوور خراونەتەوە)دا هەیە. ئەم جۆرە، تەنها جۆری جلوبەرگی ژنانەیە کە کورتە و بریتییە لە شەلْوارگەلی پان و پۆر کە هەتا ئەژنۆ دەکێشرێت و لەگەڵ پێش داوێن لەنێو توێژێکی زۆردا لەبەردەکرێت کە هەرکام ڕەنگێکی جودای هەیە. شەرواڵ لەسەرەوە لە کەتان دروستدەکرێت و لە ئەژنۆدا کۆدەبێتەوە و جاکەتێکی کورتی لەگەڵدا لەبەردەکرێت، هەرچەند هەندێك جاریش رووپۆشێکی درێژ لەبەردەکرێت. سەر بە سەرپۆشێکی چین-چینی سێگۆشە بە تەواوی دەپۆشرێتەوە و لەسەر تەویڵدا بە سەرپۆشێکی دیکە گرێدەدرێت. ئەم جلوبەرگە، بە گشتی سازوبەرگی ئاناتولییە کە جیاوازییێکی زۆری لەگەڵ جلوبەرگی زۆرێك لە تورکە گوندنشینەکاندا نییە. بەهەرحاڵ قوماشی گوڵدارو گەڵاڵەگەلی ڕەنگاوڕەنگ، کاریگەرییەکی گشتیی خەوشکەری کردۆتەوە سەر ئەم جۆرە جلوبەرگە. جلی بادینانی یان هەکاری لە هەندێك بەشی باشووری کوردستانی تورکیا، لەوانە پارێزگای هەکاری و ناوچەی بادینان لە کوردستانی عیراق و دەوروبەری ئورومیە (لە کوردستانی ئێران) لەبەردەکرێت. ئەم جلوبەرگە بریتییە لە شەرواڵگەلێکی ئاسایی، سادە و خنجیلانە و یەکدانە ژێرکراسی (کە تا ئەژنۆ دەگات)و ژێرپۆشێك کە لەژێر قوماشی حەریردا لەبەر دەکرێت. رووپۆش، لە نێوقەددا کۆدەبێتەوە و شاقۆڵی هەیە. بەسەر ئەم جلەدا، رووپۆشێکی قۆڵ درێژ لەگەڵ بەروانکێکی قۆڵ کە بە شوێنێکی کەمەردا دەبەسترێت، هەیە. رووپۆش، داوێنێکی گەورەی کۆکراوی هەیە کە لە پێشدا ناگاتە یەك. ئەم جلە زۆرتر بێ رووپۆش لەبەر دەکرێت. فەقیانەکان زۆربەی جاران لە پشتەوە بە یەك گرێدەدرێن. بەشێوازی نەریتی، بۆ ئەم جلانە، هەمان قوماشی جلوبەرگی باشووری کوردستان بەکاردەهێنرێت. بەهەرحاڵ ئێستا خەڵك لە ڕەنگە ڕەقەکان کەڵك وەردەگرن و قوماشی قورس بۆ رووپۆش بەکاردەهێنن. هەروەها ئێستا قوماشی حەریر بەکارنابردرێت. سەربەندە ناوچەییەکان هێشتا بەکاردەهێنرێن کە بریتین لەو عەمامانەی کە لە دەوریدا، مشکی پەشمی هەیە و زۆربەی جاران لە پشتی سەرەوە شۆڕ دەکرێتەوە، بەڵام ئێستا ژنان زۆرتر سەرپۆشی غەیرە ناوچەیی لەسەر دەکەن.

جلوبەرگی سەرەکی کوردی کە بەجلوبەگی سۆرانی ناسراوە، لە هەموو شوێنەکانی باشووری بادینان لەبەر دەکرێت. ئەم جلوبەرگە بریتییە لە شەرواڵ و ژێرکراسێك کە لە ژێریدا، جلێکی شاقۆڵی کە دەگاتە زەوی، لەبەردەکرێت و لەسەری ئەوەوە، لانی کەم نیوقەدێکی کورت و زۆرتر رووپۆشێکی درێژ یان چاکەتێکی کورت لەبەردەکرێت. ئەم جلوبەرگە بە قوماشی تۆڕی



نازك یان بەنی (بۆ رووپۆش)و قوماشی مەخمەڵ یان بە زێرچنراو (بۆ نیوقەدە، رووپۆش یان جاکەت) دروستدەکرێت. ئەمڕۆ، جگە لە قوماشی مەخمەڵ، قوماشی دەستکرد بەباشتر دەزانرێت و قوماشی پوولەك دۆزیکراو بۆ دروستکردنی رووپۆش، باوە. بۆ چاکەت و رووپۆشی نەریتی، ئاستەری بەنیی و کۆن بەکاردەبردرێت. پشتوێن تەنها هەندێك جار بە دەوری کەمەردا دەبەسترێت. هانسن لە کتێبەکەی خۆیدا، پشتوێنە نەریتییەکان و سەربەندەکانی (کە ئێستا تەنها پیرەژنەکان بەکاریدەهێنن) بە وردی وەسفکردووە. سەربەندەکان بریتین لە هارەقچنێکی مەخمەڵی کە لەژێر چەناگەدا بە زەنجیری مەنجووق شۆڕ بووەتەوە.

ئەم جۆرە جلوبەرگە دەتوانرێت بەهەموو جۆرێك زێڕوزێو (هەگەر هەبێ لیرە) بڕازێنرێتەوە. هەندێك جار لەژێر چەناگە و لەسەر تەوێڵدا زەنجیر درێژ دەکرێت و هارەقچن بەتوندی بەدەوری سەردا دەبەسترێت و پشتی مل دەشارێتەوە. هەروەها بە سەرپۆشی ڕەنگاوڕەنگ و قوماشی مشکدار، عەمامەیەك دروستدەکرێت کە بەرزاییەکی سەرسووڕهێنەری هەیە. هەتا بیست ساڵ لەمەوپێش، هەموو ژنانی گوندی ئەم جۆرە عەمامەیان دەخستە سەر، بەڵام ئێستا مەوادی پێویست بۆ دروستکردنی ئەم عەمامانە بەزەحمەت لە ناوچەدا دەستدەکەوێت. هەروەك شوێنەکانی دیکەی کوردستان، لێرەش سەربەندی ئاسایی، سەرپۆشی سێگۆشەی چین-چین یان نموونە درێژ و باریکەکانی بووە بە باوترین جۆری سەربەند.

ئەو جۆرە جلوبەرگانەی کە لەناوەوە و دەرەوەی مەهاباد و سەقز لەبەردەکرێت، لە جۆرەکانی دیکەی جلوبەرگ جودایە. ئەم جۆرە جلوبەرگە، شەرواڵێکی پان و پۆرتر لە خۆ دەگرێ کە لەگەڵ جلیقەیەکی کورت لەژێر رووپۆشێکی قۆڵ درێژی حەریردا لەبەردەکرێت و لە جومگەی ڕاندا کۆ دەبێتەوە. پشتوێنێکی پان دەبەسترێت و رووپۆشێك کە هەتا کەمەر دەکێشرێت، لەبەردەکرێت. هەورەها جۆرێك کڵاو هەیە کە ئێستا تەنها لە ناو زەماوەندەکانی نێو گوندەکان دەکرێتەسەر، بەڵام عەمامەیەکی هاوشێوەی ئەمە لەگەڵ جلوبەرگی سۆرانی لە هەندێك ناوچەی گوندیدا، لە لایەن پیرەژنانەوە دەکرێتە سەر. ئەم جۆرە جلوبەرگە سەرەڕای تێکچڕژاوبوون و پێویست بوونی جۆرێك لێزانین بۆ بەستنی شاڵی گەردن و پشتوێن، ڕۆژبەڕۆژ لە ناوچەکانی دیکەدا باو دەبێت. ئەم جۆرە جلوبەرگە، پێویستی بە شەش میتر قوماش هەیە و قوماشی ساری ژاپۆنی (کە بۆ بازاڕی هیند دروستدەکرێت) بۆ ئەم جۆرە جلوبەرگە زۆر گونجاوە. هەروەها قوماشی ساری لەگەڵ نەقشە دووپاتکراوەکانیدا، دەتوانرێت بۆ دروستکردنی داوێنی درێژ بەکاربهێنرێت. قوماشی مەخمەڵیو پوولەکیش بۆ دروستکردنی چاکەت باوە. شاڵی

گەردەن یان بەنییە یان زۆرتر تۆڕیە و بە تەسبیح دەڕازێنرێتەوە. بە تایبەت بۆ ئەم مەبەستە، پشتوێن لە هەندێك نەقش و ڕەنگی بەرتەسك و لە پارچەی پەشمین یان بەنین، دروستدەکرێت. هەمووی ئەم جۆرە جلوبەرگانە، لە ناوچەکانی دەرەوەی شوێنی سەرەکیی خۆی، بە زۆری لە دەست دایە، بەڵام لایەنگرانی ڕاستەقینەی ئەم جۆرە جلوبەرگە بۆ کڕینی باشترین جۆری، سەردانی گەلێك لە بازاڕە گەورەکانی ناوچە دەکەن.

زێدەباری ئەم جۆرە سەرەکییانە، هەندێك جۆری ناسراوی دیکەش هەیە کە دەتوانێت لە ناساندنەوەی تایبەتمەندییەکانی ئەو کەسەی کە بەکاری دەهێنێت، یارمەتی ئێمە بکات. جۆرگەلێکی جیاوازی جلیقە، بڕینی جل و سەربەند کە پیشاندەری جیاوازییە ناوچەییەکانە، هەیە. بەتایبەت لەنێو ژنە بەساڵاچووەکاندا، شێوازی دورینی جلوبەرگ، دەربڕی جۆری ناوچەیی جلوبەرگە. ژنان (بە تایبەت ژنانی شار) زۆرتر لە دەرەوەی ماڵ، جلوبەرگی باوی وڵات لەبەر دەکەن کە لە ئێران، چارشێو و لە عێراق و ڕەنگە ڕۆژهەڵاتی تورکیا، عەبایە.

زێدەباری ئەمە، هەندێك جلوبەرگی جۆراوجۆری عەشیرەتی هەیە کە بە تایبەتی لە ئەم جۆرە جلوبەرگانەی کە باسمانکرد، جیاوازە. وەك نموونە، کوردەکانی عەشیرەتی میلان (لە باکووری کوردستانی ئێران)، کراسێکی زۆر درێژ و چەند توێژ لەبەردەکەن (کە لە کەمەردا کۆ دەبێتەوە)و هەروەها هەندێك پێشداوێن کە قۆڵەکانی فوی تێکراوە، بەکاردەهێنن. کوردە ئێزیدییەکانی باکووری عێراق، جلوبەرگی تایبەتی خۆیان هەیە کە لێرە ئێمە ناتوانین بە تێرو تەسەلی وەسفی بکەین، بەڵام بە کورتی ئاماژەی پێدەکەین.

پیاوانی ئێزیدی، بە شێوازی نەریتی، جلوبەرگی سپی کوردی لەبەردەکەن و سەربەندی سوور دەخەنە سەر. ژنەکانیان جلوبەرگێکی نەریتییان هەیە کە رووپۆشێکی درێژ لەگەڵ پشتوێنێك و سەربەندێکی بچووك لەخۆدەگرێ. هەروەها جلی سوور و ڕەش بە دەوری جەستەدا دەپێچرێت و لەسەر یەك شان دەبەسترێت. هەڵبەتە ئێستا ژمارەیەکی کەم لە ژنانی ئێزیدی ئەم جلوبەرگە لەبەردەکەن و لە باتی ئەوە، جلوبەرگی ئەوروپایی (کە تا زەوی دەکێشرێت) یان جلوبەرگی عەرەبی (کە لە ژێریدا شەڵوارێکی راحەت لە پێ دەکرێت) لەبەردەکەن. ئێزیدییەکان بە هۆی ئاینیی، لە ڕەنگی شین دوور دەکەونەوە. پیاوە ئێزیدییەکان، زۆرتر ژێرکراسێکی سپی کە چاکێکی سادەی تێدایە، لەبەر دەکەن. ئەم جلوبەرگە لەنێو کوردەکانی ئەهلی هەق لە کوردستانی ئێرانیش دەبینرێت.

هەندێك خەڵکی کوردزمان هەن کە جلوبەرگی ناوچەیی گرووپە ئەتنییەکانی دراوسێی



خۆیان دەپۆشن. هەروەها کە پێشتر باسمانکرد، زۆرێك لە کوردان هەن کە لە ژیانیاندا جلوبەرگی کوردیان لەبەرنەکردووە (جلوبەرگی ئورپیان لە بەر کردووە)، بەڵام بەهەرحاڵ کوردەکان زۆرتر بەپەرۆشن کە پیشانبدەن جلوبەرگی کوردی هەیە و تەنانەت خودی ئەو کەسانەش کە ڕۆژانە جلوبەرگی کوردی لەبەرناکەن، ئەم جلوبەرگانە لەکاتی تایبەتی خۆیدا، لەبەر دەکەن.

## ڕەوتەکان و نەریتەکان لە شارێکی کوردنشیندا

لە لاپەڕەکانی دواتردا، پێویستە کە لەسەر هەندێك پەرەسەندنی مۆدەکانی جلوبەرگی کوردی لە ماوەی بیست ساڵی ڕابردوو لە یەکێك لەشارە کوردنشینەکان، باس‌وگفتوگۆ بکەین، بۆ ئەوە کە فرەچەشنەییو پویایی یەکجار زۆری جلوبەرگی کوردی (تەنانەت هەگەر لە یەکێك لە ناوچە نزیکەکانی قەراخی کولتوورو جوغرافیایی کوردستانیشدا بێت) پیشانبدەین.

## شوێن

سەنەندەج کە لە زمانی کوردیدا پێی دەڵێن سنە، ناوەندی پارێزگای کوردستانە لە ئێراندا. سنە شارێکی بازاڕییە و ناوەندێکی ئیدارییە کە زۆرتر لە ٤٠٠ هەزار کەس حەشیمەتی هەیە و هیچ پیشەسازییەکی قورس یان پیشەسازییەك بۆ وەدەرخستنی سەرچاوە کانزاییەکانی تێدا نییە. سەرەڕای هەندێك فەرمانبەری دەوڵەتو ژمارەیەك خوێندکارو فەرمانبەری زانکۆ (سێ زانکۆی نوێ)، دانیشتووانی شاری سنە هەموویان کوردن. سنە بۆ ئێرانییە غەیرە کوردەکان شوێنێکی کاری حەزلێکراو نییە و کەمینەیەکی جوولەکە و مەسیحی بەرچاوی تێدا نییە. ناوچەکانی دەورووبەری سنە، ژمارەیەکی زۆر گوندی گەورە و بچووکی کوردنشینی گرتۆتە ناوخۆ کە لە پێوەرێکی بچووکدا لەسەر زەوییە وشکەکانی خۆیان کشتوکاڵ دەکەن. لە بواری ئابووری، تەندروستی و پەروەردەدا، پارێزگای کوردستان لەناو هەموو پارێزگاکانی ئێراندا، لە ئاخرەوە پلەی دووەمی هەیە. سنە لە ئاکامی کۆچی گوندنشینەکان بۆ شار، بە خێرایی پەرەی سەندووە، هەر بۆیە گوشارێکی زۆر لەسەر پێداویستییە کەمەکانی خۆشبژێوی و تەندروستی شاردا هەیە. هەروەها لە نێوان شارنشینەکان و کۆچبەرە سادە گوندییەکان کە تازە هاتوونەتە نێو شار، ناکۆکی بەرچاو دەکەوێت.

سنە لەسەردەمی سەدەکانی نێوەڕاستدا هەبووە و ناوەندی ماڵباتی ئەردەڵان (حاکمانی دوایین میرنشینی سەربەخۆی کورد کە لە ساڵی ١٨٦٥دا هەڵوەشایەوە) بووە. سنە وەك گەورەترین شاری کوردنشینی ئێران (شاری کرماشان مەزنترین و پر حەشیمەتترین شاری کوردستانی ئێرانە و پاش شاری دیاربەکر مەزنترین شاری هەر چوار پارچەی کوردستانە — وەرگێڕ)، کۆمەڵێك کەسایەتی بلیمەتی کوردی لە ژیانی کۆماری ئیسلامیدا پەروەردە کردووە، هەروەها بە هۆی پێگەی هونەری (چ کوردی و چ فارسی)، شارێکی بەرچاوە. شاری سنە، شانازی بەوە دەکات کە ناوەندی تەنها پارێزگای فەرمی کوردستان لە ئێراندایە و هەر لە کۆنەوە ناکۆکی زۆر کەمی لەگەڵ دەوڵەتی ئێراندا هەبووە. هەتا کاتی شۆڕشی ئیسلامی ئێران لەساڵی ١٩٧٩، راپەڕینە ناسیۆنالیستەکانی کورد لە باکووری کوردستانی ئێران (بۆ نموونە مەهاباد) روویان دەدا.

## پێش شۆڕشی ١٩٧٩

پێشتر لە سنە، ژنان جۆرێك جلوبەرگی سۆرانی (کە پێشتر باسمانکرد)یان لەبەر دەکردو ئێستاش لەبەردەکەن. ئەم جۆرە جلوبەرگە، درەوشاوەترین جۆری جلوبەرگی کوردییە کە لەسەر سینگدا تەسك دەبێت و بە بەراورد لەگەڵ جلوبەرگی شوێنەکانی تری کوردستان، کۆمەڵێك بەشی جوانتری هەیە.

یەخەی رووپۆشی ئەم جۆرە جلوبەرگە، لە تیکەیەکی چوارگۆشە درووستبووە و بە دوو قۆپچەی ئاسنی، بە توندی بەیەکەوە دەبەسترێت. قۆڵەکانی ئەم جۆرە جلوبەرگە لەجۆری ستانداردی سۆرانی کورتترن و لە راستیدا کێشدارن و بە قلوبچەی سەردەست، دەبەسترێن. ئەم جلوبەرگە بە شکڵێکی گونجاو، لەگەڵ نێوقەدە، رووپۆش و چاکەت لەبەر دەکرا، بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا، تەنها پۆشینی نیوقەدە باوبووە. سەربەندە نەریتییەکان، لە جۆری عەمامە گەورەکان بوون و زەنجیری تەسبیح لە ژێری چەناکەدا شۆڕ دەکرایەوە. سکارس، لە کتێبەکەی خۆیدا، جلوبەرگی سنەیی نێوەڕاستی دەیەی ١٩٧٠ی، وەسفکردووە.

ژنان جلوبەرگی غەیری نەریتییان لەبەردەکرد. ئەو کچانەی کە دەچوونە قوتابخانە، ناچار بوون جلوبەرگی ئەوروپایی بپۆشن و زۆربەی جاران لە دەرەوەی قوتابخانەش، هەر ئەو جۆرە جلوبەرگەیان لەبەردەکرد. هەروەها ئەو ژنانەی کە کاریان دەکرد، مۆدی ستانداردی رۆژی ئەوروپییان بەکاردەهێنا کە بە توندی لەژێر کاریگەریی دوایین مۆدی جلوبەرگی ژنی شا دا بوو.



ئەو کاتە، جۆرەکانی جلوبەرگ لە ناوچە، زۆر نەبوون و تەنانەت لە دەیەی ١٩٥٠و ١٩٦٠، لەبەرکردنی ئەو جۆرە داوێنانە، لە روانگەی بەساڵاچووانی کۆنەپارێزدا، شەرم دەژمێردرا. ئەو کاتە لە سنە (هەروەك شوێنەکانی دیکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست) شتێك بە ناوی گونجاوبوونی مۆدی جلوبەرگی ئەوروپایی لەگەڵ شەریعەتی ئیسلامدا لە ئارادا نەبووو هەتا کۆتایی دەیەی ١٩٧٠، نەکەوتە قۆناخی جێبەجێکردن. ئەو کاتە، هەرچەند کە ژێرشەرواڵی کوردی لەنێو ماڵدا لەبەر دەکرا (بۆ ئەوە کە پیاو بتوانێت بە راحەتی دانیشێت و نان بخوات) بەڵام جلوبەرگی کوردی بۆ مێوانییەکان (کە تێیدا کەرەستە و موبڵمانی ئەوروپایی بەکاردەهێنرا) گونجاو نەبوو. بە هەرحاڵ ئەو جلە تەسکانەی دەیەی ١٩٥٠و ١٩٦٠، بۆ هەڵسان و دانیشتن گونجاو نەبوو و جودا لە ژنانی خوێندەوار، ژنانی سنە قەت لە دەرەوەی ماڵ، شەرواڵی ئەوروپییان لە بەر نەکردووە.

لەم قۆناخەدا، جلی نەریتی تەنها هەندێك جار (بەتایبەت لەنێو زەماوەندەکاندا) لەبەردەکرا، بەڵام ژنانی بەساڵاچوو، هەمووکاتێ جلوبەرگی کوردییان لەبەردەکرد. هەموو ژنانی بەساڵاچوو، زۆربەی کات لەنێو ماڵ و دەورووبەری ماڵدا، جلوبەرگی کوردییان لەبەردەکرد. ژنانی گوندی (جگە لەوانەی کە لە شاردا کاریان دەکرد یان قوتابی بوون) بەردەوام جلی کوردییان دەپۆشی. بەهەرحاڵ، ئەو کاتە (هەروەك ئێستا) ژنانی گوندی چارشێویان نەدەکردە سەرو زۆرتر سەربەندی نەریتی یان سەرپۆشیان دەکردە سەر، بەڵام لەنێو شاردا زۆربەی ژنانی بەساڵاچوو، لە دەرەوەی ماڵیش چارشێویان بەکار دەهێنا. ناوێزەی دەیەی ١٩٢٠و ١٩٣٠کە رەزاشا چارشێوی قەدەغە کرد، ژنانی شارنشین لەنێو شەقامەکاندا بە سەر جلوبەرگی کوردی و جلوبەرگی ئەوروپایی (ئەگەر هەبوایە)، چارشێویان لەبەردەکرد. ئەم داب و نەریتە لەنێو فارسەکانی شارەکانی ئێراندا باوبوو.

چارشێو، پۆشاکێکی پانی وەك بازنەیە کە لە بەن دروستدەکرێت و لەسەرەوە لەبەردەکرێت. چارشێو تەواوی جەستە دادەپۆشێت و لەژێر چەناکە بە دەست بە توندی رادەگیرێت. چارشێو هەروەها دەکرێت بۆ داپۆشانی تەواوی وێنە (جگە لە چاو) بەکاربهێنرێت. چادر وقارو گرانبوونی ژن زەمانەت دەکات و ژن لە تیشکی خۆر، تۆز و خۆڵ و پیسی دەپارێزێ. زێدەباری ئەمە، جلی پیس و کۆنیش دەشارێتەوە.

لە سنە، بە پێچەوانەی شوێنەکانی دیکەی ئێران، چارشێوی رەش تەنها بۆ پرسەو سەرەخۆشییەکان لەبەردەکرێت و زۆرتر چارشێوی سپی خۆڵەمێشی، قاوەیی یان گوڵدار بەکاردەبردرێت. هەروەها بە پێچەوانەی شارە غەیرە کوردنشینەکان، زۆر بە دەگمەن لە چارشێو

بۆ داپۆشانی دەموچا و کەڵك وەردەگیرێت و تەنها پشتی سەر دادەپۆشێنێت و بازووەکان ئازاد دەهێڵێت. لە رابردوودا، گوشارێکی کۆمەڵایەتی زۆر لەسەر ژنان هەبوو بۆئەوە کە چارشێو لەبەربکەن و ئێستاش هەر هەیە. بە خۆشییەوە بە پێچەوانەی شارەکانی دیکەی ئێران، ئەوکاتە کە رەزاشا چارشێوی لەناوبرد، شاری سنە تووشی هیچ زەبرێك نەبوو، لەبەرئەوە کە ئەو کاتە زۆربەی ژنان، جلی کوردییان لەبەردەکرد و دەم و چاویان هەر لە کۆنەوە لەشوێنە گشتییەکاندا رووت بوو. بەهەرحاڵ، بە پێچەوانەی شارە گەورەکانی ئێران، قەدەغە بوونی چارشێو بە توندی لە سنەدا بەرێوە نەدەچوو. ئەمە لە حاڵێکدایە کە لە ئەدەبیاتی مرۆڤناسی ئێراندا، قازانجەکانی چارشێو سەلمێندراوە و ئێمەش پاشان باس و گفت و گۆ لە پۆشینی چادر وەك یەکێك لە نیشانەکانی ناسنامەی شاری لە سنە لە هەنووکەدا، دەکەین.

ئەو جلوبەرگە پیاوانەیە کە لە سنەدا لەبەردەکرێت، جۆری ستاندارد و سۆرانییەکەیەتی. لە دەیەی ١٩٧٠ پیاوانی سنە زۆر بەدەگمەن جلی کوردییان لەبەردەکردو هەندێك کەس قەت لەبەریان نەدەکرد. هۆی ئەمە، تەنها گوشاری دەوڵەت نەبوو، هەرچەند کە لەبەرکردنی ئەم جلوبەرگانە لەنێو قوتابخانەکاندا قەدەخە بوو و لە شوێنی کاریشدا گاڵتەیان پێدەکرا.

پاش لەسەر دەسەڵات لابردنی رەزاشا لە ساڵی١٩٤١، پۆشانی جلوبەرگی ناوچەیی قەدەغە نەبوو، تەنانەت بە هۆی توریستیو بۆ میواندارییی فەرمی لە بیانییەکان، هاندرا. هەروەها زۆرێك لە پیاوانی بەساڵاچوو، رازی بوون لەوە کە شەرواڵی راحەتی کوردی لەگەڵ جاکەتی ئەوروپایی لەبەربکەن. بەهەرحاڵ ئەو کاتە، ژمارەی ئەو کەسانە کە دەیانەویست بە لەبەرنەکردنی جلوبەرگ و کراوات، لەگەڵ دەوڵەتدا بەرەنگاری بکەن، کەم بووە. دانیشتووانی گوندەکان زۆرتر جلی کوردییان لەبەردەکرد، بەڵام لەنێو شارەکاندا، ئەم داب‌ونەریتە بە خێرایی دەستی لێهەڵگیرا.

لە دەیەی ١٩٧٠، پزیشکێکی بەناوودەنگ لە سنە هەبوو کە نەتەنها جلی کوردی لەبەردەکرد، بەڵکو شوێنی کاری خۆیشی بە شێوازێکی نەریتی و بێ کەڵکوەرگرتن لە کەرەستە و موبلمانی ئەوروپایی، رازاندبۆوە. لە روانگەی خەڵکەوە، ئەم پزیشکە، کەسێکی سەیر و سەمەرە بوو. تەنانەت ژنەکەشی هەڕەشەی لێکرد کە هەگەر بە پێی رێوشوێنەکانی کۆمەڵگا هەڵسوکەوت نەکات، لێی جودا دەبێتەوە. ئەم ژنە پێی وابوو شووەکەی پێویستی بە تیماری دەروونی هەیە و بنەماڵەی شووەکەشی، پشتیوانیان لێ دەکرد.

زۆرێك لە خەڵکی سنە، بۆ کار یان خوێندنی باڵا دەچوون بۆ تاران و کاتێك دەگەڕانەوە بۆ



سنە، بەلەبەرکردنی جلوبەرگی کوردی هەستیان بەناخۆشی دەکرد. منداڵانی ئەم کەسانە ـ کە لە دەرەوەی کوردستان گەورە ببوون ـ لەگەڵ جلوبەرگی کوردی نائاشنا بوون و بەکۆمەڵێك هۆی جیاواز، لەبەرکردنی جلوبەرگی کوردی رووی لە کەم بوون بوو و لەنێو بیاڤی فۆلکلۆردا سنووردار مابووەوە، بەواتایەکی دیکە وەك بەشێکی زیندوو کامیلی کولتووری شارنشینی، برەوی نەمابوو.

## شۆڕشی ١٩٧٩و زیندووبوونەوەی جلوبەرگی کوردی

لە ساڵی ١٩٧٩، لەدوای رووخانی شا، سنە بوو بە ناوەندی حکوومەتی نیمچە خودموختاری کورد و کەوتە نێو گەرموگوڕی بووژانەوەی هەمەلایەنەی کولتوور و ناسنامەی کورد. لەناکاو جلوبەرگی کوردی کەوتە بەر سەرنجی خەڵکی شاری سنە و تەنانەت خەڵك دەستیان کرد بەلەبەرکردنی جلوبەرگی کوردی لەنێو شوێنی کاردا. ئەوکاتە لەبەرئەوەی کە دەوڵەتی ناوندی ئیسلامی ئێران، بەمەبەستی سەپاندنی دەسەڵاتی خۆی بەسەر ناوچەدا، لە دژی خەڵکی سنە دەستی دابووە شەڕ، لەبەرکردنی جلوبەرگی ناوچەیی، ببوو بە یەکێك لە نیشانە گرینگەکانی ناسنامەی ئیتنیکی و مایەی سەربەرزی و شانازی بوو. پێشمەرگە کوردەکان، لەوانە زۆرێك لە ژنانی پێشمەرگە، شەرواڵ و کەوای نەریتی پیاوانەی کوردییان لەبەردەکرد. بۆ خەڵکی گوندی، لەبەرکردنی ئەم جلوبەرگانە، ئاسایی بوو، بەڵام بۆ زۆرێك لە خەڵکی شار، تەجرووبەیەکی نوێ بوو. بۆ ژنان ـ بە تایبەت ئەوانەی کە لەژێر کاریگەرییی بیر و هزری مارکسیستی دابوون ـ لەبەرکردنی جلوبەرگی پیاوانە، دەربڕی جۆرێك ناسیۆنالیزمی کوردی بوو، بێ ئەوە کە هیچ پێویستییەك بەلەبەرکردنی جلوبەرگی ناسك و نەگونجاوی دیکە بکات. لەنێو ژنانی گوندنشینی کوردستانی ئێراندا، لەبەرکردنی شەرواڵی کوردی پیاوانە باو و بوو، هەرچەند کە لەژێر ئەم جلوبەرگەدا، جلوبەرگی تەواوی ژنانە لەبەردەکرا.

## کوردی ئیسلامی

لە دوای سەرکەوتنی دەوڵەتی ئێران بەسەر سەرهەڵداوانی کورددا، جلوبەرگی ئێرانی ـ ئیسلامی یەکجار زۆر بەکاردەهێنرا. بۆ پیاوان، ئەم جلوبەرگە بە واتای لەبەرکردنی جلوبەرگی رەنگی میانەڕەو، قۆڵدرێژ و شەرواڵی تارادەیەك پان و پۆڕ بوو. کەراوات ئازاد نەبوو (ناوێزەی

پیاوانی بەساڵاچوو، ئەویش لە شوێنی کاری شەخسیدا). کەوابوو، جلوبەرگی کوردی بە هۆی ئایینی بۆ دەسەڵاتدارانی ئێران کێشەساز نەبوو. لەگەڵ ئەمەشدا، هەوڵگەلێك بۆ دروستکردنی کەندوکۆسپ لەسەر رێگای لەبەرکردنی ئەم جلانە بە مەبەستی سەرکوتکردنی ناسیۆنالیزمی کورد ئەنجامدرا، بەڵام بە هۆی زیادبوونی رۆژ لە دوای رۆژی کۆچبەرانی گوندی لەنێو شاردا، ئەم هەوڵانە سەرکەوتوو نەبوو. زێدەباری ئەمە دەوڵەت ئێستا ئەمەی قبوولکردووە کە هەوڵەکانی بۆ سەرکوتکردنی هەموو دیاردەکانی کولتووری کورد، هەرەسی هێناوە. کەوابوو، ئەمڕۆ لە سنە، پتر لە نیوەی پیاوان لەنێو شەقامەکاندا لانی کەم شەرواڵی کوردی لەبەردەکەن (ئەگەر بە تەواوی جلی کوردی لەبەرنەکەن). قوتابییە کوردەکان دەتوانن شەرواڵی کوردی لەبەربکەن و دەیکەن. لە دایرەکاندا، خەڵك زۆرتر بەهۆی داب و نەریتی کۆمەڵایەتی (نە کەندوکۆسپی دەوڵەت) جلوبەرگی کوردی لەبەرناکەن. هەڵبەتە هێزی سوپای پاسدارانی شۆرشی ئیسلامی، فەرمانبەری ژنی هەیە کە لە شوێنە گشتییەکاندا، رێوشوێنی جلوبەرگی ئیسلامی بەڕێوە دەبەن. ئەم ژنانە، ئەم رێوشوێنانە لە شوێنە ستراتیژییەکان وەك زانکۆ و فڕۆکەخانە بەڕێوەدەبەن و لەنێو شەقامەکاندا زۆر بە دەگمەن و هەڵکەوت ئەم رێوشوێنانە ئەنجامدەدەن.

بۆ ژنان، بارودۆخەکە ئاڵۆزترە. جلوبەرگی ئیسلامیی ژنانە بریتییە لە مەقنەعە (کە هەموو قژ و مل دادەپۆشێنێ)، رووپۆشێکی درێژی قۆڵ درێژی بێ‌کەمەر (کە نابێت تەسك بێت و دەبێت تا ئەژنۆ درێژ بێت)و شەرواڵێك و گۆرەویەکی نازکی ساقدرێژ (کە نابێ بەدەن لێی دیار بێت) و پێ و پەنجەی پێش داپۆشرابێت. هەمووی ئەم جلوبەرگە دەبێت بە رەنگی سادە (زۆرتر رەش، قاوەیی، یان خۆڵەمێشی) بێت. ژنانی دەمارگرژ بەسەر ئەم جلانەدا، چادرێکی رەش- یش لەبەردەکەن. لەم دواییانەش مەیل بۆ پۆشینی رووپۆشێکی درێژ (کە تا زەوی درێژ دەبێت و لە ژێریدا شەرواڵ لەبەر ناکرێت و تەنها گۆرەوی ساقدرێژ لە پێ دەکرێت) بەدیدەکرێت. ماکیاژی خەست، بەکارهێنانی عەتر و بەکارهێنانی بڕێکی زۆر زێروزێو قەدەغەیە. ئەم جۆرە جلوبەرگە، لە قوتابخانەکان و زانکۆکان و شوێنی کاردا زۆرەملییە.

لە شوێنەکانی دیکەدا، بارودۆخەکە، هەندێك سەرلێشێوێنەرە. ئەم بشێوییە تەنها بە هۆی یاسا دەوڵەتییەکان نییە، بەڵکو بەهۆی گوشارە کۆمەڵایەتییەکانی ناوچەشە. هەرچەند دەوڵەت لەسەرەتادا هەوڵیدەدا لەرێگای هێرشکردنە سەر ئەو کەسانە کە لە شوێنە گشتییەکاندا جلوبەرگی نەریتییان لەبەردەکرد، رێگە لەوە بگرێت کە ژنان، جلوبەرگی نەریتی لەبەربکەن، بەڵام ئەم سیاسەتە پاش ماوەیەکی کورت دەستی لێ هەڵگیرا. ئێستا زۆربەی ئەو



گوندییانە کە بە مەبەستی کڕین و فرۆشتن دێنە نێو شار، تەنها جلوبەرگی کوردی لەبەر دەکەن. کەوابوو، ناچارکردنی ئەم کەسانە بە لەبەرکردنی جلێکی دیکە، گاڵتەجاڕە. بەهەرحاڵ، جلوبەرگی نەریتی بەشێوازگەلی جۆراوجۆر، لەگەڵ رێوشوێنەکانی پۆششی ئیسلامیدا یەکدەگرێتەوە، لەبەرئەوە کە ئەم جلوبەرگە، درێژ و چەند توێژە و سەرتاپای جەستە دادەپۆشێ.

شێوازی سەربەند، نەریتییە و زۆربەی ژنانی بەساڵاچوو، دەیخەنە سەریان. رەنگی جلوبەرگ (ناوێزەی جلوبەرگی بێوەژنان و ژنانی بەساڵاچوو) سووك نییە و سەنگین وگرانە. هەروەها قژی ژنان، بە دەگمەن دادەپۆشرێ، لەبەرئەوەی کە تەنانەت ژنانی بەساڵاچووی زۆر نەریتیش، پێیان خۆشە پرچی خۆیان بخەنە دەرەوە. هەروەها، لە کردەوەدا جلی ژنانی گوندیی کە سەرقاڵی کارکردنن، لە بازوو بەرەو خوار، رووتە. بەرهەرحاڵ، لە ساڵانی رابردوودا، ژنانی گوندی لە کاتی سەردانی شاردا، بە هۆی جلوبەرگیانەوە تووشی گێچەڵ نەدەبوون، لەبەرئەوەی کە جلوبەرگیان لە بنەڕەتدا هەرزەگیانە نەبوو، بەڵام ئێستا شار پڕ بووە لە تازەهاتوانی گوندیی و ناموٚمکینە کە مرۆڤ بتوانێت کوتوپڕ بزانێت کە کێ دانیشتووی شارە و کێ دانیشتووی گوندە. کەوابوو، ژنانی بە بنەڕەت گوندیی بەردەوام جلوبەرگی کوردی لە رەنگی روون و بێ چارشێو لەبەردەکەن و بەگشتیی سەربەندی شل و ول دەخەنە سەریان. ئەو ژنانەی کە خۆیان بە شاری لەقەڵەم دەدەن، قەت پێیان خۆش نییە لە دەرەوەی ماڵ بە جلوبەرگی کوردییەوە ببینرێن. ئەمە تا رادەیەك بەهۆی رێوشوێنە یاساییەکانە، بەڵام مەسەلەی گرینگتر ئەوەیە کە نیشانەی عەقڵانیەتی شارییە.

دەوڵەتی ئێران، زۆرتر پێی خۆشە ژنان چارشێو بەکاربهێنن، لەبەرئەوەی کە چارشێو سەمبولی فارسگەرایی و بایەخە ئیسلامییەکانە. هەڵبەت چارشێو لەنێو شارەکانی دیکەی کوردستانی ئێران، باو نییە. هەروەها کە پێشتر باسمانکرد، لەبەرکردنی چارشێو لە سنە، زۆر بە کەمی دەتوانێت بە مەبەستی شاردنەوەی تەواوی جەستە بێت. لەگەڵ ئەمەشدا، تەنها لە کاتی نائارامیەکان و دەربڕینی نارەزایەتی خەڵکە کە ژنان لە لایەن هێزەکانی سەر بە دەوڵەت بە هۆی دیاربوونی قژ و رووتبوونی بازوو یان لەبەرکردنی جلوبەرگی نەگونجاو، دەکەونە بەر لێپرسینەوە. بەهەرحاڵ، ئەم مەسەلەیە کە ئایا ژنان ئەم جۆرە جلوبەرگە کوردییە هەڵدەبژێرن یان جلوبەرگی ئیسلامی، زۆرتر دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە مەبەستی ئەو ژنە لە گەڕان لەنێو شاردا چییە، بۆ کوێ دەچێ و شووەکەی کێیە. لە ناو شەقامەکانی سنەدا، زۆربەی جاران، پتر

لە نیوەی ژنان جلوبەرگی کوردی لەبەر دەکەن و تەنها ژمارەیەکی کەم کە لە دوکانەکاندا کار دەکەن، جلوبەرگی ئیسلامی لەبەر دەکەن. رووپۆشی ئیسلامی قەت بەسەر جلوبەرگی کوردیدا لەبەر ناکرێت و مەقنەعەی ئیسلامیش، قەت لەگەڵ جلوبەرگی کوردیدا لەسەر ناکرێت.

زۆربەی جاران، هەموو ژنانی شارنشین، گاڵتە بە جلوبەرگی گوندی دەکەن، هەرچەند کە خۆشیان گلەیی لە کەند و کۆسپەکانی دەوڵەت بەسەر جلوبەرگدا (کە جلوبەرگی ژنانی گوندنشین ناگرێتەوە) دەکەن. لە راستیدا لەوانەیە کە بۆ ژنێکی گوندی کە باوەڕی بە رێوشوێنە ئایینییەکان نییە، زەحمەت بێت کە تەنها جلوبەرگی کوردی لەبەر بکات، لەبەرئەوەی کە شێواز و جۆری بەرگدووری جلوبەرگی ژنانی گوندی ئەوەندە لە جلوبەرگی ژنانی شاری جیاوازە کە پاسدارێك دەتوانێت بە ئاسانی پەی بەم فێڵە ببات.

بەهەرحاڵ هەروەها کە هێمای بۆ کرا، خۆ بەزلزانییەکانی شارنشینان نابێت رێ لەوە بگرێت کە ژنان، جلوبەرگی کوردی لەبەر نەکەن. بەهەرحاڵ لە رۆژەکانی سەرەتای شۆڕشی ئیسلامی ئێران، ژنان بە شەوق و غیرەتێکی ناسیۆنالیستیەوە جلوبەرگی کوردیان لەبەردەکرد.

## بەریان بەرە و روانگەیەکی سادە

لەم ساڵانەی دواییدا، هۆکارێکی گرینگی دیکە لەسەر بەکارهێنانی جلوبەرگی کوردی کاریگەری هەبووە، ئەویش هۆکاری نرخە. ئێستا جلوبەرگی کوردی زۆرتر بە قوماشی هاوردەی بیانی (زۆرتر قوماشی دەستکردی ژاپۆنی) دروستدەکرێت. کەم بوونی بایەخی پارەی ئێران لەگەڵ باجی قورسی هاوردنی قوماش لە دەرەوە، بۆتە هۆی ئەوەی کە ئەم قوماشانە، لە رادەبەدەر گران بن. ئێستا دورینی کراس و رووپۆشی ژنانە، پێویستی بە پتر لە سێ مەتر قوماش هەیە، تەنانەت هەگەر بەرگدوورێکی شارەزاش بیدوورێت. گرانبوونی نرخی قوماش بۆتە هۆی ئەوەی کە جلوبەرگی حازری کوردی باو بێت و کراسی نەریتی شاقۆڵی، دەست نەکەوێت، لەبەرئەوەی کە ئەو قوماشەی کە بۆ بەرهەمهێنانی جلوبەرگی حازر بەکار دەهێنرێت، تەنیا بەشی قۆڵی جلوبەرگی نەریتی دەکات. نیوقەدەی سادە یان ژاکەتی کورتیش جێگای رووپۆشە درێژەکانی گرتووەتەوە. هەڵبەتە ئەم رەوتە، رەنگدانەوەی بەریانی هەنگاو بە هەنگاو بەرەو مۆدیلێکی سادەی جلوبەرگی کوردییە، مودێلێك کە لە جۆری نەریتییە قەرەباڵغەکەی جیاواز بێت.

ئێستا سەربەندە نەرییتییە کوردییەکان بەتەواوی لە مۆد کەوتوون و سەرپۆشە نازك و پڕ



بریقەکان لەگەڵ جلوبەرگی کوردیدا لەسەر دەکرێت. هەروەك زۆربەی ژنانی ئێرانی، ژنانی بەساڵاچووی کۆنەپارێزی ئایینی، سەرپۆشێکی درێژ و سادەی سێگۆشە دەکەنەسەرو زۆر بە کەمی پشتوێن دەبەستن. ژێرپۆشی ژنانە، لە ماوەی لانی کەم دە ساڵی رابردوودا، تەنها لە سنە لەبەردەکرێ، نە ناوچەکانی دیکە. ئێستا ئەم ژێرپۆشانە بە قەد کراسی ژنانە درێژ بوونە و جێگای شەرواڵیان گرتووەتەوە. ئەم شەرواڵانە زۆرتر لە قوماشی رەسەنی رەنگی و گوڵدار دروست دەکرێت و هێڵدووری بەنیی شەرواڵە نەریتییەکان تێیاندا بەدی ناکرێت. ژێرپۆشی نازکی تۆڕی ئاسا قەت لە سنە باو نەبووە. بەهەرحاڵ جیاوازییەکی زۆر لە نێوان ئەو قوماشانەی کە رۆژانە لە سنەدا بەکار دەهێنرێت (وەك قوماشی واڵی و تۆڕی و پۆلیستر)و ئەو قوماشانەی کە لە کاتە تایبەتەکاندا لەبەردەکرێت (وەك قوماشی پوولەك دۆزی، میتالیك یان پینەدوری) هەیە.

قوماشی سرووشتی، جگە لە جۆری ناوچەیی، بە دەگمەن بەکاردەهێنرێت، مەگەر بۆ دورینی ژێر پۆشی کەتانی و شەرواڵی هاوینانە. ئەو قوماشە کەتانیانەی کە لەبەر دەستدان، رەنگی نەگۆڕیان نییە و جنسیان باش نییە، کەوابوو ژنان لە پۆشینی جلوبەرگی کەتانی شەرم دەکەن. قوماشی هاورێشم بە ئاسانی دەست ناکەوێت و قوماشی پەشمی یان تێکەڵ، تەنها بۆ دروستکردنی جلوبەرگی پیاوانە بەکاردەهێنرێت. ژنان زۆر لەگەڵ قوماشی زبرو کێشدار دا دەسازێن. هەمووی ئەو قوماشانەی کە رۆژانە بەکاردەهێنرێن، بە دەگمەن دەشۆردرێن و ئوتو دەکرێن و بۆ وشکشویی گونجاو نین. جلوبەرگ زۆرتر دەق دەکرێ و لەنێو یەغان دادەنرێن. بەکارهێنانی جلی جودای خەو هێشتا لەنێو ئەوانەی کە لەنێو ماڵدا جلوبەرگی کوردی لەبەر دەکەن، بە تایبەت ژنانی بەساڵاچوو، دەگمەنە. بۆ کاتی خەو، کراسێك یان ژێرپۆشێك بەکاردەهێنرێت. بەهەرحاڵ یەکێك لە هۆیەکانی ئەم مەسەلەیە ئەوەیە کە لەنێو ماڵباتە نەریتییەکاندا، پێخوسی هاوبەش بەکاردەهێنرێت. یەکێ لە هۆیەکانی دیکە حەزکردن لە قوماشە ئاسانپارێزەکانە.

رەنگی جلوبەرگ بە گشتیی، بەرەو نەقشە ئەوروپاییەکان بەریانی هەیە. بەکارهێنانی رەنگە شەفتوورەکان (ئەگەر هەبێت، سوور) مافی تایبەتی ژنانی گوندییە. ئێستا کاری دەستی لە رووی جلوبەرگ زۆر کەم بۆتەوە و ئەمە بۆ خۆی رەنگدانەوەی ئاستی نزمی هونەرە دەستییەکانە. بە نیسبەت قوماشی تیکەدووری پوولەکی، قوماشی گرانی ماشینی بەکار دەبردرێت و قوماشی مەخمەڵی زێڕین لە جۆرەکانی دەستی رازێنەر، بە باشتر دەزانرێت. شایانی ئاماژەپێکردنە کە نیوقەدەی پوولەك دۆزی کراوی دەستی، لە شاری دراوسێی سنە،

واتا کرماشان دەفرۆشێت، بەڵام لە سنە خەڵك زۆر پەسەندی ناکات، لەبەرئەوەی کە زۆر ناحەز لە قەڵەم دەدرێت. ژنانی گەنج بۆ مێوانییەکان، پشتوێنی پڕ زەرق و بەرق یان مۆدی میتالیکە ئەوروپاییەکەی، بەکاردەهێنن بۆ ئەوەی کە لەناو خەڵکدا دیار بن.

جلوبەرگی کوردی بە تایبەت لە زستاندا لەگەڵ جلوبەرگی ئەوروپایی لەبەر دەکرێت، لەبەرئەوەی کە قوماشی مەخمەڵی زۆر جەستەی مرۆڤ گەرم ناکاتەوە. جلی توێژ توێژی نەریتیی قەت نابینرێت. لە هاویندا، زۆرتر تەنها کراسێك لەگەڵ ژێرپۆشێکدا لەبەر دەکرێت. ئەم جۆرە جلوبەرگە بۆ زۆربەی ژنانی گوندی یان ژنانی دانیشتووی دەرەوەی سنە، وێنا نەکراوە، لەبەرئەوەی کە ئەوان دەبێت لانی کەم نیوقەدەیەك بپۆشن. جۆری جوان و گونجاوی کراسەکانی سنە، بۆ لەبەر کردن رەحەتە و دەکرێت لەگەڵ کۆتە نێو ماڵە ئەوروپاییەکان ـ کە زۆرێك لە ژنانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەك کراسی رۆژانە لەبەری دەکەن ـ بەراورد بکرێت.

## زێڕوزیو

ئێستا، زێڕوزیوی نەریتی نەماوە، جگە لە لیرەی زێڕ بۆ رازاندنەوە و ملوانکەی بەیەلی یاقووت کە هەمیشە لەگەڵ نیوقەدەدا بەکاردەهێنرێت. ئێستا سەربەندی نەریتی نەماوە و زەنجیری نەریتی وەك ملوانك یان زنجیرگەلێك کە لەسەر نیوقەدەدا شۆڕ دەبێتەوە یان نموونە مۆدێرنترەکانی بەکاردەهێنرێت. زێڕ هێشتا گرینگی خۆی لە نێوان ژناندا چ وەك مۆدی کراس، چ وەك کەڵکی بنەماڵەیی و چ وەك پاشکەوتی شەخسی هەرماوە. ئەو زێڕوزیوە کە لە سنە دەفرۆشێت، هەمان جۆری زێڕوزیوە کە لەتاران دەستدەکەوێت. بەکارهێنانی زنجیرەی زێڕ لەگەڵ جلوبەرگی کوردیدا باوە. تەنها بەردی سوور یان بەردی پربایەخی فیروزە باوە. باس و گفتوگۆ کردن لەبارەی دوایین مۆدێلی زێڕوزێو، یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی زۆربەی کۆبوونەوەکانی ژنانە.

## بەرگدووری

ئەو تایبەتمەندییانە کە پێشتر خرایە پاڵ جۆرەکانی بەرگدووری کوردی، ئێستا هاتووەتە نێو جلوبەرگی کوردی. ئەم تایبەتمەندییانە بریتین لە شاندووری، مەوج دووری یان قەراخدووری بۆ جوانکاری لەسەر کۆتەکان و دەورووبەری مل، لەگەڵ رووکەشە ئەستوورەکان لە دەوروبەری گیرفان (لە کراس و قولابدووری متالیك لەسەر نیوقەدەکان). بەرگدرووەکان هەم لە دوورینی



جلوبەرگی کوردی و هەم لە دوورینی جلوبەرگی ئەوروپایی، زۆر شارەزان و هەندێك تکنیك لەنێو ئەم دووجۆرە جلوبەرگانەدا بەکاردەهێنن. هەندێك بەرگدوور، بۆ خۆیان نەقشەکانی جلی کوردی دادەهێنن و زۆربەی جاران، دوایین بەرهەمەکانی خۆیان لە پەنجەرەی دوکانەکەیان دەخەنە بەرچاوی خەڵك. حەقدەستی بەرگدووری تا رادەیەك لە نرخی قوماش هەرزانترە و بەرگدرووەکان، بەهرەیەکی چاکیان لە بەکارهێنانی مەوادی هەرزانتر هەیە. بەرگدرووەکان زۆرتر پیاون. ژنانی بەرگدوور لەنێو ماڵدا کار دەکەن و زۆر بە دەگمەن بە شوێن مشتەریدا دەگەڕێن. درزدووری بەگشتیی تایبەتە بە داوێن و زۆربەی جاران هەم درز و هەم هێڵە پینەکراوەکە لە لای راستی جلەوە، دیارە. هەروەك شوێنەکانی دیکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە کوردستانیش، بڕینی لایەنێکی جل نائاساییە و قەت لە جلوبەرگی کوردیدا بەکار نابردرێت.

## هۆکارە ماددییەکان و پریستیژی کۆمەڵایەتی

گرانی نرخی قوماش بە واتای ئەوەیە کە بۆ دابینکردنی جلی کوردی، پێگەیەکی تایبەتی کۆمەڵایەتی پێویستە. نرخی هەموو قوماشەکان و جلی ژنانە حازریەکان بۆ هەمووان دیارە. نرخی هەر مەتر قوماشی واڵی پۆلیستری ژاپۆنی لانی کەم ٨ پاوەنی ئیسترلینگ و هەر مەتر قوماشی پوولەکی ١٥ تا ٢٠ پاون یان زۆرترە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە لانی کەم سێ مەتر قوماش بۆ دوورینی یەك دانە کراس پێویستە، مرۆڤ دەتوانێت وێنا بکات کە دابینکردنی ئەم بڕە پارەیە بۆ فەرمانبەرێکی حکوومەت ـ کە بە شێوازی نێونجی، مانگانە ٤٠ تا ٥٠ پاون مووچە وەردەگرێت ـ چەندە زەحمەتە. دابینکردنی جلی تەواو لەگەڵ کراس و نیوقەدە و ژێرپۆش، زۆرتر لە ٥٠ پاون خەرجی هەیە. ئێستا جلی داوێن درێژی ناوچەی مەهاباد کە پێویستی بە ٦ مەتر قوماش هەیە، بۆ ناو زەماوەندەکان بووە بۆ خۆنوێنترین و بە پریستیژترین جل. ئەم جلوبەرگە لەگەڵ تەواوی سازو بەرگەکانی (جگە لە کڵاو) لەبەردەکرێت و هەم بازاڕەکان و هەم بەرگدرووەکان، دەستیان کردووە بە بەرهەمهێنانی. ئەو قوماشانەی کە لە بازاڕدا نەقشەیان دادەرێژێت، پەیتاپەیتا دەگۆردێت و هەڵبەتە هەموو پێیان خۆشە کە دوایین مۆدیلی قوماش کە لە شاری سنەدا هەیە، بەکار بهێنن.

هۆکارێکی دیکە کە لەسەر نرخی جلوبەرگی کوردیدا کاریگەری هەیە، هەبوونی بازاڕێکی زۆر مەزنی جلوبەرگی تاناکۆرایە. لە سێ ساڵی رابردوو یان نزیکی ئەم ماوەیە، کڕینی نهێنی جلوبەرگی هاوردەی ئەوروپایی لەم بازاڕەدا، باو بووە. کەوابوو، هەموو جۆرە جلوبەرگی

ئەوروپایی (جگە لە جۆری دووراوی) کوتوپڕ وەك جلی تاناکۆرا، دەکەوێتە بەر شكو گومان. (جلوبەرگی ئێرانی لەم ڕێگاوە دەفرۆشرێت، لەبەرئەوەی کە ئەم جۆرە جلوبەرگانە، باش نین). هەتا ئەم دواییانە، جلوبەرگی تاناکۆرای کوردی لە سنە نەبوو، کەوابوو خەڵك دەیانتوانی لە ئەسڵ بوونی ئەم جلانە، دڵنیا بن، بەڵام ئێستا ئەم دڵنیاییە نەماوە، لەبەرئەوەی کە جلوبەرگی تاناکۆرای کوردی لە بازاڕی مەریوان (شارێکی نیزیکی سنووری عێراق)و هەروەها شارەکانی عێراق، دەفرۆشرێت. ئەم ڕەوتە لەوانەیە بەم زووانەش بگاتە سنە.

## زەماوەندی کوردی

هەڵبەتە بۆ بەشداریکردن لەنێو زەماوەندەکاندایە کە پڕبایەخترین جۆری جلوبەرگی کوردی، لەبەردەکرێت. هەرچەند کە ئێستا تەنها بووکە کۆچەرە گوندییەکان لە جلوبەرگی نەریتیی سوور و سوورەتیدا شوو دەکەن (کە سەرو دەموچاوی شۆریان بە سەرپۆشێکی سووری ڕوون دادەپۆشرێت)، بەڵام ژنان زۆرتر بە جلوبەرگی پڕ زەرقوبەرقی کوردی خۆیان لە زەماوەندەکاندا بەشداری دەکەن. ئەو جلانەی کە بە شێوازێکی شارەزایانە نەقشەیان دارێژراوە دووراون، لە دەستپێکدا لەنێو زەماوەند و جەژنەکاندا بەکاردەهێنرێن. (مێوانیە جۆراوجۆرەکانی زەماوەندەکان، زۆرتر چەند ڕۆژ درێژەیان هەیە وجەژنی دەسگیرانیش، زۆربەی جاران پڕخەرجە).

پێڵاو زۆر گرینگ نییە، لەبەرئەوەی کە لە ناو ماڵدا لەپێ ناکرێت، بەڵام بەهەرحاڵ بۆ زەماوەند و میوانییەکان، پێڵاوی پاژنە بەرزو ئەگەر هەبێت، جۆری پڕزەرق و بەرقی باوە. پێڵاوی سووری نێو ماڵیش لە بەر دەست دایە. پێڵاوی نەریتی ژنانە، بە بەراورد لەگەڵ پێڵاوی سووری کێشداری پوولەکی، کەمتر باوە.

## ڕەوتەکانی جلوبەرگی پیاوانە

جلی کوردی پیاوانە، کەمتر ئاڵۆزە. هەروەها کە پێشتر وەسفکرا، بەکارهێنانی شەرواڵی کوردی باوە، هەرچەند کە لەبەرکردنی جلوبەرگی تەواو زۆرتر لەنێو کۆچبەرانی گوندییو لە کاتی تایبەتدا باوە. ئەو هارەقچن و سەرپۆشانە کە بۆ دروستکردنی ئەم سەربەندانە بەکاردەهێنرێت، بە شێوازێکی سەرسووڕهێنەر گرانە (بەرامبەر بە ١٠ پاوەنی ئیسترلینگ). شەرواڵی کوردی بەگشتیی لە ماڵدا لەبەردەکرێت، تەنانەت ئەو کەسانەی کە لەنێو شەقامەکاندا شەرواڵی کوردی لەبەرناکەن، لە ماڵدا لەبەری دەکەن. قوماشی نەرم یان کەتان، زۆرتر بۆ دروستکردنی شەرواڵی



نێو ماڵ بەکاردەهێنرێت و لەوانەیە بۆ دروستکردنی ئەو ژێر شەروالانەی کە لە دەرەوەی ماڵ لەبەردەکرێت، بەکاربهێنرێت. بۆ ئەم جلانە، دوومەتر قوماشی پەشمی یان پۆلیئیستری هاوردە پێویستە کە نرخەکەی لە ١٢ پاوەن زۆرترە. بەکارهێنانی شەرواڵی بێژامەی کەتانی لە ناو ماڵ وەك ژێرپۆش باوە. زۆربەی پیاوان، شەرواڵی نێو ماڵی خۆیان وەك شەرواڵی خەو بەکاردەهێنن. لە سنە، جلی خەو (واتا جلێك جودا لە جلی نێوماڵ یان دەرەوەی ماڵ) دەگمەنە و ئەم بانگەشەیە کە کەسێك بە شۆرت دەخەوێت، وەك سووکایەتی توند بە پیاوەتی ئەو کەسە لە قەڵەم دەدرێت.

بۆ بەشداریکردن لە زەماوەندەکان، زۆرێك لە پیاوان، جلی تەواوی کوردی (بێ سەربەندو لەگەڵ پشتوێنێکی باریکی ڕەشی سالاری) لەبەردەکەن. ئێستا خەڵك حەزیان لە پشتوێنی زەرقوبەرقداری نەریتی نییە. جلی ئایدیاڵی پیاوانە، جلی مەرەزە کە بە ڕەنگی قاوەیی، خەنەیی یان سوورمەییە و بە نەوارگەلی پەشمی مەرەز دروستدەکرێت. نرخی جۆری نێوەنجی قوماشی مەرەز، ٦٠ پاوەنە و لەبەرکردنی، دەربڕی پێگەی بەرزی ئابووری و کۆمەڵایەتی مرۆڤە. ئێستا ئەو زاوانە کە لە باری کۆمەڵایەتییەوە ئاگان، زۆربەی جاران جلوبەرگی ئەوروپایی لەگەڵ کراوات لەبەر دەکەن.

هەروەك جلوبەرگی ژنانە، هەموو جلە کوردییە پیاوانەکان (ناوێزای هەندێك شەرواڵی کەتانی نێو ماڵ) لە بەرگدرووەکاندا دەدووردرێن. ئێستا بۆ زۆربەی ئەو پیاوە گەنجانە کە لە گوندەوە هاتوون، جلی جین و ئیسپۆرت بووە بە جۆرێك جلوبەرگی یەکشێوە. ئەم جۆرە جلوبەرگە لە ڕاستیدا، لە جلوبەرگی کوردی هەرزانترە. پێڵاوی نەریتی (کلاش)، بۆ ئەو پیاوە گەنجانە کە دەیانەوێت جۆرێك پرستیژی کۆمەڵایەتیان هەبێت، لە هاویندا زۆر ئایدیاڵە. ئەم جۆرە پێڵاوە، فێنك و ڕەحەت و بەدەوامە، بەڵام کێشەکە ئەوەیە کە زۆر گرانە. ئەم جۆرە پێڵاوانە، لە هەندێك دووکانی تایبەتداو بە نرخی جووتێك ٢٠ پاوەن (واتا سێ قاتی پێڵاوی ئاسایی) دەفرۆشرێن. جۆری پلە دووی کلاش کە پێی دەڵێن گیوە (کە بە ژێرەی کائۆچۆئی دروستدەکرێت)، هەرزانترە و زۆرتر پیاوانی خاکی لە پێی دەکەن.

## دەرەنجام

پیشاندرا کە ئەو جلوبەرگانەی کە لە سنە لەبەر دەکرێن، مەنگ نین، بەڵکو پوویان و لە ناوچەکان و کولتوورەکانی دیکە، وەردەگیرێن. لەناوچوونی جلوبەرگی ناوچەیی لە پەرانپەری شاری، لەوانەیە پاش کۆتاییەکانی دەیەی ١٩٧٠ دەستی پێکردبێ، بەڵام یەك زنجیرە رووداوی سیاسی، دەوڵەمەندی کولتووری کوردی (کە زۆرتر لە جلوبەرگە رەحەت و جوانەکانی کوردیدا بەرهەست دەبێ) هێنایەوە بیری خەڵك. ئێستا وێناکردنی ئەم مەسەلە سەختە کە جلوبەرگی کوردی لە شارەکاندا، لە بەرچاوی خەڵك دەکەوێت، هەرچەند کە شێواز و جۆری بە کارهێنانیان، زۆر گۆڕاوە. بۆ بینەرانی بیانی، ئەم بابەتە بە راستی جێگای داخە کە زۆرێك لە مەوادە نەریتییەکان، ئیدی بەکارناهێرێن. بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەمە جێگای خۆشی و پێزانینە کە جلوبەرگی کوردی تا ئەم رادەیە بووە بە بەشێك لە ژیانی لە حاڵی گۆڕانی خەڵك و لەناونەچووە و تەنها بە شێوازی سەمبۆلیك بەکارنابردرێت.



## پەراوێزەکان:

**تێبینی نووسەر:**

من لێرە دەمەوێت سوپاسی خاتوو جنیفر ئێسکارس (کارگێڕی بەشی کوولتوورە رۆژهەڵاتییەکانی مۆزەخانە نەتەوەییەکانی ئیسکاتلەند و ئیدینبۆرگ) و بەڕێز کنیت تیگۆ (کارگێڕی بەشی جل وبەرگی مۆزەخانەی هورنیمان لە لەندەن) بە بۆنەی یارمەتی و رێنوییینیە پڕ بایەخەکانیان بکەم. هەروەها زۆر سوپاسی خاتوو کاترین لاورێنس (گەلاڵە ڕێژ لە کۆلیژی توێژینەوەکانی رۆژهەڵات و ئەفریقا لە لەندەن) بە بۆنەی ئامادەکردنی شکڵەکانی ئەم کتێبە بکەم. هەروەها قەرزاری هەموو دۆستان و هاوڕێیان لە هەموو بەشەکانی کوردستانم، بە تایبەت لە ئێران و شارەکانی دهۆك و هەولێر. من لە بەهار و هاوینی **١٩٩٢**سەردانی سنە و شار و گوندە کوردنشینەکانی دیکەم کرد و لە کاتی گەڕان بە شوێن جلوبەرگە کوردییەکاندا، لەگەڵ لەخۆبردوویی و دەستەواڵایی لە رادەبەدەری کوردان رووبەڕوو بوومەوە. سوپاسی دۆستان و بنەماڵەکانیان لە سنە و سەقز دەکەم کە بە دابینکردنی دوایین مۆدی جلوبەرگە کوردییەکان یەکجار یارمەتیان دام. من سوپاسی لەڕادەبەدەری خۆمیان پێشکەش دەکەم.

## (٨)

# قاڵیچە و گڵێمە کوردییەکان: ئاوردانەوەیەکی کورت

ویلیام ئیگیڵتۆن

## پێشەکی

هەرچەند ئێمە هیچ نموونەیەکمان لە بەردەستدا نییە بۆ ئەوەی بیسەلمێنین، بەڵام دەتوانین بڵێین کە کوردان بۆ ماوەی سەدان ساڵ، هەندێك شتی ساف و کوپەی قاڵیــچەیان بەرهــەم هێنــاوە. هەڵبەتــە ئەمە شتێکی سروشتییە، لەبەرئەوەی کە کورد خەڵکێکی شاخاوی و ئاژەڵدارن و لە ناوچەیەکدا لــە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەڵکەوتوون کە بە بۆنەی قاڵیچەو گڵێمەکانییــەوە بــەناوبانگ بــووە. یەکــەم قاڵیچەیەك کە ئێستا دەیخەنــە پــاڵ کــوردان، کۆمــەڵێك مــافورو فەرشــی گــەورەی دیوەخانــە کــە مێژینەیان دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی ١٨. ئەم مــافورو فەرشــانە، خــاوەنی نەقــشگەلێکی مــاقوولن و بەدڵنیاییەوە ئەو کاتە بۆ کڕیارە دەوڵەمەندەکانی شارنــشین چــنراون. بەهــەرحاڵ بــۆ تێگەیــشتن لــە نەریتی ڕاستەقینەی پیشەسازیی ڕستن و چنینی کوردی، دەبێ زۆرتر بۆ دواوە بگەڕێینەوە و ســەرنجی خۆمان بدەین بەو ژنانەی کە پێداویستییەکانی ژیانی عەشیرەتیو گونــدیان دابینــدەکرد. تەنانــەت، ئەوڕۆش چاکترین قاڵیچە و گڵێمە کوردییەکان، ئەوانەن کە بۆ کەڵکوەرگرتنی خــودی بنەماڵــە یــان هەندێك جار بۆ فرۆشتن، بە دەستی ژنانی عەشیرەت یان گوندی چنراون.

ژمارەیــەك لــەو گەشــتیارانەی کــە بەدرێــژایی ســەدەی ١٩ لــە کوردســتاندا گــەڕاون، لــە نووسینەکانی خۆیاندا ئاماژەیان بە ڕەنگی دەوڵەمەندو جنسی زۆر باشی ئەو قاڵیــچە کوردییانــە کردووە کە لەناو ڕەشماڵەکان و گوندەکاندا بینیویانە. هەتا کۆتایی سەدەی ١٩، چینی ناوەڕاســتی ئەوروپاییــەکان و ئەمریکاییــەکان، فەرشــە ڕۆژهەڵاتییــەکانیان دۆزیــەوە و کتێبگــەلێکی جۆراوجۆریان لەمەڕ وەسفکاری و پۆلێنبەندی ئەم نموونە باوانە نووسی. ئەم نووسەرانە، لە بــارەی بەرهەمە چنراوە کوردییەکان شتی ناڕوونی زۆریان نووســیوە. هەنــدێکیان دەیانەویــست هــەموو بەرهەمە چنراوە کوردییەکان بخەنە نێو پۆلێنبەندییەکی جودا و بیخەنە پاڵ پۆلێنبەندییــە خــاوەن متمانەکانی فارسی، قەفقازی، تورکی، بەلووچی و ئەفغانی. نووسەرانی دیکــە، بــە شــوێن ئــەو هێڵە سیاسی و کولتوورییانەدا بوون کە ئیمپراتۆری ئێران و عوسمانی لە یەك جودا دەکردەوە یــان ئەم سنوورانە کە لەم دواییانەدا، پاش ساڵی ١٩١٨، وڵاتەکانی لە یەك جودا دەکردەوە.

## تایبەتمەندییە هاوبەشەکانی چنینی کوردی

پیش باس و گفت وگۆکردن لە پۆلێنبەندییەکان، باشتر ئەوەیــە کــە هەوڵبــدەین هەنــدێ لــەو تایبەتمەندییانەی کە لــە پیــشەسازی چــنین لــە سەرانــسەری کوردســتاندا هاوبەشــە، بناســێنین.



کوردەکان، هەروەك گرووپە ئیتنیکییەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، چ گڵێم و چ قاڵیچە بــە شێوازی ئاسایی لە خوری دروستدەکەن. گڵێمەکان بەشێوازێکی ساف و بە جۆرو پێکهاتــەی تــان وپۆی جۆراوجۆر دەچنرێن. گوڕانکارییەکانی ڕەنگ بە پێی ڕەنگی پۆ لە هەر شوێنێکدا تایبــەتن. قاڵیچەکان، ڕووکەشێکی سافیان هەیە کە لە ژمارەیەك گرێی یەکجار زۆر ـ کــە هــەرکامیان بــە دەوری دوو دانە پۆدا دەچنرێن ـ پێکدێت و یەك یان چەند پۆ ـ کە لەسەر فەرشدا دیار نییە ـ ڕیزی گرێکان لە یەکتر جودا دەکاتەوە. باشترین قاڵیچەو گڵێمەکانی کوردستان، لە نەریتی عەشــیرەتی سەریان هەڵداوە، ئەو عەشیرەتانە کە تێیاندا بەرهەمە چنراوەکان، جێگای یەغانــەکان و کــاس و کۆچەڵەکانی دانیشتووانی شارو گوندەکانیان گرتەوە. لــە ســەدەی ١٨دا، نزیکــەی لەســەدا ٣٠ی کوردان کۆچەرو ڕەوەند بوون، هەرچەند بە درێژایی سەدەی ١٩و سەرەتاکانی ســەدەی ٢٠ (پــێش شەڕی یەکەمی جیهان) ـ ئەم هەڵسەنگاندنە بەرەبەرە گەیشت بە لە ســەدا ١٥ــ٢٠. بەهــەرحاڵ، لەم قۆناخەدا، ژمارەیەکی یەکجار زۆر قاڵیــچە دروســتکرا. بەگــشتیی قاڵیــچە عەشــیرەتی یــان گوندییەکان، بە دەستی ژنێك ـ لەوانەیە بە یارمەتی منداڵێك ــ دروســتدەکران. پــێش قۆنــاخی داهاتنی ماشینی ڕستن وچنین کە قاڵیچەکان بە یارمەتی نموونە، دەچنران، نیوەی هێــزی کــار بــە فیڕۆ دەدرا. هەتا ئەم دواییانە، ژنانی کورد بە دەست و پەنجەی هونەرمەندانــە بــەناوبانگ بــوون، بەڵام بەهەرحاڵ چەند ساڵ لەمەوبەر، کاتێك کە ئێمە لە بنەماڵەیەکی بەرهەمهێنەری فــەرش لــە عێراق پرسیارمان کرد بۆ ئیدی فەرش بەرهەم ناهێنن، وەڵامیان ئەوە بوو کە ژنی مــاڵ بــە باشــتر دەزانێت سەیری تەلەفزیۆن بکات.

قاڵیچە کوردییەکان، زۆرتر بە دەزگایەکی چنین کە تا ڕادەیەك پانایی کەمــەو ٣ تــا ٤ FEET درێژە و درێژاییان دووقاتی پانایییانە، دەچنرێن. ئەم دەزگانە لە تەلارەکاندا بەکارناهێنرێن، بەڵکو لە تەنیشت دیواری ماڵە گوندییەکاندا بەکار دەهێنرێنو ئەو کەسانەی کە دەیانگەڕێنن، کەســانی ئاسایین. مافوورو قاڵیچە کوردییەکان، زۆرتر تەنها یەك یان دوو لێواریان هەیە، لە حاڵێکــدا کــە جۆری ستانداردی فارسیو تورکییەکەی سێ لێواریان هەیە. گڵێمە ســافەکانی کــوردی زۆرتــر بــە دەزگاگەلێکی چنینی باریك، دەچنرێن کە هەندێك جار لە دوو نیوەی جــووت کــە دەتوانرێــت بــۆ بەرهەمهێنانی نەقەشەیەکی یەکپارچە بە حاڵەتی چوارگۆشەی نیزیك، بەکاربهێنرێت- پێکدێت.

قاڵیچە کوردییەکان، زۆرتر لە نێوان ڕیزی گرێ هاوتاکان، دوو یان چەند پۆیان هەیە، هەرچەند کە دوو بەرهەم لە ناسراوترین بەرهەمە کوردییەکانی نێو بازاڕ (واتا قاڵیچەی سنەیی و بیجــاری) پێکهاتەی تایبەتی خۆیان هەیە. ماقووڵترین بەرهەمە چنراوەکانی کــوردی، ئــەو قاڵیــچانەن کــە

خاوەن رووکەشێکی سافن و نەقشەکەیان بە ئاسانی دەبینرێت و هەر گرێیەکی بە روونی وەك دوو گرێی چوارگۆشە پیشاندەدرێت.

قالێچە کوردییەکان (چ هی ئاناتولی، چ هی ئێران) زۆرتر بە هۆی لێوارە رەنگاورەنگیەکانیانەوە، لە قالێچەکانی تر جودا دەبنەوە. لە ئێران، ئەم قالێچانە، زۆرتر لە نەوارگەلی رەنگی کە درێژاییان ٦ ئینچ یان زۆرتر لە ٦ ئینچە، پێکدێت. لە حالێکدا کە لە ئاناتولی، پەشمە رەنگاورەنگەکان، زۆرتر بۆ چنینی نەقشەی چەپ و راستی لێوارەکان بەکاردەهێنرێت.

نەقشەی لێواری قالێچەکانی عەشیرەتە کوردەکان، بە ئاسانی دەناسرێنەوە، لەبەرئەوەی کە لە نەوارێکی برگەبرگە ـ کە لە تانگەلی درێژی زیادی دروستدەکرێت ــ پێکدێت. لەم نەوارە برگەبرگانەدا، هەندێك بەرهەمی چنراوی بازنەیی یان ساف دروستدەکرێت کە هەرتانێکی، چەند ئینچ و لێوارەکانی، شەش ئینچ درێژاییان هەیە. ئەم بەرهەمە وەحشی ــ بەربەری شکڵانە لە کتێبە سەرەتاییەکانی پێوەندیدار بە قالێچەکان سەرنجی پێدراوە.

## گەلاڵە رێژی و رەنگ

گەلاڵە رێژیەکانی قالێچە عەشیرەتی و گوندییە کوردییەکان، هەروەك قالێچەکانی شوێنەکانی تری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، زۆرتر لە گەلاڵە رێژی بەرهەمە هۆستایانە چنراوەکانی شارەکان سەرچاوەی گرتووە، هەرچەند کە پێوەندی نێوان ئەمانە، لە سەرەتادا، بە تەواوی روون نییە. هەڵبەتە ئەمە داهێنان و دەسترەنگینی و سەلیقەی ژنانی کوردە کە بە درێژایی ساڵان و سەدەکان، ئەم نەقشە لێزانانەیان کردووە بەم گەلاڵە هندسی و رازێنەرەوانە و هەروەها نەقشەکانی دیکە کە ئەمرۆ لە چنینی کوردیدا دەدۆزرێنەوە. جگە لەمە، هەندێك قالیچەی کوردی هەیە کە لەوە دەچێت بەشێك لە نەریتی غەیرە شاری بێت. بەگشتیی، گلێمە چنراوە سافەکان، لەوانەیە پیشاندەری لێزانانەترین جۆری گەلاڵە رێژی کوردی بێت، لەبەرئەوەی کە ئەم گلێمانە بە شێوازی سروشتی بۆ بەکارهێنانی ناوچەیی دروستکراون و توخمی شاری زۆر کەمیان تێدایە. بۆ گەلاڵەرێژی قالێچە کوردییەکان، دەتوانین بە گەلاڵەی هەشت هەسێرەو شکڵە هەشت رەهەندییەکانی دیکە ـ کە زۆربەی فەرشەکان لەم جۆرەن ـ ئاماژە بکەین. جگە لەمانە، گەلاڵە رێژی قولابیو هندسی وەك نەقشەی کیسەڵ، باڵندە و بابەتە ئاساییەکان وەك شانەکان و زێروزێوی تەلیسم شکڵ هەیە. هەروەها گەلاڵەگەلێکی ئاژەڵیو مرۆڤی هەیە کە لەملاولایدا سەگی هەڵهاتوو دەبینرێت.



ژنانی تەونکەری کورد حەزیان لەوەیە فەزای چۆڵی قالێچەکان، بەبەکارهێنانی ژمارەیەکی زۆر گوڵی بچووك و شکڵی هندسی پڕ بکەنەوە. ئەم قالێچانە، رواڵەتێکی تێکچڕژاوو بێسەروبەندیان هەیە کە بەپێی ئەوە کە چەندە فەزاو رەنگ تێکەڵی یەك کرابێت و چەندە چاگیربێت، دەتوانیت سەرنجڕاکێش بێت.

قالێچە کۆنە کوردییەکان، کۆمەڵێك رەنگی سروشتیی بەهێزیان هەیە کە بەدرێژایی مێژوو، باشتر بووە. رەنگە زەقەکان، سوور و شینن. رەنگی سوور زۆرتر لە ریشەی گیای روونـاس دەگیردرێت، ئەمە لەحالێکدایە کە لە ناوچەکانی مەلاتیە و غازی عەنتاب لە تورکیا رەنگەکانی سووردانە کە لە زیندەوەرووچکەکان دەگیردرێت، هەتا دەیەی ١٩٢٠ بۆ بەرهەمهێنانی نەقشەکانی خەست و شین کەڵکی لێوەردەگیرا. بەهەرحاڵ، ئەم دواییانە، تەونکەری کورد، هەروەك چنیارانی دیکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، روویان کردووەتە رەنگە کیمیاییە هەرزانە خراپ و ئاسان بەکارهێنانەکان کە نە لە بەرامبەر تیشك و نە لە بەرامبەر ئاودا خۆیان راناگرن. ژنانی کورد، بە تایبەت بەرەو لای رەنگەکانی پەمەیی روون و نارنجی رادەکێشرێن، بەڵام بە خۆشییەوە ئەم رەنگانە لە پێوەرێکی بچووکدا بەکاردەهێنن و هەندێك جار روو دەکەنە رەنگە دلڕفێنترەکان.

## پۆلێنبەندی ناوچەیی

چنینی کوردی دەتوانرێت لە ئاسانترین شێوازدا، بە وەسفکردنی تایبەتمەندییەکانی نێوان هەر یەکەیەکی سیاسی، پۆلێنبەندی بکرێت. لە ئێران، قالێچە کوردییەکان، لە کوردستانی ئێران و لە ناو حەشیمەتی مەزنی کوردانی خوراسان لە نزیکی قووچان (لە رۆژهەڵاتی ئێران) دروست دەکرێت. ژنانی قووچان، نەریتی چنینی قالێچەکانی خۆیان لە ئاسیای ناوەڕاست و قەفقاز لە سەدەی ١٧، گرتووە و لەگەڵ نەریتی چنینی ناوچەیی تورکەمانیو بەلووچی ئاوێتەیان کردووە. لە کوردستانی ئێران، دوو جۆر قالێچەی بەناوودەنگ کە بەدرێژایی سەدەی ١٩ پەرەی سەندووە، قالێچەی سنەییو بیجارییە کە بە شێوازگەلی زۆر جیاواز دەچنرێنو هەردووکیان بۆ چینێکی تایبەتی شارنشین دروستدەکرێن. قالێچەکانی سنەیی کە لە شاری سنە دەچنرێن، نەرم و نۆڵن، بەڵام سووکن. ئەمە لەحالێکدایە کە قالێچە بیجارییەکان ـ کە لە شارێك لە نزیکی رۆژهەڵاتی سنە بە ناوی بیجار دەچنرێن، قورس و رەقن. سێیەمین ناوچە لە کوردستانی ئێران کە بۆ فەرشناسان ناسراوە، سابلاخ-ە (مەهابادی ئێستا). ئەو قالێچانەی سەدەی ١٩ کە دەخرێنە پاڵ سابلاخ، لەوانەیە لە نزیکی ناوچە عەشیرەتییەکان چنراون.

بەدرێژایی ساڵان، نەریتەکانی چنین لە ناوچە، گۆڕانیان بەسەردا هاتووە و هەندێك ئاڵۆزی

لەمەڕ وەسفکردنی ئەم قالێچانە (هەروەك گەڵاڵە ڕێژی و پێکهاتەیان) پێکهێناوە. قالێچەکانی سەدەی ١٩، بە هۆی پەشمە پڕ زەرق و بەرق و ڕەنگە خەستەکان و جۆراوجۆربوونیان ــ کە لە فەرشە کلاسیکەکان سەرچاوەیان گرتووە ـ بەرچاون. گەڵاڵەڕێژیەکانی قالێچە سنەییەکانیش لە گەڵاڵەڕێژی شاری لەگەڵ ڕازاندنەوە ناوەندییەکان یان نموونە گشتییەکانی هەرات گیراون. جگە لەم قالێچە ناسراوانەی کوردستانی ئێران، کۆمەڵێك جۆری بەربڵاوی بەرهەمی چنراوی عەشیرەتی کوردان لە کرماشان-یشدا هەیە. لە نزیکی کرماشان، توورەکە بچووکەکانی عەشیرەتەکانی جاف و سنجاوی زەقن. لە نزیکی هەمەدان-یش، عەشیرەتی یەکجێنشینی کولیایی، ژمارەیەکی زۆر قالێچەی هەرزان بۆ دەرەوە دروستدەکەن. لە باکووری ئەم ناوچەیەش، عەشیرەتەکان قالێچە، کۆڵوانەو گڵیمی جۆراوجۆر دروستدەکەن. بەهەرحاڵ دەبێت بۆ پۆلێنبەندی کردنی چنراوە نەریتییەکانی عەشیرەتە ئێرانییەکان کاری زۆرتر بکرێت.

ناوچەی چنین و ڕستنی کوردنشینی ئاناتولی دەکرێت بە سێ ناوچەی جوغرافیایی دابەش بکرێت: ناوچەی ڕۆژئاوای دەریاچەی وان، ناوچەی باکووری دەریاچەی وان و ناوچەی باشووری دەریاچەی وان لە شاخەکانی هەکاری. قالێچە کوردییەکانی ڕۆژئاوای دەریاچەی وان، بۆ ساڵەهای ساڵ، بێناونیشان بوون و وەك قالێچەی تورکی دەناسران، هەرچەند کە یوروکەکان (خەڵکێکی عەشیرەتی تورکن کە زۆرتر لە ڕۆژئاوای ناوچەی کوردان دەژین) کۆمەڵێك بەرهەمیان دەچنی. ئەم قالێچانە، ناوی بازاڕە سەرەکییەکانی خۆیان بەسەردایە وەك سیواس، مەلاتییە، غازی عەنتاب، ئادیامان، دیاربەکرو جیهانبیلی لە نزیکی قونیا. جگە لەم قالێچانە، هەندێك گڵێمی زۆر بەناوبانگ هەن کە لەم ناوچانەدا، بە تایبەت مەلاتییە، غازی عەنتابو سیواس دەچنرێن. قالێچە کوردییەکانی ئاناتولی کە لە سەدەی ١٩و سەرەتای سەدەی ٢٠ لە ناوچەی ڕۆژئاوای وان چنراون، بە بەراورد لەگەڵ بەرهەمە گوندی و عەشیرەتییەکانی دیکە، ڕەق دەچنرێن و شێوازو پێکهاتەیان لە قالێچەکانی دیکەی ئاناتولی ئەم سەردەمە دەچێت، هەرچەند کە ڕەنگەکەیان ڕەشترە و لە ڕەنگی قالێچەکانی دراوسێ، دەوڵەمەندترە. هەرچەند کە قالێچە کوردییەکان، زۆرتر خاوەنی دوو پۆن (تانیشیان هەیە)و لە دوو توێژی پەشمی دەقکراو پێکدێن، بەڵام قالێچە کوردییەکانی ڕۆژئاوای دەریاچەی ئورومیە، زۆرتر خاوەنی کۆمەڵا پۆی یەك توێژن. ناوچەی باکووری دەریاچەی وان، شوێنی چنینی بەرهەمەکانی ئەرزروم، قارس و کاغیزمانە. هەندێك لە گەڵاڵەڕێژییەکانی ئەم ناوچەیە،، لە هەندێك لە گەڵاڵەڕێژیەکانی قالێچەکانی قەفقازی لەسەر سنووری ئەرمەنستان و گورجستان دەچێت. هەنووکە، بەزەحمەت دەکرێت قالێچە کوردییەکانی قارس، لە قالێچە تورکیاکانی تیریکم جودا بکرێتەوە، لەبەرئەوەی کە قالێچە تورکیەکانی تیریکم



تا ڕادەیەك سافتر دەچنرێن و خاوەنی هەندێك لە گەڵاڵە ڕێژیەکانی قالێچەکانی قەفقازن.

زەق بوونی جۆری خوریە قاوەییەکان لە ناوچەی باکووری دەریاچەی وان، هەوێنێکی دڵگیریان داوە بە هەندێك لە لێوارە قاوەییەکانی ئەم قالێچانە کە بۆ پێناسەکردنی ئەم جۆرە قالێچانە، یارمەتی ئێمە دەدات.

لەناوچەی باشووری دەریاچەی وان، قالێچە و گڵێمەکانی عەشیرەتە مەزنەکانی هارتوشیو هەرکی دەبینرێن. لە ناو ئەم گڵێمانەدا، ناسراوترینیان ئەو گڵێمانەیە کە لە نزیکی دەریاچەی وان و لە دووبەشدا بە دەستی ژنانی هارتوشی دروستدەکرێن. هەنووکە زۆرێك لە گوندەکانی ئەم ناوچەیە بە هۆی ئەمنی چۆڵکراون، بەڵام ژنان هێشتا کۆمەڵێك گڵێم بۆ بازاڕی توریستی لە وان و شوێنەکانی تر دەچنن. هەتا ئەم دواییانە، ژمارەیەکی زۆر قالێچەی نازك و سەرەتایی هارتوشی دەهاتنە ناو بازاڕ کە زۆرێك لەوانە بە هۆی ئەوە کە نرخیان هەرزان بوو، بۆ بازاڕی نێونەتەوەیی قالێچە گونجاو نەبوون. قالێچە بچووکەکانی دیکە، بە دەستی عەشیرەتی ڕەوەندنشینی هەرکی کە لە ئێران، تورکیا و عێراق دەژین، دروستدەکرێن. ئەم ناوچە شاخاوییە کە لە باشووری دەریاچەی وان هەڵکەوتووە، هێشتا شارەزاترین جۆری بەرهەمەکان دروستدەکات، هەرچەند کە بەداخەوە بە ڕەنگی سروشتی دروستناکرێن. قالێچە و گڵێمە کوردییەکانی عێراق، بە تەواوی خاوەن ڕیشەی عەشیرەتین و ژمارەیەکی کەمیان ڕێگایان کەوتووەتە ناو بازاڕی نێونەتەوەیی. ناوچە چنینەکانی کوردستانی عێراق، بە سێ ناوچەی جیاواز دابەش دەکرێت: ١ـ دەشتی هەولێر کە خاوەنی ئەو جۆرە قالێچانەیە کە لەژێر کاریگەریی قالێچە فارسیەکاندایەو ئاغاکانی دزەیی لە سەدەی ١٨ دەیانچنین ٢ـ ناوچەی باکووری ڕۆژهەڵاتی هەولێر کە عەشیرەتەکانی هەرکی و سوورچیو گیلانی تێدا دەژین. ٣ـ ناوچەی باکووری موسڵ کە گڵێمەکانی بەناوبانگن.

لە سوریا هەندێك بەرهەمی بچووك دروستدەکرێت کە زۆربەیان بریتییە لەو گڵێمانە کە بە لاساییکردنەوە لە گڵێمەکانی کوردەکانی دانیشتووی باکووری سوریا (لەسەر سنووری تورکیا) دەچنرێن. ناوی گڵێمی حەلەب زۆرتر بۆ ئەو بەرهەمانە کە پێش شەڕی یەکەمی جیهان دروست دەکران، بەکاردەبردرێت. گەلێك لەم بەرهەمانە، لە ناوچەیەك کە ئێستا بەشێکە لە تورکیاو هەتا باشووری ڕۆژئاوای غازی عەنتاپ درێژە، دروستدەکرێت.

کوردەکانی قەفقاز، بە چنیارانی شارەزا بەناوبانگن. مەسەلەی سەرەکی لێرە ئەوەیە کە ئێمە (جگە لە چەند بابەت) لەوە دڵنیا نین کە کام لە قالێچەکانی قەفقاز بە دەستی کوردان و کامیان بەدەستی تورکە ئازەرییەکان یان ئەرمەنییەکان دەچنرێن. بەهەرحاڵ ئێستا بەریان بەرەو ئەوەیە کە هەندیك قالێچەی کەڵەکە، پەشمین و سەرەتایی دەخرێتە پاڵ چنیارانی کورد.

## دەرەنجام

لە کۆتاییی ئەم وتارە کورتەدا، دەکرێت چ شتێکی دیکە دەربارەی بارودۆخی ئێستای چنینی کوردی و ئاسۆکانی داهاتووی بگوترێت. ئەم مەسەلەیە ئێستا بە فەرمی قبوولکراوە کە پاش شەڕی یەکەمی جیهان، قاڵیچە کوردییەکان هەم لە رووی چۆنایەتی و هەم لە رووی چەندایەتییەوە رووی لە خراپی کردووە. هەڵبەتە ئەم مەسەلەیە، دەربارەی بەرهەمە عەشیرەتی و گوندییەکانی شوێنەکانی دیکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وەڕاست دەگەڕێت. یەکێك لە هۆکارە گرینگەکانی ئەم روو لە کەم بوونەی بەرهەمە کوردییەکان، لاوازبوونی بەرچاوی نەریتی گەڕیدەنشینی لە ١٥ لە سەد لە ساڵی١٩١٤ بۆ ٢ـ٣ لە سەد لە ئەمڕۆ دایە. لەم رەوتەدا، زۆرێك لە بەرهەمە چنراوە عەشیرەتییەکان بە هۆی ئەم هەستە ناڕاستە کە بەرهەمە چنراوەکان زۆر بووە، ئیدی رێیان ناکەوێتە ناو بازاڕ. ئەمە لە حاڵێکدایە کە بەرهەمهێنان، بە توندی بە بەرهەمە پێشووەکان، سنوردار بووە. روو لە کەمبوونی چۆنایەتی بەرهەمەکان، زۆرتر بە هۆی بەکارهێنانی رەنگگەلی خراپ و هەرزان و هەروەها بێ مەیل بوونی بەشێك لە ژنانی چنیار بۆ تەرخانکردنی کاتی پێویست بۆ دروستکردنی بەرهەمەکانی خاوەن گرێی زەریف و جوانە. بەم حاڵەش، هێشتا هەندێك ناوچە هەن کە قاڵیچە و گلێمی باش (کە بە مەوادی رەنگی چاك رەنگرێژی کراون، هەرچەند کە ئەم رەنگانە سروشتی نین) بۆ بەکارهێنان لە ناو ماڵ و فرۆش لە بازاڕدا دەچنن.

بە هۆی ئەوەی کە کوردان زۆرتر لە ناوچەگەلێکدا ژیاون کە لە ناوەندەکانی رێکخستنی چنینی بازرگانی دوور بووە، بەرهەمە نوێیە کوردییەکان لە هەندێك ناوچەی چنین لە تورکیا و ئێران (کە تێیاندا بە هۆی ئاسانکاری بازرگانی و بەکارهێنانی رەنگگەلی سروشتی، بەرهەمهێنانی قاڵیچەو گلێمە گەورەکان زیندوو بووەتەوە) دواکەوتووە. لە هەمان کاتدا، نەریتێکی چنینی بەهێز لە سەرانسەری کوردستاندا هەیە کە هێشتا لە بیری ژنانی گوندی و عەشیرەتیدا ماوە. ئەمە خەسارێکی گەورەیە بۆ میراتی کولتووری کورد، هەروەها ئەو بیانیانە- کە قاڵیچە و گلێمە دەستچنەکان کۆدەکەنەوە و پەسەندی دەکەن و بەکاریدەهێنن- کە نەریتی چنین لەناوبچێت.

(٩)

# كولتووری ماددیی كورد له سوریا

كارین كرێن

## پێشەکی

ئەم بەشە بە شوێن ئەوەدایە کە بەخستنەڕووی بەڵگەکانی کولتووریێک، سەرنجی خوێنەران بۆ گرینگی تاوتوێکردنی نموونە ئیتنیکناسییەکان رابکێشێت. بە تایبەت، سەبارەت بە کولتووری کورد ئەم لێکۆڵینەوە پێویستە، لەبەرئەوەی کە خەڵکی کورد، ساڵەهای ساڵ لەژێر هەرەشەدا بوونە.

بەر لە هەمووو شتێك، پێویستە کولتووری ماددیی پێناسە بکەین و بواری مێتۆدی ئەم جۆرە تاوتوێکردنە وەسفبکەین. لە دیدی ئیتنیکناسییەوە، کولتوور، نەتەنیا لە ڕێگای کەرەستە جوان و هونەرمەندانەکان، بەڵکو لە ڕێگای ئەو کەرەستانەیش کە لە ژیانی رۆژانەدا بەکاردەبردرێن، وەسفدەکرێت. گرینگی پێدانی کۆمەڵایەتی بە کەرەستە رۆژانەکان، بۆ کەسێکی ئیتنیکناس، کارێکی پڕزەحمەت و زۆربەی جاران بێ‌منەتە. لەم بەشەدا، بەرهەمی فەننی بە شێوازی بەڵگەمەند، بە خستنەڕووی شکڵ و شێوازی بەکارهێنانی کەرەستەکان، تاوتوێ دەکرێت. بیاڤەکەکانی تەکنۆلۆژی و ئێرگۆلۆژی ـــش [1] دەبێت حیسابی بۆ بکرێت. لەم بەشەدا، ئەم دوو بابەتە لە ڕەوتی تاوتوێی کولتووری ماددیی، دەکەوێتە بەر باس‌و لێکۆڵینەوە.

تەکنۆلۆژی، تاوتوێکردنی رێکوپێکی ریشەو بنەچەو شێوازی هەڵسوکەوت لەگەڵ سەرچاوە سروشتییەکان بۆ بەرهەمهێنانی کەرەستەکانە. پۆلێنبەندی تەکنۆلۆژیك بە شوێن پۆلێنبەندی مەوادا دێت و بۆ شێوازی کەڵکوەرگرتن لە بەرد، دار، سیرامیك و کانزاکان بەکاردێت. کاتێك کە رەوتێکی تەکنۆلۆژیك بەڵگەمەندە، دەبێ سەرنجی تایبەت بدرێت بەخستنی بنەڕەتی و کاربوردی ئەو کەرەستەیە لە ناوکولتووری دەوروەدراودا. ئێرگۆلۆژی، شکڵو شێوازی کەڵکوەرگرتن لە کەرەستەکان بۆ رەوتگەلی بەرهەمهێنانی نەریتی لەگەڵ لایەنە کۆمەڵایەتی، ئایینیو ئابوورییەکانی، دەخاتە بەر باس‌و لێکۆڵینەوە. کەوابوو، پۆلێنبەندی دەبێت بە گوێرەی کەڵکی کەرەستەکان، چەکەکانی نێچیرو ماسیگرتن و شەڕ، کەرەستەکانی کشتوکاڵ، جلوبەرگو زێڕوزیو (لەوانە شکڵ و خاڵ کوتانەکان)و نموونەکانی شوێنی نیشتەجێبوون، ئەنجامبدرێت. بۆ ناسینەوەو وەسفکردنی راستی کەرەستەکان، هەم مێتۆدە تکنۆلۆژییەکان و هەم مێتۆدەکانی



ئێرگۆلۆژی پێویستە. ئەم مەسەلەیە دەتوانێت بەراوردکارییەکانی نێواخنی کولتوور و دەرەوەی کولتوور لواو بکات.

بۆ ئەم مەبەستە، مێتۆدناسییەکی گونجاو ـ کە لە لایەن مرۆڤناسی ئەمریکایی، جۆرج پیتێرموردوکەوە GEORGE PETER MORDOK، پەرەی پێ دراوە ـــ بۆ رێکخستنی زانیارییەکانی هەنووکەیی بیاڤی راستەوخۆی کاری ئیتنیکناسی و ئاشکراکردنی کەموکوڕییەکانی ئەدەبیاتی وەسفکاری، بەکاردەبردرێت. تاوتوێکردنەکانی دواتر سەبارەت بە ئاشکراکردنی ئەوەی کە چ بوارێکی زانیاریانە بۆ خستنەڕووی بەڵگەکان پێویستە، ئەم بابەتە روون دەکاتەوە کە چۆن نزیکەی کارەکان ببینەوە:

**١ـ رەگ بنەچەی کەرەستەکان:** سەرچاوەی هەر کەرەستەیەك دەبێت بۆ ئەو کەسەی کە کەرەستەکەی دروستکردووە، بگەڕێتەوە. شیکردنەوەیەکی زیادی سەبارەت بە بواری کۆمەڵایەتی و ئایینی بەرهەمهێنەر، دەهێڵێت کە دابەشکردنی کۆمەڵایەتی کار لەنێوئاخنی کولتووردا، هەڵبسەنگێنرێت. وەك نموونە، زۆربەی زێوسازان لە کوردستان، جوولەکە بوونە و دروستکردنی قوماش لە مووی بزن لە ناوچەی هەکاری، زۆرتر بە دەستی مەسیحییە نەستوورییەکان ئەنجامدراوە.

**٢ـ زمانی فەننی:** زاراوەناسیی رەوتی کارو کەرەستەکان، دەبێت بە زمانی ناوچەیی ئەنجامبدرێت. لە بارەی کولتووری کوردەوە، ئەمە بابەتێکی زۆر هەستیارە، لەبەرئەوەی کە زمانی کوردی لە زۆرێك لە بەشەکانی کوردستاندا قەدەغەیە و پەروەردە نادرێت. کەوابوو زمانێك وەك زمانی کوردی ناتوانێت بە شێوازی نووسراو دەربێت، بە تایبەت تووشی گۆڕان دەبێت و رادەی کاریگەریی وەرگرتنی ئەم زمانە لە خەڵکی غەیرە کورد زمانی دەوروبەر، زۆر لەسەرەوەیە. زێدەباری ئەمە، زمانی کوردی، لقی زۆری هەیەو کۆمەڵێك جیاوازی لە نێوان ئەم لقانە لە ناوچەکاندا و هەروەها لەنێوان جنسی ژن و پیاو و نەوە جوداجوداکاندا هەیە.[2]

**٣ـ دیدی مێژوویی:** سەردەمی بەکارهێنانی کەرەستەکە دەبێت دیار بکرێت. هەروەها دەبێت دیاریبکرێت کە ئایا ئەو رەوتە بەرهەمهێنانە نەریتییە هێشتا بەکار دەبرێت یان نا. زێدەباری تاوتوێکردنی بابەتە ئاماژەپێکراوەکان کە پێوەندی بە بیاڤی کارەوە هەیە، پێویستە ئەدەبیاتی هەنووکەو رابردووی ئەو خەڵکە بۆ بە دەستهێنانی زانیاری ـــ وەك

پێگەیەك بۆ تاوتوێ و بەراوردکردنی ئاکامەکانی بیاڤی کاری لێکۆڵەر ـ بکەوێتە بەر باس و لێکۆڵینەوە. هەمووی ئەم هۆکارانە، لەگەڵ مێژووناسیی ناوچەیی و مێژووی تاکەکەسی، بەڵگەکانی گۆڕانکاریی کولتووری لەناو هەر کۆمەڵگایەکدا پێکدەهێنێت. چۆنایەتی کولتووری ماددیی، ڕەنگدانەوەی چینبەندییە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگایەو خستنەڕووی تەواوی ئەم دوو بەڵگانەی کولتووری ماددیی دەتوانێت وەك بوارێك بۆ باس و لێکۆڵینەوەی بەراوردکارییەکانی دواتر، بەکارببردرێت.

## بەڵگە سەرەتاییەکان

بەداخەوە بەڵگەکانی کولتووری ماددیی کورد، زۆر بە کەمی خراونەتە ڕوو. جگە لە کاری پێشەنگیانەی هێنری هێراڵد هانسن لە دەیەی ۱۹۵۰ ـ کە کۆمەڵێکی نزیکەی سەد کەرەستەی لە عێراق تاوتوێ کردووە کە ئێستا لە مۆزەخانەی نەتەوەیی (کۆپێنهاگن) دەپارێزرێت ـ هیچ کارێکی بەرچاوی دیکە ئەنجامنەدراوە. بلاڤۆکێك هەیە کە کۆمەڵێك کەرەستە لە (لایپزیك) وەسفدەکات (ئیستین:۱۹٦٥)و بلاڤۆکێکی دیکەش (سکارس: ۱۹۸۱) باسی پیشانگایەکی جلوبەرگ لە ڕۆژهەڵاتی نزیك دەکات کە جلوبەرگی کوردیشی لەخۆگرتووە. مۆزەخانە بەناوبانگەکانی هورینمان لە لەندەن و فۆرووۆلکرکۆندە لە بەرلین- یش، کۆمەڵێك کەرەستەی کولتووری ماددیی کوردیان هەیە، بەڵام تا ئێستا هیچ بابەتێك لەسەر ئەمانە نەنووسراوە. مۆزەخانەی فۆرووۆلکرکۆندە لە ڤییەنا، مۆزەخانەیەکی کەم وێنەیە، لەبەرئەوەی کە کۆمەڵێکی پێکهاتوو لە نزیکەی هەزار نموونەی ئیتنیکناسیی کوردستانی تێدایە. بەشێکی مەزنی ئەم کۆمەڵەیە، کەرەستەگەلێك لەخۆدەگرێت کە کولتووری ڕۆژانەی ئەم دواییانە پیشاندەدات وەك فەرش، جلوبەرگ، کەرەستەکانی کشتوکاڵ، کاسەو کۆچەڵەو زێڕوزیو. ئەم کۆمەڵەیە بە دەستی کۆکەرەوەی نەمسایی، وێرنێر فینکە WERNER FINKE کۆکراوەتەوە کە بە ماوەی ۲۵ ساڵ سەرانسەری کوردستانی تورکیا گەڕاوە. بەهەرحاڵ ئەم کۆمەڵەیەی مۆزەخانەی فۆرووۆلکرکۆندە، هەندێك کەرەستەی کۆنی زۆر دەگمەنیشی گرتۆتە ناوخۆ کە لە جۆری خۆیدا بێ وێنەیە، وەك جلوبەرگی تەواوی شەڕکەرانی کورد کە بریتییە لە چاکەت و شەرواڵگەلی دروستکراو لە مووی بزن، پووتینگەلی سووری دەباغیکراو، هەیاسە ئاسنییەکانی خاوەن ڕووکەشی



زێڕ، یەك دانە خەنجەرو یەك دانە قەڵخانی بچووکی گرد. پێشانگاگەلێکی وەها، ڕاستییەکانی کۆمەڵگای فیۆدالی کورد بە ڕوونی پیشاندەدات. ئەم کەرەستە بێوێنانە، بە دەستی گەشتیاری نەمسایی لە نیوەی دووەمی سەدەی ۱۹دا، کۆکراونەتەوە. دەوڵەمەندیی ئەم کۆمەڵانە وای کرد کە مۆزەخانە توانی پیشانگایەکی تەواو لە نەمسا لەساڵی ۱۹۹۲ لەژێر ناونیشانی "کوردان: ئازادی، ئازادی لە چیاکاندا" بکاتەوە.

## تاوتوێکردنێکی کولتووری ماددیی لە ژیانی کورددا

ئەم تاوتوێکردنەی کولتووری ماددیی کورد کە ئێمە لە ژێرەوە باسی لێ دەکەین، وەك بنەواشەی پۆلێنبەندی، حیساب بۆ سووڕی ژیانی مرۆڤ دەکات. ڕوونە کە خستنەڕووی وەسفێکی تەواو لە کولتووری ماددیی کورد، نەلوواوە، بەڵام دەکرێت بە زانیارییەکانی بەردەستی ئێمە، بە کورتی تاوتوێ بکرێت. بەهەرحاڵ لواو نییە کە بکرێت کولتووری کورد وەك دیاردەیەکی یەکپارچە پێناسە بکرێت، لەبەرئەوەی کە هەندێك ئاڵوگۆڕ لە نموونە ناوچەییەکانیدا هەیە. ئەم نموونانە زۆرتر بە هۆکارەکانی شوێنی نیشتەجێ بوون و ئابووری بەستراونەتەوە.

کوردەکان لە ناوچەیەکدا دەژین کە لە شاخەکانی زاگرۆس هەتا بیاوانی سوریا درێژەی هەیەو لە عەشیرەتە کۆچەرو گەڕیدەکان یان نیمچە کۆچەرو گەڕیدەکان، کۆمەڵگا یەکجێنشینەکان و هەروەها کۆمەڵگا گوندییو شارییەکاندا دەژین. کەوابوو، پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی کوردان، بە گوێرەی ئەم بارووذۆخە، جیاوازن. شتێکی سروشتییە کە پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی عەشیرەتێکی کۆچەرو گەڕیدەی کورد لەگەڵ پێکهاتەی کۆمەڵگایەکی شاری کورد زۆر جیاواز بێت. دراوسێ غەیرە کوردەکانیش کاریگەرییەکی گەورەیان لەسەر کوردان هەیە، بە هەمان شێوە کە کۆچە ئابوورییەکان کاریگەرییان لەسەر ژیانیان داناوە. بەهەرحاڵ، ئەو هۆکارە لێبڕاوانەی کە ئێستا پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کوردو لەئەنجامدا کولتووری کورد دەگۆڕن، ئەو هەوڵە کەم و زۆر توندوتیژانەی دەوڵەتە نەتەوەییەکانە کە بە ئامانجی تاواندنەوەی حەشیمەتی کوردان ئەنجامدەدرێت.

ناوەڕۆکی ئەم بەشەی ئێمە، زۆرتر بە گوێرەی بیاڤی کاری نووسەر لەگەڵ عەشیرەتێکی کورد لە سوریا دایە [3]. هەروەها کەرەستە ماددییەکانی کۆمەڵەی مۆزەخانەی ڤییەناو ئەو سەرچاوە بڵاوبووانەی کە لەبەر دەستدایە دەخەینەڕوو.

## منداڵی

لێکۆڵینەوەی ئێمە لەمەڕ کولتووری ماددیی کورد، بە پێناسەکردنی سووڕی ژیانی مرۆڤـ کە بە بێشکە [٤] دەستپێدەکات، پیشاندەدرێت. گشتیترین جۆری بێشکە (لانك) کە لە سەرانسەری کوردستاندا بەکاردەبردرێت، لە دار دروستدەکرێت. بێشکە کەفەیەکی سافی لاکێشی لەگەڵ چواردانە پایە هەیە کە لە سەرو خواری بێشکەدا بە دوو داری یەکتربڕ پێکەوە دەلکێن. پایەکان هەتا سەری کەف درێژە و لە سەرو خوارەوە، بە دوو تاقو نیو تاقی دارینی یەکتربڕ، پێکەوە دەلکێن. ئەم تاق و ناوتاقانە بە تیرێکی دارین پێکەوە دەلکێن، کەوابوو وا لە بێشکە دەکات کە بسووڕێتەوە. مێژینەی ئەم جۆرە بێشکە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی ١٣ و لە سەرانسەری ناوچەیەکدا کە لە لوبنان هەتا ئەفغانستان درێژەی هەیە، بلاوە. رەگ و بنەچەی ئەم جۆرە بێشکەیە، لەوانەیە ئاسیای ناوەڕاست بێت. لە سوریاش هەمان جۆر بێشکە بەکاردەبردرێت، بەلام لەباتی دار لە ئاسن دروستدەکرێت. کۆرپە، لەنێو ئەم بێشکەدا بە توندی مەلۆتکە دەکرێو لەسەر دۆشەکگەلێکی بچووکدا دەخەوێنرێت. کوردەکانی سوریا هەروەك کوردەکانی ناوچەی هەکاری، ئیدی لە بۆڕی چێوی بۆ تێپەڕاندی میزی کۆرپە، کەڵك وەر ناگرن.

بۆ پاراستنی کۆرپە لە چاوی پیس، جۆرگەلێکی جوداجودا تەلیسم دەخرێتە سەر بێشکە کە، لەوانەیە لە ئێسقان یان موروو دروستکرابێت. هەندێ جار خۆجە یان مەلا، بۆ پاراستنی کۆرپە لە چاوی پیس دوعایەك بۆ کۆرپەکە دەنووسێت کە پێی دەڵێن دوعابەند.

## لاوێتی: پێکەوەنانی ژیانی هاوسەری

رێوڕەسمی پێکەوەنانی ژیانی هاوسەری، وەك زەقترین رووداوی ژیانی مرۆڤ چاوی لێدەکرێت. ژیانی هاوسەری بە هۆی ئەوەی کە تا ئەم رادەیە گرینگە، پێویستی بە ئەنجامدانی وتوێژی تێروتەسەل لەنێوان بنەماڵەی بووك و زاوادا هەیە. گۆڕانکارییە کولتوورییەکانی ئەم دواییانەی کۆمەڵگای کورد لە هیچ رووداوێکدا بە رادەی پێکهێنانی ژیانی هاوسەری، خۆی بەم روونییە بە بینەر پیشاننادات. وەك نموونە، چ بووکو چ زاوا، جلی مۆدی ئەوروپایی لەبەردەکەن و ژمارەیەکی کەم بە جلوبەرگی



نەریتی کوردی دەبینرێن. [٥] هەروەها بۆ جیاز یان چەهێز، مۆبلمان و کەرەستەی ئەوروپایی و کەرەستەی دەستکرد لە زێڕوزیو (کە بەشێوازی نەریتی، بووك وەری دەگرێت و لە کاتی تەلاقدا وەك جۆرێك زەمانەتی کۆمەلایەتی لە قەڵەم دەدرێت) بەباشتر دەزانرێت. ئەم زێڕوزیوە، زۆرتر بریتییە لە زێوی دانە-دانە یان زنجیریو هەندێك جار بە بەردو هێزە پارێزەرکان دەڕازێنرێنەوە.

هەر لە کۆنەوە زیوسازانی کوردستان، جوولەکە بوونە. هەولێر، موسڵ، سلێمانی، سنەو ورمێ ناوەندە گرینگەکانی زیوسازە جوولەکەکان بوون. هەروەها هەندێك زێوسازی گەڕۆك هەبوون کە لە ماڵی کڕیاردا دەمانەوە و کاریان دەکرد. زێڕوزیوی نەریتی کە لە کوردستان دروستدەکرێت، هەمان جۆری زێروزیوە کە لە سەرانسەری رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا هەیەو هەرچەند کە خاوەنی هەوێنی یۆنانی، ئێرانی، هیندی و ئاسیای ناوەڕاستە، بەلام لەوانەیە تایبەتمەندییە جوداکەرەوە ئیتنیکی و ناوچەییەکانیشی تێدابێت. ئەمرۆ زێڕ لە زیو باشتر دەزانرێت و لە شکڵێکی ساف و یەکپارچەدا کاری لەسەر دەکرێت. زێڕ بایەخێکی ماددیی زۆری هەیەو بۆ ژنانیش سەرنجڕاکێشە.

## جلوبەرگ

لەبەرئەوەی کە تایبەتمەندییە گشتییەکانی جلوبەرگی نەریتیی کوردی، لە شوێنێکی تر لەم کتێبەدا بلاوبووەتەوە، لێرە بەکورتی ئاماژەیەك بە جلوبەرگی نەریتی ژنانی کورد لە ناوچەی (پارێزگای) حەلەب (ئالیپو) لە سوریا دەکەین. ئەم جلوبەرگە نەریتییە لە شەرواڵێکی کەتانی درێژ (دەرپێ) یەکدانە ژێرپۆش (جلی بنێ)، یەك دانە کراس، یەك دانە رووپۆش (خفتان)، یەك دانە بەروانك و یەك دانە دەزماڵی گەردەن (دەزماڵ) پێکدێت. زێدەباری ئەمە، ژنانی بەسالاچوو، لە نێوان کراسو خفتاندا، هەندێك جلیقەی سێقۆڵی (سوخمە) لەبەردەکەن. کراس، خفتان و بەروانك دەبێت بگاتە زەوی. ژنان پێلاوێکی لاستیکی لەپێ دەکەن کە پێی دەڵێن سول یان قۆندەرە. لە بەراوردکردن لەگەڵ جلوبەرگی ژنانی هەولێر کە سادەیە و شەرواڵێکی پانو پۆڕ و ژێرپۆش و کراسێکی درێژی نازك لە خۆ دەگرێ، جلوبەرگی ژنانی کوردی گوندنشینی سوریا زۆرترجەستەی ژن دادەپۆشێت. [٧] هەروەها ژنانی کوردی سوریا، هەروەك دراوسێ سەرەتاییەکانی خۆیان،

خاڵ دەکوتن. خاڵکوتان بە دەستی کاوڵییە گەڕۆکەکان و بەدەرزی، شیر و سووتوو دروست دەکرێت (بنوارە بۆ شکڵی١). لە لایەکی ترەوە، پیاوانی کورد لە ناوچەی عەینولعەرەب، ئیدی جلی کوردی لە بەر ناکەن و کراسێکی عەرەبی یان کراسی مۆدی ئەوروپایی لەبەردەکەن. هەڵبەتە ئەمە دیاردەیەکی نوێ نییە، لەبەرئەوەی کە وەك نموونە، سایکس (١٩٠٨) لە شیکارییە وەسفکارییەکەی خۆیدا لەمەڕ عەشیرەتە کوردەکان، کە لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا نووسیویەتی، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە کوردەکانی دانیشتووی ناوچەی رووباری فورات، تا رادەیەك بوونەتە عەرەب.

## ئاژەڵداری و بەرهەمەکانی

ئەم تاوتوێکردنەی ئێمە، باس‌وگفت‌وگۆ لە ئابووری نێومالّی نەریتی لە کوردستان دەکات و لەسەر چالاکییەکانی بەرهەمهێنان لە ناو بنەماڵەیەکی نەریتی ـ واتا ئەوەی کە یەکەیەکی ئابووری بۆ کەڵکی خۆی بەرهەم دەهێنێت ـ چڕ دەبێتەوە. لێرە ئێمە دەتوانین ئاژەڵداری بەتەواوی لە کشتوکاڵ جودا بکەینەوە.

لە ئابوورییەکی سەرەتایی، ئاژەڵداری کاری ژنانە. کەوابوو، ژنان لە بەرامبەر دروستکردنی بەرهەمە ئاژەڵدارییەکان وەك شیر، خوری و موو بەرپرسیارن. ژنان هەروەها لە ناو ئەم ئابوورییە سەرەتاییەدا، دەتوانن ئەم بەرهەمە ئاژەڵدارییانە بفرۆشن و ئەمە پلەیەك سەربەخۆییان پێ دەبەخشێ. بەهەرحاڵ دەبێت لە بەرچاو بگیرێت کە ئەم جۆرە ئابوورییە بنەماڵەییە، بە هۆی کۆچی کاتی یان هەمیشەیی پیاوان [بۆ شارەکان] لەناوچووە. ئەو پیاوانە کە کۆچدەکەن و لە شاردا کار دەکەن، پێداویستییەکانی بنەماڵەی خۆیان بە پارە دابیندەکەن، کەوابوو هۆکاری پاڵنەر بۆ پاراستنی ئابووریی بنەماڵەیی نەریتی لەناودەچێت. ئەم کێشەیە، ئاکامو لێکەوتەی زۆری لە ئاستی کۆمەڵایەتی و ئابووریدا لێ دەکەوێتەوە. گرینگترین ئاکامی ئەم کێشەیە لە بیاڤی کولتووری ماددییدا، لە دەستچوونی لێزانینە تکنیکییە نەریتییەکانە.

گەلەو رانەکان، زۆرتر بزن و مەڕی قەڵەو و کەلکدار لەخۆدەگرن. لە هاویندا، ژنان بۆ شیردۆشین، دەچنە لەوەڕگە. لەوێ شوان چاوەڕوانە. شوان رووپۆشێکی لبادی یەك لاکێشی شکڵ لەبەردەکات کە هێشتا بە شێوازی نەریتی دروستدەکرێت و هەم وەك



پەناگە و هەم وەك پێخوس کەڵکی لێوەردەگیرێت. بە شیردۆش دەڵێن بێرێ. ژنان بە کاسە و کۆچەڵەی خۆیان دەچنە لەوەڕگە، سەتڵەکان دەگرن بە دەستیانەوە و شیرەکە دەخەنە نێو کیسەگەلێکی پێستی دەباغیکراو (پارزۆرنك)و هەتا ماڵ هەڵی دەگرن. لە جێگایەکدا کە چێو دەستبکەوێت، کەرەستەیەکی دارینی ساف کە لە کوردستانی تورکیا پێی دەڵێن کوم و لە کوردستانی سوریا پێی دەڵێن ئیلب، بۆ راگرتنی شیر بەکاردەبردێت. دەباغیکردنی پێست بە کەڵکوەرگرتن لە جۆرگەلێکی جوداجوداو بە ئاوێتەکردنی زاج (بۆ نەرمکردنی پێست و بەرگریکردن لە پتورکیانی پێست) ئەنجامدەدرێت. پێستە دەباغکراوەکان، هەم وەك جێگای گوازتنەوە و هەم وەك جێگای راگرتنی بەرهەمەکان، کەڵکیان لێوەردەگیرێت. ئەم پێستە دەباغکراوانە، بە پێی جۆری کەڵکوەرگرتنیان، ناوگەلی جودایان هەیە، بۆ نموونە عەیار بۆ هەڵگرتنی شیرە، لەحاڵێکدا کە مەشکە بۆ جووڵانەوە و لەیەکدانی شیرە.

لەماڵدا، سەرەتا شیر دەکوڵێندرێ و دەترشێت بۆ ئەوەی کە بکرێت بە ماست. بەرەبەیانی رۆژی دوایین، ژنەکان لەم ماستە، کەرە (نوێشك) دەگرن. بۆ گرتنی کەرە، هەم کاسە و کۆچەڵەی چێوین (کە لە کوردستانی ئێراندا بەکاردەبردرێت)و هەم پێستە دەباغکراوەکان (کە پێی دەڵێن مەشکەو لە کوردستانی تورکیاو سوریا بەکاردەبردرێت) گونجاون. لە شوێنێکدا کە گڵکاری باوە، کاسە و کۆچەڵەی گڵین کەڵکی لێوەردەگیرێت. بۆ نموونە هەندێك جار لە ناوچەی هەکاری، لەم جۆرە کاسە و کۆچەڵانە کەڵك وەردەگیرێت.

لە دوای مەڕ برینەوە کە کاری پیاوانە، ژنان پەژمەکە دەشۆن و لە یەك جۆرە تێخە کە دەستەیەکی چێوین و کۆمەڵێك نینۆکی تیژی ئاسنینی هەیە، پەژمەکە شانە دەکەن. زۆرێك لە ژنانی گوندنشینی کورد لە هەر شوێنێك بن، هەمیشە بە رێسەرێکی دەستی کە پێی دەڵێن تەشی، پەشم دەڕێسن.

بۆ کەڵکی بنەماڵەیی، چنین بە جۆرێك دەزگای چنین کە لە ماڵ دادەنرێت، دەکرێت. سیلێر بالدێنگێر (١٩٧٣) SEILER BALDINGER، ئەم جۆرە دەزگایەی وەك دەزگایەکی چنینی نەجوولّی ئاسۆیی وەسفکردووە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە وشەی کرمانجی ئەم دەزگایە تا ئێستا بە تەواوی شینەکراوەتەوە، دەبێت ئەم پێناسەکردنەی

سیلێر بالدێنگرە وەك باشترین پێناسە بگرینە بەرچاو. نووسەر، ئەم دەزگایەی لە نێوان کوردەکانی سوریا لە پارێزگای حەلەب بینیوە، (بڕوانە: بۆ شکڵی ٢). بەم دەزگایە، ژنان، ڕەشماڵە و هەندێك بەرهەمی چنراوی ساف، دروستدەکەن.

کوردەکانی سوریا بە فەرشە چنراوەکان دەڵێن پەلاس. ئەم جۆرە فەرشانە، بۆ مەبەستی ڕازاندنەوە و تەنها لە نێوەڕاستی هۆدەی میواندا (کە پێی دەڵێن ئۆدە) بەکاردەبردرێت و هیچ کەس لەسەری دانانیشێت. هەموو فەرشەکان، بە گوێرەی شێوازی دروستکردن(بە دەست چنراون یان بە ماشین دروستکراون)و بە پێی جۆری کەڵك وەرگرتن، پۆلێنبەندی دەکرێن و ناویان لێدەنرێت. قالی، قالیچەیەکی چنراوە کە وەك پەلاس کەڵکی لێوەردەگیرێت و ئەگەر وەك شتێکی ڕازێنەرەوە لە هۆدەی مێواندا کەڵکی لێ وەربگیرێت، پێی دەڵێن قالی ئورتێ. قالی گەورە کە لە ناوەڕاستی هۆدە (کە هیچ کەس لەسەری دانانیشێت) دادەخرێت، لە ڕووی نەریتییەوە، لە هەموو شتێك جوانترە. بەهەرحاڵ، ئەمڕۆ ئەم قالییانە لە بازاڕدا دەکڕدرێن و لە پلاستیك دروستدەکرێن. ئەو قالییانەی کە مرۆڤ لە سەریان دادەنیشێت، لە لباد دروستدەکرێت و پێی دەڵێن کولاو.

قوماشێك کە نانی تێدا ڕادەگیرێت، پێی دەڵێن سفرە. لە ڕووی ڕەگوڕیشە ناسییەوە [8]، سفرە بە مانای "ڕێگای زەماوەند"ە لەبەرئەوەی کە چێشتی ڕێوڕەسمی زەماوەند هەر لە کۆنەوە لە سفرەدا ڕاگیراوە. بەهەرحاڵ ئەمە ڕیشەناسییەکی چەوتەو لەوانەیە لە وشەی عەرەبی سەفەرە، بەواتای سەفەر گیرابێت. لە زۆرێك لە ناوچەکاندا، وشەی سفرە بە واتای قوماشێکە کە لەنێو هۆدەدا بۆ چێشت خواردن، پان دەکرێتەوە.

جۆرێکی دیکە لە کیسەی هەڵگرتنی نان، شەوال، شەوالە. شەوال، دەستەواژەیەکە کە تورکەمەنەکانی ئاسیای ناوەڕاست و عەشیرەتە تورکەکانی ئێران و ئاناتولیش، بەکاری دەبەن. گەورە و بچووکی و شکڵی شەواڵ، نەگۆڕەو ١٢٠ کیلۆ نان دەگرێتە ناوخۆ. ئەم دەستەواژەیە، وەك یەکەی هەڵسەنگاندنیش بەکاردەبردرێت.

ئەو دەزگا جۆلاییەی کە وەسفکرا، تەنها ژنان بەکاری دەهێنن و لە چوارچێوەی بەرهەمی سەرەتاییدا کەڵکی لێوەردەگیرێت. چنیارانی پیاو لە ناوچەی هەکاری ـ کە کۆمەڵێك قوماشی بەناو و دەنگ لە مووی بزن دروستدەکەن ـ جۆرێکی دیکەی دەزگای



جۆلایی بەکاردەهێنن. جیاوازی نێوان ئەم دوو جۆرە دەزگای جۆلاییە لەوەدایە کە دەزگای جۆلایی ناوچەی هەکاری لەگەڵ سەنگی هاوسەنگ(لەو جێگایەی کە پۆ دەخرێتەناو)و هەندێك میلە کە لەسەر پدالی پێیدا مەحکەم دەکرێت، بەکاردەبردرێت. بە داخەوە هیچ زانیارییەکی نوێ سەبارەت بەم دەزگای جۆلاییە لە دەستی ئێمەدا نییە، بەڵام لەوانەیە تیکنۆلۆژیای ئەم جۆرە دەزگای چنینە، بە هۆی جێبەجێکردنی دانیشتوان و بارودۆخی سیاسی ناوچەی هەکاری، لەناوچووبێت.

## کشتوکاڵ

جیاوازی نێوان میتۆدەکانی کشتوکاڵ کە بۆ ئابووری سەرەتایی و ئابووری بازاڕ لە ناوچە بەپیتەکانی کوردستاندا بەکاردەبردرێت، یەکجار زۆرە. بەرهەمهێنان بۆ بازاڕ، زۆرتر بە شێوازی میکانیزەمییە، لە حاڵێکدا کە ئابووری بنەماڵەیی زۆرتر لەژێر ڕکێفی شێوازە نەریتییەکاندایە. لەناوچە شاخاوییەکانی کوردستان، جۆرێك گاسن بەکاردەبردرێت کە لە هەزارەی سێیەمی پێش زایین، لە میزۆپۆتامیا پەرەی سەندووە. ئەم گاسنە، تەنها ڕووکەشی خاك دەکێڵێت، کەوابوو، بۆ بارودۆخی ئاو و هەوایی ناوچە گونجاوە، لەبەرئەوەی کە ڕێگە لە نوشستی خاك دەگرێت. لە دوای تۆو چاندن و درەو، خەرمان دەکوترێت و بۆ ئەم مەبەستەش، زۆرتر دەزگای خەرمانکوتان (کە پێی دەڵێن "جرجر" جەنجەر) بە کار دەبردرێت. جەنجەر، لە دوو تیکەی لاوەکی پێکدێت کە لەسەرەوە بە یەك دانە کەفە پێکەوە دەلکێت. لەنێوان ئەم دوو تیکە لاوەکیەدا کە بە چنگاڵی برینجی بزمارکوت دەکرێت، دوودانە غەڵتەکی چێوی قورس کە بە تێغەی ئاسنی داپۆشراوە، جێ دەگرێت. دەزگای خەرمانکوتی جەنجەر بە کەڵەگا یان هەسب دەکێشرێت و بەهۆی گوشار و هێزەکەی، نەتەنیا دانەکە لە گوڵەکەی جودا دەکاتەوە، بەڵکو پووشەکەیش دەکات بە کا. ئەم دەزگای خەرمانکوتانە، لە میسری کەوناراو هەروەها لە کارتاژ (کە بەم هۆیەوە پێی دەڵێن دەزگای کارتاژ) کەڵکی لێوەردەگیرا. لە سووریاش هەمان مۆدیل دەزگای خەرمانکوتان بەکاردەبردرێت بەڵام چوارچێوەکەی ئاسنینە. میتۆدێکی کۆنی دیکە کە هێشتا بۆ خەرمانکوتان کەڵکی لێوەردەگیرێت، بەکارهێنانی تیکەیەك چێوی سادەیە کە ئەو بەردەستێیانەی کە لە ژێریدا دانراون، دانە لە پووش جودا دەکاتەوە.

بەعەمەلهێنانی دانە، دیسان کاری ژنانە. دانە بە ئاشێکی دەستی (کە پێی دەڵێن دەستار) دەکوترێتەوە. بۆ ئامادەکردنی چێشتێکی تایبەت کە بە گەنمی کوڵاو لەنێو ماستدا دروستدەکرێت و پێی دەڵێن شۆربا، دانە لەناو زەرفێکی بەردیندا بە چەکوچێکی دارین دەکوترێتەوە. ئەم زرەفەکە پێ دەڵێن جۆنی، بۆ راگرتنی ئاوی گەرم لە گەرماودا، تەنانەت وەك ئینجانەی دەرگاش کەڵکی لێوەردەگیرێت. نانکردن، چالاکییەکی رۆژانەیە و میتۆدگەلی ناوچەیی جوداجودای هەیە. یەکێك لەم میتۆدانە، بەکارهێنانی ساجە(کە پێی دەڵێن سێڵ) کە نان لە سەریدا دروستدەکرێت. ئەم جۆرە نانە زۆر نازکەو لە کیسەیەکی قوماشدا (کە پێی دەڵێن سفرە) رادەگیرێت و بەر لە خواردن، بەئاو نەرم دەکرێت. میتۆدێکی باوی دیکە، بەکارهێنانی تەنووری خاکییە، کە پێی دەڵێن تەندوور.

## پێکهاتەکانی خانوو لە کوردستان

سەرەنجام، لەوانەیە سوودمەند بێت کە پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی خانوو لە کوردستان، لەگەڵ یەك بەراورد بکەین. دروستکردنی شوێنی نیشتەجێ بوونی مرۆڤ، لەژێر کاریگەریی هۆکارگەلی خۆجێیی و کۆمەڵایەتیدایە. بارودۆخی خۆجێیی لە بەکارهێنانی کەرەستە بۆ دروستکردنی خانوو، دەوری لێبڕاوانە دەگێڕێ و هۆکارگەلی کۆمەڵایەتیش، کاریگەرییان لەسەر جۆری شوێنی نیشتەجێ بووندا هەیە.

لە ناوچە بێ دارەکان، وەك باکووری سوریا، خانوو بە قوڕی سوور، کا و ئاو دروستدەکرێت. بەم جۆرە خانووە دەڵێن جلب. ئەم جلبانە لە کۆمەڵێك خشت دروستدەکرێن کە پێی دەڵێن کەلپیچ یان کەرپیچ (کەرپوچ). لەم ناوچانە، بە هۆی نەبوونی دار بۆ دروستکردنی بانی ساف، بانگەلی گۆمەزی شکڵ دروستدەکرێت. بە گوێرەی لێکۆڵینەوەیەك کە کۆلیژی حەلەب ئەنجامیداوە، مێژینەی ئەم جۆرە خانووە بەناو کەنوییانە، دەگەڕێتەوە بۆ هەزارەی چوارەمی پێش زایین.

کێڵگە نەریتییەکان، زۆرتر دوو یان سێ دانە کەنوو (کە پێی دەڵێن کولیك) دەگرێتەناوخۆ کە پێکەوە دروستدەکرێن و ئاشپەزخانەیشی تێدایە. جۆرێکی دیکە خانوو هەیە کە لاکێشەییە و بانەکەی سافە و هۆدەی پیاوان و هۆدەی میوان (کە پێی



دەڵێن ئۆدە) پێکدەهێنێ. لەناوچە شاخاوییەکاندا، جۆرێکی دیکەی خانوو هەیە کە بەردینە و بانەکەی سافە. بانی ساف لە داری دارەڕاو لقی داری سپیدارو توێژێك جلب دروستدەکرێت. ئەم جۆرە بانە پێویستی بەماندووبوونێکی زۆر هەیە و دەبێت پاش باران و بەفر، وشکبکرێتەوە. وشککردنەوەی بان بە بانگەردێنێکی بەردین (کە پێی دەڵێن لوقتاش) ئەنجامدەدرێت. لە رووی فەنییەوە، بانە سافەکان سێ پلە کووڕ دروستدەکرێن بۆ ئەوەی کە باران لێی بڕژێتە خوارەوە.

بۆ عەشیرەتە رەشماڵەنشین یان نیمچە رەشماڵەنشینەکان، هێشتا جۆری گرینگی خانوو رەشماڵە. رەشماڵ لە مووی رەشی بزن دروستدەکرێت و دەورووبەرەکەی بە ژیشك کە پێی دەڵێن چیت، پەرژین دەکرێت. رەشماڵە بە شوێنی ژنان و پیاوان دابەش دەکرێت و بە قاڵی، سەرینو کۆمەڵێك کەرەستەی دیکەی خێزانی، دەڕازێنرێتەوە. لە رۆژگاری ئەمڕۆدا، رەشماڵە زۆرتر وەك خانووی کاتی کەڵکی لێوەردەگیرێت.

جۆرێکی دیکەی خانووی کاتی هەیە کە لە سوریا پێی دەڵێن سیبات. ئەم جۆرە خانووە، تەنیا وەك پەناگە بۆ ماوەی چەند حەوتە کەڵکی لێوەردەگیرێت و پاش ئەم ماوەیە بەجێ دەهێڵدرێت. نیوەی ئەم جۆرە خانووە (سیبات) لە عەشیرەتە سەرەتاییە عەرەبەکان و عەشیرەتەکانی ئانایزای دانیشتووی رووباری فورات، وەرگیراوە کە پێکهاتەیەکی هاوشێوەی (کە وەك شوێنی نیشتەجێیی نەریتی هاوینانەی خۆیان کەڵکی لێ وەردەگرن) هەیە. لە کۆمەڵگای کورددا سیبات، پێوەندییەکی نیزیکی لەگەڵ بەکرێگرتنی زەویدا هەیە، لەبەرئەوەی کە کرێنشینان و بنەماڵەکانیان لە هاویندا لەنێو سیباتێکدا ـ لەنێزیکی ئەو زەوییانە کە ئەوان بەرپرسینی ـ دەژین.

## دەرەنجام

رەنگدانەوەی ئەو رەوتانەی کە کاریگەرییان لەسەر کولتووری ماددیی کورددا هەیە، ئاکام و لێکەوتەکانی گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییانە، بە روونی پیشاندەدات. ئێستا کەرەستە نەریتییە دەستییەکان لە ناو چوون و کەرەستە دەستکردەکانی نێو بازاڕ جێیان گرتوونەتەوە. ئەم گۆڕانکارییە، تەنها تایبەت بە کولتووری کورد نییە، بەڵکو دیاردەیەکی گشتییە. بەهەرحاڵ، ئاکامی ئەم دیاردەیە، لە ناوچوونی لێزانینە نەریتییە تایبەتەکانی کولتوورە.

هەروەها کە ئاماژەمان پێکرد، بواری زانیاری ئەم بەشە، زۆرتر لەسەر بنەمای بیاڤی کاری نووسەر لە کوردستانی سوریادا بوو، کەوابوو، شیکردنەوەکانی لەسەر کولتووری ماددیی ناوچەیی چڕ بوونەتەوە. گرینگترین هۆی ئەوەی کە لەم بەشەدا باس لە رەوتە جوداجوداکانی بەرهەمە دەستییەکان نەکرا، ئەوەیە کە ئەم بەرهەمانە، ئیدی لەو ناوچانەدا نەماون. نووسەر لەسەر وەسفکردنی ئابووریی سەرەتایی چڕ بووەوە، لەبەرئەوەی کە ئەم جۆرە ئابوورییە، هێشتا بە دەستی ژنان بەرێوە دەچێت. نووسەر (وەك ژنێك) بە پێکهاتەی نەریتی کۆمەڵایەتی و ئابووریی ژنان سنووردار بوو و هەڵسوکەوتی لەگەڵ پیاوان زۆر زۆر کەم بوو.



## پەراوێزەکان

**تێبینی نووسەر:**

ئەم بەشە نەیدەتوانی بێ یارمەتی و پشتیوانی خوالێخۆشبوو دوکتۆر ئالفرێد جاناتا(کارگێڕی مۆزەخانەی فوروولکر کوندە لە ڤیەننا) بنووسرێت کە کۆچی دوایی لەناکاوی، کۆتایی بەم یارمەتییە پڕ سوودە هێنا.

١- لەبەر ئەوە کە ئەم دەستەواژە فەنییە لە زمانی ئینگلیزیدا بەکار نابردرێت، هاوتا ئەڵمانیەکەی لەلایەن ئەتنیك ناسانەوە بەکاردەبردرێت.

٢- بڕوانە: بۆ برلیتێر و بورشاردت (١٩٩٢)و شوالێر (١٩٨٥:١٨٠).

٣- عەشیرەتی میر، سەر بە کۆنفدراسیۆنی عەشیرەتەکانی بەرازی.

٤- ئەو دەستەواژە کوردیانە کە لێرە کەڵکیان لێوەرگیراوە، دەستەواژە گەلێکن کە نووسەرلە ماوەی لێکۆڵینەوەی مەیدانی خۆی لە سوریا لەگەڵیدا روبەروو بووەتەوە. بۆ زانینی دەستەواژە ستانداردەکان، بڕوانە: کتێبەکەی عومەر (١٩٩٢).

٥- هەروەها بڕوانە: بەشی ٦ی ئەم کتێبە.

٦- کۆمەڵێك لەو زێڕ و زیوە کوردیانە کە لە لایەن فیلیکس وۆنلوشان کۆکراونەتەوە لە مۆزەخانەی زێڕ و زیوەکانی Dfovzheino هەیە، بڕوانە: وۆنلوشان (١٨٨٤:١٥٨).

٧- هانسن (١٩٨٦١)، ئێستین (١٩٦٥) وسکارس (١٩٨١).

٨- وشەناسیی ئینگلیزی لە کتێبەکەی رۆز (١٩٧٧) گیراوە.




جلوبەرگی سۆرانی
(ناوچەی سنە)

جلوبەرگی ناوچەی بادینان
(کوردستانی عیراق)

جلوبەرگی
کوردستانی تورکیا





جلوبەرگی سۆرانی
(ناوچەی سنە)

جلوبەرگی ناوچەی بادینان
(کوردستانی عیراق)

جلوبەرگی
کوردستانی تورکیا



ژنی کورد
بە چارشێوەوە



جلوبەرگی ئێستای
ژنانی سۆران



جلوبەرگی ژنانی
عەشیرەتی میلان



جلوبەرگی ژنانی
ناوچەی مەهاباد

